
75 یووبیلی ئەڵماس
حیزبی دێموکراتی کوردستان
1945 2020
مەشخەڵی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ناکوژێتەوە
٧٥
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


* یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات و چەند قسەیەک ................................... عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ٥

١- بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ......................... ١٢

٢- وتاری ٢٥ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حدک بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ............... ٢٠

٣- ڕێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان .......... عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ٢٨

٤- حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی ......................................... جەلیل گادانی ..... ٣٢

٥- د. مەحموود عوسمان: حیزبی دێموکرات ڕووسوورە لە مێژووی کورددا ................. دیمانە: مەنسوور مروەتی ..... ٤٧

٦- د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم ......................................................... مەلا بەختیار ..... ٥٥

٧- سۆسیالیزمی دێموکراتیک و هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو سۆسیال دێموکراسی ......... د. سمایل بازیار ..... ٦١

٨- پرسی قانوون بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە مێژووی ٧٥ساڵەی حیزبی دێموکرات ............... عومەر باڵەکی ..... ٧٦

٩- کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیسم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات ........ د. ڕزگار موکری ..... ٩٢

١٠- حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان .................... د. کامران ئەمین‌ئاوە ..... ١٠٨

١١- ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات و چەند پرسێک ....................................................... قادر وریا ..... ١٢١

١٢- مان و مەوجوودییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........................................... سمایل شەرەفی ..... ١٢٧

١٣- حیزبی مە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بووە ٧٥ ساڵان! ...................................... شێخ جەماڵ ..... ١٤١

١٤- حیزبی دێموکرات لە چاوی منەوە ........................................ محەممەد سەعید نەجاری ..... ١٤٧
١٥- حیزبی دێموکرات لە نێوان ئیسلامی نەریتخواز و فێندەمنتالیزمی ئیسلامیدا .................... شاهۆ مەتین ..... ١٥٢
١٦- کتێب و گۆڤار لە ژێر ڕووناکایی کۆماری کوردستاندا ..................................... ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ١٥٩
١٧- حیزبی دێموکرات لە محەکی دواڕۆژی ئەرک و ڕەساڵەتی مێژوویی‌دا ......................... سمایل شەرەفی ..... ١٦٦
١٨- پشتیوانیی بەکردەوەی حیزبی دێموکرات لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان ........... هەردی سەلیمی ..... ١٧٠
١٩- مانگی گەلاوێژ و یادی دوو بۆنە بۆ گەلی کورد ................................................ شاهۆ مەتین ..... ١٧٤
٢٠- کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی ............. عومەر باڵەکی ..... ١٧٨
٢١- شەڕ و ئاشتی و پرەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا ............ عەلی بداغی ..... ١٨٣
٢٢- بەرە و خەباتێکی نوێ: گۆڕینی شێواز، گۆڕینی گۆڕەپان و گۆڕینی بەردەنگ ................ ناسر باباخانی ..... ١٩٠
٢٣- پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ............................................. مەنسوور مروەتی ..... ١٩٥
٢٤- ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........................................ شاڕوخ حەسەن‌زادە ..... ٢٠٢
٢٥- تایبەتمەندییە سیاسی و کولتوورییەکانی گەلی کورد ........................................ مانێشت کوردستانی ..... ٢١٣
٢٦- ٧٥ ڕووداوی دیار و گرینگی مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ............. کوردستان و کورد ..... ٢١٩
٢٧- ٧٥ شەهیدی ئەندامی ڕێبەری و فەرماندەر و جێگری فەرماندەر حیزب ..................... ڕەحمان نەقشی ..... ٢٢٠
٢٨- بەشێک لە پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بۆ یوبیلی ئەلماسی حدک ........................... ٢٤٠
٢٩- سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........................... کوردستان و کورد ..... ٢٥٥
٣٠- ڕاگەیاندراوی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .......................... کوردستان میدیا ..... ٣٥٨
٣١- پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .................................................... ٢٦٥
٣٢- ڕەمزی مانەوە و بەردەوامیی حیزبی دێموکرات ............................................ محەممەد ساڵح قادری ..... ٢٧٠
٣٣- ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی ٧٥ ساڵ ........................................................ جەلیل ئازادیخواز ..... ٢٧٣
٣٤- لە یادی حەفتاو پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ........ ئیبراهیم لاجانی ..... ٢٧٩

٣٥- پێگەی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە کۆماری دێموکراتی کوردستاندا ........... د. کەیوان ئازاد ئەنوەر ..... ٢٨٨

٣٦- حیزبی دێموکرات و دەسەڵات سپێریی DEVOLUTION ................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٢٩٩

٣٧- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەئموریەتێکی قورس! ................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٣٠٣

٣٨- سێ بڕیارە گۆشە زێڕینەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ........................ محەممەد سلێمانی ..... ٣٠٧

٣٩- ڕاسانی ڕۆژهەڵات؛ قۆناغێکی پڕ سەروەری لە مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ....... مستەفا هیجری ..... ٣١٨

٤٠- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەبات لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا! ........... ئیبراهیم لاجانی ..... ٣٢٨

٤١- وتوووێژ لەگەڵ "محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حدکا ..... ڕەحمان سەلیمی ..... ٣٣٢

٤١- لە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات! ........................................................ بێکەس قادر ..... ٣٣٧

٤٢- بنەمای دیپلۆماسیی حیزب و هەڵوێستە سیاسییەکانی .............................. محەممەد نەزیف قادری ..... ٣٤٠

٤٣- حیزبی دێموکرات و شوێنی دین لە کۆمەڵدا ................................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٣٤٦

٤٤- یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆز بێت ............................. ساڵە نەڵۆسی ..... ٣٥١

٤٥- وتوویژە لەگەڵ "حەسەن شەرەفی" جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی حدکا ............. و: ڕەحمان سەلیمی ..... ٣٥٦

٤٦- سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە ........................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٣٦٠


٤٧- بنەما و سیاسەتی ئابووری حیزبی دێموکرات ................................................ خالید دەرویژە ..... ٣٦٤

٤٨- حەفتاو پێنج ساڵ خەبات بۆ کوردستان ..................................................... چیا عەلیار ..... ٣٦٧

٤٩- ڕوانینێک بۆ ٧٥ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ........................ ناسر ئەشرەفی ..... ٣٧١

٥٠- وتار(پەیام)ێک بۆ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حدکا ..... ن: تیجس برۆیککامپ ..... و: د. پەیمان بابایی ..... ٣٨٠

# یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات و چەند قسەیەک




**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (هەردوو دێموکڕات) خۆیان ئامادە دەکەن تا لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاویدا جێژنی ٧٥ ساڵە (یووبیلی ئەڵماس)ی حیزبەکەیان بگرن. ناتوانم بیشارمەوە کە بە باوەڕی من پێکهێنانی جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات لەو ڕۆژەدا، تەنیا ئەوکاتە لە جێی خۆیدایە کە مەبەستمان خەباتی حیزبەکە لە ژێر ناوی «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»دا بێ، ئەگینا ئەم حیزبە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دامەزراوە کە سێ ساڵ بە ناوی(ژ.ک) «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»تێ کۆشاوە و دوای سێ ساڵ لە کۆنگرەی یەکەمی حیزب (٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤)دا ناوەکەی گۆڕاوە بە «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان». ئەم ناوگۆڕینە قەت بە مانای هەڵوەشانی (ژ.ک) و دامەزرانی حیزبێکی تازە بە ناوی (ح.د.ک) نەبووە و بەو پێیە دەبووایە ٣ ساڵ لەمەوبەر یووبیلی ئەڵماس یان جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبە گیرابایە.

بۆ ئەوەی لەخۆوە قسەم نەکردبێ، دەقێکی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شاهید دەگرم کە ٧٤ ساڵ لەمەوبەر لە مەهاباد و لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە:

«ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بە بۆنەی ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عیمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرابوو. لەم جێژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد. جێژن لە سەعاتی ٦ی پاش نیوەڕۆ دەست پێ کرا، دەوروبەری عیمارەتی پێشەوای بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای موعەززەم ڕازابووەوە و شەوێ سەعات حەوت بەرنامەی جێژن دەست پێکرا و بەبۆنەی ئەم جێژنە لەلایەن

ئاغایانی عەلیی خوسرەوی، سەید موحەممەدی تەهازادە، دڵشادی ڕەسووڵی، سەید موحەممەدی حەمیدی، جەعفەری کەریمی، وردی، عەزیزی سددیقی، سەید عەبدوڵڵای تەهازادە، عوسمان دانیش، موحەممەدئەمینی قادری و کاک ئەمینی شەڕەفی مودیر، نوتق و مەقالات خوێندرایەوە...» (کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ژمارە ٧٩، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥). پێویستە بگوترێ کە بۆ ئاسانتربوونی خوێندنەوە، بابەتەکەمان بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی نووسیوەتەوە.

پێش هەموو شتێک و بەرلەوەی قسەکانم دەست پێ کەم، بەوبۆنە پیرۆزەوە پڕبەدڵ پیرۆز بایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکڕات دەکەم و سڵاو بۆ گیانی دامەزرێنەرانی حیزب و بۆ تێکڕای ئەو خەباتگێڕانە دەنێرم کە لە ماوەی نزیک بە هەشت دەیەی ڕابردوودا ڕێی دێموکڕات، ڕێی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانیان بڕیوە و لەو پێناوەدا شەهید و کەمئەندام بوون، بەناکامی سەریان ناوەتەوە، یان هەروا بە شانازییەوە ئاڵای ئەو خەباتە پڕ سەروەرییەیان بەرز ڕاگرتوە.

**خوێنەرە بەڕێزەکان و هاوڕێیانی دێموکڕات!**

لەو جۆرە بیرەوەرییانەدا بە حەق، هەموو ساڵێ ئاوڕ لە سەرکەوتنەکان و خاڵە بەهێزەکانی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دەدرێتەوە و شانازی بە ڕابردووی پڕ حەماسە و فیداکاریی جەریانەکە تازە دەکرێتەوە. هاوڕێ و هاوخەباتەکانم شاهیدن کە ئەمنیش لە ساڵانی دوورودرێژی تێکۆشانمدا بە دەیان - ئەگەر نەڵێم بە سەدان - بابەتم لەسەر سەرکەوتنەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی مێژووی ئەم حیزبە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزب و دەرەوەی حیزب و لە میتینگ و سێمینارەکاندا پێشکەش کردوە، کە بە سەرمایەیەکی بە نرخی ژیانی سیاسیی خۆمیان دەزانم.

بەڵام لەسەر ئیزنی هەمووان لەم یادە پیرۆزەدا دەمەوێ جۆرێکی دیکە بێمە گۆ. بیرمەندێکی ناوداری سیاسی دەڵێ: «ئەوەندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بێتە سەما.» شاراوە نیە کە هەموو ئینسانێک و هەموو جەریانێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا سەرکەوتن و تێشکان و بەرەوپێشچوون و نووچدان و بە گشتی خاڵی بەهێز و لاوازی دەبێ. لە سەرفەسڵێکی وەک ئەوەی ئێستادا وەبیر هێنانەوەی شانازییەکان نەک هەر بەجێ، بەڵکوو زۆر پێویستیشە بۆ ئەوەی بەرەی نوێی نەتەوە و نیشتمانەکەمان دەگەڵ ڕابردووی پڕکەندولەند و هەورازونشێوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی خۆیان ئاشنا بن و ئەزموونەکانی بکەنە سەرمایە و سەرمەشقی کار و بەرخۆدانی ئایندەیان.

کاتەدا تەنیا وەبیرهێنانەوەی سەرکەوتن و شانازییەکان و پاڵدانەوە لەسەر دەسکەوتەکانی ڕابردوو نامان گەیەنێتە جێگایەک و دەبێ خاڵە بەهێزەکان وەبیر بێنینەوە تا دواڕۆژی خۆمانیان پێ ڕووناکتر بکەین، بەڵام بەجێیە خاڵە لاوازەکانی ئێستا و ڕابردووشمان بێنینە بەر چاو بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەین و هەوڵ بدەین نەگەڕێینەوە سەریان. دیتن و پێ لێنانی خاڵە لاوازەکان نەک هەر نیشانەی بەرەودواگەڕانەوەی ڕەوتێکی سیاسی نیە، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە، بەڵگەی ئازایەتی و باوەڕبەخۆبوونی ڕەوتەکەیە. دڵنیام هاوڕێیانی دڵسۆز و قەڵەمبەدەستم ئەمساڵیش لەبارەی شانازییەکانی مێژووی حیزبەکەمانەوە ئەوەی پێویستە بەجێی دەگەیەنن و کەلێن و کەلەبەرێک ناهێڵنەوە. بۆیە ئەمن دەمەوێ - ئەگەریش خۆخوێنتاڵ - کردن بێ قامک لەسەر بەشێک لە ناکامییەکانی ڕابردوومان و کەموکوڕییەکانی ئێستامان دابنێم و بە پێویستیش نازانم پاکانە بۆخۆم بکەم، چونکە لە دڵسۆزی و ڕاستوێژیی خۆم بەگومان نیم.

### بەشێک لە کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان:

١- حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ هەموو شانازییەکانی، نەیتوانیوە ڕووداوەکانی مێژووی خۆی بە دوکۆمێنت بکات و لەبەر نەبوونی ئارشیڤ، زۆر جار بۆ دۆزینەوەی زۆر بەڵگە و نووسراو و بڕیاری ئەم حیزبە ناچار بووین پەنا بۆ بەرهەمەکانی مێژوونووسانی بێگانە بەرین کە ئەگەر بە نیازی خراپیشەوە نە نووسرابن، کەمتر دەرخەری وردەکارییەکان بوون. ڕەنگە ئەوەندە بەس بێ کە بزانین حیزبی دێموکرات ئێستاش نەیتوانیوە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆمار کۆ بکاتەوە و ئەوەی کە کۆش کراوەتەوە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی دڵسۆزانی وەک ڕەحمەتی دوکتۆر کەمال فوئاد و دواتریش ئارشیڤی خەباتگێڕی نەمر ڕەشید باجەلانە. یان تا چەند ساڵ لەمەوبەر ڕۆژی ٣١ی مارسی ١٩٤٧مان بە ڕۆژی لەداردرانی پێشەوا و هاوڕێکانی دەزانی. لە حاڵێکدا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە،ڕۆژی ئیعدامی پێشەوا و هاوڕێکانی دەکاتە ٣٠ی مانگی میلادی و تەنانەت ساڵانی کەبیسە ڕێکەوتی ٢٩ی مارسیش دەکا.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژووی تێکۆشانی خۆیدا هەرنەبێ ٧ جار تووشی لەتبوون (انشعاب) هاتوە کە بێجگە لە دوو جاریان ئەوانیش لە ئاکامی دەست تێوەردانی لاوەکیدا هیچکامیان بەرهەمی جیاوازیی بەرنامەی سیاسی و ناکۆکیی فکری نەبوون و سەرجەمیان لە بەرچاوتەنگی و وێک هەڵنەکردن و پێکەوەنەحاوانەوە سەرچاوەیان گرتوە.

٣- ڕاکردنی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەست زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتداران و پەنابردنیان بۆ وڵاتانی دیکە و بەتایبەتی عێراق خاڵێکی لاوازی دیکەی ئەم حیزبەیە. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کەمتر لە دە لەسەدی تەمەنی تێکۆشانی ئەم حیزبەیان لە وڵاتی خۆیان و لەنێو خەڵکی خۆیاندا بەسەر بردوە. لەحاڵێکدا ژیان

لەنێو خەڵک و ئیلهام وەرگرتن لە بیروڕا و داخوازەکانیان مەرجێکی سەرەکی بۆ دروست دەرچوونی بڕیار و سیاسەتەکانی حیزبێکی سیاسییە.

٤- لە هەمووی ئەمانە تاڵتر، حیزبی ئێمە چەند جار تووشی شەڕی براکوژی و تەنانەت شەڕی خۆکوژی بەمانای شەڕی خۆبەخۆی ئەندامەکانیشی بووە. لێرەدا مەبەست خەتابارکردنی حیزبەکەی خۆم نیە و وا دەزانم ئەگەر ڕۆژێک لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە لە هۆیەکانی ئەو شەڕانە بکرێ دەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بەشێکی کەمتر لە بەرپرسایەتییەکەی بەر دەکەوێ. بەڵام لە شەڕی براکوژیدا نە هیچ لایەنێک لەسەر حەقە و نە هیچیان براوەی شەڕن. بێچارەن ئەو کەسانە کە هیچ بەرپرسایەتییەک لەو بارەیەوە قبووڵ ناکەن و بە داوای لێبووردنەوە گەمژەن ئەوانەی خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن.

ئەمانە وەک نموونە باس کران و ئەم حیزبە و هەموو هێزێکی سیاسی لە ڕەوتی تێکۆشانی خۆیاندا تووشی زۆر هەڵە و کەموکوڕی دێن کە بەجێیە بێ دەمارگرژی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و نەخشەڕێگای ڕاست کردنەوە و دووپاتەنەکردنەوەیان بۆ دابنرێ.

## بەڵام ئێستامان چۆنە؟

کورد گوتەنی «خوا نەیبڕێ» ئێستا دوو حیزبی دێموکڕاتمان، هەرکام بە دامودەزگایەکی بەرینی تەبلیغاتی و تەنانەت تەشکیلاتی و هتدەوە هەن و ڕەنگە هەرکامێکیشیان بە پاڵدانەوە لەسەر شانازییە مێژوویی یەکانی حیزب خۆیان بە یەکەمی مەیدانی سیاسەتی خۆرهەڵاتی کوردستان بزانن و بەتایبەتی بە خۆبەراوردکردن لەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی لە خۆیان چووکتر، تەواو لە وەزعی خۆیان ڕازی بن و کەموکوڕییەک شک نەبەن کە پێویست بێ چارەسەری بکەن. لەحاڵێکدا ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە و دان پێدانەنانیشی نەک هەر گیروگرفتێک چارەسەر ناکا، بەڵکوو بەرەو هەڵدێرگەیەکمان دەبا کە دەتوانێ بمان گەیەنێتە نشوستییەکی بێ گەڕانەوە. ئاخر دەبینین:

- ئەگەر ڕۆژێک کۆماری کوردستانمان دادەمەزراند کە «قیبلەگای هیوا بوو، سەنگەری ئازادی» و ڕۆژگارێک «دوڕگەی ئارام»ی حەمەڕەزاشامان بە ڕاپەرینە ئازایانەکەی سالانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) دەشڵەقاند و زەمانێک پێشمەرگەکانمان لە ئیلامەوە تا ماکۆ تەنگیان بە دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هەڵدەچنی و کوردستانیان دەکردە پەناگە و جێ حەوانەوەی هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی ئێران، ئەمڕۆ پتر لە سەد کیلۆمیتر دوور لە مەیدانی

خەباتی خۆمان لە چەند ئۆردووگایەکی پەنابەریدا قەتیس ماوین و چاومان بڕیوەتە «کەرەمی خوا» و شانسێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوومان تێ بکا و لە دەرگامان بدا.

- ئەگەر سەردەمێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە ڕیزی پێشەوەی هێزە گەورەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا دادەنرا و دەبووە میوان و خانەخوێی ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرانی سیاسیی کورد و ئێرانی و بێگانە و تەنانەت بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکیی نێوان گەورەترین هێزە سیاسییەکانی کورد ڕووی تێ دەکرا، ئەمڕۆ هیچ کام لە دوو حیزبە دێموکڕاتەکە وەک حیزبە یەکپارچەکەی جاران سەریان دەنێو سەراندا دیار نیە و حیسابیان بۆ ناکرێ و تەنانەت بە هەردووکیشیان وەزن و ئیعتیباری ئەویان نیە.

- ئەگەر ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی حیزبی دێموکڕات لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرددا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆ دەکردەوە، بۆ کەس ئاسان نیە پێش بینی بکا لە هەڵبژاردنێکی هاوشێوەدا بە هەر دوو حیزبی دێموکڕات چ ڕادەیەک لە متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەست دێنن.

ڕەنگە یەکێک بڵێ باشە بۆچی بەو بێ هومێدییە چاو لە ئێستا و دوارۆژی دێموکڕاتەکان دەکەی؟ خۆ ئێستاشی دەگەڵ بێ دێموکڕات هێزی هەرە گرنگ و بەنفووزی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی ئێرانە! لە وەڵامدا دەڵێم باسی من باسی ئەو حیزبەیە کە پتر لە ٦٥ ساڵە لە ڕیزەکانیدا خەبات دەکەم و کاری من نە پێک گرتنی بەژن و باڵای هێزە سیاسییە کوردەکانە و نە هەڵسەنگاندنی هەلومەرج و بارودۆخی ئەوانی دیکە. وەک دەڵێن «هەر کەسە برینێ خۆی دێشێ.»

## ئەدی چارەسەر؟

شاعیر دەڵێ: «سەرەتای ئێش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا - هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی». وەک لە جێیەکی دیکەی ئەم وتارەدا گوتم زۆربەی هەرەزۆری لەتبوونەکانی مێژووی حیزبی دێموکڕات نەک بەهۆی ناکۆکیی سیاسی و فکری، بەڵکوو بە هۆی وێک هەڵنەکردن و نەحاوانەوە بوون. ئەگەر ئەم بۆچوونە لە بارەی هەموو لەتبوونەکانی پێشترەوە ڕاست بێ کە ڕاستە لەبارەی دوالەتبوونی نێو حیزبی دێموکڕاتەوە ڕاستترە. چونکە دەگەڵ ئەوەی بەخۆشییەوە بوونی ڕێبەری و هێزەکانی پێشمەرگەی هەردوو حیزب لەسەر خاکی باشووری کوردستان ڕێگای نەدا کار بکێشێتە شەڕی خۆکوژی، بەداخەوە شتی وا ڕووی دا کە بۆ هەتاهەتایە دەبێ نەفرەتی لێ بکرێ.

ئاخر چۆن لەبیر دەچێتەوە کە ئەوانەی دەیان ساڵ لە یەک سەنگەردا و بۆ وەدیهێنانی یەک ئامانج تێکۆشابوون، بۆماوەی چەند ساڵ دەنگیان لێک گۆڕی و تەنانەت لە شایی و شینی یەکتریشدا بەشدار نەبوون؟ بەحەق، وەبیرهێنانەوەی دیمەنەکانی ڕۆژان و حەوتووەکانی دوای لەتبوون مچوڕک بە لەشی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و بەویژداندا دێنێ.

چەند سەیر و جێی داخە، کە ١٦ ساڵە دوو حیزبی دێموکڕات کە پەروەردەی یەک قوتابخانە و دوو بەشی یەک حیزبی سیاسی بوون و بنکەکانیشیان سەد میتر لێکەوە دوور نین، نەیانویستوە یان نەیانتوانیوە جارێک پێکەوە یادی سەرکەوتن و نەهامەتییەکانیان بکەنەوە، پێکەوە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و پەیمانی وەفایان دەگەڵ نوێ بکەنەوە. بریا هەرئەوەندەش بووایە، چونکە دوو دێموکڕات ئەگەر هەموو شتێکیان جیا کردوە، هەوڵی جیاکردنەوەوە و هەڵاواردنی شەهیدەکانیشیان دا کە بەخۆشییەوە وەک دەڵێ: «خوا لەدوو دەستی نەدان».

هێندێ جار خەڵکی ناشارەزا ڕێبەرانی دوو دێموکڕات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەسەر ماڵی دنیا و پلەوپایە و دەسەڵات لێک جیا بوونەوە و وێک ناکەونەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو تۆمەتەش لە جێی خۆیدا نیە، چونکە بەداخەوە یان بەخۆشییەوە نە پووڵ و ماڵێک هەیە کە لەسەر دابەشکردنی بەشەڕ بێن و نە شوێنێک و بوارێک هەیە دەسەڵاتی تێدا بەکار بێنن.

بەوپێیە دەردەکەوێ هۆی هەرە بنەڕەتیی درێژەکێشانی ئەو لێکدابڕانە ڕق و قینی ناپیرۆز، هەستی خۆبەزل زانی یان هەرنەبێ جیاوازیی مێتۆدی کارکردن و بەڕێوەبردنە. کەوایە، با لەپێشدا هەموو لا بەیەکەوە بڕیار بدەن کارکردن بە هەستی ڕق و تۆڵە وەلا بنێن و دڵ و دەم و قەڵەمیان لە ژەنگی ئەو دیاردەیە پاک بکەنەوە. گوتم «کارکردن بە هەستی ڕق و تۆڵە»، چونکە ئەگەر واقیعبینانە قسە بکەین دەزانین ئەو دڵانەی دەیان ساڵ بە هەستی ڕق و قین ئاخنراون بە ڕۆژێک و بە بڕیارێک پاک نابنەوە و ماوەیەک کار و کۆششی هاوبەشی دەوێ تا کۆنەقینەکان لەبیر بچنەوە و خۆشەویستی و هەستی بەرپرسایەتی جێگایان بگرێتەوە.

پێم وایە ئەزموونی ناکامییەکانی ١٤ ساڵ لێک دووری و دڕدۆنگی، هەر دوو لای دێموکڕاتی تێگەیاندوە کە ئەگەر بیانەوێ جێگایەک لە دڵی خەڵک و دواڕۆژی کوردستاندا بۆخۆیان بپارێزن، پێویستە بێدەرەنگ زنجیرە دیدارێکی جیددی و بەردەوام دەست پێ بکەن و هەوڵ بدەن ڕێگا بۆ یەکگرتنەوە، یەکگرتنەوەیەکی پایەدار بدۆزنەوە. ئەمن پێم وایە هەر بە دەست پێکردنی ئەو ڕەوتە ڕێگایەگ بۆ گەڕانەوەی متمانەی خەڵک دەکەنەوە و پێ بەپێی پێشکەوتن لەو بوارەشدا زیاتر بەرەو وەدەست هێنانەوەی جێگەوپێگەی دێموکڕات هەنگاو دەنێن. لەبیرمان نەچێ ئەگەر چاردە ساڵە ئەم حیزبە تووشی لێکترازان

بووە، پازدە ساڵ و پتریشە خەڵکی کوردستان بەدەم ئازاری ئەو دیاردە نەخوازراوەوە دەتلێنەوە. بەڕاست دێموکڕاتەکان قەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە دەگەڵ بوونی زۆر حیزبی دیکەی کوردستانی - کە بەداخەوە ئەوانیش تووشی لەتبوون و لێکترازان هاتوون -، چۆنە خەڵکی کوردستان پتر لە هەمووان خوازیاری وەسەریەک کەوتنەوەی حیزبی دێموکڕاتن؟ داخوا ئەمە نیشان نادا کە خەڵکە ئاسایی یەکە زیاتر لە ڕێبەریی حیزبەکان ئاشنای ریسالەت و نەخشی مێژوویی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن؟

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە دەکرێ دێموکڕاتەکان هەوڵی دەستنیشانکردنی خەتاباری لەتبوونەکە بدەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی یە کە لێرەدا هیچ لایەنێک بێ خەتا و هیچ لایەنێک خەتاباری موتڵەق نیە، باشتر ئەوەیە بە دوای خەتادا بگەڕێن نەک خەتابار. بەو مانایە کە هەوڵ بدەن بزانن هۆیەکانی ئەو لێکترازانە چ ڕەفتار و بڕیار و شێوەکارگەلێک بوون تا خەتێکی ڕاست و چەپیان بەسەردا بکێشن و بناخەیەکی سەلیم بۆ کاری پێکەوەیی دابنێن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەردوو لا و تەواوی ئەندامانیان بڕیار بدەن ماڵئاوایی لە رابردوو بکەن و ئەو دۆسیەیە بە یەکجاری دابخەن و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە.

بەخۆشییەوە ماوەیەکە لەملاو لەولا نەغمەیەکی خۆش دێتە بەر گوێ. دەڵێن لەنێو هەردوو حیزبە دێموکڕاتەکەدا دەنگێکی بەهێز بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو حیزبە بەرز بۆتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە هەڵکشاندایە. (کوێرە چت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ) ئەمە مزگێنییەکی خۆشە و هەڵدەگرێ هەردوو حیزبەکەی لەسەر خەڵات بکرێن. جا بۆ ئەوەی ئەو دەنگۆیە وەڕاست گەڕێ و ئەو خەونە پیرۆزە بێتە دی، چ لەوە باشتر کە چەندی بکرێ زووتر بەرنامەکانیان بۆ جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات تێکەڵ کەن و یووبیلی ئەڵماسی حیزبەکەیان پێکەوە بکەنە جێژن.

خۆ وەختیش بەبەریەوە هەیە و نیزیک بە سێ مانگی بۆ ٢٥ی گەلاوێژ ماوە. دەی جا دەست لە دەست و قەوەت لە خوا، با کورد ئافەرینتان پێ بڵێ و مێژوو شانازیتان پێوە بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠٢٠

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**خەڵکی دێموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**هۆگران و دڵسۆزانی دێموکرات لە هەموو بەشەکانی کوردستان !**

**دۆستان و پشتیوانانی حیزبی دێموکرات لە ئێران و سەرانسەری جیهان!**

**تێکۆشەران، ئەندامان، لایەنگران، و سەرجەم ئەو کەسانەی حیزبی دێموکرات بە ڕووگەی هیواکانی خۆیان دەزانن!**

وەک دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمساڵ لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژدا، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتە جێژن. بەم بۆنەیەوە پێشەکی پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەمووی ئێوە دەکەین کە مانەوەی حیزبی دێموکرات و بەردەوامبوونی لە سەر خەبات بۆ ئامانجەکانی، قەرزداری فیداکاری، دڵسۆزی، پشتیوانی و هاوکاریی بێدریغتان لە گەڵ ئەو حیزبە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندایە. هەر وەها پیرۆزباییەکی گەرم و تایبەت پێشکەشی بنەماڵەکانی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان، کەم ئەندامان، تێکۆشەرانی دێرین و پێشمەرگەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات دەکەین کە گیانبەخشین و خۆڕاگریی ڕۆڵەکان و ئازیزانیان و، وەفاداریی خۆیان بە حیزبەکەیان، سەری حیزبی دێموکراتیان بە بەرزی و، خەباتەکەییان بە نەپساوەیی و بەردەوامی هێشتووەتەوە.

٧٥ ساڵ لەمەوبەر، پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، لە سەر بناغەی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژ - ک) و بە ئامانجی ئامادەکردنی ڕێکخراوێکی سیاسیی وەڵامدەر بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی سیاسیی نوێی ناوچەکەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند. ئەم حیزبە بە پێشەوایەتیی قازی محەممەد، کەمتر لە ٦ مانگ دوای پێکهاتنی، کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێرنی کوردی لە چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاند و، شەخسی پێشەواش وەک سەرکۆماری کوردستان، قۆڵی لە ڕێبەریکردن و ئیدارەی کۆمار و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی

ئەو کۆمارە هەڵماڵی. ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هەلومەرجی ئەو کات، بە شایەدیی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان، وەرچەرخان و نوختەگۆڕانێکی گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بوو، پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش، ڕووداوێکی نەتەوەیی و سیاسیی ئەوەندە گەورە بوو کە سەرەڕای تەمەنی کورتی، شوێنەوارێکی قووڵی لە سەر خەملاندنی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەجێ هێشت.

لەو قۆناغە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، زۆر ڕێچکە، کردەوە و ئەزموونی پڕشنگداری دەسەڵاتدارەتی و، چەندین دەسکەوت و چەمکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە هەن کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان داهێنەر و خوڵقێنەریان بوون. بە خۆشییەوە لەمێژساڵە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەو سامانە بە هی خۆیان دەزانن و، بە شانازییەوە سوودی لێ وەردەگرن. ڕاستە لاوازیی ڕێژیمی شایەتی و بوونی هێزەکانی وڵاتانی بێگانە لە نێو ئێران و لە ناوچەکە لە سۆنگەی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، هەلومەرجێکی لەباری بۆ گەشانەوەی هەست و بیر و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا خوڵقاند. بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی سەلمێندراوە کە سەرچاوەی هەر دووی ئەو ڕووداوە سیاسییە گەورانە، نیاز و پێویستیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هەڵقوڵاو لە ئیرادە و بڕیاری ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی کورد بوو. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، پاش تێپەڕینی ٧٥ ساڵ بە سەر دامەزرانیاندا، هەر وا ڕووگە و خواستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و، سەرەڕای هەموو هەوڵی سەرکوتکەرانە و پیلانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە نێو نەچوون و، هەتا ئێستاش گەشانەوە و بووژانەوە بە خۆیانەوە دەبینن، باشترین بەڵگەن بۆ قائیمبەزاتبوونی ئەم بزووتنەوە ڕەوایە.

٧٥ ساڵە خەباتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی خاوەن ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری ئێراندا، درێژەی هەیە. ٧٥ ساڵە حیزبی ئێمە، بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەرگەی ناوچەیەکی گەمارۆدراو بە پیلان و گەلەکۆمەگیی ڕێژیمە سەرکوتگەرەکان و هاوپەیمانەکانیاندا، ڕێبەری دەکا. ٧٥ ساڵ لە مەیداندا مانەوە و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات بۆ ئامانجە پیرۆزەکان و مافە ڕەواکانی نەتەوەیەک، بێ هەبوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا مسۆگەر نەدەبوو. ئەو هۆکارانەی جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان بۆ حیزبی دێموکرات لە نێو نەتەوەکەیدا دابین کردوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گرنگن کە حیزبی دێموکرات هەڵگر و خاوەنیانە. لەم بۆنەیەدا جێی خۆیەتی ئاوڕێک لە هێندێک لەو تایبەتمەندییانە بدەینەوە و پێیان لە سەر دابگرینەوە.

حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە نوێنەرایەتیی سەرەکیترین پرسی کۆمەڵی کوردستانی کردوە کە ڕزگاری لە

بندەستیی نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان بووە. بەو هۆیەشەوە کە واقیعی تاڵی دابەشکراویی کوردستان و نەتەوەی کورد بە سەر چەند وڵاتی ناوچە و ڕەهەندە ژیئۆپۆلیتیکییەکانی ئەو پرسەی بە دروستی لێک داوەتەوە، ویست و دروشمی واقعبینانەی خستووەتە ڕوو و، خوازیاری چارەسەری ئەو پرسە لە چوارچێوەی ئێران بە شێوەی خودموختاری و فیدرالیزم بووە. وەک پێویستیی ستراتیژییەکی ئەوتۆش، هاوخەباتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتەی لە پێناوی هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک کە پێکهاتەکەی و نێوەرۆکەکەی ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆرییەکانی دانیشتووانی وڵات و داخوازە بنەڕەتییەکانیان بێ، بە زەروورەتێک زانیوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لەو کاتەدا نەیشاردووەتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە کە خۆی و نیشتمانەکەی، بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون. نەتەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا، خاوەنی پرسێکی ڕەوایە کە بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەبوونی کەیانێکی نەتەوەیی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پشتیوانیی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی کردوە و، هەوڵی داوە پێوەندییەکی دۆستانەی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، هەبێ. لێک تێگەیشتن و هاوپشتیی دوو لایەنەی نێوان ئەو هێزانە و، هاوکات دەستوەرنەدانی هێزە سیاسییەکانی هەر بەشێک لە کاروباری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بە ڕێخۆشکەر و دەستەبەری بوون و پاراستنی پێوەندی و هاوکاریی دۆستانە زانیوە. کاتێکیش پێویستیی خەباتەکەی، وای خواستبێ پێوەندییەکی سنوورداریشی لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێ هەبێ، بە شایەدیی مێژوو و دۆکیۆمێنتەکان، ئەم پێوەندییانەی هیچ زیانێکیان بۆ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە نەبووە و، حیزبی دێموکرات لە ئاستیان سەربەرز بووە.

باوەڕی حیزبی دێموکرات بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و، گرتنە پێشی شێوازی هێمنانە و مەدەنییانەی خەبات و تێکۆشان، یەک لەو بنەمایانەیە کە حیزبی دێموکرات سیاسەتی خۆی لە سەر دامەزراندوون و لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا لێیان غافڵ نەبووە. هەر باوەڕ بەو بنەمایەش بوو کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ مەبەستی تیرۆریستیی خۆیان قۆستیانەوە و، ڕێبەرێکی گەورە و بە توانای وەک د. قاسملوویان بە ناوی وتووێژ لە داو خست و، حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردیان لێ بێبەش کرد.

ماوەی کورتی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان و هەر وەها ئەو ساڵانەش کە بەرپرسیارەتیی بەڕێوەبردن و پاراستنی هێندێ ناوچەی کوردستان لە سەر شانی حیزبی دێموکرات بووە، دەیسەلمێنن کە ئامانجی حیزب لە دەسەڵاتدارەتی،

سەرەڕای کۆسپ و بەربەستی جۆراوجۆر، بەشداریی خەڵک لە بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان، دەرفەت پێکهێنان بۆ خۆبەڕێوەبەری، بواردان بە پلۆرالیزم و فرەیی سیاسی و ئازادیی تێکۆشان و بیرو ڕای سیاسی، خزمەتکردنی زمان و کولتووری کوردی، لابردنی کۆت و بەندی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتیی دژ بە ژنان، بەرەوژووربردنی ئاستی فەرهەنگیی هاونیشتمانان، دابینکردنی یەکڕیزی، تەبایی و تەناهیی نێو خەڵک، جێگیرکردنی بایەخە دێموکراتی و مودێڕنەکان و پەرەپێدانی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کۆمەڵ بووە.

لە هەر دوو سەردەمی ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، حیزبی دێموکرات هەر کات دەرفەتی پێ دراوە - ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ - لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بووە، کاندیدای هەبووە و چووەتە نێو ململانێی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. تەنانەت لەم ٢٥ ساڵەی دواییدا کە ئەم حیزبە وەک پێشوو لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە ناقانوونی زانراوە و لە ژێر سەرکوتدا بووە، هەر کات مەجالێکی بۆ بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئێران و گەیاندنی پەیامی خۆیان بەدی کردوە، داوای لێکردوون سەرەڕای ئازادنەبوونی هەڵبژاردنەکان، بە بەشداریی واتادار و لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە، پەیام و هەڵوێستی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەی خۆیان بە دەسەڵاتی ئێران بگەیەنن.

حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لە حاڵێکدا پتر لە ٣ دەیە ڕابردووی خەباتێکی سەخت و پڕ لەقوربانیدانیان لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی هەبوو و، چالاکانە لە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ئەو ڕێژیمەدا بەشدار بوون، بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە لە گەڵ پشتگوێخرانی داخوازە لە مێژینەکانیان بەرەوڕوو بوون. حیزبەکەمان ڕێفراندۆم بۆ جێگیرکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئێرانی تەحریم کرد، چونکە جگە لەوەی گشتپرسییەکە، خەڵکی تەنیا لە نێوان دوو سیستەمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا سەرپشک کردبوو، هیچ نیشانەیەکی وەڵامدەربوونی نێوەرۆکەکەی لە ئاست داخوازی نەتەوەیی کورد و گەلانی بندەستی دیکەی ئێرانی پێوە دیار نەبوو. کاتێکیش هەوڵەکانی حیزبەکەمان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بە دیالۆگ گوێی لێنەگیرا و ڕێژیمی تازە، حیزبی دێموکراتی بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و، لەشکرکێشی و هێرشی سەرانسەریی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد، حیزبی دێموکرات و لەگەڵ ویشدا هێزە سیاسییەکانی دیکە و خەڵکی کوردستان، وێکڕا بەرامبەر بەو لەشکرکێشییە ڕاوەستان.

زیاتر لە ٤٠ ساڵە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کەوتوونە بەر شەڕێکی داسەپاوی نابەرامبەر و، سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. حیزبی دێموکرات، کاتێک هەوڵەکانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران بێ ئاکام مانەوە، تەسلیمی هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی تازە نەبوو و، ڕۆڵی یەکەم و سەرەکیی لەبەرەنگاربوونەوەی پەلامار و هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمەدا کەوتە سەر شان. هەر بە تەنیا حیزبی

دێموکرات نزیک بە پێنج هەزار کەس لە پێشمەرگە و تێکۆشەرانی لە ڕەوتی ئەوبەرەنگارییەدا شەهید بوون. لە ڕیزی ئەو شەهیدانەدا، دوو سکرتێری گشتی، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی، دەیان ئەندامی ڕێبەری، سەدان فەرماندەی نیزامی و سەدان کادری بەوەج و هەزاران پێشمەرگە و ئەندام لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵ هەن. ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب نەک هەر لە نێوخۆی ڕۆژهەلات، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکان، لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپاییش کەوتوونە بەر هێرشی دڕندانە و، ئامانجی پەلاماری تێرۆریستی و پیلانی جۆراوجۆری دیکەی ئەو ڕێژیمە بوون. چڵەپۆپەی دڕندەیی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا،کە نیشاندەری نیگەرانی و ترسی کۆماری ئیسلامی لە پێگەی ئەو حیزبە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو، هێرشی مووشەکی بۆ سەر پلینۆمی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا بوو.

حیزبی دێموکرات تەنیا لە دوو بڕگەی مێژووی خۆیدا - ساڵی یەکەم و دووهەمی دامەزرانی و، چەند ساڵی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران- دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی لە بەشێکی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی هەرە زۆری ساڵانی تەمەنیدا، تێکۆشانی ئازاد و قانوونیی لێ قەدەغە کراوە و ڕێبەری و کادری سەرەکیی بەڕێوەبەریی حیزب لە چیا و شاخەکانی کوردستان یان لە دەربەدەری بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، ئەرکی خۆیان بەڕێوە بردوە. جێگای خۆیەتی لەم بۆنەیەدا بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە ئاوڕ لە دەیان ساڵ وەخۆگرتنی تێکۆشەران و خەباتکارانی ڕۆژهەڵات لە لایەن خەڵک و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بدەینەوە. دیارە پەڕیوەبوون و گیرسانەوەی ڕێبەریی حیزب لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واقیعێکی نەخوازراوە کە دەرکەوتە و شوێنەواری نەرێنیی تایبەت بە خۆشی بۆ حیزب هەبووە، بەڵام لەسەر یەک نەبووە بە هۆی ئەوە ڕێبەریی حیزب لە بایەخدان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک مەیدانی سەرەکیی تێکۆشان و، گرنگیدان بە پرس و کێشەکانی خەڵکەکەی وەک پشتیوانانی ڕاستەقینەی خۆی، غافڵ بێ. سیاسەتی ئەم حیزبە هەر لە کۆنەوە کەلکوەرگرتن لە هەموو شێوە خەباتێکی ڕەوا بە پێی ئیمکان و پێویستی بووە. حیزب، حزووری ڕاستەوخۆی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری لەنێو خەڵکی، بە یەکێک لە گرنگترین ئەڵقەکانی بە هێزکردنی پێوەندیی نێوان خەڵک و خۆی زانیوە. حیزبی ئێمە هەر لەم ١٠ - ١٥ ساڵەی دواییدا سەرەڕای تێچووی گیانی و لێکەوتەکانی دیکە، لەم ڕاستییە غافڵ نەبووە.

لە نێوخۆی وڵات، سەرەڕای ئەو دۆخە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرانەیەی بە سەر کوردستاندا زاڵ کراوە، جوغرافیای نفووز و خۆشەویستیی حیزب و چالاکی و تێکۆشانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و زیاتر دەبێ و ڕووبەرێکی فراوانتر دادەگرێ. ٧ دەیە و نیو تێکۆشان و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات، ئاستی وشیاریی نەتەوەیی خەڵکەکەمانی بەرەوژوور بردوە و گیانی نەتەوەپەروەری و شوناسخوازیی تێدا بەهێز کردوون. هەوڵی ئێمە ئەوەیە چین و توێژەکانی

خەڵک هان بدەین کە بۆ خاوەنداریەتی لە کێشە و گرفتەکانی خۆیان بێنە مەیدان، خۆ ڕێک بخەن و داخوازە جۆراوجۆرەکانیان بە شێوەگەلی هێمنانە بێننە گۆڕێ و لە پێناویاندا خەبات بکەن. پشتیوانی لە جموجۆڵی ئێعترازیی خەڵک، تێکۆشانی ئازادیخوازی و چالاکیی شوناسخوازانە و شوناسپارێزانەی چالاکانی مەدەنی و کچان و کورانی وشیاری ڕۆژهەڵات، بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و، لێبڕاوین لەمەودوا پتر لە سەری بڕۆین.

کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەر ئەوەندە نییە کە ڕۆڵی ڕێبەر و ڕێکخەری ئەو بزووتنەوەیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر شانە. حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەتی ڕێبەری مەزن، د. قاسملوو لە کاتی خۆیدا، ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە ناساندنی پرسی کورد بە بیانییەکان و ڕاکێشانی پشتیوانیی زۆر حیزب و کەسایەتی و ناوەندی گرنگی ڕۆژاوایی بۆ لای کورددا هەبووە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گشتی لە قۆناغی جیاوازدا لە بەرهەمی ئەو تێکۆشانە دیپلۆماسییە بە نرخە سوودمەند بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەر تێکۆشانی دیپلۆماسی و کار لە نێوەندە نێو دەوڵەتییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی زۆرلێکراویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ پرسە ڕەواکەیان، بەردەوام دەمێنێتەوە.

**هۆگران، دڵسۆزان و پشتیوانانی حیزبی دێموکرات!**

حیزبی دێموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی، مافی خۆیەتی ئەگەر بە شانازییەوە ئاوڕ لە ٧٥ ساڵ خەباتی نەپساوەی پڕ لە قوربانیدانی خۆی بداتەوە، ڕۆژە پڕشنگدارەکان و دەسکەوتە گەورەکانی ئەو خەباتە وەبیر بێنێتەوە، قامک بۆ ئەو چەمک و بنەما و پرەنسیب و ڕێوشوێنە جوان و پڕ بەهایانە ڕابدێرێ کە هێناونیە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و کولتووری سیاسی و حیزبی لە کوردستان. لەوە کە باشترین ڕێبەران، تێکۆشەران و ڕۆڵەکانی خۆی لە سەنگەرە جیاوازەکاندا بە سەخاوەتەوە ژیان و تەمەن و گیانیان بەختی ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەیان کردوە؛ سەبارەت بەوە کە مێژوویەکی خاوێنی تەژی لە خزمەت و بە دوور لە پەڵە و هەڵەی نەبەخشراوی هەیە؛ سەربەرز بێ و بە خۆی بنازێ. ڕابردووی دوورودرێژی خەبات و تێکۆشانی سەخت و خوێناوی، متمانە و ئیعتیبارێکی گەورە کە لە ئاستی نەتەوەیی وناوچەیی و جیهانیدا کۆی کردوەتەوە، بەرنامەیەکی سیاسیی جێکەوتوو و ڕێبازێکی نەتەوەیی و دێموکراتیی بۆ هەموو لا ناسراو کە حیزبی دێموکرات خاوەنیانە، خۆشەویستییەکی بێ سنوور کە ڕیشەی بە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا شۆڕ بووەتەوە، سەرمایەیەکی بە نرخ و بێهاوتای حیزبەکەمانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کاتێک وەک پرەنسیپ و بنەمایەکی نەگۆڕ ڕوانیویەتە دێموکراسی و نەک بۆ ساتێک لەو بایەخ و ڕێبازە لای نەداوە، بەڵکوو قۆناغ بە قۆناغ لە ژیانی سیاسی و ئیداریی ڕۆژانەی خۆیدا کاری لەسەر چەسپاندنی

دێموکراسی، بەتایبەت دێموکراسیی نێوخۆیی کردوە و لە بەرزترین ئۆرگانی خۆیشیدا هەوڵی داوە ئەم ئەسڵە جێگیر بکا. گرتنی ١٧ کۆنگرە لە هەلومەرجی دژوار و، جاری وایە هەرە ناسکی خەباتی پێشمەرگانەدا، و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەم حیزبەدا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

بەڵام ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئاوڕدانەوە لەم مێژووە پڕ شکۆیەدا، هەر سەرکەوتنەکان، دەسکەوتەکان و خاڵە گەش و پڕشنگدارەکان، نابینێ. گومانی تێدا نییە کە بڕگە و قۆناغە جیاوازەکانی ئەم مێژووە، هەڵە، کەمتەرخەمی، کەموکوڕی و شتی نەخوازراوی دیکەشیان تێدایە کە هۆیەکەی دەکرێ کەمئەزموونی کادری بەڕێوەبەری، زاڵبوونی هەلومەرجی شەڕ و بارودۆخی نائاسایی بە سەر جۆغرافیای تێکۆشانی حیزبدا، بەربڵاویی ڕێکخراوەکانی حیزب و لاوازبوونی پەروەردە و کۆنترۆڵی ڕێبەری بە سەر ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبدا و، ڕانەهاتن بە وێکهەڵکردن و تەحەمولی بیرورا و سەلیقەی جیاواز، یا هەر هۆکارێکی دیکە بێ. یەک لەو ڕاستییە تاڵانە، دەرئەنجامی ململانێ و ناکۆکیی نێوخۆیی لە نێو حیزبی دێموکراتدا بووە کە سەرەڕای ساڵانێک بەخۆوە خەریککردنی فکرو هۆش و وزەی ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب، هێندێک جار لەتبوون و لێکدابران لە ڕیزەکانی حیزبیاندا لێکەوتووەتەوە و، بوون بە هۆی نیگەرانی و دڵساردیی خەڵکی کوردستان. گومانی تێدا نیە هەر نەسلێک لە ڕێبەری و تێکۆشەرانی حیزب، هەر وا کە خاوەنی شانازی و سەرکەوتنەکانی سەردەمی خۆیانن، لە ئاست لاوازی و نوشوستی و لەتبوون و دابڕانەکانی ئەو سەردەمەش بەرپرسیارن. بە نۆرەی خۆمان بە داخین کە حیزبی دێموکرات لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی دا، هێشتا نەیتوانیوە یەکگرتوویی ڕیزەکانی خۆی وەدەست بێنێتەوە. هیوای ئێمە و هەوڵی ئێمە ئەوە بووە و ئەوە دەبێ کە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب بکەینە هاندەری سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات بۆ هەرچی زووتر کەوتنەوە سەریەکی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنی یەکگرتنەوە بە خەڵکی دێموکراتپەروەری کوردستان و ئامادەکردنی ئەو حیزبە بۆ وەئەستۆگرتنی ڕۆڵی چارەنووسسازتر لە قۆناغی داهاتووی خەباتماندا. حیزبی دێموکرات هەروا کە توانیویەتی شاسواری مێژووی ٣ چارەگە سەدەی ڕابردووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەی بێ، بە مەرجی بە دەستهێنانەوەی یەکگرتوویی و دەرسوەرگرتن لە ڕابردووی ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییە زیانبارەکانی ڕابردووی، دەتوانێ شاسوار و قارەمانی گەیاندنی ئەم کاروانە بە قۆناغی سەرکەوتن بێ.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبەدا، سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەرانی شەهید، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزب و سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، د. قاسملوو بووژێنەرەوە و نوێکەرەوەی حیزبی دێموکرات، د. سادق شەرەفکەندی جێنشینی لێهاتوو و درێژەدەری ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەو ڕێبەرە مەزنانە دەنێرێ. ئێمە لە ئاستی گیانی ئەوان و هەموو ئەو شەهید و نەمرانەی لە ڕێگای خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبی

دێموکراتدا سەریان نایەوە، سەری ڕێز دادەنوێنین. گیانی شەهیدانمان و هەموو ئەوانەی دێموکرات بە ڕووگەی خۆیان دەزانن، دڵنیا دەکەین درێژەدەر و پارێزەری شانازییەکانی ئەو مێژووە پڕ شکۆیە دەبین و تا گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەمان، ئاڵای خەباتی دێموکرات شەکاوە و، چرای تێکۆشانی، گەشاوە ڕادەگرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی‌دا بە ئیمان بە سەرکەوتنی ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەسەر ڕێژیمی سەرکوت و مافزەوتکەری کۆماری ئیسلامی‌دا، بەڵێن تازە دەکاتەوە کە بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان درێژە دەدا. هاوکات دڵنیایە کە لەو پێناوەدا متمانە و پشتیوانی و هێزی لەبڕاننەهاتووی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە پشتە، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگرە کە کاروانی خەبات و تیکۆشانی نەتەوەکەمان بە ئەرکوەخۆگریی ڕووناکبیران و خوێندکاران، لاوان و ژنان، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەگاتە مەنزڵ.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و بنەماڵە سەربەرزەکانیان،
سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی کورد و بنەماڵە خۆڕاگرەکانیان،
سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان،
سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات،
سڵاو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسکی بەهێزی گەل،
سەرکەوی خەباتی ڕەوا و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان،
سەرکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیتەی ناوەندی

١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ - ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## وتاری ٢٥ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان




### خالید عەزیزی: بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە لە سەنگەری خەبات بۆ دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا درێژە بە تێکۆشانی خۆمان دەدەین

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

خوشک و برایانی ئازیز!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی، کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکان!

دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی خۆتان پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوو هەموومان بە یەکەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو جێگایەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ دامەزرا یادی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یادی دامەزرێنەری ئەو حیزبە، پێشەوا قازی محەممەد بکەین. هەروەها لێرەوە ڕێز و پێزانینی خۆمان و سەری کڕنۆش دادەنوێنین بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و هەروەها دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی. هەر لەو ڕۆژەدا دیسانەکانە ڕێز لە یادی هەزاران پێشمەرگە، کادر و ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە کە گیانی خۆیان لە پێناو حیزبی دێموکراتدا قوربانی کردووە، دەگرین.

**یوبیلی ئەڵماس**

فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستییدا ئیدارەی وڵات بوو، بەڵام پێش دامەزراندنەکەی پرۆسەیەکی مەنتیقی بوو. خەباتی حیزبی دێموکرات پرۆسە بوو بەڵام دامەزراندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان پرۆژە بوو، پرۆسەکە ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بە تەبیعەتی دەوڵەمەندیی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات پرۆژەکانیشی جۆراوجۆر بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما و بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزرا، واتا پرۆسەکە لەوێڕا دەستی پێکرد. ئەو کات کۆمەڵێک تێکۆشەر و ڕووناکبیری کورد، هەوڵیان دەدا و دەگەڕان بە دوای شوناسی خۆیاندا و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا ناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتییان تاوتوێ دەکرد. لە ڕاستییدا سەرەتاکەیان دامەزراند، بەڵام بە تەبیعەتی وەزعی تایبەتیی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووی جیهانییدا قۆناغێک دێتە پێش، بۆیە پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی زۆر بە باشی قۆستەوە. لە ماوەیەکی کورتدا بەوە گەیشت کە دەبێ حیزب دامەزرێنێ، سیاسەت بکا، بچێتە مەیدانی عەمەل و وڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە؛ بۆیە بە ئیرادەی قایمی خۆی، بە هیممەتی خۆی، بە ڕێبەریی خۆی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا دامەزراند.

دامەزرانی حیزب، ڕووداوێکی مێژوویی بوو و، لە ماوەیەکی کورتی پێنج-شەش مانگەدا لەبەر ئەوەی کە قازی محەممەد لە سەر مێکانیزمی ئیدارەی وڵاتیش خوێندنەوەی هەبوو، دوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستانی دامەزراند. قازی محەممەد دەمێک بوو لە مێشکی خۆیدا دەیزانی چ دەکا و یەک بە دوای یەک پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد، بۆیە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شانازییەی پێ بڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و بە پێی ئەوەی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بۆ جێبەجێ کردنی ویست و داخوازەکانی نەتەوەی کورد دامەزرابوو، هەوڵی دا هێما و شوناسی نەتەوەییش بە هەموو دامەزراوەکانیەوە دیار بێ؛ لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تا دواتر ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، دواتر ناوی پێشمەرگە، هەمووی ئەو دامەزراوانە ئێستاش بە گشتی لە لایەن زۆرینەی گەلی کوردەوە بە شانازییەوە چاوی لێ دەکرێ.

حیزبی ئێمە ئەو پرۆسەیەی کە دەستی پێ کرد و دوایە کردی بە پرۆژە، توانی لە دەورانێکی زۆر حەساسدا بنەماکانی هۆوییەتی نەتەوایەتیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێنێ. قازی محەممەد وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو کێشەکان تێگەیشتبوو، بۆیە سیاسەتێکی فرە ڕەهەندی گرتە بەر. لە لایەک دروستکردنی حیزب، دروستکردنی دامەزراوە حیزبییەکان، بە جۆرێک حیزبی دێموکراتی سازمان دا کە هەموو چین و توێژەکان خۆی تێدا بخوێننەوە. هەر ئەو وەختە حیزبی دێموکراتی کردە حیزبێکی جەماوەری، هەتا ئێستاش ئەو فەلسەفەیە یا جەماوەریبوونی حیزبی دێموکرات هەر پێوەی دیار ماوە، بە دوای ئەودا تێکۆشا دامەزراوە دروست بکا، مەسەلەی کورد لە ئێران بێنێتە

گۆڕێ و حیزبی دێموکرات بوو بە پارتنێری حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان لە چەند و چۆنیی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان و دروستکردنی مێکانیزمێک بۆ لێک تێگەیشتن و هەروەها چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تاران. حیزبی دێموکرات هەوڵی دا لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستییدا ئەقڵییەتی دێموکراسی، بەرابەریی ژن و پیاو، بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە ژیانی حیزبایەتییدا بباتە پێشێ، بەڵام هەموو ئەوانە ماوەیەکی کەم بوو. بە داخەوە حکوومەتی تاران لە جیاتی ئەوەی کە پەیامی ئاشتیخوازی، پەیامی دێموکراتیک و پەیامی بە یەکەوە ژیان لە ئێراندا لە لایەن حیزبی دێموکرات کە هاتبووە گۆڕێ و شەخسی پێشەوا ڕێبەریی دەکرد، وەر بگرێ؛ هێرشی کردە سەر کوردستان. لە ئاکامدا بە داخەوە کۆماری کوردستان ڕووخا و پێشەوا لە سێدارە درا. تەنانەت ئەو کات کە بڕیاریان دا پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە بدرێ، خۆشەویستیی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو خەڵکی کوردستاندا و تا ڕادەیەک خەڵکی ئێران کە دەیانناسی ئەوەندە بوو، کە لای ئەمریکاییەکانیش وەک پرسێک چاو لێ دەکرا. ئارسی ڕۆزوێڵت، سیاسەتمەدار و کادری لێهاتووی ئەمریکا کە لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران کاری دەکرد، سەردانی پێشەوا قازی محەممەد دەکا ئەو وەختە لەو مەنتەقانە گوزارشی خۆی داوەتەوە و زۆر بە ڕێزەوە باسی قازی محەممەد دەکا. بۆیە تەنانەت ئەمریکاییەکان پێشنیاریان بە حکوومەتی شا کرد بوو پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کەسایەتییەکی جێکەوتوو و جێی ڕێزە نابێ ئاوای لەگەڵ بجووڵێنەوە. بەڵام حکوومەتی تاران بە داخەوە هیچی ئەوانەی لە بەرچاو نەگرت و کۆمار ڕووخا و پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە درا، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد لەدایک بوو، بیری کوردایەتی لەدایک بوو، هیوا و ئومێد لەدایک بوو، هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوای ڕووخانی کۆماریشدا چالاکیی خۆیان درێژە پێ بدەن، بەشێک لە کادرەکانی ئەم حیزبە لە زەمانی حکوومەتی شادا کەوتنە زیندانەکان، بەشێکیان تووشی دەربەدەری بوون، بەشێکیشیان لە نێو خەڵکی کوردستان و لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەی نهێنی چالاکیی خۆیان درێژە دەدا.

ئەگەر وایە بە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ڕاستە پێشەوایەکی گەورەمان لە دەست دا، بەڵام دەکرێ بڵێم ناسیۆنالیزمی کورد و ئەقڵیەتی کورد و شعووری نەتەوایەتیی کورد زیاتر بە دوای ئەوەدا دەڕۆی کە چۆن خەباتەکەی خۆی درێژە پێ بدا، حیزبی ئێمە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا هەوڵی داوە تێبکۆشێ لەسەر بایەخ دان بە بنەماکان چالاکیی سیاسیی خۆی درێژە بدا. دەورانێک لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە و کادرەکانی لە باشووری کوردستان بووە، ئەو دەورانەش هەمووی هەوڵ و هیممەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادرەکانی ئەوە بووە کە چۆن لە نێوخۆی وڵات کار بکەن، چۆن ڕایەڵە و پێوەندیی خۆیان لە نێوخۆی وڵات کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان مابۆوە، بەهێزتر بکەن. لە دەورانی ساواکدا کە گرتن و کوشتن لە گۆڕێدا بوو، بەڵام دیسان کۆڵیان نەدا و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ - هەرچەند حیزبی دێموکرات هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە تێ بکۆشێ لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەی خۆی لەگەڵ

تاران جێبەجێ بکا، بەڵام مادام ڕەفتاری حکوومەتی شا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد ڕەفتارێکی نامەسئوولانە بوو تەنیا زمانی کوشتن و ئێعدامی دەزانی، بەشێک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جووڵانەوەیەکی چەکدارییان وەڕێ خست، ئەو جووڵانەوە چەکدارییەش بە حوکمی نفووزی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕێزێکی زۆری لێ گیرا، تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک پشتیوانییان لێ کرد. یانی دەمهەوێ ئەوە بڵێم لە بیری فرە ڕەهەندیی حیزبی دێموکراتدا هەوڵ دراوە بە هەموو جۆرێک لە خەبات تێبکۆشین، حزوورمان لە نێوخۆی وڵات بێ و تێبکۆشین هەمووی ئەو مەیدانانە تاقی بکەینەوە.

بەشێکی سەرەکیی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئیدامەی ئەو هەوراز و نشێوانەدا دوای ئینقلابی ئێران و ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا دەست پێ دەکا. ئەگەر سەردەمی کۆماری کوردستان ماوە و مەودای دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات و نفووز و شوێنی کاری هەر ناوچەی موکریان بوو، دوای ئینقلابی ئێران، تا لای خوارووی کوردستان ڕۆیشت، یەعنی ئەو خەونەی حکوومەتی پێشووی تاران پێیوابوو بە لە سێدارە دانی قازی محەممەد مەسەلەی کورد تەواو یان بەرتەسک دەبێ، بە پێچەوانە مەودای جوغرافیایی و نفووزی زۆرتر بوو و دەستەیەکی زۆرتر لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ژن و پیاوەوە لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ئینقلاب حیزبی دێموکرات لایەنگری ئەوە بوو کە کێشەی کورد لەگەڵ تاران لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ، دوکتور قاسملوو مێعماری ئەو ئیدەیە بوو و تێشیدا زۆر شارەزا و بە توانا بوو، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بەکار بەست بە گەلانی ئێران، بە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بە کەسایەتییەکانی ئێران بڵێ ئێمە ئینقلابمان کرد، بە یەکەوە ئیدارەی ئێران بکەین و ئێمەی کوردیش بۆیە لەو ئینقلابەدا بەشدار بووین، کە بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام بە داخەوە حکوومەتی تاران و شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو پەیامە واتادارەی ڕێبەری کاریزما، دوکتور قاسملوو کە هەم بۆ کورد و هەم بۆ ئێران بەرژەوەندییەکی زۆری تێدا بوو بە جددیی وەر نەگرت؛ بۆیە پەیامی ئاشتیی ئێمەی بە شەڕ و هێرش کردن بۆ سەر کوردستان وڵام دایەوە.

موقاوەمەتی پێشمەرگەکان بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، حکوومەتی تارانی هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە موزاکرە بکەین. لەو موزاکراتەشدا هەوڵێکی زۆر درا، بەڵام بە داخەوە نێوەرۆک و تەبیعەت و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد لە ڕێگای گفتوگۆوە چارسەر نەکا، دوکتور قاسملوو دڵنیام زیاتر و باشتر لە هەموو کەس ئەوەی دەزانی بەڵام دەیویست بە کۆمەڵانی خەڵک و بە لایەنەکان بڵێ کە ئێمە ئینقلابمان کردوە بۆ ئەو مافانە بەڵام حکوومەتی تاران ڕێگرە لە گەیشتنی ئێمە بەو مافانە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندوە و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دیفاعیان لە خۆیان کردوە، لە تەواوی

ئەو ماوەدا حیزبی ئێمە هەوڵی داوە لەسەر چەند ئەساس تێ بکۆشێ، بە بنەماکانی خۆی وەفادار بێ، یەکەم لەو پێوەندییەدا هەوڵی ئێمە ئەوە بووە بە جەماوەری بوونی حیزبی دێموکرات هەمیشە لای ئێمە گرینگیی خۆی هەبێ، ئەویش پێوەندی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکاری جۆراوجۆر و سیاسەتی فرە ڕەهەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە زەمانی پێشەوا قازی محەممەدەوە دان درابوو و شەخسی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش درێژەیان پێ دا، بەردەوام بچێتە پێشێ. هۆیەکەشی ئەوەیە جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بیر و هۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە نێوخۆی کوردستانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد، تێرۆری دوکتور قاسملوو، لەسەر مێزی وتووێژ و تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە شوێنێک کە دیویست مێکانیزمێک بۆ نزیکیی هێزە ئێرانییەکان بدۆزێتەوە و، لەم دواییانەدا تێرۆری دەیان کادری ئێمە، مووشەکبارانی قەڵا و تەنانەت ڕووداوەکەی شەوی یەلدا، زۆرێک لەو ڕووداوانە هەموو یەک شتی دەر خستوە ئەویش ئەوەیە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، گارانتی مانەوەی حیزبی دێموکراتە. جا ئەگەر وایە ئێوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری، حزوور و لە مەیداندا بوونی خۆتان هەوڵتان داوە، حیزبەکەی خۆتان ڕا بگرن. حیزبێک کە تەحەمولی ئەو هەموو هەوراز و نشێوانەی کردوە، ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر هاتوە و خۆ ڕا دەگرێ، ئەوە ئێوەش خۆ ڕا دەگرن.

چوار ڕۆژ دوای مووشەکبارانەکە ئێمەتان بە تەنیا نەهێشتەوە و بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان ڕاگەیاند؛ ڕاستە بە مووشەک لە ئێوە دەدەن، بەڵام ئێمە لێرەوە لەگەڵتانداین و سابیتیشتان کرد. ئەم هەڵوێستەی ئێوە بوو بە بەڵگە لەو بەڵگە مێژووییانەی حیزبی دێموکرات کە دەچێتە سەر کارنامەی ئەم حیزبە و بە دڵنیاییەوە هەتا کۆمەلانی خەڵکی لەگەڵدا بێ بە چۆک دانایە. ڕێبەرانی ئێمە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵیان داوە لە مەیداندا بن و بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە و بە هەستێکی نەتەوایەتی لە پێناو مافەکانی خۆماندا کار بکەین و کاریان بۆ کردوە.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بێتەفاوەت نەبوون. هەر ئەو وەختە پێشەوا قازی محەممەد هەوڵی داوە لەگەڵ ئینگلیسییەکان پێوەندی بگرێ و، لەگەڵ مۆسکۆش پێوەندییەکی باشی پێک هێنا، هەوڵی داوە لەگەڵ ئە لایەنانەی کە وەختی شەڕی جیهانیی دووەم بە جۆرێک پێوەندییان بە ئێران و کوردستانەوە بووە لە پێوەندییدا بێ، هەروەها لەگەڵ ئازەرییەکانیش. چون ئەو دەیزانی دەبێ پێ بە پێی خەبات و تێکۆشان و ئیدارەی وڵات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە ئێمە بگا. بە دوای ئەودا دوکتور قاسملوو دەکرێ بڵێم مێعماری هێنانە گۆڕی ئەقڵییەتی دیپلۆماسی و ئەوەی کە مەسەلەی خۆمان

بە جیهانی بکەین، دوکتور قاسملوو بە حوکمی ئەوەی لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش لەگەڵ بیانییەکان تێکەڵاوییەکی باشی هەبوو، هەر بۆیە کارنامەیەکی بەهێزی لەم بارەیەوە لە خۆی بەجێ هێشتوە. زۆر باش دەرکی مەسەلەکەی دەکرد و لەم دواییانەشدا بەشێک لە سەرنجی ئورووپاییەکان و بە تایبەت فەڕانسەوییەکان کە بە مەسەلەی کورد دراوە، تا ڕادەیەکی زۆر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر سەرمایەگوزاریی ئەو کاتی دوکتور قاسملوو کردی. ئێمەش لەژێر ڕووناکایی ئەزموون و ڕێنوێنیی ڕێبەرانمان بەردەوام لەو ئاستەشدا هەر دەچینە پێشێ.

لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە کێشەی ئێران لە ئاستی گشتی و بەبەشداریی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە چارسەر دەکرێ، هەوڵمان داوە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی خۆمان پێوەندییمان باش کەین و، هەر لەو بوارەدا هەوڵمان داوە لەگەڵ سازمان و حیزبەکان بە پێوەندی دروستکردن بە هەموو لایەک بڵێین کە ئێمە دەبێ بە یەکەوە لە بیری ئیدارەی داهاتووی ئێران بین. ڕامان گەیاندوە و جارێکی دیکەش ڕا دەگەیەنین ئەگەر قەرار بێ ئێران لە داهاتوودا ئیدارە بکرێ، دەبێ تەوافوقێک بکرێ لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان، هەموو لایەنە قەومییەکان و هەموو لایەنەکانی دیکە و چەندوچۆنیی ئیدارەی ئێران لەو بوارەدا سیاسەتی دروستی خۆمان هەیە.

پەیامێکی دیکەمان لێرە بۆ ئێرانییەکان هەیە کە ڕەنگە بەشێک لەوان ئاگاداری کێشە و پرسی ئێمە نەبن، ئەویش ئەوەیە کە ئەم وڵاتە کاتێک ئەمنیەت و ئاسایش بە خۆیەوە دەبینێ، زەمانێک ئاشتی و دێموکراسیی تێدا سەقامگیر دەبێ کە هەموو لایەنەکان بەو جۆرەی کە هەن تێدا بەشداری ئەو پرۆسەیە بن و هەڵاواردنێک لە گۆڕێدا نەبێ. بە بەشداریی هەموو لایەک لە ئێران ئەمنیەت و ئارامشێکی میللی، قەومی، مەزهەبی، سیاسی و قانوونی دێتە ئاراوە و ئەو وەختە دەکرێ بڵێین ئیدارەی ئێران، ئیدارەیەکە کە لەسەر ئەساسی ئەو جۆراوجۆرییە دامەزراوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی ئێراندا بەشدار نەبێ و لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیاسەتەکانی ئێمە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەرنجی نەدرێتێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێرانێک دروست دەکرێتەوە لەسەر تەمەرکوزگەرایی هەر بەو فەرهەنگەی کە لە حکوومەتی پێشوو و لە کۆماری ئیسلامییدا هەبوو دڵنیاتان دەکەینەوە و ئەو ئێرانە هەرگیز ئەمنیەت و ئاشتی و ئارامش بە خۆوە نابینێ و، خەڵکەکەی لە دێموکراسی و ئازادی و مافەکان بەهرەمەند نابێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە هیچ هاوکێشەیەک و بە هیچ سێناریۆیەک نیسبەت بە داهاتووی ئێران کەمتەرخەم نابین و هەوڵ دەدەین هەموو شوێنێک بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی خۆمان وەک کوردی کوردستانی ئێران، دەورمان هەبێ و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هەمیشە بە هەستی بەرپرسایەتییەوە

جووڵاوەتەوە، ئێمە هەوڵمان داوە لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا بین و، لە ڕۆژە خۆشەکانیشدا دیسان پیرۆزباییان لێ بکەین. تێ بکۆشین لە ئەزموونی ئەوان کەلک وەر بگرین، سیاسەتی گشتیی ئێمە ئەوە بووە بە هیچ جۆرێک دەستێوەردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکەین، بەڵام دۆستایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو بەشانەدا بکەین و هەمیشە ئارەزوومان ئەوە بووە کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای وتوویژ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ. بەڵام پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان شتێکی دیکەیە. مێژووی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆماری کوردستان، ئەو وەخت کە بارزانییەکان هاتن بەشداری کۆماری کوردستان بوون، لە کۆماری کوردستان لە حکوومەتی کوردیی ئەو کاتدا میوان نەبوون خاوەن ماڵ بوون، بە یەکەوە لە سەر سفرەی سیاسەتدا بوون. ئەوە یەکێک لە سانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانە. لە تەواوی مێژووی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار ڕێبەرایەتی، پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگاکانیان کەوتوەتە باشووری کوردستان. لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا خەڵکی باشووری کوردستان زۆریان پشتیوانیی ئێمە کردوە، زۆر لەگەڵماندا بوون، زۆر بەهانای دەرد و کێشەکانمانەوە هاتوون، بۆیە ئێمە لەو ڕۆژەدا جێگای خۆیەتی وێڕای سپاس بۆ هەموو لایەک بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان زەحمەتیان کێشاوە، سپاس و ڕێزێکی تایبەتییمان هەبێ بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و لایەنەکان کە لەو ڕۆژە ناخۆشانەدا تەنیایان نەهێشتووینەتەوە.

لە کارنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە حیزبێکی جەماوەرییە و ٧٥ ساڵ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانیدا لە بواری جۆراجۆردا بووە و قوربانییەکی زۆری داوە، نەقڵێکی خۆش هەیە لە کوردییدا دەڵێن: "بانی گەورە و بەفری زۆر" مادام حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی جەماوەری و پڕ نفووزە ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کردوە لە بواری جۆراجۆری دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، ڕێکخراوەیی، سیاسی، خەباتی جەماوەری، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی قانوونی و هەتا بگرە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکان لە مەیداندا بووە و بێتەفاوەت نەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە بێکێشەش نەبووە. هەڵەش لە گۆڕێدا بووە، بەڵام پەڵەمان لەسەر نییە، هەڵە و کێشەش دێتە سەر ڕێی کەسێک کە کار دەکا، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش زۆر بە ئاسایی و سروشتیی دەزانین، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین حێزبێکین پەڵەمان لەسەر نییە. لە داهاتووشدا ئێمە حیزبێکی بێکێشە و بێهەڵە نابین، بەڵام ڕۆحمان ئاواڵە دەبێ بۆ وەرگرتنی تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکان هەتا چارەسەریان بکەین.

بێگومان لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا لێکدابڕان بووە، ئینشعاب ڕووی داوە، جاری وا بووە کە ئێمە پێکەوە نەحاواوینەتەوە و ئەو لێکدابڕانانە خۆش نەبووە بۆ ئێمە، بەڵام با شتێکتان پێ بڵێم لە زۆربەی زۆریاندا ئەگەر

لایەنەکان پێکەوە نەحاواونەوتەوە هەرگیز لەسەر بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گومانیان نەبووە، جا ئەگەر وایە بنەماڵەی حیزبی دێموکرات وا پەروەردە کراوە ئەگەر لەگەڵ یەکیش کێشەی هەبێ بەڵام تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە خەبات و تێکۆشانەوە هەیە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەرگز گومانی نەبووە. ئەوە خاڵێکی بەهێزە کە ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە و بە پێی زەروورەتێکی مێژوویی کە لە داهاتوودا بووە قەزییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە گۆڕێ، بە هەستی بەرپرسیارەتییەوە چاو لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بکەین. لەم پێوەندییەدا تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیاسەتەکانی ئێمەوە بووە و تا ئێستا بە شاهیدیی مێژوو، بە شاهیدیی تەواوی ئەو بەڵگانە کە لە گۆڕێدا هەن، ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و لەمەو بەداوش ئێمە هەوڵ دەدین ئەوەندەی لە توانامانـدا بێ وەک حیزبێکی بەرپرسیار کە هەستی بەرپرسیارییەتیی هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسە ئەرکی خۆمان بەجێ بێنین.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر!

خەڵکی تێکۆشەر و هەمیشە لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بۆ جارێکی دیکەش بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و، ئێمە لەم ڕۆژەدا پەیمان نوێ دەکەینەوە، لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ دوکتور قاسملوو، لەگەڵ دوکتور سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ هەموو شەهیدان و لەگەڵ هەمووی ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان سوور بین و، تێ دەکۆشین ئەزموونی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیممەت و پشتیوانیی ئێوە لە داهاتوودا بە کار بێنین و، تێ دەکۆشین بە پشتیوانیی ئێوە ئەو خەباتە بەربەرینتر بکەین و دڵنیام خەباتی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هەموو دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتمان چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە خەباتێک دەبێ و لە درێژەی خۆیدا لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە. لە کۆتاییدا ئێوە هەر ساغ و سڵامەت بن و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر پایەدار بێ و، ئەگەر ئێمە لە پشتی یەک بین داهاتوو ئیی ئێمەیە، مێژووی خەبات و تێکۆشان نیشانی داوە داهاتوو ئیی ئێمەیە. هەموو لایەکمان بە یەکەوە هەر ساغ و سڵامەت بن، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# ڕێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان




**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

ساڵی ١٩٧٠ی زایینی (١٣٤٨ی هەتاوی) دوای نیزیک بە ٩ ساڵ بەربەرەکانی قارەمانانەی بزووتنەوەی کوردی عێراق بەرامبەر بە پەلاماری بێرەحمانەی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، بەعسییەکان بۆیان دەرکەوت کە بە پەلاماری نیزامی و بە زەبری ئاگر و ئاسن ناتوانن ئیرادەی کوردەکان بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانیان تێک بشکێنن و ئەگەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆشیان بووە پێویستە ڕێگای ئاشتیخوازانە بۆ جۆرێک چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق بگرنە بەر. بۆیە بە ناردنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێشنیاریان بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناودار خوالێخۆشبوو مەلامستەفای بارزانی کرد بۆ چارەسەری مەسەلەکە دەگەڵ دەوڵەت بکەوێتە وتوێژەوە. سروشتییە کە ڕێبەریی بزووتنەوەش کە هەمیشە خوازیاری وەدیهاتنی داخوازەکانی بێ پەنابردن بۆ شەڕ و خوێنڕێژی بوو، ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد.

بەم جۆرە بێ ئەوەی (ئاگربەس)ێکی ڕەسمی ڕابگەیەندرێ، وتووێژێکی بەردەوام و جیددی دەستی پێکرد کە دەستەی نوێنەرایەتیی دەوڵەت لەلایەن خودی سەددام حوسێن، جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر و دەسەڵاتی بەکردەوەی عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرا. هەوڵەکان لە ماوەیەکی کورتدا بە ئاکام گەیشتن و سەعات ٧ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی ئادار بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراق بوو، لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری ئەو وڵاتەوە خوێندرایەوە.

دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار کە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقی بەڕەسمی ناسیبوو، هەر بۆ کوردانی ئەو بەشەی

کوردستان کە داری ڕەنج و ئاواتیان هاتبووە سەر بەر، مایەی خۆشحاڵی و جێژن و شادی نەبوو. بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی سەیر کرا. بەڵام لەو نێوەدا بۆ کوردی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختەئومێدێکی گەورەتر بوو. لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە چارەنووسی ئەم حیزبە بە چارەنووسی بزووتنەوەی کوردی عێراق (باشووری کوردستان)ەوە گرێ درابوو. چونکە لەلایەک تێکۆشەرانی دێموکڕات لە گەرمێن بەکردەوە ببوونە بەشێک لە هێزی ئەو بزووتنەوەیە و لەلای دیکەش بەپێی باری ژێئۆپۆلیتیکیی کوردستان و پێوەندیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەگەڵ دەوڵەتی ئێران، حیزبی دێموکڕات تێکۆشانی نێوخۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک کردبۆوە و بەتایبەتی دوای شکانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) بەتەواوی پێشی پێ گیرابوو.

بۆیە پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار بە ماوەیەک شاندێکی حیزبی دێموکڕات چوونە سەردانی سەرۆک بارزانی و وێڕای پیرۆزبایی ڕێککەوتنەکە داوایان لێکرد لەوە بەدوا قەدەغەوقۆرغ لەسەر چالاکیی ئەو حیزبە هەڵگیرێ بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش جۆرێک بووژانەوە بەخۆیەوە ببینێ. بارزانی کە پیاوێکی دووربین بوو و دیار بوو لە سەرگرتنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداریش بەگومانە، نەیەویست بیانوو بداتە دەست دەوڵەتی حەمەڕەزاشا. بۆیە ئەو داوایەی ڕەت کردەوە و بەجێی ئەوە، پێشنیاری کرد کە حیزبی دێموکڕات پێوەندی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق دامەزرێنێ و لەو ڕێگایەوە چالاکیی سیاسیی خۆی بیووژێنێتەوە.

ئەم پێشنیارە بۆ ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان قورس و بە مانای بێبەشبوون لە پێگەیەکی بەهێزی پێوەندیی ڕێکخراوەیی دەگەڵ خەڵکی نێوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. بەوحاڵە گرتنەبەری ئەو ڕێگایە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخساند. پێش هەموو شتێک بە کەلک وەرگرتن لەو دەرەتانە، دەستە و تاقمە پەرش - وبڵاوەکانی کادر و ئەندامانی حیزب، کە هەرچەند لە ململانە دەگەڵ یەکتردا نەبوون. بەڵام هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە یەکتریەوە نەدەبەستنەوە، کەوتنە دیدار و وتووێژ و توانیان ڕێبەرییەکی یەکگرتوو دروست بکەن و دەلاقەیەکی هیوا بە ڕووی یەکپارچەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبدا بکەنەوە.

میکانیزمی پێکهێنانی ئەو ڕێبەرییە بۆ ئەوە نابێ بەپەلە بەسەریدا تێ پەڕین و ئاوڕی لێ نەدەینەوە. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرییە لەسەر هیچ بناخەیەکی ڕێکخراوەیی و ئەساسنامەیی پێک نەهات و تەنیا پێویستیی قۆناغەکە هەموو لایەنەکانی هان دا ئازایەتی و لێبووردەیی لە خۆیان نیشان بدەن و لاپەڕەیەکی تازەی پێکەوەبوون و پێکەوەکارکردن بکەنەوە. لە کۆبوونەوەیەکی شەش کەسیدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و هەرجارەی لە کافەیەکی بەغدای

پێتەختی عێراق پێک هات، کۆمیتەیەکی ناوەندی دروست کرا و بڕیار درا پێکەوە کار بکەن تا دەگەنە کۆنفرانس و کۆنگرەیەک کە لەوێدا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکرێ و ڕێبەرییەکی شەرعی هەڵ بژێردرێ. ئەندامانی ئەو کۆمیتە ناوەندییە بریتی بوون لە:

* دوکتۆر قاسملوو،
* کەریمی حیسامی.
* ئەمیری قازی.
* هێمنی شاعیر.
* حەسەنی ڕەستگار.
* عەبدوڵڵای حەسەنزادە.
* حەمەدەمینی سیڕاجی.
* یووسفی ڕیزوانی.

هێمنی شاعیر و کەریمی حیسامی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبوون.

کۆمیتە ناوەندیی (دەستکرد) بە بڕیار و پەیمانەکەی وەفادار مایەوە و هەروەک پێشبڕکە دەگەڵ ڕۆژگار بکا لە هەموو بوارەکاندا چالاکانە کەوتە کار. دەگەڵ ئەوەی چەند ساڵ بوو حیزب خاوەنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی نەبوو کە ناسێنەری سیاسەت و بۆچوونەکانی بێ بەزوویی هەنگاوی بەرەو دەرکردنی ڕۆژنامە و زیندووکردنەوەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی سەردەمی کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە و ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی دەرکرد کە هەرچەند مانگێ تەنیا جارێک و ئەویش بە تاقە چوار لاپەڕە و لە تیراژێکی کەمدا چاپ دەکرا، بەڵام زۆر زوو لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی کورددا وەک بڵاوکراوەیەکی سەنگین جێگای خۆی کردەوە.

لە حاڵێکدا ماوەیەکی چەند ساڵە بوو ئەم حیزبە کەمترین ڕادەی پێوەندیی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی و بێگانەکاندا هەبوو، بە کەلک وەرگرتن لە بارودۆخەکە و بەهرەوەرگرتن لە ناسراوی و شارەزایی شەهید د. قاسملوو (بە پلەی یەکەم) و چەند هاوڕێیەکی دیکە (بە پلەی دووهەم) پێوەندییەکی بەرینی دەگەڵ زۆر حیزب و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵی کورد و ئێرانی و بێگانە دامەزراند و بەزوویەکی زوو وەک حیزبێکی موعتەبەری سیاسی سەری لە نێو سەراندا بەدەر کەوت.

لەوانە گرنگتر، بە پەلە دەستبەکاری ئامادەکردنی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب و کاردروستایی بۆ گەیشتن بە ڕێبەرایەتییەکی شەرعی و ئەساسنامەیی بوو و کەمتر لە ساڵێک دواتر کۆنفرانسی سێیەمی پێک هێنا کە لەودا بەرنامە و پێڕەو و خەت و ڕێبازی سیاسی پەسند کرا و کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرا. دوو ساڵ دواتریش کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەسترا و بەم جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە حیزبە گەورە و بەنفووزەکان پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان.

دەسکەوتی زۆر گەورەی دیکەی ئەو دەورانە، دامەزراندن و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب نەک هەر لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، بەڵکوو لەنێو کوردانی دانیشتووی شارە ئێرانییەکانی دەرەوەی کوردستانیش بوو. بە تایبەتی دەکرێ بڵێین بۆ یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەی ڕێکخراوەیی دەچووە زانستگەکان و تویژی ڕووناکبیر و وشیاری خوێندکارانی لە دەوری دروشم و داخوازەکانی کۆ دەکردەوە.

ئاکامی هەمووی ئەمانە ئەوە بوو کە کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی دژی ڕێژیمی پادشایەتی وەڕێ کەوت، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرییەکەی لە دەرەوەی وڵات بوون، ئاگاداری تازەترین ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو و بە بەشی خۆی ئیلهامی لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات وەردەگرت و ئیلهامی دەدانێ. خۆ ئەوەشمان لەبیرە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند بەخێرایی لە کوردستان گوڵی کرد و جێگای شیاوی خۆی وەک گەورەترین ڕێکخراوی کوردی ئێران بەدەست هێنایەوە.
بەو پێیە بە ئاسانی دەکرێ بڵێین کە دەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران یارمەتیدەرێکی گەورە بوون زۆربەی پێشکەوتنەکانی دەیەی ١٣٥٠ی ئەم حیزبە بەرهەمی کاروتێکۆشانی ڕێبەرییەک بوون کە لە دەسپێکی کاری خۆیدا بە شێوەیەکی ناسروشتی لەدایک بوو. ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە بڵێم ئێستە کە بەخۆشییەوە هەوڵی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات لەئارادایە، دروست نییە ڕێبەرایەتیی دوو حیزبی دێموکرات هێندێ وردە تێبینیی ئەساسنامەیی بکەنە کۆسپ یان باشتر بڵێم بیانووی دواخستنی ئەو کارە پیرۆزە کە لەمێژە بۆتە ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو دۆستانی گەلی کورد. با ئەوان لەسەر بناخەیەکی پتەو یەکریزی بۆ بنەماڵە گەورەکە بگێڕنەوە، ئەودەم دەبینن کە نەک هەر هیچ کەس سەرکۆنەیان ناکا، بەڵکوو هەموو لا و کۆنگرەکانی دواتریش دەستخۆشییان لێ دەکەن و مێژووش بە خەتی زێڕین بۆیان تۆمار دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی




**جەلیل گادانی**

هێشتا ساڵێکی تەواو بەسەر هاتنی هێزی هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ ئێران بە تایبەتی داگیرکردنی باکوور و ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن ئەرتەشی سوور کە بوونە هۆی نەمانی هێزی نیزامیی ڕەزاشای دیکتاتۆر لە بەشێک لە کورستان تێنەپەڕیبوو، پیاوانی تێکۆشەری کورد لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١دا دامەزراند.

چونکو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو کۆمەڵە دامەزراوە، بە پێویست دەزانم ئاماژە بە هێندێک لە کارەکانی بکەم. تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە لە ناوچەی موکریان زۆر زوو پەرەی ئەستاند. حکوومەتی تاران لە کردەوەدا حاکمییەتی خۆی لەم دەڤەرە لەدەست چوو بوو. بەشی زۆری ئەرکەکانی حکوومەتی کەوتبوە سەرشانی خەڵک خۆی. لەو سەردەمیشدا کۆمەڵە ژ - ک یەکەم حیزبی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. وێڕای تێکۆشانی سیاسی و پەرەدان بە هەستی نەتەوایەتی لە زۆر شوێن بە تایبەتی لە شاری مەهاباد، زێدی لە دایکبوونی، زۆربەی گرفتەکانی خەڵکیان حەل دەکرد. بە تایبەتی لە دوو بواری فەرهەنگی و ئاسایشەوە هەنگاوی بەنرخی هەڵێناوە.

"قۆڵسوور"ەکانی ژ - ک خۆبەخشانە شەو و ڕۆژ ئامادەی خزمەت بوون، ئەرکی ئەمنییەت و ئاسایشی شاریان وەئەستۆ گرتبوو، هەموو کات ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێک بوون کە ڕەنگبوو لە لایەن هێندێک عەشیرەتی هەلپەرست بۆ تالان و بڕۆ بکرێتە سەرشار.

لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار بنکەی تایبەت داندرابوون. شەوانەش بە شێوەی گەڕۆک لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان ئەرکی پێ ئەسپێردراویان ئەنجام دەدا. ئەگەر ڕووداوێک لە دوور و نیزیک تەنانەت لە دێهاتی دەوروبەریش ڕووی دابا بە هانای خەڵکەوە دەچوون.

هێندێک بنیادی حکوومەتی وەک سەربازخانە کە ئەو هەمووە هێزەی تێیدابوو بە دوو بۆمبی گچکە و کەم هێزی تەیارە ڕەشەکەی سۆڤییەت کونە مشکیان لێ ببوو بە قەیسەری و هەڵاتبوون و چۆڵیان کردبوو، یا سیلۆ و ژاندارمەری کە بێخاوەن مابوونەوە، هەرچەند هێندێکیان تاڵان کرابوون، بەڵام ژ - ک پارێزەری تایبەتی بۆ دانابوون تا ساختومانەکان وێران نەکرێن و لەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەکانی چۆلبوونیاندا تاڵان کرابوون زیاتر وێران نەکرێن. بۆ نموونە هەر سەربازخانەکە دواتر کرایە پێشمەرگەخانە.

لە بواری فەرهەنگیشەوە مەجالیان نەدا ئەو خوێندنگانەی هەبوون دابخرێن و ئەندامانی فەرهەنگیی شار کە زۆریان ببوونە ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک نەیانهێشت قوتابییەکان لە خوێندن دواکەون، بەڵکوو هەنگاوی گەورەشیان هەڵگرت.

بە دانانی دوو قوتابخانەی شەوانە بە ناوەکانی "گەلاوێژ" و "ئازادی" بۆ فێرکردنی زمانی کوردی کە تا ئەودەم خوێندن و نووسین بە کوردی بە تەواوی یاساغ بوو خزمەتێکی باشیان بە لاوان کرد.

یەک لەو مەدەرسانە "گەلاوێژ" لە خانووی حاجی ئەحمەد گادانی لە گەڕەکی قووڵە قەبران، بە سەرۆکایەتیی مەلا عەبدوڵلا داوودی، ناسراو بە خاڵە مەلا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک و دووهەمیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بە ناوی "ئازادی" لە کوچەی محەممەدی مەولوودی بە لێپرسراوی فەرهەنگیی بەوەج "عەلی گولجەبینی" بەڕێوە دەچوون. جگە لە چەند مامۆستای خۆجێیی بەڕێزان؛ ڕەوانشادان عوسمان دانش، محەممەد تۆفیق وردی، کەریم زەند، نووری ئەحمەد تەها بە نۆبە لەو دوو قوتابخانەیە دەرسیان دەگوتەوە.

ئەو بەڕێزانە توانییان لە ماوەیەکی کەمدا پۆلێک لاو بەچەشنێک فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بکەن کە پاش تەواوبوونی دەورەکەیان هێندێک لەوان بوونە مامۆستای کوردی گوتنەوە و خزمەتی باشیان کرد.

وابزانم زیاتر بە مەبەستی تەمرینی حکوومەتداری بوو کە ژ - ک میرمیرێنی نەریتی کۆنی کوردیی زیندوو کردەوە.

یەکیان بە میرایەتیی مستەفا سیاسەری لە گەڕەکی هەرمەنیان و ئەویتریان لە گەڕەکی ڕزگەریـان بە میرایەتیـی حەمەدەمین یا حەمەی حەسەن زارا بەڕێوە دەچوو.

ئەو دوو میرانە جو بەرگی تایبەتییان بۆ ساز کرابوو. هەرکام پۆلێک لاوی بەوەج و کارگێڕ یان قۆڵسووری ژ-ک یـان بـۆ دابینکردنی ئەمنییەت لە دەور بوو، هەر حوکمێکی کردبایان بەڕێوە دەچوو.

کۆمەڵەی ژ - ک بەهێنانە سەرشانۆی دوو نمایشی "سوڵتان سەلاحەدین" و "دایکی نیشتمان" لە مەهاباد و نەغدە و شنۆ و بۆکـان، کە لە هەر کـام لەو شـارانە چەنـد ڕۆژ نیشـان دران، کـاریگەریی زۆری لە سـەر گەشـەکردنی هەسـتی نەتەوەیـی و بڕوابەخۆ بوونی خەڵک کرد.

چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری بەپێزی "نیشتمان" وەک یەکەم بڵاڤۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵات و ئۆرگانی کـۆمەڵە لەو سـەردەمەدا یەک لە کـارە بەرچاوەکـانی فەرهەنگی و ڕووناکبیریی سەردەم بـوو کە بـۆ چـاپکرانی چەنـد ژمـارە دەچـوونە تەورێـز و لە ڕێگەی دۆستانێک کە دەستیان دەکاری چاپ و چاپخانەدا بووە، چاپیان دەکرد و دەیانهێناوە کوردستان و بڵاویان دەکردەوە.

لەڕاستیدا خەڵک ئەوەندەیان بڕوا بە کارەکـانی ژ - ک هەبـوو کە نەتەنیـا بە قسـەی "فەرمانـدار"ی دیـاریکراوی حکوومەتی ئێرانیان نەدەکرد کە لەوکاتدا لە سەرۆک عەشیرەتەکان دادەندران، بەڵکووو یەک دوو جار بە خۆپیشاندان لە شار وەدەریان نان.

بە هـاتنی قـازی محەممەد بـۆ نێـو کـۆمەڵەی ژ - ک و بـوونی بە ئەنـدامی ئەم ڕێکخـراوە، وەزعـی ژ - ک زۆر بەرەو پێشـتر چـوو. هەم وەزنـی چـووە سـەر و هەم کەسـایەتییەکانی کوردسـتان لە دوور و نیزیـک ڕوویـان تێکـرد. هەر وەک هێنـدێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری پێشبینییان کردبوو دوای ماوەیەک قازی محەممەد بوو بە مۆرەی هەرە گرینگی ئەم ڕێکخراوەیە.

دوای یەک دوو سەفەر بـۆ ئـازەربایجـانی سۆڤییەت و نیزیکیی دۆستانە دەگەڵ فیـرقەی دێمـوکراتی ئـازەربایجـان لە لایەک و پاش تەکبیروڕایەکی زۆری بەڕێـوەبەرانی ژ - ک، بە حوکمی پێویستیی هەلـومەرج و زەمـان، بە دەنگی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبەرانی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان."

ئەو حیزبە مۆدێرنە بە ڕاگەیاندنی بەرنامەیەکی ٨ مادەیی کە لە ١ - ٨ - ١٣٢٤ بە واژۆی دەیان کەس لە ڕێبەران و

کەسایەتییەکانی کۆمەڵە چاپ و بڵاو کرایەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند. لەو ڕاگەیاندراوەدا بەشی بەرچاوی پێویستییەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگە گونجابوو.

لە ماوەیەکی کورتدا ئەو حیزبە کە لە سەر بنەمای کۆمەڵە دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی هەر لە شاری مەهاباد بەست و دوای خستنە بەر باسی بەرنامەکە و باس و خواسێکی زۆر لە سەری، هەر لەم کۆنگرەیەدا گرینگیی زۆر زیاتر درابوو بە ٢٢ مادە کە دواتر لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی دا بڵاوکرایەوە کە بریتی بوو لە چوار فەسڵ و ٢٢ مادە.

هەر لەو کۆنگرەیەدا قازی محەممەد وەک سەدری حیزب و ڕێبەر و ٢٣ کەس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. لەو بەرنامە نوێیەدا هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە ئێستاش لە زۆر وڵات پیادە کراوە پێشبینی کرابوو. بۆ نموونە ئاماژە بە چەند خاڵ لەو بەرنامە دەکەین کە زیاتر باری دێموکراتی و کۆمەڵایەتیی دەگرتەوە:

١- ناوی حیزب: حیزبی دێموکراتی کوردستانە.
بە باوەڕی من لێرەدا بۆیە ئاماژە بە ئێران یان بەشێک لە ئێران نەکراوە کە کوردستان بە یەک خاک و یەک نەتەوە دەناسێندرێ.

٢- حیزب لە سەر ئەو بناخەیە دامەزراوە: "حەقیقەت، عەدالەت، تەمەدون."
هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسند کران لە کۆنگرە، جێبەجێ ئەکرێن.
بەم واتایە بۆ یەکەم جار حیزب لە ڕێبەریی تاکەکەسی و عەشیرەتی و کوێخامەنشی و شێخایەتی دەردەچێ و بەشێوەی دێموکراتیک و بڕیاری گشتی بەڕێوە دەچێ.

٤- هەروەها لە کوردستان ئەبێ لە سەر بنچینەی دێموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ. ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی میللی و قەومی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی مافی وەک یەکیان هەبێ.
٥- ئامانجی حیزب بریتییە لە پەرەپێدانی دێموکراسی، لە سەر ئەو بنچینەیە تێدەکۆشێ بۆ خۆشی مرۆڤایەتی.

٨- یەکەمین هەنگاوی حکوومەتی میللی ئەوەیە دەس دەکا بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات.
٩- ئەبێ هەموو مەئمورانی کیشوەری و سیاسی و دایرەکان و کشتوکاڵ کورد بن. لە ئیداراتدا دەبێ بە زمانی کوردی بنووسرێ.

١٠- حیزب تێدەکۆشێ بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ ماشێن بکرێ و هەوڵ ئەدا ئەو بەروبوومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن، بەباشی بفرۆشرێ.

١١- حیزب تێدەکۆشێ بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساغی دێهات و بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچۆ لە دێیەک بۆ دێیەکی دیکە.

١٢- حیزب بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغیی هەموو زەحمەتکێشان دەکات کە لە کوردستان دەژین.

١٣- بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانیەتی نێو خەڵکی کوردستاندا خوێندنی قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەرس دەخوێندرێ.

١٩- حکوومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای هەرزان و ڕەحەت، بەتوندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و موحتەکران ڕادەوەستێ.

٢١- ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکو پیاوان مافی وەک یەکیان هەبێ.

٢٢- ئەبێ مافی کەمە نەتەوەکان کە لە کوردستاندا ئەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاشووری بەتەواوی دابین بکرێ.

بە باوەڕی من نوقستانیی گرینگی ئەو بەرنامە ئەوەیە کە مادەی ٥ی بەرنامەی پێشوو هەڵگیراوە کە بریتی بوو لە: "دەبێ لە سەر ئەساسی قانوونێکی گشتیی نێوان لادێی و خاوەن مڵکدا ڕێککەوتنێک پەسەند بکرێ کە دواڕۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.

بەمجۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە جێی ئومێدی هەموو کوردێکی خاوەن هەست. لەڕاستیدا نەک هەر درێژەدەری هەموو کارە باشەکانی "ژ - ک" بوو، بەڵکوو گەلێک مەسەلەی نوێی هێنا ئاراوە کە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و پێشکەوتوو دەگونجا و بێگومان نە لە حکوومەتی تاران بەڵکوو لە سیستەمەکانی پاشایەتی و کۆماریی دەوروبەر باسیشیان لێ نەدەکرا.

ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە توانی لە دونیای قەیراناویی ئەو سەردەمەدا بە باوەشی گەرم چەند هەزار کەس لە بنەماڵە و جەنگاوەرانی پەڕیوەی دوای نسکۆی شۆڕشی بارزان وەرگرێ کە دوای هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی حکوومەتی پاشایەتیی عێراق و پشتیوانیی هێزەکانی بریتانیا ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات. هەر لە شنۆوە تا بۆکان لە شار و گوندەکانی کوردستان جێگیریان بکا و بەو پەڕی دڵئاوڵاییەوە و بە هیمەتی خەڵکی دڵسۆز لەو وەزعە شپرزەیەی هەیان بوو ڕزگاریان بکا و بەپێی ئیمکاناتی ئەو سەردەم دەیانمەزرێنێ و دواتریش ڕاستەوخۆ لە کۆماری کوردستاندا بەشداریان بکا.

بێگومان لوتکەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەلک وەرگرتن لە هەلومەرجی گونجاو و دەرفەتی هەڵکەوتوو، دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. گەرچی ئەو کۆمارە بە پیلانی دوژمنانی تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو، بەڵام بە بۆنەی ئەو ڕەفتار و کارە باش و ناوازانەی کە لە ئەو ماوە کورتەی بوونیدا ئەنجامی داون بۆتە مادەیەکی مێژوویی جێی شانازیی کورد و کوردستانیان.

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماریش جگە لە هێندێک کاری گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی وەک هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەشێوەی ڕەسمی، ئامادەکردنی پێشمەرگەخانە بۆ پەروەردەکردنی هێزی پارێزەری نیشتمان، لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی گرینگی وەک دانانی چاپخانە، بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان و بە ڕۆژانە کردنی مەدرەسەی شەوانەی گەلاوێژ و ڕەسمیەت دان بە خوێندنی زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکان هەڵێنرانەوە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوە بوو کە توانی ئاشتەوایی و برایەتی لەنێو ئەو هەموو عێل و عەشیرەتانە پێک بێنێ کە پێشتر بە دەسیسەی دوژمنانی کورد پێکەوە زۆر ناتەبا بوون و بەنرخی ئەو یەکدڵی و برایەتی و تەبابیە توانی کۆماری کوردستان دامەزرێنێ.

ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی لە ژێرەوە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم کە لە تەمەنی کورتی یازدە مانگەی کۆماریدا بە پێی بەندەکانی بەرنامەی حیزب بەڕێوە چوون. بێگومان ئەگەر هیممەت و ئیرادەی بەڕێوەبەران و ئەندامانی دڵسۆزی حیزب نەبا و باوەڕی قووڵ بە پیادەکردنی ئەو بەرنامە نەبایە لەو ماوە کەمەدا بە ئاکام نەدەگەیشتن.

١- بۆ یەکەم جار بەشدارکردنی ژنان لە کاری کۆمەڵایەتیدا و دامەزراندنی "حیزبی ژنان" یان "یەکیەتی یایانی دێموکرات".
٢- بەرچاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان شار و دێ.
٣- ڕەسمیت پێدانی ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستان .
٤- بەرێکرانی پەنجا تا شەست کەس لە لاوە خوێندەوارەکان بۆ باکۆی پێتەختی ئازەربایجانی سۆڤییەت و تەورێز بۆ خوێندن.
٥- ڕەسمیەت دان بە خوێندنی دەرس بە زمانی کوردی لە هەموو خوێندنگاکان و نووسینی کاروباری ئیداری بە زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار.
٦- بایەخدانی بە کردوە بە مافی کەمایەتییەکانی ڕەگەزی و ئایینی، دانانی مەکتەب و خوێندن بە زمانی خۆیان.
٧- یەک ڕەنگ و یەک فۆرم کردنی جلوبەرگی هەموو قوتابیان لە سەر تێچوی کۆمار.
٨- ئیجباری کردنی خوێندن بۆ هەموو ئەو کچ و کوڕانەی دەگەیشتنە تەمەنی خوێندن.
٩- دانانی کلاسی شەوانە بۆ خوێندنی گەورە ساڵان.

١٠- دانانی فەقیرخانە و کۆکردنەوەی سواڵکەران و بەخێوکردنیان.

١١- دانانی رادیۆی F.M بۆ ئاگادارکردنی خەڵک لە ڕووداوەکان.

١٢- یەکێک لەو کارانەی کۆمار کردی و تا ئەو دەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیچ دەوڵەتێک نەیکردبوو ئەوە بوو کە هەموو ئەو لاو و تازەلاوانەی کە لە بەر بێ ئیمکاناتی و بێکاری و نەداری لە کوچە و کۆڵانان یا لە بازار دەخولانەوە و سواڵیان کۆ دەکردوە، بە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکاندا دابەشی کردن کە وەک منداڵەکانی خۆیان سەیریان بکەن و هەروەک کوڕ و کچانی خۆیان بە خێویان کەن و بیان نێرنە خوێندنگە. هێندێک لەوانە دواتریش درێژەیان بە خوێندن دا و پێگەیشتن.

هەرچەند تەمەنی کۆمار ئەوەندە کورت بوو نەیتوانی هەڵبژاردنی پاڕلەمان بەڕێوە بەرێ، بەڵام بەگوێرەی پێویست لە لایەن دەوڵەتی کوردییەوە بۆ نرخی کەلوپەل پێشگیری لە گرانفرۆشی و زۆر مەسەلەی دیکە بڕیار دەدرا و لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و بڵیندگۆکانی دامەزراو لە مەیدان و شەقامەکانی شار یا بەشێوەی بانگەواز خەڵک لەو بڕیارانە ئاگادار دەکران. هەر بڕیارێکی درابا بە سەرڕاستی بەڕێوە دەچوو.

لە بواری ئاوەدان کردنەوەدا هەنگاوی باش هەڵگیرا، بۆ نموونە شوێنی سینەما سازکردن دیاری کرا و کەرەستەشی بۆ ئامادە کرا، بەڵام فریای سازکردن نەکەوت. یان بۆ نموونە، ئاوەڕۆی شاری سابڵاغ بە درێژایی سێ کیلومیتر زیاتر لە دووسەد ساڵ هەر وا بەسەر ئاواڵەیی مابۆوە لە باشووری شار تا باکوور بە نێوەڕاستی شاردا دەڕۆیشت و بۆگەنیوی بێزارکەر بوو، بە نێوەڕاستی بازری شاریشدا تێدەپەڕی. بەڵام لە ماوەی چەند مانگدا بە خشتی سوور و خەرپشتە و تاق هەموویان داپۆشی و شاریان لەو زەلکاوە ڕزگار کرد و دیمەنێکی تازە لە پاک و خاوێنیان بە شاردا.

لە بواری پزیشکییەوە سەرەڕای ئەوەی شار تەنیا دوکتورێکی بەناوی "وێنەتان" لێ بوو، نەخۆشخانەی شێروخۆرشید تەنیا نەخۆشخانەی شار بوو کە ١٠ تا ١٥ قەرەوێڵەی زیاتر نەبوو، بە دەردی خەڵک ڕادەگەیشتن و دوکتورێکی ئەرتەشی ئێرانیش بە ناو "موبەسیری" کە لە شەڕەکانی سەقزدا بەدیل گیرابوو ئیزنی پێدرا کاری پزشکی بکا و دواتریش چەندین ساڵ لە مەهاباد مایەوە و کاریگەری زۆر باشی لەسەر ئەم بابەتەوە هەبوو.

دوای کۆماریش کە حیزب هاتەوە سەر پێ و تێکۆشانی دەست پێکردەوە، ڕێبەرانی کاتی و ئەندامانی حیزب زۆر جار ڕێنوێنی و هاوکاریی خەڵکیان دەکرد. حیزب لە نێو خەڵکدا وا جێگای خۆی کردبۆوە کە لە کاندیدای حیزب لە مەهاباد بۆ پەرلەمانی دەورەی ١٦ ، شادڕەوان "سارم خانی سادق وەزیری" دەنگی یەکەمی هێناوە. بەڵام سەڵاحییەتی لە لایەن حکوومەتەوە ڕەد کرایەوە و کەسێکیان لە جێگای نارده پاڕلەمان کە خەڵک نە دیبوویان و نە دەیانناسی.

هەروەها جوتیارانی بەشێک لە ناوچەکانی مەهاباد و بەتایبەتی بۆکان کە ساڵی ٣١ لە بەرامبەر دەرەبەگە ستەمکارەکاندا ڕاوەستان و ڕاپەڕین، حیزب هاوکاریان بوو. دواتریش کە هێزی ژاندارم و سوپای ڕێژیم سەرکوتیان کردن زۆر لەوانە لە لایەن مالیکەکانەوە لە گوندەکانیان دەرکران و هێندیکیان ماڵیشیان تاڵان کرا. بەڵام حیزبی دێموکرات بە ئەرکی خۆی زانی بە دەنگیانەوە چوو، ئەو غەدرەی لێیان کرابوو لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی تارانەوە لە قاو دا و بە خەرجی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابین کردن تا خەریکی درێژەدان بە کەسب و کار و فەلاحەتی خۆیان بن.

هەر لە شاری مەهاباد و لە بەهاری ١٣٣٢ لە لای باشووری مەهابادەوە سێڵاوێکی سامناک هات و بەشێکی زۆر لە ماڵەکانی دوو گەرەکی "خڕێ" و "هەرمەنیان" پڕ ببوون لە ئاو و زیانی زۆریان پێ گەیشت. بەڵام بە هیممەتی ئەندامانی حیزب و لاوانی دێموکرات هەر بە کەرەسەی سەرەتایی ئاوی ماڵەکانیان بەتاڵ کرد. لە بەهاری ١٣٤٧ کە سێڵاو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد هەستا و بەشێک لە ماڵەکانی سەر ڕێگەی خۆی داگرت، بەکردەوە هەر ئەندام و لاوەکانی حیزب لە مەیدانی هاریکاریدا بوون و کاربەدەستانی حکوومەت چاولێکەر بوون.

لە شۆڕشی هەژدە مانگەی ٤٧ - ٤٦ یش هەرچەند بەڕواڵەت دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەسەڵاتی تەواویان هەبوو، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانەی پێشمەرگە هاتوچووی دەکردن گرفتە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەکانی خۆیان دەبردە لای بەرپەرسان و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەم تا چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و ڕێگە حەللی موشکلەکانیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی لە دوای کۆمارەوە هیچکات خۆشییان لە خۆیان نەدی و ئەندام و لایەنگرانی بەشیان زیندان و دەربەدەری بوو، چەند جار بە کۆمەڵ گیراون، هێندێک لەوان ئێعدام کراون یا بە دەیان ساڵ لە بەندیخانەکاندا مانەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و لە خەبات نەوەستاون.

هەر ئەندامانی حیزب بوون کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ یەکەم خۆپیشاندانیان لە سێ ڕۆژەی فەوتی هاوڕێ عەزیز یووسفی لە شاری مەهاباد وەڕێ خست و بەدوای ئەودا جەماعەتێکی ٤٠ کەسی گیران. بەڵام زۆر زوو ئەو خۆپیشاندانە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە و دەنگی خۆیان بە دژی ڕێژیم تێکەڵاو بە دەنگی گەلانی دیکەی ئێران کرد.

دەتوانم بڵێم ئەندامانی حیزبی دێموکرات یەکەم بەدیهێنەری شوڕای خەڵکی لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شار و دێ بوون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە هێندێک شاری وەک مەهاباد و بۆکان بۆ یارمەتیدانی ئەو پەنابەرانە کە لە ئاکامی شەڕ پێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی نەغەدە و سەقز ئاوارە بوون کۆمیتەی هیمدادی پێک هێنابوو تا بتوانێ جێگە و ڕێگایان بۆ دیاری بکا و بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی خەڵک بە کەم و کورتیش بێ ئیمکاناتی ژیانیان بۆ پەیدا کردن و پێیان ڕاگەیشتن.

لەو هەلومەرجە سەختەشدا حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی خۆبەخشانە کلاسیان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دانا. هەرچەند نیگەرانی شەڕ پێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی بە کورد لە گۆڕێدا بوو، بەڵام بە هاوکاریی مامۆستا هێمن، مامۆستا حەسەن قەزڵجی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و چەند کەس لە فەرهەنگییانی مەهابادی وەک حەسەن سنجانی و ئەحمەد کاکە مەمی هەوڵ درا کتێبی دەرسی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامادە بکەن.

دوای دامەزراندنی حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان هێندێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکانی شنۆ، پیرانشار و سندووس خەریک بوون دەببە بەو جوتیارانە بکەن کە لە دابەشکردنی زەمانی شادا پارچە زەوییەکیان وەدەست کەوتبوو و لێیان بستێننەوە. حیزبی دێموکرات نوێنەری ئەو جوتیارانەی بانگ کردە مەهاباد بۆ ئەوەی داواکاریی خۆیان بە حکوومەت و خومەینی بگەیەنن و نەهێڵێ غەدریان لێ بکرێ و بەڕێیان کردن بۆ تاران. بە فەرمانی حیزب، نووسەری ئەو دێرانە کە لەو کاتدا هەم بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە تاران و هەم بەرپرسی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتووی تاران بووم کە تازە پێکمان هێنابوو، ئەو نوێنەرانەم لە پێشدا برد بۆ لای سەرۆکی حکوومەت و هەم بردمن بۆ قوم بۆ لای خومەینی کە قەولیان پێدان پێش لە دەستدرێژیی دەرەبەگەکان بگرن و نەهێڵن زەوییەکانیان زەوت کەنەوە.

هەر ئەو خزمەتە کۆمەڵایەتیانە و سیاسەتی دروستی حیزب بوونە هۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێر و کاندیدای حیزب بە دەنگی پێویست لە ورمێ سەرکەوێ. دواتریش لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی پارلمان لە کۆماری ئیسلامیشدا کە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کاندیداکانی حیزب سەرکەوتوو بوون و لە زۆربەی شارەکان هەڵبژێردران؛ کە دیارە نەگەیشتنە مەجلیس.

یا لە شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاوی سێ مانگەدا دێهاتی کوردستان ببێتە پشت و پەنای پێشمەرگە و حیزب و بە هاوکاریی خەڵک و فیداکاری پێشمەرگە توانی پاشەکشە بە خومەینی بکا و بە درۆ داوای وتوویژ بکا. (هەرچەند قەولەکانیان نەبردە سەر و بە دوای وەخت دا دەگەڕا تا ئەرتەش ڕازی بکا هاوکاریی بکا و خۆشیان تەیارتر کەن). بۆ ماوەی چەند مانگ شەڕ ڕاگیرا و خومەینی هەئیەتێکی بێ دەسەڵاتی بۆ وتوویژ نارده مەهاباد. لە داخوازییەکی ٢٦ مادەییدا

ئاکامی ئەم وتووێژانە نێردرا بۆ سەروک کۆمار (بەنی سەدر) و خومەینی، بەڵام قبووڵی نەکرد.

هەرچەند حیزبی دێموکرات دواتر بەو مەبەستەی کە نییەت پاکیی خۆی لەم وتووێژانەدا بسەلمێنێ، کۆی ئەو ٢٦ مادەیەی لە شەش مادەدا گونجاند و بۆی ناردن. بەڵام دیسانیش ئاکامی نەبوو، چونکە خومەینی شەڕی بە نیعمەت دەزانی. بۆیە جارێکی دی بە ئیمکاناتی نوێ و ڕازیکردنی ئەرتەش بۆ هاوکاریی سپای پاسداران و شەڕکردن دەگەڵ کورد بە ئاشکرا شەڕی بە کورد فرۆشتەوە و بە هەموو هێزیەوە لە چەند لاوە هێرشی کردە سەر کوردستان.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوردستان نەک هەر خۆی خەریکی دێموکراتیزەکردنی کوردستان بوو، بەڵکوو ببوو بە پەناگای هەموو ئەو هێزانەی لە دەست خومەینی تاران و باقی شوێنەکانی وڵاتیان بەجێ هێشتبوو.

بە دوای ئەو هێرشەدا گەمارۆی هەمەلایانە خرایە سەر کوردستان. ژیان لە شار و دێ یەکجار سەخت بوو لە هەلومەرجێکی وەهادا کە دەفتەری سیاسی نەیدەویست بۆ پێشگیری لە کوشتار و وێرانی شارەکان بڕیاری دابوو لە شاردا شەڕ نەکا، لە شار دوور کەوتبوونەوە، لە پێشدا لە ئەشکەوتانی دۆڵی شێخان لە مەنگوڕایەتی و دواتر لە گوندی شیوەجۆی گەورکایەتی سەردەشت نیشتەجێ ببوون.

هەر لە دۆڵی شێخان بیرۆکەی دانانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" هاتە ئاراوە و بەزەحمەتی زۆری ڕەوانشادان؛ ئەندازیار خەیاتی، کاک خەلیل گادانی و سەید ڕەسووڵی دەهقان لە ڕۆژی ٢٧ - ٣ - ١٣٥٩ ئامادە کرا و بە پەیامی شەهید دوکتور قاسملوو دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر کاروباری حیزب و ورەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەبوو. ئەوە ماوەی چل ساڵە سەرەڕای سەدان کەند و کۆسپی سەر ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بەردەوامە.

لەوهەلومەرجەدا زۆرجار خەڵک بۆ گازندە و گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە حیزب دەکرد. زۆرکەس لە شار و دێ دەهاتن و زۆربەشیان ڕوویان لە سکرتێری حیزب بوو، حەزیان دەکرد دوکتور قاسملوو ببینن. وای لێ هات لە بەر دیتنی خەڵک و وڵامدانەوەیان بەڕێوە بردنی ئەرکەی خۆی بۆ بەزەحمەت بوو.

لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی بیر لەوە کراوە ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە کە بتوانین وەڵامدەری داواکاری خەڵک بین و ئەو زەحمەتە لە سەر شانی دوکتور هەڵگرین. دوای کۆنگرەی پێنج لە سەر پێشنیاری نووسەری ئەم دێڕانە، دەفتەری سیاسی

بڕیاری دا حیزب کۆمیسیۆنێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە پێک بێنێ.

شەهید دوکتور قاسملوو عادەتێکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو هەر کەس پێشنیاری بۆ کارێک کردبا و بە دڵی با، دەگەڵ پەسندکردنی پێشنیارەکە دەیفەرموو: "زۆر باشە و بۆخۆشت بەرپرسیارەتییەکەی وەئەستۆ بگرە".

هەر لەوکاتەوە من کە لە شەڕی سێ مانگە ڕا هەتا دوای کۆنگرەی پێنج بەرپرسی ڕێکخستنی گشتیی حیزب بووم، ڕاسپێردرام ئەو کۆمیسیۆنە پێک بێنم. هەرچەند لەپێشدا هێندێک ئۆرگانی وەک نەخۆشخانە و دەرمانگا و تاق و لۆق مەدرەسە و بەندیخانە هەبوون، بەڵام بە سیستم نەکرابوون و زیاتر بە سەلیقەی شەخسی کارەکان دەکرا. نووسەری ئەو دێڕانە لە ماوەیەکی کەمدا گەڵاڵەی چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمیسیۆنەی ئامادە کرد کە پاش تێڕوانینی پێویست پەسند کرا.

ئەو کۆمیسیۆنە بەپێی گەڵاڵە و ئاییننامە لە حەوت بەش پێک هاتبوو کە بریتی بوون لە:

١- کۆڕی پەروردە و فێرکردن
٢- قەزایی
٣- شەهیدان
٤- دەرمانی
٥- بەشی شووراکان
٦- زەوی و زار
٧- ڕێگەوبان.

لە ماوەی یەک - دوو مانگ دا بۆ هەرکام لەو بەشانە سمیناری بەرین بە بەشداریی کەسایەتیی پسپۆر و زانستی و بەئەزموون پێکهاتن و بیر و ڕایان لە بەرچاو دەگیرا و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی یاساکانی پێشووی حکوومەتی و نەریتە باشەکانی کوردەواری و هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان بە تایبەتی بەشە ڕزگارکراوەکەی گەڵاڵەیەک ئامادەکراو بە دوای پەسندکردنی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بە کردەوە پیادە کرا.

دیارە لە بنەڕەت ڕا ئەوانە هیچکام کاری حیزب نەبوون، بەڵام لە لایەک هەڵوێستی نابەرپرسانە و دوژمنکارانەی ڕێژیم و

بە تایبەتی شەڕ پێفرۆشتن و گەمارۆ هەمەلایانەکانی، لە لایەکی دیکەوە فیداکاری و ئامادەیی ئەو خەڵکە بێبەش کراوە لە هەموو مافەکانی، ئەوەی دەخواست کە حیزب گرفتەکانیان پاشگوێ نەخا، دەبوو لە لایەک بە هێزی پێشمەرگە تا ئەو جێگایەی دەتوانێ بەرەنگاری دوژمن بێتەوە و نیشتمان بپارێزێ و لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە بە دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە بە هانایانەوە بچێ.

گەلاڵە پەسندکراوەکانی هەرکام لەو حەوت بەشە ئەوەندە عادلانە دارێژرابوون و پیادەکران کە زۆر جێگەی ڕەزامەندیی خەڵک بوون و ئەوەی کراوە لە زۆر شوێن ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە و بۆ بەرژوەندی جەماور کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

پێویستە وەبیر خوێنەرانی بەرێزی بێنمەوە کە لە زۆربەی کۆمیتە شارستانەکان کەس و بەشی تایبەت دیاری دەکران کە وەک بەشێک لە کۆمیسیۆن ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن.

بۆ ئەوەی بەپێچەوانەی گەمارۆی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی و خۆدزینەوەی لە دانی بودجەی دیاریکراوی ئەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراو و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست کارەکان هەرچی باشتر بەڕێوە بچن، بۆ هەر کام لەو بەشانەی باس کران دەورەی تایبەت لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ ئامادەکردنی کادری لێزان دادەندرا و تێکۆشەرانی بە ئیمان بە تایبەت لاوە دڵپاک و دەرسخوێن و کورد پەروەرەکانی کوردستان بە هەستی خاوێن و لێهاتوویی و ئیمانی پتەوی کوردایەتی لە هەموو بوارەکاندا پاش تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دەورە ئەرکی پێ سپێردراوی خۆیان بەڕێوەبرد.

بۆ وێنە لە ماوەی یەکساڵدا لە بەشی هەرە زۆری کوردستانی ئازاد شوراکانی خەڵکی بەشێوەیەکی دێموکراتیک دامەزران و کارەکانیان ڕادەپەڕاند.

زیاتر لە ٧٠٠ مامۆستا بۆ دەرس گوتنەوەی زمانی کوردی و باقی دەرسەکان بۆ پێڕاگەیشتنی نیزیکەی ١٠ - ١٢ هەزار قوتابی بە تایبەت لە گوندەکان پەروردە کران. ئەوەندەی من لەبیرمە هەر لە ماوەی ئەو سێ چوار ساڵەدا ئەو کتێبانە بە کوردی ئامادە و چاپکراون، مامۆستا و قوتابی کەڵکیان لێ وەردەگرتن:

١- خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەک

٢- ئەژمێری یەک

٣- زانستی ئەزموون

٤- ئەژمێری دوو

٥- ژیان و خەبات بۆ گەورە ساڵان

٦- وەرگێرانی علوومی فارسی بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی لە فارسیەوە بە کوردی

٧- چاپ کردنی کورتەی زانستی.

هەر لەو ماوەدا دەیان کادری دەرمانی لە ژێر دەستی دوکتورە کوردەکان و دوکتور و پەرستارەکانی دوو ڕێکخراوی A.M.i و ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور بۆ پێراگەیشتن بە کاروباری دوو - سێ نەخۆشخانە و نیزیکەی ٢٠ دەرمانگای شۆڕش لە ناوچە ئازاد کراوەکان - ئەو بەشە بێجگە لە عەمەلیاتی پێشمەرگە بریندارەکان و بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکان جێگەی هیوا و ئومێدی خەڵک بوون. چوونکە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە خزمەت خەڵکدا بوون. پێموانییە خەڵکی ناوچەکان هیچکات خزمەتەکانی نەخۆشخانەی حیزب لە بەیرەم، قالوێ، سوێناس، کانیزەرد، دەشتێ، کارێزە، بۆڵێ و کۆیە و شوێنەکانی دیکە لە بیر بەرنەوە.

هەروەها بۆ بەشی قەزایی جگە لە پەسندکردنی یاسای سزادانی گشتی، دەیان کادری قەزایی خاوەن بەرپرسایەتی لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی پسپۆڕدا پەروردە دەکران. بێجگە لە پێراگەیشتن بە پەروەندەی چەند هەزار دیلی شەڕی ڕێژیم لەو ماوەیەدا و ئازادکردنی بەشی هەرە زۆریان؛ کە دەردەکەوت بە چاو بەستراویی و بێ خەبەری فریوی ڕێژیمیان خواردبوو و هاتبوونە شەڕی کورد.

پێوەندیی مرۆڤانە و جوانمێرانەی بەرپرسانی بەندیخانە لەگەڵ بەندییەکان بە شێوەیەک بوو کە بە هیچ جۆر لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەرئاوەرد ناکرێ. لە بەندیخانەدا جگە لە ڕوونکردنەوەی بەندییەکان لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی و ئاخوندە خوێنرێژەکان و ئامۆژگاری پێویست، کلاسی کوردی و فارسی و ئینگلیزییان بۆ دادەندرا و ڕۆحی هاوکارییان تێدا بەهێز دەکرا. زۆربوون ئەو بەندییانەی دوای ئازاد بوون دەهاتنە ڕیزی حیزب و دەبوونە پێشمەرگە. هێندێک لەوان گیانبازیشیان کردو شەهید بوون. خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە ناوەندە قەزایی و نوێنەرانی لە کۆمیتەی شارستانەکان دەکرد. قانوونی سزادانی گشتی بۆ خزمەت بە خەڵک و ژینگە دامەزرا بوو. بڕینی دار و لێڕەوار، ژن هەڵگرتن، گەورە بە چووکە بەمێرددان، بەرخوێندانی کچ بۆ برا، بەرتیل وەرگرتن هەموو ئەو نەریتە کۆن و خراپانەی کوردەواریی قەدەغە کرابوو، هەر تاوانێک سزای خۆی بۆ دیاری کرابوو. ئەو بەشەش خزمەتێکی باشی بە کۆمەڵگە بەگشتی و ژنی غەدرلێکراوی کورد بە تایبەتی کرد.

کێشەی زەوی و زار کە لە سەرەتای شۆڕشدا وەزعێکی نالەباری پەیدا کردبوو، هەر ئاغا بوو لە ڕەعیت ڕۆدەهات و هێزە چەپڕەوەکانیش دواتر بە کەیفی خۆیان و بێ بەرنامە دەستیان لەو مەسەلەیە وەردەدا و بە گوریسان زەوییان لە یەکێ دەستاند و دەیاندا بە یەکی تر و ئاڵۆزیی لەسەر ساز دەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای موتالا و لێکدانەوەی بۆچوونی ئەرباب و ڕەعیت و کەسانی پسپۆڕی ئەو بابەتە بە پێی هەڵسەنگاندنی وەزعیەتی تایبەتیی کوردستان بەرنامەی پێویستی بۆ ئەو ئەرکە دارشت و خستیە نێو چوارچێوەیەکی ئوسوولی و بە پێی وەزعییەتی هەر ناوچەیەک زەوی و زاری زیاتر لە حەدی نیسابی بەشێوەیەکی عادڵانە بە نێو قەرە و جووتیاراندا بەش کرد. لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران هێکتار زەوی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا دابەش کرا. هێندێک جار مالک بۆخۆی داوای دەکرد با کوڕەکانی حیزب بێن لە گوندەکەی ئەوانیش ئەو کارە بکەن. ڕەنگە زۆر سەیر بێ لە تەواوی ئەو دابەشکردنەی زەویدا دوو سکاڵا بە کۆمیسیۆنی زەوی و زار و قەزایی گەیشت کە یەکێکیان بە قازانجی خاوەن مڵک و یەکێکیان بە سودی جوتیار یا قەرەیەک حوکمیان لەسەر درا.

بەشی ڕێگەوبان بە سەدان کیلۆمێتر ڕێگای خاکی لەو ناوچە شاخاویانەدا بۆ هاسان کردنی هاتووچۆی گوندیەکان لە ناوچە ئازاد کراوەکان لێدا. هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند پردی گرینگ دروست کران یا چاک کرانەوە بۆ نموونە پردی قەڵاتاسیان لە ناوچەی سەردەشت. ئەو پردە زیاتر لە ١٠٠ ساڵی تەمەن بوو، بەڵام سەرەکەی چەپەر بوو. نە لە زەمانی قاجار و نە لە زەمانی پەهلەویدا و نە لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەستکاری نەکرا. بەشی ڕێگەوبانی حیزبی دێموکرات بە هیممەتی خەڵک چەپەری کردە چۆمەنتۆ.

بۆ شەهیدانیش هەواڵی شەهید بوونیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕادەگەیەندرا، ژیانامەیان ئامادە دەکرا. تا کەم بوون ساڵ بە ساڵ لە ڕادیۆ یادیان دەکرایەوە. هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی وێنەکانیان دەدرا. جارجار پیشانگای وێنەشیان دادەندرا.

یەکەم پیشانگا بەر لە شەڕی سێ مانگە لەلایەن لقی حیزب لە تاران لە شوێنێکی هەڵکەوتوو لە مەیدانی کەندی بە ٥٠ تا ٦٠ وێنەی شەهیدانی زەمانی کۆمار و شەهیدانی شۆڕشی ٤٧ - ٤٦ دانرا و لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار کەس هاتنە تەماشا و دوایە هەر ئەو وێنانە بۆ شارەکانی مەهاباد، بۆکان و کرماشان گوێزرانەوە و نوێنگەیان پێدانرا و پێشوازیی گەرمی لێکرا.

تا شەهیدەکان کەم بوون و لە ڕۆژهەڵات بووین بەگوێرەی ئیمکان یارمەتییەکی ڕەمزی بە بنەماڵەی شەهیدەکان دەدرا. لە

کوردستانی باشووریش بۆ ماوەیەک ئەو بنەماڵانەی بۆ سەردان دەهاتن ئەو یارمەتییە ڕەمزییەیان دەدرایە.

یەکەم کتێبی شەهیدانیش لە ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) لە ٤٦٣ لاپەڕەدا بە وێنەی هەزاران شەهید بە ناوی "شەهیدانی نەمری حیزب و گەل" چاپ و بڵاوکرایەوە کە تا ئەوکات هیچ حیزبێکی کوردستانی کاری ئاوایان بۆ شەهیدەکانیان نەکردبوو.


هەموو ئەو حەوت بەشەی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە لایەن بەشی نوێنەرانی کۆمیسیۆن لە کۆمیتە شارەستانەکان ڕاپۆرتی تێکۆشانی مانگانەی خۆیان دەناردەوە ناوەندی کۆمیسیۆن تا ڕادەی چوونە پێشی کارەکانیان دیار بێ و هۆی جێبەجێ نەبوونی بەشەکەی دیکەش دیاریی بکرێ و ڕێگە چارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

دەتوانین بڵێین دوای کۆمارە ساواکەی کوردستان ئەوە مەیدانێکی کردەوەی دەوڵەتداری بوو کە بە سەر حیزبدا سەپێندرا بوو، بەڵام سەرەڕای کەمی ئیمکانات و نەبوونی پارەی پێویست ئەرکەکان بەباشی و ڕێژەیی بەڕێوە چوون و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی گەمارۆدراوی کوردستان بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

## د. مەحموود عوسمان: حیزبی دێموکرات ڕووسوورە لە مێژووی کورددا و بۆ ئەم ڕووسوورییەش نرخی زۆری داوە




ئەوساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ. مێژووی نزیک بە هەشت دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات لە حاڵێکدایە کە ئەم حیزبە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا لە خەباتێکی بەردەوامدایە و سەرکردایەتییەکەی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتە. حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی شارەزایانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردەوە یەکێک لەو حیزبانەیە کە لە بەردەم بارەگای نەتەوەکەی خۆیدا بە حیزبێکی ڕووسوور و سەربڵند ناسراوە. هۆکارەکانی ئەو سەربڵندیە چیە و کاریگەریی دێموکرات لە سەر بزووتنەوەی کورد چییە؟ دوکتۆر مەحموود عوسمان کەسایەتیی سیاسی کورد لە وتووێژێکی تایبەتی و لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جوابی ئەو پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دیکە دەداتەوە.

**کاک دوکتور سەرەتا زۆر سپاس بۆ بەشداریت لەم وتووێژە**

**زۆر سپاس**

**پرسیار**: با لە پێشدا باسی ئەوە بکەین کە سەرەتای ناسینی جەنابەت لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ئەم حیزبە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: پێشەکی بەخێر بێن. بێگومان یادێکی پیرۆزە و ئێمەش بە قسە کردن بەشداریی تێدا دەکەین، من هەر لەسەرەتای

کاری سیاسیمەوە ناسیومن، حیزبی دێموکرات ئەوەندەی بیرم بێتەوە ساڵی پەنجاکان کە ئێمە ئەوکات قوتابی بووین، لە زانکۆی پزیشکی لە کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا ئەو وەختە دوکتور قاسملووم دیوە، کە هات لەوێوە بە نهێنی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ڕەتیان کردبوو چووبوو بۆ پراگ، لەو وەختەوە من ئەوم ناسیوە. پێش ئەوەش لەوکاتە ناسیاویی دیکەمان لەسەر حیزبی دێموکرات هەبوو، چۆنکە هێندێکیان بەنهێنی لە بەغدا بوون و لە شوێنی دیکە کاریان دەکرد. لە دەرەوەش لە شەستەکانەوە کە هاتوچۆی دەرەوەم کردوە وەکوو نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول و مەلا مستەفا بارزانی دایمە لە پاریس و بە تایبەتی لە شوێنی دیکە، برایانی حیزبی دێموکراتمان دەدی، لەبەر ئەوە لە کۆنەوە تێکەڵاویان بووم، بەڵام چونکە هەموو ئیشەکان ئیی ئێمەش و ئیی ئەوانیش نهێنی بووە زۆر دەرنەکەوتوە، بەڵام ئاگادار بووین لە خەبات و لە تێکۆشان و لەوەی کە کردوویانە یان ئەیان کرد.

**پرسیار**: کاک دوکتور کاریگەریی حیزبی دێموکرات وەکوو یەکەم حیزبی مودێڕنی کورد لە سەر بزووتنەوەی کوردستان بەگشتی چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکرات بێگومان حیزبێکی کۆنە، لە حیزبەکانی دیکەش کۆنترە، یانی لە چل و پەنجاوە کە دامەزراوە و پێش ئەوەش چەند ساڵێش ژکاف بووە، ڕەبتیان پێکەوە هەیە. دامەزراندنیشی لە مەهاباد بووە، کۆماری کوردستانیش کە ناسراوە شەخسێکی وەکوو پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکی بووە، ئەوانە هەمووی کاریگەریی هەیە. حیزبی دێموکرات زۆر ناسراوە و ناسینێکی تەواوی هەیە و کۆنە و زیاتر لە حیزبەکانی دیکە. بێگومان لە کۆنەوە خەباتی کردوە بەڵام ئەوەی من بیزانم حیزبی دێموکرات، یەکێک لەو حیزبانە بووە کە زەرەری نەبووە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، حیزبەکانی تر زۆر جار زەرەریان لە خۆیان و لە بزووتنەوەکە داوە، حیزبی دێموکرات لەو شتانە کەمتر زەرەری هەبووە. خەباتی کردوە بۆ وڵاتی خۆی و ئەوەی توانیبێتی هەوڵی بۆ داوە. هەوڵی داوە بۆ دێموکراسی لە ئێران، و لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکانیش هاوکاری کردوە و هاوکاتیش بۆ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

لە دەرەوەش هەوڵی لۆبیی داوە و لەگەڵ ئەم وڵات و ئەو وڵات و سەرکردەکانیان کە هێندێکیان زۆر ناسراو بوون. لەو بوارەدا کەسانی ناسراو وەکوو دوکتور قاسملوو دوکتور سەعید ئەوەیکە لەوانە گرینگترە بە ڕەئی من و لە زۆر شوێنیش باسیشم کردوە شێوازی هەڵسووکەوتی دێموکرات لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوو، ئەوکاتە ئێمە لە بەر سنوورەکە پێوەندیمان لە گەڵ ئێران هەبوو و ئەوانیش لەگەڵ عێراق بەڵام هیچ وەختێک شتێکیان لەگەڵ حکوومەتی سەدام و عێراق نەکردوە کە زەرەری بۆ کوردی عێراق هەبێ. ئەوە زۆر موهیمە، بیرم دێتەوە دوکتور قاسملوو بەڕەحمەت بێ زۆر ئەهات و ئەچوو دەیانەویست لە بەغدا تەرتیبی چاوپێکەوتنێکی بۆ بکەن لەگەڵ سەدام، چەند جارێک خۆی لێ دزیەوە، نەیدەویست

تێکەڵاو بێ و ئەیوت من ئەگەر سەددام ببینم لە تلویزیون دەرئەچێ و ئەویش ئەیهەوێ مەدحی بکەین، منیش ناتوانم ئەوە بکەم. کەم هەیە سەرکردەی کورد بەوشێوەیە فکر بکاتەوە، ئەو دەیتوانی زیاتر کەڵک وەربگرێ، دەیانتوانی چەک وەربگرن، پارە وەرگرن بەڵام قەت نەیانویست بچنە ئەو خانەیە کە بە زەرەری کوردی عێراق بێ، ئەوە شتێکی گرینگە بە قەناعەتی من لەبەر ئەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و لە گەڵ سەددام کەم بوو بچووک ببوو، دەسکەوتی کەم بوو، بەڵام گوێیان نەئەدایە. ئەوە کارێکی نیشتمانپەروەرانە و باشە.

**پرسیار**: کاک دوکتور ئەم شێوە سیاسەتەی حیزبی دێموکرات بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ هێندێک کەس دەڵێن ئەمە پابەندی حیزبی دێموکراتە بە ڕەچاو کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا.

**وەڵام**: من وای ئەبینم ئەوان نەیانویستوە دەسکەوتێکیان هەبێ لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی تر. خۆتان ئەزانن بمانهەوێ و نەمانهەوێ جوغرافیا وای کردوە کوردی عێراق دەبێ پەیوەندی بە ئێران و تورکیە هەبێ، کوردی ئێران لەگەڵ عێراقی هەبێ و ئەویتر لەگەڵ ئەوەیتر، جوغرافیاکەمان وایە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە دەبێ بە شێوەیەک بێ لەسەر حیسابی کوردی ئەو پارچەیە نەبێ. ئێستا ئێمە پەیوەندی بە ئێرانەوە دەکەین نابی لەسەر حیسابی کوردی ئێران بێ و زەرەر بە کوردی ئێران بگەیەنین و تورکیەش عەینی شت. ئەوان (حیزبی دێموکرات) ڕەچاوی ئەوەیان کردوە و توانیویانە لەو پەیوەندییە کە هەیانە ئەو باڵانسە ڕابگرن. ئەوە گرینگە، حیزبی تر هەبوو لە کوردستانی عێراق ئەو باڵانسەیان ڕانەگرتوە، نەیانتوانیوە ڕاییگرن، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو کارەی حیزبی دێموکرات یەکێکە لە خاڵە گرینگەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی ئەو حیزبە، ئەوەش لە خەباتدا جێگای تەقدیرە.

**پرسیار**: کاک دوکتور جەنابت هەم باسی کاک دوکتور قاسملووت کرد، هەم باسی حیزبی دێموکرات کە ڕەچاوی دۆخی خەباتی لە پارەچەکانیتر کردوە، بەڵام حیزبەکانی دیکە ئەوەیان نەکردووە، چەند جاریش دیومە لە وتووێژەکانتدا ڕەخنەی ئەوەت گرتوە کە بۆچی ڕێگا دەدەن جەعفەر سەحراروودی کە دوکتۆر قاسملووی تیرۆر کردوە بێتە هەرێمی کوردستان.

**وەڵام**: بەڵێ من بەردەوام باسم کردوە، ئێستاش باسی دەکەم ئەڵێم بکوژی دوکتور قاسملوو کە ناوی جەعفەری سەحرارووديە بۆ ڕێگای پێ ئەدەن بێتە هەرێمی کوردستان، ڕەفسەنجانییش کە ئەوکات سەرکۆمار بوو یەکێک لە تاوانبارانە، لە دادگای میکۆنووسدا کە تایبەت بە تیرۆرکرانی دوکتور سەعید بوو هەمووی دەرچووە. لە کەیسی دوکتور قاسملوودا دایانخست، نەیانهێشت لە دادگا بیکەنەوە. هەمیشە و لە هەموو شوێنێک باسم کردوە، خەڵکیش هەیە لێمان

عاجز بووە بەڵام من بە ئەرکی ئەزانم هەمیشە باسی بکەم، کابرایەک هاتوە ڕێبەرێکی نەتەوەیی شەهید کردوە لە ژووری موزاکرە، لە ژووری دانیشتن، چۆن تۆ ئەبێ ببینی و پێشوازیی لێ بکەی؟ ئێران بۆ ئیهانەی کورد کردوویەتی بە لێپرساو بۆ پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکانی باشووری کوردستان، بە دۆستانی خۆمانم وتوە هیچ نەبێ ئەوە قەبووڵ نەکەن، ئێوە دەڵێن ئێران داینەوە، دەتوانن پێیان بڵێن یەکێکی تر دابنێن، ئەم کابرایە چییە دێت و ئەچێ؟ لەبەر ئەوە من هەمیشە باسم کردوە وەکوو واجیبێک و حەقی خۆشێتی کە هیچ وەختێک ئینسان ئەوەی لەبیر نەچێ و هەمیشە داوای دادگایی ئەوانە بکا، ئەوانەی کە بکوژن و ئەوانە کە بەرپرسی ئەو تیرۆرانە بوون، بە تایبەتی لە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو لە ژووری موزاکرە. تۆ دەبێ داوای موحاکمەی ئەوانە بکەی نەک بیهێنی پێشوازیی لێ بکەی، هەمیشە ئەوەم وتوە و بە ئەرکی دەزانم کە باسی بکەم.

**پرسیار**: دوکتۆر جەنابەت شارەزای مێژوویی بزووتنەوەی کوردی ئاگاداری کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەم هەموو خەبات و تێکۆشانە دەیان ئەندامی ڕێبەریی شەهید و تیرۆر کراون بە هەزاران ئەندام و پێشمەرگەی شەهید کراون، بەڵام هەر کۆڵی نەداوە و وەک خۆت باست کرد یەکێک لە حیزبە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستانە، ڕەمزی کۆڵنەدان و بەردەوامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چیدایە؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکرات لەچاو حیزبەکانی تر ناخۆشیی زۆری دیوە، زۆر کێشەی دیوە، چونکە لەبەرامبەر ڕێژیمێک کاری کردوە کە خوێنڕێژ بووە، فێلباز بووە، بەرانبەرەکەی هەمووی فێڵ و غەدر و ئەو شتانە بووە، ئێستا ئێمە لە عێراق ئەو هەموو خەباتەمان کردوە لەگەڵ ئەوەی کە عێراقیش لەگەڵ ئێمە خراپەی زۆر کردوە، بەڵام ئێران هەمووی بە غەدر لە بەین بردوە، قازی محەممەد و جەماعەتەکەی بە غەدر، دوکتور سەعید بە غەدر، قاسملوو بەغەدر، سمکۆ بە غەدر، ئێران هەموو ئەوانەی بە غەدر کوشتوە، زەمانی شا و زەمانی ئەمانەش عینی شتە بگرە ئەمانە خراپتریشن. ئێستا بەرامبەری ئێمە ڕێژێمی سەدام ڕەنگە کوشتاری زیاتر کردبێ، ئەنفالی کردوە، کیمیایی کردووین، وێرانکاری کردوە زۆر زیاتر لە ئێرانی کردوە بەڵام بەو غەدر و فرۆفێڵەی ئێرانییەکان ئەمان نەیانکردوە. لەبەر ئەوە بە ڕای من دێموکرات زۆربەی سەرکردەکانی لە کیس داوە، سەرکردەکانی موهیم بوون خۆت دەزانی سەرکردەی مێژوویی بوون، وەختێ شەهید دەکرێن کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی کورد هەیە، تا چ بگا بە لەسەر حیزبەکە، بەڵام دیسانیش ماون و لەسەر خەتی خۆیان ڕۆیشتوون و خەباتیان کردوە. تەنها شتێک کە من گلەیم لێی هەیە و ڕەخنەم لێی هەیە ئەوەیە کە لێک جیا بوونەتەوە و دوو بەشن. دەبێ ببنەوە بە یەک. ئێستاش ئومێدوارم هەتا زووترە لەم زرووفە ناخۆشەی دنیا کە هەیە کە کورد ڕۆژ بە ڕۆژ پەراوێز ئەخرێ یەک بگرنەوە، دەبێ بە یەکەوە ئەگەر شتێکیان پێی ئەکرێ بیکەن، ئەگەرنا درێژەی خەبات و تێکۆشانیان کە هەر هەیە. لێک جیابوونەوە و یەکنەگرتنەوەیان خاڵی لاوازی ئەوانە بەڕاستی.

**پرسیار**: کاک دوکتور وەک فەرمووت حیزبی دێموکرات ئامادە بوو لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییدا زەرەر لە خۆی بدا، هاوکات دەستێوەردانی لە کاروباری سیاسی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەکردوە، لە ڕۆژی ئیمڕۆدا وەک باس دەکرێ، ئەوە هەم زەروورەتێکی حەیاتییە وهەم بەداخەوە هێندێک لایەن وەک جەنابەت فەرمووت ڕەنگە نەیپارێزن و دەستێوەردان لە سیاسەتی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکەن. هاوکات نووسەرێکی بە ناوبانگی فەرانسەییش هەر ئەو نەزەرەی جەنابتی هەیە، دەڵێ حیزبی دێموکرات زەرەری لە خۆی داوە، قوربانی بووە، بەس لە پێناو ئەوەی کە ڕەچاوی ئەخلاقی لە سیاسەتدا کردووە تا چەند ئەم ئەخلاقە لە سیاسەتدا و پاراستنی ئەخلاق لە دنیای سیاسەتی ئیستای کوردا پێویستە؟ وەک لە ڕۆژی ئەوڕۆکە کە جەنابەت فەرمووت تا چەند پێویستە؟

**وەڵام**: بەڕای من زۆر پێویستە چونکە ئەوەمان لەبیر نەچێ ئێمە یەک نەتەوەین، نەتەوەکە دابەش کراوە پێچەوانەی ئیرادەی خۆی. هەرکام لە پارچەکان خۆی خەباتی هەیە و هەم خەباتی نەتەوەییشمان هەیە، مافی چارە نووسمان هەیە. بەڵام ئەوەی پێویستە لە خەباتی نەتەوەیی نەکراوە، چەند جار هەوڵ دراوە بۆ نموونە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەسترێ و ئەم حیزبانە کۆبنەوە. بیرم دێ و یەکەمجار ساڵانی حەفتاکان لە بەیرووت خەریک بوون، دوکتور قاسملووشی تێدا بوو، لەوێ بوو ئەوکاتە. لە پاریس خەریک بوون لە بێلژیک خەریک بوون، حیزبەکان ئەهاتن و ئەچوون بەڵام ڕێک نەدەکەوتن و هەتا ئێستاش ڕێک نەکەوتن. من وتوومە دوو هۆکاری سەرەکی هەبووە. یەکێکی ناکۆکی حیزبە گەورەکان لە بەینی خۆیان، دووهەمیش دەستێوەردانی ئێران و تورکیە کە نەیانهێشتووە سەر بگرێ. حیزبەکانیش پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ ئێران و تورکیە. بەڵام دێموکرات لەگەڵ ئەوانە تەڕەف نەبووە، نە شەڕی لەگەڵ حیزبێکی تر هەبووە، نە بووە بە تەرەف لەگەڵ لایەک دژی لایەکی تر. بۆ وێنە دێموکرات کێشەی لەگەڵ پ ک ک زۆر بووە، شێوەی خەباتیان شێوەی ئیش کردنیان، بەس دێموکرات بەلای نەرمیدا جووڵاوەتەوە بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێ. لەو لایەنەوە و جاری وا هەبووە خۆشیان زەرەریان کردوە لەوە بەڕاستی. فەترەیەک ئێمە ویستمان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەسترێ و هەوڵیش درا پێش چەند ساڵێک، بەڵام دیسان تێک چۆوە. چونکە پ ک ک لەگەڵ یەکیەتی و پارتی و بەتایبەت لەگەڵ پارتی کێشەیان هەبوو. شەڕ نەبوو بەڵام دیسان ناکۆکیی، مەسەلەن  پ ک ک هات گوتی دەبێ نیوەی کورسییەکان هەمووی بۆ من بێ، دێموکرات غەدری لێکرا. من چوومە لایان لە کۆیە بەس باسی ئەو بابەتەمان کرد، وتیان گرینگ نییە قەیناکا با کورسیی کەمتر بێ بەلام هەر کارەکە ڕێک خەن. بۆ نموونە جاری وا هەبووە لەو ئیختلافاتانەی کە هەبووە دێموکرات نەیویستوە کێشە دروست کا، ئەگەر توانیبێتی حەلی کردوە و ئەگەریش نەیتوانیبێ دژ نەبووە. ئەمە گرینگە و تەئسیری هەیە و زۆر جار زەرەریان کردوە خۆیان بەڵام دیسانیش زەرەرەکەی قەبووڵ کردوە و نەیویستوە زەرەر لە نەتەوەکەی بدا. ئیستا دەبینین مەسەلەن دێموکرات لەگەل ئەو هەموو وەزعەی کە هەیەتی ئێران دێ تیرۆریان ئەکا، مووشەکی تێئەگرن، وەک باسمان کرد سەرکردەکانیان تیرۆر کردوون، ئێران بە کەیفی خۆی دێت و دەچێ و دەسەڵاتی هەیە بەڵام دیسانیش دێموکرات موراعاتی

وەزعی کوردستانی عێراق ئەکا. زۆر زیاد لە پێویست زەخت نە لە یەکیەتی و نە لە پارتی و حیزبەکانی دیکە ناکا و موراعاتیان ئەکا. خەڵک گلەییشی لێ دەکا باشە تو ئەو هەموو شتەت بەسەر دێ بۆ قسەیەک ناکەی بەیانییە دەرناکەی. وەک وتم زەربەی لێ خواردوە بەڕاستی بەڵام ئیتر ویستوویەتی خۆی زەربەکە بخوا، نەک زەرەر لە بەرژەوەندییە گشتییەکە بدا. ئەوانە خاڵی موهیمن لەو ناحییەوە. تێگەیشتوون کە پارتی و یەکیەتی لەگەڵ ئێران پەیوەندییان هەیە، مەجبوورن بەعزێک شت بکەن و لەوە زیاتریش ڕۆیشتوون بە قەناعەتی من. لەگەڵ پەکەکە ئەمە نەبووە. بۆ نموونە ئەو ڕەچاو کردنەی دێموکرات بۆ وەزعی باشوری کوردستان کردوویەتی بۆ ئەوەی کێشەیان نەبێ و خۆشی زەرەری تێدا کردووە، پ ک ک بەو شێوەیە نەبووە، ئەمە هەیە ئەم شتانە واقعین.

**پرسیار**: ئەمانەی کە باست کرد لە کۆتاییدا نیشاندەری ئەوە نییە کە دێموکرات حیزبێکی ڕووسوورە لە مێژووی بزووتنەوەی گەلی کورددا، هەروەک ئەوەی کە ئێستا هەیە؟

**وەڵام**: بەڵێ ڕووسوور دەرئەکەوێ، تەبعەن ڕووسوورییەکە نەرخی هەیە، و دێموکرات ئەو نەرخەی داوە.

**پرسیار**: کاک دوکتور پێوەندیت لەگەڵ ڕێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکراتدا چۆنە؟

**وەڵام**: وەڵڵا پێوەندیمان باشە، لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە کۆنەوە پەیوەندیمان هەیە، لەو بەریش کاک مستەفا هیجری. کۆنەکان ئەناسم و ئەوانی تریش بەڵام ماوەیەکە نەچووم بۆ لایان. بەڕاستی ئەم فەترەیەش ئەم کورۆنا و بەزم و ڕەزمە پەیدا بووە دەنا من سەریان ئەدەم. ئەچم قسەی خێریش ئەکەم لە بەینیان بەڵام ئیتر هێشتا هەر دوو حیزبن ئۆمیدوارم ببنەوە بە یەک.

**پرسیار**: کاک دوکتور ئێستا کە بەرەو یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، جەنابەت چ قسەیەکت بۆ لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و بە تایبەتی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟

**وەڵام**: وەڵڵا من زۆر پیرۆزبایی لەو یادە ئەکەم، بە هەموو شێوەیەک ئیدانەی ئەو سیاسەتانەی ئێران ئەکەم کە زۆر زۆر خراپە، و مووشەکی لەسەر ئێمە تاقی کردەوە. ئەوە کەم نییە، ئەمریکاش بێدەنگ بوو. ئەمریکا کە شەوڕۆژ ئیدعا ئەکەن کە ئێران تیرۆریستە و بەداخەوە بۆ کورد کوشتن قسەیان نەکرد. لەبەر ئەوە من زۆر ئیدانەی سیاسەتەکانی ئێران دەکەم کە زۆر زۆر خراپە و هێشتا چالاکانی کورد لە سێدارە ئەدەن و زۆر کاری دژە مرۆڤانەی دیکە ئەکەن.

دیسان پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکرات دەکەم بۆ ٧٥ ساڵەی دامەزرانی، ئۆمێدەوارم کە وا بتوانن لەو یادە بیر لەوە بکەنەوە کە یەک بگرنەوە. چونکە بەرنامەی هەر دوولا بخوێنییەوە ئەگەر پێت نەڵێن ئەوە ئەوەیە لێکیان ناکەیەوە و، جیاوازیەکی فکری نابینم، جیاوازی سیاسی نابینم لە نێوانیاندا، وەختی ئەوە هاتوە کە یەک بگرنەوە. چونکە دنیا ئێستا کیشەی زۆر گەورەی تێدا پەیدا بووە، نەک ئێمە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو هەموو دونیا. جا لەبەر ئەم بارودۆخە پێویستمان بەوە هەیە کە خۆمان یەکگرتوو بین، یەکگرتنی ئێمە کلیلە بۆ ئەوەی تۆزێ دەوریکمان هەبێ، شتێکمان هەبێ و بەیەکەوە لوبیگەری بکەین. هەموو حیزبە کوردییەکانیش بەڵکوو بەیەکەوە بتوانن کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن، شتێکی نەتەوەییان هەبێ لە دەرەوە، نوێنەریان هەبێ،

من ئۆمێدوارام ئەوەی کە من داوامە لەم یادە ئەوەیە کەوا ئەوە بکرێ و یادی شەهیدەکان لە بیر نەچن کە قازی محەممەد پێشەوا و هاوڕێکانی شەهید بوون، ئەوکات دێموکرات یەک بووە، کە دوکتور قاسملوو شەهید بووە دێموکرات یەک بووە و دوکتور سەعید شەهید بووە حیزب یەک بووە هیچ نەبێ لە یادی ئەو شەهیدانە بەیەکەوە بن. وای لێ هاتووە بەداخەوە مەسەلەن من دەعوەتم ئەکەن سەیر دەکەی یادی قازی محەممەد بە جیا ئەکەنەوە، یادی قاسملوو بەجیا، نایەم بۆ هیچیان نایەم ئەگەر بە جیا یادیان بکەنەوە، من دۆستی هەمووتانم بەڵام بۆ بە یەکەوە نایکەن؟ ئەو ناکۆکی و شتانە دەبێ بەرتەرەف بکەن و ڕێک بکەون و هاوکار بن و ئێمەش و هاووڵاتیانی خۆشیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانیان ئەبن و بە هێزتریش ئەبن.

**پرسیار**: کاک دوکتور وەکوو دوایین پرسیار، ئەو هەڵسوکەوت و سیاسەتانەی کە حیزبی دێموکرات لە پانتایی کوردستانی گەورەدا کردوویەتی تا چەند بۆ ئێستای کوردستان و پرسی کورد پێویستە؟

**وەڵام**: من هەمیشە گوتوومە و ئێستاش ئەیڵێم؛ حیزبە کوردستانییەکان هەموویان ئەوەیان لە بیر نەچێ ئەگەرچی خەبات ئەکەن لە پارچەیەک بەڵام بەشێکن لە نەتەوەیەک. یانی ناتوانی هەرچیت دەوێ بیکەی، دەبێ حیسابی نەتەوەکە بکەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان کە ئەکەن لەسەر حیسابی کوردی ئەو پارچانە نەبێ کە دەوڵەتان هەیانە. هەوڵ بدەن هاوکاری یەک بن، لە کۆندا براکوژی هەبووە ڕاستە ئێستا نەماوە، بەڵام هیچ نەبێ هاوکاریی سیاسی لە بەینیان هەبێ. هەموویان بەیەکەوە حیسابی ئەوە بکەن کە کورد نەتەوەیەکە و پارچە پارچە کراوە، ئەم بەرژەوەندییە بخەنە پێش بەرژەوەندیی کەسی و حیزبی بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار بکەن و بتوانن ئەگەر شتێکی باشیان پێی ئەکرێ بۆ میللەتەکە. ئەو میللەتە زۆری قوربانی داوە، کورد لە هەموو پارچەکان زۆری خوێن لەبەر ڕۆیشتوە، نابێت حیزبەکان ئەوەیان لە بیر بچێ، نابێ ئەویان لەبیر بچێ کە ئەو هەموو شەهیدە و قوربانییە و ماڵوێرانیەی کە کراوە ئەمان بەم شێوەیە دژی یەک بن یا

کێشەیان هەبێ. حیسابی بەرژەوەندییە گشتیەکە بکەن. حیزبایەتیی تەسک بەلاوە بنێن و بتوانن لەسەر هەندێ خاڵی هاوبەش ڕێک بکەون. بەرژەوەندی نەتەوەیی چییە ئەوە بکەن و نەهێڵن دەوڵەتانی داگیرکەر تورکییە، ئێران، یا ئەوانیتر سوود لەو ناکۆکییانە وەر بگرن بۆ بەرژەوەندی خۆیان.


زۆر سپاستان دەکەم کاک دوکتور، سپاس کە لەم یادەدا بەشداریی ئەم وتووێژەت کرد و باسێکی تێروتەسەلت لە بزووتنەوەی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکرات کرد.

ئێوەش پایەدار بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

## د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم




**مەلا بەختیار**

سوپاس بۆ لیژنەی یوبیلی ئەڵماسی کە بۆ ٧٥ مین ساڵرۆژی حیزبی دێموکرات، لە منیان ڕابینی، بەشدارییەکی بچوک لەم یادەدا بکەم. هەوڵیش بدەم، ڕۆڵی د.قاسملوو، هێندەی دەیناسم.

پێش هەموو باسێک ئومێدەوارم، ئەم ساڵرۆژی پیاهەڵدانی ئەڵماسی نەبێ، لە باسکردنی حیزبی دێموکرات و ڕابەرە هەڵکەوتووەکانی لەو مێژوویەدا، هەڵوێستەی هەڵسەنگاندن بێ بە لایەنە پۆزەتیڤ ونێگەتیڤەکانەوە!

### خەسڵەتی گرنگ

گرنگترین خەسڵەتی دێموکرات، کە جیای دەکاتەوە لە زەمینەی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، هاوزا لە دایکبونێتی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان، کە بە کۆرپەیی، دۆشاودۆش لەبەر بەرژەوندی زلهێزەکان و کۆنەپەرستی ئەو سەردەمە، سەریان بڕی.

لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، دەیان حیزب و گروپ و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون. زۆربەیان تیاچوون، ئێستا مەگەر توێژەران لە گۆشەی توێژینەوەدا، ئاماژەیەکی پێ بکەن. بەڵام کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حوکمڕانییەکەی شێخ مەحمودی حەفید، لە باشووری کوردستان، لە ویژدانی هاوبەشی نەتەوەی کورددا، زیندوو ماونەتەوە. ئەمەش بەڵگەی

ئەوەیە حەسرەتی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کەرامەتی نەتەوایەتی کورد و کوردستانە.. وەچە دوای وەچە ئەم حەسرەتە وەکوو هاوخەم و خەباتی نەتەوایەتی لە نێو نەوەکانماندا، بەشێکە لە کولتوری سیاسیمان.

حیزبی دێموکرات، لەو سۆنگەیەوە، ئۆرگانیک گرێدراوی کۆماری کوردستانە. کۆمار و دێموکراتیش، هەژمونیان لەسەر کێشەی نەتەوایەتیمان تا ئێستاش، بویستریێ و نەویستریێ، ماوە!

ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، هاوکات لەناوچونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا و یونان، لە ڕۆژهەلاتی نزیک و ئۆرووپادا، یەکەمین خیانەتی ئینتەرناسیۆنالیستی شوڕەوی و ستالین بوو، دەرهەق بە مافە دێموکراسییەکان. بێگومان بڕیاری یەکەم و کۆتاییش هەر ستالینی دیکتاتۆر، داویەتی. جێی داخیشە ئەو خیانەتە، لەو سەروبەندەدا، نەک لەلایەن کۆمۆنیستەکانی جیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، ڕەخنەی لێ نەگیرا، بەڵکوو بە پاساوی سەرکەوتنی لەشکری سووری شۆڕەوی، بەسەر نازیزمدا، کۆمۆنیستەکان، بە سەرمەستی سەرکەوتن، دۆخەکەیان هەڵسەنگاند و ستالینیشیان لەسەر بەرزترین لوتکەی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، دانا.

هەمیشە سەرکەتن، لۆژیکی ڕەخنەی سیاسی لاواز دەکات. چاوپۆشین لە هەڵە و خیانەتیش، دەبێتە بەشێکی سیاسەتی ئەو لایەنانەی لە ئایدیۆلۆژیەتدا دۆگمان.

**پاشکۆیەتی!**

ئەوەی مایەی سەرنجی بەندەیە ، تەنانەت حیزبە دێموکراتەکانی ڕۆژهەلات و باشوریش، هەر وەکوو کۆماریان نەڕوخێندرابێ... دوای ئەو خیانەتە گەورەیە لە کورد و کۆماری کوردستان، بە شانوباڵی شۆڕەوی و ستالیندا، هەڵیان دەدا. بەڵکوو دێموکرات زیاتر لە سێ دەیە، لەلایەن هەندێک سەرکردەی دێموکراتەوە، کە لە تێکۆشاندا دریغییان نەبوو، بەلام لە تێگەیشتنی سیاسی و ئایدێولۆژیدا، بەبێ بەرامبەر، دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی حیزبی تودە کە ڕاستڕەوترین حیزبی کۆمۆنیستی ناوچەکە بوو!!

حیزبی تودە.. کە لە بزوتنەوەی موسەدیقەوە(١٩٥٣ - ١٩٤٩)ماهیەتی ڕاستڕەویتی دەرکەوت و ماڵی خەباتی دێموکراسی و نیشتیمانی ئێرانی وێران کرد؛ هەم دژی بزووتنەوەی موسەدیق و هەم دژی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان بوو.

حیزبێـک تـا ئێسـتەش ئامـادە نەبـوو مـافی چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەی کـورد بسـەلمێنێ ،کەچـی بەشـێکی بەرچـاوی سەرکردایەتی دێموکرات، حیزبی دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی خۆبەخشی تودە! تەنانەت ،هەتا دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، گروهی (٧) نەفەری، لەو پاشکۆیەتییە دەستیان بەرنەدەبوو لێرەدا..

## ڕۆڵی کاریزما

ئیتـر ڕۆڵـی سـەرکردەی هەڵکەوتـوو، دەردەکەوێ و ڕابەری بەتوانـا و ڕابەری بێتوانـا، لەو بـوارە سیاسـییانەی قۆنـاغ کە دەپەڕنەوە، لێک جودا دەبنەوە!

د.قاسملوو، یەکێک لە بڕیارە مێژووییەکانی ئەوە بوو، بێ دوودڵی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تەواوی پڕوپاگەندەکانی پێشتر بۆ توودە و سەرووی توودەش، لێبڕاوانە ڕەگی گوڵیی ئایدیۆلۆژییەتی پاشکۆیەتی بـۆ تـوودەی نـاتودە، هەڵکێشا و هەڵکشا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دێموکرات؛ لە سەردەمێکیشدا هێشتا هەژمونگەری پرۆ شۆڕەوییەکان لە تەواوی جیهانـدا لە جەنگی ساردیشدا بەهێز بوو؛ بەڕای من قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی - ئایدیۆلۆژی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە د.قاسملوو، دێموکراتی ڕاچڵەکاند و لەسەر پایەکانی سەربەخۆیی، دایمەزراندەوە.

## شەوارەی تیۆری

زۆرجار، ئەوانەی بە شەوارەی تیۆری کەوتوون، لەو ڕاستییە تێنـاگەن کە کاریزمـا،چ کـاریگەرییەکی چارەنووسـازی لە نێـو ڕووداوەکاندا هەیە. هەمیشەش کاریزما، ڕابەرێکە نەک ڕابەرایتی بەکۆمەڵ.

هەڵـبەتە لە دوائاکامـدا رابەری کاریزمـا دەبـێ لە ڕێـگەی ڕابەرایەتیـیەوە بـێ؛ ڕابەرێتـی کـارامەی خـۆی بسـەلمێنێ و بەرنامەکانی سەر بخات. ئەگەر وا نەکات بە چەمکە زانستییەکەی نابێتە کاریزما..بەڵکوو دەبێتە ملهۆڕ!

لەدوای شەهید پێشەواوە، دێموکرات لە سەردەمی د.قـاسملوو کـرایەوە ئەو حیـزبە دێـموکراتەی لە نێوهاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانـدا، بەڵکوو لە سەرئاستی نێونەتەوەیی - سۆسیال - دێموکراتیشـدا، فرەڕەهەنـد کـاریگەر بـێ. پێشـتر لە ناو بازنەیەکی داخراودا، دێموکرات گیـری حیزبـایەتی لە دۆخـی نالەبـاری پەنجاکان هەتـا حەفتاکـان خواردبوو بەڵام بەو حـاڵەش، لەو دۆخەدا، لەنێـوان بەرداشـی فشـاری (ئێـران - شۆڕشـی ئەیلـول - حکـومەتە دژەدێموکراسـییەکانی عێـراق)دا لە

کاتێکدا ئاسان نەبوو کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکە و سکرتێرەکەی دانیشتنێکی ئاسایی بۆ ئاستەنگ بکەن، پاراستنی دێموکرات خۆی لە خۆیدا بایەخ و بەهای مێژوویی هەیە. مایەی ئەو بەها و نرخە بوو، دێموکرات ئامادە بوو لە دۆخی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا وەکوو یەکێک لە حیزبە سیاسییە ڕەسەن وئازادیخوازەکان، دابەزییە مەیدان.

## لە ژێرزەمینەوە بۆ سەرزەمین

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩ - ١٩٧٨) دوو ڕووداوی گەورەی مێژوویی خوڵقاند:

**یەکەمیان**: ڕوخانی ڕێژیم و سیستمی سەڵتەنەتی بوو
**دووەمیشیان**: سەرکەوتنی تەوژمی ئیسلامی - شیعەگەرایە.

**یەکەمیان**.. نەک پێشبینیکراو بوو بەڵکوو ئامانجی سەرەکی لایەنە سیاسیەکانیش بوو، هاتیشەدی.
**دووەمیشیان**.. نەک پێشبینیکراو نەبوو، بەڵکوو پێچەوانەی ئامانجی تەواوی چەپ و دێموکراتەکانی ئێران وکوردستانیش بوو؛ ئەمیش هاتەدی.

ئەمەیە، دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکوو تەواوی کیشوەری ئاسیاش زۆرجار ئامانجە چاوەڕواننەکراوەکان هاتوونەتە دی.. بە پێچەوانەوە ئامانجە خەبات لە پێناوداکراوەکان نەهاتونەتە دی!

ئەگەر مێژووی خەبات و ئەرشیفی ئەدەبیاتی سیاسی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەدوای بزووتنەوەی مەشروتەوە، بۆ بزوتنەوەی موسەدیق، هەتا سەرەتاکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ،لێکبدرێنەوە،دەردەکەوێ کە تەواوی حیزبە چەپ - دێموکرات - نێشتیمانپەروەر،ناسیونالیست و پان ئێرانیش لەهاتنە سەر کاری ئەلتەرناتیڤی شادا بەهەڵەدا چووبوون نە دێموکراتەکانی ئێران نە لیبرڕاڵەکان، نەناسیونالیست و چەپەکان، هیچیان نەهاتنە سەرکار تەنانەت لە هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان. سەرۆکایەتی ئێران و پەسەندکردنی دەستوری ویلایەتی فەقیهیشدا، کاریگەری ئەوتۆیان نەبوو.

## تێزە سیاسیەکانی قاسملوو

لەم دەورانەدا،کە ئەدەبیاتی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەخوێنمەوە، لەناو جەنجاڵی ئەو دۆخەدا، لە

گەرمەی خرۆشانی هەست و هەڵوێستی خەفەکراوەکاندا..تێزە سیاسیەکانی د.قاسملوو، بە ڕیالیستی دەبینم تەرحەکانی بۆ چارەسەری سیاسی، لۆژیکی و ئەقلانی بوون بەڵام بەداخەوە بزوتنەوەی بەرینی خۆرسکی خەڵک و ئامانجی سەرووی تواناکان ئەوکاتە بەسەر شەقامی سیاسیدا زاڵبووە.

کە دەخونمەوە د.قاسملوو نامە بۆ ئیمام خومەینی بە ناوی "حەزرەتی ئیمام" دەنوسێ، ئەمە لای من ئازایەتی ئەقلانیەتی سیاسی د.قاسملوو بووە، کە لە ناو وروژان و خرۆشانی خەڵکدا لەبەردەم لافاوی دروشمبازیدا بوێرانە نامەیەکی ئاوەها دەنوسێ وداکۆکی لە مافی خودموختاری ریالیستی دەکات ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە ڕەگەزە هەستیارەکانی دۆخەکەو قۆناغەکەو ئەرکە سیاسیەکە، تێگەیشتبوو بۆیە:

- پێموایە دووساڵی دوای ڕووخاندنی شا، هێشتا لە هەموو بارێکەوە لێکنەدراوەتەوە.
- جارێ قوڵتر نەزانراوە ئایا سیاسەتی کوردایەتی چەکدارانە ڕاست بوو یان نا؟
- ئایا شەڕی سەنگەربەندی ناو شاری سنە ڕاست بوو؟ یان ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵکی سنە بۆ مەریوان ؟
- ئاخۆ ساڵەهای دیکە بەبەرەوە نەمابوو دۆخی دانوستان و خەباتی مەدەنی لەگەڵ کۆماری ئێسلامی ئێران بەردەوام بێ؟
- لەدوای ڕوخاندنی کۆماری مەهابادەوە (٣٢) ساڵی ڕەبەق دێموکرات پشووی درێژ بوو خەباتی چەکداری نەکرد (جگە بزوتنەوەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی دێموکرات ) ئەی بۆ لە دوای ڕووخاندنی شادا تەنها دوو ساڵ خۆی گرت وخەباتی چەکداری دەستپێکرد؟

## ڕوانگەی دوور لە گۆشەگیری

ئەو پرسیارگەلە دەبێ دوور لە ڕوانگەی گۆشەگیری حیزبایەتیەوە وەڵام بدرێنەوە.

ئێستا، کە (٧٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، دەرکەوتووە کە کۆماری ئێسلامی ئێران، نە بە خەباتی چەکداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار کراوە داخوازیە دێموکراسیەکانی گەلانی ئێران جێبەجێ بکات، نە جەنگی(٨)ساڵەی عێراقیش دژی ئێران، حکومەتی شیعەی ئێرانی ڕوخاند. ئەوەتانێ ساڵەهای گەمارۆ سەپێنراوەکانیش دژی ئێران، ئێرانی وەکو دۆخی گەمارۆدانی عێراقی سەردەمی سەدامیش لێنەکردوە. وای دەبینم ئێران کەوتۆتە بەردەم دوڕیانێک:

- یان.. گۆڕینی حکومەتی ئێستای ئێرانە؟

- یاخود.. چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردو گەلانی دیکەشە.

ئەگەر بەهەڵەنەچوبم، سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ئێرانی وادەخوێنمەوە سازشێکی نێودەوڵەتی - ئیقلیمی بەڕێوەیە، بۆ ڕێکەوتنێکی ستراتیژی نوێچەشن. جەخت دەکەمەوە ئەگەر بەڵێ - ئەگەر! - پرۆژەیەکی وابێتە پێشەوە (وەکو ئێستای سوریا - ڕۆژئاوای کوردستان)هەقوایە هێزە سیاسیە کوردستانیەکان دەستخەڕۆی دروشمی دوورکوژە نەبن بە پرۆژەیەکی ڕیالیستی خۆیان بۆ ئەگەرێکی ئاوها ئامادە بکەن بەرپرسیارێتیەکە پێکەوە بخەنە ئەستۆ!

من دڵنیام د.قاسملوو بمابا هەمو توانای خۆی بۆ پرۆژەیەکی ئاوهای هاوبەش، بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەخستەگەڕ.

پیرۆزتان بێت ساڵڕۆژە ئەڵماسیەکەتان بەهیوام لەم ساڵڕۆژەدا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە، بۆ خەبات و فۆرمیلاکردنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات، لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونی(٧٥) ساڵەتان بەرەخنە لەخۆگرتنیشەوە، بکەنە خەڵات و بەراتی یادەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

# سۆسیالیزمی دێموکراتیک و هەنگاوانانی حیزبی دێموکرات بەرەو سۆسیال دێموکراسی




د. سمایل بازیار

لە نیوەی دووەمی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٢ (ئابی ١٩٨٣)دا، واتە: پێنج مانگ بەر لە پێکهاتنی کونگرەی شەشەم، لەلایەن قاسملوو نامیلکەیەک بە ناوی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" لە نێو ڕێکخستنەکانی "حدکا"دا بڵاو بووەوە، بۆ ئەوەی کادر و ئەندامانی حیزبی بە ڕوانگە و بۆچوونەکانی لە بارەی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" ئاشنا بن، تا لە کونگرەدا بخرێتە بەر باس و وەک ئامانجی دواڕۆژی "حدکا" پەسەند بکرێ([١]). قاسملوو هەر لە کۆنفرانسی سێیەم ١٣٥٠ (١٩٧١) لەسەر بیرۆکەی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" کە خۆی هێنابوویە نێو حیزب پێداگر بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێک لە بەشدارانی کۆنفرانس لەگەڵ پاشگری دێموکراتیک نەبوون، لە شوێن دێموکراتیک وشەی "دادپەروەر" بە سۆسیالیزمەوە لکێندرا([٢]). بەم جۆرە دەردەکەوێ کە باڵی چەپی نێو "حدکا" لەسەر چەشنی سۆسیالیزم کۆک نەبوون و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ سۆسیالیزم هەبوو.

سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە "کورتە باس"دا کۆمەڵێک سنووربەندیی لەگەڵ بیروبۆچوونی باو لە نێو هێزە چەپە کلاسیکەکاندا دەکرد، لەوانە:

أ) سنووربەندی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە کە بێ ئەملاو ئەولا پەیڕەوییان لە وڵاتانی سۆسیالیستی دەکرد و "سۆسیالیزمی مەوجوود"یان بە بێ-کەموکوڕی دەدی.([٣]) قاسملوو لە "شیکردنەوەی کورتە باس"دا لەم بارەیەوە دەڵێ: "هەڵوێستی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتانی سۆسیالیستی نە دژایەتی-کردن و نە پەیڕەوی-کردنی بێ ئەملاوئەولایە، بەڵکوو هەڵوێستێکی دۆستانە و هەر لەو کاتەشدا ڕەخنەگرانەیە. بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری سۆسیالیزمی مەوجوود دەکا، لە

هەموو لایەنە ئەرێنییەکانی کەڵک وەردەگرێ و هەموو لایەنە نەرێنییەکانی وەلا دەنێ"([٤])، لە نێوان دوو بەرەی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا، سۆسیالیزمی دیموکراتیک بەلای سۆڤیەتیدا دایشکاندوە و بە دۆستی ستراتیژیی خۆی داناوە([٥])، بەڵام کلکایەتیی لێ نەکەوتەوە.

ب) سنووربەندی لەگەڵ بیروباوەڕی توودەیی کە لە نێوخۆی "حدکا"دا پاشماوەی مابوو. مەبەستی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" لە پاشماوەی بیروباوەڕی توودەیی، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی توودە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو لە خوێندنەوەیان بوو بۆ سۆسیالیزم لە ئێراندا. لە شیکردنەوەی "کورتە باس"دا هاتوە: "ساڵەهای ساڵە ئەدەبیاتی سۆسیالیستی لە ئێراندا ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ نەوەد لە سەدی هی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەیە کە پڕە لە بیروباوەڕی ناڕاست و چەوت"([٦]).

"سۆسیالیزمی دیموکراتیک"ی پێناسەکراو لە "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم"دا لە خوێندنەوەی بۆ سۆسیالیزم پێداگریی لەسەر ئەم پرەنسیپانە دەکا:

أ) پێداگری لەسەر پێگەی ئازادی و دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لە ژێر هەر ناوێکدا. قاسملوو دەڵێ: "سۆسیالیزم نانی دەدا، خانووی دەدا، خوێندن و لەشساخیی دەدا، بەڵام مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی؛ کە وابوو لە بەرامبەر ئەوانەدا، نەک تەنیا نابێ ئازادییەکەی لێ بستێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانە دەبێ زۆر زیاتریش لە سەردەمی سەرمایەداریی بداتێ. ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دروست بکەین کە نە تەنیا دێموکراسی بەربەست نەکا، بەڵکوو پەرەیشی پێ بدا"([٧]). لە پەیوەندی لەگەڵ "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"یشدا وەک بنەمایەکی گرینگی ڕێبازی حیزبە کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لایەنگری لە دیکتاتۆریی پرۆلیتار بۆ ئەندامێکی حیزبێکی دێموکرات- میللی وەک حیزبی ئێمە بێ مانایە و لەلایەکی دیکەش تەنانەت ئەگەر وەک مارکسییەک چاو لە مەسەلەکە بکەین بە هیچ جۆر لایەنگری لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەک بنەمایەکی بێ-ئەملاوئەولا نابێ سەیری بکرێ([٨]).

ب) بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" لەهەر چەشنە مۆدێل و نموونە سازییەک خۆ دەپارێزێ و سۆسیالیزمێکی دەوێ کە وەڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ. لە شیکردنەوەی "کورتە باس"دا هاتوە: "لە پرۆسەی دروستکردنی سۆسیالیزمدا ئەو کارانە بکەین کە وڵاتانی سۆسیالیستی تێیدا سەرکەوتوو بوون و ئەو کارانە نەکەین کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و زیانیان هەبووە. بەڵام، گرینگ ئەوەیە کە هیچ کام لەم وڵاتانە کە ئێمە بە سۆسیالیستیان دەزانین بە نموونە و ئولگوو دادەنێین، چ یەکیەتیی سۆڤیەت بێ و چ چین و یوگوسلاڤی یان ڤێتنام

بێ"([٩]). کۆمەڵی کوردەواری هێشتا خۆی لە پێوەندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان و پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداری هەیە و کولتوور و داب و نەریتی گەلەکەشمان تایبەت و لەگەڵ کولتوور و داب و نەریتی گەلانی دیکە جیاوازیی هەیە. هەر بۆیە زۆر ڕوونە ئەو سۆسیالیزمەی دەمانەوێ دایمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ ئەو سۆسیالیزمەی یەکیەتیی سۆڤیەت، فەڕەنسا یا ڤێتنام یا هەر شوێنێ دیکە جیاوازیی هەبێ([١٠]).

سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە پێداگری لەسەر سۆسیالیزمێک کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بگونجێ، ئەو ئامانجەشی مەبەستە کە چیی دیکە چەپی کورد نەبێتە پاشکۆی چەپی سەرانسەری هەروەک کە لە ڕابردوودا بووە. چەپێک کە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی بەسەرەوە بووە و بەردەوام هانی چەپی ناوچەیی و بە تایبەتی چەپی کوردی داوە، کە بەلای کوردایەتیدا نەچێ و پرسی چینایەتی بەلاوە گرینگ بێ([١١]).

ج) ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ لەبەرامبەر وڵاتانی سۆسیالیستیدا و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی نیزامە سۆسیالیستییەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات (سۆسیالیزمی مەوجوود) تایبەتمەندییەکی دیکەی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"ە. "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" پەیوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای "پەیوەندیی دۆستانە" دادەمەزرێنێ، واتە نە دوژمنانە کە هەندێک دەستە و تاقم کە یەکیەتیی سۆڤیەت بە "سۆسیال ئیمپریالیست([١٢])"، یا بە ئیمپریالیستی تەواو دادەنێن و نە وەک حیزبی توودە کە هەر سیاسەتێک کە لەلایەن دەوڵەتی سۆڤییەتەوە بەڕێوە بچێ بە خێرایی پەسەندی دەکەن و تەپڵی بۆ هەڵدەگرن([١٣]). "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" دەیهەوێ خۆی لە ژێر هەژموونیی "ئینترناسۆنالیزمی پرۆلیتاری([١٤])" ڕزگار بکا، چونکە لە ژێر دروشمی پاراستنی پرۆلیتاریای جیهانی بەرژەوەندیی یەکیەتیی سۆڤییەتی دەپارێزرێ.

قاسملوو داهێنەری بیرۆکەی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" لە کوردستاندا ساڵانێکی زۆر لە وڵاتانی سۆسیالیستی ژیابوو، لە نزیکەوە کەموکوڕییەکانی سیستەمی سۆسیالیستیی بۆ دەرکەوتبوون، بەتایبەتی لە بواری نەبوونی دێموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی تۆتالیتاردا. ئەمانە و ڕووداوەکانی "پۆڵۆنیا([١٥])"، "هەنگاریا([١٦])" لە دەیەی ٥٠ی زایینی و بەتایبەتی ڕووداوی "بەهاری پراگ([١٧])"ی ساڵی ١٩٦٨ لە چیکۆسلۆڤاکیا کە بۆخۆی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بوو، شوێنەواری قووڵیان لەسەر دانا، بە جۆرێک کە لە ڕوانینی خۆیدا سەبارەت بە "سۆسیالیزمی مەوجوود" پێداچوونەوە بکا. ئەو ڕووداوانەی کە ئامانجیان سەربەخۆ لە سۆڤییەت بڕیاردان و باڵکشانی دێموکراسی بەسەر گشت لایەنەکانی ژیاندا بوو. هەروەها دەرکەوتنی ڕەوتەکانی فیکری "چەپی نوێ([١٨])" و "ئورۆکومونیزم([١٩])" کە هەرکامەیان بە شێوازێک لەگەڵ

چەپی کلاسیک و ئەرسەدۆکس سنووربەندییان دەکرد، وایکرد کە قاسملوو لە دەلاقەیەکی نوێوە بڕوانێتە پرسە سیاسی و فیکرییەکان.

"سۆسیالیزمی دیموکراتیک" خوێندنەوەیەکی نوێ بوو لە سۆسیالیزم، کە بۆ یەکەم جار لە کوردستان دەهاتە ئاراوە([٢٠]) و گرینگترین ئامانجەکانی بریتی بوون لە: هاوسەنگکردنی دوو چەمکی دادپەروەری و ئازادی کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی نارێک بوون، ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لە ژێر هەر ناوێک، ڕەچاوکردنی سەربەخۆیی بڕیاردان و بە پیرۆزنەکردنی بیردۆزە سیاسییەکان. "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" لە کەش و هەوای سیاسیی ئەو کاتی کوردستاندا کە تێیدا چەپی ڕادیکاڵ گوتاری زاڵ بوو، وەک مەلەکردن بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕووبار بوو؛ هەر بۆیەش نە تەنیا لەگەڵ پێشوازیی هێزە چەپ و مارکسی- لێنینییەکان و بەشێکی بەرچاوی کادیر و ئەندامانی "حدکا" بەرەوڕوو نەبوو، بەڵکوو ڕەخنە و هێرشی توندیشی کرایە سەر.

"کۆمەڵە" ڕێکخراوی چەپی مارکسی لێنینی لە وتارێکدا بە ناوی "حیزبی دیموکرات: سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟" هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە "سۆسیالیزمی دێموکراتیکی" "حدکا" ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە و وەفاداریی خۆی بۆ سیستەمی سەرمایەداری دووپات کردۆتەوە([٢١]). ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران (ڕێگای کرێکار) لە وتارێکی ڕەخنەگرانەدا پێی وایە تا ڕۆژی قیامەت دەبێ چاوەڕوانی وەدیهاتنی ئەم پرۆژەیەی "حدکا" بین، چونکە سۆسیالیزم بەبێ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەدی نایە و"سۆسیالیزمی دێموکراتیک" ئەو چەمکەی ڕەت کردۆتەوە([٢٢]).

کونگرەی شەشەمی "حدکا" لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ جونێڤری ١٩٨٤)دا بە بەشداریی ٢٣٠ ئەندام پێک هات. لە کۆنگرەدا پرسی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" (سۆسیالیزمی دیموکراتیک) خرایە بەر باس. ئەو باسە چەند کۆبوونەوەی کونگرەی بەخۆیەوە خەریک کردن و تەنانەت دوو سێ جاریش فەزای کۆنگرەی ئاڵۆز کرد([٢٣]). "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" دوای باسێکی زۆر لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە دەنگی پێویستی نەهێنا([٢٤])، چون لە سەرەتاوە نەیارانی زۆرتر بوون، بەڵام دواجار پەسەند دەکرێ و پێکهاتەی کۆمەڵی دێموکراتیکی سۆسیالیستی دەبێتە ئامانجی دوارۆژی "حدکا"([٢٥]).

بەشێکی بەرچاوی نەیارانی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" لە نێوخۆی "حدکا"دا ئەم بیرۆکەیەیان بەهاوشێوەی "سۆسیال دێموکراسی"ی ئەورووپا دەزانی([٢٦]) و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە قاسملوو بە ڕوونی و بە ڕاشکاوی لە "کورتە باس"دا، دەڵێت: "کە مەبەستی لە "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"، "سۆسیال دێموکراسی" نییە، "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"، لەگەڵ

"سۆسیال دیموکراسی" جیاوازیی هەیە، سۆسیال دیموکراسی ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستییە کە بە ناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵی دەسووڕێنێ، بە ناوی سۆسیالیزم کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری پەسەند بکەن و بە کورتی دەیهەوێ گیروگرفتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا چارەسەر بکا، بێ ئەوەی ئەم چوارچێوەیە تێک بدا. لە حاڵێکدا سۆسیالیزم بە مانای ڕوخاندنی سەرمایەداری بە تەواوی و پێکهێنانی کومەڵێکی نوێیە"([٢٧]).

بە سەرنجدان بە نامیلکەی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" جیاوازییەکانی دوو چەمکی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" و "سۆسیال دێموکراسی" پتر دەردەکەون. سۆسیال دێموکراسی ڕێبازێکی چاکسازیخوازییە و ریفۆرمستی، لە کاتێکدا "حدکا" خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێر پێناسە دەکا([٢٨]) و ئەمە بەو مانایە دێ کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە لە هەموو بوارەکانی کومەڵدا. "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"ی پێناسەکراو لە "کورتە باس"دا سیستەمێکی ئابووری- کۆمەڵایەتییە کە تێیدا هەر کەس بە پێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردێ و بە پێی کارەکەی مافی لە کومەڵ وەردەگرێ([٢٩])، بە پێچەوانە سۆسیال دێموکراسی تێڕوانینی بۆ سۆسیالیزم ئەخلاقی (مۆراڵی)یە([٣٠])، نەوەک سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتی. "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" سەرەڕای ئەو جیاوازییە نێوەڕۆکییانە کە لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی هەیەتی، بۆ پێداگری لەسەر دیمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک و ئەو تەواویەتخوازییەی (توتالیتاریزم) کە سۆسیالیزمی مەوجوود بەڕێوە دەبا، هاوار و هاودەنگە.

لە "کورتە باس"دا نە تەنیا ڕەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتەکانی ستالین کراوە، بەڵکوو بەگشتی ڕەت کراوەتەوە([٣١])، بەڵام هەرچەندە لەگەڵ هەندێک بنەمای مارکسیزم - لێنینزم ماڵئاوایی کراوە، وەک "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"، هەمدیسان شوێنەواری تێڕوانینی مارکس و لێنین بە سەریەوە دیارە. لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا بۆچوونی مارکسی لەسەر سەرمایەداری بەکار هێناوە: "سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مێژووەوە مەحکوومە"([٣٢]).

لێنێن ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕوسیا، بۆ گەیشتنی وڵاتەکەی بە قۆناغی سۆسیالیستی بیردۆزیی "ڕێگەی گەشەی نا سەرمایەداریی"([٣٣]) هێنایە ئاراوە، چونکە هێشتا پێوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕوسیا نەبیبوونە سیستەمی زاڵ و پێوەندییەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتیی تێدا بەهێز بوون. "کورتە باس" ئەم بیردۆزییەی بۆ گەیشتنی کوردستان بە قۆناغی سۆسیالیستی بەلاوە پەسەندە، چونکە کوردستانیش بە هەمان شێوەی ڕوسیای ١٩١٧ هێشتا پێوەندییەکانی دەربەگایەتیی تێدا ماون و سیستەمی سەرمایەداریی تێدا جێگیر نەبووە. "شیکردنەوەی کورتە باس" ئەم بیردۆزییەی بۆ گەیشتنی کوردستان بە قۆناغی سۆسیالیستی کە هێشتا پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی تێدا دانەمەزراوە،

ڕەچاو دەکا. لە "شیکردنەوەی کورتە باس"دا هاتوە: "لینین لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە سەرمایەداری لە نێوان ئەو سیستەمانەی کە لە مێژوودا ناسراون سیستەمێک نییە کە بە زۆر بێ، سیستەمێکە دەکرێ بەسەریدا باز دەی، بەو مەرجە وڵاتێکی دیکەی سۆسیالیستی هەبێ یارمەتیی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتەدا بدا، ئەو کاتە ئەم وڵاتە بۆخۆی دەتوانێ بەرەو سۆسیالیزم بڕوا، مێژوو نیشانی دا کە ئەم بۆچوونە دروست بوو([٣٤])" و بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی ڕێگەی "گەشەکردنی نا سەرمایەداری" نموونە بە وڵاتی مەغوولستان دێنێتەوە کە لە قۆناغی شوانی و کۆچەریدا بە بازدان بەسەر سەرمایەداریدا بەرەو سۆسیالیزم دەچێ.([٣٥]) هێنانەوەی مەغوولستان بە نموونەی سەرکەوتووی "ڕێگەی گەشەی نا سەرمایەداری" جێی هەڵوێستەکردنە، چونکە مەغوولستان لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئاست وڵاتانی سۆسیالیستی دواکەوتووترینیان بوو([٣٦]).

تێڕوانینی "کورتە باس" بۆ قۆناغی ئێستای سیستەمی سەرمایەداری هەمان بۆچوونی "لێنین"ە لەم بارەیەوە "کورتە باس" دەڵێ: "ئێمە کاتێک دەڵێین "بمرێ ئیمپریالیزم" لە ڕاستیدا لە دژی سەرمایەداری دروشممان هەڵگرتوە، چونکە ئیمپریالیزم سیستەمی جیهانیی قۆناغی ئێستای سەرمایەدارییە([٣٧]). لێنین پێی وابوو سیستەمی سەرمایەداری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە پێی ناوەتە دوایین قۆناغی خۆی واتە قۆناغی ئیمپریالیستی (قۆرخکاری) و سەردەمێ کێبەرکێی ئازادی سەرمایەداری کۆتایی پێ-هاتوە. لێنین بۆ شرۆڤەکردنی ئەم بیردۆزییەی لە ساڵی (١٩١٦)دا کتێبێکی بە ناوی "ئیمپریالیزم وەک بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری" نووسی([٣٨]).

"کورتە باس" بێ کەموکوڕی نییە و هەڵگری پاڕادۆکسە. "کورتە باس" پێی وایە لەدوای بەدەسەڵات-گەیشتنی سۆسیالیستەکان لە فەڕەنسا تاقیکردنەوەیەکی نوێ دەستی پێکردوە کە ئەگەر سەرکەوێ دەبێتە نموونەیەک لە سۆسیالیزمی دیموکراتیک،([٣٩]) بەڵام سۆسیالیستەکانی فەڕەنسا دژی سیستەمی سەرمایەداری نەبوون؛ ئەوان خوازیاری چاکسازی لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بوون و ئەو سۆسیالیزمەی کە بەنیازن دایبمەزرێنن وەک سیستەمێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی نیە. لەکاتێکدا خوێندنەوەی "کورتە باس" بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک بە ڕوونی و بە ئاشکرایی دژی سیستەمی سەرمایەدارییە و ئەو سۆسیالیزمەی کە لە دوارۆژی کوردستان بونیادی دەنێ سیستەمێکی ئابووری - کۆمەڵایەتییە، کە تێیدا هەرکەس بەپێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ و هەر کەسیش بە پێی کارەکەی مافی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.([٤٠]) بەو پێیە ئەم دوو "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"ە لە نێوەرۆکدا جیاوازن، کەوابوو چۆن دەکرێ "سۆسیالیزمی دیموکراتیکی" فەڕەنسی نموونە و ئەزموونێک بێ بۆ "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"ی پێناسەکراو لە "کورتە باس"دا؟([٤١]).

"سۆسیالیزمی دیموکراتیکی" پێناسەکراو لە "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم (١٩٨٢)دا ڕێگەی سێهەم بوو لە نێوان

سۆسیال دێموکراسی و سۆسیالیزمی مەوجوود، واتە هەم سنووربەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود بوو، هەم لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی و هەوڵێک بوو بۆ دابینکردنی سۆسیالیزمێک تێکەڵ بە دێموکراسییەکی حەقیقی.

لەگەڵ ئەوەدا کە "حدکا" حیزبێکی مارکسی - لێنینی یان کۆمونیست و بە گشتی حیزبی چینی کرێکار نەبوو و سەرەڕای جیابوونەوەی "پەیڕەوانی کونگرەی چوارەم" و شکستی مێژوویی حیزبی توودە لە ئاکامی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبەدا، بە جۆرێک کە نە لە کوردستان و نە لە ئێراندا ڕۆڵی نەما، بەرهەڵستکاریی لەگەڵ سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە نێوخۆی "حدکا" نیشانەی قووڵایی هاوسۆزی ئەندامانی ئەم حیزبەیە بۆ گوتاری چەپی ڕادیکاڵ و لەوە بەدوا کێشە و ململانێ لە نێوان باڵی چەپ و باڵی ڕاستدا نییە لە نێوخۆی "حدکا"دا، بەڵکوو لە نێوان چەپەکاندایە لەسەر خوێندنەوەی جیاواز بۆ سۆسیالیزم واتە تێڕوانینی ڕادیکاڵ و نیوەند.

بایەخ - نەدانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بلۆکی سۆسیالیستی بە ڕووداوەکانی کوردستان ڕێبەرانی جووڵانەوەی نەتەوەیی-دیموکراتیکی کوردی ناچار کرد، بە ڕوانگەکانی خۆیاندا بچنەوە. عەبدولڕەحمان قاسملوو توانی لەگەڵ حیزبەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەورووپا کە لە چوارچێوەی بەرنامەی مافی مرۆڤدا یارمەتیی ماددی و مەعنەوییان دەکرد پێوەندی بگرێ([٤٢]). لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە نوێیەدا کە قاسملوو داوای لە سۆسیالیستەکانی فەڕەنسا کرد بۆ دامەزراندنی پێوەندیی حیزبەکەی دەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکانی دیکە یارمەتیی بدەن و لە ئاکامدا پشتیوانیی فەڕەنسییەکان، نەمساوییەکان و سویدییەکانی وەدەست هێنا. حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا لە ڕێگەی ڕێکخراوی ٢١ تەمموز یارمەتیی بە "حدکا" دەکرد([٤٣]). کریس کوچێرای فەڕەنسی لەم بارەوە دەڵێ: "سکرتێری "حدکا" زۆر زوو بە کردەوە دەبێتە لایەنێکی کەم وێنە بۆ دیپلۆماتەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا و حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا. قاسملوو کە پێشتر بەهۆی لیۆنێل ژۆسپەن، سکرتێری یەکەمی حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا ڕێگەی دیداری پێ درابوو، لەمە بەدوا هەمیشە بۆ کونگرەکانی حیزبی سۆسیالیست بانگهێشت دەکرێ و لە ڕەوتی ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەدا، لەگەڵ ڕێبەرانی چەپی ئەورووپاشدا پەیوەندی دادەمەزرێنێ([٤٤]). بێ-گومان گرتنەبەری ڕێبازی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" لەلایەن "حدکا"وە لەم پشتیوانی و پێشوازییەی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەورووپادا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە.

توندوتۆڵ-بوون و بەردەوامیی ئەو پەیوەندییانە دواجار بوو بەهۆی ئەوەی کە "حدکا" ڕێگەی بۆ گەورەترین ڕێکخراوی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال - دیموکراتەکانی دنیا بکرێتەوە. ساڵی ١٩٨٦ حەڤدەهەمین کۆنگرەی "ئینترناسیۆنال سۆسیالیست([٤٥])" لە شاری "لیما" پێتەختی پێرۆ پێک هات. قاسملوو بە نوێنەرایەتیی "حدکا" لەم کونگرەیەدا بەشدار بوو. لەو کاتەوە "حدکا" بۆ هەمووو کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئەو کومەڵە جیهانییە بانگهێشت کراوە و دواجار لە ١١ی

سپیتێمبەری ١٩٩٦ لە بیستەمین کونگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا بە ئەندام وەرگیرا([٤٦]). ڕێبەریی "حدکا" لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ سیاسەتێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە کوردستان پیادە بکا، مەیلی زۆری ئەوان بە ئەزموونەکانی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا لە بوارەکانی کومەڵایەتی و ئیداری لەوەڕا سەرچاوەی دەگرت؛ بەتایبەتی کە دەسکەوتەکانی سۆسیال دیموکراتەکان بە پلەی یەکەم لەگەڵ داکوکی لە بارودۆخی ماددیی زەحمەتکێشان، چوونەسەری ڕادەی خۆشگوزەرانییان و هەنگاوی کاریگەر لە بواری ئابووریدا بوو([٤٧]).

"حدکا" ڕێبازی نوێی خۆی کە لە کردەوەدا بەرەو سۆسیال دێموکراسی ڕۆیشتبوو لە ڕووی سیاسی- تیۆرییەوە بە دێکومێنت نەکرد([٤٨])، ئەگەر مەرگ مەجالی بە قاسملوو دابا([٤٩])، ئەم کارەی دەکرد، بە تایبەتی تیرۆر کردنی لە ١٣ی تەمموز ١٩٨٩دا تا ڕووخانی دیواری بەرلین لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا کەمتر لە چوار مانگی خایاند. ڕووخانی دیوای بەرلین و هەرەسهێنانی وڵاتانی سۆسیالیستی کە شکستێکی گەورە بوو بۆ بەرەی چەپ، بێ-گومان شوێنەواری جیددی لەسەر خاوەن تێڕوانینە چەپە ڕادیکاڵەکان لە نێو حدکادا([٥٠]) دەبوو و قاسملوو کە ئەزموونی وەرنەگرتنی "سۆسیالیزمی دیموکراتیکی" لەلایەن چەپە ڕادیکاڵەکانەوە هەبوو، ئیتر نیگەران نەدەبوو لە بە سیاسی - تیۆریزەکردنی ئەو ڕێبازە نوێیە.

## سەرچاوە:

([١]) حامید گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، بەرگی دووەم، ل ٤٤٩.

([٢]) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا، ١٩٩٧، ل ٤٢ - ٤٣. لە کونگرەی چوارەمدا ١٣٥٨ (١٩٨٠ز) "سۆسیالیزمی زانستی" و لە کونگرەی پێنجەمدا ١٣٦٠ (١٩٨١ ز) "سۆسیالیزمێک کە وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتمان" بێ پەسند کرا. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کونگرەی چوارەم، کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی (حدکا)، ڕەشەمەی ١٣٥٨. بەرنامە و پێڕەوی ناوەخۆی "حدکا" پەسەندکراوی کونگرەی پێنجەم، سەرماوەرزی ١٣٦٠ (دیسەمبەری ١٩٨١ ز).

([٣]) بە ڕاشکاوی دەبێ پێ لەوە بنێین کە شێوە هەڵدانی "سۆسیالیزمی مەوجوود" لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بە تەواوی جێگای ڕەزامەندی نییە و هەندێک هەڵە لەم بارەوە کراون کە زۆربەیان لە هەلومەرجی تایبەتی و بابەتییەوە سەرچاوەیان گرتوە. کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، لە بڵاوکراوەکانی کومسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گەلاوێژی ١٣٦٢، ل ٥ - ٦.

([٤]) شیکردنەوەی "کورتە باس" لە بڵاوکراوەکانی کومسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پووشپەڕی ١٣٦٣، ل ١٢.

([٥]) ئێمە لە خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەماندا یەکیەتیی سۆڤیەت بە دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیی خۆمان دەزانین کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٣٥.

([٦]) شیکردنەوەی "کورتەباس"، ل ٧.

([٧]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٢٥.

([٨]) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

([٩]) شیکردنەوەی کورتەباس، س.پ، ل ٦.

([١٠]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، س.پ، ل ٢٤.

([١١]) ئیسماعیل بازیار، قاسملوو، ناسیۆنالیزم و ئەندێشەی چەپ، قاسملوو تیتۆی کورد (٣)، کوردستان، ژمارە ٧٠٩، ١٥ خەرمانانی ١٣٩٦، ٦ سێپتێمبەری ٢٠١٨، ل ٤. ئێرەجی کەشکۆڵی لە کادرەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تووده دەڵێ: " قاسملوو لە وەی کە مارکسییە ئێرانییەکان لە کوردستان لاوانی کورد بەرەو کومونیزم کەمەندکێش بکەن ناڕازی بوو. حمید شوکت، نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران، گفتوگو با ایرج کشکولی، ١٣٨٠، ص ١٢٩. ڕێکخراوی چەپی بچووکی سەرانسەری "اتحاد مبارزان کۆمۆنیست (سهند) بە تێکەڵ-بوون لەگەڵ کومەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی ئێران، ئەم ڕێکخراوەی لە هێڵی نەتەوەیی بە تەواوی دوور خستەوە. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: بەهمەن سەعیدی، ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سکتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، ٢٠١٠، ل ٦٧- ٩٠؛ وحید عابدی، بازنگری کومەلە در مسیر تاریخ، سلیمانیه، ٢٠١٢.

([١٢]) سۆسیال ئیمپریالیست: بە دوای دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی چین و سۆڤییەت لەسەر پرسی ئایدۆلۆژی، چینییەکان ئەو ناو و نیشانەیان لە سۆڤییەت نا و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سۆڤییەت هێزێکی ئیمپریالیستییە تا بەکەڵکوەرگرتن لە ناوی سۆسیالیزم بەسەر وڵاتانی دیکەدا زاڵ بێ. گرووپەکانی وەک: کۆمەڵە، یەکیەتیی کۆمۆنیستەکان (سەربەداران)، پەیکار و چەند گرووپی دیکە بەهەمان شێوە دەیانڕوانیە سۆڤییەت (حسین علیزاده، فرهنگ خاص علوم سیاسی، تهران، ١٣٧٧، ص ٢٦٢).

([١٣]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، س.پ، ل ٣٢.

([١٤]) ئینترناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری: ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار بەهۆی مارکس و ئەنگلس لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست و لە دروشمی "کرێکارانی جیهان یەک-گرن" هاتە ئاراوە، کە مەبەست هاوپەیوەندیی پرۆلیتاریای هەموو جیهان لەشەری دژی سەرمایەدارییدایە. بەدوای پێکهاتنی یەکیەتیی سۆڤیەت و بە تایبەتی لە سەردەمی ستالیندا، ئەم وڵاتە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ناوەندی ئینترناسۆنالیزمی پرۆلیتارییە و نازناوی ناوەندی زەحمەتکێشانی جیهانی بە خۆی دا. ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری لەلای ستالین مانای پەیڕەوکردنی بێ ئەملاوئەولا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو بڕوانە: (کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس، مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، وەرگێرانی: م.ا. ڕەوەند، ب.ش.چ، ١٩٧٠)؛

(داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی (فرهنگ اصلاحات و مکتبهای سیاسی) چاپ سیزدهم، تهران، ١٣٨٥، ص ٤٥)؛ (حسین علیزاده، م.ق، ص ٢٤٢).

([١٥]) لە ١٩ی ئوکتوبەری ١٩٥٦ "ڤلادیسلاڤ گومولکا" بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی پۆلۆنیا کە لە ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە بە سیمبولی بەربەرەکانی لەبەرامبەر زێدەخوازی و دەستڕۆیشتوویی سۆڤیەت لەو وڵاتە دادەنرا. لە کۆتایی هەشتەمین پلینۆمی حیزبدا، بڕیار درا سنوورێک بۆ دەسەڵاتی پۆلیسی ئاسایش دابنرێ، سانسۆر کز بکرێ، ئەنجومەنە تازە دامەزراوەکانی کرێکاران کرانە ڕەسمی و بڕیاری ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی هێور و ماقووڵ بەرامبەر کۆمەڵەی جووتیاران و کلیسەی کاتۆلیک درا و نرخ و بایەخی پەرلەمانی زیادی کرد. لە سەرتاسەری پۆلۆنیادا و بە لای سنووریشەوە، هیوای هەڵتەکاندنی سیستەمی بیروکراتی و بەرقەرارکردنی سیستەمێکی سۆسیالیستانەی دێموکراسییانە گەشەی کرد. ڕێبەرانی سۆڤیەت بەم ڕووداوانە تووڕە بوون و هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازییان کرد. گومولکا، ڕێبەرانی سۆڤییەتی دڵنیا کردەوە کە پۆلۆنیا وەک هاوپەیمانی بلۆکی سۆڤییەت دەمێنێتەوە و ساڵی ١٩٥٨ دەزگای بیروکراتی جێ پێی خۆی قایم کردەوە و کۆتایی بە گشت هەنگاوە دێموکراسییەکانی هێنرا و ژیانی سیاسی لە قەفەز خزێندرایەوە و گومولکا لە بوونی هێزەکانی سۆڤییەتی لە پۆلۆنیا خۆی گێل کرد. (عباسقلی غفاری فرد، تاریخ اروپا از آغاز تا پایان قرن بیستم، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٧، ص ٦١٠- ٦١١)؛ (ڤولگانگ لیۆنهارد، کۆمونیزمی ئەوروپایی، ڕاستبوونەوەیەک بەرووی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، وەرگێرانی: د. کوردۆ عەلی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٠٣- ٢٠٤).

([١٦]) هەنگاریا(مەجارستان): لە ساڵی ١٩٤٥ "ئیمیرەناگی" بوو بە سەرۆک-وەزیرانی مەجارستان و لە وڵات ئازادیی ڕاگەیاند و یاسای دەسەڵاتی تاک - حیزبیی کۆمۆنیستی هەڵوەشاند و کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤیەتی لە کار وەلا نا و خۆی دەوڵەتێکی بێلایەنی پێک هێنا و لە پەیمانی ڤارشۆ هاتە دەرێ. لەبەرامبەریدا بەرەیەکی کۆمۆنیستی بە ڕێبەری بانوش کادار پێک هات و داوای یارمەتیی سەربازیی لە سۆڤیەت کرد. سوپای سۆڤییەت دەستێوەردانی کرد و بە کوشتاری هەزاران مەجاریی ئازادیخواز کە لایەنگری ناگی بوون، ڕاپەڕینی خەڵکی سەرکوت کرد. ناگی لە ساڵی ١٩٥٦دا ئیعدام کرا و لایەنگرانی دەستبەسەر کران و دەوڵەتی کادار بەهێز کرا. محمود مجحوب، فرامرز یاوری، گیتی شناسی کشورها، جغرافیای طبیعی، سیاسی، اقتصادی و تاریخی، چ چهارم، تهران، ١٣٦٥، ص ٣١١.

([١٧]) بەهاری پراگ: لە ساڵی ١٩٦٨ ئێلکساندر دۆبچێک بوو بە سەرۆک وەزیرانی چیکۆسلۆڤاکیا و بوو بە هۆکاری سەرەکیی جووڵانەوەی لیبرالیزم لەو وڵاتە و سانسۆر لەسەر چاپەمەنی کەم بۆوە، ڕێگری لەسەر هاتنی چاپەمەنیی دەرەکی لابرا و ڕۆژ بە ڕۆژ هەنگاوی نوێ لە پێناوی وەدیهاتنی "سۆسیالیزم بە سیمای مرۆڤ دۆستانە"دا دەهاوێژرا." لە پرۆگرامی نوێی چاکسازیخوازانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیادا کە بەهاری ١٩٦٨ ڕاگەیەندرا، هاتبوو: "ئێمە مۆدێلێکی نوێی سۆسیالیزممان دەوێ، دەمانەوێ هەوڵی هێنانەکایەی مۆدێلێکی نوێی ئەوپەڕی دێموکراسییانە بدەین کە لەگەڵ هەلومەرجی چیکۆسلۆڤاکیا گونجاو بێ". ئەم دۆخە جێی پەسەندی ڕێبەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتی نەبوو و هەر بۆیە بڕیاریان دا کۆتایی بە مۆدێلی "سۆسیالیزم بە سیمای مرۆڤانە" بهێنن. لە ٣٠ی ئاگۆستی ١٩٦٨دا هێزەکانی پەیمانی وارشۆ بە ٢٤ لەشکر چوونە نێو چێکۆسلۆڤاکیا و کۆتایی یان بە "بەهاری پراگ" هێنا و دوبچەکیان لەسەر کار لابرد. غلامرضا علی بابایی، فرهنگ علوم سیاسی، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٩، ص ١١٩؛ عباسقلی غفاری فرد، تاریخ اروپا از آغاز تا پایان قرن بیستم، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٧، ص ٦٢٤؛ ڤولگانگ لیۆنهارد، س.پ، ل ٢٧٥.

([١٨]) چەپی نوێ: بزاڤێکی سیاسی کە لە دوو دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا لە ئوورووپا و ئەمریکا و ژاپۆن دەرکەوت و هۆکاری دەرکەوتنی ناڕازیبوون لە چەپی کۆن بوو. ئارمانخوازی (ئایدیالیزمی) چەپی نوێی لیلتر و ڕۆمانسیتر لە چەپی کۆنە و زۆرترین مەیلی بە "کردەوەی

ڕاستەوخۆ"یە تا شێوازێکی بەرنامە-بۆداڕێژراوی چەپی کۆن. چەپی نوێ پانتاییەکی زۆر و ئاراستەی سیاسیی جۆراوجۆر لە-خۆ دەگرێ وەک: سۆسیالیزم، ئانارشیزم، کاسترۆنیزم، تروتێسکینزم، ماویزم و فۆڕمی جۆراوجۆری مارکسیزمی نوێ. گرنگترین دەرخستنی پراکتیکی بزاڤی فیکری چەپی نوێ ڕاپەڕینی مانگی مای ١٩٦٨ بەتایبەت لە فەڕەنسا بوو. ئەو بزاڤە بوو بە هۆی سەرسام-بوونی زۆر لە مارکسی و سۆسیالیستەکان، چون دەرکەوت کە پێکهاتنی دۆخی شۆڕشگێری لە کومەڵگە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان لە دۆخی ئارام و سەقامگیری سیاسی و خۆشگوزەرانیی ئابوورییشدا مەیسەرە. لە بزاڤی چەپی نوێ ئیتر حیزب و ئەنجومەن و تەنانەت چینی کرێکار بە هۆکاری ڕزگاری دانانرێن. ئەم بزاڤە بە تایبەت لە دەیەی ١٩٦٠ لە نێو خوێندکاران، لاوەکان و کەمینە ڕەگەزییەکان لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکایی پێگەی هەبوو. کاردانەوەی هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە چەپی نوێ دوژمنانە بوو. حسین بشیریە، اندیشەهای مارکسیستی، چاپی دوم، تهران، ١٣٧٨، ص ٢٠٥- ٢١١؛ داریوش آشوری، م.ق، ص ١٢١.

([١٩]) ئورۆکومونیزم: ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم - جار ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی ڕۆژنامەنووسێکی ئیتالی خەڵکی میلان بەناوی "فرانکۆ بارییری" بەکار هێنرا و بە واتەی وەلانانی پرەنسیپی مارکسی "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" و پێداگری لەسەر ئازادییە گشتییەکان و هەڵبژاردنی ئازاد بوو. ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کۆمونیزمی ئەوروپای تێدا یەک دەگرنەوە لە کۆتایی حەفتاکاندا بریتین لە: سەربەخۆیی و مافی وەک یەک، گرتنەبەری ڕێبازێکی دێموکراسییانە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، بەرەیەکی سیاسی بەربڵاو بێ داواکردن بۆ پێشڕەوایەتی، مارکسیزمێکی کراوەتر و پشتبەستن بە دیالۆگ، هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرامبەر سۆڤییەت و ئەورووپای خۆرهەڵات، هەوڵدان بۆ هێنانە-کایەی سیستەمێکی سۆسیالیستیی پلۆرالیستی دێموکراسییانە و سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوە. گرینگترین پارتەکانی کۆمونیزمی ئەورووپی بریتین لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا، پارتی کۆمۆنیستی سوید، پارتی کۆمۆنیستی یۆنان و پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا (ڤولگانگ لیۆنهارد، س.پ، ل ٢٢- ٤٧)؛ (حسین علیزادە، م.ق، ص ١٠٧).

([٢٠]) بیرۆکەی لە چەشنی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" لە ئێراندا بۆ خەلیل مەلەکی، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی توودە دەگەڕێتەوە کە ساڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧) لەو حیزبە جیا بۆوە. هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەی مەلەکی لە حیزبی توودە بە-ستراوەیی بێ مەرجی ئەو حیزبە بە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤییەت و گوێڕایەڵیی کوێرانە بوو. مەلەکی بە ڕەتکردنەوەی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا و کومونیزمی ڕۆژهەڵات، ڕێگاچارەی سێیەمی هێنایە ئاراوە، واتە پێکهاتەیەک لە ئەندێشەی سۆسیالیستی و نەتەوەیی کە بە سۆسیالیزمی ئێرانی ناوی دەرکرد. مەلەکی یەکەم ئێرانی بوو کە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١) لەلایەن ڕێکخراوی "ئینترناسیۆنال سۆسیالست" وەک نوێنەری "کۆمەڵەی سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی ئێران" وەک چاوەدێر بەشداریی لە کونگرە و کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە لە نەمسا و ئیتالیا کردوە. (خلیل ملکی، خاطرات سیاسی، با مقدمە محمدعلی همایون کاتوزیان، چاپ دوم، اروپا، آذر ١٣٦٠، محمد طبیبیان و دیگران، اندیشە آزادی (نگاهی بە اندیشەی چپ گرایانە در نهضت مشروطە)، چاپ سوم، تهران ١٣٩١، ص ٤٦- ٤٧ و غلامرضا نجاتی، تاریخ بیست و پنج سالەی ایران (از کودتا تا انقلاب)، جلد اول، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩، ص ١٥٧.

([٢١]) جەعفەر شەفیعی، حیزبی دێموکرات: سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟ کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیسم، پێشڕەو، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، ، ژمارە ١٠، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٦٣، (١١ دیسەمبەری ١٩٨٤).

([٢٢]) سارا محمود، سوسیالیزم دمکراتیک یا انتظار برای روز قیامت، نقدی بر نگرش حزب دمکرات، راە کارگر تئوریک، ارگان سازمان کارگران انقلابی ایران (راە کارگر)، شمارە ٦، مرداد ١٣٦٧.

([٢٣]) عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی دووەم، س.پ، ل ٥٣. گادانی پێی وایە ئەم کۆنگرەیە تا ئەوکات پڕ کێشەترین کۆنگرەی حیزب بووە. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، بەرگی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٨، ل ٣٣٥.

([٢٤]) د. حوسێن خەلیقی، ژان و ژیان، بەرگی سێیەم، ١٩٨٣- ١٩٨٨، سوید، ٢٠٠٢، ل ١٢٥؛ حامید گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا (١٩٧٩-١٩٨٩)، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤٥٥.

([٢٥]) بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کونگرەی شەشەم، ڕێبەندانی ١٣٦٢، فێبریوەری ١٩٨٤ز.

([٢٦]) حامید گەوهەری کە لە نەیارانی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" بوو دەڵێ: "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" لادان بوو لە ئامانجی "حدکا" لە سۆسیالیزمەوە بۆ سۆسیال دێموکراسی (حامید گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، س.پ، ل ٤٥٢). حوسێن خەلیقی، ئەندامی کومیتە-ی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کونگرەی شەشەم پێی وایە: سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە "کورتە باس"دا بە کورتی و بە پوختی سۆسیال دێموکراسیی ئورووپای ڕۆژئاوایە (د.حوسێن خەلیقی، س.پ، ل ١٣٢). کەریم حیسامی کە بەشداری کونگرە نەبوو، دواتر نامیلکەیەکی لەسەر کورتەباس بڵاو کردەوە و تێیدا "کورتەباس" بە ڕێبازی سۆسیال دێموکراسی دادەنێ. بڕوانە: کەریم حیسامی، لێکۆڵینەوە، کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم، بەفرانباری ١٩٨٤.

([٢٧]) کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم، س.پ، ل ٢٧.

([٢٨]) بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی "حدکا" پەسەندکراوی کونگرەی شەشەم، ل ٢١.

([٢٩]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٩.

([٣٠]) داریوش آشوری، م.ق، ص ٢٠٦.

([٣١]) "کورتە باس" لەسەر ستالین بەم چەشنە دەدوێ: "ڕێزدانان بۆ پێڕەوی نێو خۆی حیزب بۆ ستالین بێگانە بوو. لە زەمانی دەسەڵاتدارەتیی ستالیندا زۆربەی ئەوانەی کە لەگەڵ شێوەی بەڕێوەبەریی ستالین هاودەنگ نەبوون وەلا نران و پاک کرانەوە، نموونەی بەرچاوی ئەو کارە کومیتەی حیزبی بەڵشەفی بوو لە "لێنینگراد" کە لەناو بران، هەروەها شکستی پرۆژەکانی ستالین لە ڕووی ئابوورییەوە بە تایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا و بە زۆر دروستکردنی (کەلخۆز و سالخۆز) کە چ شوێنەوارێکی خراپی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی سۆڤییەت دانا. کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ١٥.

([٣٢]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، س.پ، ل ٧. مارکس لەبارەی سیستەمی سەرمایەدارییەوە دەڵێ: "پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان تێیدا پەکی دەکەوێ و دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم هێزی بەرهەم-هێناندا، بەتایبەتی لە نێوان تەنگژە ئابوورییەکانی نێو دەوڵەتی و شەڕی بەردەوام و درێژخایەن و هەژاریی کرێکاران و کەڵەکەبوونی زیادەی بەرهەم لەلایەن سەرمایەدارەکان، ئەم ناسازییانە لە سیستەمی سەرمایەداریدا کاتێک دەگەنە ئەو پەڕی خۆیان ئیدی هیچ چارەیەکی نابێ و دەبێتە مایەی بەرپابوونی شۆڕش و چینی کرێکارانیش دەسەڵات و دەوڵەت و ئامرازی بەرهەمهێنان بە دەستەوە دەگرن و سەردەمێکی نوێ پەیدا دەبێ (د. هاشم یەحیا ئەلمەلاح، دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو، لێکۆڵینەوەیەکی

شیکارییە لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێرانی: دەوەن حەسەن، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٦٨). ئیدریس ئەحمەدی پێی وایە ڕاستە قاسملوو وەک نووسەری "کورتەباس" بەپێی تێگەیشتنی دیالیکتیکی پێی وابوو سەرمایەداری کۆتایی پێ دێ، بەڵام پێمان ناڵێ کە حەتمەن دواشێوەیەک لە کۆمەڵگادا بەدوایدا دێ و بەو شێوەیە مێژوو کۆتایی پێ دێ. بە واتایەکی دیکە قاسملوو بۆچوونی دیترمینستی (جبرگرایی) نیە و ئەوەش نەوەک تەنیا لە مارکسیستەکان جیای دەکاتەوە بەڵکوو لە مارکسیشی جیا دەکاتەوە (ئیدریس ئەحمەدی، لە هێگڵەوە هەتا قاسملوو، تیشک، گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە ٢١، کومیسۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران دەری دەکا، ١٣٨٧، ل ١٥ - ٦٥).

([٣٣]) پاش بەدەسەڵات-گەیشتنی خرۆشۆف (١٩٥٥ - ١٩٦٤) و پێکهێنانی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت، پرۆفیسۆر ئولیانوونسکی و هاوکارانی دیکەی بیردۆزیی "گەشەی نا سەرمایەداری"یان بۆ وڵاتە گەشەنەکردووەکانی ئاسیایی و ئەفریقایی دارشت. بنەمای ئەو بیردۆزییە لە سیاسەتی دەرەوەدا داشکان بەلای وڵاتانی سۆسیالیستیدا، بەتایبەتی ئەگەر تێکەڵ (بە سیاسەتی دژە ئەمریکا دەبوو) لەلایەک و لەلایەکی دیکە لەسەر پەرەسەندنی دەوڵەت (فراوانکردنی بەشی پێشەسازیی قورس) دامەزرابوو. هۆکاری سەرەکیی ئاڵوگۆڕ لەم بیردۆزییە دەوڵەتەکانی "دێموکراتیکی نەتەوەیی" بوون کە بریتی بوون لە: دەسەڵاتێکی سیاسی لە هاوپەیمانیەتیی بەربڵاوی زەحمەتکێشان، وەک، پرۆلیتاریای گەشەکردوو، توێژەکانی وردەبۆرژوازی لە شار و گوند و هەروەها بووژانەوەی نەتەوەیی کە لە هەڵوێستی دژە ئیمپریالیستی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە مەیدان. (مهرداد مشایخی، جنبش سۆسیالستی و پروبلماتیک وابستگی، گفتوگو، فصلنامە فرهنگی و اجتماعی، شمارە ٣١، تهران، ١٣٨١، ص ٩٦). بنەمای ستراتیژیی حیزبی توودە، بیردۆزیی "گەشەکردنی نا سەرمایەداری" بوو، خاوەن-ڕایەکانی سۆڤییەتی ئەم بیردۆزییەیان داهێنا و دەیانگوت کە ڕیشەی لە ئەندێشەی "لێنین"دا هەیە. بەهۆی ئەم بیردۆزییە ئەو وڵاتانە کە بەرەو گەشەکردن دەچوون بە ڕێبەریی شۆڕشگێرانی ڕەگەزەکانی غەیری کۆمۆنیست بەمەرجی هاوکاریی نزیک لە تەک سۆڤییەت دەتوانن، سەرمایەداری تێپەڕێنن یا بە توندی بەربەستی بکەن و دواجار بەرەو سۆسیالیزم هەڵکشێن (مازیار بهروز، شورشیان آرمانخواه (علل ناکامی چپ در ایران)، ترجمە: مهدی پرتوی، ١٣٨٠، ص ٢١٦). ڕاستە ئەم بیردۆزییە ڕیشەی لە ئەندێشەی لێنیندا هەبوو، بەڵام لێنین ئەم تێپەڕاندنەی بە هۆی حیزبی کۆمۆنیست و چینی پرۆلیتاریا ئەنجام دەدا، نەک بەهۆی دێموکراتە نەتەوەییەکانی سەر بە چینی نێوەڕاست و بورژووازیی نەتەوەیی. (بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (شولودونیکوف و بوگوسلافسکی، تجربە تاریخی راە رشد غیر سەرمایەداری، ترجمە: غلامحسین متین، علیرضا جباری، تهران، ١٣٥٩).

([٣٤]) شیکردنەوەی کورتە باس، س.پ، ل ٢٢ - ٢٣.

([٣٥]) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢ - ٢٣.

([٣٦]) ساڵی ١٩٢٤ کە کۆمۆنیستەکان لە مەغوولستان بە دەسەڵات گەیشتن، پاش ٥٥ ساڵ (١٩٧٩) گرینگترین پیشەسازیی ئەو وڵاتە بریتییە لەو پیشەسازییە کە پەیوەندی بە بەرهەمی ئاژەڵییەوە هەیە. بەرهەمی نا پاڵێوراوی مەغوولستان لە ساڵی (١٩٧٩)دا (٣،١ میلیارد دولار) بووە و لە هەمانساڵدا بەرهەمی ناپاڵێوراوی ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات (سۆسیالیستی) (٨،٨٩) میلیارد دۆلار بووە. محمود محجوب، فرامرز یاوری، گیتاشناسی کشورها، جغرافیای طبیعی، سیاسی، اقتصادی و تاریخی، چاپ چهارم، تهران، ١٣٦٥، ص ٣٢٢ و ٦.

([٣٧]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٧.

([٣٨]) لنین، آثار منتخب، امپریالیزم بەمثابە بالاترین مرحلە سرمایەداری، ترجمە: م.پ هرمز، مسکو، ١٣٥٧.

([٣٩]) ساڵی ١٩٨١ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا فرانسوا میتران لە حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا سەرکەوت و سێ وەزیری لە حیزبی کۆمۆنیست لە کابینەدا بەشدار کرد. دەوڵەتی سۆسیالیستیی میتران لە ساڵەکانی ١٩٨١ - ١٩٩٢ پێداگر بوو لەسەر بەرپرسیارەتیی دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام تواناى ڕکەبەری لەگەڵ دژبەرەکانی وەک تاچێر و ڕێگانی نەبوو کە خوازیاری کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا بوون و دواجار بە ئاراستەی ئەواندا هەنگاوی نا. عباسقلی غفاری فرد، م.ق، چ ٥١٨.

([٤٠]) میشێل روکار، سەرۆکی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا لە وتارەکەی خۆیدا لە بەردەم کونگرەی ئەو ڕێکخراوە لە "لیما"، پێتەختی پیرۆ لە ساڵی ١٩٨٦دا دەڵێ: "ئەزموونی کۆمۆنیستی نیشانی داوە (هەرچەندە لەوانەیە بەدڵی ئێمە نەبێ) هیچ شتێک ناتوانێ ئاڵترناتیڤی هاندانی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای قازانجی تایبەت بێ. ئەو هاندانەی دەبێ کونترۆڵ و بەربەست بکرێ، بەڵام وەلانانی بە مانای سەقەتکردنی کومەڵگەیە و گشتگیرکردنی خاوەندارییەتیی گشتی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوویر دواجار گرفت و کێشەی زۆرتر و ئاڵۆزتر لەوەی کە خۆی چارەی دەکا، بەدوادا دێ و ئیدارەکردنی بە هیچ کەس ناکرێ. سخنرانی میشل روکار، سخنرانی در کنگرە انترناسیونال سوسیالست، لیما (پرو)، خرداد ١٣٦٥، ص ٦.

([٤١]) کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٩.

([٤٢]) او. ای، ژیگالینا و دیگران، کردستان معاصر، مترجم: کامران امین آوە، نشر روشنگری، ١٣٩٥، ص ١٣٩.

([٤٣]) کارۆل پرۆنهووبێر، خولیا و مەرگی قاسملوو، وەرگێڕانی: فەتاح کاویان، پێداچوونەوە: عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٤٤ - ١٤٥. لە کونگرەی حەوتەمی "حدکا" ١٣٦٤ (١٩٨٥ز) ئەم حیزبانە پەیامی پیرۆزباییان ناردبوو: حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا، حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا، حیزبی کۆمۆنیستی بەلجیکا، حیزبی کۆمۆنیستی نەمسا، حیزبی کاری سویسرا اسناد کنگرە هفتم "حدکا" ٢٦ - ٢٩ آذرماه ١٣٦٤، کمیسیون انتشارات کمیتە مرکزی "حدکا" اسفند ماه ١٣٦٤.

([٤٤]) کریس کوچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێڕانی: حەسەن ڕەستگار، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣١٣.

([٤٥]) ئینترناسیونال سۆسیالیست: بریتییە لەو هاوپەیمانەتییە جیهانییەی حیزبەکانی (سۆسیالیست، سۆسیال دیموکرات و کار). ئینترناسیۆنال سۆسیالیست بە شێوەی ئێستای ساڵی ١٩٥١ دامەزرێندرا، هەرچەندە پێش دووەم جەنگی جیهانی و پاشتریش پێشینەی جیاجیای هەبووە. ئەندامەکانی پێک دێن لە ١٦٧ حیزب یان ڕێکخراوی سیاسی. ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هاوپەیمانێکی حیزبە خوبەڕێوەبەرەکانە و لە بەرئەوە، ئەو مافە بەخۆی نادا کە هیچ بڕیارێکی ناچاری لە بری ئەندامانی بدا. گردبوونەوە سەرەکییەکەی بریتییە لە کونگرە، کە هەر سێ یان چوار ساڵ جارێک دەبەسترێ. لە ماوەکانی ئەم نێوانەدا، ئەنجومەن هەموو ساڵێک کۆبوونەوە دەکا، سکرتاریەتی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال (SI) لە لەندەنە (کارزان کاوسین، ئاشنابوون بە سۆسیال دیموکراتی، زنجیرە بیری سۆسیال دیموکراتی (٦) لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری

(ی.ن.ک)، ٢٠٠٨، ل ٢٧. دوو ئامانجی سەرەکی لە بەرنامەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا بریتین لە: بەرهەڵستی توندی بەرنامەداڕشتنێکی سەرمایەداری و هەرچەشنە بەرنامەڕێژییەکی توتالیتار، چونکە هەردووکیان لەمپەرن لەبەردەم چاوەدێریی گشتی بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی بەرهەمدا. سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسی پیادە ناکرێ و بە "سۆسیالیست" ناوبردنی ئەو کومەڵگەیانەی کە بە میتۆدی توتالیتار یان دیکتاتۆری بەڕێوە دەچن هەڵەیە. داریوش آشوری، م.ق، ص ٢٠٩.

([٤٦]) عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی دووەم، س.پ، ل ١٣٢.

([٤٧]) ژیگالینا، م.ق، ص ١٣٩.


([٤٨]) تەنیا بەڵگەیەک کە لە بارەی ڕێباز و بەرنامەی سۆسیال دێموکراسی لەلایەن "حدکا" وە چاپ و بڵاوکرابێتەوە، تا ئەم سەردەم وتاری "میشیل رۆکار"، سەرۆکی ئەوکاتی ئینترناسیونال سۆسیالیست بوو کە لە کونگرەی لیما (پێرۆ) سەبارەت بە ڕێباز و ئامانجی سۆسیال دیموکراتەکان پێشکەشی کردبوو. میشل روکار، م.ق.

([٤٩]) لە ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩ عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی "حدکا" لەگەڵ دوو کوردی دیکە بەناوی عەبدوڵڵا قادری، ئەندامی سەرکردایەتیی "حدکا" و نوێنەری ئەم حیزبە لە ئەورووپا و فازڵ مەلامحموود (فازڵ ڕەسول) کوردی باشووری کوردستان لە ڤییەنا، پێتەختی نەمسا، لەکاتی وتوویژ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کران، کە وەک لایەنی وتوێژکەر لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی "حدکا" لەسەر تیرۆری هاوڕێی تێکۆشەر دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتی، کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی "حدکا"، ژمارە ١٥١، پووشپەڕی ١٣٦٨، تەمموز ١٩٨٩. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: کارول پرۆنهۆبێر، س.پ؛ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیو سەدە تێکۆشان، س.پ؛ هۆشمەند عەلی مەحموود، عەبدولڕەحمان قاسملوو (ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠ - ١٩٨٩)، هەولێر، ٢٠٠٧؛ پیتیر پیلچ، ئیسکۆرت بەرەو تاران، قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ ڕاکێش کرا، وەرگێڕان: حەسەن ئەیوبزادە، ب.س، ب.ش.

([٥٠]) قاسملوو دەیگوت: بەشی زۆری کادرەکان، لانی کەم لە هەرسێ کەسان دوو کەس بە بیروبڕوای حیزبی توودە پەروەردە کراون، بۆیە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی فکر و بیریاندا کارێکی ئاسان نییە. کارۆل پرۆنهووبێر، س.پ، ل ١١٧.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# پرسی قانوون بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە مێژووی ۷۵ساڵەی حیزبی دێموکرات




**عومەر باڵەکی**

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەیە، کە ڕێکخستنی ئەو پێوەندییانە پێویستی بە کۆمەڵێک قاعیدە و قانوون و پێبەندی هەیە. ئەو کۆمەڵە بنەمایە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگەی لەسەر بێ لە سەردەمی ئێستادا بە قانوون دەناسرێ و ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک لە بواری شارستانییەتەوە پێش هەموو بابەتێکی دیکە بە ڕادەی پابەند بوونی ئەو دەوڵەتە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە قانوون دەستنیشان دەکرێ، بە کورتی دەتوانین بڵێین بەختەوەری هەر کۆمەڵگەیەک بە سیستمی قانوونی ئەو وڵاتە و شێوەی جێبەجێ کردنی قانوونەکان بەستراوەتەوە. کۆمەڵگەی کوردەواریش لەو یاسایە بەدەر نییە، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد وەک نەتەوەیەک ئەو دەرفەتەی بۆ نە ڕەخساوە کە خۆی حوکمی خۆی بکا بە واتایەکی دیکە دەوڵەت و مەجلیسی قانوون دانانی هەبێ. بەڵام هەر کاتێک دەرفەتێک بۆ کورد ڕەخسابێ یەکەم شت کە بیری لێ کرابێتەوە ڕێکخستنی کۆمەڵگەلە ڕێگای قانوونەوە بووە کە دیارە ئەو بابەتە زۆرتر لە لایەن حیزبەکانەوە کە لە حاڵی خەبات دا بوون بەڕێوە چووە، چونکە حیزبەکان ڕێبەری جووڵانەوەکانی ماف خوازی نەتەوەی کوردیان کردوە و ئەو ڕێبەری کردنە تەنیا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمندا کورت نەبۆتەوە، بەڵکوو لایەنی دیکەی وەک دروستکردنی فەرهەنگی پێشکەوتوو و سەردەمیانە و لەهەمان کاتدا ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە بواری جۆراوجۆردا لە دەستوری کاریاندا بووە و وەک ئەرک بۆ خۆیان دەستنیشان کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش یەکێک لەو حیزبانەبووە کە لەگەڵ ئەوە ئەرکی خەباتێکی خوێناوی و قورس و درێژخایەنی

لە ئەستۆ بووە لە بواری بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگەش غافل نەبووە. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٥ساڵ تەمەنی لە چەندین قۆناغی جیاوازی مێژووییدا بەڕێوەبەری و ئیدارە کردنی خەڵک و وڵاتی کەوتۆتە سەرشانی و لەهەر کام لەو قۆناغانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک یاسا و ڕیسای بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە تەنزیم کردوە و لە ڕێگای ئورگانەکانی خۆیەوە ئیدارەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێ کردووە.

بەڵام دەبینین لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نوسەران و توێژەرانەوە کەمتر ئاور لەو بابەتە دەراوەتەوە، واتا چۆنیەتیی ڕوانینی ئەو حیزبە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کە لەسەر بنەمای قانوون بووە کەمتر لێکۆلینەوەی لێ کراوە. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی یا نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بە چەند دێڕێک سووکە ئاورێک لەو بابەتە درابێتەوە هەر چەند کەمیش بێ خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکرات چەندە لە خەمی ئیدارە و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا بووە. هەر لەبەر گرینگی ئەو بابەتە لەو نووسینەدا هەوڵ دەدرێ ڕوانگەی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە قانوون و قانوون پارێزی هەتا ئەو ڕادەیە کە بەڵگەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا لەبەر دەست دابن هەوڵدەدەین باسیان بکەین کە لەو قۆناغانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بەشێک و یا نزیک بەتەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە بووە چۆن هەوڵی داوە لە ڕێگای داڕشتن و پەسند کردنی کۆمەڵێک قانوون کۆمەڵگەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەڕێوەبەرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی پڕ لە کارەسات و ڕووداوی شەڕی دووهەمی جیهانی کە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕی، لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕووناکبیری نەتەوەیی لە پێشەوەی هەمووان پێشەوا قازی محەممەد لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژێ کاف پێک هات. ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ١٣٢٠ لە ئێران بووە هۆی دروستبوونی بەتاڵایی دەسەڵات لە بەشێکی زۆر لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی، کە بەشێکی لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بەشێکی لە لایەن بریتانیاوە داگیر کرابوو. لەو بارودۆخەدا دەسەڵاتی ناوەندی هیچ حوکمێکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەبوو و زەروورییەت وای دەخواست کە ئەو هەڵە بقۆزرێتەوە و خەڵک بۆ خۆی دەسەڵاتی خۆی بگرێتە دەست. "گرنگترین بەندەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوون لە: ئازادی و خودموختاری بۆ گەلی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا، بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و کردنی بە زمانی ڕەسمی لە کاروباری ئیداریدا، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی بەرزی ئەو مەڵبەندە، دامەزراندنی یەکیەتی و پێوەندی برایەتی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان و هەموو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان لە خەباتی هاوبەشدا، باشتر کردنی وەزعی بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە تەبیعییەکانی کوردستان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەش ساخی، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانی بە ئازادی لە ڕێگای پێشکەوتن و خێر و خۆشی وڵاتەکەی خەبات بکا[١]."

## قۆناغی یەکەم

حیزبی دێموکرات لەو هەل و مەرجەدا کە هەلێک بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد هەڵکەوتبوو، هەوڵی ئەوە بوو بە باشترین شێوە کەڵکی لێ وەربگری. بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەباشی لەوە بە ئاگا بوون کە ڕاگەیاندنی دەوڵەت یا هەر سیستمێکی ئیدارەدانی وڵات بە تەنیا بەس نییە بۆ وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە نەتەوایەتییەکان، بەڵکوو دەوڵەتداری پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێکار و یاسا و ڕیسا و دامەزراندنی ئورگانیزمێکی تۆکمە لە بواری سیاسیی و ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێوەندیی دەرەکی لەگەڵ دراوسێییەکانی هەیە. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەند مانگ پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگەی ڕێک خستبوو، هێما نەتەوایەتیەکانی وەک سروودی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستانیان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناساندبوو. بەڵام بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستان کە بتوانێ تاکی کورد و یا هەر دانیشتوویەکی کوردستان بە ئاسوودەی تێیدا بحاوێتەوە و ئازادانە ژیان بەسەر ببا پێویستیان بە دارشتنەوەی قانوونەکان هەبوو، بەهۆی هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان وا بەئاسانی و بە پەلە نەدەکرا ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک بۆ پێکهێنانی پارلمان ڕێک بخرێ و ئەوە خۆی بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات گرفتێکی گەورە بوو، چونکە نیازیان بە شوێنێکی شەرعی هەبوو کە نوێنەرایەتیی ڕاستەوخۆی خەڵک بکا و قانوونەکانی لێ پەسند بکرێ، بەڵام هەر وەکی گوترا ئەو مەجال و دەرفەتە نەبوو، بۆیە کومیتەی ناوەندی حیزب و لە سەرەوەی هەمووان جەنابی پێشەوا قازی محەممەد بۆ چارەسەری ئەو بابەتە هەتا هەڵبژاردنی مەجلیسی کوردستان ئەرکی دانان و پەسندکردنی قانوونیان وەئەستۆ گرت و لە ڕاستیدا لە ماوەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵ و ئەرکی پارلمانی وەک سەرچاوەی قانووندانان گێرا، بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە دەتوانین ئیشارە بە لاپەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات وەک بەڵگەی نوسراو بکەین و دەبینین زۆربەی زۆری قانوون و بریار و قەرارەکان لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە پەسند کراوەن و وەک قانوون لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا کاریان پێکراوە.

بۆ زیاتر دەرخستنی ئەو بابەتە هەرچەند بەکورتیش بێ دەتوانین پشت بە کۆمەڵێک ڕوانگەی نوسەران و کەسایەتیی سیاسیی و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببەستین. د.قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا بەم شێوەیە باس لە دابینکردنی ئەمنیەت لە کۆماری کوردستاندا دەکا: "دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک سەرکەوتنێکی بەرچاوی کۆماری کوردستان بوو، لە کاتێکدا بە هەزاران کەس چەکدار بوون، لە ماوەی یازدە مانگدا تەنیا یەک کەس کوژرا. دزی هەر نەمابوو، بەرتیل خواردن کە لە زمانی شادا دیاردەیەکی زۆر بڵاو بوو، لە کۆماری کوردستاندا بە تاوانێکی

گەورە دەزانرا." هەروەها جەعفەر عەلی لە کتێبی ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردیدا دەڵێ: "پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، قازی محەممەد وەک سەرکۆمار دیاری کرا و، لە ١١ی فێوریەی ١٩٤٦یش بڕیاری پێکهێنانی دامودەزگای حکومەت درا، کابینەیەکی وەزیران کە بە هەیئەت ڕەئیسەی میللی دەناسرا، بە سەرۆکایەتیی حاجی باباشێخ پێک هێنرا. ئەو هەیئەت ڕەئیسەی میللییە دوای سەرکۆمار بە بەرزترین دەزگا و دەسەڵات دادەنرا. حکوومەتی کوردستان وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە لە کاروباری ناوچەکەدا دروست ببوو، دامەزرێندرا، لەجیاتی بەکارهێنانی زاراوەکانی وەزیر و وەزارەت بە گشتی دەربڕینەکانی (ئیدارە) و (سەرۆکی ئیدارە) بەکاردەهێنرا. بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکییەکیش لەگەڵ دەستووری ئێراندا دروست نەبێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بەرپرسی قانووندانان بوو، نەک کۆماری کوردستان."

دوکتۆر مارف عومەر گوڵ لە کتێبی (کێشەی کەسایەتیی یاسایی نیو نەتەوەیی گەلی کورد)دا دەڵێ: "قازی محەممەد کرا بە سەرکۆمار و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو سەرۆکایەتیی حکوومەت ئیشوکاریان بە سەردا دابەش کرا. ئەگەر چی پارلمان پێک نەهینرابوو، بەڵام بڕیارەکان بە ناوی سەرۆکی کۆمارەوە دەردەچوون.هەروەها" نەجەفقولی پسیان "لە کتێبی" لە مەهابادی خوێناوییە هەتا لێوارەکانی ئاراس"دا لەبارەی دەسەڵاتداریی پێشەوا و بەڕێوەبەریی وڵاتەوە ئاوا دەنووسێ: " قازی محەممەد لە دەورەی دەسەڵاتداریی خۆی لە مەهابادا ڕێکاری تایبەتیی گرتە بەر بەو شێوەیە ئیزنی نەدا لە شاردا تاڵان و بڕۆ و کوشتن ڕوو بدا. ئەو شێوە کارکردن و بەڕێوەبەرییە وای کرد کە ئەمنییەت هەبێ. لە ماوەی دوو ساڵ دەسەڵاتداریی قازی محەممەددا تەنیا یەک کەس کوژرا و دابینکردنی ئەو ئەمنییەتە وای کردبوو کە خەڵک هۆگرییەکی تایبەتییان بە قازی محەممەد هەبێ. "ئەحمەد قازی" لە کتێبی (خلاصە تاریخ کردستان)دا دەڵێ: "کۆماری کوردستان شاد و سەر زیندوو بوو، و لەوێدا بە پێچەوانەی ئازەربایجان کرداری پۆلیسی بە شێوەی توندوتیژ نەبوو. خەڵک لەو پەڕی ئازادیدا دەژیان، گوێیان لە ڕادیۆ خاریجییەکان دەگرت. توندوتیژی و قەتڵ و تیرۆری سیاسی نەبوو." د. یاسین سەردەشتی لەو بارەیەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد لە کتێبی "کوردستانی ئێران"دا ئاوا باس لە هەلومەرجی ئەو کات دەکا: "بۆ پرکردنەوەی بۆشایی ئیداری و ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە کومیتەی ناوەندیی ح.د.ک چەند کۆبوونەوەیکی سازدا و لە ئاکامدا بڕیاری پێکهینانی حکوومەتێکی دا لە ژێر ناونیشانی (هیئت رئیسەی میللی) بە سەرۆکایەتیی حاجی باباشێخ." د. یاسین لە درێژەدا دەنووسێ: "دوور لە ژاندارم و ئەرتەشی شاهنشاهی لەژێر سایەی حکوومەتی کوردستاندا هاووڵاتییان بە یەک چاو سەیر دەکران و شتێک نەبوو بە ناوی هاووڵاتی پلە یەک و پلە دوو، کەمینەکان تێکڕای ئەو مافانەیان هەبوو کە کورد هەیبوو و لەسەر جیاوازیی بۆچوون و دیدی سیاسی کەس نەدەگیرا و تینوتاویان بۆ کەس نەدەهێنا. زیندانێکی نهێنی یاخود ئاشکرا بە ناوی زیندانی سیاسی نەبوو. ئەوە لە کاتێکدا نەک تەنیا لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران بەڵکوو لە ناوچەکانی

ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئازەربایجان گرتن و کوشتن لەسەر جیاوازیی بیروڕای سیاسی زۆر ئاسایی بوو." هەروەها حامید گەوهەری لە کتێبی "کۆماری کوردستان"دا بەم شێوەیە باسی قانوون پاراستن لە کۆماری کوردستاندا دەکا: "لە کۆماری کوردستاندا، وەک هەموو دەوڵەتانی سەربەخۆ و کۆماری ئازربایجان یاسا پەیرەو دەکرا، بەڵام بە پێچەوانەی دەوڵەتان و کۆماری ئازربایجانەوە، کۆماری کوردستان دەزگای یاسادانەری نەبوو، واتا پارلمانی نەبوو، هەر وەکی پێشتر بینیمان حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی حکوومەتی ڕاگەیاند و مەلا حوسینی مەجدیی کرد بە بەڕێوەبەری دەزگای دادوەریی کۆماری کوردستان". لە هەمان کاتدا حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بە ئاشتی حاوانەوە لە ناوچەکەدا لە ڕێگای دەوڵەتی کۆماری کوردستانە بێجگە لە بەرێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی وەک دەوڵەتێک هەوڵی داوە پێوەندیی دۆستانە و هاوتەراز لەگەڵ دراوسێکانی خۆی پێک بێنی و لە ڕێگای قانوونەوە و بەستنی پەیماننامەی هاوکاری کێشەکانی لەگەڵ دراوسێکانی چارەسەر بکا و بۆ ئەو مەبەستە یەکەم پەیمانی هاوکاری و لێک تێ گەیشتن لە نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازربایجان بستراو کە ڕاپۆرتەکەی بەو شێوەیە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە: "ڕۆژی سێ شەممە ٣ی بانەمەری ١٣٢٥ بە ئامادەبوونی سەرانی هەر دوو حکومەتی (کۆماری کوردستان – حکومەتی میللی ئازەربایجان) لە عمارەتی میللی ئازربایجان لە شاری تەورێز ڕێکەوتننامەیەکی لێک تێگەیشتن و پتەوکردنی دۆستایەتی لە نێوان حکومەتی کوردستان و ئازربایجان لەحەوت (٧) خاڵ دا ئیمزاکرا.[٢]"

ئەو نموونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەو کاتەدا بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانیشن، دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بۆ چرکەیەکیش نەیانهێشتوە کات بە فیڕۆ بچێ؛ بەو مانایە کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بهپێی گرینگیی بابەتە بریاریان دەرکردوە و بە ڕای گشتیی کۆمەڵگەیان ڕاگەیاندوە. دوای ڕاگەیاندنی بابەتەکە، دامودەزگای پێوەندیدار لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا هەوڵیان داوە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، واتە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا وەک پارلمان کاری کردوە و هەیئەتی وەزیران وەک دەزگای ئیجرایی، قانوونەکان و پرۆژە و گەلاڵەکانی جێبەجێ کردوون. هەروەکی پێشتر باس کرا بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانین «ڕۆژنامەی کوردستان» کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە وەک نموونە بەڵگە بێنینەوە، چونکە لە هیچ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا نابینرێ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە بێجگە لە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی، ئیمزای دیکەیان لەسەر بێ؛ تەنیا ئەو بابەتانە نەبێ کە تایبەتن و ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵگە لە خۆدەگرن کە لە ڕێگای سەرۆکانی ئیدارەکان یان وەزیرەکانەوە دەرچوون. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی بابەتەکە چەند نموونەیەک لە دەیان نموونە لەو قەرار و بریارانەی کە وەک قانوون لەو سەردەم دا کاریان پێ کراوە لێرەدا وەک خۆیان دەنووسینەوە:

### ١) گرینگی دان بەزمانی کوردی

زمانی هیچ نەتەوەیەک بێ بوونی دەسەڵاتی سیاسیی ناتوانی وەک پێویست لە بوارەکانی (قانوون، سیاسەت، ئابووری، دیپلۆماسی)دا گەشە بکا بە واتایەکی دیکە هەر نەتەوەیەک دەسەڵاتی سیاسیی هەبوو، واتا خۆی چارەنووسی خۆی دیاری کرد زمانەکەشی گەشە دەکا. بەو مانایە دەسەڵاتی سیاسیی هەموو قەرار و بڕیار و قانوونەکانی بەو زمانە دەردەکا و هەوڵ دەدا گەشەپێدانی زمانەکە درێژە پێبدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکی ئەو ڕاستییە لە ڕێگای حکوومەتی کۆماری کوردستانەوە لە کاروباری ئیداری و ڕۆژانەی خۆیدا وازی لە زمانی فارسی هێنا و ئازایانە هەنگاوی بەرەو دانانی بەردی بناغەی بە ڕەسمی کردنی زمانی کوردی هاویشتوە. بە تایبەتی بەدەرکردنی قانوونێک بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان و خوێندنەوەی خۆتبەی نوێژی جومعە بە زمانی کوردی و پێوەندی ئیداری و رایی کردنی کاروباری خەڵک لە ئیدارەکانی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان دابوو.

((ئاگاداری[٣]: بەتەواوی ئەهالی خۆشەویستی سابڵاغ ڕادەگەیێندرێت لەسەر ئەمری پێشەوای موعەزەم و قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوە بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە، لەو تاریخەوە تا ١٠رۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ و عومری ئیقتزای خوێندن بکا دەبێ بنێردرێتە مەدرەسە ئەڵبەت هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبی دەکرێ.

کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

معاونی حیزب: تەهازادە))

((ئاگاداری[٤] :

بەتەواوی زانایانی بەڕێزی کورد ڕادەگەیندرێت بۆ بەکارهێنانی وشەی کوردی کەتا ئەورۆ دەکار نەهێندراوە دەبێ لە پێشدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنەهاد بکرێ و لەوێدا تەسویب و ئیجازی دەکارهێنانی بدرێ. کەس حەقی نییە وشەیەک کە ڕوون نییە دەکاری بێنێ.))

**٢) کۆنترۆڵی بازار**

یەکێک لە پرسە هەر گرینگەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لە سەردەمی ئێستادا پرسی ڕێکخستنی بازارە، چونکە بازار لەسەر ژیانی تاک تاکی کۆمەڵگە بەتایبەت و هەموو کەڵێن و کەلەبەری ژیان بەگشتی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە هەر بۆیە کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای دامودەزگای کۆماری کوردستانەوە هەوڵ دەدا لە بواری جۆراوجۆری وەک دیاریکردنی نرخی کەلوپەل، کونترۆڵی هاوردە و هەناردەکردنی کەلوپەل و دیاریکردنی نرخی گومرگ چاوەدێری سەقامگیری بازار بکا بۆ ئەوەی خەڵک زیانیان پێ نەگا و قورسایی نەکەوێتە سەرشانی فەقیر و هەژار و لەهەمان کاتدا بازار ڕەوتی ئاسایی خۆی بەرەوە گەشەکردن و سەقامگیری تێپەربکا. نموونەیەک:

((ئاگاداری[٥]: بە گوێرەی ئەوەی کە ماڵی گەزی (میتر) حاڵی حازر لە مەنتەقەی کوردستان زۆرە، لەبەر ئەوە قەراری کۆمیتەی مەرکەزی و موافقەتی سەرۆکی موعەزەمی جمهور بۆ پێشگیری لە زەرەر و خسارەتی ئەوانەی جنسی فتورەیان زۆرە بە تەواوی میللەت ڕادەگەیەندرێت لەو بەروارەوە هەتا هەوەڵی مانگی ٩ - ١٣٢٥هیچ کەس حەقی واردکردنی مالی گەزی لە هیچ جیگایەکی نییە و بێتوو کەسێک بەرخیلافی ئەو دەستورە ڕەفتار بکات سەهلە ماڵەکەی لەلایەن گومرگی تەوقیف دەکرێ بەڵکوو زۆر بەتوندیش مجازات دەکرێ.

کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان))

((**ئاگاداری سەبارەت بە وەرگرتنی ماڵیات**[٦]:

چونکە دەوموقعەدا بە ئەمر و دەستوری سەدری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە وەرگرتنی ماڵیاتی دوو ساڵە (٢٣ و ٢٤) لە تەواوی ئەشخاس کراوە و بەرامبەر بە قانوون هەموو کەس بەشی خۆی دەبێ ماڵیات لە دەرامەتی خۆی بە سەندووق بگەیەنێ لە دوای دوو سێ جار ئاگاداری دیکە بە تەواوی ئاغایانی مالک، تاجر، مەعامەلەچی ڕەسمەن ڕادەگەیەندرێ کە بۆ وەی بزاندرێ تابعی ڕێ و شوێنی دەستورات و پێشکەوتنی میللی خۆتان لە مەوقع ئیستفادە بفەرموون و پرداخت کردنی ماڵیاتی خۆتان پێش دەستی بکەن مەخسوسەن بە عەرزوو دەگا کە بۆ تێگەیشتن لە وەزعییەتی ماڵیات و پرداخت کردنی دەتوانن مراجعە بە ئیدارەی ماڵیە لە تەنیشت مزگەوتی شادەروێشە بفەرموون و ئەلبەتە لێتان مەعلوومە کە ڕووحی میللەت ماڵیاتە و مادام وەزعییەتی ماڵی تەئمین نەبێ کارێک لە پێش ناچێ و ئیدارە لەبەر دەستوراتێکە کە دەدرێتی بە عەرزوو

دەگەینی و دەسووڕەتێکدا بۆ خۆشتان حازر نەبن ماڵیاتی تەواوی ئەشخاس لە تەرەف کۆمیسیونەوە ڕۆدەندرێ و ئەو وەختیش ڕای کومیسیون بە هیچ کلۆجێک ئیعترازی لێ ناگیرێ و دەبێ بە بێ خۆگرتن پەرداختی بفەرموون.

ڕەئیسی ماڵی شاری مەهاباد))

### ٣) بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پارستنی مافی مرۆڤ

لە هەر کۆمەڵگەیەک دا تەندروست بوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ نیشانەی پێشکەوتووی ئەو کۆمەڵگەیەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا بە پشتیوانیی خەڵک کۆماری کوردستانی دامەزراند کە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنچینەی عەشیرە و تایفە ڕەچاو دەکران. حیزبی دێموکراتی کوردستان خوازیاری ئەوە نەبوو کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە قافڵەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دوابکەوێ پێ بەپێی بوارەکانی دیکەی ژیان کاری لەسەر پیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکرد و هەوڵی دەدا خەڵکی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە کۆمەڵێک ماف ئاشنا بکا کە هەتا ئەودەم باس کردنیان نەک بڤە بوو بەڵکوو زۆر جاران لادان لە داب و نەریت دەبوو بە تاوانی گەورە. بۆ نموونە لەو سەردەمدا ڕەنگە بە بیر و فکری کەم کەسدا هاتبێ کە کچ بتوانێ بە دڵخوازی خۆی هاوسەر بۆخۆی دیاری بکا و تەنانەت کوڕیش کەم واهەبووە بە دڵی خۆی ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری وای بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەکی پێشتر باسمان کرد لە هەوڵی ئەودا بوو کۆمەڵێک لەو داب و نەریتانە کە ڕەچاوی مافەکانی تاکیان نەدەکرد بگۆڕێ و بۆ ئەو کارە چەندین بڕیار و قەراری دەرکردوە کە هەموویان حوکمی قانوونیان هەیە بۆ نموونە دەتوانین ئیشارە بەو ئاگادارییە بکەین کە باس لە دیاردەی ڕەدووکەوتنی کچان لەلایەک و بێ حورمەتی کردن بە ژنان لەلایەکی دیکەوە کە لەو سەردەمدا بۆ تۆڵە کردنەوە لە یەکتر لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دا باو بوو، دەکا. لەو ئاگادارییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا هەم ماف بدا بە کچ و کوڕ کە بەویست و ئارەزووی خۆیان هاوسەرگیری بکەن و هەم پێش بە دیاردەی دزیوی ژن ئەتک کردن وەک کەرەسەی تۆڵە ستاندنەوەی عەشیرەی لەیەکتر بگرێ.

((ئاگاداری[٧]:

ڕەدوو کەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە

لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێک بە زۆر ژنی بە مێرد، گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشی،

دەبێ بکوژرێ، ئەگەر کچیکیش بێ و ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ، ئەمما کچ خوازبێنی بکا و نەیدەنێ و مانعی شەرعی نەبێ، بەمێرد نەبێ و کچەکە ڕازی ببێ جەزای نییە وەگەرنە لە سێ مانگەوە هەتا سێ ساڵ حەبس دەکرێ.

٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان - حاجی سید باباشێخ))

بێجگە لەو قانوونانەی کە لەسەر بابەتێکی تایبەت و دیاریکراو لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە پەسند کراون و بەهۆی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بە ئاگاداری خەڵک گەیەندراون، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو سەردەمدا قانوونی سزادانی گشتی لە ٩مادده و دوو تەبسەرەدا پەسند کردووە کە ئەسڵی قانوونەکە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا [٨] بڵاوبۆتەوە کە باس لە خیانەت و جاسوسی، دزینی ماڵی خەڵک ودەوڵەت، مەستی وهەرزەیی، زۆر هێنان بۆ هاوسەر یاکەسانی دیکەی خیزان، کێشانی تریاک ومادە هۆشبەرەکان، هەڵاتن لە شەڕ و بەجێ هێشتنی چەک بۆ دوژمن، دەستدرێژی بۆ نامووسی خەڵک، وەرگرتنی بەرتیل، دەکا و بەتاوانی داناوەن و بۆ هەرکامیان سزاکەی دیاری کردووە.

((ئاگاداری لەسەر بەرتیل دان یابەرتیل وەرگرتن [٩]:

بە هۆی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مەئمورینی حکوومەتی کوردستان و میللەت ڕادەگەیێندرێت هەر کەس لەهەر مەمەرێکەوە بەهەر نێوێک لە تمەنێک تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی (چ قانوونی و چ شەرعی و غەیرە) بەرتیل و ڕشوە بدات و یا وەربگرێ لە پاش مەعلوم بوون بە خاینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ قەراری موجازاتی ئەو کەسانەش لە دەساڵ حەپس هەتا کوشتن (ئیعدام)تسویب و موقەرەر کراوە.

کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان))

## قۆناغی دووهەم. پاش کۆماری کوردستان

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان بەدەستی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەوەی دامودەزگای ئەو ڕێژیمە بۆ کوردستان دیسان کاروباری ئیداری و کۆمەڵایەتی خەڵک کەوتەوە دەستی کاربەدەستانی ڕێژیم، بەڵام خەڵکی کوردستان لە دڵ و دەروونی خۆیاندا بەو وەزعە ڕازی نەبوون و ئاواتەخوازی گەڕانەوەی دامودەزگای ئیداری کۆماری کوردستان بوون. هەر بۆیە دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ کاتێک یەکەم ڕێکخستنەوەکانی تەشکیلاتی حیزب خۆیان گرتەوە و بە دوور لە چاوی کاربەدەستانی

ڕێژیمی پاشایەتی خەریکی کار و تێکۆشانی حیزبی لە نێو خەڵکدا بوون، بۆ جارێکی دیکە بوونەوە جێگای متمانەی خەڵک و لە هەمان کاتدا خەڵک بۆ چارەسەری کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانەیان ڕوویان لە کادرەکانی حیزب کرد. لەگەڵ ئەوەدا کادرەکانی حیزب لەبەر هۆکاری ئەمنی و پارستنی گیانی خۆیان و ئەندامانی حیزب بەنهێنی و دوور لە چاوی دەزگای پۆلیس و ئەمنی ڕێژیمی پاشایەتی دەجوولانەوە بەڵام پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکدا بە چەشنێک بوو کە سکاڵاکەر و سکاڵالێکراو یا بە واتایەکی دیکە خەتاکار و بێ خەتا چاوەڕوانی هاتنی کادرەکانی حیزب دەبوون بۆ ئەوە بە سکاڵایان ڕابگەن. هەروەکی گوترا متمانەی خەڵک بە حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆر بوو کە هەر دوو لای کێشەکە بە بڕیاری کادری حیزبی ڕازی دەبوون و سوڵحیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئەو شێوەکارە بە تایبەتی لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی بە تەواوی لە نێو خەڵکدا جێ کەوتبوو و ڕاگەیشتن بە سکاڵای خەڵک ببوو بە یەکێک لە کارەکانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

### قۆناخی سێهەم، دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧

#### ١) پەسندکردنی گەڵاڵەی کومیسیونی قەزایی وقانوونی سزادانی گشتی

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی و دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە قۆناغێکی دیکەی خەباتدا دیسان ئەو حیزبە ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی کەوتەوە سەرشان بە تایبەتی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بە ناحەقی بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستادا سەپاند و کوردستانی لە هەموو بارێکەوە (ئابووری، فەرهەنگی و پەروەردە، تەنانەت هاتوچۆ و ڕاگواستن) ئابلۆقەدا بوو، لە قۆناغە هەستیار و ناسکەدا حیزبی دێموکرات دوو ئەرکی گرینگی کەوتبوو سەرشان: هەم دەبوایە لە بەرامبەر هێرشی سوپای بێ ئەمانی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان دیفاع بکا و هەم ئیدارەی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک بکا واتە بەڕێوەبەری وڵاتی کەوتبوو سەرشان، چونکە لە کوردستان بۆشایی دەسەلات و حوکمڕانی دەوڵەت بە تەواوی دیاربوو و زۆربەی ئیدارە و شوێنە گشتییەکان کە حکومەت دەبوایە ئیدارەیان بکا یان تەعتیل بوون یان وەک لە کۆڵخۆکردنەوە کاریان دەکرد. "لە حاڵەتێکی وادا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک بەڕێوەبەری بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد پێویست بوو بەپێی توانا لە فکری ڕایی کردنی گیر و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکدا بێ. شتێکی سروشتییشە کە وەختێک هەزاران کیلۆمیتر لە خاکی کوردستان لەژێر دەسەلاتی پێشمەرگەدا بوو، ڕۆڵەکانی گەڵ بۆ چارەسەری هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان سکاڵایان بردە بەر بنکەکانی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی حیزب.[١٠]" لە قۆناغێکی وا هەستیاردا حیزبی دێموکرات کە حیزبی هەڵقولاو لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکەوە بوو شانی وەبەر هەر دوو مەسئولیەتدا و بە پێی

توانای خۆی هەوڵی دا بە وەرێخستنەوەی ئیدارات و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بۆشایی دەسەڵات و حاکمیەت پڕ بکاتەوە. دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش، پەروەردە و بارهێنانی مامۆستایانی شۆڕش و چاپی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی حیزب ئەوانە و دەیان کاری دیکە لە کارە بە نرخەکانی حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا بوون. لە هەل و مەرجێکی ئاوادا کە شەڕێکی قورس لەلایەن کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپا بوو هەر وەکی گوترا ئەرکی قورسی دیفاع و بەربەرەکانی شەر و ڕێکخستنی کاروباری نێو کۆمەڵگەی کوردستان کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو حیزبە هەوڵی دەدا بە بەرنامەکانی خۆیدا بێتەوە و باشتر و ڕێکوپێکتریان بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگە بکا. بۆ ئەو مەبەستە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دەفتەری سیاسیی حیزب گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی و قانوونی سزادانی گشتی پەسند کرد.

قانونی سزا یا سزادان لقێکە لە قانونی گشتی (عمومی) کە باس لە تاوانەکان و سزاکانی ئەو تاوانانە دەکا. قانونی سزادان بە شێوەی گشتی ڕێ و شوێنیکە کە جوراوجۆری تاوانەکان دەناسێنی و کردن و نەکردنیان قەدەغە دەکا و سزای هەر کام لەو تاوانانە دیاری دەکا. بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە قانوونی سزادان لقێکە لە قانون کە هێندێک لە کردار یاخود پاراستن لە کردار و زەمانەتی پێشگیری بەهۆی سزادان دیاری دەکا. بە واتایەکی دیکە قانوونی سزادان پێوەندی هەیە بە تاوانەوە، واتا بابەتەکەی پێ ڕاگەیشتن بە سزادانی تاوانبارانە. هەر کردارێک یا تەرکی کردارێک کە قانوون مەنعی کردبێ و زیانی بەکەس یا کەسانێک یا بەرژەوەندی کۆمەلگە گەیاندەبێ دەبێتە تاوان و لە ڕوانگەی قانوونەوە دەبێ تاوانبار سزا بدری. ئەوە ڕاستەکە لە قانوونی سزاداندا کەسی زیانوێکەوتوو بە جووڵاندنی سکاڵا لە بەردەمی دادگا بە مافی خۆی دەگا کە ئەوە یەکێک لە ئامانجەکانی قانوونی سزادانە، بەڵام ئامانج لە تەنزیمی قانوونەکانی سزادان دامرکانەوەی هەستی تۆلەکردنەوەی یا تەنیا قەرەبووکردنەوەی زیاندیتوو لە تاوان نییە؛ بەڵکو بەو هۆکارەکە تاوانبار نەزمی کۆمەلگە تێک دەدا و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و قەزایی کۆمەڵگە دەشکێنی و پێشێلی دەکا قانوونی سزادان لە بەرامبەر تاوانباردا ڕادەوەستێ. تاوان و سزا دوو ڕووی یەک دراون وەک دوو تووڵەڕێ بەشێوەیەکی یەکسان و لە ڕاستای یەکدا بە دریژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە تەنیشت یەکدا قەراریان گرتوە و هاتوون، هەر بۆیە دەوڵەتەکان بە مەبەستی ڕێکخستن و پاراستنی مافی گشتی کۆمەڵە ڕێسایەکیان بە پەسند گەیاندوە و بەنوسراویان کردوون کە تێیدا باسی سەپاندنی سزای لە بەرامبەر تاواندا کراوە. لێرەدا دەردەکەوەی کە یاسای تاوان تایبەتە بە دیاری کردنی شێوازی ئەو ڕەفتارەی کە بە تاوان دانراوە و دیاری کردنی ئەو سزایە کە بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانە بریاری لەسەر دراوە. بەو کورتە پێناسەیە لە قانوونی سزادان بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە قانوونی سزادانی گشتی لە ڕێگای شارەزایانی بواری قانوونەوە بنووسرێ و لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی حیزبەوە بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵگەدا بەرێوەی بەرێ.

لە پێشەکی قانوونی سزادانی گشتی پەسند کراوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٠هەتاویدا بەو جۆرە باس لەو قانوونە دەکا: "ئەم قانوونە لە کوردستانی ئێران بەڕێوە دەبرێ و هێزی پێشمەرگە بەڕێوەبردنی ئەو قانوونە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ و لە مەتەرێزی شەرەف و پیاوەتییەوە بۆ دامەزراندنی نیزامێکی ئینسانی تێدەکۆشێ. ئەم قانوونە بریتییە لە ٨٩ بەند کە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەسند کراوە و لە کوردستان بەڕێوە دەبرێ. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ بە هەموو تواناوە بۆ نیشاندانی ڕێگەی ژیانی نوێ هەوڵ بدرێ و ئەوانەی لە ڕێوشوێنی دیاریکراو لا دەدەن بە زووترین کات سزا دەدرێن. "ساڵێک دواتر واتا لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ کومیسیۆنی قەزایی حیزب گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە قانوونی سزادان کەم و کورتی تێدایە، هەر بۆیە بە پەسندی دەفتەری سیاسیی حیزب ٢٩بەندی بە بەندەکانی دیکەی قانوونی سزادانی گشتی زیاد کرد. قانوونی سزادانی گشتی لەسەر یەک ئەو بابەتانەی لە خۆ گرتبوو: "هەر سێ جۆری تاوان واتا جینایەت و جونحە و خیلافی لە خۆ گرتوە، وەک کوشتنی بەئانقەست، دیفاع لەخۆکردن، مەستی و هەرزەکاری، دزی، بەرهەڵست بوونەوەی پێشمەرگە لە کاتی ئەنجامی مەئموریەت، خەیانەت و جاسووسی و شاردنەوەی خەیانەت کار، پێکهێنانی تاقمی چەکدار بەمەبەستی بەرهەڵست کردنی پێشمەرگە، جەعلی ئەسناد و پووڵ و پارە، دزینی کەلوپەلی ژێر زەوی، بەرتیلدان و وەرگرتنی بەرتیل، تاوانە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاوی حەیوانات و پاراستنی ژینگە لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی دیکە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە بوو....)[١١]

## ٢) پەسند کردنی گەلاڵەی شوراکان

پەسند کردنی گەلاڵەی شوراکان یەکێکی دیکە لە کارە گرینگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هەروەکی پێشتر باس کرا حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە باوەڕی قووڵی بە دەسەڵاتداریەتی خەڵک هەبووە و هەموو کات داواکاری ئەوە بوو کە خەڵک دەبێ ئیداری وڵاتی خۆیان بکەن. کاتێک ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەهۆی ڕووخانی نیزامی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات توانی خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە و خەڵک بە لێشاو ڕوویان لە حیزب کرد و لە ڕوانگە و بیری خەڵکدا حیزب هەمان دەسەڵاتداری سەردەمی کۆمار بوو و چاوەڕوانیان لە حیزب بوو کە دەبێ بۆ بەڕێوەبەری وڵات جێگا و وەزیفەی دەسەڵات و حاکمیەت بگرێتەوە. بۆیە بۆ چارەسەری گیر و گرفتی ڕۆژانەی خۆیان، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوویان لە بنکە و دەفتەر و شوێنی کاری حیزب دەکرد و ئەوە ببوو هۆی ئەوە کە بەشێک لە وزە و توانای کادر و پێشمەرگە و ئەندامە چالاکەکانی حیزب لە خزمەت چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵکدا بێ، ئەو بابەتە بەڕوونی لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی چوار ڕەنگی داوەتەوە لەگەڵ ئەوەدا وەک گرفتێک بۆ کاری حیزبی باسی لێ دەکا، بەڵام بۆ چارەسەری و گرینگیدان بە مەسەلەکە باس لە پێویستی دامەزراندنی شوراکان دەکا: "دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، زۆربەی

خەڵک بە تایبەتی خەڵکی گوندنشین بۆ چارەسەری گیروگرفتی ڕۆژانەیان ڕوو لە ڕێکخراوەکانی حیزب دەکەن و ئەوە خۆی دەرخەری باوەڕمەند بوونی خەڵک بە حیزبە و ئێمە دەبێ ڕێز بۆ ئەو باوەڕمەند بوونە دابنێین، بەڵام لایەنی خراپیشی بۆ تەشکیلاتی حیزبی ئێمە هەیە ئەویش ڕێکخراوەکانی حیزبی بوون بە جۆرێک لە ئیدارەی دەوڵەتی و لە ئاکامدا ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە ناتوانن چارەسەری گیروگرفتی خەڵک بکەن چونکە ئیمکاناتی پێویستمان لە بەردەستدا نییە و لە لایەکی دیکەوە لە بەڕێوەبردنی ئەرک و پێ سپێردراوی حیزبی وەدوا دەکەون...، بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەبێ کارەکانی ڕۆژانە و ئابووری خەڵک بدرێتە دەستی شوراکان هەر بۆیە لە ئێستادا پێک هێنانی شورا لە گوندەکان و شارەکانی کوردستان یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی سیاسیی ئێمەیە.[١٢]"

بۆ کاراکردنی ئەو ئامانجە حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی لە ڕۆژی ١٣ - ٤ - ١٣٦٠ گەڵاڵەی شوراکانی پەسند کرد کە ئەو گەڵاڵەیە لەسەرەتایەک و ٧ بەش و ٢٢ مادە پێک هاتوە. دوای ئەو کۆبوونەوەیە دەفتەری سیاسیی حیزب ڕێکخراوەکانی حیزبی لە سەرانسەری کوردستان ڕاسپارد هەتا کۆتایی وەرزی پاییزی ئەو ساڵە لە هەموو گوند و ناوچە و شار و شارستانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆ دەستنیشان کردنی شوراکانی خەڵک هەڵبژاردن بکرێ. بە خۆشییەوە ئەو کات لە زۆربەی گوند و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە ئەو هەڵبژاردنە کرا و خەڵک نوێنەرانی خۆیان بۆ شورا هەڵبژارد و بە کردەوە شوراکان کاروباری کۆمەڵایەتیی خەڵکیان گرتە دەست و بۆ کاری ئیجرایی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان لە ئەختیار دابوو. بەڵام هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی ئارامیی بە کوردستان نەدا و بە ناچاری حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە تاکتیکی شەڕیان گۆڕی و بەرە و قۆناخی پارتیزانی گواستیانەوە. بەو حاڵەش شوراکان کارایی خۆیان هەر بوو و خەڵک وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆیان بۆ ڕایی کردنی کارەکانیان ڕوویان تێ دەکردن. لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی شەش بەڕوونی باسی ڕۆڵی گرینگی شوراکان دەکا و داوا دەکا کە هێزی پێشمەرگە پشتگیریان بکا: "لە ناوچە ئازاد کراوەکان، شوراکان هەروا درێژە بە کارە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان دەدەن لە زۆربەی گوندەکانی نیوە ئازاد و تەنانەت لە هێندێک لە گوندە داگیرکەراوەکانیش، شورا هەڵبژێردراوەکانی خەڵک هەر لە جێی خۆیانن و پشتگیری و بەهێز کردنی شورا هەڵبژێردراوەکان بێ شک لە پێویستیە گرینگەکانە لە لایەن حیزب و بەتایبەتی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، چونکە شوراکان کۆسپێکی گەورەن لەسەر ڕێگای حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و هەم وەک پێگەیەک دێنە ئەژمارکە حیزبی ئێمە دەتوانی پشتیان پێ ببەستێ .[١٣]" شک لەوەدا نییە ئەگەر شەڕی داسەپاوی دیکتاتۆری و ملهوڕی کۆماری ئیسلامی ئەو مەجال و دەرفەتەی بۆ حیزبی دێموکرات هێشتباوە، حیزبی دێموکرات هەروەکی بە کردەوە سەلماندبووی پشتی ئەو باوەڕەی خۆی دەگرت و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن شوراکانی دەکرد بە ئەمری واقع. بێگومان باوەر بە دەسەڵاتی خەڵک و ڕێکخستنی گەڵاڵە و قانوون و هەڵبژاردنی شوراکان دەسکەوتێکی بەنرخە لە مێژووی ٧٥ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

### ٣) ئامادەکردنی گەڵاڵەی زەوی و زار[١٤]

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە خۆی بە حیزبی کرێکاران، جوتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێر ناسیووە و هەوڵی داوە خەباتەکەی لە سێ بواری نەتەوایەتی و چینایەتی و دێموکراسیدا چڕ بکاتەوە کە لە بەرنامە و شوعاری ستراتیژی حیزبدا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە هەر قۆناغێک لە خەباتدا هەل و فورسەتێک هاتبێتە پێشی ڕێبەری حیزب هەوڵی داوە بستێن بۆ کاراکردنی بەرنامەکەی خۆی لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکا و یەکی دیکە لەو بابەتانە کە کاری لەسەر کردووە گەڵاڵەی زەوی و زارە کە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ئامادەکراوە و بە پەسندی دەفتەری سیاسیی گەیشتوە بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بێتە بەر باس و بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ. لە پێشەکی ئەو گەڵاڵەیەدا ئاوا باس لە پێویستی بوونی گەڵاڵە و قانوونێک بۆ چارەسەری هەموو کێشە ئابووری و بێکاری و هەژارییەکان کە لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە خەڵکی کوردستان تووشی هاتوون، دەکا: "بە مەبەستی کاراکردن و بەڕێوەبردنی قۆناغ بە قۆناغی بەندی[١٥] ٢٤ لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی زەوی، دەفتەری سیاسیی حیزب ڕاپۆرتی کارناسان و شارەزایانی بواری جوتێری (کشاورزی) هەناردەکراو بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تاوتوێی کرد و دوای هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی ئێستا و سەرنج دان بە بابەتەکانی ڕۆژ وەک هەلومەرجی خەبات و داسەپاندنی شەڕ لە لایەن ڕێژیمی کۆنە پەرەست بەسەر کوردستان و پێشگیری لە بێکاریی بەردەوام لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و هەروەها بەمەبەستی ڕێگرتن لە ڕاوەستانی کار و تێکۆشانی جوتێری و ئاژەڵداری و مەڕداری و بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەوانە و پیادەکردنی بەرنامە و پێڕەوی حیزب لە ڕاستای دابینکردنی مافی زەحمەتکێشانی گوندنشێن و قەرەبوو کردنەوەی شکستی نادادپەروەرانەی وەدیهاتوو لە ئیسلاحاتی ئەرازی (اصلاحات اراضی)ی ڕێژیمی پێشوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو چاکسازییانەی خوارەوە لە لایەن حیزب لە کوردستان و لەو قۆناغە لە جووڵانەوەی کوردستان بە شێوەی خوارەوە بە کومیتەی ناوەندی حیزب پێشنیاز دەکەین." ئەو گەڵاڵەیە لە دوو بەش و ١٧ ماددە و چەندین تەبسەرەدا ڕێک خراوە کە بەشی یەکەم پێناسەکانی وەک: ڕەشایی، جوتێر، ئاژەڵدار، لەوەڕگە، قۆپی، قۆرغ، قامیشەڵێن، مێرگ، کوێستان، کێڵکە یا زەوی، جار، گیاکۆدە، باغی میوە، قەڵەمستان، مێشەڵێن، لێرەوار لە خۆ دەگرێ. بەشی دووهەمی ئەو گەڵاڵەیە لە سەرەتادا زەویی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردوە، زەوی بەر ئاو و دێمەکار و لەوەڕگە. تەنانەت زۆر زانستیانە لە بواری هەڵکەوتی جوگرافیایی و زانستی وەرزێرییەوە چۆنیەتیی دابەش کردنی زەویی بۆ هەر یەک کەس لە نەزەر گرتوە. بۆ نموونە ئەگەر ناوچەکە شاخاوی بێت چەندی پێدەدرێ و ئەو ئەگەر پێدەشت و نەرمان بێت چەند هێکتاری وەبەردەکەوێ. تەنانەت لەو گەڵاڵەیەدا ناوچەکەکانی لە بواری شاخاوی و پێدەشتبوون و ڕادەی ئاو و لەوەڕگە و زەویی کشتوکاڵ لە یەک جیاکردۆتەوە، واتا باس لەوە دەکا کە

زەویی کام ناوچە بۆ چ بابەتێکی وەرزێری باشە و لەهەمان کاتدا کە باس لە دابەش کردنی زەوی دەکا باس لەوەش دەکا کە ئەو زەوییە بۆ کار لەسەر کردنە و کەسێک کە زەوییەکە وەردەگرێ لەسەریەتی بەهرەی ساڵانەی هەبێ و ئەگەر کاری لەسەر نەکا بە تایبەتی ئەگەر کەسەکە ڕەشایی بێت و بەوقانوونە ببێتە خاوەنی زەوی، لە گەڵاڵەکەدا ڕێوشوێنی لێ ستاندنەوەی زەوییەکە دەست نیشان کراوە. لە کۆتایی ئەو گەڵاڵەیە لە ماددەی ١٧دا باس لە پاراستنی ژینگەی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ڕاو و شکار دەکا و ڕێوشوێنێک لە چەند تەبسەرەدا دەستنیشان دەکا کە چ کاتێک کاتی ڕاوە و چ کاتێک قەدەغە و کۆمەڵێک کەرەسەی ڕاوکردنی قەدەغە کردوە و کەڵک وەرگرتن لەو کەرەسانەی بەتاوان داناوە.

## قسەی کۆتایی

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی جیاوازدا بە پشتبەستن بە ڕیسالەت و فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆ بەدەستەوە گرتنی بەڕێوەبەریی بەشێک لە خاک و کۆمەڵگە دەستی کەوتوە، هەوڵی داوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ڕایی کردنی کاروباری کۆمەڵە قانوون و بڕیار و ڕاسپاردەی هەبێ. هەموو ئەو قانوون و ڕاسپاردە و بڕیارانەش لە کات و سەردەمی خۆیاندا هەم کاریان پێ کراوە، هەم بەباشی وەرگیراون و هەم کێشە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر کردوون.

سەرچاوەکان:


١- ڕۆژنامەی کوردستان زمانحالی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٣٢٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی.

٢- کوردستان وکورد - دوکتورعبدولرحمان قاسملوو.

٣- ناسیونالیزم وناسیونالیزمی کوردی - جەعفەرعەلی.

٤- کیشەی کەسایەتیی یاسای نێونەتەوەیی گەلی کورد - دوکتورمارف عومەرگوڵ.

٥- لە مەهابادی خوێناوی هەتا لێوارەکانی ئاراس - نجفقلی پسیان.

٦- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، کوردستانی ئێران - دوکتوریاسین سەردەشتی.

٧- کۆماری کوردستان - حامید گەوهەری.

٨- حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون - ع ومەربالەکی.

٩- خلاصە تاریخ- احمدقازی.

١٠- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

١١- ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

[١] دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان وکورد وەرگێرانی عبدالله حسن زاده لاپەرەی ٩١

[٢] رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٥لەرۆژی ١٨ ی بانەمەری ١٣٢٥ لاپەرە ٣

[٣] رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١، لاپەرە ٤، پێنج شەممە ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤(١١ای ژانویەی ١٩٤٦)

[٤] رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥ لاپەرەی٤، شەممە ٢٧ی رێبەندانی ١٣٢٤ (١٦ای فێوریەی١٩٤٦م)

[٥] رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٨ ،لاپەرەی ٤ رۆژی شەممە ٢٨ی بانەمەری ١٣٢٥( ١٨ای مەی ١٩٤٦)

[٦] رۆژنامەی کوردستان ، ژمارە٦، لاپەرەی ٣، رۆژی دووشەممە ١ی رێبەندانی ١٣٢٤(٢١ای ژانویەی ١٩٤٦م)

[٧] رۆژنامەی کوردستان ، ژمارە١٥ لاپەرەی ٤،رۆژی شەممە٢٧ی رێبەندانی ١٣٢٤هەتاوی (١٦ای فێوریە١٩٤٦م)

[٨] ژمارە ٤٠، لاپەرەی٣،رۆژی شەممە ٧ی بانەمەری ١٣٢٥(٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦)

[٩] رۆژنامەی کوردستان ، ژمارە ١٢لاپەرەی ٤، رۆژی شەممە ٢٠ی رێبەندانی ١٣٢٤ (٩ی فێوریەی ١٩٤٦م)

[١٠] نیو سەدە تێکۆشان کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسینی ماموستا عبدوڵاحەسن زادە

[١١] حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون ئامادەکردنی عومەر باڵەکی

[١٢] راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان

[١٣] راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ گونگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

[١٤] پێویستە ئیشارە بەو بابەتەکە بکەم کە گەلاڵەی زەوی وزار بەداخەوە نوسخەی کوردییەکەی لە بەردەستدا نەبوو وئەوی لێرەدا هاتووە وەرگێرانی نوسخەفارسی ئەوگەلاڵەیە رەنگە لەبواری دارشتنەوە لە گەڵ دەقە کوردییەکە جیاوازی هەبێ بەڵام لەناوەرۆکدا یەک مانایان هەیە .

[١٥] لەمادەی ٢٤ی بەرنامەی حیزب دا هاتووە کە "زەوی هی ئەوکەسەیە کە کاری لەسەردەکا .بۆیە پێویستە لە شێوەی ئێستای مالێکییەتی زەوی دا ئاڵ وگۆرێکی گرینگ بە قازانجی دێ نشینانی زەحمەتکێش وبێ زەوی رووبدا ."

**سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

## کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیسم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات (دەورەی پەهلەوی)




د.ڕزگار موکری

### پێشەکی

بە هۆی جیاوازیی جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری لە ئێراندا، کۆمەڵگەی ئێران دەستەویەخەی هێندێک کەلێنە [١]. پاش سەرهەڵدانی مودێرنیتە لە ئێران کەلێنی سونەت - مۆدێرنیتە یەک لەو کەلێنە گرینگ وکاریگەرانە بووە کە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێراندا بوونی هەبووە، ئەگەرچی لە ئێراندا هێندێک کەلێنی دیکەی وەک کەلێنی چینایەتی [٢]، کەلێنی نەوەکان [٣] و جنسیتی [٤] بوونی هەبووە بەڵام هیچ کام لەوانە تا هاتنە ئارای مۆدێرنیتە، نەبوونەتە هۆی پێکهاتنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، چون بە قەولی مارکس، کۆمەڵگە بە دەوری ئەم کەلێنانەوە بە هۆی نەبوونی خۆئاگایی کۆ نەبوونەتەوە، تا ببنە هۆی پێکهاتنی قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەواتە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەک نەبووە کە کەلێنە کۆمەڵایەتیەکان[٥] ببنە هۆکاری پرسی سیاسی. بەڵام وەک ڕیچارد کاتم[٦] دەڵێ ئێرانی چەند نەتەوەیی ئەو بەستێنەی بۆ ئامادەیە تا بە هۆی هەبوونی چەند پێکهاتەی جیاواز و جۆراوجۆری نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە کەلێنی لەم جۆرە ساز بێت و ئەم کەلێنانە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بخوڵقێنن.

هاتنە سەر کاری حکوومەتی پەهلەوی و بڕیاری ڕەزا شا بۆ مۆدێرن کردنی ئێران و پێکهاتنی گوتارێکی سیاسیی مۆدێرن خوازانە، کە ناسیۆنالیزمی کەوناراخواز لە داڵە هەرە گرینگەکانی ئەم گوتارە بوو، حەولی بۆ هاوشێوە کردنی ئێران دەدا. ئەگەرچی لە کورت خایەندا بە کەلک وەرگرتن لە زەبر و زەنگ، ڕەزا شا توانی ڕواڵەتێکی هاوشێوەی خولیاکانی خۆی لە

ئێران ساز بکات، بەڵام لە درێژ ماوەدا و بە هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتە زۆرەملیەکەی و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەند، هێندێک داواکاری، گروپ، ڕێکخراوە و قەیران بە شێوەیەکی گشتی بە دەوری کەلێنی نەتەوەییەوە پێک هاتن، بە جۆرێک کە گوتاری زاڵی ڕەزاشا ئەویتری سەرەکیان بوو. ئەم بابەتانە حیکایەتی لە قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی دەکرد کە ڕەزاشا پێیوابوو بە سیاسەتی دەوڵەت-نەتەوە سازیە زۆرەملیە ناسیۆنالیستییەکەی خۆی دەیسڕێتەوە. کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بەرهەمی ئەم دۆخە بوون. دوای هەرەسهێنانی ئەم کۆمارانە و زاڵبوونەوەی دەسەڵاتی ناوەند بە سەر ئەم ناوچانەدا، سیاسەتی ڕەزا شا لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی قەومی کەوناراخواز[٧] بە توندوتیژییەکی زۆرەوە لە لایەن پادشای نوێوە پەیڕەو کرا. ئەم سیاسەتە؛ قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی لێ کەوتەوە، جگە لە قۆناغێک، کە سیاسەتی ناسیۆنالیستیی قەومخوازانەی محەمەد ڕەزا جێی بۆ ناسیۆنالیزمی لیبراڵی محەمەدی موسەدیق بەجێ هێشت کە بەشداری پێکهاتەکان لە قۆناغێکی تایبەتی لێ کەوتەوە.

هاوکات لەگەڵ گۆڕانی گوتاری سیاسی ناوەند، گۆڕانکاری لە گوتاری سیاسی کوردیشدا بە دی دەکرێ و بە نیسبەت هەر گۆڕانێک لە ناوەند گۆڕانێک لە گوتاری سیاسی کورددا ڕوو دەدا.

ئەم وتارە بە پشتبەستن بە تیئۆری لێکدانەوەی گوتار[٨]ی لاکلاو مۆفە[٩] حەول دەدا گۆڕانکاریەکانی گوتاری سیاسی کورد لێک بداتەوە. لە ڕاستیدا ئەم وتارە دەیهەوێ کاریگەرییەکانی ناسیۆنالیزمی ناوەند لە سەر پێکهاتن و گۆڕانی، ناسیۆنالیزمی کورد و لە ئاکام دا گوتارە سیاسیەکەی لێک بداتەوە.

### زەمینەکانی پێکهاتنی یەکەم گوتاری سیاسی کورد

ڕووداوەکانی خەرمانانی ١٣٢٠ و ئازاد بوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکامی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی ناوەند دوای تەبعیدی ڕەزا شا، بووە هۆی نیوە ئاشکرا بوونی کۆمەڵەی "ژ ک" کە لە ساڵی ١٣١٧ەوە تا ئەو کات بە شێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد. کۆمەڵەیەک کە دواتر بووە بەردی بناغەی حیزبی دێموکرات کە لە سەر بنەمای خولیا و ئامانجەکانی "ژ ک" دامەزرا. لە ڕاستیدا ئەگەرچی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە بزووتنەوەی سمکۆوە بە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی باکووری کوردستان یەکەمین بناغەکانی داندرابوو، بەڵام ئەم شێوە ڕوانینە بە پێکهاتنی کۆمەڵەی "ژ ک" قەوارەیەکی نوێی بە خۆوە گرت. پێگەی کۆمەڵایەتی٢ی "ژ ک" چینی ناوینی شاریی کوردستان بوو، کە دواتر بوو بە پێگەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات (نادری، ١٣٩٤، ٤٠-٣٦) دوای شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ ئەم بزوتنەوەیە گرینگترین بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات بوو کە بووە بەردی بناغەی یەکەمین حیزبی سیاسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. حیزبێک کە بۆ چەند دەیەیە

ئەکتەری سەرەکیی سیاسەتی کوردستانە. حیزبێک کە لە دەورەی پەهلەویدا وەک گرینگترین نیشانەی کەلێنی نەتەوەیی باس دەکرێ و نوێنەرایەتیی گوتاری سیاسیی کوردی بە ئەستۆوە بووە، بە شێوەیەک کە گۆڕانکاری لە ڕوانگەی ئەم حیزبەدا گوتاری سیاسیی کوردیشی بە گشتی گۆڕیوە.

### ١. گوتاری سیاسی شوناس خوازانەی حیزبی دێموکرات

دوای تەبعیدی ڕەزا شا و شکستی حکومەتەکەی، بە هۆی بەکارهێنانی سیاسەتەکانی بە مۆدێرن کردنی ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە کەلک وەرگرتن لەو پلانانەی کە پێکهێنەری گوتاری پەهلەویی یەکەم بوو، دۆخێک لە ئێران هاتە ئاراوە کە هاوکات لەگەڵ لاواز بوونی ناوەند، هێندێک هێزی سیاسیی نوێ لە ناوچە جیاوازیە نەتەوییەکاندا هاتنە مەیدانەوە، کە کوردستان یەک لەو ناوچانە بوو. ئەگەرچی پێش ئەو قۆناغەش لە کوردستان بزووتنەوەی دیکە لە ئارادا بوون کە شۆڕشی سمکۆ گرینگترینی ئەم بزووتنەوانە بوون کە شکستی هێنا. بەڵام ئەو قۆناغە نوێیە بە داگیرکردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەت و بریتانیا و ساز بوونی بۆشایی دەسەڵات هاتە ئاراوە. ئەم بۆشاییە لە دەسەڵاتدا لە کاتێکدا ڕووی دا کە دوو دەیە بوو ڕەزاشا حەولی ساز کردنی دەوڵەت-نەتەوەی لە سەر بنەمای قەومی و ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازدا دەدا، بە بڕوای "ئیستین ڕۆکان"[١٠] لە وەها دۆخێکدا پێکهاتنی نیزامە سیاسیەکان هاوکات دەبن لەگەڵ کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لەم نێوانەدا پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوە، کە یەک لە قۆناغە گرینگەکانیەتی لەگەڵ کێشە و توند و تیژی زیاتر ڕووبەڕوو دەبێ (Lipset and Rokkan, 1967, 42-4). سەرەڕای ئەوە واتە جەخت کردن لە سەر ساز کردنی دەوڵەت - نەتەوە بەم شێوەیە، ساز بوونی ئەم بارودۆخە نوێیەش کە ئێرانی تێکەوتبوو، دەیتوانی بەستێنێکی گونجاو پێک بێنی، بۆ قووڵ بوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی، کە "رووکان" جەخت لە سەر ئەم پێشهاتەیە لە قۆناغە هەستیارە مێژووییەکاندا دەکا. کەواتە لەم کاتەدا بە پێی تیئۆریی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی[١١] "ئیستین رووکان"، هەل بۆ پێکهاتنی گوتارێکی سیاسی لە دەوری کەلێنی نەتەوەیی، فارس-کورد و جۆرێک ناسیۆنالیزمی قەومی کە لە دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیسمی ئێرانی ڕەزاشادا بوو ڕەخسا. چون هەم بارودۆخی مێژوویی بەهۆی بۆشایی دەسەڵات لەبار بوو هەمیش ئەم گوتارە بە درێژی ساڵەکانی دەسەڵاتی ڕەزا شا خەریک بوو پێک دەهات. دەتوانین ئەم قۆناغە وەک سەرەتای شکڵگرتنی گوتاری سیاسی کورد ناودێر بکەین. کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی سیاسیی کورددا بەم شێوەیە پێک دەهات، چون لەم قۆناغەدا ڕێبەریی سیاسی کورد لە ئەستۆی حیزبێکدا بوو کە پلان، ئەساسنامە و ڕێکاری بۆ بە بەڕێوە بردنی خولیا نەتەوەییەکانی گەلەکەی هەبوو.

حیزبێک کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا بە دەرکردنی بەیانییەیەک ئێعلام مەوجودیەتی کرد و بووە ڕێبەری سیاسیی کورد بە

گوتارێکی سیاسی نەتەوەیی نوێوە.

لە کاتێکدا کە بەشی هەرە زۆری سیاسەتەکانی ڕەزاشا لە سەر بنەمای  هاوشێوە کردنی کولتووری، ئیتنیکی و نەتەوەیی و سەپاندنی شێوە ڕوانینی خۆی و سەرکوتی هێزە ناوەندنەخوازەکان بە  پێداگری لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی کەوناراخواز بۆ وەدیهاتنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی شکڵی گرتبوو، لە کوردستان حیزبی دێموکرات لە بەیانییەی ئێعلام مەوجودیەتی خۆیدا جەختی لە سەر مافی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران، پێکهاتنی ئەنجومەنە ئەیالەتیەکان[١٢] لە سەر بنەمای یاسای بنەڕەتی و مافی خوێندن بە زمانی زگماکی (کوردی) دەکرد.(ایگلتۆن، ١٣٦١، ١٠٣). لە ڕاستیدا گوتاری سیاسیی کورد لە دژایەتی لەگەڵ گوتاری ناسیۆنالیستیی پەهلەوی، بە دوای شوناسێکی تایبەت، لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمێکی شوناسخوازانەدا بوو، کە ئەم شوناسە بە هۆی ناسیۆنالیزمی هاوشێوە سازی پەهلەوییەوە کەوتبووە بەر هەڕەشەی لە نێوچوون. سیاسەتی «ئێرانیزاسیۆن»ی پەهلەویی یەکەم، کە پێشمەرجی، پێکهاتنی  دەوڵەت-نەتەوەیەکی مۆدێرن بە ژمار دەهات،  پشتی بە نزیکبوونەوەی هەنگاو بە هەنگاوی قەومی و نەتەوەیی و کەمایەتییە قەومی و ناوچەیی و مەزهەبییەکان نەبەستبوو. ئەم سیاسەتە لەسەر بنەمای سڕینەوەی قەومی و حاشا کردن لە جیاوازییەکان دامەزرابوو، هەر بەم هۆیەش کێشەی نێوان ئەم جیاوازییانە و دەوڵەتی ناوەندی لێ کەوتەوە.(آبراهامیان، ١٣٨٣، ٣٠١ - ٣٠٠)

گوتاری سیاسیی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، لە یەکەمین قۆناغی ژیانی سیاسی خۆیدا بە دەوری کەلێنی نەتەوەیی کە بە هۆی ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازی قەومی پەهلەوی یەکەمدا قووڵ ببۆوە، بە جومگە بەندی[١٣] هێندێک لە واتا و چەمکی گوتاریی،  پێک هات. ئەگەرچی لەم قۆناغەدا بۆ یەکەم جارە کە داواکاری «خودموختاری» لە سەر دەستی حیزبی دێموکرات دێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردەوە. بەڵام ئەم واتایە نەیدەتوانی لە دۆخێکدا کە شوناسە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکەی بە هۆی پلانە هاوشێوەسازییەکانی دەوڵەت-نەتەوە سازی پەهلەویەوە کەوتبووە بەر پەلامار، وەک دالی ناوەندی[١٤] ئەم گوتارە بێتە ئەژمار. بەپێی سوخەنرانی و دیمانەکانی قازی محەممەد، سکرتێری حیزبی دێموکرات و سەرکۆماری دەوڵەتە ناوچەییە کوردییەکە و بەیانییە و ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا،  پێداگری لەسەر زمانی کوردی وەک خاڵێکی گرینگی پێک هێنەری شوناسی نەتەوەیی دەردەکەوێ، کە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەتوانین سەرنج بدەینە ئەم بڕگانەی خوارەوە؛

- لە بڕگەی دووهەمی بڵاوکراوەی ئێعلام مەوجودیەتی حیزبی دێموکراتدا، ئاماژە بە «مافی خوێندن بە زمانی زگماکی» دەکرێ.

- لە مەڕامنامەی حیزبی دێموکراتدا؛ جەخت لە سەر کوردی بوونی زمانی فەرمی دایرەکان و دەرکردنی بڵاڤۆکی «کوردستان» وەک ئۆرگانی ڕەسمیی حیزب و بڵاوکردنەوەی بابەت بە زمانی کوردی دەکرێ.
- لە قەتعنامەی کۆتایی وتووێژەکانی حیزبی دێموکرات و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا؛ ئاماژە بە پەرەدان بە زمانەکانی کوردی و ئازەری لە ناوچە ژێر دەسەڵاتەکانی یەکتریدا دەکرێ.

- لە ڕێکارنامەی حکوومەتی ناوچەیی کوردستاندا ئاماژە بە پێویستیی هەڵگرتنی ناوە غەیرە کوردییەکان لەسەر قوتابخانە و دایرەکان و دانانی ناو و نازناوی کوردی کراوە. (خوشحالی، ١٣٨٠، ٥٤ - ٣١)

لە کاتێکدا «شا دەیویست بە داسەپاندنی زمانی فارسی وەک زمانێکی تایبەت و زۆرەملی لە کاروباری حکومەتی و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن و کتێبەکاندا، بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕێ بە پەرەسەندن و مانی زمانی کوردی بگرێ» (انتصار، ١٣٩٠، ٦١) بەڵام زمانی کوردی لەم قۆناغەدا وەک یەکێک لە گرینگترین واتاکانی گوتاری سیاسیی کورد، خۆ دەنوێنێ و چەشنی چەمکێکی پێکهێنەری شوناس دەبێتە بنەڕەتیترین واتای ئەم گوتارە، بەو هۆیەی کە پەراوێز خستنی زمانی شوناسێکی نەتەوەیی دەتوانێ ببێتە هۆی سڕینەوەی ئەم شوناسە، پێداگری لە سەر زمان بە هەمان شێوە دەتوانێ ببێتە هۆکاری پێکهاتنی شوناس. لە ڕاستیدا «دەسەڵاتدار بە تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە سەلماندنی شوناسی زمانی ئەویتری[١٥] بە مانای دان پێداهێنان بە بوونی ئەم پێکهاتەیەیە، حەول بۆ تێکدانی ئەم شوناسە زمانیە دەکا... نەتەوەیەک کە زمان وەک تاکە چەمکی مانا بەخش و ڕاگوێزەری کولتوور لە دەست بدات، ناچارە بە قەبووڵ کردنی زمانی ئەویتری، فەرهەنگی ئەویتری و هەر لەم ڕێگایەوە شوناس و دەسەڵاتی ئەویتر»(رضایی، ١٣٨٥، ١٦٥ - ١٦٤) هەرەسهێنانی کولتووری و زمانی و لە ئاکام دا هەرەس هێنانی شوناسێکی ئێتنیکی و نەتەوەیی ژێر ستەم لە دەورانی ئێستیعماری و تەنانەت لە دەورەی پاش ئێستیعماریشدا بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە نەتەوە ژێردەستەکان لە ڕێی ململانێی زمانییەوە بەرگرییان لە شوناس و کیانی سیاسیی خۆیان کردوە. « دژکردەوە بە نیسبەت هەڕەشەی نەتەوە و هێزی باڵا دەست چ لە چوارچێوەی زمان و کولتوور و چ لە قەوارەی کێشەی سەربازیدا، بەردەوام بەشێکی لە مێژووی وڵاتانی بە خۆوە گرتوە، کە لە ئاکامدا یا بەرهەمهاتنی بیری نوێ و پێکهاتنی گوتارێکی نوێی لێ کەوتۆتەوە یا بۆتە هۆی مانەوەی زمان، شوناس و نیشتمانی نەتەوەی ژێر دەست».(هەمان، ١٦٩) کەواتە لەو سەردەمەدا کە زمانی کوردی وەک زمانی پێکهاتەکانی دیکەی ئێران بە هۆی پلانی دەوڵەت - نەتەوە سازی ڕەزاشاوە کەوتبووە ژێر گوشارەوە، زمان وەک چەمکێکی پێکهێنەری شوناس، لەنێو گوتاری سیاسیی کورددا خۆ دەنوێنێ و وەک دالی ناوەندی «گوتاری سیاسیی شوناسخوازیی حیزبی دێموکرات» واتاکانی دیکە بە دەوری خۆیدا جومگەبەندی دەکا. بە شێوەیەک کە بە پێکهاتنی کۆماری کوردستان، لە ڕێی نیزامی پەروەردەییەوە، بە کەڵک وەرگرتن لە گۆڤار و بڵاوکراوە و کتێبی پۆل، کۆمار حەولی بۆ پەرەدان و بە فەرمی کردنی ئەو زمانەدا. بە شێوەیەک کە

ئەم ژێرخانە دواتر بووە کۆڵەکەی زمانی کوردی لە ژێر دەسەڵاتداریێتی هەر دوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا. هەڵبەت ناسیۆنالیزمی قەومیی کورد کە لە دژایەتی لە گەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا شکڵی گرتبوو هێندێک واتای دیکەی لە خۆی کۆ کردبۆوە کە بۆ یەکەم جار بوو دەهاتنە نێو ئەدەبیاتی سیاسی کوردەوە، کە گرینگترینیان "خودموختاری" بوو کە وەک داواکارییەکی گرینگ و سەرەکیی گوتاری شوناسخوازیی حیزبی دێموکرات هاتە بەر باس و داواکردن. هەر وەک لە بلاوکراوەی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی حیزبی دێموکرات، وتووێژ و قسەکانی سکرتێر و سەرکۆمار دەردەکەوێ، ئەم خودموختارییە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا داوا کراوە و خودموختاری و ئەنجومەنە ئیالەتییەکان وەک چەمکێکی یاسایی لەگەڵ واتای ئازادی، چەمکە سەرەکییەکانی ئەم گوتارە پێک دەهێنن، ئەم واتایانە لە چوارچێوەیەکی گوتاریی شوناسخوازانەدا جومگە بەندی دەکرێن و واتاکانی دیکەی وەک سەربەخۆیی خوازی و تێک دانی دەسەڵات و شکاندنی قەوارەی نیشتمانی ئێرانی دەخەنە لاوە.[١٦]

### نموو‌داری ژمارە یەک

### ٢- گوتاری سیاسیی بەشداریخوازیی حیزبی دێموکرات

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێکانی، کەش و هەوای مەهاباد و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار میلیتاریزە و پۆلیسی کرا و ئەندام و هەوادارانی حیزبی دێموکرات کەوتنە ژێر چاوەدێری و ڕاوەدوونانەوە. شارێک کە بە قەولی جان فوران «بە شاری کراوەیی سیاسی لە بەرامبەر کۆنترۆلی توندی حکومەتی ناوی دەهات»(فوران، ١٣٨٥، ٤١٥) دیسان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی. بە پێچەوانەی ناوەند کە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ تا کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دۆخێکی ئازادیی بە خۆیە دەدی و ئازادی ڕا دەربڕین، ئازادی سیاسی و چالاکیی حیزبە سیاسیەکان دەبیندرا، لە کوردستانی پاش ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٣٢٥دا کەش و هەوایەکی پۆلیسی و ئەمنی حاکم بوو و ئەڕتەش ببووە حاکمی ڕەهای کوردستان، سیاسەتی حکومەت بە نیسبەت کوردستان و بە تایبەت ناوچەی مەهاباد، سیاسەتی داگیرکاریی نیزامی بوو، واتە ئەم ناوچەیە بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشدا بوو، لێپرسراو و مەئمورێک کە دەهاتە ئەم دەڤەرە لە پلەی ناوین بۆ خوارێدا بوو.(صادق وزیری، ١٣٨٦، ٨١). هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا بە دی نەدەکرا، تەنانەت لە مەجلیسی شازدەی شوڕای میللیدا کە ساڵی ١٣٢٨ کراوە، مەهاباد؛ ناوەندی کۆماری کوردستان، هیچ نوێنەرێکی نەبوو. بەڵام ئەگەرچی لە کوردستان دوای ڕووخانی کۆمار دۆخێکی پۆلیسی زاڵ بوو و بڵاو بوونەوەی چالاکانی سیاسی ببووە هۆی ئەوەیکە کەشوهەوای گەرم و گوڕی ساڵەکانی ٢٤ و ٢٥ ببێتە دۆخێکی سارد و سڕ و ناهومێدی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو، بەڵام بە گشتگیر بوونی چالاکیی محەممەدی موسەدیق لە

ناوەند و سەرجەم ئێران و جەخت کردن لە سەر لیبرالیزم وەک بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کەشوهەوای کوردستانیش وردە وردە بەرەو جموجۆڵی سیاسی دەڕۆیشت. «دوای ڕەزاشا لە ناوەند، جموجۆڵی کۆمەڵگە بووە هۆی ئەوەیکە دەرفەتێکی هەستیار وە دەست ڕێبەرایەتیی ناسیۆنالیزمی لیبرال[١٧] بکەوێ» (کاتم، ١٣٨٣، ٣٣٠). ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم بەشداریی مەدەنیی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی مەشروتەوە خستبووە نێو بەرنامەکانی خۆیەوە، حەولی دەدا لە ڕێی مەجلیسی شورای میللی و هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی ئەم مەجلیسە، گۆڤار و ڕۆژنامەی ئازاد و پەرەدان بە نیزامی حیزبی بە چالاکی هێندێک حیزبی وەک؛ حیزبی ئێران، حیزبی توودە، حیزبی زەحمەتکێشان، هێزی سێهەم، حیزبی پان ئێرانیست و جیبهەی میللی، قەوارەی دەسەڵاتێکی سیاسی بەشداریخواز بە خۆیەوە بگرێ و ڕووکارێکی تایبەت بەم قۆناغەی مێژووی ئێران بدا. ئەم بارودۆخە توانیبووی کار بکاتە سەر کوردستانیش، هەڵبەت بەو هۆیەی کە موسەدیق وەک ڕێبەری بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیس دەناسرا و سیاسەتی کوردیش لەسەر ئەساسی دژایەتی لەگەڵ ئێمپریالیزم دامەزرابوو، جموجۆڵی لایەنگرانە لە موسەدیق لە کوردستان دەستی پێکرد.«ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێمپریالیزمی ئینگلیس، بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلانی ئێران، بە شێوەیەک پەرەی سەندبوو و قووڵ ببۆوە کە دەنگدانەوەکەی گەیشتبوە کوردستانیش، ڕۆژنامە چەپییەکان، مەبەست بلاوکراوە ئاشکراکانە، دەگەیشتنە کوردستان و نەخشێکی بەرچاویان لە وریاکردنەوەی کورد و ئامادە کردنیان بۆ بەشداری لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕا»(صادق وزیری، ١٣٨٦، ٧٩). وێڕای ئەوەیکە موسەدیق دژی لایحەکەی ڕەزم آرا[١٨] بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیالەتی و ولایەتی بوو و نەیهێشت لە مەجلیسی شازدەدا پەسەند بکرێ، بەڵام کورد هەرگیز دەستی لە پشتیوانیی موسەدیق لە هیچ قۆناغێکدا هەڵنەگرت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە؛ «دەوڵەتی موسەدیق نوختە گۆڕانێک بوو لە سیاسەتی ئێراندا. چونکە ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی پێشوو جیاوازییەکی ئەساسی هەبوو. حکوومەتێک بوو کە بە پشتیوانیی خەڵک و بۆ چاەسەر کردنی مەسەلەیەکی زۆر گرینگ وەک میللی کردنی نەوت هاتبووە سەر کار و سیاسەتێکی میللی بەڕێوە دەبرد.» (قاسملو، ١٣٨١، ١٦٧) و « جۆری ناسیۆنالیزم و ئامانج و ڕوانگە دێموکڕاتیک و لیبڕالیەکەی موسەدیق و شێوەی حکوومەت کردنەکەی بە سەر خەڵکدا کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بوو، جموجۆڵ و حەزی خستبوە نێو ڕووناکبیرانی کوردەوە»(انتصار، ١٣٩٠، ٥٨). گرینگترین نموونەکانی بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسی ئێران و پشتیوانی لە موسەدیق لەو سەردەمدا؛ یەکەم؛ بەشداری لە ڕاپرسی بۆ پشتیوانی لە موسەدیق بوو بە جۆرێک کە «لە مەهاباد لە نێو پێنج هەزار دەنگدا تەنیا دوو دەنگ بۆ لایەنگری سەڵتەنەت کەوتبووە سندووقەوە»(مک داوال، ١٣٨٠، ٤٢٨) لە بانەش تەنیا دوو دەنگی هاوشێوە هەبوو. دووهەم؛ بەشداری لە هەڵبژاردنی مەجلیسی هەڤدەیەمدا بوو، «ئەوە یەکەم هەڵبژاردن دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بوو، کە هێندێک پاڵێوراو لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بوون، [ئەم هەڵبژردنە] لە سەرەتاکانی ١٩٥٢دا بەڕێوە چوو، کە نوێنەرانی ئەم حیزبە بۆ وە دەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان بە ئاسانی سەرکەوتن[١٩]»(انتصار، همان، ٥٩).

ناسیونالیزمی لیبرالیی محەممەدی موسەدیق کە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی وەک بنەمای دەسەڵاتداری خۆی دیاری کردبوو، توانی حیزبی دێموکرات و کورد تووشی وەرسووڕانی گوتاریی بکات، گوتارێک کە لە ساڵەکانی دوای ڕووخانی کۆمار، بە هۆی فەزای پۆلیسی کوردستان خەریک بوو بەرەو جۆرێک ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ دەڕۆی. ئەگەرچی بە هۆی چالاکی نهێنیی حیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسی کوردستان و کەم بوونی بڵاو کراوە و سوخەنڕانییەوە کاری دەرکێشانی واتا گوتارییەکان کارێکی دژوارە، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی گوتاری "لاکلاو و مۆفەدا" جگە لە کردەوە گوتارییە زمانییەکان[٢٠]، کردەوە گوتاریە غەیرە زمانیەکانیش[٢١] دەتوانن ببنە ماکی گوتار و چەشنی زمانی کردەوە، دالە گوتارییەکانی لێ دەرکێشین. لەم قۆناغەدا سیاسەتی کوردی بە بەشداری لە پرۆسەی گشتی و کەڵانی ئێران وەک بەشداری لە ڕێپێوانەکان بە پشتیوانی لە موسەدیق، بەشداری لە ڕاپرسی و هەڵبژاردنی مەجلیس، بە کاریگەری وەرگرتن لە گوتاری ناسیۆنالیستی سەربەخۆیی خوازی موسەدیق لە سەر بنەمای سیاسەتی «هاوسەنگی نەرێنی»[٢٢] و حەول بۆ نەتەوەیی کردنی نەوت و ئازادی لە ڕێی پەرەدان بە بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە، جیاواز لە کەشی گوتاریی سەردەمی کۆماری کوردستان، شکڵ دەگرێ. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە ساڵەکانی دەسەڵاتدارێتی موسەدیقدا زۆرترین هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە وەک یەکێک لە کاریگەرترین حیزبەکانی ئەو ساڵانەی ئێراندا دەبیندرێ. گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا "بەشداری"[٢٣] وەک دالی ناوەندی ئەم گوتارە هەڵدەبژێرێ و واتاکانی وەک ئازادی حیزب و دەربڕین، وێڕای زمانی کوردی کە دالی ناوەندی دەوری پێشوو بوو، دەبنە دالی خزی[٢٤] ئەم سەردەمە و خودمختاری وەک گرینگترین داواکاری کورد لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی مەشروتەدا و چەشنی دالێکی دیکەی ئەم گوتارە لە چوارچێوەی "کەشی گوتاریی"[٢٥] بەشداری دا جومگەبەندی دەکرێن.

## نموودارى ژمارە دوو

### ٣- گوتاری سیاسی شوناسخوازانەی قەومیی حیزبی دێموکرات

پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ڕووخانی دەوڵەتی موسەدیق، ئەو هیوایەی کە کورد بە سیاسەتە لیبرالی و بەشداریخوازانەکانی موسەدیقی بەستبوو لە نێو چوو. لە کوردستان بە شێوەیەکی توندتر ڕووبەڕووی لایەنگرانی موسەدیق بوونەوە و هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کە لەو دەورەیەدا، بە شێوەیەکی نیوە ئاشکرا چالاکیان دەکرد، تووشی زیندان و هەڵاتن هاتن. «شا وێڕای بە دەسەڵات گەیشتنەوەی هەموو نیشانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە ژیانی سیاسی ئێران سڕییەوە»(مک داول، ١٣٨٠، ٣٢٨). ئەگەرچی داخرانی سیاسی لە هەموو جێیەکی ئێراندا دەبیندرا بەڵام لە ناوچە نەتەوەییەکان بە تایبەت لە کوردستان، کە وەک پشتیوانی موسەدیق دەهاتنە ژمار، دۆخەکە جیاواز

بوو.«حکومەت بۆ دڵنیا بوون لە سیاسەتەکانی هاوشێوەسازی زمانی، کەسانی دەرەکی بۆ بەرپرسیارەتی ناوەندە پەروەردەییەکانی کوردستان دەنارد و بەو پێیە چالاکیی سیاسی و ئازادی لە کوردستان بەر تەسک بۆوە»(انتصار،١٣٩٠،٦١ گەڕانەوەی ئەم دۆخە لە ڕوانگەی کوردەوە داخرانی دەروازەکانی گۆڕان بوو، لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسێکدا سیاسەتەکانی خۆی بەم شێوەیە دیاری کرد؛ ڕووخاندنی پاشایەتی، دامەزراندنی شوناسێکی کوردی لە قەوارەی دەوڵەتێکی کوردی هەڵبژێردراوی خۆیدا و ڕزگار کردنی هەموو کوردستان.(مک داول، ١٣٨٠، ٣٢٨). لە ڕاستیدا ئەم کۆنفرانسە کە بۆ تێکەڵ کردنەوەی دوو کومیتەی مەهاباد و سنە و دیاریکردنی سیاسەتەکانی نوێی حیزب پێک هاتبوو، دەستپێکی گۆڕانێکی مەزن لە سیاسەتی بەشداری خوازانەوە بەرەو سیاسەتێکی دژە حکومەتی ڕادیکال بوو. حیزبی دێموکرات کە دوای کۆماری کوردستان گرینگترین و گەورەترین ئەزموونی بەشداریی خۆی لە پرۆسەی سیاسی ئێراندا هەرچەند بە شێوەیەکی نیوە ئاشکرا لە دەورەی موسەدیق دا، دیبوو، ئێستا بە نهێنی کردنەوەی چالاکییەکانی بە هۆی داخرانی سەراسەری سیاسیی ئێران، بەرەو سیاسەتی ڕادیکاڵی ڕووخێنەرانە دەرۆیشت کە چارەی کێشەکانی خۆی لە بەشداری لە چوارچێوەی حکوومەتی سەقامگیردا نەدەدی بەڵکو تێکدانی ئەم قەوارەیەی بە ڕێگە چارەی گەیشتن بە داواکاریە نەتەوەیی و شوناس خوازانەکانی خۆی دەزانی.

لە ڕاستیدا کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و داخرانی دوبارەی کەشوهەوای سیاسی ئێران بووە هۆی قووڵ بوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی و ڕادیکالیزە بوونی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات کە بەستێنی بۆ خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٨ - ٤٦ خۆش کرد. «کومیتەی ئینقلابی»ی حیزبی دێموکرات بەرهەمی ئەو دۆخە و دژ کردەوەیەک بوو بە نیسبەت سیاسەتەکانی پەهلەویی دووهەم کە بە شێوەیەکی ئاشکرا شوناسی کوردی کە لە دەورەی کۆماردا پشوویەکی هاتبۆوە بەر، خستبووە ژێر گوشارەوە. «کومیتەی ئینقلابی» حیزبی دێموکرات، شۆڕشی چەکداری کردبووە شێوازی خەباتی خۆی کە لە ماوەی دوو ساڵدا هێندێک شەڕی چریکی لە سێ کوچکەی مەهاباد-بانە-سەردەشت، وەڕێ خست(کوچرا، ١٣٧٣، ٤٢٩) کە لە ئاکامدا ئەم بزووتنەوە چەکدارییە کە وەرسووڕانێک بوو لە گوتاری سیاسی کورددا، سەرکوت کرا.

لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە دەست بردن بۆ چەک و شەڕی چریکیە کە بە پێچەوانەی دەورەکانی پێشوو ڕوودەدا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنانەت لە سەردەمی کۆماردا کە ئەرتەش بەرەو مەهاباد بۆ خستنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی وەڕێ دەکەوێ، حیزبی دێموکرات دەست بۆ چەک نابا. دیارە وەک گوترا، توند بوونی زمانی ئەو حیزبە بە هۆی سیاسەتەکانی پەهلەویی دووهەم پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژە، کە قووڵ بوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا دەبینین گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات گۆڕانی بە سەردا دێ. «ئەگەر نیزامی سیاسی دەسەڵاتدار سیاسەتێکی گونجاو پەیڕەو نەکا، کەلێنی شوناسی قەومی دەتوانێ بەستێنێکی باش بۆ جموجۆڵی توندوتیژخوازانە ساز بکا و لە وەها

دۆخێکدا داواکارییە شوناسخوازانەکان بە ئاسانی دەتوانن بەرەو ئەم شێوە جموجۆڵانە بڕۆن». (ایوبی، ١٣٨٧، ٧٥) لەم قۆناغەشدا وەڵام نەدانەوەی حکوومەت، داخرانی زیاتری کەشوهەوای سیاسیی کوردستان و نەبوونی دەرفەت بۆ گەیاندنی داواکاریەکان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنیان، بووە هۆی قووڵ بوونەوەی کەلێنی نەتەوەیی، وەک یەکێک لە گرینگترین کەلێنەکانی شوناسی و شکڵ گرتنی خەباتی سیاسی لە چوارچیوەی "کومیتەی ئینقلابی" حیزبی دێموکرات و ڕادیکاڵ بوونی گوتاری سیاسیی کورد، کە دژکردەوەیەک بوو بە دۆخی زاڵ بە سەر کوردستاندا. لە تایبەتمەندیەکانی گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا؛ پێکهاتنی پەلە چریکیەکان و هێندێک شەڕی ناو بە ناو لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستاندایە، کە وەک "کردەوەیەکی گوتاریی نا زمانی" (عمل گفتمانی غیر زبانی) لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات کە لە کۆنفڕانسی دووهەمی ئەم حیزبەدا؛ ڕووخانی پاشایەتی، دامەزراندنی شوناسێکی کوردی و ئازاد کردنی هەموو کوردستان، ناوی دێت، پێویستە لێکدانەوەی لە سەر بکرێ. هەڵبەت ئەم سیاسەتانە هێندێک بابەت و پرسن کە لە سەردەمی کۆماریشدا نە بە شێوەی تێئۆری و نە بە شێوەی کردەوەیی نەهاتە بەر باس و پلانی حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان نەبوون. لەم سەردەمەشدا وەک سەردەمی کۆمار کە یەکەمین قۆناغی پێکهاتنی گوتاری سیاسی کورد بوو، جەخت لە سەر چەمکی شوناس دەکرێ، بەڵام وەک ئەو سەردەم زمانی کوردی چەشنی چەمکێکی شوناسی، زەق نابێتەوە، بەڵکو بابەتی ئێتنیک سەرەکیترین چەمکی ئەم گوتارەیە. چەمکێک کە پتر لە هەر واتا و دالێکی دیکە توانایی ساز کردنی خەباتی چەکداری هەیە و ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ کۆمەلانی خەڵک بێنێتە مەیدان، کە باشترین دۆخ بۆ ئەم بابەتە؛ بۆشایی دەسەڵات و لاوازیی ناوەندە، کە لەو سەردەمدا ئەم هەلە بۆ کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکڕات نەڕەخسا، چون محەممەد ڕەزا شا، پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، بناغەی دەسەڵاتێکی بەهێزی داڕشتبوو و هەر لە دوای هەرەسهێنانی کۆمارەوە سەرنجێکی زۆری ئەمنی دابووە کوردستان و ئیزنی هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی لەم ناوچەیەدا نەدەدا. کەواتە گوتاری سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا، شەڕی چریکی دەبێتە داله ناوەندییەکەی و هێندێک چەمکی وەک ڕووخاندنی پاشایەتی و ئازادی هەموو کوردستان وەک دوو دالی نوێی گوتاریی و زمانی کوردی وەک گرینگترین چەمکی شوناسی، وێڕای هێندیک دالی دیکە کە لە گوتارەکانی پێشووشدا بوونیان هەبووە، لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوە ویستی شوناسخوازانەدا جومگەبەندی دەکرێن و دەبنە پێکهێنەری ئەم گوتارە. دالی بەشداری وەک دالی ناوەندی قۆناغی پێشووی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات دەخرێتە لاوە و ئەم واتا ڕادیکاڵە واتە شەڕی چریکی دەخرێتە جێی.

**نموو‌داری ژمارە سێهەم**

### ٤- گوتاری سیاسیی شوناسخوازانەی بەشداریویستی حیزبی دێموکڕات

ئەگەرچی لە قۆناغە جیاوازەکاندا، گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات لە ژێر کاریگەری ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا

گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بە مانای شیفتێکی ئەرێنی و کاریگەر نەبووە، بەڵکو بە هۆی ئەوەیکە ئەم وەرچەرخانانە دژ کردەوەیەک بووە بەرامبەر بارودۆخی زاڵ بە سەر ئێران و کوردستاندا، کەواتە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییە گوتارییەدا هێندێک جار سەرکەوتوو نەبووە. گوشارەکان و دژوار کردنی دۆخی چالاکی سیاسی لە قۆناغێکدا و کرانەوەی ڕێژەیی کەشوهەوای سیاسی لە سەردەمێکی دیکەدا کە سەرچاوەی لە جۆری ناسیۆنالیزمی ناوەند دایە، بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا. دوای شکستی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکرات لە شەڕی چریکی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی کە ئەم کومیتەیە ڕووخاندنەکەی کردبووە ئامانجی سەرەکی خۆی، حیزبی دێموکرات وێڕای وەرچەرخانێکی گوتاریی، حەولی ڕێک خستنەوەی خۆی دەدا و هێندێک پلانی دێموکراتیک کە پەسندی حیزبی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو دەخاتەوە نێو گوتارە سیاسییەکەیەوە، لە ڕاستیدا شکستی بزووتنەوەی چریکی و پێشوازی نەکردنی جەماوەر لەم جۆرەی خەبات لەو قۆناغەدا - بە پێچەوانەی قۆناغەکانی دواتر واتە لە ساڵەکانی یەکەمی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا خەباتی چەکداری پێشوازیەکی مەزنی جەماوەری لێ دەکرێ – هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی دروشم وشێوازێکی نوێ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بوو. «کەواتە لە ساڵی ١٣٥٠ەوە، دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەرگیرا، هەڵبژاردنی وەها دروشمێک حەول بوو بۆ قەوارە بەخشین بە داواکارییەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی گونجاودا بۆ ئێرانییەکان وکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی» (ڕومانو، ١٣٨٨، ١١٠) ئەگەرچی خەبات دژ بە حکوومەتی پەهلەوی وەک گوتاری دژبەری گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، قەوارەبەندی گوتاریی ئەم گوتارە پێک دێنێ، بەڵام هەرگیز وەک قۆناغی پێشوو شەڕی چریکی بەشێک لە ڕەفتاری سیاسی ئەم حیزبەی پێک نەدەهێنا، لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسی حیزب فۆرمێکی واقعبینانە و نێوانگیرتر بە خۆیەوە دەگرێ و خۆی لەچوارچێوەیەکدا جومگەبەندی دەکا کە هەم کەشی دژایەتی ڕابگرێ و هەم سەرنجێکی تایبەت دەداتە ئیمکانی وەرگرتنی کۆمەڵایەتی و ڕێک خستنیان لەم چوارچێوە گوتارییەدا. بە شێوەیەک کە ئەم گوتارە بە ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر، بەرەوپیری شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٥٧دا دەڕوا و بە وروژاندنی بابەتی سەرنجڕاکێشتر لە سەر بنەمای داواکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەشێکی زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی هاوڕێ دەکا، بە چەشنێک کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دەبێتە گەورەترین حیزبی سیاسی کوردستان و تەنانەت ناوچە نەتەوەییەکانی ئێران، بە پێگەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتیەوە.

لە دۆخێک دا کە کوردستان دەستەو یەخەی گەشەی ناهاوسەنگی پلانە گەشە تەوەرکانی محەمەد ڕەزا شا بوو، بەشێکی زۆر لەو لاوانەی کورد کە وێڵی کار بوون ڕوویان کردە ناوەند، ئەم کۆچە بە پێچەوانەی ناوچەکانی ناوەندی ئێران کە بووە هۆی تێک چوونی شوناسی ناوچەییان، بە قازانجی شوناسی نەتەوەیی(سەراسەری)، لە کوردستان بووە هۆی بە هێز بوونی شوناسی ئیتنیکی و تێگەیشتنێکی بە نیسبەت دوا کەوتوویی کوردستان لە بەرامبەر ناوەند دا ساز کرد» (داول، ١٣٨١،

٤٣٩)، حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا ببوە سێحەبی ڕێبەرایەتیەکی جیاواز کە وێڕای ئەوەیکە دەرکێکی دوروستی لە دۆخی سیاسی ئێران هەبوو، گەرانەوەی بۆ دروشمە سەرەکییەکانی کۆماری کوردستان کە خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران بوو کردبووە نەخشە ڕێگای خۆی، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەزموونی ساڵەکانی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی ئێران لە دەورەی مەسەدیقدا، هاوکاری لە گەڵ حیزبی تودە و شەڕی چریکیشی هەبوو. کەواتە دەبوو گوتارێکی سیاسی نوێنەرایەتی بکا کە لە لایەکەوە ئیمکانی باس کردن لە چوارچێوەی ئێرانیدا هەبێت، لە لایەکی دیکەوە ئیمکانی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی کوردستانی هەبێ و هەروەها ئیمکانی ئەوەشی هەبێ کە شوناسی کوردی کە بە هۆی گەشەی ناهاوسەنگ پڕ ڕەنگتر ببوو وەک چەمکێکی گرینگی ئەم گوتارە جومگەبەندی بکا. ئەوە لە کاتێک دابوو کەحیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسیی کورد، دوای کۆنگرەی سێهەمی خۆی ئەو دروشمانەی بۆخۆی هەڵبژارد کە بەستێنەکانی گەیشتن بە دۆخی شۆڕشگێڕانەی خۆش دەکرد و پتر لە هەر قۆناغێکی دیکە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی گشتیی کۆمەڵانی ئێرانەوە گرێ دابۆوە. کەواتە لەو سەردەمەدا، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێویست بوو هەم جەخت بکاتە سەر ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و گوتارە شوناسخوازانەکەی، هەم ئەوەیکە وەک سەردەمی موسەدیق بیر لە هاوڕێیەتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری ئێران بکاتەوە. جەختکردنەوەی دووبارە لە سەر دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران، زیاد کردنی وشەی «ئێران» بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەرانەوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب لە عێراق و ئورووپاوە بۆ ئێران و بڵاوبوونەوەیان بە شارەکانی کوردستان و تاران دا(حەسەنزادە، ١٣٨١، ٢٥٤ و ٢٧٨)، بەشێک لەو کردەوە گوتاریانە بوون کە هەوێنی گوتاری سیاسیی کوردیان لەو سەردەمەدا پێک دەهێنا. ئەگەرچی دروشمی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لە نیو ئەم گوتارەدا بوونی هەبوو بەڵام تەنانەت لە مانگەکانی کۆتایی تەمەنی ئەم حکوومەتەشدا شەڕی سەربازی و چریکی وەک قۆناغی پێشوو پێڕەو نەکرا. هەروەک گوترا، بەهێز بوونی شوناسی کوردی بە هۆی گەشەی خۆئاگایی گشتی کوردەوە کە بەرهەمی گۆڕانی کۆمەڵگەی ئێران و گەشەی شارنشینی و پێشکەوتی ڕێژەیی ئابووری و گەشەی ناهاوسەنگی کوردستان بە نیسبەت ناوەند و ناوچە ناوەندیەکانی ئێران بوو، داواکاری پێشکەوتن و گۆڕانی بارودۆخی ئابووری خەڵکی بۆ یەکەم جارکەوتە پلان و ئەدەبیاتی سیاسی کوردەوە. گەشەی شوناسی کوردی لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی ئیتنیکدا نەبوو، بەڵکوو جۆرێک هەست بە هەڵاواردن بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو، «ئەم خۆئاگاییە نوێیەی کورد، بە هۆی سەرنجدان بە دواکەوتوویی کوردستان پەرەی ئەستاند»(مک داول، ١٣٨٠، ٤٣٩) بەو هۆکارانە؛ گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات، لە چوارچێوەی ئەم دروشم و کردەوە گوتاریانە وهەستی هەڵاوردنە دا پێک هات. کەواتە شوناسی غەیری ئیتنیکی، ئەم چەمکە گوتاریەیە کە لەم قۆناغەدا وەک واتایەکی پادرادۆکسیکاڵ دەبێتە دالی ناوەندی کە لەئاکامی هاوڕێیەتی لەگەڵ واتاگەلێکی وەک دێموکراسی بۆ ئێران، زیاد بوونی ناوی ئێران بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆتاییدا بەشداری لە خەباتی سەراسەری دژ بە حکوومەتی پەهلەویدا مانا پەیدا دەکا و ئەو چەمکانە بە دەوری خۆیەوە جومگەبەندی دەکات.

## نموونەی ژمارە چوارەم

### ئاکام

گـۆڕانی ڕوانـگەی دەسـەڵاتدارانی ئێـران لە قاجـارەوە بـۆ پەهـلەوی بەو هـۆیەی کە گۆڕانکـارییەکی مەزن لە شـێوەی دەسەڵاتدارێتیدا بوو، بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتـی بەستێنی کۆمەڵایەتی ئێـران. ئەم گۆڕانکارییـانە بە شێوەیەک ڕوویـان دا، کە بووە هۆی ڕوودانی هێندێک گۆڕانی گەورە لە کوردستانیشدا. ناسیۆنالیزمی کەونـاراخوازی قەومیـی پەهلەوی کە ئەویتری خۆی لە جۆراوجۆری ئێرانـدا دەدی، باشـترین ڕێگـای گەیشـتن بەئامانجەکـانی خـۆی بە سڕینەوەی ئەم جیـاوازیە ئیتنیکی و نەتەوەییانە دەزانی. لە ڕاستیدا دەوڵەت-نەتەوە سازییەکەی ڕەزاشا لەسەر بنەمـای ئاسیمیلاسیۆن و سڕینەوەی جیـاوازییە ئیتنیکی و کولتوورییەکان نە تەنیا نەیتوانی لە خزمەت ناسیۆنالیزمی دەوڵەوتسـازدا بـێ بەڵکو بـووە هـۆی قـووڵبـوونەووی کەلێنـی نەتەوەیـی وەک یەکێـک لە کەلێـنە شوناسیەکانی کـۆمەڵایەتی. قـووڵبـوونەوەی ئەم کەلێـنە و پێکهـاتنی حیزبـی دێموکرات وەک حیزبێکی کوردی ناسیۆنالیست لە دەوری کەلێنی قەومی-نەتەوەیی، نیشانەی ناسەرکەوتو بوونی ئەم پـرۆژەیە بوو. کە بە ساز بوونی هەلومەرجی تایبەتیی دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و ساز بـوونی بۆشـایی دەسـەڵات، کوردستان ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا دژکردەوە نیشان بدا و بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پاشان کۆماری کوردستان بنـاغەی یەکەم گوتـاری سیاسیی کـورد دژ بە گوتــاری ناسیۆنالیسـتی کەونــارا خــوازی ڕەزاشــا بە پێشــەنگێتی دێمــوکرات دانــدرا. کەواتە لە دەورەی پەهلەوییەکاندا و وەک دژکردەوە بە نیسبەت ناسیۆنالیزمێک کە سەرچاوەی شێوە ڕوانینیـان بـۆ جیاوازییەکـانی ئێران بـوو، کەلێنی قەومی یا نەتەوەیی بەردەوام زیندوو بووە و لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا بۆتە هۆی پێکهاتنی قەیران و کێشـە، کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و درێژە بە چالاکی و گۆڕانی گوتـارەکەی بەرهەمی ئەم بارودۆخەیە. وەک باس کرا لە سـەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە تـا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٥٧دا، گوتـاری سیاسیی کورد چوار قۆنـاغی بە خۆیەوە دیتـووە کە بە کاریگەری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوە ڕوانینـی دەسەڵاتدارانی ئێران گۆڕانی بە سـەردا هـاتوە. دیـارە لە سەرجەمی ئەم قۆناغانەدا، ناسیۆنالیزم وەک ڕۆحی گوتـاری سیاسی، هەڵبەت لە دژ کردەوە بە نیسبەت جۆری ناسـیۆنالیزمی ناوەندەدا بوونی هەیە و لە هەرسەردەمێک دا تـایبەت مەنـدی  خـۆی دەبەخشـێ بە گوتـاری سیاسی حیزبـی دێمـوکرات. دیـارە گوتارەکان بە نیسبەت بارودۆخ و هەلومەرج وپێداویستی کۆمەڵگە دێـنە مەیـدانەوە و گوتـاری سیاسیی حیزبـی دێموکراتیش بە پێـی زەرورەتە مێـژووییەکەی و لە دژایەتـی لەگەڵ گوتـاری سیاسـی ناوەنـددا هـاتۆتە سـاحەی سیاسییەوە و لە دژایەتـی لەگەڵ واتا و دالەکـانی ئەم گوتـارە دژبەرە، گـۆڕانی بەسەردا هـاتوە یـا شکڵی گرتوە. لە ڕاستیدا گوتـاری سیاسی حیزبـی دێموکرات و لە ئاکامدا گوتـاری سیاسی کورد گوتـارێکی دژکـردەوەییە و لە وەڵامی گوتـاری ناوەنـددا خـۆی ڕێـک خسـتوە و بە

گۆڕانی ئەو گوتارە گۆڕانی پێدا هاتوە. جگە لە قۆناغی چوارەم، واتە قۆناغی کۆتایی کە گوتاری سیاسیی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ سەراسەری ئێران بەرەو پیری شۆڕشێک دەچن کە ئاکامەکەی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتییە، لەم قۆناغەدا وێڕای ئەوەیکە لە ناوەند و بە تایبەت لە مانگەکانی ئاخردا چاکسازی بەڕێوەیە و چاوەڕوان دەکرێ کە حیزبی دێموکرات بۆ وەڵامی ئەم چاکسازیە گوتارێکی نەرم بە کار بێنێ، بەڵام ئەو شتە ڕوو نادا و بڕیاری ڕووخانی پاشایەتی هەر لە ئارادایە و حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی کردەوەیی گوتارەکەی خۆی بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ دەکا، بە چەشنێک کە پاش ڕووخانی ئەم حکوومەتەش ئەم گوتارە وێڕای ئەوەیکە حیزب و لایەنی دیکەش دێنە مەیدانی سیاسەتی کوردیەوە، بەڵام هەر زاڵ دەمێنێتەوە و ئەو لایەنە نوێیانە نەخشی وردە گوتاری سیاسیی کورد لە دەورانی کۆماری ئێسلامیدا دەگێڕن، کە تا ئێستاش ئەم دۆخە وەک خۆی ماوەتەوە.

***

سەرچاوەکان:

کوردی:

قاسملوو، عەبدولڕەحمان و عەبدوڵا حەسەنزادە. (١٣٨١)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی ئێران.

فارسی:

- آبراهامیان، یرواند. (١٣٨٣). ایران بین دو انقلاب. ترجمەی احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی. چاپ دهم. تهران: نشر نی.
- احمدی، قاسم. (١٣٨٧) جامعه شناسی تاریخی حزب دموکرات کردستان ایران. تهران: فصلنامەی ڕوژڤف شماره ٨ و ٩ و ١٠.
- انتصار، نادر. (١٣٩٠). سیاست کردها در خاورمیانه. ترجمۀ عرفان قانعی فرد. تهران: نشر علم.
- ایگلتون، ویلیام. (١٣٦١). جمهوری ١٩٤٦ کردستان. ترجمەی محمد صمدی. مهاباد: انتشارات سیدیان.
- ایوبی، حجت الله. (١٣٨٧). شکاف های قومی و خشونت در پیکارهای سیاسی. تهران: فصلنامەی مطالعات ڕاهبردی. دورۀ اول، شمارۀ ٢٣

- رضایی، یونس.(١٣٨٥). زبان عرصەی هویت زایی و هویت زدایی. مریوان: فصلنامەی زریبار. سال دهم، شمارۀ ٦٠.
- رومانو، دیوید.(١٣٨٨). چالش های هویت جویی کردی و حکومت های ایران(از قاجاریه تا خاتمی)، ترجمەی منصور ساعی. تهران: فصلنامۀ ڕوژف، شمارۀ ١١ و ١٢و ١٣.
- کوچرا، کریس،(١٣٧٣). جنبش ملی کرد. ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات نگاه.
- فوران، جان. مقاومت شکننده. (١٣٨٥). ترجمه احمد تدین. تهران: مؤسسەی خدمات فرهنگی ڕسا.
- فرقانی، محمد مهدی. (١٣٨١) تحول گفتمان توسعۀ سیاسی در ایران از مشروطه تا خاتمی. تهران: فصلنامەی علوم اجتماعی، شمارۀ ١٧.
- مک داول، دیوید. (١٣٨٠). تاریخ معاصر کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات پانیذ.
- نادری، محمود.(١٣٩٤). حزب دموکرات کردستان ایران. تهران: مؤسسەی مطالعات و پژوهشهای سیاسی

ئینگلیزی

- Lipset, S. M., & Stien, R. (1967). Party Systems and Voter Allignment. New York, US: Free Press.

[1] Cleavage or gap
[2] Class gap
[3] Generation gap
[4] Gender gap
[5] Social gaps
[6] Richard Cottam, Nationalism in Iran,

[٧] ناسیونالیسم باستانگرای قومی

[8] Discourse analysis
[9] Ernesto Laclau(1935-2014) & Chantal Mouffe(1943)
[10] Stein Rokkan (1921-1979)

ئیستین ڕووکان پێی وایە کە کەلێنی نەتەوەیی یا قەومی یەک لەو کەلێنانەیە کە ئەو توانایییەی هەیە کێشەی سیاسی لە سەر ساز بێت و ئەم کەلێنە ڕاست لە کاتە هەستیارە مێژوویەکاندا ئەم کێشەیە دەخوڵقێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت -

نەتەوە سازیش دەتوانێ بەستێنێکی گونجاو بۆ قووڵ بوونەوەی ئەم کەلێنە پێک بێنێ، بە تایبەت کە ئەگەر ئەم پرۆژەیە لە سەر بنەمای هاوڵاتی مەدەنی دا نەکرێ کە لە سەردەمی پەهلەوی و دواتریش دەوڵەت نەتەوەسازی لە سەر ئەساسی نەتەوەی باڵادەست و بێ لە بەر چاو گرتنی مافی هاووڵاتی، پێکهاتەکانی دیکە حەولی بۆ دراوە.

لە یاسای بنەڕەتی مەشرووتەی ئێران لە ئەسڵەکانی ٩٣ - ٩١ دا ئەم ئەسڵە بە فەرمی ناسراوە [١٢]

مفصل بندی[١٣]

دال مرکزی[١٤]

دیگری[١٥]

حاشیە ڕانی[١٦]

ناسیونالیسم لیبرالی یا مدنی [١٧]

لە هاوینی ساڵی ١٣٢٩دا تیمسار ڕەزم ئارا لایحەی ساز بوونی ئەنجومەنە ئیالەتیەکانی بردە مەجلیس کە موسەدیق یەک لە موخالفانی ئەم لایحەیە بوو کە پەسەند نەکرا.[١٨]
یەک لەو کەسانەی کە پاڵێوراوی حیزب بوو، سارمەدینی سادق وەزیری بۆ مەهاباد بوو، کە وێڕای ئەوەیکە دەنگی زۆربەی خەڵکی مەهابادی هێناوە حکوومەتی نیزامی مەهاباد ئیزنی نەدا بچێتە مەجلیس و کەسێکی دیکەیان دەست نیشان کرد. [١٩]
اعمال گفتمانی زبانی [٢٠]

اعمال گفتمانی غیر زبانی[٢١]


موازنە منفی: بنەمای سیاسەتی دەرەکی محەمەدی موسەدیق بوو کە دواتر بوو بە ماکی "جنبش عدم تعهد" کە پێک هاتبوو لەو وڵاتانەی کە سەر بە هیچ باڵێکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە نەبوون. [٢٢]
مشارکت[٢٣]

دال شناور[٢٤]

فضای گفتمانی[٢٥]

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان




**د. کامران ئەمین‌ئاوە**

سەدەی ٢٠ی زایینی سەدەی ململانێ و کێشەی توندی سیاسی لە ئاستی جیهان، لەنێو چوونی ئیمپراتورییەکان، تێکچوونی سنووره فەرمییەکانی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە. هەرچەند شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هۆی سەرهەڵدان و دامەزرانی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆیی بوو، بەڵام سەرەڕای جێ باس‌بوونی کێشەی کورد لە ئاستی جیهاندا، مخابن بۆ کورد ئاکامێکی ئەرێنی واتە بە دەوڵەت‌بوونی بەدوادا نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، ڕووداوەکانی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئاستی بزووتنەوەی کوردی گەیاندە قۆناخێکی بەرزتر و، دامەزرانی حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگ و شکڵێکی نوێ و ئەوڕۆیی بە خەباتی گەلی کورد دا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە نێو جەماوەی خەڵک و کۆکردنەوەی ئەوان بۆ خەباتێکی ئەمڕۆیانە لە پێناوی گەیشتن بە مافی نەتەوەیی گێڕا. دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لەژێر ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە هەرە دەسکەوتە پیرۆزەکانی ئەم خەباتە و جێگای شانازییەکی مێژوویی بۆ گەلی کورد بە گشتیی و، حیزبی پێشەوا بە تایبەتییە.

ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان سەرەڕای ڕووخاندنی لە لایەن هێزەکانی سەرکوتکەری تاران ئاواتی مێژینەی کوردی هێنایە دی و، هەتا هەتایە ئەم ڕووداوە مێژووییە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردستاندا دەدرۆشێتەوە. دەربڕینی ئاوات و هیواکانی کورد واتە سەربەخۆیی کوردستان لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بەجوانی لە شێعری "بژی دێموکرات"ی شاعیری نەمری کورد "هێمن"دا ڕەنگ دەداتەوە:

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات
حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو، شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دێموکرات بژی دێموکرات

(ڕەشەمەی ١٣٢٤)

ئەم خۆشییە لە ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شێعری "ڕۆژی خۆشی"ـی هێمن بەوپەڕی خۆی دەگات:

ڕۆژی جێژن و خۆشییە، تێپەر بوو ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەی ڕەحمەت بە جارێک ڕای‌ڕفاند و بردی تەم

دێ لە هەر لایێک قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ
دێ لە هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم

گەرچی زستانە بەفر داپپۆشی ئەوڕۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەملێوە وەکوو باخی ئیرەم

جێژنی ئیستقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە
جێژنە پیرۆزە لە لاوی هاووڵاتیی خۆم دەکەم

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

نەمر سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)یش هەستی خۆی لە پەسنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان وەکوو نزیک کەرەوەی ڕێگەی دووری کورد بەم چەشنە دەردەبڕێ:

**یوبیلی ئەڵماس**

هاتە دەر ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ هەموو ڕەنجووری کورد

بێکەس و بێ دەر بوو ئەمما تۆ گەیشتی، بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگریی مە، ئەی ڕەئیس جمهووری کورد

زۆر لەمێژ بوو کورد دەڕۆیشتن، نەگەینە ئارەزوو
تۆ نزیکت کردەوە بۆ ئێمە ڕێگەی دووری کورد

ئاوەدان و گوڵستان و بێ خەزانت کردەوە
بەو چلەی زستان و ڕێبەندانە خوار و ژووری کورد

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

سەبارەت بە شێوەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی بە دۆست و دوژمنییەوە گەلێک کتێب و بابەت نووسراوە و، تیشک خراوەتە سەر گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی. دوژمنان و نەیارانی کورد دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و بە تایبەتی حیزبی دێمۆکرات وەکو بەرهەمی سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و هاتنی هێزی سپای سوور بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە قەڵەم دەدەن و بەستێنی مێژوویی خەباتی گەلی کورد کەم ڕەنگ دەکەنەوە یاخود چاوپۆشی و حاشای لێ دەکەن. بێگومان هاتنی سپای یەکیەتیی سۆڤییەت و ئینگلیس بۆ ئێران و ڕووخان و دەرکردنی ڕەزاشا بوو بە هۆی کرانەوەی فەزای سیاسی نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ تەواوی خەڵکی ئێران و سەرهەڵدانی دەیان گرووپ و حیزبی سیاسی بە ڕاست و چەپیەوە. لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا ئازادیخوازانی خەڵکی کوردیش توانیان لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرن و لەسەرەتادا کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان لەسەر قەوارەی ئەو، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێنن.

هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویی (ئاگوستی ١٩٤١) بۆ ئێران، تەسلیم بوونی سپای ئێران لە شەڕێکی سێ ڕۆژە و هەڵاتنی ئەفسەر و سەربازەکان و هەڵوەشانەوەی ئەم پێکهاتە سەرکووتکەرە لە پانتایی خاکی ئەم وڵاتەدا، دەست لەکار کێشانی ڕەزاشا لە ٢٥ی خەرمانان و دوورخستنەوەی بۆ دورگەی موریس و پاشان ژوهانسبورگ، بوو بە

هۆی تێکشکانی فەزای سەرەرۆیی پاشایەتی، سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و نیزامی، بێدەسەڵاتیی تاران و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە چنمانی هێزەکانی سیاسی لە ئێراندا. لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی بەرچاو لە هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی ئەم وڵاتە و دەسیان بە کار و چالاکیی سیاسی کرد. پێکهاتنی حیزب، سندیکا، ئازادی ڕۆژنامەنووسی و هتد، بوو بە هۆی بەشداریی تەواوی چین و توێژەکان لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا.

دەرچوون و نەبوونی سپای ئێران لە ئازەربایجان، کوردستان و خوزستان بەستێنی شیاوی بۆ کار و چالاکی هێزە نەتەوەییەکان و سەرهەڵدانەوەی بیری سەربەخۆیخوازیی لەم بەشانەدا ساز کرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(١) لە ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ بە بیروهزری سەربەخویخوازیی و چەپ لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە زۆربەیان مەهابادی بوون پێک هات و "لە هاوینی ١٩٤٤دا پانتایی چالاکیی ئەم ڕێکخراوە نەهێنییە لە ماکۆوە هەتا کرماشانی لەخۆ گرت"(٢) و توانی خەڵکێکی زۆر لە ئازادیخوازانی کورد بەرەو خۆی ڕابکێشێ و ببێتە هۆی پەرە و گەشەسەندنی بیروهزری ناسیۆنالیستی و دادپەروەرانە لەنێو جەماوەری خەڵکی کورد. لە ساڵانی پاش ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا کوردستان لە کردەوەدا لەژێر کۆنترۆلی کوردی ڕۆژهەڵات بوو. خاتوون ئەن لەمبتۆن کە لە لایەن باڵوێزی ئینگلیس لە ساڵی ١٩٤٤ سەفەری بۆ کوردستان کردبوو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسی بوونی کوردە چەکدارەکان و نەبوونی ژاندارمە و پۆلیسی ئێران لە شار و گوندەکانی نێوان تەوریز و مەهاباد و تین و گوڕی سەربەخۆیخوازیی و هەستی بە هێزی نەتەوەیی کوردەکان دەکا.(٣) بە باوەڕی سێر ڕ. بوڵلارد، باڵوێزی بریتانیا لە تاران، قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە کوردستان" بووە.(٤)

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر قەوارە و بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف و پاشگەزبوونەوەی کاتیی لە چەند خاڵێک وەکو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستان بەپێی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە پێک هات و، توانی بیروڕای بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ئاغاوات، سەرۆک عەشیرە، وردەبۆرژوازی و هتد- یەوە بە تایبەت لە موکریان بەرەوخۆ ڕابکێشی. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو مانگ و چەند ڕۆژێک پاش دامەزرانی حکوومەتی ئازەربایجان سەرەڕای هاودەنگ نەبوونی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت کە دەیانویست کوردستان وەکوو بەشێک لە حکوومەتی ئازەربایجان بە مافی نەتەوەیەکی کەمینە بێ، بەپێی هەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی و هەلومەرجی ڕەخساو وەکوو: کەلک وەرگرتن لە دژبەریی حکومەتە زلهێزەکانی جیهانی واتە یەکیەتیی سۆڤییەتی و جیهانی ڕۆژئاوا، لاواز بوون و ناسەقامگیریی حکوومەتی ناوەندی و سپای ئێران، بە هێزبوونی بەرەی چەپ و ئازادیخواز لە گشت ئێران، دامەزرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ٢١ سەرماوەز، کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئاغا و عەشیرەکان، و

پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەم بوێرییە مێژووییەی بوو لە هەوەڵین دەرفەت و بێ فەوتاندنی کات، لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە چوارچرای مەهاباد بە بەشداربوونی خەڵکێکی بەرچاو، دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیەنێ. ئەمە بۆخۆی سەلمێنەری هەبوونی هەست و ستراتێژی نەتەوەیی هەروەها بوێری ڕێبەریی ئەم حیزبە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە کاتی شیاو و لە پێناوی بە دەوڵەتبوونی کوردستانە.

لە بەشێک لە بەڵگە و نووسراوەکانی ڕابرت ڕۆسۆ، جێگیری کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز و لێکۆڵینەکانی تورەج ئەتابکی و پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی و هتد ئاماژە بە شێوەی هەڵسوکەوت و بیروڕای نوێنەرانی سیاسیی سۆڤییەت و فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ دێموکراتەکانی کوردستان کراوە. بۆ وێنە:

* ڕابرت ڕۆسۆ لە ڕاپۆرتێکدا بەم چەشنە باسی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میر جەعفەر پیشەوەری، سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان و بیروڕای ئەو سەبارەت بە قازی محەممەد وکوردستان دەکا: "... "لەهەر حاڵدا پیشەوەری لەو چاوپێکەوتنەی ئەم دوایەدا گوتی، بە ڕای ئەو قازی 'پیاوێکی باشە'، دەربارەی مەسەلەی 'کوردەکانی ئازەربایجان'یش ڕاوێژی لەگەڵ کردوە. سەرەڕای ئەوەش بە مەرجی 'نەهێنی مانەوە' ئەم خاڵەشی پێ زیاد کرد، جارێ پێی‌وانییە کوردەکان توانایی بەڕێوەبردنی کارو باری خۆیان هەبێ و، دەیەوێ بە جێگای مەجلیسی میللی تەنیا ئەنجومەنێکی میللی لەژێر چاوەدێریی حکوومەتی تەورێز و، پێنج کورسی لە مەجلیسی ئازەربایجانیان پێ بدا." لە ڕاپۆرتێکی دیکەش ڕۆسۆ دەنووسێ: "بە هۆی ئیدیعای حوکمڕەوایی کوردەکان بۆ تەواوی ناوچە سنوورییەکان لە مەهابادوە هەتا ماکۆ، هەروەها میاندواو، ورمێ و خۆی، ناکۆکی لە نێوان کورد و ئازەربایجانییە خودموختاریخوازەکان پەرەی گرتوە. ئازەربایجانییەکان دەیانەوێ خودموختاریی کوردەکان لە ژێر فەرمانی حکوومەتی تەورێز و لە چوارچێوەی ناوچەی مەهابادا قەتیس بمێنێتەوە."(٥)

* تورەج ئەتابکی لە کتێبی"ئازەربایجان لە ئێرانی هاوچەرخدا" سەبارەت بە هەڵسوکەوتی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەگەڵ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەورێز ئاوا باس دەکا: "هەوەڵین هەنگاوێک کە کوردە دێموکراتەکان بۆ دەربڕینی 'برایەتی'یان لەگەڵ دێموکراتە ئازەربایجانییە هاوبیرەکانیان هەڵگرت ناردنی شاندێک بۆ بەشداری لە جێژنی 'تێکەڵبوونی' حیزبی توده لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو کە لە سێ سپتامبری ١٩٤٥(١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤) لە تەورێز بەڕێوە دەچوو. هەر لەو ڕۆژەدا شاندێکی دیکەشیان بە جیا بۆ بەشداری لە کردنەوەی فەرمیی مەجلیسی میللی ئازەربایجان نارد، شاندی کورد بە نارەحەتییەوە تێگەیشت لەگەڵ ئەوان نەک وەکوو شاندی ئەیالەتێکی دۆست و دراوسێ بەڵکوو وەکو نوێنەرانی بەشێک لە ئازەربایجان هەڵسوکەوت دەکرێ. دێموکراتەکانی کوردستان کە لەم کارەی دێموکراتەکانی ئازەربایجان ناڕازی بوون، دەستبەجێ پاش گەڕانەوەی شاندی کورد بۆ مەهاباد بەرەیەکی نوێ و بەهێزیان

بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختاری کوردستان وەرێ خست. بەم چەشنە، لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦(٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی) بناغەی حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە چەشنێکی فەرمی دارێشترا.(٦)

* بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی نووسەر و توێژەری ئازەربایجان لە کتێبی "ئازەربایجانی ئێران، دەستپێکی شەڕی سارد"، ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات لە ١٦ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ واتە ٤ ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە بابەتێک بە ناوی "ویستەکانی خەڵکی ئازەربایجان" لە ١٢ خاڵدا ویستە سەرەکییەکانی کۆنگرەی میللیی ئازەربایجانیان گەڵاڵە کردبوو. لە سەرەتای ئەم بابەتەدا هۆیەکانی گۆڕانی بیروباوەڕی ئەوان لە خودموختارییەوە بۆ سەربەخۆیی ئازەربایجانی ئێران و دامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان شرۆڤە کراوە. لە خاڵی ١٢ی ئەم بەڵگەنامەیەدا باس لە لکاندنی بەشی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کورستان بە ناوی کوردستانی باکوور بەم کۆمارە بەم چەشنە گەڵاڵە کراوە: "ئەم نەخشەیە [سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە] کوردستانی باکووریش لەخۆ دەگرێ. سنوورەکەی لە کاتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانی باکوور دیاریی دەکرێ."

حەسەنلی هەروەها ئاماژە دەکا: لە سەرەتادا باقرۆڤ و پیشەوەری دژی خودموختاریی کوردستان بوون و پێیانوابوو کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا خودموختار بن. بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنێو ئێراندا بەشێک لە نەخشە ستراتیژییەکانیان لەم وڵاتە بوو. باقرۆڤ هەوڵی دەدا بە چەشنێک ئەم مەسەلەیە کۆنترۆل بکا. لە ٢٩ ژانویە لە تەورێزەوە ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ دەنووسن: هاوکاریی نێوان کورد و ئازەرییەکان گەلێک ئاڵۆز بووە ... زۆربەی سەرانی کورد باسی ئازادیی کوردەکان و پێکهێنانی کوردستانی گەورە دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە لایەنگری سیستمی فێئودالیسم و درێژەپێدانی ئەون. پاش ئەم نامەیە، بە فەرمانی باقرۆڤ "ناسر داداشۆڤ"، ئەندامی پێشووی وەزارتی نێوخۆ [کشور] لەژێر عینوانی نوێنەری بازرگانی و "مەلیک ئەسلانۆڤ" بە ناوی سەرپەرەستی نەخۆشخانەی سۆڤییەت دەنێردرێنە مەهاباد تا بارودۆخەکە کۆنترۆل بکەن.(٧)

ڕاگەیاندنی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بوو بە هۆی تێکچوونی چنمانی سپایی و سیاسیی وڵاتانی داگیرکەری ئێران و؛ کوردستان و ئازەربایجان بوون بە خاڵی دەستپێکی شەڕی سارد. بەڵام یەکیەتیی سۆڤییەت سەرەڕای پشتیوانی قورس و قایمی خۆی لە ئازەربایجان بەردەوام بە دڕدۆنگییەوە سەیری حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی دەکرد کە زۆربەی ڕێبەرانی نەک کۆمۆنیست بەڵکوو کەسایەتیی ئایینی، ئاغا و سەرۆک عەشیرە واتە "دەرەبەگ و نوێنەرانی چینی چەوسێنەری کۆمەڵگە" بوون و، سەرۆک کۆمارەکەی سەرەڕای ئەوەی لایەنگر و دۆستی ئەوان بوو، بەڵام هاوکات سیاسەتێکی ڕاستبینانەی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتەکانی تاران و تەورێز، هەروەها ئەمریکا و سۆڤییەت

بەرێوە دەبرد و دەیویست هاوسەنگییەکی ڕاستبینانە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کورد لەگەڵ ئەم لایەنانە پێک بهێنێ و لەم پێوەندییەدا نەک دژایەتییەکی توندوتیژی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا نەدەکرد بەڵکوو بە پێی ڕاپۆرتەکانی جێگیری کونسوولی ئەمریکا خوازیاری هاوکاریی ئەوان بۆ دابینکردنی دێموکراسی ڕۆژئاوایی و گۆڕینی چەشنی دەسەڵات لە ئێران بوو.

لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی دوهێر، جێگری کونسوولی ئەمریکا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦(٦ی ئەیاری ١٣٢٥) باسی دیداری لەگەڵ قازی محەممەد و پێشوازیی پێشەوا لە بەکارهێنانی نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و، پێشوازیی کوردەکان لە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا لەم ڕەوتەدا کراوە. دوهێر لە ڕاپۆرتێکی دیکەش لە پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بە ئەم مەسەلەیە دەکا و دەنووسێ: کوردەکان لە هۆگریی ئەمریکاییەکان لە کاروباری خۆیان پێشوازی دەکەن. ئەوپەڕی دڵخوازیی کوردەکان دێموکراسی لە چەشنی ئەمریکییە. دوهێر هەروەها لە ڕاپۆرتێک لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ کە بۆ جۆرج وی ئالێن، باڵوێزی ئەمریکا لە تارانی ناردوە، لە پێوەندی لەگەڵ بەشکبوونی بەرپرسانی سۆڤییەت لە قازی محەممەد دەنووسێ: بەرپرسانی سۆڤییەت ئێستاکە بە هەڵسوکەوتی قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی زۆر گوماناوین و تەواوی ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سۆڤییەتەکان لە پشتگیریی خۆیان لە قازی پاشگەز بوونەتەوە و ڕوویان لە زێرۆبەگ کردوە.(٨)

پێشەوا لە بازنەی ململانێی وڵاتە زلهێزەکاندا سەرەڕای ئەوەی کە زۆرتر بەرەو سۆڤییەت دەشکاوە، بەڵام بەهۆی ڕاستبینیی سیاسی و قەتیس نەبوونی لە چوارچێوەیەکی تەسکی ئایدۆلۆژیک، هەوڵی دەدا لە هەر دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگای پێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاواش کە کاریگەریی بەرچاویان لە تەواوی ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتی ئێران هەبوو، کەلک وەربگرێ. تەنانەت ئەم حاڵەتە لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوڵەتی تارانیش خۆی دەنواند و سیاسەتەکانی لە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوسەنگی هێزەکان لە ئاست ئێران و جیهاندا بوو. بە گشت دەتوانین بڵێین قازی محەممەد وەکو ڕێبەری حیزبی دامەزرێنەری یەکەمین کۆماری کوردستان کەسایەتیەکی ڕاستبین و پراگماتیست بوو. ئێمە ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە لە گەڵ حکوومەتی تاران لە سێ قۆناخدا بەپێی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە جووانی دەبینین:

لە ٢٥ی گەلاوێژەوە هەتا ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ وە هەتا ٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی

لە ٣١ی بانەمەڕەوە هەتا هێرشی سپای ئێران لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ هەتاوی بۆ ئازەربایجان و کوردستان

لە قۆناخی یەکەمدا ڕێبەری کورد سەرەڕای ئەوەی نزیک بە پتر لە چوار ساڵ دەسەڵاتی ناوچەکەی بە دەست بوو، بەپێی هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزە جیهانی و نێوخۆییەکان، هەروەها دڕدۆنگی لە پشتیوانیی سەتاوسەتی یەکیەتیی سۆڤییەت یاخود وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەربەخۆیی کورد،، لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئۆکتۆبری ١٩٤٥ مەهاباد، خەزەلوەری ١٣٢٤) هەروەها لە یەکەمین پرۆگرامی حیزب لە دێسامبری (سەرماوەز) ئەو ساڵەدا باسی پارێزگاری لە مافەکانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، واتە خودموختاریی نێوخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دەکا. پێشەوا قازی محەممەد هەروەها لە "گفتوگۆ" لەگەڵ "خاوەنانی چەند ڕۆژنامەی تاران" کە لە ژمارەکانی یەک و دووی کوردستان لە ٢٠ و ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە کەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە باس لە جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتی ئێران و خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێرانی کردوە.

پێشەوا لە وڵامی ئەم پرسیارە:

لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەریی جەنابت جوێ بوونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ؛ ئایا ڕاستە؟

ئاوا وڵام دەداتەوە:

* خەیر ڕاست نییە؛ لەبەر ئەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین و، خودموختاریشمان وەگیر کەوتوە.

هەر لەم وتووێژەدا لە وڵامی پرسیاری "مەرامی فیرقەی دێموکراتی کوردستان چییە؟" پێشەوا دەڵێ:
* میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسووڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگەی خود ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بژی.

بەڵام، پاشان بەپێی شیاوبوونی بارودۆخ و، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئازەربایجان لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەم حکوومەتە، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووی ڕێبەندان بە پێچەوانەی ویستی فرقە و سۆڤییەت دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێ. لەم پێوەندییەدا پێشەوا قازی محەممەد لە "نطق"ی خۆی کە لە ژمارەی ١٠، ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ و ژمارەی ١١ لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە "کوردستان" وەکوو بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە لەژێر سەردێڕی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان" بڵاو بۆتەوە، وێڕای ئاماژەکردن

بە مێژووی کوردستان و کۆبوونەوەی کوردان لە ژێر عینوانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" باسی وەدەستهێنانی "ئیستقلال و ئازادیی کورد" بەهۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەکا و دەڵێ:

[...] میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندی لە ڕێدا بوو دەستەودایەرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنیی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان، ئیختلافاتی عەشایر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچکامێکیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن، بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا...

پێشەوا قازی محەممەد نیزیکەی دوو مانگ پاش چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران و گۆڕانی بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەکی بەپێی وەزعییەتی تازەی سیاسیی ئێران لە "نطق" یخۆی لە ڕۆژی ٣١ بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بەرامبەر تەواوی سەران و سەرکردە و ژێنراڵەکانی کۆمار، کە لە ژمارەی ٥٠ی کوردستان بە کوردی و لە ژمارەی ٥١ بە فارسی بڵاو بۆتەوە وێڕای باسێکی دوورودرێژ لە پێوەندی لەگەڵ زوڵم و زۆری پەهلەوییەکان و سەرەڕای ئەوەی کە "ئاماژە بە سەربەخۆیی تام و تەمامی" کورد دەکا، هاوکات ئاماژە بەمەش دەکا ئەگەر ئازادی لە سەرانسەری وڵاتدا دابین بێ، هیچ بەربەستێک بۆ ژیانێکی برایانە لە چوارچێوەی ئێراندا نابینێ و لە ئەسڵدا ئەگەر سەرنجی قسەکانی بدەین بەپێی ئەو نموونانەی کە دێهێنێتەوە دەتوانین باس لەوە بکەین، پێشەوا قازی محەممەد وەکو یەکەم کەسایەتی سیاسیی لە مێژووی کوردستاندا باس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵ و کۆنفدراڵ بێ هێنانی ئەم چەمکانە بەڵام نموونەکانی دەکا. پێشەوا لە بەشێک لە "نطق"ی خۆی ئاوا دەبێژێ:

... ئەگەر بێتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ چ مانعێک هەیە ئەوەی لە ئێرانێدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری. بزانن شۆڕەوی چل پەنجا میللەتن عەداڵەت کردوونیە برا، ئەمریکا چلوچەند جمهووری، سویس دوو - سێیەکن [وەک] یەک ڕووح و گیان پێکەوە دەژین...

لە بەهاری ١٣٢٥، بە تایبەتی پاش ڕێکەوتنەکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاوا و چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە پێوەندی لەگەڵ تاران دێ و گوشاری ڕێبەریی سۆڤییەت بە تایبەتی لەسەر فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بۆ پاشەکشە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" توندتر دەبێ.

ڕێکەوتی ٥ی پووشەڕ بە بانگهێشتنی "قوام السلطنه"، پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی

وەزیری شەڕی کۆماری کوردستان و شاندێک لە وەزیرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بۆ تاران دەچن و ماوەی نزیک بە ٢٥ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لەم سەفەرەدا پێشەوا بەپێی وتووێژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی "رهبر" و "ایران ما" لەگەڵ "قوام"، "مظفر فیروز" و سەرلەشکەر "ارفع" دیدار و وتووێژی بووە. لە قسەکانی پێشەوا تا ڕادەیەکی زۆر هیوایەکی تایبەتی بە "قوام السلطنه" بۆ ڕێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تاران و کوردستان دەبیندرێ. وتووێژەکەی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەی"رهبر" لە لایەن نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی کراوەتە کوردی و لە ژمارەی ٦٩ی کوردستاندا بلاو بۆتەوە.

پێشەوا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر" دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ "مظفر فیروز" و "قوام السلطنه" دەڵێ:

* "دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر، ملاقاتم کردوە، نەزەری ئاغای سەرۆک وەزیرم تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاک نییەتی دیوە... من ئاتیبیەیەکی زۆر چاک تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دێموکراسی بە هەموو ئێراندا بڵاو بکاتەوە". هەروەها لە وڵامی پرسیارێک دەربارەی پێوەندییە "معنوی"یەکانی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان ئاماژە دەکا:" هەردووک لامان بۆ ئامانجیک کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستیی ئێرانە کاردەکەین".(٩)

تاران وێرای ڕواڵەتکاریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان، پەیتا پەیتا لەباری سیاسی و نیزامییەوە خۆی بەهێزتر و ئامادەی هێرشێکی گەورە بۆ ئەم دوو ناوچەیەی دەکرد. لە کردەوەدا ئەم چاوپێکەوتن و وتووێژانە نەیدەتوانی ئاکامێکی ئەرێنی بەشوێنەوە بێ و "قوام"یش کەسێک نەبوو بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بهێنێ. لەم ڕەوتەدا شکستهێنانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی سۆڤییەت لە بەرامبەر ئەمریکا و بریتانیا و دانوستانی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ لە ئێراندا، پاشگەزبوونەوەی حکوومەتی ئازەربایجان لەژێر گوشاری مۆسکۆ و خۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەتە پاش دانوستانی یەک لایەنەی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بەبێ ئەوەی کە ڕێبەری کۆماری کوردستان ئاگادار کرابێتەوە، بوو بە هۆی شکانەوەی هاوسەنگیی سیاسی و نیزامیی هێزەکان بە قازانجی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوایی و ئێران و بێ پشتیوان مانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ئازەری لە ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێراندا. حکوومەتی تاران پاش بێلایەن کردنی مۆسکۆ و بەرەوخۆ ڕاکێشانی بیروڕای جیهانی تەنانەت لە ئاست شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، هەروەها پشتیوانیی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویی واتە ساڵڕۆژی دامەزرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان هێرشێکی بەرفراوانی لە تەواوی بەرەکانەوە کردە سەر ئازەربایجان و کوردستان.

مخابن پاشەکشەی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و بەشوێن ئەودا کۆماری کوردستان، خۆبەدەستەوەدان و بەرەنگار

نەبوونەوەیان لە بەرامبەر سپای ئێران، هەروەها نەبوونی هیچ چەشنە پشتیوانییەکی سیاسی و نیزامی لە لایەن سۆڤییەت و هێزە پیشکەوتنخوازەکانی ئێران، کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئازەربایجان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد و گرتن و دوورکردنەوەی ئازادیخوازانی کوردستانی بە شوێنەوە بوو.

## کۆتایی

بێگومان بیرەوەریی کۆماری کوردستان وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان و شانازییەکی گەورە لە مێژووی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە. ڕێبەریی کورد لە سەردەمێکی گەلێک ئاڵۆزی جیهانی و ناوچەییدا توانی بۆ هەوەڵین کەرەت لە مێژووی خۆیدا شێوەی دەسەڵاتداری ئەزموون بکات و ئەم شانازییە بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببەخشی هەتا لە ڕەوتی بە دەوڵەت بوونی کورددا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێ. حکوومەتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئازەربایجان لەباری ئاستی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، هەروەها ئیمکاناتی ماددی و پشتیوانی تەسکی یەکیەتی سۆڤییەت گەلێک لاوازتر بوو، بەڵام وێرای ئەوەش توانی هەنگاوی مێژوویی بۆ بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی خەڵک بگرێتە بەر. گۆڕانی سیستمی پەروەردە و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و بەشداری کوڕ و کچی تەمەن ٦ هەتا ١٤ لە قوتابخانەکان، دامەزرانی مەدرەسەی شەوانە بۆ گەورەساڵان، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی کوردی، دامەزرانی یەکەمین تئاتری کوردی، بەشداریی ژنان بۆ یەکەمجار لە کارە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە [سپای میللی] بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان، ناردنی لاوانی کورد بۆ خوێندن لە ئاستی باڵا بۆ باکۆ، مامەڵەی ڕاستەوخۆی بازرگانی و فرۆشی توتوتن لە ڕێگای درووست کردنی "شرکت ترقی" بە یەکیەتیی سۆڤییەت و هتد لە کارە بەنرخەکانی حکوومەتی ساوای کورد لەم ماوە کورتەدایە. هەرچەند بە پێی پیلانی دوژمنانی ژوورەکی و دەرەکی و پشتیوانی نەکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆماری کوردستان ڕووخێندرا و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تووشی لە سێ دارەدان، زیندان و هەڵاتن و هتد بوون، بەڵام ئەزموونێکی بە نرخیان لە خۆ بە جێ هێشت، لە هەمووشیان گرینکتر ئەوە ڕاستییەیە کە کێشەی نەتەوەیی کورد بێ سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کورد چارەسەر ناکرێ و ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد دەبێ ستراتێژی نەتەوەیی، توانایی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ، ڕێکخستنی خەڵک لە دەوری دروشمی شیاو، پەرەپێدان بە ئاگایی و هەستی نەتەوەیی و لە کاتی شیاودا بوێری هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست و ڕاستبینانەی بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی بێ.

***

١) لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ی هەتاویی لە مەغارەکێو "قەڵای سارم" لە نزیکی شاری مەهاباد یەکەم کۆنگرەی

کۆمەڵە بە بەشداری ٢٥ کەس بەڕێوە چوو و دامەرانی ئەم حیزبە ڕاگەیەندرا.

٢) ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧-١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨، بە ڕووسی

٣) Fo371/401173/13978 نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن. ک. س. لەمبتۆن. ئاتاشە (ڕاسپێراوی) چاپەمەنیی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٤، پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووس. سەرچاوە: ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) لاپەڕەی ٦٧، ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥.

٤) سێر ڕ.بوللارد، "لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ٢٩ی سێپتامبری ١٩٤٤ لە پێوەندی بە کوردستانەوە دەنووسێ" کوردی ناوچەی ڕووس لە ئێران، بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن.[...] لە مەڕ مەهابادیشەوە ڕاستە و وا دیارە قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بێ لە کوردستان" سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٧١.

٥) کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥،ص ص٤١ - ٣٩ و ٩٤ مترجم کاوه بیات، تهران.

٦) تورج اتابکی، آذربایجان در ایران معاصر، ص ١٦١، ترجمه محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦.

٧) جمیل حسنلی، آذربایجان ایران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤-٢٦١، ترجمه منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس.

٨) کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران، صص ٥٤ ، ٥٣ و ٧٨ و ٩٤.

٩) کوردستان، ژمارەی ٦٩، ساڵی یەکەم، ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥

***

سەرچاوەکان:

به کوردی:

١- ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٥-١٣٢٤ هەتاویی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین، ٢٠٠٧

٢- ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٣- کامران ئەمین ئاوە، بیری چەپ و دۆزی سەربەخویی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ٢٠١٧
http://www.kurdistanukurd.com/files/birawarichapp.pdf

به فارسی:

١- یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، تهران ١٣٩٤
٢- کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣ - اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران،
٣- تورج اتابکی، آذربایجان در ایران محاصر، ترجمه محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦.
٤- پروفسور جمیل حسنلی، آذربایجان ایْران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤ - ٢٦١، ترجمه منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس.
٥- علی گلاویژ، یادی از جنبش دوم بهمن، نشریه سیاسی تئوریک "دنیا"، دی ماه ١٣٥٦، شماره ١٠، سال چهارم
٦- کامران امین آوه، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر ڕوشنگری، آلمان ١٣٩٥

به ڕووسی:

١- میکائیل سیمۆنۆیچ لازاریف، کوردستان و کێشەی کورد(١٩٤٥ - ١٩٢٣)، مۆسکۆ، دەزگای وێژەی ڕۆژهەڵات ٢٠٠٥.
٢- ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧ - ١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات و چەند پرسێک




قادر وریا

## هۆی درێژە کێشانی خەباتی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٧٥ ساڵە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتی ئێرانە و بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکا. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون، مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم مافەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و ئەم ئامانجەی خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکیان نییە، بەڵکوو بە مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێن. نە شتێکی ناڕەوایان تێدایە و نە زێدەڕۆیی. کە وایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی خەبات، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەر و دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوە و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ،

هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، ئەمانەن:

**یەکەم**: پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی و، دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم نەتەوەیەش وەک نەتەوەکانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ.
**دووهەم**: پابەندبوون بە ریسالەت و ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە ڕزگار کردنی نەتەوەکەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی لە بندەستی و بێبەشی.
**سێهەم**: وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبەدا و، هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبە و لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەبات و بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانی و تێچووە زۆرەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داویانە.
**چوارەم**: درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

### حیزبی دێموکرات، هێزی پێشمەرگە و بەرگریی چەکدارانە

بەرگری چەکدارانە لە خەڵکی کوردستان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو خەڵکە، لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگایەکی دیار و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنی هەیە. دەکرێ خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا)دا بەمجۆرە باس بکەین:

بەرگریی چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلە و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانەدا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا، ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلە و پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستی و فیداکاری و ڕێزدانان بۆ خەڵک و بوونی

ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندییانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەین، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لەسەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بکەین. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماردا، هێزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لەژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیاندا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵاوێک بووە لە خەڵکی لادێ و شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێ و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستە و چەکیش کە لەو سەردەمەدا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان.

جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆی پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوودا هەیە، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئێستا، پشوودرێژتر و خۆڕاگرتر بوون، لەگەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچووندا بوون، پتر لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوون و هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرت و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگەدا دەمانەوە.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخواز؟

حیزبی دێموکرات مێژوویەکی لێوڕێژ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بەڵام بە سەرنجدان بە هەلومەرجی سەردەمی ئێستا و جۆری تێکۆشانی حیزب لە ئێستادا زۆر جار ئەو پرسیارە بەرەوڕووی حیزب دەبێتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا حیزبێکی ڕیفۆرمخواز؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بگوترێ: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی و

کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناو بەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆر و شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبەدا داسەپاون، ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە ڕووی داخوازیی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێ هەم خەڵک بۆ بەشداری تێداکردن و بەرەوپێشبردن و ڕادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

### پێکەوە بەرەوپێشبردنی دوو سیاسەتی کوردستانیبوون و ئێرانیبوون

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردووەتە پێش و هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بدا و یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لەگەڵ گەلانی ئێران لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، هاوخەبات بێ.

### ڕوانینی حیزب بۆ بوونی پەیڕەوانی ئایین و ئایینزای جیاواز لەکوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چین و توێژێک یا لە هەر ئایین و ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکت و زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دێموکراتی

کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایین و ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوە و، بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەو بڕوایەدایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەک و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردە و دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج و داخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو و هاوخەبات بن.

### ئەرکی حیزب و ئەرکی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا

ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسی و، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ کەموکوڕی و لاوازیی جۆراوجۆر و ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، درێغ نەکردن لە قوربانیدان و شێلگیربوون لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێبەجێی کردوە.

دیارە ڕۆل و ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبە و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٥ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیانوابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دێموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەر و تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەبات و بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەر و ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوە و لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی

بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.

### حیزبی دێموکرات، حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو

سوارچاک و دیارترین ئەکتەری مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کە ئەم حیزبە درێژەی هەمان ڕێچکەیە، نزیک بە ٨٠ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ماوەی ٤ دەیە تاقە هێزی مەیدانەکە و دواتریش هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بووە. کۆماری کوردستان کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی هەموو کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێ، مێژوو بە ناوی ئەم حیزبەوە تۆماری کردوە. ٤٠ حیزبی دێموکرات پشکی شێری لەو ٤٠ ساڵ خۆڕاگری و خەبات و بەربەرەکانیی خوێناوی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. ئەم حیزبە زۆرترین کاریگەرییشی هەبووە لەسەر گەشە کردنی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و شۆڕبوونەوەی خەبات و باوەڕی نەتەوەیی بۆ جوگرافیایەکی هەرچی بەرینتر و بۆ نێو چین و توێژی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. جگە لەمەش ناسرانی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، قەرزداری تێکۆشانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی ڕێبەری شەهیدی ئەو حیزبە، دوکتور قاسملوویە. بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبێک نییە تایبەت بە ڕابردوو، حیزبێکە بۆ داهاتووش. خاوەنی داهاتووشە. چونکە پرسێک و ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکا، هەروا پرس و ئامانجی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. ئەم حیزبە بۆ دوای چارەسەری پرسی نەتەوەییش بەرنامەی هەیە. وێرای ئەمانە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان، ڕێبەرانێکی شەهید کە کۆمەڵگە وەک ڕەمز و هێمای خەبات و پرسی ڕەوای خۆی وەری گرتوون، چەند هەزار شەهیدی سەنگەر و بەرەجۆراوجۆرەکانی خەبات، ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی کە ئەم حیزبە بە دەستی هێناوە، سەرمایەکانی حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە و بەردەوامی و گەشە لە داهاتوو دان. دیارە بەو مەرجەی ئەم حیزبە یەکیەتیی خۆی وەدەست بێنێتەوە، لاوازییەکانی ڕابردووی خۆی چارەسەر بکا و خۆی بۆ خەبات لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# مان و مەوجوودییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان




سمایل شەرەفی

ڕازی مانەوەی حیزبێک کە نزیک بە تەواوی تەمەنی ٧٥ ساڵەی خۆی لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا ژیابێ و ئێستا هەروا جێی هیوا و خاوەن پێگە لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیدا بێت، دەبێ چ بێت؟ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ (١٣٩٩)، یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی جێژن دەگرێ، زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە تەمەنی لە دەرەوە و دوور لەو شوێنەی لێی دامەزرا تێپەڕاندوە و هەر ئێستاش ئەم ڕەوتە لە دووربوون لە ژینگەی ئەسڵیی خۆی هەروا درێژەی هەیە. ئەم حیزبە کە بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە لە تێکۆشان و خەباتی، ڕێبەرایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵات بووە و هەیە، ئێستاش سەرەڕای گەلێک کەمایەسیی دەروون تەشکیلاتی کە هەیبووە و هەیەتی، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا هەروا جێی متمانە و هیوایە. هەر ئەم پێگە بەرز و متمانە پێکراوە، ئەم حیزبەی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردستانی، ئێرانی و جیهانیشدا بە ئێعتبار و خاوەن کەسایەتیی تایبەتی خۆی هێشتۆتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بوون و وجوودی، بەرهەمی وڵامدانەوە بە هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەت بە بەشێک لە خاکی کوردستان بوو، بە هۆکاری مەعریفەیەکی تێکەڵ بە ئەقڵییەتێکی مودێرن کە پێشەوای مەزن، قازی محەممەد وەک کەسی یەکەمی ئەم حیزبە نوێنەرایەتیی دەکرد، توانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورددا پێک بهێنێ. بنیاتنانی ڕەوتێکی نوێ لە خەباتی نەتەوایەتی لە سەر ئەساسی دوو کۆڵەکەی "پلانمەندکردنی بزووتنەوە" و "بەخشینی کەسایەتیی بە کۆمەڵگە"، ئەو جەهانبینییە سیاسی و فکرییەیە کە مانای وجوودیی حیزبی دێموکرات لە جووڵانەوەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە.

ڕاگەیاندنی "کۆماری کوردستان" هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی حیزب و دارشتنی قەوارەی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەم دەسەڵاتە لە شێوەی دانانی کابینەی وەزیران، سەرکۆمار و وەزارەتخانە و... هتد، نیشانی دا کە کورد لەمەوبەولا دەیهەوێ بە پرۆژەوە قسە لە ویست و داخوازییەکان و ئامانجەکانی بکا. حیزبی دێموکرات وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان کە پێشەواکەی ئەرکی سەرکۆماریی ئەم سیستەمە سیاسی و بەڕێوەبەرییەی کەوتۆتە سەر شان، سەلماندی کە بە پشتبەستن بە تێفکرینێکی خاوەن پلان، پێویە لە ڕێگای بە دامەزراوەییکردنی خەباتەوە، هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بنێ. لە لایەکی دیکەوە بە هەستکردن بە "بۆشایی باوەڕبەخۆبوون"ی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە ڕەوتێکی دورودرێژی تاریخیدا، سیاسەتی سەرکوت و بە کەمسەیردنی نەتەوەی باندەست بەسەر کوردیدا سەپاندبوو، بنیاتناوەی کەسایەتیی کورد و خەباتەکەی پێویستییەکی هەرە زەرووری بوو. پاراستنی ئەم دەسکەوتە (کۆماری کوردستان)، پێویستیی بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دەروەست بەرانبەر بە گەل و نیشتمان بوو کە بێگومان لە بابەتی "نەتەوەسازی"دا باسێکی گرینگ و ئەساسییە و ڕاستەوخۆ لە چێبوونی بەرژەوەندی گشتییەوە کەهەستێکی هاوبەش پێک دەهێنێ، شوێندانەرە. بۆ دروستبوونی ئەم دەروەستبوونە پێش هەموو شتێک دەبوا تاکەکانی کۆمەڵگە هەستیان بە کەسایەتیی خۆیان کردبا و ڕەمزێک هەبا کە هەستی باوەڕبەخۆبوون لە نێویاندا درووست بکا. بۆیە بەرزکردنەوەی "ئاڵای کوردستان" لە کۆماری کوردستاندا و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی تایبەت بەم دەسکەوتە مێژووییە لە چەند شارێکی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بەوپەڕی گرینگی پێدانەوە بەڕێوەچوون.

بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، ڕاگەیاندنێکی ماناداری شوناسخوازانە بوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەروونیی لەسەر تاکی کورد و کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستاندا دانا و هەستی باوەڕبەخۆبوونێکی نەتەوەیی بنیات نا. "بوون" بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئینسانی کورد و کەسایەتیی بە تاکی کورد بەخشی. بەو مانەیە کە خەڵکی کوردستان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا بە تەواوەتی هەستی بە بوونی خۆی - جیا لەویتر - کرد. هەر ئەوە بوو کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مهاباد و کۆماری کوردستان بوون بە جێی هیوا و هومێدی نەتەوەیەک بە ناوی کورد.

لە پرۆسەی بنیاتناوەدا بە تایبەت کە لێرەدا ڕاستەوخۆ قسە لە ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکی داڕووخراو حاشالێکراوە، تێگەیشتن لە زەروورەت و پێویستیی "پارێزگاری"ی و "پاراستن" زۆر گرینگە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لە گەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی "سپای میلیی کوردستان" کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی لە سەر دادەنرێ، بە زەرووری دەزانێ. ئەم بەشە لە بزووتنەوەی کوردستان کە دواتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا جێ دەکەوێ، تا ئێستایشی لە گەڵ بێت، بەشێکە لە هۆوییەتی کورد و خەباتەکەی. پێشمەرگە بەشێکە لە ئەرزش و بەها نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد، پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە کە باڵێکی هەرە ئەساسی و جێی

شانازیی بزووتنەوەکانی کوردستانە، ڕیشە و ماهییەتی بۆ تێفکرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کردەوەی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە.

بوونی پێشمەرگە و دامەزرانی سپای میلیی کوردستان، متمانەیەکی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا درووست کرد و باوەڕی خەڵکی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان قورس و قایيم کرد. پێشمەرگە بوو بەو هێزە متمانەپێکراوەی کە خەڵک وەک قودرەتێکی ڕزگاریدەر سەیری بکا. بۆیە هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو بە درووستی پێناسەی دەکا؛ "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە".

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە توانی بە مەبەستی ئەم دەسکەوتە مێژوویە بۆ ماوەیەکی باش دژ بە هێزەکانی ڕێژیمی شا بەرەنگاری بکا و دواتریش و لە قۆناغەکانی دوای کۆماریشدا، هێزی پێشمەرگە بوو بە پارێزەری مان و مەوجوودیەتی میللەتەکەی و لەم پێناوەدا زۆرترین قوربانیی پێشکەش کرد.

هەموو ئەو ڕەمز و سەمبوول و هێمایانەی کە ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە هەر چواربەشەکەی کوردستان و هەر کوردێک کە لە هەر کوێی ئەم گۆی زەوییە دەژی، شانازییان پێوە دەکا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەکی جیاواز بە کەسایەتیی جیاوازەوە پێناسە دەکا، لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کراون و بەرهەمی تێفکرین و جیهانبینیی ئەم حیزبەن کە بەخۆشییەوە ئەمڕۆ هەموویان بوونەتە بەشێک لە خەسڵەت و شناسنامەی نەتەوەی کورد. ئەگەر ٧٤ ساڵ پێش ئێستا لە شاری مهاباد و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا، تەنیا بە هەزاران کورد لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا بەشدارییان دەکرد، ئێستا ئەم ئاڵایە بۆ میلیۆنان ئینسانی کورد و بۆ نەتەوەیەک ڕەمز و شوناسی نەتەوەییە. کۆماری کوردستان و سەرکۆمار پێشەوا قازی محەممەد، ئەمڕۆ بۆ هەموو ئینسانێکی کورد نەتەنیا یادەوەرییەکی مێژوویی لەبیر نەکراوەن، بەڵکوو بۆ نەتەوەیەک بوونەتە هۆوییەت و بەهای نەتەوەیی.

ئەوەی تا ئێرە بە نیسبەت داهێنان و دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە باس کرا، تەنیا بەرهەمی یەکساڵ لە خەبات و جیهانبینیی ئەم حیزبە بووە. ئەم حیزبە لە ماوەی تەمەنی ٧٥ ساڵی تەمەنی خۆیدا کە لە ئێران دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتدار بوون، سەرەڕای بڕینی قۆناغی زۆر سەخت و دژوار، لە زۆر بواردا خاوەنی دەسکەوت و داهێنان و، - لە هەموویان گرینگتر - بەردەوامبوون و درێژەدان بە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بووە.

### گوتاری میللی - دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار مەفهوومی "گوفتمان" (گوتار) لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا مانا پەیدا دەکات و سیاسەت و ڕێکاری خەباتکارانە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی خاوەن پلان و بەرنامەدا لەسەر ئەساسی پێناسەیەکی دیاری مەعریفی و پراکتیکی، کە هەمان "گوتاری سیاسی"یە شکڵ دەگرێ. بە واتایەکی دیکە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی دوو سەد ساڵی ڕابردوو لە کوردستان (لە میرنشینەکانەوە تا شۆڕشەکانی شێخ مەحموود لە باشوور و سمایل ئاغای سمکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەستی بە بۆشاییەک لە پلانمەندبوونی خەبات لە ڕووی "ویست" و "شێواز"ی تێکۆشان کرد و، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا، کارکردن لەسەر کەسایەتی بەخشین بە کورد (نەتەوە) و کۆمەڵگە (نیشتمان)ی کردە ئامانجی خۆی. "سەروەری" و "گەورەیی نیشتمان" بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بناغە فکری و مەعریفییە بوو کە توانی لەسەر ئەم ئەساسە بە هەڵگرتنی گوتارێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، ڕێڕەوێکی ڕوون بۆ بزووتنەوەی کورد دیاری بکات.

گومانی تێدا نییە کە جووڵانەوەکانی کورد، ئەوانەی زۆر پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوون، نێوەرۆک و ئامانجی نەتەوایەتییان هەبووە و زۆربەیان لە خانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی میللەتی کورددا جێ دەگرن. بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی لەم پێوەندییەدا بیکا و جیاوازی دروست بکا، گشتاندنی بیر و باوەڕی نەتەوەیی لە هەموو ئاست و بوارێکی بزووتنەوەدا بوو. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە لە وێناکردنی "ئامانجەکان"ی خۆیدا، بە ڕەخنەگرتن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە بەستراوە بە "عێل و عەشیرە" بوون و بە بەرفراوان نیشاندانی جیهانبینیی بزووتنەوە لەسەر ئەساسی "بەرژەوەندیی گشتی"، باس لە دوو مەفهوومی "سەروەری" و "گەورەیی نیشتمان" دەکا.

ڕوون و ئاشکرایە کە لە حەوزەی سیاسەتدا قسەکردن لە مەفهوومی "سەروەری" پێویستیی بە پاشخانێک لە هێز، ئیرادە و باوەڕ بەخۆبوون هەیە کە بەداخەوە کورد بە هۆکارگەلی نێوخۆیی و دەرەکی، بە تایبەت لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە؛ دابەشبوونی کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا و تێکشکانی یەک لەدوای یەکی جووڵانەوەکان، هیچ کام لەم ئیمتیازانەی بۆ نەمابوویەوە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند مانگ دوای دامەزرانی خۆی، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و تەشکیلی حکوومەتی میلیی کوردستان، بە کردەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە ناخی ئینسانی کورددا، مانایەکی تایبەت بە مەفهوومی "سەروەری" دەبەخشێ. لە سایەی خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چۆنیەتیی گەیاندنی ئەم نیشتمان

و گەلە بە "سەرووەری"یە کە ٧٥ ساڵ پێش لە ئێستا خەڵکی کوردستان لە هەر چوار بەشەکەی، بە شانازییەوە دەڕواننە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بە شکۆوە لە ڕێوڕەسمەکانی "هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان" و پاراستنی ئەم دەسکەوتە میللییەدا بەشداری دەکەن.

"گەورەیی نیشتمان" لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، قسەکردن لە کەلێنێکی مێژوویی بەژان و ئازارە کە کورد تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئارەزووی گەورە و گرانی لەسەر بنیات ناوە. کوردستان کە نازناو و پێناسەی "وڵات"ـی لێ زەوت کراوە، نیشتمانی نەتەوەی کوردە کە لە زەمەنێکی تەسکی مێژووییدا و لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەی ١١ مانگ، ناو و قەوارەیەکی ڕەسمی وەک "وڵات"ـی پێ بەخشرا. ئێستاش دوای ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی، "گەورەیی نیشتمان" بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو مەفهوومە پیرۆز و نەگۆڕەیە کە وەک بەشێک لە جەوهەر و ماهیەتی گوتاری حیزب چەسپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد هەبووە، لەسەر ئاستی گوتاری سیاسییدا توانیویەتی گوتاری نەتەوەیی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵێک مەفهوومی مۆدێرن و جیهان پەسەند بکات کە لە نەوعی خۆیدا داهێنەرانە بوون. جیا لەوەی کە بە پێی ناو و نێوەرۆکی "دێموکرات"بوونیشی بێ، ئەم حیزبە هەڵگری کۆمەڵێک بەها و موفهوومی مۆدێرنی وەک؛ دێموکراسی و سێکۆلاریزمە، بە درێژایی ئەم ٧٥ ساڵە، نە تەنیا بەرانبەر بە کۆمەڵێک ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە شوێنەواری قووڵ و بەرچاویان لەسەر ژیان و خەبات و جیهانبینیی ئینسانەکان داناوە، کەمتەرخەم نەبووە، بەڵکوو کەوتۆتە ژێر کاریگەرییانەوە. ئیدئۆلۆگ نەبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو مانایە کە خاوەنی چوارچێوەیەکی سەخت و داخراوی فکری نەبووە و نییە، بۆتە هۆی ئەوەی ئەم حیزبە بە ئاسانی بتوانێ لە هێندێک بڕگەی تێکۆشان و خەباتی خۆیدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕەوتێکی فکرییەوە. جا ئەم ڕەوتە هەندێک جار کوردستانی و ئێرانی بووە و هەندێک جاریش ناوچەیی و جیهانی. ئەم کارتێکەرییە لە ئاستی گوتار و تێفکریندا بۆ حیزبی دێموکرات لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی هەبووە. ئەگەر لە هەندێک بڕگەدا توانیویەتی بە پێکهێنانی ڕیفۆرمێک لە تێفکرین و خوێندنەوەیدا بۆ کۆمەڵێک بابەتی فکری و سیاسی لە ئاستی گوتاردا نوێبوونەوە و دەسکەوتێک بۆخۆی دەستەبەر بکات، لە هەندێک بڕگەشدا ئەم کارتێکەرییانە لە ئاستی تەشکیلاتییدا ناکۆکیی نێوخۆیی و لە کۆتاییدا لێکترازانیان لێ کەوتۆتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا تایبەتمەندییەک لە حیزبی دێموکراتدا هەیە کە لانیکەم من وەک خۆم لە هیچ حیزبێکدا ئەوەم بەدی نەکردوە، ئەویش ئەوەیە کە؛ سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا حەوت جار ئەم حیزبە تیایدا ئینشعاب و لێکدابڕان ڕووی داوە،

بەڵام تـا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە هیچ کـام لەم ئینشعاب و لێکدابڕانـانەدا، ڕەوت یـان جەریـانێکی دیکە سـاز نەبـووە کە بتوانێ، بە خۆ دوورخستنەوە لە گوتار و تێفکرینـی سیاسیی جیـاواز لەو گوتـار و تێفکرینە مێـژووییە، درێـژە بە خەبـات و تێکۆشانی خۆی بدات. ئەگەریش شتی وا هەبووبێ (بە نموونە وەک پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کە لە ئەدەبیاتی حیزبـدا بە تـاقمی ٧ کەسـی نـاوی هـاتووە)، نـاچـار بـوون دوای مـاوەیەک خـۆ هەڵوەشێننەوە. هەر ئەم تـایبەتمەنـدییە لە گوتـار و ڕێبـازدایە کە هاوکـات لەگەڵ لێـکترازانە تەشکیلاتییەکانی نێـو حیزبـدا دەسبەجێ یـان چەنـد سـاڵ دواتـر، بـاس لە یەکگرتنەوە دەکرێ کە نموونەکانی چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا بەرچاون.

"نەتەوەیی بوون"ی گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی ئیدیعایەک کە کەسانی خـاوەن نەزەر لە حەوزەی ناسیۆنالیزمی کـورددا بـاسـی دەکەن، بە تەنیـا پەرچەکردارێکی ڕووت بەرانـبەر بە گوتـاری شۆڤێنیزمی نەتەوەی باڵادەست نییە. "ڕەوایی" و "حەقـانییەت"ـی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی بێبەشکراو لە مـاف و ئـازادییە ئینسـانی و نەتەوەییەکـانی کە لە بەرنامە و تێفکرینەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە، پێناسە و مانایەکی ئینسانی و مۆدێرنی بە شێوە تێفکرین و ڕوانگەی ئەم حیـزبە بەخشیوە. بـۆیە ئەم گوتـارە وەک مانـا و مـاهیەتی خەبـاتی نەتەوەیەک مەفهوومی دێموکراتیـک بە خۆوە دەگرێ. تەعریفی "میللی- دێموکراتیـک"ی حیـزب بـۆ بـزووتنەوەیەک کە خۆی بە ڕێبەری دەزانـێ، نـاتوانێ چاوبەستە هۆکاری وجوودیی خۆی تەنیا بۆ "بەرپەرچدانەوە"ی شۆڤێنیزمی نەتەوەی ئێرانـی ببەستێتەوە و بـێئەوەی بیـر لە ڕەوایـی و بەرحەقبوونی ئەم بزووتنەوە بکاتەوە، بە چەکێک بچێتە مەیدانی بەربەرەکانێوە کە سەدان ساڵە بۆ لە نێـو بردنـی بەکـاری دەهێـنن. بـۆیە ڕاسـت لەو کـاتەدا کە پێـی وایە "لە هەلـومەرجی ئێسـتادا مەترسیـی گەورە، شـۆڤێنیزمی مەزنـیخـوازیی ئێرانییە"، دژایەتیی خۆی لەگەڵ "ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کـورد" کە "دیکتـاتۆریی مەرکەزی و خەڵکی ئێـران لێـک جیـا ناکاتەوە"، ڕادەگەیەنێ.

ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی نێـو ڕیزەکـانی ئەم حیزبە - بە کادری سیاسی و هێزی پێشمەرگەوە- کە تێکەڵێکە لە دوو مەفهوومی "ئیرادەی گەل" و "ئەخلاقـی ئینسـانی و شۆڕشگێڕانە" لە قۆناغی جۆراوجۆردا، کولتوورێکی پڕ لە بەها و ئەرزشی خەباتکارانەی دروست کردوە. ڕەفتاری ئینسانیی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکـانی شەڕ، ئاشتیخوازانەبـوونی ماهیەتی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، پشـتیوانیی حیزبـی دێموکرات لە بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەوڵدانی بەردەوامی بـۆ یەکخسـتنەوەی نێـو مـاڵی کـورد، بە تـایبەت یەکگرتـوویی نێـوان حیزبەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و هەتـا دوایـی، بەرهەمـی ئەم گوتـارە نەتەوەیـی و دێمـوکراتیکە مێـژووییەیە کە لە هەموو قۆناغەکانـدا لەسـەر ئەساسـی بەرژەوەنـدیی خەڵـک و بـزووتنەوە، سێبەری بەسـەر هەڵوێست و تێفکرینی ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبەدا زاڵ بووە.

له سەر ئاستی جۆری دیاریکردنی ڕەفتاری سیاسیی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵات، حیزب لە گوتاردا وێڕای پاراستنی ماهیەت و ئامانجی نەهایی بزووتنەوە، هەوڵی داوە لەسەر ئاستی دەرفەتەکان و بە مەبەستی بە جەماوەری کردنی بزووتنەوە، هێز و توانایی خەڵک لە بەستێنی جۆراوجۆردا وەجووڵە بخات و کۆمەڵگە لە دۆشداماو و پەسیڤبوون بپارێزێ. بۆیە هەمیشە پێی وا بووە "خەبات بۆ پێکهێنانی ئەو حکوومەتەی لە کوردستاندا داوای دەکەین و داخوازێکی درێژخایەنە، دەگەڵ خەبات بۆ جێبەجێ کردنی هەندێک داخوازیی دیکە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا هیچ ناتەبایی نییە و پێویستە ڕێز لە هەر هەوڵێکی گەورە و چووکەی خەڵک بگرین".

ئەوەی کە دوای ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییدا زۆرترین لایەنگر و پشتیوانی هەیە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە، گوتاری ئەم حیزبە کە ڕیشەی لە واقعیاتی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، وڵامدەری هەست و شعووری بەرزی خەڵکی کوردستانە.

***

### بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم وەک ماهییەتی وجوودیی حیزبی دێموکرات

"ڕادەی شۆڕشگێڕبوونی هەر حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی دەکا. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لە لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردووی، دوژمن شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانە، پێ‌لێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا".

### شەهید دوکتور قاسملوو

بیری بەخۆداچوونەوە و هەوڵدان بۆ ڕیفۆرم و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا لەگەڵ دامەزرانیدا بووە و بەردەوام بووە. ڕەوتی بەخۆداچوونەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا لەوانەیە وەک یەک نەبووبێ و لە هێندێک بڕگەی زەمەنیی تەمەنی حیزبدا کەمڕەنگ و کاڵ بووبێ، بەڵام زۆری نەخایاندوە کە بە تەواوەتی هەست بە زەرووڕەتی کراوە. باسکردن لە ڕیفۆرم و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە بەشێکە لە ماهییەتی وجوودیی ئەم حیزبە،

پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی بە ڕەوتـی مودێرنیزاسـیۆن و نـوێکردنەوەی جـۆری سیاسـەت و تێکۆشـان لە ئاسـتی بـزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستاندا هەیە.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورددا، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد کە لە سەر بنەمایەکی دروست و ئوسوولی بە بەرنامە و جیهانبینی و تاکتیک و ئیستراتیژییەوە، دامەزرا، وەک دیاردەیەکی مودێرن لە ڕێبەریکردنی ئەم بزووتنەوەدا سەیر دەکرێ. بۆیە بەخۆداچوونەوە و هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە بەشێکە لە ماهییەتی ئەم حیزبە.

لە حیزبی دێموکراتدا بەخۆداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە هەڵە و کەم و کوورییەکانی ڕابردو، نەتەنیا بە مانای ڕووخان و وەلانان و حاشالێکردنی ڕابردوو و بە کەمگرتن و سڕینەوەی هەوڵ و تێکۆشانی نەسڵەکانی ئەو سەردەمانە نییە، بەڵکوو هەستکردن بە زەرووڕەتێکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بێ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەرزشییەوە سەیری ڕابردوو بکرێ، حیزب خۆی بەرانبەر بە داهاتووی میللەتێک بە وەڵامدەر و بەرپرسیار دەزانێ. بۆیە پێش هەموو شتێک لە باسی بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا، چەقین و مانەوە لە ڕابردووی ڕووداوەکان و تێفکرینەکان و بەگشتی، چەقبەستوویی ڕێگە پێنەدراوە. هەر خودی نەبوونی ئەم بەربەستە و ڕێگەدان بە ئازادبیرکردنەوە و پابەند بوون بە دێموکراسی کە بەشێکی دیکە لە ماهییەتی وجوودیی حیزبی دێموکراتی لەسەر بنیات نراوە، ئۆرگانیزمێکی زیندوو بەرهەم دەهێنێ کە تاکەکان تیایدا چاوکراوە و خاوەن ئیدەن و دەتوانن ئازادانە بیروبۆچوونی خۆیان دەرببڕن و هەوڵ بدەن لە سەر خستنی بۆچوونەکانیان چالاک و هیوادار بن.

هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە و جێخستنی بیروبۆچوون و بەرنامەی تازەی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە حیزبی دێموکراتدا، ئەنگیزە و هاندانێکی بەرزی ئۆرگانیی لە پشتە کە لەم حیزبەدا وەک خەسڵەت و باوەڕێکی نەگۆڕ لە چوارچێوەی بەرزترین ئۆرگانی حیزبیدا کە "کۆنگرە"یە، مەیل و هیوا بە ئاڵوگۆڕ لە هەموو ئاست و بەستێنەکاندا بەهێز دەکا. لە کۆنگرەدا کە بە پێی ئەو ڕێوشوێنە دێموکراتیکانەی لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بۆ چۆنیەتیی بەستن و بەڕێوەبردنی کارەکانی دیاری کراوە، سەڵاحییەت و دەسەڵاتی ئەوە بە "زۆرینە"ی ئەندامانی خۆی دەدات - کە لە پرۆسەیەکی دێموکراتێکی هەڵبژاردندا و بە نوێنەرایەتیی تەواوی ئەندامانی حیزب تیایدا بەشدارن - لە هەر بوارێکدا کە بە پێویست و زەرووری بزانن، پێداچوونەوە و دواتر گۆڕانکاری و نوێگەرایی بکەن.

بە پێی ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بۆ کۆنگرە وەک بەرزترین ئۆرگانی حیزب دیاری کراوە؛

دەکرێ پێداچوونەوە بە ڕوانین و تێفکرینەکانی ڕێبەریی حیزب و "ڕێبازی گشتی، ستراتێژی و تاکتیکی حیزب و بەرنامە و پێڕەو و ڕێبەریی حیزبدا بکرێ و، کۆنگرە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی دەسەڵاتی گۆڕانکاریی لە هەموو ئەوانەدا هەیە. بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا نەتەنیا هیچ بەربەستێک بۆ پێداچوونەوە و گۆڕانکاری و نوێبوونەوە نییە، بەڵکوو بە شێوەی ئۆرگانیش هەموو ئاسانکارییەک بۆ ئەم پرسە کراوە.

بۆ باسکردن لە گرینگی‌پێدان بە پێداچوونەوە و ئەگەری هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی لە لای حیزبی دێموکرات، تەنیا ئەوە بەسە کە چاوێک لە ژمارە و ئاکامی کۆنگرەکانی ئەم حیزبە بەتایبەت لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بکەین؛

- تەنیا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات ١٣ کۆنگرەی بەستووە (کۆنگرە چوار، لە ٣٠ ڕێبەندانی ١٣٥٨ تا کۆنگرەی ١٧ لە ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨). بەشێک لەم کۆنگرانە لە دژوارترین دۆخی ئەمنیەتیدا بەستراون و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پیلانی درێژخایەن و هەزینەی قورس و گرانەوە هەوڵی تۆپباران و موشەکبارانکردنی داون.

- بە چاوخشاندنێک بەسەر پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرانەدا (ڕاپۆرت و بەرنامە و پێڕەو و بڕیارنامە و پەیامەکان) دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە بەردەوام بەپێی زەروورەت لەسەر ئەساسی دەرک و خوێندنەوەی شەرایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەسەر هەر چوار ئاستی جیهانی و ناوچەیی و ئێران و کوردستاندا گۆڕان لە ڕوانگە و تێفکرینیدا پێک هاتوە. ئەم گۆڕانکاریانە زۆر بەئاشکرا بە جۆری ڕوانینی ئەم حیزبەوە بەرانبەر بە جەمسەربەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان، ئامانجی دواڕۆژی حیزب کە بە هێنانە ئارای کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەرانبەر بە سوسیالیزمی مەوجوود بوومەلەرزەیەکی فکری و تەشکیلاتی لە حیزبدا پێک دێت، گۆڕینی دروشمی ستراتێژیی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ەوە بۆ " فیدرالیزەکردن"ی ئێران و "دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ"دا و وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئامانجی حیزب، دیارن.

- دەستاودەستکردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات (بەڕێوەبەری) لە ئاستی ڕێبەری لە حیزبی دێموکراتدا کە بێ‌گومان بەشێکە لە خەسڵەتی نوێگەرایی لەم حیزبەدا تا ئێستایشی لەگەڵ بێ دیاردەیەکی ناوازە و بێ وێنەیە. ئەگەر چاوێک بە لیستی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب کە لە کۆنگرەکاندا هەڵبژێردراون بخشێنین، ئەم ئیدیعایە بەتەواوی سەلمێندراوە کە کەم حیزبی کوردی و تەنانەت ناوچەیی هەیە کە بە ڕادەی حیزبی دێموکرات، گۆڕان لە ڕێبەرییەکەیدا پێک هاتبێ. هەر لە ماوەی ئەم

چوار دەیەی ڕابردوودا جیا لەوەیکە بە دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە لە ئاکامی هەڵبژاردنی کۆنگرەکاندا جێگایان گۆڕدراوە، دوای شەهیدبوونی دوو سکرتێری ئەم حیزبە شەهیدان؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە ئاستی کەسی یەکەمی حیزبیشدا چەند جارێک ئەم ئاڵوگۆڕە لە بەڕێوەبەریی حیزبدا ڕووی داوە کە هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەوە شانازییەکەی هەر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. تەنانەت لە سەر ئاستی کەسی یەکەمی حیزب کە سکرتێری حیزبە، ئەوە تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هەر ئێستا چەند کەس لە سکرتێرەکانی پێشووی لە پلەکانی دیکەی تەشکیلاتیدا لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا تێکۆشانیان هەیە. بە دەیان کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو هەن کە هەر هەموویان وەک کەسایەتیی بەرزی سیاسی لە ڕیزەکانی حیزبدا حزووریان هەیە و بەشێکن لە سەرمایەی ئەم حیزبە.

***

گومانی تێدا نییە کە لە حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتدا، بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوە ناتوانێ تەنیا ببەسترێتەوە بە قەوارەیەکی ئۆرگانیکی و نیزامی ڕێکخراوەیی ئەم حیزبە، چونکی لە کۆتاییدا ئەوە ئینسانەکانن کە قەوارەکان دادەڕێژن و بیچمی پێدەبەخشن. کەوابوو جۆر و ماهییەتێک کە لە پشت ئەم پرسەوە هەیە و ئەقڵییەتێک کە بنیاتی ئەم ڕێبازە درووستە لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا دادەنێ، بەشێکی هەرە ئەساسیی ئەم باسەیە. لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێبەری سیاسی و ڕێ پێشاندەر و پێشەوا دەردەکەوێ. بەخۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ڕووەوە خاوەنی پاشخان و سەرمایەیەکی گەورەی فکری و مەعریفییە کە لە ڕێبەرانییەوە بۆ ماوەتەوە کە بێگومان دوو ڕێبەری ناوداری کورد؛ پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەم پێوەندییەشدا ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکییان گێڕاوە. بەڵام جیا لەوان، ناکرێ باس لەوانە نەکەین کە دوای ئەوان و دواتریش - بەتایبەت لە نەبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیدا - هەرکام بە ڕادەی خۆیان لە پاراستنی ئەم خەسڵەتەدا ڕۆڵیان گێڕاوە. لە لایەکی دیکەوە، تێکڕای تێکۆشەرانی ئەم حیزبە کە بە پێی فەرهەنگێکی تایبەتی ڕێکخراوەیی - کە تێکەڵاوێکە لە "پرەنسیپی دێموکراتیک" و "ئازادیی دەربڕینی بیروبۆچوون" - پەروەردە کراون، مەیل بە ڕەخنەگرتن و بەخۆداچوونەوە و هیواداربوون بە ئاڵوگۆڕ و نوێبوونەوە، لە وجوودیاندا نەهادینە بووە. بۆیە بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا باوەڕێکی چەسپاوە و بۆتە بەشێک لە خەسڵەتی ڕێکخراوەیی ئەم حیزبە کە هەر وەک باس کرا بەرزترین ئۆرگانی حیزب (کۆنگرە) زامن و پشتیوانیەتی.

***

### حیزبی دێموکرات لە محەکی دواڕۆژی ئەرک و ڕەساڵەتی مێژووییدا

یەکێک لە دروشمە سەرنجڕاکێشەکانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب، کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان - کە وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، لە حەفتاهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانیدا بەڕێوەچوو - "حیزبی دوێنێ، حیزبی ئەمڕۆ و حیزبی سبەی" بوو. حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردستانی، ڕابردووەکەی دیارە و ئێستاشی مەعلوومە کە سەرەڕای زۆر کەمایەسی و گیروگرفت کە لە بواری جۆراوجۆردا هەیەتی، دیسان سەروگەردنی بەرزە باڵای لەنێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستاندا دیارە. کەوابوو ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، نە گەڕانەوەیە بۆ قسەکردن لە "حیزبەکەی دوێنێ" و نە باسکردن لە "حیزبەکەی ئەمڕۆ"یە، بەڵکوو تێڕوانینێکە بۆ دواڕۆژی حیزبی دێموکرات، "حیزبەکەی سبەی".

با لە پرسیارێکی گشتی بەڵام جەوهەرییەوە دەست پێ بکەین:

بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات لە دواڕۆژی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا بتوانێ ئەرک و ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی بەڕێوە بەرێ و ببێتە ئەو حیزبەی کە هێز و دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ، بەرنامەکانی جێبەجێ بکا، پێویستە چی بکا و چۆن حیزبێک بێت؟!

وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەبێ گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە هەلومەرجی سیاسی، دۆخی دەروون تەشکیلاتی و هێزی ئەم حیزبە لە هەموو ڕووەکانی؛ گوتاری سیاسی (تێفکرین و شێوازەکانی خەبات و هەڵوێست)، پێگەی جەماوەری (پشتیوانیی خەڵک) و هێزی پێشمەرگە (هێزی ئینسانی بۆ زاڵکردنی گوشار)، سەخت و دژوارە. لە دۆخی ئێستادا بە گەڕانەوە بۆ هەموو ئەم پارامێترانە، دەرکێکی دروست و واقعی پێمان دەڵێ کە بەداخەوە مەترسییەکی جیددی هەڕەشە لە داهاتووی ئەم حیزبە دەکا. بە مانایەکی ڕوون و سادە؛ حیزبی دێموکرات بە هۆی لێکترازان و دوو بەشبوونی ئێستای، نە هەلومەرجە سیاسییەکەی زۆر بۆ دڵخوازە، نە لە ڕووی تەشکیلاتییەوە یەکیەتیی و یەکگرتوویی هەیە، نە پێگە یەکدەست و تۆکمە جەماوەرییەی جارانی لێ وێنا دەکرێ و نە دەتوانێ ئەو هێزە ئینسانییەی خۆی لە شێوازی سەختدا بۆ گوشار خستنەسەر دەسەڵات بەکار بێنێت. کەوابوو وڵامی درووستی ئەم پرسیارە لە پڕکردنەوەی بۆشایی و کەمایەسییەکی بنەڕەتیی حیزبی دێموکراتەوە دەست پێ دەکا کە ئەویش؛ "وەسەریەکخستنەوە یان یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەم حیزب"ەیە کە ئێستا بە سەر دوو "تەشکیلات"ی جیاواز بە ناوی "حدک" و "حدکا"دا دابەش بووە.

پرسی یەکگرتنەوە لە [حیزبی دێموکرات]دا پێش ئەوەی بە پرۆسەیەکی تەشکیلاتی دابندرێ، پێویستە وەک پرسێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی دەروون تەشکیلاتی و لە خانەی بە ڕەسمییەت ناسینی تێفکرینە جیاوازەکان و بەکارهێنانی توانا و پتانسێلە جۆراوجۆرەکان لە بەستێن و بواری جیاجیادا سەیری بکرێ. بۆ ئەوەی یەکیەتیی و یەکگرتوویەکی پایەداری دەروون تەشکیلاتی لە حیزبی دێموکراتدا بنیات بنرێ، پێویستە لەم حیزبەدا جیاوازییەکان لە جەغزێکی بەربەرینی نەتەوەیی و نیشتمانیدا مودیرییەت بکرێن و چیدیکە وردە چەمکەکانی سەردەمی خێڵایەتی وەک ناوچەگەرایی و دەستەودەستەبازی و باندگەرایی، ئیدە و خولیای ڕقابەت و ڕکەبەرایەتیی تێکۆشەرانی حیزب - کە خەسڵەتی دنیای سیاسەتە - نەبەنەوە نێو "خولانەوەی نێو بازنە" بەرتەسک و پڕ لە خەسارەکەی مێژوو. لەم پێوەندییەدا حیزب پێویستە بە پێداچوونەوە بە سیستمی بارهێنانی خۆی، تێکۆشەرانی لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە "بەرژەوەندیی گشتی" پەروەردە بکا. تەنیا تێگەیشتن لە بەرژەوەندیی گشتیی ڕێکخراوەییە کە دەتوانێ ڕۆحی یەکتر قبووڵکردن و لێبووردەیی لە حیزبدا پەرە پێ بدا. وێناکردنی ئەم جەغزە بەربەرینە لە تێکۆشان، جیاوازیی بیروبۆچوون و ڕکەبەرایەتیی دەروون تەشکیلاتی، ئاکامەکەی دەبێتە دوو شت کە تا ئێستا ئامیانی زۆرێک لە لێکترازانەکانی حیزب بوون؛ یەکەم ئەوەیکە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکان لە برەو دەکەون و دووهەم ئەوەیکە ڕکەبەرایەتییەکان نێوەرۆکێکی فکری – سیاسی بەخۆوە دەگرن کە بێگومان لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیدا نەتەنیا مەترسیی لێکترازان و خەساریان لێ ناکرێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی زێندوومانەوەی تەشکیلات و لە کۆتاییدا حیزب قازانجی لێ دەبینێ.

## گۆڕانکاری لە تێڕوانین و گوتار و هەڵوێست

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە داهاتوودا ڕەوتێکی خێراتر بە خۆوە دەگرن. پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی کە هەر ئێستا خەریکە ڕوخسارێکی زۆر جیاوازتر لە جاران بە دنیا دەبەخشێ، لە هەموو بەستێنە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتی و کۆمەڵایەتی و... هتددا گۆڕانکاریی قوڵ پێک دێنێ. نیشتمان و نەتەوەی ئێمەش بێبەری لەم گۆڕانکاریانە نابن. بۆیە دەشێ زۆرێک لە ئەولەویەت و بەها و بایەخەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێ و نێوەڕۆک و مەسیری ویست و داخوازییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێ. بۆیە حیزبێکی سیاسیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر پایە و بناغەی ویستی خەڵک دامەزراوە و لە پێناو ئەم ویستەدا ٧٥ ساڵە خەبات دەکا، پێویستە دەرکێکی دروستی لەم گۆڕانکاریانە هەبێ و بەبێ ئەوەی - وەک تا ئێستا نیشانی داوە - لە ڕابردووی خۆیدا چەق ببەستێ، بە ڕوانینێکی کراوەوە لە داهاتوو بڕوانێ.

لە دوارۆژی ئەو نیشتمان و میللەتەی کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا، وێڕای ئەوەی هەستی و شعووری نەتەوەیی لە گەشە و پەرە ئەستاندنی زیاتردا دەبێ، زۆرێک لە باوەڕ و بەها و ئەرزشە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. کورد

وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی سەر ئەم گۆی زەوییە زیاتر لە هەمیشە بەدوای مەوقعیەتی ئینسانی و نەتەوەیی خۆیدا دەگەڕێ و چیدیکە ناتوانێ لە چوارچێوەی هۆوییەتێکی دیکەی جیا لە خۆی، عەودالی ویست و ئارەزووەکانی بێت. بۆیە بێشک ئاستی چاوەڕوانی و داخوازییەکانی بەرەو سەر لە هەڵکشاندا دەبێ و بەدوای دەنگێکدا دەگەڕێ کە بتوانێ تینویتیی خولیا و ئارەزووەکانی بشکێنێ. لێرەدایە کە چیدیکە بە تەنیایی مێژوو (ڕابردوو) ناتوانێ غروور و سەروەریی پێ ببەخشێ.

لێرەدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕەسالەتێکی مێژوویی کە هەڵیگرتوە، ئەگەر دەیهەوێ درێژە بەم ئەرکە مێژووییەی بدا، پێویستە شوناسێکی تۆختر بە گوتار و بیری نەتەوەیی خۆی ببەخشێ. زیندوو ڕاگرتنی بیری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا کە بەشێک لە ئەرک و ڕەسالەتی ئەم حیزبە بووە، چیدیکە نابێ تەنیا لە چوارچێوەی بەستێنەکانی تێکۆشانی خۆیدا ڕوو بە کۆمەڵگە وێنا بکرێن، بەڵکوو "ئەم ڕۆحەوەبەرنان"ە نەتەوەییە دەشێ بەتەواوی دەمارەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆ بچێتە خوارێ. لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی گوتاردا ئەمەی دەست پێ کردوە، بەڵام ئەم زەروورەتە پێویستی بە هەڵوێستی ڕوون و یەکلاکەرەوە هەیە.

حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی پێگەی جەماوەریی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا ئەگەر بە ڕوانینی تەشکیلاتییەوە لە سیاسەت و کۆمەڵگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بڕوانێ - کە بەداخەوە لە ڕووی هەڵویستەوە نەیتوانیوە خۆی لەم تێڕوانینە دەرباز بکا- زۆر بەخێرایی ئیزۆلە و بێشوێنەوار دەبێ. وەک لەمێژە لەم حیزبەدا وتراوە، مادام تەشکیلات ئامانج نییە، پێویستە حیزب پێگەی خۆی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەدا تەعریف بکا. بۆ ئەم مەبەستە ناکرێ بە مەیل و ئارەزووی تەشکیلاتی، قسە لە هەڵوێست و دواتر پشتیوانیی خەڵک بکرێ. بۆیە حیزبی دێموکرات کە قسە لە جەماوەریکردنی خەبات و وەگەڕخستنی چالاکیی نەتەوەیی لە هەموو توێیەکانی کۆمەڵگەدا دەکا، پێویستە خۆی لە داوی جۆرێک لە دەمارگرژیی سازماندراوی تەشکیلاتی ڕزگار بکا و جورئەت و جەسارەتێکی دیکە بە هەڵوێستەکانی ببەخشێت.

بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات بتوانێ خۆی لەم دۆخە ڕزگار بکا پێویستە خۆی لە بارمتەی کۆمەڵێک تێبینیی ئەرزشی ڕزگار بکا و چیدیکە بایەخ و ئامانجە درێژخایەنەکان نەکاتە قوربانیی کۆمەڵێک ئامانجی چووکە و کورتخایەن.

حیزبی دێموکرات بە کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی تا ئێستایشی لەگەڵ بێ لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە بانتر لە حیزبێک سەیری دەکرێ. ئەم حیزبە بۆتە بەشێک لە باوەڕی سیاسیی خەڵکی کوردستان. بۆیە پرسەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات تەنیا ناکرێ وەک پرسەلێکی دەروون ڕێکخراوەیی سەیری بکرێ. ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییەکانی

خەڵکی کوردستان لەم حیزبە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن و دەری دەخەن کە تەنانەت کێشە دەروون تەشکیلاتییەکان و لێکترازانەکان و پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و زۆر پرس و بابەتی دیکەت تایبەت بەم حیزبە، ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی ویست و داخوازی تەشکیلاتیدا تاوتوێ بکرێن و بیندرێن و چارەسەر بکرێن.

کەوابوو حیزبی دێموکرات میراتێکی نەتەوەیی بزووتنەوەی هاوچەرخی کوردە کە هەوڵدان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە. پاراستن و بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات و بەردەوامبوونی لە بەجێگەیاندنی ئەرک و ڕەساڵەتە مێژووییەکانی خۆی لە داهاتوودا پیش هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە وەسەر یەکخستنەوەی تەواوی ئەم میراتە نەتەوەیی و نیشتمانییە کە هەمان پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەم حیزبەیە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## حیزبی مە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بووە ٧٥ساڵان!




**شێخ جەماڵ**

حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی حیزبە کادری و نوخبەییەکان، حیزبێکی میللی، شۆڕشگێڕ و جەماوەرییە کە بۆ وەدیهێنانی مافی چارەنووسی میللەتی کورد، بە کەلک وەرگرتن لە تەواوی پوتانسیێلەڕێکخراوەییەکانی خۆی تێدەکۆشێ و لەم قوناغەدا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە سیستمێکی فێدراڵیی تەوافوقی لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەتوانێ وڵامدەرەوەی ویست و گەیشتنی بە قۆناغێک لە ئامانجەکانی بێ، ئەو ئامانجانەی کە ئامانجی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

حیزب هەر لە سەرەتاوە بە دەرکی ڕاستەقینە لە هەلومەرج بۆ کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی گونجاو لە درووستبونی بۆشایی دەسەڵات لە سەردەمی جەنگی جیهانی بە مەبەستی دەسەڵاتداری و دامەزراندنی حکومەت پێک هات، هەر ئەو تێگەیشتنە درووستەش بوو کە دەرفەتی پێکهینانی کۆماری کوردستانی ڕەخساند.

کۆماری کوردستان وەک تاقانە جمهووریی سەردەمیانەی کورد، بەرگێکی زێڕینە لە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات و هەر چەندە لە بێدەرەتانی و بێئێمکاناتی و لە ناوچەیەکی سنووردار و بەرتەسکدا پێک هات، بەڵام توانی ببێتە بەردی بناغەی شۆڕش و ویست و داخوازی گەلی کورد بە پانتایی کوردستان. دیارە ئەگەرچی ئیستبداد توانی کۆماری کوردستان جوانەمەرگ بکا و هەموو تەمەنی ئەم دەسەڵاتە خۆماڵییە ١١ مانگی خایاند، بەڵام لەو ماوە کورتەدا توانی زۆر کاری بەنرخ بکا کە هەتا ئێستاش بێوێنە بووە و کاریگەریی لە سەر کار و چالاکییەکانی بزووتنەوەی میلیی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە.

پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە و سازماندانی لە قەوارەی سوپای میللیی کوردستان، دروستکردن ومودیریەتی سیستەمێکی ئیداریی دادپەروەرانە و بە دوور لە گەندەڵی، دامەزراندنی سیستەمێکی قەزایی سەربەخۆ و پاراستنی ماڵ و ژیان و سەروەت و سامانی خەڵک و، هەوڵدان بۆ درووستکردنی کومەڵگەیەکی یەکسان لە باری یاساییەوە و دروستکردنی کومیتەی یایان بە هەوڵ و سەرپەرەشتیی مینا خانم، هاوژینی جەنابی قازی محەممەد، وەک کەسی یەکەمی حیزب و کۆماری کوردستان بۆ بەشداریی ژنان لە کار و چالاکی و تێکەڵاوبوونی ژنان بۆ ئەوەڵ جار لە ژیانی سیاسیدا کە دواتر یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لێ دروست بوو و ساڵیانی ساڵە وەک بەشێکی گرینگ لە سیستم و ساختاری حیزبی لە کار و تێکۆشانی خۆیان بەردەوامن؛ و هەروەها ئیجباری کردنی خوێندنی کچان لە قوتابخانەکان بۆ یەکەمین جار و زۆر دەسکەوتی دیکە بەشێکی حاشاهەڵنەگرن لە کار و خەباتی سیاسی، سەربازی، کومەڵایەتی و مەدەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو قۆناغە کورتەی حوکمڕانییدا.

لە بواری فەرهەنگ و شێعر و ئەدەبدا حیزب توانی بە تەربیەت و ڕاهێنانی نەسڵێک خەریک بێ کە ئێستاش دوای چەند دەیە شوێندانەرییان لەم بوارەدا حاشا هەڵنەگرە و ڕۆژنامەی "کوردستان" و میدیاکانی دیکەی حیزبی سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستان شاهیدێکی باشن بۆ ئەم ئیدیعایە.

کۆماری کوردستان جوانەمەرگ بوو، بەڵام حیزبی مە، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان زوو بە خۆدا هاتەوە و دوای بڕینی هەوراز و نشیوێکی سەخت، توانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ و ١٣٤٦ی بەڕێوە ببا و چەند جاریش لە کەشی نیوە ئازاد و نیوە ئاشکرادا کە دەرفەتی بۆ ڕەخساوە، لە ململانێی هەڵبژاردنەکاندا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەموو جارێ سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە.

لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا کە لافاوی خوێنی بەناحەق ڕژاوی لێهەستاندین و کەوتووینە بەر پەلاماری پۆلیس و هێزە سەرکوتکەرەکان و بە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی خەباتکارمان ئێستا لە بەندیخانەدان کە زۆربەیان حوکمی قورس و ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر لە پێنج هەزار پێشمەرگە، کادر و ئەندامی شەهید بوون، بەڵام ئەم شانازییەی بۆ خۆی تۆمار کردوە کە هەروا سوارچاکی گۆڕەپانەکە بێ.

سەرەتای حەفتاکان دەورانێکی ناخۆش و قەیراناوی بۆ حیزبی دێموکرات بوو، میلیتاریزەبوونی کوردستان و بارودوخی نێونەتەوەیی و ڕواڵەت گۆڕینی دەسلات لە ناوەند کێشە و ئاستەنگی جیدی لە بەر دەم چالاکیی پێشمەرگانەدا هێنابووە

پێش، حیزب لەسەر ئەساسی باوەڕمەندیی بە کەلک وەرگرتن لە هەموو پتانسیێلەکان وەک یەکەم ڕێکخراوەی سیاسی پشتیوانی بێ مەرج و هەمەلایەنەی لە چالاکان و هەڵسوڕاوانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتدا ڕاگەیاند.

قوناغی سێهەمی کاری مەدەنی و گوتارسازیی حیزبی مە دەگەڕێتەوە بۆ ئاخری ساڵەکانی حەفتا، کە بە کەلک وەرگرتن لە دۆخەکە زۆر ژێرانە خەڵکانی باش و لێهاتووی ڕیزەکانی جەماوەری خوێ هان دا بۆ ڕێکخستنی کاری مەدەنی لە سەر ئەو بەستێنە گۆنجاوەی کە پێک هاتبوو. دیارە ئەگەر پشتیوانیی هەمە لایەنەی حیزبی دێموکرات نەبوایە لەو دۆخە ئادرنالینیەدا کار کردن بۆ ئێمە مانان لە نێوخۆی وڵات وەها سەهل و ئاسان نەدەبوو.

حیزب بە کارئاسانی و پشتیوانیی میدیایی و بە بەکارهێنانی گوتار و زمانێکی سەردەمیانە دەری خست کە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا شوێندانەر و خاوەنی گەورە گوتاری نەتەوەیی و ماڵێکە بۆ حەسانەوە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. لەم پێناوەدا بە دروستکردنی کومیتەی پێوەندیدار لەگەڵ کاروباری نێوخۆی وڵات نیشانی دا کە پاڵپشت و پشت و پەنای هەڵسوڕاوانی نێوخۆ لە هەموو بەشەکانی گۆڕەپانی سیاسیدایە بەبێ جیاوازی.

گرینگترین کاریگەری ئەو دامەزراوە سازییانە ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی داناوە، بە چەشنێک کە کوردستان وەک ڕێکخراوترین بەشی ئێران ناوی دێ. چون کورد ئەزموونی دامەزراوە سازی بووە و توانیویەتی خۆی لە چوارچێوەی دامەزراوە و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکاندا بە پێچەوانەی ئێران کە دەگوترێ کۆمەڵگەیەکی "تحزب گریز"ە و کەمتر بەڕێکخراوە دەبێ، ڕێک بخا. ساڵیانی ساڵە ئەو ئەزموونانە کەڵەکە بوون و دامەزراوەکان هەر ماونەتەوە و بە ڕەنگ و بۆنی تازەوە لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورددا بوونیان هەیە و زیاتر پەرەیان سەندوە.

ئەم دامەزراوانە لە چوارچێوەی بیر و ڕێبەری سیاسی و مودیرییەتی حیزبدا توانیویانە ڕۆحی نەتەوەخوازی زیندو ڕابگرێ و بۆتە هۆی ئەوەیکە شوناسی کوردی وەک نەخشە ڕێگەی ئەم ساڵانەی دوای کۆمار ڕۆحی زیندووی نەوەکانی کورد بێ.

ئاسانکردنی وەرگرتنی واتا و باوەڕە نوێ و دیموکراتیکەکان لە کوردستانێکدا کە بە چەند قات دواکەوتووتر بوو لە شوێنەکانی دیکە، ئەو باوەڕانەی کە ئێستا مایەی شانازی نەتەوەیی کوردن.

دیارە کۆماری کوردستان و حیزبەکەی وەک دامەزراوە و سیستمێک کارگرووپەکانی خۆیان پێک هێناوە، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو شتانەی وەک دامەزراوە و بەرهەمەکانیان دەبینددرێ، لە چوارچێوەی ئەندیشەی حیزبی دێموکراتدا وەک

ڕێبەری ئەم ڕەوتە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورددا بووە، حیزبێک کە باوەڕی بەو پرەنسیپ و بنەمایانە بوو کە دواتریش کۆمەڵگەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا بە دوایدا ڕۆیشت و ڕاست ئەو بنەما، چەمک و پرەنسیپانەن کە شانازیی نەتەوەیی ئەم گەلەن.

دەسکەوت و سەرخەرمانی ئەم سیاسەتە ژیر و پوخت و واقعگرایە لە پشتیوانیی ڕێفراندوم و.... مانگرتنی خەرمانانی خوێناویدا خوێ دەرخست.

حێزبی دێموکرات وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری گەورە گوتاری نەتەوەیی (کوردایەتی) هەمیشە لە تەعامول و سازان و لە یەک حاڵیبوون لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆ بووە، حزووری پڕ ڕەنگی ڕێکخراوەیی بە شێوازی شویندانەر بەڵگەیەکە بۆ ئەم ئیدعایە و توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە پتانسیلەکانی لە دەرەوەی وڵات و سازماندانی کوردانی دیاسپورا، وەک نوینەرایەتییەکان و پێکهینانی گرووپی دیپلۆماسیی بەهێز بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە جهانیان و.... بە باشترین شێواز کەڵک وەرگرێ.

حیزبی دێموکرات لەم ساڵانەی دواییدا لە سەر تەحلیلی دروستی خوێ لە دۆخێک کە کۆماری ئیسلامیی تێدایە و بۆ خۆ سازدان لە بەرەنگاری دەقە نەوەدی لە گەڵ دەسەڵات، توانی چەند دامەزراوەیەکی ڕێکوپێکی وەک شۆڕای دێموکراسیخوازانی ئێران و.... لە ئۆپوزیسیونی سەرانسەری پێک بێنێ، دیارە ئەم ڕوانینە لە سیاسەتدا ئەتوانێ یارمەتیی ئێمە بدا لە هەنگاوەکانمان بەرەو ئامانجدا. ئەوەندەی کە ئاگادار بم حیزب لەگەڵ تەواوی لایەنەکان بێ جیاوازی، لە سەر بنەمای بە ڕەسمییەت ناسینی مافەکانی ئێمەی کورد، ئیعلانی ئامادەیی وتوویژ بۆ لێک حاڵیبوونی کردوە کە ئەم ڕێکەوتن و گرێبەستانە ئەتوانێ دوایی حکومەتی ئێستا کاریگەریی خۆیان ببێت. هەر ئێستا بە هەوڵ و تێکۆشانی بەرەی کوردی ئیدی وشەی، دێموکراسی و فدرالیزم و مافی نەتەوەکان بۆ زۆرینەی حیزبە سەرانسەرییەکان بووەتە ئەمری واقیع و چیدی بڤە و تابو نییە!

لە ئاستی نێوخوی حیزبەکانی کوردستانیشدا، حیزب دانوستان بۆ لێک حاڵیبوونیکی باشی بە مەبەستی ڕێکخستنی نێوماڵی کوردی لە گەڵ هەموو لایەنەکان کردوە کە بەرچاوترینی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە و بە خۆشییەوە وەک خاوەن و ئاڵاهەڵگری گەورە گوتاری کوردی بە ڕوحی لێبوردەییەوە لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسی و فیکریەکاندا توانیویەتی باشترین پێوەندی و موناسباتی دوستانەی ببێ. ڕاشکاوانە لەسەر ئەساسی سیاسەتی ئەخلاقی ڕەچاو کراو کە حیزبی دێموکرات حیزبیکی ئاسایی بۆ ململانێی سیاسی و ئابووری و فیکری و ئێدئولوژیک نییە، بەڵکوو پێکهێنانی ئەم

یوبیلی ئەڵماس

حیزبە بۆ چارەسەریی کێشەکانی نەتەوەی کورد لە گەڵ نەتەوەی باڵادەستە بە شێوازیکی مودێرن و سەردەمیانە. لە ناسیونالیزم و کێشە سیاسیەکان لە کوردستانی ئێراندا، بە خۆشییەوە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە لەنێو بزوتنەوەی کوردیدا گەورەترین ئاستی تەعامولمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان ببێت.

ئێستا دەتوانم ئیدعا بکەم کە بە خۆشییەوە حێزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەیەکی میانەڕەوانە و موعتەدیل و دیموکراسیخوازانە بووەتە چەترێک بۆ هەموو چین و توێژەکانی کوردەواری و ئاڵاهەڵگری کوردایەتییە بە ڕێزدانان لە بنەماکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکراسی بۆ گەیشتن بە کەناری ئارامی و بەختەوەریی تاکی کورد.

لە بیرمان بێت، حیزبی دێموکرات تەنیا دوای ١٥٩ ڕۆژ لە پێکهاتنی، کۆماری کوردستانی دامەزراند و ئەمە بەو مانایە کە لە هەموو کاتێکدا چاوی لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە وڵاتی خۆیدا بووە لە سەر ئەساسی ناسیونالیزمێکی مودێرن، سەردەمیانە و مەدەنی بۆ ڕەخساندنی دوخێکی لە بار و ژیانێکی ئاسوودەی هاووڵاتی کورد.

حیزب توانیویەتی لە ڕەوتی خەباتی سیاسیی میللەتی کورددا ببێتە ئولگوویەکی مودێرن، بۆ ژیانی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتی خوێ لەسەر سێ کۆڵەکەی خاک، میللەت و دەسڵاتی سیاسی لەژێر ناوی جمهووریی کوردستاندا.

حیزبی مە هەوڵی داوە ئەخلاق تێکەڵاو بە سیاسەت بکا، یانی بە کردەوە سەلماندی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ڕەوا ناتوانین لە سیاسەتی ماکیاوەلی و دژی ئینسانی و ناحەز کەلک وەرگرین. بویە ئێستاشی لەگەڵ بێت هیچکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیروزەکانی وەک ئەبزار و کەرەسە نەیڕوانیووەتە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە گەڵ هیچ دوژمنێکی کورد دژی قازانج و بەرژەوەندییەکانی بەشێک لە میللەتی خوی، هاوکار و هاوئاهەنگ نەبووە.

لەگەڵ هەمووی ئەو شانازییانەی کە حیزبی ئێمە، حێزبی دێموکرات توانیویەتی وەدەستی بێنێ، بەڵام بەداخەوە بە زۆر هۆکار کە سەرەکیترینیان بە جێهێشتنی زێدی خوی لە ژێر گوشاری جۆراوجور و درندەیی بێ ئامانی دوژمن و شەڕێ قیزەوەنی براکوژی دەیەی شەست کە بە سەرماندا داسەپا و زۆر هەڵەی کوشندەی تر و.... کەوتینە نێو زلکاوی گومان و لێکدابڕان و ئینشعاب. هۆکاری هەرچی بێ دەرەنجامی بووە بە پاسیڤ بوون و دەست هەڵگرتنی بەشێکی بەرچاو لە بەدەنەی سیاسی بنەماڵەی دێموکرات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، دیارە کە بنەماڵەی دێموکرات توانی لەو دەورانە سەخت و قەیراناویەدا خوێ تێپەڕ کات. بەڵام نکۆڵی لێناکرێ کە ئێستا نەمانتوانییوە جێگای ڕەزامەندیی گەلی مەزنی خۆمان لە


یوبیلی ئەڵماس

ڕۆژهەڵاتدا بین، خەڵکی ئێمە ئاواتی سەرەکیی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و تەبایی و یەکڕیزییە و ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە دێموکرات نابێ بە دوو بەشیی بمێنێتەوە.

لەم کاتە پیرۆزەدا کە بەرەو یادی ٧٥ ساڵەی حیزبەکەمان دەچین، هیوادارم ٧٥ ساڵەییمان هەڵگری هەواڵی خۆشی یەکگرتنەوە بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## حیزبی دێموکرات لە چاوی منەوە




**محەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)**

هەرچەند لە دنیادا زۆرم ڕق لە وشەی "من من"ە و خۆهەڵکێشانم هەر لە زاتدا نییە، بەڵام لەم تەنەمدا وەک شاعیرێکی ٦٤ ساڵەی ناسیۆنالیستی کورد دەمهەوێ بە "من من" باسی زەعفی خۆم بکەم. چون بۆ ئەوەش وشەی من بەکار دێت، من شاعیرم، بۆم نییە بە لایەنێکی سیاسییەوە خۆم پاوەن بکەم. وەک گۆرانیی حەسەن زیرەک هی هیچ حیزب و بەشێک لە کوردستان نییە، هی هەموو گەلە. چون من نە شاعیرێکی سیاسەتمەدارم، نە سیاسەتمەدارێکی شاعیر، بەڵام لەبەر گەورەیی شێعر هەموو سیاسەتمەدارانی زەمان حورمەتیان گرتووم و منیش ناسیومن. بەڵام حەقمان هەیە لایەنێ یان شارێکمان خۆش بوێ، ئەم "من"ە زەعفی خۆمە. ساڵی ١٣٤٨ چوومە سەقز بۆ درێژەدان بە دەرس خوێندن. قەتم سینەما نەدیتبوو، فارسیم باش نەدەزانی، لە فیلم حاڵی نەدەبووم، ڕۆژنامە و گۆڤارم هەر نەشدەزانی هەیە و بەکاری چی دێن، پەیکی مەدرەسە هەبوو، یەکەم پەیکیان لەوێ دامێ، کە خوێندمەوە زانیم دنیای دەرەوەی نووسراوەی نێو کتێبەکانی مەدرەسەش هەیە. ساڵی دواتر هاتمە شاری بۆکان لە ماڵی خزمێکمان وەک ئەندامی بنەماڵە درێژەم بە خوێندن دا. بوومە قوتابییەکی دەبیرستانی بە قەولی فارسی "چشم و گوش بستە". دەتگوت بەرخێکم لە شیوێکی گورگاوی لە دایکم جێماوم. ئاواتی گەورەم ئەوە بوو مەدرەسە تەعتیل بێ و بچمەوە ساروقامیش - زێدەکەم - لای دایک و بابم، چۆم و هاوڕێ و ماسیگرتن، پێموابوو لەوبەری جەغەتۆوە دنیا تەواو دەبێ و لە بۆکان و سەقز بەولاوە شار نییە و عەجەمستان هەیە، بەڵام وڵاتی من نییە.

ئەو سەردەمە ڕەش و ئالۆزترین سەردەمی سیاسیی لە بنەماڵە و ئێران بوو، لە کاتێکدا من کوڕی مەلایەک بووم کە سەربازی باسەوادی دەورەی ڕەزاشا بوو. لە شەڕی عالەمیی دووهەمدا بە چاو هێرشی ئەرتەشی سووری دیتبوو. ئاغای

دێیەکەمان. سەرهەنگ ئیبراهیمی سەلاح بوو کە ئەفسەری کۆماری کوردستان بوو لە ساڵی ١٣٢٤دا. باوکی دوکتور عەلی گەلاوێژ و مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران بوو. یانی هیچ کەس نەیدەوێرا چکۆڵەترین باسی ڕوناکبیری نەتەوەیی بکا لە زانا و نەزان، نە معەلیم دەیوێرا هێندێ باسی وڵات بۆ قوتابیان بکا و بۆیان ڕوون بکاتەوە. ئەویش بەو هۆیە کاتێک من لە دایک بووم سێ ساڵ دوای سەرهەڵدانی موسەدیق بووە کە گەلی کورد لەسەر دوو تاقمی ئاغاخوا و توودە کە پێیان دەگوت "دوودە"، زۆر بیرەوەری خراپیان هەبوو. تەنانەت لەبەر تۆڵە ئەستاندنەوەی زاڵمانەی ئاغاوەت، شایان لە توودە خۆشتر دەویست. من کە چوومە مەدرەسە (ساڵی ١٣٤١) ئاغا نەمابوو. لە نێو دێهاتدا شا ئوستوورە بوو. چون ئاغا و ڕەعێتی لا بردبوو کە کارێکی یەکجار بەجێ بوو. مامۆستا سۆران ئەودەم شاعیر بوو، شێعری بە ڕۆژی ٦ی بەهمەندا هەڵگوت. منیش تا ساڵی ٥٤ هەر پێموابوو شا گەورەترین دڵسۆزی من و گەلی ئێرانە. ساڵی ١٣٥٤ قوتابیی ئاخری ساڵی دەبیرستان بووم، دەبیری ئەدەبیاتەکەمان ئاغای ڕەشیدی ئازادیخا بوو، مەوزووعێکی ئینشای پێداین بەو چشنە " از صمد چه میدانید!؟"، مەبەستی سەمەدی بێهرەنگی بوو. منیش کە لە ڕیزی قوتابیە باشەکانی کلاسدا بووم، هەر ناویشیم نەبیستبوو، هەر تەقەم لەسەرەوە دەهات. لە پەنامەوە هاوکلاسێکم کە هەم باسەواد و هەم زرینگ بوو و هەم بابیشی ئیمام جومعەی زەمانی شا بوو - شوکر ئێستا دوکتورە و دەرمانسازە - پێم گوت؛ سەمەد کێیە؟! بە دزییەوە بەچپەوە گوتی؛ ئائا ماڵتە، چۆن سەمەد ناناسی؟، سەمەد بێهرەنگی. لەپڕ بەکرە قزڵجی کە برازای مامۆستا حەسەنی قزڵجی بوو، بە دەنگی بەرز گوتی؛ ئاغای ئازادیخا! "صمد خودکشی کرد؟" - ئەودەم وابوو، دەبوو لەگەڵ دەبیرەکان بە فارسی قسە بکرێ - ئاغای ئازادیخاش بە لاتاو و زانایی و حەڕافی و سوخەنوەریی هەمیشەیی کوتی؛ "نخیر عزیزم، خودکشیش کردند!". لەو کاتەوە بڵێسەی ئاگری ڕووناکبیری لەو سەردەمەدا لە دڵمدا هەڵگیرسا. چون موحسین و بەکرە بۆیان شەرح دام سەمەد کە لە مامۆستایانی باشی تورک بووە، کۆمۆنیست بووە و کتێبی "ماهی سیاه کوچولو" و "کندوکاو در مسائل تربیتی ایران"ی هەیە و قاچاغن. شا دەستووری بە ئەفسەرێکی خۆی داوە لە چۆمی "ئاراس"دا خنکاندوویانە. دەنگۆیەکیش هەیە گوایە خۆی مەلێی نەزانیوە و خنکاوە. کە من باوەڕم بەمەیان نەکرد تا لەو ساڵانەی دواییدا ئەفسەرەکان مابوون و بەپیری ددانیان بەوە دانا کە بۆخۆی خنکابوو، چونکی مەلەی نەزانیبوو. بەڵام ئیدی من شا و ئەرتەشم لەبەر چاو بوون بە ڕمووزنەیەک و سەمەدم لێ بوو بە ئوستوورە و کۆمۆنیستم خۆش ویست.

ساڵی ١٣٥٧ بە بۆنەی دەهەمین ساڵی نەمانی سەمەدی بێهرەنگی شێعرێکم دانا کە یەکەم شێعری چاپی من بوو لە گۆڤارێکی کۆمۆنیستی شاری سەقز چاپ کرا. نازانم گۆڤارەکە ناوی چی بوو. جا ئێوە نازانن کە شاعیرێک یەکەم شێعری چاپ کراوی خۆی کە بەبێ ئاگاداری لە گۆڤارێک چاپ دەکرێ و دەیبینێ، چەندە خۆشە، یا دیتنی یەکەم کتێبی چاپی خۆی لەگەڵ هیچ شادییەک مقایسە ناکرێ، هەست بە شاییبەخۆیی و سەربەستی دەکا. ئەو شەوە لە سەقز بووم، لە خۆشیان تا بەیانی خەوم لێنەکەوت. ئیدی منیش بوومە کۆمۆنیست، هەر کەس کۆمۆنیست نەبایە، پێم عەوام و بێسەواد و نەزان بوو. هەر لەو

ساڵەدا (١٣٥٧) دوکتور عەلی گەلاوێژ لە ڕووسیەڕا دوای ٣٣ ساڵ هاتەوە. ئەودەم زانیم کە لە دەورەی کۆماردا جەنابی قازی محەممەد ناردوونی بۆ باکۆ بۆ تەحسیل و دوای ڕووخانی کۆمار ئەوان ماوەی ٣٣ ساڵ لە پشت چرای سووری شاهنشایی ڕاوەستاون تا چرای سەوزی شۆڕشی ئیسلامی ئیزنی پێدان و هاتنەوە. زۆر لە ئەزموونیان کەڵکیان وەرگرت و دوایی سەری هەمووانی کرد بە گێری ئاسیاودا. ئەوانیش واتە توودەییەکان بەتوندی دژی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بوون، وەک حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە. ئەوە جەزای چاکەیان بوو ڕێژیمی تازە پێی دانەوە. لە کۆمۆنیست پەشیمان بوومەوە، ڕێژیمی تازەشم لەبەرچاو کەوت. چون باوکم لەگەڵ دوکتور گەلاوێژ دۆستایەتیی دێرینی هەبوو، دوای ٣٣ ساڵ یەکتر دیتنەوە، ڕۆژێکی زۆر سەیروسەمەر بوو، باوکەم بە ئەدەبەوە بە دوکتور گەلاوێژی کوت؛ ئاغا عەلی خان! بەخوا توودە هیچ نییە، بریا دێموکراتەکەی خۆمان بایی. ئەو بە پێکەنینەوە بە سەراحەت گوتی: مەلا! بەخوا هەموویان لە ژێر باڵی ئێمەدان. من لەو مەجلیسەدا دانیشتبووم، وەک شاعیرێکی لایەنگری چریک، تەخمیسێکی شێعرە نایابەکەی مامۆستا هێمنم بۆ دوکتور گەلاوێژ خوێندەوە کە زۆری پێخۆش بوو. بە شاعیری ناسیم و ئەو شێعرە و دوو وێنەی لێوەرگرتم و لە نێو گۆڤاری لاوندا چاپی بکا، بەڵام لە دڵەوە خەریک بوو باوکیشم لەبەر چاو بکەوێ!! ئاخەر باوە من بە ٢٤ ساڵمە، بوومەتە معەلیم بۆ قەت باسی حیزب و شتی لەگەڵ نەکردووم. لەسەردەمی کۆمۆنیستیشمدا هێندەیان زەمی شەهیدی گەورە دوکتور قاسملوو کردبوو، ئەویشم خۆش نەدەویست. دەمگوت ئاغایە و هەواداری فێئۆدالەکانە. ئەم دوو عەیبە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە شەهید دوکتور قاسملوو دەگیرا. لەبەر ئەوەی لای ئەوان عەوام و دێهاتی پلەی بەرز و کەسایەتیی لکەدار بکەن و بەم چەشنە لاوانی بە ڕواڵەت ڕووناکبیری وەک من و باسەواد و تەحسیلکەردەیان لە حیزبی دێموکرات دەڕەواندەوە. منیش باوەڕەم دەکرد، بەڵام هەر کات قسەیان پێدەگوت، لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو، دەمزانی پلە و پایەی ئەو بۆ ئەوە نابێ کەس جگە لە حەسوودی و غیبتەخواردن هیچی پێ بڵێ.

لە وەتاغەکەی ماڵە مامۆستا سۆران - کە ئێستا ماڵی خۆمانە لە ساروقامیش - لە مەحزەری دوکتور عەلی گەلاوێژدا بەحس ساز بوو کە، ئایا مامۆستا شێخ عێزەدەین حوسێنی چاکی کرد دەنگی بە قانوونی ئەساسی نەدا یان خراپی کرد. دیارە دوکتور گەلاوێژ دژی مامۆستا بوو، دەیگوت دەبوو دەنگ بە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی بدرایە. دوکتور گەلاوێژ ڕووی لە من کرد و گوتی: ها کوڕی مەلا! تو دەڵێی چی، مامۆستا چاکی کرد دەنگی بە ڕێفراندۆم و قانوونی ئەساسی نەدا؟ منیش لە عیلمی سیاسەتی وەختدا کەڕەسەپانێکی دونبالەڕەو بووم، ئەوەی چەپەکانی کۆمۆنیست و چریک دەیانگوت بێئەوەی ماناکەی بزانم، دەمگوتەوە. ئەوان گوتبوویان، چون قانوونی ئەساسی ئەسڵی پێنجەکەی وڵایەتی فەقیهە، نابێ دەنگی پێ بدرێ. منیش هەر قانوونەکەم نەخوێندبۆوە، نەمدەزانی ویلایەتی فەقیهە چییە، چاو و گوێ بەستراوی بێ بنەمای سیاسی هەر شاعیر بووم. ئەوەی بیروبڕوام هەبێ بە شێعر دام دەنا و خەڵکیش پێیان خۆش بوو. چاپکراوەی پێشنووسی قانوونیش لە بازاردا دەفرۆشرا، جڵدی بە دوو تمەن بوو، من نەمکڕی بیخوێنمەوە، چون ڕقم لێی بوو. ڕقەکەش

لەبەر ئەوە بوو کاتێک نوێنەریان بۆ پێشنووسینەوەی قانوونی ئەساسی هەڵدەبژارد، پارێزگای ئێمە واتا ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ورمێ) سێ نوێنەری هەبوو کە شەهید دوکتور قاسملوو بە ١١٤ هەزار دەنگ کەسی یەکەم بوو کە دەنگی پێدرا. کەچی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ وەک برای چاک نەیهێشت بچێت و هەر لە هەوەڵەوە دژایەتیی لەگەڵ کورد دەست پێکرد. ئیدی هەر ئەودەم زانیم کە ئیسلامی سیاسی و کۆمۆنیست دوو شتن کە لەسەر بەرژەوەندی خۆیان هیچ دێموکراسییان تێدا نییە ڕەعایەتی ناکەن. ئیدی لەو ساڵەوە کە تاق و لۆق نوێژم دەکرد و ڕۆژووم دەگرت، وەلام نا و تەرکی کۆمۆنیستیشم کرد.

ئەوجار چوومە لای کۆمەڵەوە کە جگە لە کۆمۆنیستی هێندێک بڕوای ناسیۆنالیستییان هەبوو. تاقمێکیان کە یەکجار سادق و دڵپاک و دڵسۆز بوون، بەڵام یەک یەکەشیان تێدابوو کە باش نەبوون. لە هێندێکیان زۆر قەڵس بووم، هەر هەلیان بۆ هەڵدەکەوت، جنێویان بە دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات و بارزانی دەدا. منیش هەرچەند مێژووم دەخوێندەوە بۆم دەردەکەوت کە خەباتی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرەکانی پاک و سادقانەتربوو و پێم ناخۆش بوو.

بۆیە بە دەنگێکی بەرز ئاوا وەڵامی دوکتور گەلاوێژم داوە؛ قوربان! قانوون ئەساسییەک کە ئەسڵی پێنجەمی ولایەتی فەقیهە بێ، بۆ دەنگدان نابێ. خودا شاهیدە نەشمدەزانی ئەو ڕستەیە کێ فێری کردووم، بەڵام دوکتور گەلاوێژ جوابێکی دامەوە تا ئێستاش وەک چەسپ بە مێشکمەوە نووساوە و لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە، کوتی؛ "ئافەرین، ئافەرین وەڵڵا ئەم ئەسڵە خەتەرناکە، بەڵام خومەینی پیاوی چاکە، دژی ئیمپریالیستە، تا ئەو مابێ خەتەرناک نییە، دوای مەرگی ئەویش دەکرێ موتەممەمێک بۆ قانوونی ئەساسی دانرێ و ئەم ئەسڵەی لێ دەرهاوێن". دوایە لە درێژەی وتەکانیدا گوتی؛ "بە ڕەحمانیشم کوت - مەبەستی شەهید دوکتور قاسملوو بوو - لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین بە قسەیان نەکردم، دەنا ئەم قەتعنامە ٢٤ مادەیەی کە ئەوان لە دەوڵەتی خۆمێنیان دەویست، من ساڵی ١٣٢٥ بە دەستووی جەنابی قازی محەممەد بۆ کوڕی ڕەزاشا پەهلەویمان نووسی، هەر جوابیان نەدایەوە. چون خواستی ئێمە لە شای ئیمپریالیست و خواستی ئێمە لە دەوڵەتی تازەی خومەینی وەک ئەوە وایە وشترێک بکەیتە نێو قەفەسێکەوە، ئایا دەکرێ؟! ئەم دەوڵەتە بچووکانە ئەو ئازادییانە بە کورد هەر نادەن."

مەجلیس خاتیمەی هات، هاتینەوە ماڵێ، لە ڕێدا بە بابم کوت؛ ئەرێ بابە! تو بەڕاستی قازی محەممەد دەناسی؟ ئەی بۆچی تا ئێستا قەتت لە لای من باس نەکردوە؟ کوتی؛ "ڕۆڵە! من چۆن ئەو باسانەت فێر دەکەم، بە هەزار نووشتە نووسین و بەرات و سەرفترەی مەلایەتی تۆم کردوە بە دیپلۆم و موعەلیم. هەر بزانن بیروڕات وایە دەرت دەکەن، نان و ئاویشمان نەدەبوو بیخۆین. ئا لە نێو ئەو ماڵەی خۆماندا برایم خانی ڕەحمەتی ٢٤ قەبزە تفەنگی برنۆی هێنا کە جەنابی قازی محەممەد و کۆمار لە سابلاغ پێیان دابوون بۆ خەڵکی ساروقامیش و دەوروبەر تا هێزی بەرگری دامەزرێنن. ڕۆژێک

**یوبیلی ئەڵماس**

دواتر جەنابی برایم خان کە فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی قازی محەممەد بوو، لە سابلاغ هاتەوە گوتی مەلا کوا تفەنگەکانت چ لێکرد؟ عەرزم کرد؛ قوربان وەڵڵا جارێ هەر لەماڵەوەیە. کوتی ئافەرین، ئافەرین دەنێرم بیانهێننەوە و دیسان دەیاننێرمەوە بۆ سابلاغ. عەرزم کرد؛ بۆچی قوربان، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی؛ "مەلا کەڵەکی کورد سەر ناگرێ، کورد دەوڵەتی بۆ ساز نابێ، گەورە و چکۆڵەیان تێدا نییە. نامەیەکم دا بە دەستی پێشمەرگەیەک و گوتم ئەو کاغەزە بدە بە دەستی جەنابی قازی محەممەد، هەر لێم گەڕاوە گوتی بۆ خۆت بیبە، بۆ من سەربازی ئەرتەشی ڕەزاشام، دەستوورم پێ دەدەی! زانیم ئەمانە هەموویان "مەنن"، کەس "نیومەن"ی ناکا. دەوڵەتێک گەورە و چکۆڵە نەزانێ بە هیچ نابێ، ئەو قانوونە بەڕێوە ناچێ، بەخوا تووشی هەزار گێچەڵ دەبین. ئیدی حەمە سەعید، ڕۆڵە! لەو ڕۆژەوە من باسی ڕێژیمی شام نەکردەوە. لە شەڕی ئاغا و ڕەعێتیی دەورەی موسەدیق هەر بێ غەم بووم، تا ئێستا کارم بە سیاسەت نییە. دەنا ڕاستت دەوێ کوڕم، "نان نانی گەنم و، حیزب، حیزبی دێموکرات". دەتکوت فەڕشێکی کۆنم، تاڵە تاڵەکانم ڕیشاڵ بووە و سەر لە نوێ ڕستمیانەوە و چنیمیانەوە و بە کرێکی تازەتر ڕەنگام. مام هێمنم دیت، هەر حیزبی بوو، حەقیقی، هەر حیزبی خۆش دەویست، ئاوات بەتەواوی دێموکرات بوو، نووری ژێکافی بوو، بەڵام وەک زەبیحی بیری دەکردەوە، هێدی پارتی بوو. هەرچی پیاوی گەورە و دڵسۆزی سیاسیم دیت، پەیڕەوی ڕچەی قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو بوون. بە تایبەت دوای شەهیدکرانی هەر دوو ڕێبەری حیزب، واتە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، ئیدی بەتەواوی سازمان و سیاسەتی دیکەم لەبەر چاو کەوتن. خۆم بە خاکی پای کەم سەوادترین پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەزانم کە سادقترین چەکدارن و فەقەت بۆ ڕزگاری گەلەکەی چەکی هەڵگرتوە و فێڵ و فەرتەنەی سیاسی فریوی نەداوە.

وەک شاعیرێک بۆم نییە نەفی ئەو سازمانانەی دیکە بکەمەوە، چون هەر ڕێکخراوێک بۆ ئازادیی گەل شەهیدی دابێ لای من ڕێبازیان پیرۆزە و تەواوی شێعرەکانی من نابێتە دڵۆپێک خوێنی شەهیدانی ئەحزاب. بەڵام لە تفەنگم خۆشتر دەوێن. ئەو ڕۆژە دڵم لە سازمانەکان ناهۆمێد بوو کە شەڕی براکوژییان کرد و لەیەک هەڵپچڕان. بۆ منی شاعیر دوو لەت و سێ لەتبوونی هەر حیزبێک ناهۆمێدییە بۆ ڕێگای سەرکەوتن، بەڵام ئەم ڕاستییە بە دڵ و شێعر و بە مێژوو و کردەوە و باوەر، دێموکراتەکانی ئێران و عێراق بەر لە هەموویان تا ئێستاش ڕۆڵێکی لە بەرچاو و هەمیشە دیاریان هەبووە. خودا بکا بە ئامانجی سەرەکیی خۆیان بگەن. لە بیری یەکگرتنەوەدا بن، نەک یەکگرتن بە ددان. پیرەکان بە خۆیاندا بێنەوە، لاوەکان لەخۆبایی نەبن. بە سواری شەپۆل نەگەیشتوونەتە ئەم پۆست و مەقامە، بەڵکوو لەژێر سایەی خوێنی شەهیداندا بووە، تۆخودا بە فیڕۆی مەدەن.

سەرکەتووبن ئینشائەڵڵا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## حیزبی دێموکرات لە نێوان ئیسڵامی نەریتخواز و فێندەمنتالیزمی ئیسلامیدا"




**شاهۆ مەتین**

دین واقعێکە لەگەڵ بەڕێکخراو و کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەلگەی مرۆڤەوە بە درێژایی مێژوو تاکوو ئێستا هەبوە و لەهەر سەردەمێکدا شێوازی تایبەتیی وەرگرتوە و ڕاستەوخۆ بەشێکی گرینگ و شوێندانەر لەنێو کۆمەڵگە پێک دێنی. بۆیە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ئایین جێگای سەرنج و باسە. چۆن ئایین وەک دابونەریت و بەهاکان هیوای بە داهاتوو لە خۆ دەگرێ.

خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش شوێن و ناوەندی دەرکەوتنی زۆربەی ئایینەکان بە تایبەت سێ ئایینە ئاسمانییەکەیە، کە لە هەر سەردەمێکدا ئەم ئایینانە وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و چاکسازی لە بەستێنە جیاوازەکاندا هاتوونە ئاراوە.

نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستانیش کە لەم سنوورە جوغرافییەدا هەڵکەوتوە، باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام کراوە و بەها و سروشتە ئایینییەکان لەنێو کوردا وەک دابونەریتێکی ئایینی - کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێن و پیرۆز ڕادەگیرێن. بەڵام بە هۆی دراوسێیەتی کورد لەگەل سێ نەتەوەی سەردەستی کوردستان (فارس، تورک و عەرەب) و بوونی دوو مەزهەبی (شیعە و سوننە) و پەیڕەو کردنی ئەم دوو مەزهەبە لە لایەن دوو ئیمپراتوریەتی داگیرکەری عوسمانی و سەفەوی، خەڵکی کوردستان وەک ئاوی بەرداشی دوژمن هەرجارێک لە لایەن ئیمپراتوریەتێکەوە دژی ئەویتر بە ناو و پاساوی دینییەوە بەکار هاتوون و زێد و ڕۆڵەی کوردان بووتنە سووتەمەنیی شەڕێک کە زیانەکەی بۆ نەتەوەی کورد بووە و قازانجەکەشی چۆتە

باخەڵی سەفەوی و عوسمانییەکانەوە.

شەڕی مەزهەبیی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی لە نێوان دوو ئیمپراتوریەتی سەفەوی و عوسمانی کە ئەو سەردەم کورد خاوەنی میری خۆی و دەسەڵاتی لە سنووری خویدا هەبوو، لەلایەک بوو بە نەگبەتی و نەهامەتی بۆ خەڵک و؛ هاوکات خاک و نێشتمانی کوردانیش لە نێوان ئەم دوو زلهێزەدا دابەش کرا. دواتریش کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی میرنشینەکان لە سۆنگەی بەهێزبوونەوەی هەر کام لەم دوو ئیمپراتۆرییە بە ناوی بەرگری لە خاک و یەکگرتوویی ئاینیی و نیشتیمانی لەنێو دەبرێن.

لە سەرەتای سەدەی ١٩ بەو لاوە دەوڵەت - نەتەوەکان لەسەر ئەساسی خاک، خەلک و دەسەلات و کولتووری هاوبەش دروست دەبن، و ئیمپراتۆرییە دینییەکان لەبەر یەک هەڵدەوەشێن. لەم قۆناغەدا و لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا لەنێو کوردانیش وەخۆهاتنەوەیەکی مەعریفی لە بەرامبەر شوناس و دروستکردنی دامەزراوەیەکی سیاسی لە قالبی دەوڵەت لەنێو هزر و ئەندێشەی مرۆڤی کورددا بیچم دەگرێ. هەڵبەت لەو سەردەمیشدا شێخەکان بەهێزترین دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، دینی و سیاسیان لەسەر ئاستی کوردستاندا هەبوو، و زۆربەی شۆڕشە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەم هەتا دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی لەژێر سەرکردایەتیی شێخەکاندا کراون و کەسایەتییە ئاینییەکانی کورد هەستی ئاینی و سۆزی نیشتمانییان ئاوێتەی یەکتر کردبوو بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و گەیشتن بە کیانێکی سەربەخۆی نیشتیمانی و ئازاد. بەو پێیە بنەمای خەبات و داخوازیی شێخانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئینسانی بوو و ئامانجیشیان وەدەستهێنانی مافی ڕەوای کورد و ژیان لە ئاشتی و ئازادییدا بووە، هەتا لەو ڕێگەیەوە ناعەداڵەتیی نەتەوایەتی و دینی لەدژی گەلی کورد بنەبڕ بکەن.

بە سەرنجدان بە هەڵوێست هەرکام لەو کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرانە (شێخەکان) بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەو مێرخاسانە دینیان لە خزمەت نیشتیماندا خۆش ویستوە و پێیانوابوو ئایین ئەرکی خستووەتە سەر شانی خەلکی باوەڕمەند کە دەبێ نیشتیمانیان ڕزگار بکەن. واتە ئەم ڕێبەرانە سیاسەتی مەعنەوییان پەیڕەو کردوە و لەسەر بنچینەی ئایین و ئیمان پیرۆزییان بە خەباتی نەتەوایەتی داوە و بڕوا و ئیمانی تاکی موسلمانیان خستووەتە خزمەت تێکۆشانی بۆوچان بۆ سەربەستی و ئازادیی گەلەکەیان.

**کریس کۆچێرا لە شرۆڤەی دروستبوونی بزووتنەوی نەتەوەیی کورددا ئاماژە بە سێ قۆناغ دەکا:**

١) قۆناغی فیۆدالی.
٢) قۆناغی ئایینی (قۆناغی زاڵبوونی سیاسەتی مەعنەوی) کە چینێکی نوێ لە ڕێبەران کە زۆربەیان پیاوانی شێخانی تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی بوون و سەرکردایەتیی شۆڕشیان گرتۆتە ئەستۆ.
٣) قۆناغی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا کە حیزبەکان دێنە گۆڕەپانی سیاسەت.

کۆچێرا پێی‌وایە زۆربەی ئەم ڕێبەرە ئایینییانە لایەنگری جیهانی ڕۆژئاوا بوون و لە ئایدیای ئەوان (ڕۆژئاوایی) یارمەتییان وەر دەگرت و، هێدی هێدی چەمکی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی سەر بە شێخانی نەقشبەندی و قادرییەوە لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرایەوە و ئامانجی هەموو شۆڕشەکانیش وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نەتەویی بوو کە لە پێناویدا لە هەستی ئایینی و نیشتمانی کەلکیان وەر دەگرت. بە واتایەکی دی لە سیاسەتی مەعنەویدا کە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری جێبەجێکاری بوون؛ ئازادی، بەرابەریی نەتەوەیی و دینی، لێبوردەیی، دادپەروەری بایەخەکانی مرۆڤایەتین و هۆی بەدیهێنانی ئەمانەش ئەرک و ئەخلاقە.

بە پێی پۆلێنبەندییەکەی کۆچێرا لە هەمبەر دروست بوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە نیوەی سەدەی بیستەمدا حیزبی نەتەوەیی - سیاسی بە شێوی حیزبێکی خاوەن پلان و قەوارە لەدایک دەبێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کودستان لە شاری مەهاباد و لە سەردەستی پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ١٣٢٤هەتاوییدا.

کەشوهەوای ژێئۆپۆلێتیک و ژێئوسیاسیی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لەبەریەک هەڵوەشانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران، نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزا شای پەهلەوی و دابەشبوونی ئێران بە سەر دوو دەسەڵاتی بەریتانیا و سۆڤیەیت ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند کە لەو هەلومەرجەدا کە شنەبای ئازادیی سیاسی هەڵی‌کردوە، نەتەوەی کوردیش سەردەمیانە و بە پێی میساقە نێودەوڵەتییەکان پێوشوێنی مافەکانی کەوێ. بۆیە بزاڤی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش سێ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی کۆمەلەی ژێکاف توانیی لە چوارچێوەی حیزبێکی مۆدێرنی نەتەوەیی سیاسیدا خۆی ڕێک بخا و لەسەر ئەم پاشخانە مەعنەوی و مەعریفیە بەهێزە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا دەوڵەتی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دابمەزرێنێ.

بە پێی لۆژیک و لە پێناو ڕاڤەی دروستی پێوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت لە ئاستی کۆمەڵگەدا و بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی دێموکراتیکی دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی کوردستاندا دەبینین کە لە هەر دوویاندا ڕێز لە ئایین و بیروباوەری دینی نراوە و لە حیزبی دێموکراتدا زیاتر لایەنی پێکەوەسازان، ئاشتی و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان ڕەچاو

کراوە. ئازادیی ڕا دەربرین و پلۆرالیزم بە مەرجی پاراستی ئازادییەکانی تر و ڕێزگرتن لە کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک کۆڵەکەی بنەما فیکرییەکانی دێموکرات پێناسە کراوە کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا و پێیوایە دێموکراسی کۆکەرەوەی جیاوازییەکانە لەژێر چەتری دێموکرات و بۆ پێکەوە بوون، پێکەوە ژیان، ئازادی رادەربرین، ئازادیی نووسین، بیرکردنەوە و پاراستی مافی هاووڵاتی و بەرفراوان کردنی پانتایی رەخنەی تەندروست وەک دەرکەوتەی فەزای دێموکراسییەت و مەدەنییەت تێدەکۆشێ و کوردستان بە لانکەی شارستانییەت و پێکەوە ژیان دەزانێ. هەر لەسەر ئەم لۆژیکەی پێکەوە ژیانەیە کە دەبینین لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا جولەکەکانی ڕۆژهەڵات پشتیوانیی کۆماری کوردستانیان کردوە و کەسێک بە ناوی (داوود زادە) وک نوێنەری جووەکانی مەهاباد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا بەرەسمی پشتیوانیی جووەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ کۆمار دەربڕیوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بڕگەکانی ژیانیدا ڕێزی بۆ ئیسلامی دێموکراتیک و نەتەوەیی داناوە و، لە جیاتی تکۆلی و سرینەوی ئایین و مەزهەبەکانی تریش بە ڕۆحی برایەتی و لێبووردنەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئایینزا و باوەرەکان کردوە.

لە ڕاڤە و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوە جێگیرکراوە کە ئەگەر نەتەوە ئازاد و نیشتیمان سەربەخۆ نەبێ، ئایین و ئیمانیش وەک کولتووری نەتەوەیی پەسند ناکرێن و بڕوای وایە کە نیشتیمانپەروەری نەبێ، ئایینیش نابێ. چونکی ئایین بە سەربەخۆیی و ئازادییەوە بوونی هەیە و، ئەو موسوڵمانەی باش لە ئایین تێبگا و بیناسی؛ ئەگەر بۆ سەربەخۆیی و ئازادی تێنەکۆشێ بە هەڵە لە ئایینەکەش گەیشتوە. بۆیە ڕێبەرانی شۆڕشی کورد ئایین و سیاسەتیان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئازادی گەل و نیشتمان ئاوێتەی یەکتر کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات سێکۆلاریزمیشی لەنێو پێکهاتەی حیزبدا و لەسەر ئەساسی فەرز نەکردنی هیچ ئایینێک بە سەر ئایینێکی تر و هەروەها تێرامان بۆ ئاینی وەک بایەخێکی کەسی لە سیاسەتی خۆیدا جێگیر کردوە. لە ڕاڤەی ئەم بابەتەدا حیزبی دێموکرات پێیوایە سێکۆلاریزم سرینەوەی هیچ ئایینێک نییە، بەڵکوو بە پارێزەری ئایینیشی دەزانێ . دەوڵەتی سێکۆلاریش وەک دامەزراوەیەکی بێلایەن پارێزەری ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری دەبێ، بۆیە ئەم حکوومەتە دژایەتی لەگەڵ ئایین ناکا و وەک بەها و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری نێو جڤاتی کوردستان دەیپارێزێ.

میناکی هەرە دیار بۆ ئێستای حیزبی دێموکراتیش، کۆماری کوردستانە کە خاون سیستمێکی کۆماری و حکومەتێکی دێموکراتیک بێ کە تێیدا ڕێز لە بەهاکانی ئازادی، دادپەروەری، ئاشتی و ڕێزگرتن لە گرووپە جیاوازەکان دەگیرا و

بەستێنی مومارەسەی بەهاکانیان بۆ دەستەبەر دەکردن. هاوکات چونکی دەوڵەت دامەزراوەیەکی بێلایەن بوو، بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پاراستی فرەیی لە نێو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵی دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک حیزبی پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گەلەکەی لە ئێستای خەباتی سیاسی-نیزامی و لە کۆماری دێموکراتیکی دوارۆژی نیشمانی ئازادکراوماندا، لە چوارچێوەی پلۆرالیزم و ئازادیی پۆزەتیڤ پێیوایە ئایین دەبێ لە دەستێوەردان لە کاروباری حکومەت دوور بێ و وەک هەر دامەزراوەیەکی تری مەدەنی ڕۆڵی خۆی ببینێ.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنە ئارای دەرفەت و بەستێنکی گونجاو بۆ مومارەسەی ئازادییەکان لە کوردستان، یەکەم ڕەوتی سیاسی - ئیسلامی بە ناوی مەکتەبی قورئان بە ڕێبەرایەتی کاک ئەحمەدی موفتیزادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەور دەبینێ کە لە ڕووی پراکتیکی سیاسیەوە لە ئایەتوڵڵا خومەینی و لە ڕووی مەعریفیەوە لە دوکتۆر عەلی شەریعەتی ئیلهامی وەردەگرت .لە قۆناغەکانی دواتردا هەرکام لە ڕەوتەکانی سەلەفیەت و ئیخوانولموسلمین لە ڕێگای خزمایەتی و هاوسنوور بوونی جوغرافیای باشور و ڕوژهەڵاتی کوردستان گواسترانەوە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕەوتگەلی لە چەشنی خۆیان لەو بەشەی کوردستاندا دروست کرد .

دیارە هەر سێ لەم ڕەوتانە چۆن سەر بە قوتابخانەی فیکری - سیاسیی ئیسلامیی میسر، پاکستان و عەرەبستانن و هەڵقولاوی پرس و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوە و ونیشتیمانەکەیان نین، ناشتوانن لەگەڵ هێزە نەتەوەیی و سێکۆلارەکان کە باوەرمەند بە فرەڕەنگی و فرەدەنگین، سازان و لێکتێگەیشتنی دروستیان هەبێ. هەر بۆ میناک؛ لە سەرەتای شۆڕشی ئێران و لە کاتی دانوستانەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئێرا ، بەرێز موفتیزادە سەنگەری کوردایەتی و یەکڕیزیی نیشتیمانی تێک دەدا و لە سیستمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامییدا پێوشوێنی عەدالەتی ئیسلامی و مافی نەتەوایەتی دەکەوێ!

بە درێژایی ئەم چوار دەیەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک جاریش نەبوە کە ئەم ڕەوتە فێندەمێنتالیستانە بە ڕووی سیاسەتە نگریس و دژە گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە نەتەوەکەمان ( وەک: بێکاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان، میلیتاریزە کردنی نیشتیمان، ئێعدام و زیندانی کردنی ڕۆڵەکانی کورد، ئاسیمیلە کردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی قەیرانی شوناس) هەڵوێستیان بووبێ.

ئایین لە ڕوانگەی "دوورکهایم"یش کە بە هۆی تەبایی و پێکەوەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی دادەنێ، لە ئاکامی سیاسەتی

ناتەندرووستی ئەم بزاڤە ڕادیکاڵە ئیسلامیستانە دووبەرەکیی کۆمەڵایەتیی لە کوردستاندا لێ کەوتۆتەوە. لە ڕووی سیاسیشەوە چۆنکی ئەم بزووتنەوە سیاسی - ئیسلامیانە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە لە خانەی پرۆژەکانی پان عەرەبیزم، پان تورکیزم و پان فارسیزمدا جێ دەگرن، پەلاماری هەموو ئەو هێما و سیمبۆلانە (زمان، خاک و نەتەوە) دەدەن کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ پێناسەی نەتەوە پێوەرن. بۆ ئەم ئامانجەش پشتیوانیی ماددی مەعنەویی میدیای داگیرکەرانیان پێیە و لەژێر چەمکی "ئوومەتی ئیسلامی"دا شرۆڤەی جیهانبینی خۆیان دەکەن. ئەوان بڕوای ستراتیژییان بە ئومەتگەرایی لە بەرامبەر دەوڵەت - نەتەوەدا هەیە و ئینتێرناسیۆنال بیر دەکەنەوە و دژ بە پلۆڕالیزمی کۆمەڵگەی خۆیانن. لە هەموو شوێنێک بە ناوی جیاواز، بەڵام بە هەمان بیروئەندێشە دەردەکەون و بە ناوی بەرگری لە ئیسلام، جیهاد و شەڕ دژی ئایین و مەزهەبەکانی تر ڕادەگەیەنن کە سەرجەم ئەم کردار و هەڵویستانەیان لەگەل ئیسلامی خۆماڵی کە لە پێناو پاراستی شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیی و ڕزگاری لە دەست داگیرکەران و گەیشتن بە ئازادی خەبات دەکا، ناتەبایە و؛ جیاوازی مانایی و واتاییان لەگەڵ یەکتر هەیە .

ئەو هێزە سیاسی ئیسلامییانە لە ژێر خوێندنەوەی تۆتالیێریستانەی ئایینی گەلانی تر (عەرەب) پرسی نەتەوەیی کورد وەک دیاردەیەکی دژ بە دین و یەکگرتوویی ئومەی ئیسلامی لێک دەدەنەوە، بێ ئەوەی لەوە ڕامێنن کە لە هزر و ناخی ئایینداڕانی عەرەب، تورک و فارسدا هیچ دژایەتییەک لەگەل زمان و کولتوور و نەتەوەی خۆیاندا نابینرێ؛ پێچەوانە ئایینیش خراوەتە خزمەتی یەکگرتوویی زمان، جوغرافیا، کولتوور، نەتەوە و دەسەڵات و سەروەریی سیاسیشیان. هۆکارەکەشی ڕوونە، چونکی ڕامان و هزری ئەم بزووتنەوە فێندەمنتالیستانە کۆمەڵگە و ئایدیاکانی کوردستان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو ئاکار و ڕەوشتانەیان پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەر محەممەدیشە. چۆن حەزرەتی محەممەد دەڵێ: ئەوەی نکۆلی لە قەومی خۆی بکا لە ئێمە نییە.

ئاکام:

بە سەرنجدان بەم دوو بەرە دینییە چ لە مێژوودا و چ لە ئێستای نێو کۆمەڵگەی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هزر و ئەندێشە ئەساسی و بنەڕەتییەکەی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵگە وحکومەتێکی دێموکراتیک و، لەسەر بنچینەی بەها و بایەخە نەتەوەییەکانە، هیچ کێشە و ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەم بەرە ئایینیە نییە کە بە درێژایی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان ئایینیان وەک بەها و مۆڕال بۆ خزمەت کردن بە نیشتیمان و نەتەوەکەیان وەرگرتوە و هەموو ڕێبەرانیان بۆ دروست کردنی کیانێکی نەتەوەیی و کوردستانی بە دەست داگیرکەرانی تورک، فارس و عەرەب شەهید بوون .بەڵام لە ناتەبایی و دژوازیەکی توند و ڕیشەیی لەگەڵ ئەم ڕەوت و بزووتنەوە ئاینی و مەزهەبییانەدا دەبێ کە خزمەت

**یوبیلی ئەڵماس**

به ئایدیای داگیرکەرانی کوردستان دەکەن. ئەو هێزانەی کە دێموکراتیک بوون بە پڕۆژەی ڕۆژئاوایی دەزانن و لەگەڵ ناسیۆنالیزم بەرکەوتنیان هەیە، چۆنکی هێزە نەتەوەییەکان بە دژی ئیسلام دەزانن کە هەمان گوتاری حکوومەتی ناوەندییە. هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی ناوەندی لە پێناسەی خۆیدا بە پاساوی پیاوی ئیمپریالیزم بوون دژی هێزە نەتەوەییەکان شەڕ دەکا، ئەم بزووتنەوە ڕادیکاڵانە لە شەڕێکی نەرمتر لە بەر نەبوونی کات و شوێن بۆ شەڕێکی سەخت دژی حیزبە کوردییەکان لە ڕێگای بەلاڕێدابردنی شوناسی نەتەوەیی و شێواندنی کولتوور و شوناسی گەلەکەمان زیانی زۆریان بە پڕۆژەی ئازادی و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیمان گەیاندوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# کتێب و گۆڤار لە ژێر ڕووناکایی کۆماری کوردستان‌دا




**ڕەسووڵ سوڵتانی**

هیچ شتێک لە بۆشاییدا و لە هیچەوە دروست نابێ. هونەر و ئەدەبیاتیش وەکوو خوڵقێنراوی زەین و ئەقڵ و دەستی مرۆڤ، ڕەگ و ڕیشە و بناوانیان لە زەینی داهێنەرەکەی و کۆمەڵ و کۆمەڵگەدایە و لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری خۆیدا بیچم دەگرێ. بە تایبەتی گۆڕانکارییە گەورە و لەناکاوەکان هەر کامە و بە شێوەیەک کار دەکەنە سەر شێوەی بیرکردنەوە و تێڕوانین و جیهانبینی و دواجار بەرهەمەکان. وەک چۆن بزاڤی ڕێنسانس و شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپا جیهانیان هەم لە ناوەڕۆک و هەم لە ڕواڵەتدا گۆڕی و تا ئێستاش ڕێنسانس وەکوو خاڵێکی گەورەی وەرسووڕانی مێژووی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێ، کە ئیتر تێیدا جیهان لە دوو قۆناغی پێش ڕێنسانس (سەدە تاریکەکان) و جیهانی پاش ڕێنسانسدا باسی دەکرێ و هەر کام تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە.

شۆڕشی فەڕانسە، خاڵێکی دیکەی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە باڵی بەسەر هەموو هزر و بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کێشا و بزووتنەوەی ڕیالیزم لە هەناوی ئەو گۆڕانکارییانەوە سەریان هەڵدا، کە بەرهەمی ئەو شۆڕشە مەزنە بوون.

یەکەم جەنگ و دووەم جەنگی جیهانییش، هەر کام بە شێوەیەک کاریگەریی خۆیان لە سەر بوارە جیاجیاکانی هزر و ئەدەبیات و فەلسەفە و لقە جۆراوجۆرەکانی هونەر بەجێ هێشت. بەتایبەتی جەنگی یەکەمی جیهانی کە تێیدا کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری گەورەش بوونە قوربانی و لە بەرەکانی جەنگدا کوژران وەکوو: گیۆم ئاپۆلینز و شارل پێگیو و ئالێن

فۆرنیێ. لە کتێبێکدا بە ناوی "گوڵبژێرێک لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەی لە شەڕدا کوژراون ١٩٢٤" ناو و دەستوخەتی پێنسەد شاعیر و نووسەر هاتوە. لە دوو ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا ئەدەبیاتی هەموو ئورووپا ئیفلیج بوو (قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حوسێنی. لاپەڕەی ٧٥١)

بەڵام هەر لە دڵ و هەناوی ئەو شەڕ و ماڵوێرانییەوە، بزووتنەوەی دادائیزم و سورریالیزم وەکوو یاخیبوونێک لە شەڕخوازان و جڵەوکێشانی شەڕ و خوێنڕشتن سەر هەڵدەدەن و بوارێکی دیکە بۆ هونەر و ئەدەبیات دەڕەخسێنن.

لە ئەدەبیاتی ئێرانی پاش هاتنی ئیسلامدا، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەوت و ڕێچکەی ئەدەبیات دەگۆڕن، بۆ وێنە لەو سەردەمانەدا کە دەربار باوەشی بۆ شاعیرانی پەسنبێژ کردووەتەوە، دەبینین پەسن و پێداهەڵگوتن و قەسیدە برەو پەیدا دەکا و پاش هاتنی مەغۆلەکان کە دامودەزگای پەسنبێژی و شاباشی پەسنبێژان تێکەوە دەپێچرێ، غەزەل بەتایبەتی غەزەلی دڵداری و عاریفانە پەرە دەگرێ و ناودارترین شاعیرانی ئێران لەو قۆناغانەدا دەردەکەون. لە سەردەمی نوێیشدا بزاڤی مەشرووتەخوازی کە لەگەڵ هاتنەوەی کۆمەڵێک خوێندەوار لە فەرەنگەوە سەر هەڵدەدا. یەکێک لەو ڕووناکبیرانە فەتحەلیی ئاخوندزادە بوو. بە گشتی بزاڤی مەشرووتە لە ئێراندا خاڵێکی وەرسووڕانە کە ئیدی پاش مەشرووتە ئێمە لە ئێران جگە لە شیعر وردە وردە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتیش دەبینین و بەتایبەتی بزاڤی وەرگێڕان تین و گوڕێک دەگرێ.

## کوردستان

بزاڤی ڕووناکبیری و ئەدەبیی کورد لەبەر بێدەوڵەتی کەمتر کەوتووەتە بەر شەپۆلی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و بزاڤی ئەدەبیی کورد زیاتر لە حوجرەکاندا بووە و نەبووەتە شەپۆلێکی گەورە و گشتگیر، بەتایبەتیتر کە پاش دووەم جەنگی جیهانی و هاتنە سەرکاری ڕەزاخان لە ئێران و ئەتاتۆرک لە تورکیا، لەو دوو بەشە گەورەی کوردستاندا زمانی کوردی نەک پەراوێز بخرێت، بگرە قەدەغە و بڤە دەکرێت، ئیتر خوێندەواری کورد ئەگەر دەفتەرێکی شیعری هەبوایە یان وەدەستی کەوتبایە دەبوو لە حەوت کوندا بیشارێتەوە و نەبێتە بەڵای سەر و گیانی.

هەژار لە چێشتی مجێوردا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ئەو ڕۆژگارەی لە وشتەپە فەقێ بووم، ڕۆژێک کاکە ڕەحمانی حاجی بایزاغا هاتە حوجرە، تەرجیع بەندێکی لە شێعری کوردی و کوردایەتی خوێندەوە کە زۆرم لەلا خۆش هات. زۆرم حەول دا کە بیڵێ و بینووسمەوە، گوتی خاوەنیان کە خاڵەمینە، سوێندی داوم وا نەکەم وەدەست کەس کەوێ".

سەرەڕای ئەو هەمووە زەبروزەنگەش، لە حوجرە و خانەقاکاندا مەلا و فەقێی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەست و ئیحساس هەر نەیانهێشتوە پەنگری ئەو کوانووە خۆڵەمێشی لەسەر بنیشێ و سارد بێتەوە. بۆ وێنە فەوزی، ئەو مەلا نیشتمانپەروەرەی لە خانەقای شێخی بورهان بووە و هەژار دەڵێ، زۆر عالم، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهار بۆ هەموو شت دەبوو. نسحەت و ڕێ شاندانی ئەو، بیری کوردایەتیی خستە مێشکی زۆر لاوانی ئاشنای. دنەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر (چێشتی مجێور. ٣٥)

هێمن لە پێشەکییە بەنرخەکەی تاریک و ڕووندا "لە کوێوە بۆ کوێ" ئەو قسەیەی هەژار ئاوا پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگای ژیانی پێ نیشان دام. بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرەم نەداوە. ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێبەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوە و دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگارکردنیدا فیداکاری بکەن و لەخۆبوردوویی نیشان بدەن. ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم تیف تیفە بدەم و مشتوماڵی بکەم. ئەو فێری کردم وڵاتەکەمم خۆش بوێ و پێی هەڵبڵێم. ئەو حاڵیی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیاپەسندی هەبێ (تاریک و ڕوون. ١٩).

(کۆمەڵەی ژ کاف)

ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاکامی داگیرکرانی ئێران لە لایەن لەشکری سۆڤییەت و ئەمریکا و ئینگلیزەوە ناوچەی موکریان بەتایبەتی شاری مەهاباد کە هیچ کام لەو هێزانەی لێ نەبوون و دەسەڵاتی شاهەنشاهییش سێبەری لەسەر ناوچەکە نەمابوو و جگە لەوەش موکریان دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی لە بزاڤی ڕووناکبیری و سیاسی و بیری نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە، هەموو ئەو هۆکارانە دەستیان دابووە دەستی یەک و بارێکی لەباریان ڕەخساند بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ڕووناکبیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کورد لە مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد واتە ژێکاف دامەزرێنن. ئەو کۆمەڵەیە، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەڵوێستی سیاسیی ڕووناکبیرانی کورددا، بەتایبەتی لەوەدا کە بۆ یەکەم جار جڵەوی جووڵانەوەکە بە دەست سەرۆک عەشیرەت و شێخ و دەرەبەگەوە نەبوو، جگە لەوەش تێکۆشان و هەوڵی بزووتنەوەکە لە پێناوی ئامانجی بەرزی نەتەوەییدا بوو. ئەو کۆمەڵەیە لە یەکەم کۆبوونەوە یان کۆنگرەی خۆیدا کە بڕیاری دا بیروباوەڕی خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە و بۆ ئەوەش دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان. دەرکردنی گۆڤار و هەستکردن بەو زەرورەتەش یەکێکی دیکە لە بەرچاوڕوونییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بووە.

دیارە کۆمەڵەی ژێکاف تەنیا گۆڤاری نیشتمانی دەرنەکردوە و خەریکی کاروباری فەرهەنگی و ڕووناکبیریی دیکەش بووە. هێمن لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا دەڵێ: کۆمەڵە لە پێشدا کتێبێکی بچووکی شێعری بڵاو کردەوە بە ناوی دیاریی کۆمەڵەی "ژ - ک" کە شێعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیە و هەژار و شێخ ئەحمەدی حیسامیی تێدا چاپ کرابوون و دەسبەجێ تەواو بوو.... یەکەم شێعری من لە ژمارە دووی نیشتماندا بە ناوی م.ش. هێمن بڵاو کرایەوە".

جگە لەوە، تیاتری دایکی نیشتمان، هەنگاوێکی دیکەی ڕووناکبیرانە و مۆدێڕنی کۆمەڵەی ژێکاف بووە و وەک هێمن دەڵێ گەورەترین تەبلیغاتی بۆ کۆمەڵە کرد و کەم کەس هەبوو نەچووبێ و هەر کەسیش چووبا دەگریا و هەستی کوردایەتیی دەبزووت.

هەنگاوێکی دیکەی کۆمەڵە، کڕینی چاپخانە بووە. دامەزرێنەر و بەڕێوەبەرە ڕووناکبیرەکانی ژێکاف هەستیان بە گرینگیی چاپخانە و کتێب و بڵاڤۆک و کاریگەریی ئەوانە لەسەر خوێندەواری و ئاستی زانین و چاوکراوەیی خەڵک کردوە، هەر بۆیە بە داهاتی شانۆی دایکی نیشتمان چاپخانەیەک دەکڕن.

### دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە ڕووداوێکی گرینگی مێژووی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد و خاڵێکی گرینگی وەرچەرخانی ئەو مێژووەیە. ئێمە لەم باسەدا ناچینە سەر لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی و تەنیا ئاوڕ لە لایەنی فەرهەنگی و ڕووناکبیری و هەنگاوە کردەییەکانی ئەو حیزبە دەدەینەوە، کە ئەو هەنگاوانە نەک تا ئێستاش گرینگیی خۆیان هەر ماوە، بگرە ئەوەندە بنەمایی و ورد و ڕووناکبیرانەن، کە شیاوی ئەوەن هەموو نیشتمانپەروەرێک شانازییان پێوە بکا. کە سەرنج بدەینە بەندی دووەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینین دامەزرێنەرانی حیزب، چەندە بەمشوور و وردبینانە ئاوڕیان لە گرینگترین ناسنامە و پرسی نەتەوەکەیان واتە زمانەکەی داوەتەوە و داوا دەکرێ زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی بناسرێ و دەڵێ:

**. نەتەوەی کورد مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ.**

چونکە زمان هزر و جوغرافیا و کولتوور و مێژووی لەخۆیدا هەڵگرتوە. کە ئێمە دەچینە وڵاتێک و پێمان دەڵێن زمانت چییە

و دەڵێین کوردی، تەواو لەو وشەی "کوردییە"دا کە زمانەکەمانە، جوغرافیا و کولتوور و مێژووەکەمان ڕەنگ دەداتەوە واتە من مێژوویەکم هەیە کە تێیدا بەو زمانە قسەم کردوە و جوغرافیایەکم هەیە کە تێیدا بەو زمانە قسە دەکەم و کولتوورێکم هەیە کە ئەم زمانەی بەرهەم هێناوە و ئەم زمانەش ئەوی بەرهەم هێناوەتەوە. بەڵام سەرلەبەری ئەو شتانە بەبێ ئەم زمانە دەچنە نێو هەناوی نەبوونەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو ئەو شتانە بە زمانەکەمان پێناسە دەکەینەوە و دایاندەڕێژینەوە. تۆ بڕوانە، لەو چل میلیۆن کوردە، ئەگەر ملیۆنێکی یەکسەر واز لە زمانەکەی بێنێ و بە زمانێکی دی قسە بکا، تۆ دەتوانی پێیان بڵێیتەوە کورد؟ نەخێر. نموونەی گەلانی دیکەش زۆرن. ئەو عیبری و قیبتیانەی بوونە موسوڵمان و زمانەکەی خۆیانیان بەلاوە نا و بە زمانی عەرەبی دەدوێن، ئیتر هەم خۆیان بوونەتە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و هەمیش نیشتمانەکەیان بووەتە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی. میسر و فەلستین نموونەیەکی بەرچاون.

پاش ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و پێشەوا قازی محەممەدی سەرۆکی حیزبی دێموکرات دەبێتە سەرکۆماری کوردستان، ئێمە دەبینین کۆماری کوردستان و حیزبە دامەزرێنەرەکەی هەموو توانا و هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ فەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی فەرهەنگی و پەرەپێدانی خوێندەواری و گرینگیدان بە لایەنە ڕووناکبیری و فەرهەنگییەکان و دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپی کتێب بە زمانی کوردی.

## چاپکراو و بڵاڤۆکی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان کە دادەمەزرێ، زۆرینەی خەڵکی کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نەخوێندەوار بوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە وەک مامۆستا هێمن باسی دەکا، گۆڤاری نیشتمان کە چاپ دەبوو، دانەیەکیشی لێ نەدەماوە و هەمووی دەفرۆشرا و لە دوورترین شوێنەکانەوە خەڵک دەهاتن بۆ سەیری شانۆی دایکی نیشتمان. لەو کەشوهەوا و بارودۆخەدا دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد ئەو بۆشایی و کەموکووڕییانە دەبینن کە کورد لە بواری خوێندەواری و ڕووناکبیریدا هەیەتی، هەر بۆیە شێلگیرانە هەوڵ دەدەن کەلێنەکان پڕ بکرێنەوە و پێویستییەکان دابین بکرێن.

چاپکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و دانانی ڕادیو و کردنەوەی قوتابخانە، بەشێکن لە هەوڵە هەرە گرینگەکانی کۆماری کوردستان.

حامید گەوهەری لە کتێبی "کۆماری کوردستان" دا دەنووسێ: لە ئاکامی هەوڵەکانی ژێکاف و بە دوای ئەویشدا حیزبی

دیموکراتی کوردستان بۆ دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی بڵاڤۆکی کوردی، دەوڵەتی سۆڤیەتی دوو چاپخانەی بە کوردستان فرۆشت. یەکەمیان بە ناوی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد دامەزراند و ئەوی دیکەیان لە بۆکان دانا و لەو سۆنگەیەوە، بواری فەرهەنگی لە موکریاندا گەشەی پێ درا.

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا ناوبراو دەنووسێ:

پێش دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، ژێکاف گۆڤاری نیشتمان و دیاریی کۆمەڵە بۆ لاوان و ڕۆژژمێری کوردی و ژمارەیەک گۆڤاری ئاواتی لە چاپخانەی یەکێک لە ڕووناکبیرانی هەرمەنی لە تەورێز چاپ و بڵاوی کردبوونەوە.

لەگەڵ دامەزراندنی چاپخانەدا چاپەمەنییەکان بە خێرایی بڵاو دەبنەوە و خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکەن. لە مەهاباد ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان چاپ و بڵاو دەبنەوە. لە بۆکانی گۆڤاری هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵان و هاواری کورد چاپ کران. یەکێک لە بەرهەمەکانی چاپخانەی بۆکان بڵاوکردنەوەی مێژووی بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی بوو (گەوهەری. کۆماری کوردستان. لاپەڕەی ١٥٠).

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستانی بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ دا چاپ و بڵاو کردەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠ی ١٠ی ١٣٢٤دا بڵاو دەبێتەوە.

هەم ڕۆژنامەی کوردستان و هەم گۆڤاری کوردستان، تا هەرەسی کۆماریش بەردەوام و بە ڕێکوپێکی بڵاو بوونەتەوە، کە لەسەر یەک ٩ ژمارەی گۆڤاری کوردستان و ١١٤ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراونەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارێکی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییش بە ناوی "هاواری نیشتمان" بۆ لاوان بڵاو دەکاتەوە، کە یەکەمین ژمارەی لە نەورۆزی ١٣٢٥ دا وەک بڵاوکەرەوەی بیری یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بڵاو بۆوە و بەرپرس و بەڕێوەبەرەکەی "سەدیقی ئەنجیری ئازەر" بوو.

جگە لەوە لە چاپخانەی بۆکان، هاواری کورد و گڕوگاڵی منداڵانی کورد و هەڵاڵە بڵاو کرانەوە.

ئەوەی کە هێمن دەڵێ:

**یوبیلی ئەڵماس**

ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەرەف، ئەم شیعرە هەم پڕ بە باڵای پێشەوای شەهیدمان و هەم پڕ بە باڵای کۆمارە ساواکەمانە. ئاخر لەو تەمەنە کورتەدا ئەو هەمووە کارە بەنرخە، تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش دڵسۆزیی لە ڕادەبەدەری بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی کۆماری و هەوڵدانیان بۆ پێشخستنی نیشتمانەکەیان بۆ ئەوەی بیگەیەننە ئاستی وڵاتان و گەلانی پێگەیشتووی دنیا. لە ماوەی یازدە مانگدا، بەشێکی زۆر لە ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان لە کردەوەکانی کۆماردا ڕەنگیان داوە و وەدی هاتن. دەسنیشانکردنی سروودی نەتەوەیی و دانانی ئاڵا و دروستکردنی سوپای نیشتمانی بە ناوی هێزی پێشمەرگە و هەڵبژاردنی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ ئەندامانی سوپاکەی و چاپخانە و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانە و چاپی کتێبەکانی خوێندن و پەرەپێدانی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بەشێکی گرینگن لەو کارانەی دڵسۆزانی کورد لە کۆماری کوردستاندا قۆڵیان لێ هەڵماڵین و جێبەجێیان کردن. خۆی قەڵەمی نێوان دوو گوڵەکەنمەکە لە ئاڵای کۆماردا، نیشانەی بایەخدانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان بوو بە فەرهەنگ و زانست. هەر ئەو کردەوە گرینگانەش بوون، ناوی پێشەوا و کۆمارەکەیان تا ئێستا بە نەمری هێشتووەتەوە و بوونەتە سەرباشقە و نموونە و پێشەنگی نەتەوەکەمان و دوژمنانی کورد بە هیچ چەکێک ناتوانن ئاواتی گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان لە دڵی میللەتەکەمان دەربێنن. ئەو چرایەی پێشەوا قازی و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری بۆیان داگیرساندووین، نە ڕەشەبای زوڵم و زۆرداری نەک ناکوژێتەوە، بگرە ئەو باهۆزە چەندی بەهێزتر بێ، ئەو چرایە گەشتر داییسێ و ئەو ڕێگەیە ڕووناکتر دەکاتەوە.

ئەو خوێنەی لەو زامە ڕۆیی
هەوێنە بۆ سەربەخۆیی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# حیزبی دێموکرات لە محەکی دواڕۆژی ئەرک و ڕەساڵەتی مێژوویی‌دا




سمایل شەرەفی

بەرەو یادی ۷۵ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

یەکێک لە دروشمە سەرنجڕاکێشەکانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب، کۆنگرەی ۷۰ ساڵ تێکۆشان - کە وەک لە ناوەکەی‌ڕا دیارە، لە حەفتاهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانیدا بەڕیوەچوو - "حیزبی دوێنێ، حیزبی ئەمڕۆ و حیزبی سبەی" بوو. حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردستانی، ڕابردووەکەی دیارە و ئێستاشی مەعلوومە کە سەرەڕای زۆر کەمایەسی و گیروگرفت کە لە بواری جۆراوجۆردا هەیەتی، دیسان سەروگەردنی بەرزە باڵای لەنێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستاندا دیارە. کەوابوو ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، نە گەڕانەوەیە بۆ قسەکردن لە "حیزبەکەی دوێنێ" و نە باسکردن لە "حیزبەکەی ئەمڕۆ"یە، بەڵکوو تێڕوانینێکە بۆ دواڕۆژی حیزبی دێموکرات، "حیزبەکەی سبەی".

با لە پرسیارێکی گشتی بەڵام جەوهەرییەوە دەست پێ بکەین:

بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات لە دواڕۆژی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا بتوانێ ئەرک و ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی بەڕێوە بەرێ و ببێتە ئەو حیزبەی کە هێز و دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ، بەرنامەکانی جێبەجێ بکا، پێویستە چی بکا و چۆن حیزبێک بێت؟!

وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەبێ گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە هەلومەرجی سیاسی، دۆخی دەروون تەشکیلاتی و هێزی ئەم حیزبە لە هەموو ڕووەکانی؛ گوتاری سیاسی (تێفکرین و شێوازەکانی خەبات و هەڵوێست)، پێگەی جەماوەری (پشتیوانیی خەڵک) و هێزی پێشمەرگە (هێزی ئینسانی بۆ زاڵکردنی گوشار)، سەخت و دژوارە. لە دۆخی ئێستادا بە گەڕانەوە بۆ هەموو ئەم پارامێترانە، دەرکێکی دروست و واقعی پێمان دەڵێ کە بەداخەوە مەترسییەکی جیددی هەڕەشە لە داهاتووی ئەم حیزبە دەکا. بە مانایەکی ڕوون و سادە؛ حیزبی دێموکرات بە هۆی لێکترازان و دوو بەشبوونی ئێستای، نە هەلومەرجە سیاسییەکەی زۆر بۆ دڵخوازە، نە لە ڕووی تەشکیلاتییەوە یەکیەتیی و یەکگرتوویی هەیە، نە پێگە یەکدەست و تۆکمە جەماوەرییەی جارانی لێ وێنا دەکرێ و نە دەتوانێ ئەو هێزە ئینسانییەی خۆی لە شێوازی سەختدا بۆ گوشار خستنەسەر دەسەڵات بەکار بێنێت. کەوابوو وەڵامی درووستی ئەم پرسیارە لە پڕکردنەوەی بۆشایی و کەمایەسییەکی بنەڕەتیی حیزبی دێموکراتەوە دەست پێ دەکا کە ئەویش؛ "وەسەریەکخستنەوە یان یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەم حیزب"ەیە کە ئێستا بە سەر دوو "تەشکیلات"ی جیاواز بە ناوی "حدک" و "حدکا"دا دابەش بووە.

پرسی یەکگرتنەوە لە [حیزبی دێموکرات]دا پێش ئەوەی بە پرۆسەیەکی تەشکیلاتی دابندرێ، پێویستە وەک پرسێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی دەروون تەشکیلاتی و لە خانەی بە ڕەسمییەت ناسینی تێفکرینە جیاوازەکان و بەکارهێنانی توانا و پتانسێلە جۆراوجۆرەکان لە بەستێن و بواری جیاجیادا سەیری بکرێ. بۆ ئەوەی یەکیەتیی و یەکگرتوویەکی پایەداری دەروون تەشکیلاتی لە حیزبی دێموکراتدا بنیات بنرێ، پێویستە لەم حیزبەدا جیاوازییەکان لە جەغزێکی بەربەرینی نەتەوەیی و نیشتمانیدا مودیریەت بکرێن و چیدیکە وردە چەمکەکانی سەردەمی خێڵایەتی وەک ناوچەگەرایی و دەستەودەستەبازی و باندگەرایی، ئیدە و خولیای ڕقابەت و ڕکەبەرایەتیی تێکۆشەرانی حیزب - کە خەسڵەتی دنیای سیاسەتە - نەبەنەوە نێو "خولانەوەی نێو بازنە" بەرتەسک و پڕ لە خەسارەکەی مێژوو. لەم پێوەندییەدا حیزب پێویستە بە پێداچوونەوە بە سیستمی بارهێنانی خۆی، تێکۆشەرانی لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە "بەرژەوەندیی گشتی" پەروەردە بکا. تەنیا تێگەیشتن لە بەرژەوەندیی گشتیی ڕێکخراوەییە کە دەتوانێ ڕۆحی یەکتر قبووڵکردن و لێبووردەیی لە حیزبدا پەرە پێ بدا. وێناکردنی ئەم جەغزە بەربەرینە لە تێکۆشان، جیاوازیی بیروبۆچوون و ڕکەبەرایەتیی دەروون تەشکیلاتی، ئاکامەکەی دەبێتە دوو شت کە تا ئێستا ئامیانی زۆرێک لە لێکترازانەکانی حیزب بوون؛ یەکەم ئەوەیکە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکان لە برەو دەکەون و دووهەم ئەوەیکە ڕکەبەرایەتییەکان نێوەرۆکێکی فکری – سیاسی بەخۆوە دەگرن کە بێگومان لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیدا نەتەنیا مەترسیی لێکترازان و خەساریان لێ ناکرێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی زیندوومانەوەی تەشکیلات و لە کۆتاییدا حیزب قازانجی لێ دەبینێ.

## گۆڕانکاری لە تێڕوانین و گوتار و هەڵوێست

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە داهاتوودا ڕەوتێکی خێراتر بە خۆوە دەگرن. پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی کە هەر ئێستا خەریکە ڕوخسارێکی زۆر جیاوازتر لە جاران بە دنیا دەبەخشێ، لە هەموو بەستێنە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتی و کۆمەڵایەتی و... هتددا گۆڕانکاریی قووڵ پێک دێنێ. نیشتمان و نەتەوەی ئێمەش بێبەری لەم گۆڕانکاریانە نابن. بۆیە دەشێ زۆرێک لە ئەولەویەت و بەها و بایەخەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێ و نێوەڕۆک و مەسیری ویست و داخوازییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێ. بۆیە حیزبێکی سیاسیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر پایە و بناغەی ویستی خەڵک دامەزراوە و لە پێناو ئەم ویستەدا ٧٥ ساڵە خەبات دەکا، پێویستە دەرکێکی درووستی لەم گۆڕانکاریانە هەبێ و بەبێ ئەوەی - وەک تا ئێستا نیشانی داوە - لە ڕابردووی خۆیدا چەق ببەستێ، بە ڕوانینێکی کراوەوە لە داهاتوو بڕوانێ.

لە دوارۆژی ئەو نیشتمان و میللەتەی کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا، وێڕای ئەوەی هەستی و شعووری نەتەوەیی لە گەشە و پەرە ئەستاندنی زیاتردا دەبێ، زۆرێک لە باوەڕ و بەها و ئەرزشە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی سەر ئەم گۆی زەوییە زیاتر لە هەمیشە بەدوای مەوقعیەتی ئینسانی و نەتەوەیی خۆیدا دەگەڕێ و چیدیکە ناتوانێ لە چوارچێوەی هۆوییەتێکی دیکەی جیا لە خۆی، عەودالی ویست و ئارەزووەکانی بێت. بۆیە بێشک ئاستی چاوەڕوانی و داخوازییەکانی بەرەو سەر لە هەڵکشاندا دەبێ و بەدوای دەنگێکدا دەگەڕێ کە بتوانێ تینوێتیی خولیا و ئارەزووەکانی بشکێنێ. لێرەدایە کە چیدیکە بە تەنیایی مێژوو (ڕابردوو) ناتوانێ غروور و سەروەریی پێ ببەخشێ.

لێرەدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕەسالەتێکی مێژوویی کە هەڵیگرتوە، ئەگەر دەیهەوێ درێژە بەم ئەرکە مێژووییەی بدا، پێویستە شوناسێکی تۆختر بە گوتار و بیری نەتەوەیی خۆی ببەخشێ. زیندوو ڕاگرتنی بیری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا کە بەشێک لە ئەرک و ڕەسالەتی ئەم حیزبە بووە، چیدیکە نابێ تەنیا لە چوارچێوەی بەستێنەکانی تێکۆشانی خۆیدا ڕوو بە کۆمەڵگە وێنا بکرێن، بەڵکوو "ئەم ڕۆحوەبەرنان"ە نەتەوەییە دەشێ بەتەواوی دەمارەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆ بچێتە خوارێ. لەگەڵ ئەوەی چەند سالێکە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی گوتاردا ئەمەی دەست پێ کردوە، بەڵام ئەم زەروورەتە پێویستی بە هەڵوێستی ڕوون و یەکلاکەرەوە هەیە.

حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی پێگەی جەماوەریی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا ئەگەر بە ڕوانینی تەشکیلاتییەوە لە سیاسەت و کۆمەڵگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بڕوانێ -کە بەداخەوە لە ڕووی هەڵویستەوە نەیتوانیوە خۆی لەم

تێپەڕوانینە دەرباز بکا- زۆر بەخێرایی ئیزۆلە و بێشوێنەوار دەبێ. وەک لەمێژە لەم حیزبەدا وتراوە، مادام تەشکیلات ئامانج نییە، پێویستە حیزب پێگەی خۆی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەدا تەعریف بکا. بۆ ئەم مەبەستە ناکرێ بە مەیل و ئارەزووی تەشکیلاتی، قسە لە هەڵوێست و دواتر پشتیوانیی خەڵک بکرێ. بۆیە حیزبی دێموکرات کە قسە لە جەماوەریکردنی خەبات و وەگەڕخستنی چالاکیی نەتەوەیی لە هەموو توێیەکانی کۆمەڵگەدا دەکا، پێویستە خۆی لە داوی جۆرێک لە دەمارگرژیی سازماندراوی تەشکیلاتی ڕزگار بکا و جورئەت و جەسارەتێکی دیکە بە هەڵوێستەکانی ببەخشێت.

بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات بتوانێ خۆی لەم دۆخە ڕزگار بکا پێویستە خۆی لە بارمتەی کۆمەڵێک تێبینیی ئەرزشی ڕزگار بکا و چیدیکە بایەخ و ئامانجە درێژخایەنەکان نەکاتە قوربانیی کۆمەڵێک ئامانجی چووکە و کورتخایەن.

حیزبی دێموکرات بە کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی تا ئێستایشی لەگەڵ بێ لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە بانتر لە حیزبێک سەیری دەکرێ. ئەم حیزبە بۆتە بەشێک لە باوەڕی سیاسیی خەڵکی کوردستان. بۆیە پرسەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات تەنیا ناکرێ وەک پرسەلێکی دەروون ڕێکخراوەیی سەیری بکرێ. ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان لەم حیزبە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن و دەری دەخەن کە تەنانەت کێشە دەروون تەشکیلاتییەکان و لێکترازانەکان و پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و زۆر پرس و بابەتی دیکەت تایبەت بەم حیزبە، ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی ویست و داخوازی تەشکیلاتیدا تاوتوێ بکرێن و بیندرێن و چارەسەر بکرێن.

کەوابوو حیزبی دێموکرات میراتێکی نەتەوەیی بزووتنەوەی هاوچەرخی کوردە کە هەوڵدان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە. پاراستن و بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات و بەردەوامبوونی لە بەجێگەیاندنی ئەرک و ڕەساڵەتە مێژووییەکانی خۆی لە داهاتوودا پێش هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە وەسەر یەکخستنەوەی تەواوی ئەم میراتە نەتەوەیی و نیشتمانییە کە هەمان پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئەم حیزبەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# پشتیوانیی بەکردەوەی حیزبی دێموکرات لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان




**هەردی سەلیمی**

دامەزرانی کۆمەڵەی "ژ - ک" لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەی کورد، بەردی بناغەی پێکهاتەیەکی نوێ لە خۆرهەڵاتی کوردستان بوو کە لە دوای ناوگۆڕین و بەربڵاوتربوونی ئەم ڕێکخراوە / حیزبە، کاریگەریی زۆری بە سەر خەباتی نەتەوایەتیی ئەم بەشەی کوردستانەوە هەبوو. هەم ئامانجەکانی و هەمیش ئەوە کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکی چالاکییەکانی، کوردی بەشەکانی دیکە بەتایبەتی باشووری کوردستان تێیدا بەشدار بوون، نیشاندەری ڕۆحی بەرزی نەتەوایەتیی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە بوو.

ئەم میراتە مەعنەوییە لە قۆناغی دواتریشدا ڕەنگی دایەوە و ئەم جارە نەک بەنهێنی و لە ئاستێکی بەرتەسکدا، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و ڕێکخراوتریش. بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند مانگێک دواتر، کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە بەشداریی نوێنەرانێک لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئامادەیی بەرچاوی هێزەکانی بارزانی و ڕۆڵگێڕانیان لە هەڵسووڕاندنی کاروبار بە تایبەتی لە بواری سپاییدا، لووتکەی ئەو هاوپێوەندییە نەتەوایەتییە بوو.

بەشداریی بارزانییەکان لە کۆماردا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ-کێشە نەبوو. لە سەرەتای هاتنیانەوە سۆڤییەتەکان کە پشتیوانی کۆمار بوون پێیان وا بوو ئەوان سەر بە بریتانیان و ئەمەش بۆ حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد بێتێچوو نەبوو. بەڵام پێشەوا بەبێ گوێدان بە نەزەری سۆڤییەتەکان باوەشی بۆ کردنەوە و دوای

ڕووخانی کۆماریش لە وەڵامی دادگادا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند ئەوان لێرە میوان نەبوون و لە زێدی باب و باپیرانی خۆیاندا بوون.

لە قۆناغەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئاوارە و پەرپوەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و کادرە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نیشتەجێبوونی بەشی هەرە زۆریان لە باشووری کوردستان، ژیانی سیاسیی ئەم تێکۆشەرانە گۆڕانی بە خۆوە بینی. خەباتیان هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەم جار لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دژایەتی لەگەڵ حکوومەتێکی دیکە. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١ - ١٩٧٥ شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکۆمەڵ بەشداری ئەو شۆڕشە بوون و لەم پێناوەدا شەهیدیشیان دا. بێجگە لەمەش ئەم تێکۆشەرانە لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە یارمەتیی ماددیی وەک پووڵ و جلوبەرگ و پێداویستیی دیکەیان کۆ دەکردەوە و دەیانگەیاندە دەستی سەرکردایەتیی شۆڕش. شتێکی دیکەش کە لێرەدا گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ڕۆڵی ڕووناکبیران و قەڵەم-بەدەستانی خۆرهەڵاتی بوو کە بە نووسین و شێعر و قەڵەمی خۆیان لە خزمەتی ئەم شۆڕشەدا بوون، مامۆستایان هەژار و هێدی و هێمن لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق و چاپەمەنیی شۆڕشدا نەخشی کارا و بەرچاویان هەبووە و هاندەری ئەم خەباتە لەم بەشەی کوردستان بوون.

بە هاتنی دوکتور قاسملوو و گونجاندنی ئەسڵی پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەم ئەسڵە پتر چەسپا و بووە بەشێک لە ئامانجەکانی ئەم حیزبە. دوکتور قاسملوو یەکەم ڕێبەری گەلی کورد بوو کە بە ڕاشکاوی و بەبێ ترس و لەرز ڕایگەیاند کوردستان وڵاتێکی دابەشکراو و لەتکراوە، ئەگەریش ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلی وەسەریەک خستنەوەی بۆ بڕەخسێ، ئەمە بە مانای جیایی و لەتکردنی هیچ وڵاتێک نیە؛ بەڵکوو یەک-کەوتنەوەی وڵاتێکی دابەشکراوە.

هەتا باسی ڕۆڵ و نەخشی شەهید دوکتور قاسملوو لە سەر هاوپێوەندیی نەتەوایەتی بە مانا گشتگیرەکەی و هەوڵی ناوبراو لەم پێوەندییەدایە، لێرەدا دوو هەوڵی کرداریی جددیی دوکتور قاسملوو لە دەقی وتارێک لەژێر ناوی "نەخشی کاریگەری دوکتۆر قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا" لە نووسینی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کە لە " کۆنفرانسی یادی دوکتور قاسملوو"دا لە فەڕانسە پێشکەشیان کردوە؛ بە نموونە دێنم:

"... نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بوارە [نێوبژیوانیی لە نێوان حیزبی بەعس و پارتی دێموکراتی کوردستان]، دواسەفەری خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵی پێشگرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو. لەسەر داوای کاک ئیدریس و ڕەزامەندیی کاربەدەستانی دەوڵەت، دوکتۆر قاسملوو لە هەموو ماوەی مانەوەی شاندی

پارتیدا دەگەڵ کاک ئیدریس لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بوو. تەنانەت بۆ گەڕانەوەش لەبەر ئەوەی کاک ئیدریس هەستی بە نیگەرانی دەکرد دوکتۆر قاسملوو هەتا کەرکووکی دەگەڵ چوو و تەنیا دوای ئەوەی ئەوی تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی کردەوە، بۆخۆی گەڕایەوە بەغدا.
لە دواهەوڵیشدا بۆ چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەن، لیژنەیەکی سێکەسی دیاری کرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی ماماوەندی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک ئامادە بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: خوالێخۆشبوو "خوسرەو تۆفیق" لە پارتی دێموکراتی کوردستان، "غانم عبدالجلیل" لە حیزبی بەعس و دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان. جێی ئاماژەیە کە ئەو لیژنەیە سێ ئاڵتەرناتیڤی بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە کرد و دای بە سەرکردایەتیی هەر دوو لا. بەڵام بەداخەوە هیچکامێکیان پێی ڕازی نەبوون و لە ئاکامدا شەڕێک هەڵگیرسایەوە کە زیانەکانی بۆ کوردستان و عێراق لە هەموو قۆناخەکانی شەڕی نۆساڵەی نێوان ئەم دوو هێزە زیاتر بوون.

تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەشەکانی بزووتنەوەی کورد ئەو چوارچێوەیەشی تێپەڕاند و لە هەوڵێکی کوردستانیدا، ساڵی ١٩٧٧ بە کەلکوەرگرتن لە پێوەندیی بەرینی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هەنگاوێکی مێژوویی هەڵێنایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هێزە خەباتگێڕە کوردستانییەکان لە بەیرووتی پێتەختی لوبنان، بەردی بناخەی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی کوردستانیی دانا. لەو کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کە دوکتۆر ئامادەی کردبوو، پەسند کرا و بەرپرسایەتی درا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەماوەی سێ مانگدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبانە کە لە کۆبوونەوەی بەیرووت ئامادە نەبوون ببینێ و وێڕای شیکردنەوەی بەرنامەی پەسندکراوی کۆبوونەوەی بەیرووت، هەمووانیان بانگهێشتن بکا کە لە دووەم کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکاندا بەشدار بن و دوای وەرگرتنی بیروبۆچوونیان لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەکە، هەموویان لەسەری ڕێک کەون و بۆ یەکەم جار بەرەیەکی کوردستانی بە بەرنامەیەکی واقیعبینانەوە دابمەزرێ. بەداخەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێ لە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان،بوونە کۆسپی پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەوجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی مایەوە."

هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە میراتی هزریی پێشەوا قازی محەممەد بوو، بە مانە کۆتایی پێ نەهات. لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیم لە ئێران و شەڕفرۆشیی کۆماری ئیسلامی بە گەلی کورد و بەربەرەکانیی حیزبی دێموکرات، سەرەڕای سەختی و دژواریی زۆری ئەم قۆناغە لە خەبات بەڵام ئەم حیزبە هیچ کات لە یادی خوشک و برا کوردەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان غافڵ نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات بە هۆی چەندین هۆکاری سیاسی و ژێئۆپۆلیتیک پێوەندیی دەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هەبوو، بەڵام لەم نزیکبوونە تەنیا بە مەبەستی چارەسەری

کێشەکانی ڕۆژهەڵات کەلک وەر نەگیرا و ئەمەش لە ڕەوتی وتووێژەکانی لیژنەی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حکوومەتی بەعسدا بە باشی ڕەنگی دایەوە و، لێرەدا نەخشی دوکتور قاسملوو بۆ لێک-نزیککردنەوەی ئەم لایەنانە لە هەمووان بەرچاوتر بوو. جێی ئاماژەیە دەرنەکەوتنی هیچ وێنە و فیلمێک لە نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتی عێراق لەو ساڵانەدا یەکێکی دیکە لە پرەنسیپ و ڕەوشتە بەرزەکانی ئەم حیزبەیە کە لایەنی ئەخلاقتەوەری لە سیاسەتدا لە خۆ دەگرێ.

یارمەتیی بەرچاوی ماددیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک نموونە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەکانی ئەم حیزبە بە پێشمەرگە برینداەکانی بەرەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان نموونەیەکی دیکە لە کاریگەرییەکانی زاڵبوونی بیری نەتەوەیی بەسەر حیزبی دێموکراتەوەیە. لە کاتی کودەتای نیزامیی ۱۹۸۰ لە تورکیە کە بە ڕێبەرایەتیی کەنعان ئێڤرێن کرا، حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی باکووری کوردستان بە تایبەت حیزبی سۆسیالیست کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری ئەرتەشی ئەم وڵاتە و بەشێکی زۆر لە ئەندامانیان لە ڕووی ناچاری تورکیەیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە خۆرهەڵاتی کوردستان کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێی ئەخلاقی کوردپەروەرانە لە تەنیشت بنکە و بارەگاکانی خۆی لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا بارەگای بۆ دروست کردن و، لەژێر ئەم ئەمنیەتە پارێزراوەدا توانییان درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانیان بدەن. ئەم نموونانە و زۆر نموونەی دیکەش سەرچاوە لەم خوێندنەوەیە دەگرن کە لە ئەدەبیاتی ئەم حیزبەدا هاتوون: "گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێت، ئەندامی یەک نەتەوەن." نابێ ئەم ڕاستییەشمان لە بیر بچێ کە حیزبی دێموکرات بە درێژایی ئەم پتر لە حەوت دەیە و نیوە لە خەباتی خۆی، هیچ وەخت نەبووە چکۆلەترین زەبری لە خەباتی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دابێ و، ئەوانی نەکردۆتە سووتەمەنیی خەباتەکەی خۆی؛ هەر بۆیەش لەم بارەیەوە کارنامەیەکی زێڕین و ڕووسوورانەی لە خۆی بەجێ هێشتوە.

وەک کۆتایی، ئەگەر ئێمە ئێستا دەبینین خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بە گیرانی عەبدوڵڵا ئوجالان بە لێشاو دەڕژێنە سەر شەقامەکان و تەنانەت شەهید دەدەن، ئەگەر بۆ یەکەمین جار بە زمانی مۆسیقا هەڵەبجە دەلاوێنەوەتەوە و هاوار دەکەن بە تەنیا جێی مەهێڵن، ئەگەر بۆ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان شایی دەگێڕن، ئەگەر یارمەتی بۆ شەنگال کۆ دەکەنەوە، ئەگەر لە کۆبانێ بەرخۆدان دەکەن، لەگەڵ عەفرین دەکەون، ئاواتی سەرکەوتنی گەریلا بە سەر سەربازەکانی ئەردۆغاندا دەخوازن؛ سەیر نییە و خۆڕسکیش نییە و هەمووی سەرچاوە لە بیرێکی نەتەوەیی قووڵ دەگرێ کە بە شانازییەوە مەکتەبی حیزبی دێموکرات بناغەدارێژەری بووە و لەگەڵ ئەم هزرە بەرزە گۆش کراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## مانگی گەلاوێژ و یادی دوو بۆنە بۆ گەلی کورد




**شاهـۆ مەتین**

مانگی گەلاوێژی هەموو ساڵێک بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی نیشتمان، دوو بۆنەی پێوەندیدار بە چارەنووسی نەتەوایەتی لە خۆ دەگرێ.

لە لایەک شادیی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤و لە لایەکی تر فەرمانی جیهادی خومەینی دژی کورد و کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دایە.

گەلاوێژی هەموو ساڵێک بە بۆنەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە بە شکۆ و ڕێزەوە یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بەرز ڕا دەگرن. ئەو حیزبەی کە ئاڵا هەڵگرانی بە گیان و ئەندێشەیان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و بەدیهێنانی سەروەریی سیاسی و یاسایی بۆ گەلی کورد لە ئێراندا.

لە لایەکی تر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە کەش و هەوایەکی سیاسیی ئازاد بۆ مومارەسەی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران ڕەخسا و گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر بە مانیفێستێکی نەتەوەیی و کوردستانییانە کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تا کاتی ڕووخانی خەبات و تێکۆشانی فرە ڕەهەندی بۆ کردبوو، دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی تازەش بە ستراتێژییەکی کورد و کوردستان مێحوەرانە لە چوارچێوەی ئێراندا، ویستی لەم دۆخە ئازاد و دێموکراتیکەدا داواکارییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی خودموختاری بۆ کوردستان، سەروەریی یاسایی و سیاسی لە یاسای

بنەڕەتیی ئێراندا مسۆگەر بکات.

لەگەڵ وردە وردە سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی نوێ لە تاران و زۆربەی ناوچەکانی ئێران، هاوکات دەرکەوتنی ویست و ئامانجی گەلی کورد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی خاوەن مێژوو و بە پرەنسیپ وتەبێژ و جێبەجێکەری بوو، لە چوارچێوەی ئێراندا داوای دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان دەکرد، کە لە لایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، کورد بە "محارب" و کوردستانیش بە "دارالکفر" ناسێندرا و فتوای جیهاد دەرکرا. لە ئەنجامی ئەم فتوایەدا کوردستان کەوتە بەر دڕندانەترین هێرش و شار و گوندی ئەم ناوچەیە لە زەرەر و زیانی ئەم هێرشە بێبەش نەمایەوە و، بە شێکی بەرچاو لە ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد کوژران و بریندار بوون.

ئێستا کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی چوار دەیە پڕ لە دزی، گەندەڵی، کوشتن و بڕین و پاوانخوازیی خۆی تێپەڕ دەکا، کوردستان هەر وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی لە لایەن حکوومەتەوە سیاسەتی بەرامبەر دەکرێ، سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بە تالان دەبردرێ، بە پلانەوە کوردستان بێکار دەکرێ و بە پیلانەوە نائەمن دەکرێ تاکوو زیاتر میلیتاریزە بکەن، زمان و کولتوور دەشێوێنن و شوناسەکەی ئاسیمیلە دەکەن، لە ڕێگای دامودەزگای پەروەردەوە هزری خۆیان پەرە پێدەدەن، بە شێوەی سەختئامێر و نەرمئامێر هەمان ئەقڵییەتی داعش لەسەر کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

بە ئاوڕدانەوەیەک لەو سەردەم و ئەو بڕیارە نگریسەی خومەینی، چەند پاڕادایمی بەرچاو لە پشت ئەو هەڵوێستە خۆی دەر دەخا، لەبەر ئەوەیکە دێموکراسی، پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمێک کە حیزبی دێموکرات ئاڵا هەڵگری بوو، لە دژایەتیی تەواو لەگەڵ بنەما هزرییەکانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینییدا بوو.

### دێموکراسی:

کە لە باوترین پێناسەی خۆیدا بریتییە لە سپاردنی چارەنووسی خەڵک بە خۆیان -کە ئەمەیان دێموکراسیی ڕاستەوخۆیە- یا بە نوێنەرەکانیان کە بە شێوەیەکی ئازاد و لە کەشێکی دێموکراتدا هەڵیانبژاردوون -دەبێتە دێموکراسیی نوێنەرایەتی- و بە پێی واقعی دروستی کۆمەڵگەی ئێران هیچ کام لە نەتەوەکان ناتوانن سەرووی ٥٠٪ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک بێنن. کەواتە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگی خەڵک بۆ نەتەوەیەکی تایبەت مسۆگەر نابێ، بەڵکوو لەم حاڵەتەدا پێویستی بە تەوافوق و سازان دەبێ. هەرچەند ئەم ڕێککەوتنەش نابێ مافی کەمینەکان لە بەرچاو نەگرێ، ئەگەر وا بێ دەبێتە ڕوویەکی تری دیکتاتۆری لەژێر ڕوخساری دێموکراسییدا.

بەم ڕاڤەیە لە دێموکراسی کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان پێداگرییان لەسەر دەکرد، لە دژایەتی لایەنی بەرامبەردا بوو کە بە بیرێکی دواکەوتووانە دەیانویست کۆمەڵگە ئیدارە بکەن.

## پلۆرالیزم:

حیزبی دێموکرات بە پێی خوێندنەوەیەکی دروست کە لە ڕووی نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێران لە قاڵبی پلۆرالیی‌دا هەیبوو، بڕوای قووڵی بە تولێرانسێکی سەردەمییانە لە نێوان هەموو دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بە مەرجی پێکهێنان و پاراستنی فەزایەکی دێموراتیک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک بوو کە لەوێدا کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێ و بە ڕۆحێکی پڕ لە ئاشتی بتوانن پێکەوە بژین. بەڵام دوای سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕی ناوچەیی لەگەڵ عێراق، لە بواری نێوخۆیی لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستی کرد بە تەسفیەی نەیارانی خۆی و، لە بوارێکی دیکەشدا ئاسیمیلەی زمان و کولتووری کورد، عەرەب، تورک و بەلووچی لە پرۆسەیەکی بەرفراوانی میدیایی، پەروەردە و ئیدارییدا گرتە بەر. هەرچەند گەلی کورد بە شانازییەوە دەتوانێ ئیددعا بکا کە بە هۆی زیندووبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بەربەرەکانیی ئەم سیاسەتەی کردوە، بەڵام هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی زەبری قورسیان لە ڕۆحی پێکەوەبوون و ئاشتیی نێوان نەتەوەکان و پلۆرالیزم لە ئێران داوە.

## سێکۆلاریزم:

لە کۆمەڵگەی ئێران بە حوکمی فرە ئێتنیک بوون و یەکدەست نەبوونی لە بواری ئایینییەوە و هاوکات بۆ پاراستنی ئازادی و پێکەوە بوونێکی ئاشتییانە لە نێو هەموو ئەم مەزهەبە جیاوازانەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەساسی فەرز نەکردنی هیچ دینێک بە سەر دینێکی تردا بڕوایەکی قووڵی بە سێکۆلاریزم وەک بایەخ هەیە. ئایین لە چوارچێوەی کۆمەڵگە پێناسە دەکا و وەک بەها و مۆراڵی تاکەکانی کۆمەڵ بە دابینکردنی کەشێکی ئازادانە و سالم دەیپارێزێ. چون بڕوای وایە کە بەستێنی سیاسەت و دین دوو ئاستی جیاوازیان هەیە و بە حوکمی فرەیی ناکرێ هیچ مەزهەبێک بە سەر مەزهەبێکی تردا بسەپێ و دیکتاتۆرییەکی دینی بسەپێنرێ، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی بە پاساوی پاراستنی دین وەک ئامرازێکی سیاسی؛ سێکۆلاریزمیان بە بێدینی و بێئەخلاقیی کۆمەڵگە پێناسە کرد و، لەم ڕێیەوە نەیارانی خۆیان پێ سەرکوت کرد.


دەرەنجام:

ئێستا پاش چوار دەیە کە تێکۆشانی کورد بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی و ئازادی بێوچان لە مەیداندایە و لە لایەکی تر کۆماری ئیسلامی بوون و مانەوەی خۆی لەژێر سیاسەتی برسیکردن و ترس و تۆقاندن ڕا گرتوە، بە خۆشحاڵییەوە ئەوەی ئێستا بۆتە ویست و ئامانجی گەلانی ئێران، هەمان بەدیهێنانی دێموکراسی، پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمە، کە چوار دەیە لەمەو پێش گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵا هەڵگری بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

# کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی




**عومەر باڵەکی**

ئەگەر بمانهەوێ ئەم باسە شی بکەینەوە وا باشە لەو ڕستەیەوە دەست پێ بکەین کە دەڵێن: "دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو"، ئەوە تەنیا دەربڕینێکی سادە نییە بەڵکوو ئەنجامی لێکدانەوەیەکی دروستە لەو هەلومەرجەی حیزبی دێموکراتی تێدا دروست بوو و لە هەمان کاتدا دەرخەری کاریگەریی ئەم حیزبە لە قۆستنەوەی هەلومەرجەکە بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. با بزانین بۆچی پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستیی مێژوویی بووە و چۆن کاریگەریی هەبووە لە سەر گەشەی هەستی نەتەوەیی.

١- ئەو سەردەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف ڕاگەیاند و بە کردار هاتە مەیدانی سیاسیی کوردستان، سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی قاجار ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ بوو بۆ پەهلەوی بە بیرێکی نوێترەوە گۆڕابوو. ڕێژیمی نوێ سیاسەتەکانی لە ڕاستای پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دانابوو و، ئەوە هۆکارێکی بەهێز بوو کە کەلێن بکەوێتە نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گەلانی پێکهێنەری ئێران. قووڵبوونەوەی ئەو کەلێنە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ وەدست هێنانەوەی مافە نەتەواتییەکان، پێویستی بە سازمان دان و ڕێکخستنێک هەبوو کە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو پێویستییە خۆی لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەردەمییانە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە. واتە دامەزرانی ئەم حیزبە لەگەڵ پێویستییەکەی، پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە هێژمۆنیی دەسەڵاتی ناوەند. بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا نوختە گۆڕانێکی بەهێزە لە چۆنیەتیی

پارێزگاریی شوناسی نەتەوەیی. ئەم حیزبە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ساختارێکی دەوڵەتداری -هەرچەند لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا- لەژێر ناوی کۆماری کوردستان دا بمەزرێنێ، بەڵام ناوبانگی وای کرد زۆر زوو ببێتە ڕوانگە و جێگای ئومێدی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە دەتوانین بەشانازییەوە بڵێین لە مێژووی هاوچەرخماندا گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە یەکەم گوتاری نەتەوەیی و دەسپێکی خەباتێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی دا دەندرێ.

٢- لەو سەردەمەدا دەنگی جووڵانەوە ئازادیخوازییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرکوت کرابوون و، ئەوەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تاکی کورد دا نابوو. بۆیە سەر هەڵدانی حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا زۆر بە خێرایی لە نێو دڵی هەموو ئازدیخوازانی کوردستانی گەورەدا جێی خۆی کردەوە و، هەر زوو بیر و ئەندێشەی ئەم حیزبە بوو بە نموونە و وێنەیەکی کاریگەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. بۆ زیاتر نیشان دانی کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەم بارەوە، لە پێشدا پێناسەیەکمان بۆ چەمکی نەتەوە هەبێ.

لە پێناسەیەکی گشتییدا، نەتەوە بەو دەستە لە مرۆڤەکان دەگوترێ کە خاوەنی خاک، زمان، کولتوور ومێژووی هاوبەشن. بە پێی ئەو پێناسەیە گەلی کورد یەک نەتەوەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەو تێڕوانینە ڕوانیویەتی بۆ پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و، لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لە پێناوی بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتییدا لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە و فیداکاری بنوێنن. ئەو تێڕاونینە دوای تێپەڕبوونی ٧٥ ساڵ، ئێستاش لە بەرنامەی حیزبدا لە فەسڵی شەشەم (پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٧)دا ڕەنگی داوەتەوە: "گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێت، بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ." لە هەمان کاتدا لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا، دابەشکردنی کوردستان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بێبەشکردنی نەتەوەی کورد لە بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە غەدرێکی مێژوویی و هۆکاری هەموو خوێنڕشتنەکانی ئەم ناوچەیە دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە بایەخی داوە بە پاراستنی خاکی کوردستان و هەوڵی داوە هەستی خۆشەویستیی خاک لە ناخی تاکی کورددا بە چەشنێک جێگیر بکا کە بۆ پاراستنی ئەو خاکە گیانی خۆی بەخت بکا (شانۆی دایکی نیشتمان لە سەردەمی کۆماری کوردستان). وێڕای گرینگی دان بە پاراستنی خاک، بایەخ بە زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی دراوە، هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەی کوردی، زمانی فەرمیی کۆمار لە ئیدارەکان و بلاڤۆکەکاندا کوردی بوو. حێزبی دێموکرات لەم ڕێگایەوە جگە لەوە ویستوویەتی کورد وەک نەتەوە لە نەتەوەی فارس جیا بکاتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵات و ئیلزامیکردنی خوێندن

لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا. هەروەها لەم پێوەندییەدا ڕا دەگەیەندرێ خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی بێ، ئەم هەوڵانە تەنیا تایبەت بە سەردەمی کۆمار نەبوو. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات کتێبی دەرسیی کوردیی چاپ کرد و مامۆستایانی شۆڕشی بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان دیاری کرد.

ئەگەر لە قۆناغی کۆماری کوردستان تێ‌پەڕین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خولقێنەریەتی و ڕێبەرانی سەریان لەسەر ئامانجەکانی دانا، دەبینین دوای نەمانی کۆماریش، خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازەکانی حیزبی دێموکراتەوە چوون و هەر زوو توانیویەتی بە پشتیوانیی خەڵک خۆی بگرێتەوە و دەست بە خەبات بکاتەوە. حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە لایەن دەسەلاتی ناوەندییەوە وەک دوژمنێکی سەرەکی سەیر کراوە و، هەوڵی لە نێو بردنی دراوە بەڵام هەر لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و؛ بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان چووەتە ئاستێکی بەربڵاوتریش و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ویست و داواکاریی ئەم حیزبە هەمان ویست و داوای خەڵکەکەیەتی.

جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی دەتوانێ نموونەیەکی دیکە بێ لە دژکردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سیاسەتی تواندنەوەی کورد. ڕاستە ئەو جووڵانەوەیە تەنیا ١٨ مانگی خایاند، بەڵام کاریگەرییەکەی وەک تەکانێکی دیکەیە لە دوای کۆمار بۆ زیاتر پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی و ئاشنابوونی تاکی کورد بە مافەکانی.

لە بەرەبەری کۆتایی هاتن بە دەسەلاتی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ـدا دوای چەندین ساڵ خەباتی نهێنی و ئاوارەیی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند، لە دوای ئەوە هێزی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا خۆی نواند و وەک یەکەم هێزی سیاسی، ڕێبەریی وەدەست خستنی مافەکانی خەڵکی کوردستانی کەوتە سەر شان و لەگەڵ ئەوەی دەبوو لەگەڵ دەسەلاتی نوێ بکەوێتە وتووێژەوە، لە کوردستانیش ئیدارەی بەشێکی بەرچاو لەم ناوچەیەی وە ئەستۆ گرتبوو. حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا بە هەموو توانای خۆیەوە تێ دەکۆشا کە کوردستان تووشی شەڕ و ماڵوێرانی نەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، دوو سیاسەتی کوردستانی بوون و ئێرانی بوونی پێکەوە پێڕەو کردوە و بە ڕادەی پێویست هەوڵی داوە گرینگی بە دووکیان بدا. فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کوردستانی بوون دامەزراوە، بەڵام بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە خاکی کوردستان بێ‌ڕەزایەتی کوردان دابەش بووە، بەڵام بە ڕەچاو کردنی هەلومەرجی ناوچەیی، سیاسی و ئابووریی کوردستان؛ باشترین ڕێگا چارەی پرسی کوردی لە بەشە جیاجیاکاندا زانیوە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی خۆی

لە بەشەکانی تری کوردستان درێغ نەکردوە و دەتوانین بە کورتی بڵێین بە هەر جۆرێک کە بۆی لوابێ لە بچووکترین خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا بەشدار بووە. لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە وزە و هێزی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران.

**کۆمەڵێک لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کورتی:**

- دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهێنانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەو حیزبە بێجگە لەوە دەسکەوتێکی سیاسیی گرینگی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، لە هەمان کاتدا نیشاندەری گەشەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردییش بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- بەشداریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان و ڕۆڵگێڕانیان لە ئیدارەی کوردستاندا، یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی پەرەئەستاندنی هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەژێر کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.
- حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بایەخی زۆری داوە بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و خوێندن بە زمانی کوردی بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ نموونە: گۆڤاری هاواری نیشتمان بڵاوکراوەی بیری لاوان بوو، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان تایبەت کرابوو بە منداڵان (لای چەپی ئەو گۆڤارە نووسراوە بژی کورد و کوردستانی مەزن) و، گۆڤاری کوردستان کە لە دواییدا گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکرات بوو و ئێستاش بەردەوامە.
- پێکهاتنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ یەکتر و لاوازبوونی ئینتیمای عەشیرەیی و خێڵەکی و بەهێزبوونی ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار توانی عەشیرە و خێڵ و تایەفەکان لە دەوری کورد بوون کۆ بکاتەوە.
- حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فاکتەری هێزی چەکدار لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئەمڕۆی لەگەڵدا بێ قەت غافڵ نەبووە، بە دوو هۆکار: یەکەم، بەرگری لە خاک و نیشتمان و دەسکەوتەکانی گەلی کورد. دووهەم، هێزی چەکدار فاکتەرێکی گرینگە لە پێکهێنانی کولتووری نەتەوەیی. سپای میللی لە گەشەی هەستی نەتەوایەتی و هۆگریی نیشتمانییدا لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ.
- حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی گەلی کورد لە گەلانی دیکە هەوڵی دا کوردیش بکاتە خاوەنی هێمای تایبەت بە خۆی، بۆیە بەم مەبەستە پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤) بۆ یەکەم جار بە ڕەسمی و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بەرز دەکاتەوە و، لە ڕاستییدا ئەو ئاڵایە تەنیا ئاڵای حیزبی دێموکرات یا

**یوبیلی ئەڵماس**

کۆماری کوردستان نەبوو بەڵکوو ئاڵای نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە پێشتر لە کۆبوونەوەی ناسراو بە کۆبوونەوەی سێ سنوور لە نێوان نوێنەرانی ( کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی هیوا و نوێنەرانی کوردەکانی تورکیە و سووریە) بڕیاری لە سەر درابوو، کە ئێستاش لە باشووری کوردستان ئاڵای فەرمیی حکوومەتی هەرێمە.

- حیزبی دێموکرات شێعری ئەی ڕەقیبی کردە سروودی نیشتمانی و ئێستا پاش ٧٥ ساڵ ئەو سرووده بۆتە سروودی نەتەوایەتیی گەلی کورد و، لە زۆربەی کوردستانی گەورەدا لە بۆنە و ڕێوڕەسمە سیاسی و نەتەوەیییەکاندا هەم ئاڵا هەڵ دەدرێ و هەم سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب دەخوێندرێ.

- لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانەیەکی بەهێز بووە بۆ پێناسە کردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا بە هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بگەیەنێتە لووتکەی سەرکەوتن، بەڵام لە درێژەدانی خەبات پشوودرێژ بووە و هەر ئەو پشوودرێژییە لە درێژە پێدان بە خەبات هۆکارێکی گرینگ بووە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ئەم هەمووە ساڵە ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بونیاد نرا و د. قاسملوو گەشەی پێ دا و د. شەرەفکەندی درێژەدەری بوو. گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستاش پێداگری دەکا لە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەند بوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، ئامادە بوون بۆ پاریزگاری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان، هان دانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی، بە کورتی هەر بابەتێک و ڕێکارێک کە بتوانێ هەست و سۆزی نەتەوایەتی پەرە پێبدا و تاکی کورد لە ڕاستای بەرەو پێش چوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی یەکگرتوو بکا، حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی و پشتگیریی دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# شەڕ و ئاشتی و پڕەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا




**عەلی بداغی**

لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر بەڕوونی ئامانج و خولیا و، هاوکات پلان و بەرنامەکانی دامەزرێنەرانی

ئەم حیزبە فۆرمولە کراون. لەم مەرامنامەیەدا وەدیهێنانی مافەکانی کورد و پارێزگاری کردن لەو مافانە بە ئامانجی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات داندراوە. لەو مەرامنامەیەدا زۆر بەڕوونی هاتوە کە حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە و دەخوازێ لە ڕێگەی هێمنانەوە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێراندا وەدی بێن و دێموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا سەقامگیر ببێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم پرەنسیپە پێشکەوتووانەیەی ئاوێتە بە باوەڕی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کردوە. "هێمن"، شاعیری میلیی کۆماری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی ئەم حیزبە ڕاست لە کاتێکدا کە سوپای جەهل و تاریکی هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی "قەڵتوبڕی خستە سنە"، بەمجۆرە ئەم پرەنسیپەی حیزب لەتوێی شێعرێکدا دادەڕێژێ:

"لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ
بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ

ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەویٚ؟"

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرووەدا بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تێرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆڕ بە تیرۆڕ وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە مووشەک لێی درا، بەڵام وازی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە ئێران نەهێنا و نەیهێشت ڕێژیم باوەڕ بە بایەخ و مەرامە جیهانگیرەکانی لەدەست دەربێنێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی - بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد - هەر کاتێک هەلی وتوویژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کورستان دەستەبەر بێ و شەڕ و نائارامی و ماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و، مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمانی ئاوەدان ڕاگرتوە. هاوکات زەبری وەهای لە دوژمن داوە کە تاساوە، بۆ نموونە خومەینی بەر لەوەی جامە ژارە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ٥٧ی هەتاویدا هەڵبدا، ئەم جامە ژارەی لە هاوینی ٥٨ دا و لە شەڕی سێ مانگە و لە سۆنگەی ئازایەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا فڕ کردبوو.

**یوبیلی ئەڵماس**

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە رەوتی بەرگریی رەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی رێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی رژێمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی رێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە روون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە رووخاندنی رژێمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. حیزبی دێموکرات کە هەرچەند مانگ دوای ئاشکراکردنەوەی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات لە حیزبێکی سەدان کەسییەوە ببووە خاوەنی هەزاران پێشمەرگە و سەدان هەزار ئەندام و لایەنگر لە کوردستاندا، بەنیسبەت چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی زۆری لەسەر شانی خۆی هەست پێدەکرد. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر هەمان چاوەروانییان لە رێبەریی حیزبی دێموکرات بوو.

حیزبی دێموکرات سەرەتا پێیوابوو رژێمی نوێ کە بەرهەمی راپەرین و فیداکاری و خوێندانی خەڵکی ئێران دژی رژێمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەرە، بێشک دان بە مافەکانی گەلی کورد کە خەباتێکی دوورودرێژی لەدژی رژێمی پاشایەتی کردوە و دەیان ساڵ بە دەستی ئەم رژێمە غەددارەوە چەوساوەتەوە، دادەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی تێژبینیی رێبەرانی حیزبەوە زۆر زوو جەوهەری ئینتیما و بیرکردنەوەکانی رژێمی بۆ دەرکەوتبوو و رێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کردبوو؛ بەڵام دیسانەکەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە سیاسەتی سازان و مەدارا پێش بە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان بگرێ و لە کەشێکی سیاسی و ناتوندوتیژدا بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانی نوێدا تێبکۆشێ. هەڵبەت سیاسەتی وتووێژ وەک پرەنسیپێک زۆر پێشتر لەو سەردەمە و لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە حیزبی دێموکرات و لای رێبەرانی ئەم حیزبە نهادینە بوو، وەک چۆن کاتی خۆی پێشەوای شەهید چەند جار سەردانی تاران کرد و لەگەڵ نوێنەرانی رژێمی پاشایەتی کەوتبووە دانوستانەوە، بۆوەی ناکۆکییەکان دوور گرژی و شەڕ و لێکدان چارەسەر بن.

لەو بارودۆخەشدا حیزبی دێموکرات لە رێگەی سەردان و ناردنی شاندی دانوستانکار، لە رێگەی نووسینی نامەی سەرئاوەڵا و نامەی نهێنی بۆ کاربەدەستانی رژێمی نوێ، هەموو هەوڵی ئەوە بوو رێگە لە روودانی شەڕ و میلیتاریزە کردنی کوردستان بگرێ، تا ئەو رادەیەی کە د. عەبدولرەحمان قاسملوو، رێبەری چەپ و مارکسیستی حیزب "لبیک" بۆ خومەینی، رێبەری ئایینی و دوگمی رژێم بنێرێ. یان تا ئەو جێیە لە مەدارا و ددان بە جەرگداگرتن بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان چووە پێش کە لەلایەن هێندێک رێکخراوە سیاسیی کەمئەزموونی کرچوکاڵەوە بە "سازشکار"ی دابندرێ و دروشمی "بمرێ"ی لەدژی بەرز بکرێتەوە! بەڵام کاتێک شەڕ دەرگای بە کوردستان گرت و زۆر لەو رێکخراوانەی هەتا پێش ئەوە حیزبی

دێموکراتیـان بە سازشکار دەزانی و خەڵکیـان بـۆ ڕاپەڕین و شەڕ لەدژی ڕێـژیم هـان دەدا لەپڕ لە مەیدانـدا نەمـان، ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە باری قورسی بەرگریی چەکداری لە پێنـاو پاراستنی مـان و شوناسی کورد لە ئێرانـی گرتە ئەسـتۆ. تەنـانەت لەو کاتەشـدا کە بست بە بسـت و شوێنشـوێنی کوردسـتان مەیـدانی بەرگـری و خـۆڕاگریی ئازایـانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبـی دێمـوکرات ئـاوێنەی بـاڵانوێنی هەمـوو ئەم ڕاستییانەن کە پرەنسیپ و بایەخەکـانی خەبـاتی حیزبـی دێمـوکرات لە پێوەنـدی لەگەڵ مـافی نەتەوایەتیـی گەلـی کـورد لە ئێـران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیـزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێمـوکراتی کوردستان سـەرەڕای تێگەیشتن و بـاوەڕی قـووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نـایەن؛ بەڵام چـونکی وتـووێژ وەک ڕەهەنـدێک لە خەبـاتی سیاسیی کـورددا دەبینـێ، ئەو مـافە بە خـۆی دەدا لە کـاتی گونجـاو و لە پێنـاو بەرژەوەنـدیی نەتەوەییەکـانی گەلـی کـورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەستیشی بۆ چەک برد، بەرگریـی چەکدارانەی ئەگەر لەلایەک لە پێنـاو وەدەستهێنانی مـافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دیفـاع لە کەرامەت و هۆوییەتی گەل بـوو، هاوکـات چەکێک بـوو بە مەبەسـتی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ وتووێژ. بە واتایەکی دی "شەڕ"یشی هەر بۆ "ئاشتی" کردوە. وەک چۆن د. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەنـدی بۆ کۆنگرەی ٥ دا بەڕوونی دەڵێ: "شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە شـەڕە بـۆ دیفـاع لە ئـازادی، شـەڕە لە پێنـاو مـافێکی ڕەوادا و دواجار شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە."

ئەم شەڕە (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران) کە تـا ئێستاش لە فۆڕم و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە، تێچووی قـورسی بـۆ حیزبی دێموکرات بـووە. لە ڕەوتـی ئەم شەڕەدا زیـاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگەی حیـزب لە مەیـدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریـدا شـەهید بـوون. جێـی سـەرنج ئەوە کە لە نێـو شـەهیدەکاندا ٤٤ کەسیان ئەنـدامی ڕێـبەری و ٣٦ کەسـیان لە فەرمانـدەرانی هێزەکانی پێشمەرگە و ١٦٠ کەسیان فەرماندەر و جێگری لک و زیـاتر لە ٤٥٠ شەهیدیان کادری سیاسی بوون. بەو مانـایە کە هیچ حیزبێکی کوردی نییە ئەوەنـدە ڕێـبەر و کەسـایەتیی ئاستبەرزی لە مەیـدانی ڕاسـتەوخۆی بەرەنگـاری لەگەڵ ڕێژیمـدا لەدەست دابـێ. لە لایەکی دیکەوە زیـاتر لە ٣٦٠ ئەنـدامی ئەم حیزبە لە زینـدانەکانی کۆمـاری ئیسلامیدا لە دار دراون، و زیـاتر لە ٣٢٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە خەسارە گیـانییە قورسـەدا، حیزبـی دێمـوکرات ئێعـدامی بە ئێعـدام و تێـرۆری بە تێـرۆر وەڵام نەداوەتەوە. پـێچەوانە لە ڕەوتـی بەرگریـی چەکـداریی حیزبـدا بە هەزاران دیلی شەڕی ئـازاد کـردوە. ئەم حیـزبە لەگەڵ ئەوەی قوربـانیی سـەرەکیی دەسـتی تێرۆریزمی

کۆماری ئیسلامی بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی تۆکمەترین هێزی نیزامی و پێشمەرگە لە کوردستان بووە، بەڵام نەک هەر دەستی بۆ کردەوەی هاوشێوە لە دژی ڕێژیم نەبردوە؛ بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر فۆرم و شکڵێک و لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ هەر مەبەستێکیش کرابێ، مەحکووم کردوە. ئەمەش لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ئەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی ئاست بەرزی حیزب وەک سامانێکی مەعنەوەی بۆ جووڵانەوەی کورد چێیان کردوە. وەک چۆن د. قاسملووی نەمر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆر نییە [...] تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرامبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وەڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت".

وەک لە دێڕەکانی پێشوودا بە کورتی باس کرا، حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ هەل و دەرفەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران لە کیس نەداوە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوون کە قەت گوێیان بە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات نەبزووت. ئەمەش وایکرد کە ئەم حیزبە ناچار بێ لە فۆڕمەکانی دیکەی خەباتدا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ. بەڵام ئەم حیزبە نەیدەتوانی ماوەی پتر لە حەوت دەیە لەو مەیدانەدا بمێنێتەوە ئەگەر پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لەگەڵ نەبا. ئەم خەڵکەی کە لەگەڵ ئەوەدا زۆرترین فشار و توندوتیژی و سەرکوتی خوێناویی ڕێژیمیان لەسەر بووە، بەڵام پشتی حیزبەکەی خۆیان چۆڵ نەکردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ باوەڕی قووڵ و متمانەیەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات و سیاسەتە واقعبینانەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبەی کە دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بەڵام، ژیرانە و بەپرسانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی هەڵسەنگاندوە و سیاسەت و دروشمەکانی لاقیان لەسەر عەرز بووە. حیزبێک کە بایەخی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ داوە و تێکۆشانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی وەک سەرمایەی بەنرخی خەبات و تێکۆشان سەیر کردوە.

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لەپێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە

هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووداناانی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و... هتد.

لەولاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا چ بە زەبری سەرکوت و سەرنێزە و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم و سایبێریی ئامرازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و لەو بەربەرەکانییەدا لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردوە. بەڵام تەنیا ئاسنی ساردکوتانی بۆ ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی نەتەوەیی و پرەنسیپە مۆدێرنە جیهانییەکانی وەها ئاوێتەی بیر و زەین و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە دابڕاندنیان لە یەکتر ئەمری مەحاڵە.

حیزبی دێموکرات کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە. پێشەوای دامەزرێنەری لەدار دراوە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری هەرە بەوەجی ئەم حیزبە تێرۆر کراوە، ڕێبەرییەکەی لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە و تەنانەت لەو شوێنەش بە مووشک لێی دراوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەم بجووڵێتەوە و دەسکەوتەکانی دووپات بکاتەوە.

بۆ دوا وتە و ئاکامگیری لەو باسە باشترین شت گەڕانەوە بۆ چەند بڕیارێکی گۆنگرەی ١٧، تازەترین کۆنگرەی حیزب وەک بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردەری حیزبە. لەو جێگایەی دەڵێ باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکڕاتە. ئەگەرچی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتوویژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتوویژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە.

یان کە باسی دێموکڕاسی وەک یەکێک لە بایەخە گرینگەکانی نهادینەکراو لە حیزبدا دەکرێ، هاتوە کە دێموکراسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکڕات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ریزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەرلەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە

مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە. هاوکات خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بەرەو خەباتێکی نوێ:
## گۆڕینی شێواز، گۆڕینی گۆڕەپان و گۆڕینی بەردەنگ




**ناسر باباخانی**

(١)

ڕەنگە نوێ بوونەوە بە مانای گۆڕینی "دۆخی هەنووکەیی"، بە هۆی سروشتی مرۆڤەوە زۆر جاران خۆڕاگری لە بەرامبەریدا بکرێ، واتە مرۆڤ کە خووی بە دۆخێک گرت، ئەگەر لەسەر بنەمای دنیابینییەکی نوێوە قەناعەت بە گۆڕین نەهێنێ، زەحمەتە حەول بۆ گۆڕینی دۆخەکە بدا. لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەشدا ئەوە چینی ئێلیت و بژاردەن کە کارگێڕی سەرەکین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێک بێ، گۆڕانکارییەک لە سەر پێناسەی "پێویستییەکی مێژوویی" بۆ ئەوەی دنیایەکی جیاوازتر و نوێتر سازدەن. ئەم پێویستییە مێژووییەش دەبێ هەم بواری زەینی هەم بوارە عەینییەکەی لەبار بکرێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم گۆڕانە و ئەم پێویستییە مێژووییە لە حیزبێکی سیاسی بڕوانین، دەبێ پرسیارەکە ئاوا بێنینە گۆڕێ چۆن حیزبێکی سیاسی دەتوانێ نوێ بێتەوە؟ ئایا پێویستە حیزب بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەمەلایانە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە خۆیدا ساز بکا؟ پێکهاتە و ناوەرۆک لەم گۆڕانەدا چی لێدێ؟ بە حوکمی ئەوەی کە حیزب ڕێکخراوەیەکی "ئاکامخواز"ە دەبێ بەردەوام وڵامی ئەم پرسیارەی پێ بێ، دەسکەوت و دەرکەوتەکانی بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی چۆناوچۆن بووە؟ ڕادەی شوێندانەری لەسەر بزووتنەوەی گشتی و وردەبزووتنەوەکان چەندە بووە؟ ئەوڕۆیی کوتەنی **output** ەکانی چ بوون؟ با لە سەرەتادا تەکلیفی خۆم لەگەڵ نێوئاخن و فۆڕم و داڕشت ڕوون کەمەوە، بە باوەڕی من بۆ قوتار بوون لە دۆخێکی پەسیڤ و چەقبەستوو، حیزبێکی سیاسی بەر لەوەی کەڵکەڵەی فۆڕم و پێکهاتەی هەبێ، دەبێ سەرنج بداتە ناوەرۆک، چون

لە ڕاستیدا ئەوە ناوەرۆکە کە دواجار قالب و فۆڕمیش دیاری دەکا.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم خاڵەش بکەم کە مەرجی سەرەکی بۆ نوێ بوونەوەی هەموو حیزبێکی سیاسی، خەسارناسییەکی لە سەتاسەت دەروونییە بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار. گوتاری نوێ یان بە واتایەکی وردتر پێداچوونەوە بەسەر گوتاردا، هۆکاری زیندوویی و گەشەونەشەی سەرجەم ئەندامانی حیزبە بۆ سازکردنی کەشێکی داهێنەرانە، ڕەخنەگرانە و سازدانی دیالۆگێکی بنیاتنەر. بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، قۆناغی پاش نوێژەن کردنەوە گوتارە کە دواتر ئاماژەی پێدەکەم.

(٢)

ڕەنگە گەڕانەوە بۆ نموونەیەکی مێژوویی لەم نوێ بوونەوەیە وەک خاڵگۆڕانێک لە سیاسەتی حیزبیدا، بڕیار و بوێری شەهید دوکتور قاسملوو بێ بۆ ئەم گۆڕانە. شەهید دوکتور قاسملوو دەکرێ وەک یەکەم کەس سەیر بکرێ کە لە دوو قۆناغدا توانی شێواز و مەیدان و بەردەنگی خەبات بگۆڕێ. جاری یەکەم بە هێنانە گۆڕی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، واتە تێپەڕین لە "سۆسیالیزمی مەوجوود" بەرەو "سوسیالیزمێکی خۆجێیی" گونجاو لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری، بۆ بەردەنگی کورد و دواجار گەیشتن بە "سۆسیال دێموکراسی" بە مانا ئەمرۆییەکەی ڕوو بە ئورووپا و ئەمریکا. دوکتور قاسملوو بە نووسینی کورتەباس لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە پێداگر بوو لەسەر ئەم باسە، دەیویست حیزبی دێموکرات بەرەو دەڤەر و ئاقارێکی تر بەرێ و سیمایەکی نوێ لە حیزبەکەی نیشانی ڕۆژئاوا بدا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ بە گۆڕینی شێوازی خەبات لە مەیدانێکی جیاوازتر مانۆڕ بدا لەگەڵ بەردەنگی بیانی!

قۆناغەکەی دواتر ئەوە بوو کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دیسان قاسملوو توانی سێ توخمی شێواز و مەیدان و بەردەنگ بخاتە ژێر هزری وردی خۆیەوە. خەباتی چەکداری بوو بە شێوازی سەرەکی بزووتنەوە (ئەگەرچی داسەپێندراو)، گۆڕەپانی خەبات بوو بە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەنگەکەشی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک. بەڵام هەر لەم قۆناغەدا بە حوکمی پتانسییەلە تاکەکەسییەکانی خۆی و داهێنانی سەبارەت بە کورتە باس، بوارەکەی ڕەخساندبوو کە ڕوو لە ڕۆژاواش بکا و وەک دیارترین سیمای سیاسی کورد سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، واتە خەبات لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کوردی ئەم پارچە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. ڕەنگە ڕێک هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە بکرێ ڕاکێشانی سەرنجی ئورووپا بۆ کوردانی باشوور بە هۆی قاسملووە تاوتوێ بکەین.

هەروەها ئەگەر فاکتۆری کات لەم گۆڕانانەدا لەبەر چاو بگرین ڕەنگە بە دەرئەنجامێکی باشتر بگەین. قاسملوو، کەی

کورتەباسە نووسی؟ قاسملوو، کەی خەباتی چەکداری کردە شێوازی سەرەکی؟ قاسملوو، کەی دەستی وتووێژی بۆ لای کۆماری ئیسلامی درێژ کرد؟ لەڕاستیدا ئەم گۆڕانانە بەرهەمی چرکەساتێک نەبوون، بەڵکوو بەرهەمی خوێندنەوەیەکی ورد بوون لە دۆخی بزووتنەوە، لە دۆخی ناوخۆ، لە دۆخی ناوچە و تەنانەت دۆخی نێونەتەوەیی کە هەندێ جار بەرهەمی چەندین ساڵ تێڕامان و خوێندنەوەیەکی وردی خۆی بوون.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا کە قاسملوو خەریکی چەسپاندنی چەمکە تیۆریکەکانە یان گۆڕینی شێواز و مەیدان و بەردەنگە، هەولی گۆڕینی پێکهاتە نادا و ئەم ساختارەی پێ گونجاوترین داڕشتە بۆ حیزبەکەی.

(٣)

قاسملوو بۆیە بەشێک لە مەیدانی خەباتی کردبوو بە هەندەران، چون دەیزانی یەکێ لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانی کردنی ئەم پرسەیە. قاسملوو دەیزانی کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لەناو میدیاکانی جیهاندا لە برەودابێ تا بتوانێ بۆ دواڕۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا.

لە ماوەی سەرکردایەتی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەهۆی کەسایەتی ناسراوی لە ئورووپا و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ، بە جۆرێ کە مێدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە، وەک نموونە: گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕەنسا)، دێیلی تێلیگراف (بریتانیا)، لوسوار (بەلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد تریبیوون (ئەمریکا)، سەندەی تایمز (بەریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمانیا)، بی بی سی (بریتانیا)، نیووزویک (ئەمریکا)، فایناشناڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕەنسا)، پرێس (تورکیا)، فرانکفۆرتر ئاڵگمانیێ (ئاڵمانیا) و... تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاودەکاتەوە. با دوو نموونە باس بکەین:

ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕەنسا لە کاتی لە لووتکەدا بوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ: ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک بوونی نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن... فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق،

سووریا و یەکێتی سۆڤیەت(ی پێشوو)دا دابەشکراوە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوتکراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدێکدا کە لە ٢٨ی مارس پێشکەشی خومەینی کردووە، خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدراسیۆن لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا بووە و...

پڕتیراژترین ڕۆژنامەی ئاڵمانیا زوددۆیچە تسایتونگ لە ١ - ٩ - ١٩٧٩دا باس لەوە دەکات کە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا لە وڵاتانی ئەندامی Non-Aligned Movement لە هاڤانا داوای کردووە سیاسەتەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەمبەر کوشتاری کوردی ئێران ئیدانە بکەن.

بێگومان قورسایی هەرەزۆری ئەرکی بەجیهانی کردنی پرسی کورد لە دەیەی هەشتای زایینیدا تا ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو مابوو، لەئەستۆی خۆی بوو. با ویژدان سەنگی محەک بێ، سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی مێدیایی و سۆشیال مێدیایی لەو سەردەمەدا، توانی سەرنجی مێدیا بەناوبانگەکانی جیهانی بۆ لای خۆی و پرسی نەتەوەکەی ڕابکێشێ.

(٤)

هەنووکە بەپێی ئەم پتانسییەلە مێدیاییەوە و بوونی دەیان ڕێکخراوەی سیاسی نێونەتەوەیی (کە شارەزای دۆزی کوردن) و حزووری کەسانی ئاکادیمیسییەن و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، جێی خۆیەتی بە هەموو چەشنێ ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی تۆکمە و پلاندار سەرلەنوێ سازدرێتەوە و سەرنجی مێدیاکانی جیهان کە ئێستا وەک مێدیای نێونەتەوەیی دەوردەگێڕن و لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و ڕای گشتی نەتەوەکانی خۆیان و تەنانەت دەوڵەتانی تریش شوێندانەرن، بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕابکێشن. هەرچەند بەداخەوە سەرەڕای ئەم پتانسییەلە سەردەمیانە، بە حەشیمەتێکی نیزیک بە چل ملیۆن کورد، ئێستاش پاش ساڵەهای ساڵ بڵاڤۆکێکی ئاکادیمیکی دەوڵەمەند و بەهێزی ISI لە نێو کورددا بوونی نییە کە بکرێ وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانستی لە لایەن پسپۆرانی نەتەوەکانی ترەوە سەیر بکرێ و بەهای پێبدرێ و ئەمە بەڕاستی بۆشاییەکی گەورەیە.

لە لایەکی ترەوە ئێستا کە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستاوە و هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات دەمێک ساڵە لە باشوور قەتیس ماوە و نەبوونی ئەم "حزوورە" لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک گەورەترین خەسار، کەڵک وەرگرتن لە وزەی ئەم مێدیا جیهانیانە دەروازەیەکی نوێی خەباتمان بەڕوودا دەکاتەوە... ڕێک وەک ئەوەی دوکتور قاسملوو کردی!

**یوبیلی ئەڵماس**

دیارە کە باس لە گۆڕینی شێوازی خەبات، گۆڕینی گۆڕەپانی خەبات و گۆڕینی بەردەنگ دەکەین بەم مانایە نییە کە ئەو چەمکەی وەک خەباتی فرەڕەهەندە نێودێرمان کردووە لەبیر بکەین، واتە کەلک وەرگرتن لە هەموو تواناکان، بەڵکوو جۆرێ خوێندنەوەی واقعبینانەیە بۆ دۆخی حیزبەکان. بە حوکمی دۆخی تایبەتی ئێستای حیزبەکان، گۆڕەپانی خەبات دەبێ بگوازرێتەوە، چون لەڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا خەباتی چەکداری بەم شێوەیە بووز ناخوا و دەبێ تێچوویەکی زۆریشی بۆ بدرێ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو زەینییەتە ڕەنگە نەتوانی وڵامدەرەوە بێ کە پێمان وابێ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی دەکرێ لەناوخۆ خەباتی مەدەنی یان نافەرمانی مەدەنی بەڕێوە بچێ، چون دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەوە داخراوترە ئیزنی ئەوە بدا کورد وەک حیزب و ئۆرگانیزاسیۆن خۆی کۆ کاتەوە.

کەوا بوو ڕێک لەم پنتەڕا دەبێ شێواز و گۆڕەپان و بەردەنگی خەبات بگوازرێتەوە دەرەوەی وڵات واتە ئورووپا و بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوەی دەبێ سەرکردایەتی کورد نیشانەی بگرێ، سیستەمەکانی دەرەوەی وڵاتن. کۆی سیستەمەکانی وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا وەک ناوەندەکانی: سۆشیال مێدیایی، تینک تانک، ئاکادێمیک، لێکۆڵینەوەیی، ڕاگەیاندن، مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و...

گۆڕینی ئەم سێ توخمە لە خەباتی سیاسیدا دەبێ هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتیژی سەیر بکرێ. لابی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ خێوەتەکەی بەرەو کۆشک و تەلاری دەوڵەتانی تر هەڵدا، بۆ گۆڕینی بەردەنگ و گۆڕینی گۆڕەپان و دواجار گۆڕینی شێوازی خەبات. واتە دەبێ دیپلۆماسی گشتی وەک هێزی نەرم بکەوێتە گەڕ، جگە لەوە هیچ دەرەتانێکی تر نییە بۆ کورد بۆ ئەوەی بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بێتەوە. ئەوە کە سەرکرادیەتی سیاسی کورد ئەمڕۆ، چەندی پتانسییەلی ئەم کارە و توانایی پراکتیزە کردنی هەیە، وڵامەکەی لای خۆیانە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**مەنسوور مروەتی**

پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین و لە هەمانکاتیشدا بەهێزترین فاکتەرەکانی راگرتن وبەردەوامیی ئەم حیزبە لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی سیاسیی کوردستانە، کە بەدرێژایی ٧٥ ساڵ لە خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکرات ئەو پێگەیە بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە. بە جۆرێک کە هیچ زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بکوترێ حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک تەنیا لە ئاستی سیاسیدا کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر خەڵکی کوردستاندا هەیە بەڵکوو لەوەش بەولاوەتر حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا بووە بە فەرهەنگ. باڵکێش ئەوەیە ئەم حیزبە کە بەجۆرێک بە دایکی هەموو حیزبەکانی کوردستان دەناسرێ چارەنووسی خۆی وابووە کە لەو مێژووە دوورودرێژەیدا سەرکردایەتیەکەی کەمتر لە سێ ساڵ لە کوردستان و لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا و بە تایبەت لە ناوەندی شارەکان بووە، بەڵام هەروا خاوەنی پێگەیەکی بە هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

لە دنیای ئەوڕۆدا سەرەکیترین خاڵ کە حیزبێک دەکاتە رێکخراوەیەکی شوێندانەر و یەکەمی کۆمەڵگاکەی خۆی، بە پلەی یەکەم رادەی نفووز و خۆشەویستیی ئەو حیزبەیە کە دەتوانێ پێگەیەکی بەهێزی جەماوەریی بۆ دەستەبەر بکا. ئەو پێگە جەماوەرییەش لە هەندێ بابەت و قۆناغدا خۆی دەنوێنێ و راستیی ئەو بابەتە بۆ هەموان روون دەکاتەوەوە. ئەو قۆناغ و بابەتانەش دەکرێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بێ یان وڵام دانەوە بە داواکارییەکانی ئەو دەستە حیزبانە لە جەماوەری خۆیان بۆ جێبەجێ کردن یان خۆبواردن لە کارێک بێ. جیاواز لەوانە دەکرێ پێوانەیەکی دیکەش لە بەرچاو بگیردر ێ کە ئەویش بەشداریی خۆبەخشانەی خەڵکە لە کاروبار و چالاکیەکانی ئەو حیزبانەی کە بۆ رزگاری گەل و نەتەوەکەیان لە ژێر دەستی، لە قۆناغی خەباتی سیاسی و تەنانەت چەکداریدان.

لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا و بەو پێوەرانەی کە باس کرا دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژینگەی سیاسیی خۆیدا خاوەنی بەهێزترین پێگەی جەماوەریی خۆیەتی، کە لە درێژەی ئەم وتارەدا ئاماژە بە چەندین نموونە دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێرنی کوردی و یەکەم حیزب کە توانی کیانێکی کوردی بەناوی کۆماری کوردستان دامەزرێنێ لە راستیدا بناغەکەی لە سەر کۆمەڵەی ژێ کاف دامەزرا. کۆمەڵەی ژێ کاف لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی و سێ ساڵ بەر لە گۆڕانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد بەڵام لە بەر پاراستنی ئەندامەکان و دامەزرێنەرەکانی بەشێوەی نهێنی کاری خۆی دەکرد، بەڵام لە وەرگرتنی ئەندامدا پێگەی جەماوەریی ئەندامەکانی زۆر بەلاوە گرینگ بووە، ئەویش بەو مەنتقەوە کە کەسایەتی بەهێزی کەسەکان دەتوانێ رادەی کارتێکەریی رێکخراوەکە لە نێو کۆمەڵگادا زیاتر بکات، هەر بەو هۆیەوە بوو کە داوای هاوکاری و بوون بە ئەندامییان لە کەسێک کرد کە خۆشەویستترین و متمانەپێکراوترین کەسی ئەو کاتە لە ناوچەی موکریان بوو، ئەویش پێشەوا قازی محەممەد بوو کە لەو سەردەمەدا و لە کۆمەڵەی ژێکافدا بە " بینایی" دەناسرا. کەواتە هەر لە ژێکافەوە و دواتر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەم حیزبە پێگەی جەماوەریی بەلاوە لە گرینگترین فاکتەرەکان بووە و بۆ وەدەسهێنانی پێگەی جەماوەرییش هەموو هەوڵی خۆی داوە و لە چەندین قۆناغیشدا رادەی هێزی جەماوەریی خۆی تاقی کردووتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات لە چەندین بۆنەدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەرەبەرە ئامادەکاریی بۆ دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی کوردی دەکرد کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە رۆژی داگرتنی ئاڵای ئێران لە سەر شارەوانیی ئەوکاتی مهاباد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شوێنە بکەین، کە لەودا بە بەشداریی خەڵک رێورەسمێک بەڕێوە دەچێت و هەژاری شاعیریش ئەو شێعرەی تێدا دەخوێنێتەوە.

داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ رەببی وەبەر خنجەر کەوێ...

دواتر پاش چەند مانگ لەو رووداوە لە ٢ی رێبەندانەدا لە رێورەسمێکی پڕشکۆدا نەک تەنیا بە ئامادەبوونی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو بە بەشداریی کوردان و بە تایبەتی نوێنەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆماری کوردستان بە سەرۆکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد رادەگەیینرێ. لەو ماوە کەمەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا کە ناکرێ ئامادەکاریەکانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بەرچاو نەگیرێ، کۆمەڵێک کاری بەنرخ کران کە دەکرێ بگوترێ بوو بە بناغەیەکی پتەو بۆ خەباتی کورد لە هەموو بەشەکان و پاش ٧٥ ساڵ تا ئێستا بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سەر ئەو رێبازە دەڕوا.

ئەگەرچی پاش یازدە مانگ کوماری کوردستان نەما و ئەرتەشی شایەتی کوردستانی داگیر کردەوە بەڵام بەشێوەیەکی مودێڕن هەوڵی نەتەوەسازی درا و تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە و رێکخستنی کۆمەڵگا قانوون دارێژرا.

لە هەموو ئەوانەی کە باس کرا ئەوەی پێوەندیی بەم باسەوە هەیە ئەوەیە کە رێبەرانی حیزبی دێموکرات و لە سەری هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد بە بێ پرس ورا بە جەماوەر و لەبەرچاو گرتنی گرینگترین فاکتەر واتە خەڵک، دەستی بۆ نەبردوون، تەنانەت لە کاتی هاتنەوەی ئەرتەشی شایەتی پێشەوا قازی محەممەد لە مزگەوتی "هەباس ئاغا"ی مهاباد خەڵک کۆ دەکاتەو و راوێژیان پێ دەکا کە لە بەرانبەر ئەرتەشدا چی بکەن.هەر بۆیە پێشەوای مەزن بەڵێن بە خەڵک دەدا کە تاکۆتایی ئەم کارە لە گەڵیان دەمێنێتەوە و هەرواشی کرد و بە پێشکەش کردنی گیانی خۆی بەڵێنەکەی بردەسەر.

## متینگی سەد هەزار کەسیی شاری مهاباد

پاش رووخانی کۆماری کوردستان و هەورازونشێوی زۆرو پەرتەوازەیی و دەربەدەریی رێبەرانی حیزبی دێموکرات رژیمی حەمەڕەزاشا رووخا و سەرکردایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عێراقەوە گەڕانەوە کوردستان و بە هاوکاریی تێکۆشەرانی ناوخۆ دەستیان دایەوە رێکخستنەوە و چالاک کردنەوەی حیزب. یەکەم متینگ لە یازدەی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا بۆ راگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری مهاباد بەڕێوەچوو کە لەودا زیاتر لە سەد هەزار کەس لە سەرانسەری کوردستانەوە بەشدار بوون کە بە متینگی سەد هەزار نەفەریی مهاباد بەناوبانگە. لەو متینگەدا کە سکرتێری ئەوکاتی حیزب شەهید دوکتور قاسملوو لە وتارێکدا دەسپێکی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی راگەیاند، هێزی جەماوەر جارێکی دیکە خۆی نیشان دایەوە و لە راستیدا بۆ جارێکی تر حیزبی دێموکرات و هێزی جەماوەر دەستەملانی یەکتر بوونەوە. لەم متینگە گەورەیەدا کە رۆژنامەی ئیتلاعاتی ئەوکاتی تاران تەنانەت بە متینگی دووسەد هەزار نەفەریی ناوبرد، ئەوەی کە رۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا دیسان هێزی جەماوەر بوو کە گیانێکی تازەی بەبەر شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کرد. دواتر لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی گەورەی خەڵکی بەڕێوەچوون کە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا رێژەی ئەندامانی حیزب لە کوردستان بۆ دەیان هەزار کەس بەرز ببێتەوە.

## هەڵبژاردنەکان

هەر لە ساڵی دواتردا چەند هەڵبژاردنێک لە ئێران و کوردستان بەڕێوەچوون کە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە ١٢ی

گەلاوێژو هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەمەدا دوو نموونەی باشن کە هێزی جەماوەر پاڵپشتێکی قایمی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بوو.

لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەکاندا دوکتور قاسملوو وەکوو کاندیدای حیزبی دێموکرات لە پارێزگای ورمێ توانی بە وەدەست هێنانی ١٣٠ هەزار دەنگ و بردنەوەی سەتا هەشتای دەنگەکان وەکوو نەفەری یەکەم لەو پارێزگایە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ. ئەگەرچی دەسەڵاتی تازەو لە سەروویانەوە خومەینی ڕێگەیان نەدا کە دوکتور قاسملوو وەکوو نوێنەری خەڵک و بەدەنگی خەڵک بچێتە تاران، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە تەنانەت تورکەکانی دانیشتووی ئەو پارێزگایەش بە ڕێژەیەکی زۆر دەنگیان بە دوکتور قاسملوو دابوو.

هەڵبژاردنی یەکەم مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە ٢٤ی ڕەشەمەی هەمان ساڵ واتە ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، لەو هەڵبژاردنانەشدا لەو شارانەی کە بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات دەرفەتی خۆکاندیدا کردنیان هەبوو هەر هەموویان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی یەکەمیان وەدەست هێنا. دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە شارەکانی مهاباد، بۆکان، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، سەقز، بانە بکەین کە کاندیداکان زیاتر لە هەموو شتێک لە بەر کاندیدابوونیان بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوو کە متمانە و دەنگی بەرچاوی خەڵکیان وەدەست هێنا. لە هەندێ شاری وەکوو سنە هەڵبژاردن خرایە دەوری دووهەم و لەو ماوەیەشدا حکوومەتی جومهووری ئیسلامی هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاندەوە و نوێنەرانی خەڵک واتە کاندیدا هەڵبژێردراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگەیان پێ نەدرا کە بچنە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی. لێرەشدا وێڕای خۆبواردن لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوانە و ڕووداوەکانی دوای ئەوانە کە ئاکامەکەی پەلاماری هەمەلانەی ڕژیمی تازە بۆ سەر کوردستان بوو، ئەوەی کە مەبەستی ئەم وتارەیە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە وەکوو نموونە لەو ساڵانەدا ئاماژەی پێ دەکرێ.

هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو شۆرایانەش بکرێ کە حیزبی دێموکرات بە شێوەی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک لە گوندەکان پێکی هێنابوو کە تا ساڵانی دواتریش هەر جێگەی باوەڕ و متمانەی خەڵکی گوندەکان بوون.

ئەم هەڵبژاردنانە نموونەیەکن لە متمانەی ئەوکاتی خەڵک بە حیزبی دێموکرات کە لە ڕوویەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆیە بە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کوردستاندا. چونکە ساڵانی دواتر ئەگەرچی هیچکات کۆماری ئیسلامی ڕێگەی بە ئینتخاباتێکی ئازاد نەدا و لە جیاتی پەنا بردن بۆ سندووقەکانی دەنگدان کۆماری ئیسلامی شەڕێکی هەمەلایەنەو وێرانکەری بە سەر کوردستاندا سەپاند بەڵام لە چەند نموونەیەکی دیکەدا بە ئاماژەیەکی

حیزبی دێموکرات لە چەند هەڵبژاردنێکدا دەرکەوت کە رژیمی تاران ململانێی حیزبی دێموکراتی لە کوردستان پێناکرێ. هەر بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی دەورەی شەشەمی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٧٢دا بە ئاماژەیەک خەڵک لە کوردستان دەنگیان بە هاشمی رەفسەنجانی نەدا کە تەنانەت ناوبراو لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو بابەتە کردوە.

هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨دا حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە دەنگ بە نوێنەرانی رێفۆرمخواز بدەن کە سەرەڕای وڵام دانەوەی خەڵک بەو داوایەی حیزب، ئاکامی هەڵبژاردنەکە بەلارێدا چوون و وێڕای دزینی زیاتر لە دە میلیۆن دەنگ بۆ مەحموود ئەحمەدینژاد نەفەری دیاری کراوی خامنەیی بۆ سەرکۆماری ناوبراو کرایە سەرکۆمار، کە ئەو کات خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی بەربڵاو ئێرانی گرتەوە و وێڕای سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانە رژیم هەردوو بەربژێری رێفۆرمخواز واتە مەهدی کەرووبی و میرحوسەین موسەویی لە ماڵەکەی خۆیاندا دەستبەسەر کرد کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

## پێگەی رێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات

نموونەیەکی دیکە لە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکدا پێگەی رێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیە. پێگەی ئەوان لە نێو خەڵکی کوردستان و لە سەر بزووتنەوەی کوردستان بەرادەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ تیرۆر و لەناوبردنی ئەوان برد. جیاواز لە رووداوی شەهید بوونەکەیان ئەو کەشە پرماتەمینەی کاتی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨و تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خرمانانی ١٣٧١ بە دەستی کۆماری ئیسلامی چ ئەوکات و چ ئێستا بە ئاشکرا بە روخساری کۆمەڵگەی کوردستانەوە دیارە. سەرەڕای دۆخی توندی ئەمنیەتیی هەم ئەوکات و هەم ئێستاش پاش ٣١ ساڵ برینێکی سارێژ نەکراوە بە جەستەی خەڵکی کوردستانەون کە دیسان دەرخەری پێگەی حیزبی دێموکرات و رێبەرە هەڵکەوتووەکانی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندایە.

شکستی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی چەند دەیەیی بۆ دوورخستنەوە و دابڕانی خەڵک لە حیزبی دێموکرات. (١٧ و ٢١ی خەرمانان وەک نموونە)

بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەم رژیمە هەوڵی داوە خەڵک لە حیزبی دێموکرات دوور بخاتەوە تا بەڵکوو لەو رێگایەوە بتوانێ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان سەرکوت بکا. بۆ ئەو مەبەستەش جیاواز لە هێرشی بەربڵاو بۆ کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی ناڕەوا، کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی بۆی کرابێ بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردن و تەریک

خستنەوەی حیزبی دێموکراتی داوە. لە نا قانوونی ناساندنی حیزبی دێموکرات و ڕێگری لە چوونی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکی کوردستان بۆ هەردوو مەجلیسی خوبرەگان و شۆرای ئیسلامیەوە بگرە تا دەگاتە گرتن و ئیعدام کردنی ئەندام و لایەنگرانی حیزب و پاشان هەڵگیرساندنی شەڕێکی قورس لە گەڵ خەڵک و هێزی پێشمەرگە و هەوڵ بۆ دەرپەڕاندنی سەرکردایەتیی حیزب بۆ دەرەوەی کوردستان، هەروەها تیرۆر و لە ناوبردنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەی حیزب و لە سەرووی هەموانەوە تیرۆری هەر دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش و دوکتور شەرەفکەندی لە بێرلینی ئاڵمان، نموونەیەکن لەو هەوڵانە.

جیاواز لە هەموو ئەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام لەم چل و یەک ساڵەدا و بە هەموو شێوەیەک ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەبلیغی ئەوەی کردوە کە حیزبی دێموکرات پێگەی لە نێو خەڵکدا نەماوە و ئەم حیزبەی بەردەوام بە حیزبێکی هەڵوەشاوە ناوبردوە. بەڵام ڕاستیەکان پێچەوانەی درۆ و ئیددیعا بێ بنەماکانی کۆماری ئیسلامی بوون و ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو زەبرە گەورانەی کە وەک پەیکەرەی حیزبی دێموکرات کەوت نەیانتوانی دابڕانێکی قەرەبوونەکراو لە بەینی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا دروست بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم دە دوازدە ساڵەی دواییدا قایمتر لە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕێکخستن بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیرتر بکا و هاوتەریب لە گەڵ ئەو پتانسیل و جموجووڵە مەدەنییانەی کە لە ناوخۆی وڵات هەیە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. لەم قۆناغەدا سەرەڕای هەموو کێشە و گیروگرفتە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستان حیزبی دێموکرات توانی بەشێوەیەکی باش کەڵک لە هەموو پتانسیلەکانی کۆمەڵگای کوردستان وەربگرێ و فشارێکی زیاتر بۆ ڕژیمی تاران بێنێ.

کۆماری ئیسلامی کە ئەو هەموو ساڵە تێچوویەکی زۆری بۆ لەناوبردنی حیزبی دێموکرات و سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان دابوو، دیسان دەستی دایە تیرۆر و تەقینەوە. کار گەییشتە ئەو جێگایەی کە سپای پاسدارانی ڕژیم ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات و بە پێچەوانەی تیرۆرەکانی پێشوویان، سپا هەر زوو بە دەرکردنی ڕاگەیاندراو ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ. سەرنجڕاکێشتر لەوە پاساوی پەلامارەکەیان بۆ سەر قەڵای دێموکرات بوو کە جگە لە شکستی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆشداماوییان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هیچ خوێندنەوەیەکی دیکەی لێ نەدەکرا. سپای پاسداران لە دوو ڕاگەیاندراودا کوتی "ئامانجی ئێمە لەو هێرشە لە بەین بردنی سەرکردایەتی و ناوەندی فکریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، چونکە ئەوانە ئاسایش و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامییان وەمەترسی خستوە."

**یوبیلی ئەڵماس**

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەویە، ئەو کۆماری ئیسلامییەی کە چل ساڵە بانگەوازی نەمانی حیزبی دێموکرات و دابڕانی ئەوان لە خەڵک دەکا ئەوە چۆنە کە بە پێشکەوتووترین چەک واتە مووشەکی بالستیک هێرش دەکاتە سەر سەرکردایەتی و ناوەندی فکریەکەی بەو پاساوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاسایش و ئەمنیەتی ئەوانیان وەمەترسی ختسووە.

چوار رۆژ دوای ئەو هێرشە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات کە لەراستیدا زەربەیەکی قورس وە پەیکەری حیزب کەوت و شەش ئەندامی ڕێبەری و دە کەس لە باشترین فەرماندە و پێشمەرگەکانی حیزب تێیدا شەهید بوون، مانگرتنە گەورە و مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان بەڕێوەچوو کە دەکرێ بە لووتکەی پشتیوانی و قووڵایی پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی کوردستان ناوی لێ ببرێ. لە ٢١ی خەرماناندا سەرەڕای کەشوهەوای ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر کوردستاندا خەڵک، بە نیشانەی نارەزایەتی بەو پلامارەی کۆماری ئیسلامی لە ماڵەکانیان نەهاتنەدەرەوە کە لە هەندێ شاروناوچەدا رێژەی مانگرتنەکە گەییشتە نزیکەی سەد لەسەد.

ئەو چەند نموونەیە کە لەم وتارەدا باس کران تەنیا ئاماژەیەکی سەرەتایین بە راددەی جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی، کە هاوکات ئەو ئەرکەشی دەخاتە ئەستۆ کە دەبێ تا گەییشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە خەبات بەردەوام بێ.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین رەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٧٥ ساڵ خەبات لە مەیدانی سیاسیی کوردستان، خەبات و تێکۆشانی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە لایەک و قووڵایی پێگەی جەماوەریی ئەم حیزبە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**شاڕوخ حەسەنزادە**

"ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات، سەرەتا بە بزووتنەوەی شێخەکان لە کۆتایی هاتن بە دەستەڵاتی میرنشینە کوردەکان و بۆشایی نێوان کۆمەڵگا و درێژەی ڕەوتی سیاسیی کورد دەست پێدەکا و دواتر بە دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی کوردی پەنگێکی بەڕۆژ دەداتەوە و لە دامەزرانی دووهەم ڕێکخراودا دەگاتە سەرچڵە پۆپەی داخوازییە شۆرشگێڕییەکانی خۆی، حیزبی دێموکراتی کورستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێرن، ڕەوتی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەگرێتە دەست و ڕیالیستییانە درێژە بە خەبات دەدا."

ڕەوت بریتی‌یە لە دامەزراوە، کۆمەڵە و گرووپێکی دیار کە بێجگە لە بناخەی هزری، جۆرێک ڕەوشتی کۆمەڵایەتیشی هەیە. (خسروپناە، ١٣٨٨: ٩) ڕەوتەکان سێ تایبەتمەندی سەرەکییان هەیە کە بریتین لە:

١- کۆمەڵایەتی بوون و هەبوونی جۆرێک لە ڕەوشتی تایبەتی کۆمەڵایەتی.

٢- بوونی دامەزراوە و کۆمەڵە.

٣- هەبوونی بیرۆکە، هزرێکی بەرچاو و دیار و هەڵسووکەوتی تایبەت بە ئەو.

کەوابوو ڕەوتناسی بریتییە لە ناسینی وێژمان، چلۆنایەتی بیچمگرتن، ناساندنی دامەزرێنەران و کەسایەتییە ناسراوەکان، هەروەها کاریگەریان لەسەر دامەزراوە، گرووپی هزری، کلتووری، سیاسی و ئابووری هەیە(پێشوو، ١٠). ڕەوتێکی سیاسی بە

مانای شەبەنگێکی بەربڵاوی هزری، ئایدئۆلۆژی، سیاسی و بڕوایە. ڕەوتێکی سیاسی مێژوویەکی دیاری هەیە و لایەنەکانی گووران هەتا گەشە و ئامانج و شێوازی خەباتی سیاسی خۆی دەناسێنێ. بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر چوار لێڕوانین دابەش دەبن:

١- ڕەوتی هزری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتین کە لەسەر بناخەی هزر و ڕوانینی زانستی هەڵچنراوە و زیاتر لە بەستێنی بیر و ئەندیشەدا چالاکن.
٢- ڕەوتگەلی کلتووری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەک کە بەر لەوەی باس لەسەر پرسگەلی فەلسەفی و کەلامی بکەن، چالاکی کلتووری و پڕۆپاگەندایان هەیە و زۆرتر لەسەر فەرهەنگ و کلتوور کار دەکەن.
٣- ڕەوتی سیاسی؛ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە ئاراستە و چالاکییەکانی سیاسییە و زۆرتر لە بەستێنی سیاسی‌دا کاریگەریی هەیە.
٤- ڕەوتی ئابووری؛ ئەو دامەزراوانەی ڕوانینیان ئابوورییە و لەم بوارەدا چالاکن.

یەکێک لە کارکردەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیی ڕەوتی سیاسی، شکڵدان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەقامگیرە کە گوورانی لە ناو کێشمەکێشی سیاسی بە نێرینی "گرامێشی" مەمنوونی "هەژموونییە" کەوابوو ئەمرێکی سیاسییە،(خرم شاد، سادات، ١٣٩٢: ٧٠).

ڕەوشی جۆراوجۆر بەستێنی دامەزراندنی ڕەوتەکان وێنا دەکەن، ناسین و شرۆڤەی دۆخی بەرلە هەبوونی ڕەوت بنەمای ناسینی لایەنی هزری و مێژوویی پێکدێنێ. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتنی زاراوەکانی سیاسی و خۆخستنە سەر مێشک و زاران(سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیزم، دێموکراسی و...)، شەڕە مەزنەکانی جیهانی یەکەم و دووهەم و مەودای نێوانیان، ڕەوشی هەڵسووکەوتی دەسەڵاتی سیاسی، دۆخی کۆمەڵگە بەستێن بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پڕکاریگەر خۆش دەکا.

ڕەوتناسیی سیاسی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی بەشێکی بۆ هاتنی چەمکگەلی وەک ناسیونالیزم، دێموکراسی، کۆمۆنیست و سوسیالیزم و... لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە فەڕانسە تێزەکانی "مۆنتێسکیۆ"، "ژان ژاک ڕۆسۆ"، ئاوانگاردی هزری سیاسی سەردەمی خۆیان بوون، "جێفرسۆن" و "توماس پین" لە ئەمەریکا و "جێرمی بێنتام" و "گلادستۆن" لە ئینگلیس، "گاریبالێدی"، "مێزینی" لە ئیتالیا لە مەزنترین تیۆریسیەنەکانی ناسیونالیستی و پێکهاتنی جۆرێک لە نۆرمی نوێی سیاسی و ڕوانینی تایبەت بە جیهانبینی ئیتالیایی بوونە و، "بیسمارک" لە ئاڵمان ئاڵاهەڵگری

نەتەوەگەرایی بووە. ئەگەر لەبەر لەمێژە بوونی، باسی ئەحمەدی خانی و میرشەرەفخانی بدلیسی لە کوردستان و نەبوونی نەزمێکی سیاسی بەرچاو لە میرنشینەکانی نەکەم، ناکرێ ماڵباتی بەدرخان، بزووتنەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، سمایل ئاغا و... نەهێنییە بەرباس کە ئاڵووگۆڕێکی عەزیمی فکری لە دەزگای بیرکردنەوە و ئاستی وشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵات کردەوە. کاتێک دەسەڵاتی میرنشینەکان نامێنن، بۆشایەکی سیاسی ئەمنی بوروکراتیک ڕوو دەدا، شێخەکان بە تەکیە و دامەزراندنی خانەقاکان دێنە مەیدان و تەنانەت جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی و بزووتنەوەکانیش بەدەستەوە دەگرن، دوو تەریقەتی پڕگرنگی کوردستان "قادری" و "نەقشبەندی"، لە شکڵگرتنی نوێی ڕەوتی سیاسیی کورددا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە کە پشکی تەریقەتی نەقشبەندی لەم ئاستەدا زۆرترە.

مەودای نێوان شەڕی یەکەمی و دووهەم جیهانی، ئەو گرێبەستانەی "سایکس پیکۆ"(١٩١٦ز)، "سێڤر"(١٩٢٠ز) و "لۆزان"(١٩٢٣ز)، شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست هەموویان سەرەتا بە دەستپێکی ڕوانینێکی "نەتەوەیی-ئایینی" دواتر ڕەوتی چەپ(سۆسیالیزم - کۆمۆنیزم) و (ناسیونالیزم - نەتەوەیی) کاریگەریان لەسەر بیچمگرتنی سێ ڕێکخراوی "ح، ئا، ک"(حیزبی ئازادی کوردستان ١٩٣٨)، "ک. ژ. ک" (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ١٩٤٢)و "حدک"(حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٩٤٥) هەبووە.

هەر کردەوەیەک دژکردەوەیەکی هەیە، هەموو ئەو نەهامەتی و کردەوە دژە کوردانەی، دەورانی بیست ساڵەی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و خەفەقانی ڕەزاشا، پرۆژەی قاڵکردنەوەی کورد و شوڤێنیزمی فارس(گۆڕینی ناوی شار و ئاواییەکان، تەحریفی مێژوو و چەواشەکاری، دژایەتی دەگەڵ کلتووری ڕەسەن و خۆماڵیی گەلی کورد و پێداگری لەسەر زوڵم و ستەمی نەتەوەیی، سەرکوتی شۆڕشەکانی کورد، (سمکۆ، جافرسوڵتان لە هەورامان، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەحموودخانی کانی سانان لە مەریوان، مەلا خەلیل گۆڕئومەری (١٣٠٧ - ١٣٠٨)، بیرهۆ و فەرزەندە لە ناوچەی ماکۆ) هاوکات دەگەڵ گۆڕینی بیروهزری کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسی نیشتمان و نەتەوە بوونە دنەدەری ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**حیزبی ئازادی کوردستان ١٩٣٨:**

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی جیهانی یەکەم(١٩١٤ - ١٩١٨ز) سپای ڕووسیە خۆی دە ئێران دەکێشێت و تەنانەت لەبەشێکی ئاخی ئێران دەگەڵ عوسمانلییەکان دەکەوێتە شەڕ و پێکدادان. لەناوچە موکریان و بەتایبەت لە شاری مهاباد کەسانێک دەکەونە ژێر کاریگەریی بانگەشە و بیروبۆچوونی ئەو ئەفسەرانەی کە لایەنگری حیزبی سوسیال دێموکراتی(کۆمۆنیست)ڕووسیا بوون و لە سپای ئەو وڵاتەدا بوون، سەرۆکی ئەمانە کەسێک بوو بە ناوی "حەمە هەتیو" ئەوانە بە بەڵشەڤیەکانی مهاباد

ناوبانگیان دەرکرد و دروشمەکەیان ئەوە بوو کە دەبێ، فەقیر و هەژار سەرکەوێ و دەوڵەمەند نەمێنێ(بازیار، ٢٠١٩: ٢٦) دواتر کرماشان وەک شوێنی دەرکەوتنی سۆسیال دێموکراسیێ لێدێ و "ئەبولقاسمی لاهووتی" ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جووڵە سیاسییەکانی سۆسیالیستە چەپەکان و لەلایەکی تریش چالاکییەکانی حیزبی توودە لە کوردستان و خۆ بە خاوەن کردنی پرسی کورد ڕەوتی چەپی بەسەر فەزای کوردستان دا زاڵ کرد و ئیدی هێدی هێدی ڕەنگی ئایین و سەرکردایەتیی شێخ و ئاغا کە پێشتر جڵەوی بزووتنەوەکانی کوردیان دەدەست دابوو، کاڵ دەبێتەوە.

یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە هەلوومەرجێکدا دامەزرا کە سیاسەتی نەتەوەسازی و یەکرەنگکردنی کولتووری، ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ڕەزاشا لە ئێران، تێکشکانی بزووتنەوە خێڵەکی و چەکدارییەکانی کورد، بوونە هۆکاری دامەزراندنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە ناوی "حیزبی ئازادی کوردستان" کە لە پووشپەڕی ١٣١٧ لەناو ئەو هۆکارانەی باسمان کرد هەڵقولا.

لەبەر نهێنی بوونی کاروچالاکییەکانیان هەروەها ڕەوشی پۆلیسی و پڕمەترسیی ئەو قۆناغە ناوی دامەزرێنەرانی بەتەواوی ڕوون نییە، بەڵام ناوی بەشێکیان بۆ ئێمە ئاشکران کە بریتین لە "حوسێن فروهەر(زێرینگەران)، کەریم یاهوو، مەحموود ڕابتی، حوسێن میکائیلی، محەمەد نانەوازادە، بە سەرۆکایەتی ڕووناکبیری مهابادی عەزیز مەلا زەندی(دوکتور عەزیز زەندی، عەزیز ئەڵمان.(سەردەشتی، ٢٠١١: ٦٥) هەر زۆر زوو ناکۆکی فکری لەنێو ئەو حیزبە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی و دابەشبوونی بەسەر دوو بەرە، عەزیز ئەڵمانی کە سەردانی ئەڵمانی کردبوو و لە نزیکەوە شاهیدی پێشکەوتنەکانی ئە وڵاتە بوو و لەلایەکی تر عەبدوڵرەحمان زەبیحی و حوسێن فروهەر بەلای سوڤیەتدا شکانەوە،(باباخانی ٩:١٣٧٨). بەرنامەی ئەم حیزبە لە ٢٨ خاڵدا پێکهاتووە و لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەخۆ دەگرێ(بازیار، ٢٠١٩:٣٥) شکڵ گرتنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە تەکووزییەکی نیوەدیار دەگاتە حیزبێکی دێموکراسیخوازی ئانتی فاشیزمی پێشکەوتنخوازی کوردستانی. ئەوان بڕوایان بە کوردستانێکی ئازاد، فرە نەتەوە، فرەزمان و کلتورە کە تەواوی نەتەوەکانی کورد و ئاسووری و ئەرمەن لەسایەی کۆمارێکی عەلمانی و سێکۆلاردا ئازاد بن، بە ورد بوونەوە لە مەرامنامەی ئەو ڕەوتە دەردەکەوێ کە لایەنگری لە "چینێکی"(زاراوەیەکی سیاسییە کە مارکس دایهێناوە) ڕەنجبەران و کرێکاران دەکا، دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو شوێنێک بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و دامەزراندنی هەرەوەزییەکان و هەلوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازێک کە ژیانی جووتیاران نائاسوودە دەکا، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێکی چەپ بووە(بازیار، ٢٠١٩:٣٦).

ژێکاف(٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٣ز)).

دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم(٩ی خەرمانانی ١٣١٨، یەکی سێپتامبری ١٩٣٩) وڵاتی ئێران بێلایەنیی خۆی لەو شەڕە ڕاگەیاند، بەڵام بە دوو هۆکاری؛ بەربڵاویی سنوورەکانی ئێران دەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و دەرگیربوونی شووڕەوی دەگەڵ ئاڵمان ئەم بێلایەنییە سست بوو. سپای "هاوپەیمانان" بە پاساوی بوونی سیخورانی نیزامیی ئالمانی لە ئێران ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. دوابەدوای یەکگرتنی ئینگلیس و شوورەوی دوای هێرشی ئالمانی نازی بۆسەر سۆڤیەت و پێویستی ئەم وڵاتە بە یارمەتییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس بۆ بەرەکانی شەڕ لە شوورەوی، هاوپەیمانان بڕیاریان دا لە کۆلیدۆڕی ئێران کەڵک وەرگرن، هەربۆیە ئەو هێزانە لە ٢٥ی ئوتی(١٩٤٥) هێرشیان کردە سەر ئێران و ئەم وڵاتەیان گرت. لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی(١٣٢٠)، سەرەتا هێزەکانی شوورەوی لە باکوور و ڕۆژهەڵات بە ئاسمان و زەویدا هێرشیان کردە سەر ئێران، دواتر هێزەکانی بریتانیا لە باشوور و ڕۆژئاوا داگەڕان و هەموو شارەکانی ئێرانیان بەهاسانی دەستبەسەر دادەگرت و هەردووک وڵات بەرەو تاران ملی ڕێگایان گرتەبەر. ئەرتەشی ئێران خێرا دارما. ڕەزاخان بە زەختی وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا وازی لە دەسەڵات هێنا و دوای گرژی و چەقەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشتن کوڕەکەی ڕەزاخان واتە حەمەڕەزا کە جێگرەوەی پێشووشی بوو، بکەنە خونکاری ئێران.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی(١٩٤٥) دا سپای بریتانیا بەپێی ڕێکەوتنێک دەگەڵ ئێران، ئەو وڵاتەی چۆڵ کرد، بەڵام هێزەکانی سپای سووری شووڕەوی ئەو ڕێکەوتنەیان لا پەسەند نەبوو و لەو وڵاتە مانەوە هەتا دوو ناوچەی جوگرافیای ئازەربایجان و کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لێ ڕاگەیاند(حەسەنزادە، ١٠٢:٢٠١٩)

لە ساڵی(١٩٢١)دا پاش کودتایەکی نیزامی کە بە یارمەتی ئینگلیس هاتە دی، ڕزاخان دێتە سەرکار و ساڵی(١٩٢٣) لە تاران تانجی خونکاری لەسەر نا و زنجیرەی پاڵەوی ڕاگەیاند. ڕووکاری ئاوەڵایی سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەرچوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە تاران هێزی گرت و پشووی لە هەمووان بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و شۆڤێنیزمی فارسی ئێرانی و "یەک نەتەوە" - "یەک وڵات" بوو بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی نیشتەجێ لە بانووی ئێران(ئەو ناوە دەستکردەی تازە داتاشرابوو)،خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

سرووشتیە لەهەمبەر ئەو هەمووە زوڵم و غەدرە دژکردەوە هەبێ، ڕەخسانی هەلی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتەی بۆ

کورد ڕەخساند کە لە نەبوونی دەسەڵاتی پتەوی شا لە ناوچەکە بەتایبەت ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئینگلیس لە باشوورەوە هەتا لای لۆرستان و ئیلامی گرتبوو و لە باکووریشەوە هەتا نزیک ورمێ دەدەست هێزەکانی شوورەوی دابوو) بزاڤی مافخوازانەی کورد سەرهەڵدەنەوە.

"دەوڵەتی ئێران بەرنامەی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان لە ناوچەی ورمێ چەک بکا، زەختێکی زۆریان بۆ دێنێ، ئینجا ژاندارمی ئازەری شیعەمەزەب بە کرێ دەگرێ، لە ئاوریلی(١٩٤٢) ڕەوشی ئەو ناوچانە زۆر ئاڵۆز دەبێ و سەرهەڵدان و پشێوی درووست دەبێ. لەو نێوەدا بەرەنگاری و تێکهەڵچوون ڕوو دەدا، لە ڕۆژی ٢٨ی ئاوریلی(١٩٤٢)دا (هەشتی بانەمەڕی ١٣٢١)عێل و عەشیرەتەکانی کوردی نیشتەجێی دەڤەر و ناوشاری ورمێ خۆپێشاندانێک لە شەقامەکانی ورمێ بەڕێوە دەبەن(کۆچیرا، ١٣٦٩: ٢٧٥)کوردەکانی بازێری ورمێ چەند داخوازییەکی تەواو مەدەنیانەیان لە کاربەدەستان و کونسولی شووڕەوی لەو ناوچەیە هەیە کە بریتین لە...

١- زمانی کوردی لە مەدرەسەکاندا بخوێندرێ.
٢- تەواوی ژاندارمی بەینی شارەکانی خۆیە و مهاباد دەبێ لەو ناوچەیە بچنە دەرێ.
٣- کوردەکان دەبێ لە کاروباری نەتەوایەتیدا ئازاد بن.
٤- دەبێ نوێنەری کوردان لە هەموو ئیدارە و ئۆرگانەکانی دەوڵەتیدا هەبن و لە مەدرەسەکانیش جێگیر بن.
٥- کوردەکان دەبێ لە هەڵگرتنی چەک ئازاد بن.
٦- هەروەها داوای ئازاد کردنی ٢٠ کەس لە گیراوانی خۆیان دەکەن کە لە بەندیخانە دان.

دوای ئەو داواکاریانەی کوردانی ورمێ لە هێزی شوورەوی، لە سێپتامبری(١٩٤٢) واتە(٣ی خەرمانانی ١٣٢٠) کۆنفرانسێک لە شاری شنۆ بە بەشداریی ئاغا و سەرۆکە کوردەکانی لای خوارووی ڕۆژئاوای ورمێ و باکووری کوردستانی ئێران بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەڕێوەدەچێ، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دوور لە چاوی ئینگلیسەکان و بە پاساوی زەماوەندی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش گیرابوو، بەرپرسە کوردەکان بە هیچ ئاکامێک و یەکێتییەکی ئەوتۆ ناگەن.(پێشوو)

"سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە، یەکێ لە ئەفسەرانی باڵای لەشکری ٤ی ڕزائییە لە ژێر سەردێری "لەهەمبەر بارودۆخی ڕزائییە لە ساڵی (١٣٢٠)دا" نووسیویەتی: دوای هەڵوەشانی لەشکر لە شەهریوەری(١٣٢٠)، ڕزائییەش وەکوو زۆر ناوچەی تری وڵات ئارامی و ئاسایشی بیست ساڵە بۆ نائەمنی و شێوان گۆڕا، بەشێک لە ئاژاوەخوازانی ناوچەی ڕزائییە وەکوو، عومەر شەریفی(عومەرخانی شکاک) لە ناوچەی سۆما و برادۆست سەرووی ڕزائییە، ڕەشید بەگی جەهانگیری لە ناوچەی تەرگەوەڕ و

مەرگەوەڕ لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای ڕزائییە، زێڕۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی بالانیش و ناوچەکانی خوارووی ڕزائییە، تەها هەرکی لەناوچەی دۆڵی خوارووی ڕزائییە" کەوتبوونە ژێر کاریگەری بێگانە و ئەفسەرانی یەکێتیی سۆڤیەت". (مستەفائەمین، ١٩٩٣: ٥٢) ئەم بارودۆخە وا ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی تۆکمە، مۆدێرن و نەتەوەیی بەتەواو مانا بە ناوی "کومەڵەی ژیانەوەی کورد"(ک.ژ.ک) لەسەر داروپەردووی حیزبی ئازادی کوردستان پێک بێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی(١٣٢١)دا بەرامبەر بە ١٦ی ئوتی(١٩٤٢)لە مهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژێکافیان دامەزراند(ئەو یازدە کەسە بریتی بوون لە: حوسێن فروهەر، عەبدوڵڕەحمان زەبیحی، عەبدوڵڕەحمان ئیمامی، عەبدوڵقادر مودەڕسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدوڵڕەحمان کیانی، سەدیق حەیدەری و قاسمی قادری).(قاسملوو، ١٩٨٨: ٢٨) ئەم دامەزراوەیە وەک ڕیخراوێکی نهێنی چالاکی دەکرد و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کوردانی باشوریش تێیدا بەشدار بوون."

"ساڵی(١٩٤٢)حیزبی هیوا کە ئەوسا بەهێزترین ڕێکخراوی چەپی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا بوو؛ دوو کەس لە ئەندامە شارەزاکانی خۆی؛ واتە "میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو"، کە هەردووکیان ئەفسەر بوون بۆ درووستکردنی پێوەندی و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ کوردەکانی خۆرهەلات نارده کوردستانی ئێران، دوای پێوەندیکردن دەگەڵ چەندین کەس لە ڕۆژی ٢٥ی شەهریوەر(خەرمانان)ی(١٣٢١) دەستەیەک لاوی سابلاغی لە باخی حاجی داود لە نزیک چۆمی سابلاغ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی هیوا، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد کۆبوونەوە."

لە مانگی بانەرمەڕی(١٣٢٢)ی هەتاوی کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە چیای "خوداپەرەست" گیرابوو ، نزیکەی سەد کەس بەشداربوون؛ بڕیار درا کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە. کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخراوێکی ناسیونالسیتی و نیشتمانپەروەر بوو و خواستی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی وەک بەیداخێک بەرز کردبۆوە بەڵام لەبەر نهێنیبوونی، نەیدەتوانی بەئاشکرا ئەوە ڕابگەیەنێت. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" کرد.(قاسملوو، ١٣٦٧: ٢٩)

"ئەو ئایدئۆلۆژییەی کە؛ سەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بینای کارەکەیان لە سەر دامەزراندبوو، لە کۆنگرەی دووهەمیدا دانی پێدانرابوو. لە بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا دەڵێ: کۆمەڵەی (ژی - کاف) لە سەر چوار کۆڵەکەی (ئیسلام، کوردایەتی، مەدەنییەت ، سوڵح و ئاشتیخوازی)دا ڕۆنراوە.

یەکێک لە ئەسڵ و ئەستوونە بەهێزەکانی دامەزراندن و فەلسەفەی وجودیی ژێکاف، باوەڕ بە ئاشتی و مەدەنییەت بووە،

ڕەنگبێ دامەزرێنەرانی بەشێوەی ئاکادێمی و هەنووکە؛ زانیاریان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و شێوازەکانی کاری سڤیلی نەبووبێ کە زۆر سرووشتییە، بەڵام باوەڕی قووڵی بەرپرسان و خەباتکارانی کورد بە چەمکی مەدەنییەت لە مێشک و نەستیان دا هێلانەی چنیبوو!

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی (ک.ژ.ک)یە کە سەر بە کوردی شارنشینی وردە بورژوازی بوون(وەلی، ١٩٩٥: ٢١)، ئەوە یەکەم کۆمەڵەی نەتەوایەتیی کورد بوو کە دامەزرێنەرەکانی شێخ و ئاغاکان نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕووناکبیر و بازرگان و زانایان بوون. ئەمانە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردین کە تەنیا بۆ مافەکانی خۆیان هەوڵیان نەدەدا بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون(مەکداول، ٢٠٠٣: ٤٩٣)

کۆمەڵەی ژێکاف لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکراوەی بیری ئەم ڕێکخراوەدا سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوەیە دەنووسێ:(ئەی برای کوردی خۆشەویست): کۆمەڵەی ژێکاف بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرەستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستادا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی.(نیشتمان، ١٣٢٢: ٥)

هێمنی موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی (ژ - ک) بووە و لە نووسەرانی نیشتمان بووە دەڵێ: ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفییان هەبوو، ئەگەر چاوێک بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ. بەڵام، بیروباوەڕی کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزرانییەوە تا هەڵوەشانەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازی ڕاسترەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسوورانی وەک ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندووە(ئەسەسەرد، ٢٠١٢: ٤٢). نیوەڕۆکی ئایدئۆلۆژیی کۆمەڵەی ژێکاف زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی-ئابووری پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگای کوردستان بوو.

گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر خێرا بوون. جیهان بەرەو ئاڵوگۆڕێکی مەزن هەنگاوی دەنا، شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو، "کۆمەڵەی دەوڵەتەکان" هەم ژمارەیان زیاتر دەبوو هەمیش بەرەو ڕێکخراوێکی مەزنتر و ڕێکوپێکتر دەچوو کە دوایی بوو بە "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی". وڵاتی ئێران گۆڕانێکی ناوخۆیی بەسەردا هات و لە لایەکی دیکەوە لەو بارودۆخە گرینگەدا چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرینتر ببوونەوە. بەڕێوەبەرانی دەبوو بەڕێکوپێکی چالاکییەکان

بەرنە پێش و پێویستیان بە سیاسەتێکی دیاریکراوتر و لاستیکی هەبوو. هەروەها دەبوو ڕێکخراو مەندتر، یەکگرتووتر، خاوەن پلان بۆ بەرەوپێش ڕۆشتنی ڕوونتر، سیاسەت و دووره‌دیمەنی ستراتیژی خۆیان داڕێژنەوە. سەرکرادایەتیی کۆمەڵە باش لەو ڕەوشە ئاگادار بوون، هەربۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ دامەزراندنی هێزێکی سیاسی مۆدێرن و بەرفرەوان. دوای سێ ساڵ لە پێکهێنانی ڕێکخراوی ژێکاف، لە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە شاری مهاباد حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵک و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و هەوڵی کۆنگرە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر دا بوو، کەچی حیزبی دێموکرات هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی دامەزراندنی خۆی دەگێڕێ!، هۆکارەکەشی ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە درێژەی (ک.ژ.ک) دەزانێ. بە قەولی هەژاری موکریانی،گ حیزبی دێموکرات لەسەر داروو پەردووی(ژ.ک) دادەمەزرێ.(بازیار، ٢٠١٩: ٥٦) ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەردەگرت، بەڵام لە سیاسەت، ڕوانین و چالاکییەکانیدا زیاتر خۆی دەگەڵ ڕەوشی مەوجود هاوئاهەنگ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا بەیاننامەیەکی بە زمانی کوردی و فارسی لە هەشت بەنددا گەڵاڵە کرد و بڵاوی کردەوە کە زیاتر لایەنی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی لە ناو سنوورەکانی ئێرانی پێوەدیارە. دەگەڵ ئەوەیکە "حدک" لەسەر بناخەکانی "ک.ژ.ک" دامەزرابوو بەڵام بەرنامە هەشت خاڵییەکەی لەچەند لایەنەوە جیاوازیان دەگەڵ بەرنامەی "ک.ژک" هەبوو. ژێکاف باسی لە وەسەریەکخستنەوەی کوردستانی گەورە کردبوو بەلام "حدک" لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختارییەکی نیمچە سەربەخۆی لە خاکی ئێران دا دەویست.  سەرکردەکانی "حدک" باش لە واقعی ڕەوشەکە تێگەیشتبوون و دەیانهەویست سەرەتا بناخەیەکی تۆکمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی ژێکاف دابمەزرێنن بۆیە خۆیان لە دروشمی قەبە و بریقەدار دەپاراست. بۆ وێنە حیزب لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە ژیانی جووتیارانی کوردستانیشدا هەوڵ دەدا بۆ ڕۆژگاری ئەوسای کوردستان ڕێگەچارەسەرییەکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، واتە نە لە ئاست ژیان و بەڕیوەچوونیان بێ دەنگ بێ و نە خۆ لە خانەی دروشمێکی ڕادیکاڵی وادا دەبینێتەوە، هەربۆیە لە مادەی پێنج دا دەنووسێ: دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن موڵکدا ڕێکەوتنێک پێکبهێندرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ.(ئەیووب زادە، ٢٠٠٨: ١٨)

ئەو ڕووداوە خێرایانە بە جۆرێک بوون دوای پێنج مانگ(١٦٠ ڕۆژ) لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەوڵەتی کوردی(حکومەتی کۆماری کوردستان)لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ڕاگەیەندرا و قازی محەممەد کە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بوو بە یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆمار زۆرێک لە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات وەدی هاتن؛ لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی سپای نەتەوەیی(پێشمەرگە)، سروودی

نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، دامودەزگای حکومەتی کوردی، هاتنی ژنان و لاوان بۆ نێو ژیانی سیاسی(دامەزراندنی یەکێتییەکان ژنان و لاوان)، پەروەردەی مۆدێرنی کوردی، بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییەکان(سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە).

خاڵی جێگای سەرنج لەم قۆناخەدا ئەوەیە لەنێوخۆی حیزب دا باڵی چەپ پەراوێز دەخرێت بەڵام لە هەمبەر دەرەوەدا حیزبی دێموکرات لە حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران نزیک دەبێتەوە، لە ئاکام دا دەگەڵ ئەو حیزبانە(حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و توودە)بۆ هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پەرلەمان دەچێتە یەک بەرە.(بازیار، ٢٠١٩: ٦٤).

بە گشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەی کوردەواری و نفووزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەربەم چین و توێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو و شوێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی ڕەوتی کوردی و کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەیکە بەرنامەیەکی رادیکاڵی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە سرووشتی بوو. سەرکردایەتی حیزب لە شێوازێک گەڕاون بۆ پێکەوە گونجاندن و ڕاگرتنی بالانس لە نێوان چینە جۆربەجۆرەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەویکە بتوانێ هەموو لایەک لە ژێر چەتری دەستەڵاتێکی نەتەوەیی دا کۆ بکاتەوە.

سەرچاوەکان:

١- خسروپناه، عبدالحسین، جریان شناسی فکری ایران معاصر، قم:موسسه حکمت ١٣٨٨
٢- خرم شاد، محمدباقر، سادات، سید ابراهیم، جریان شناسی به مثابه روش، فصلنامه علمی پژوهشی، دوره ٥ شماره ٢
٣- بازیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نمونە ١٩٩١ - ١٩٤٥)تێزی دوکتورا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠١٩
٤- سەردەشتی، د.یاسین، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩ - ١٩٧٩) سلێمانی ٢٠١١
٥- باباخانی. ناصر، عبدالرحمن زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان مهاباد ١٣٧٨
٦- حەسەنزادە، شاروخ، کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان( بە تەکز کردن بە ڕۆژهەلاتی کوردستان)(هێشتا چاپ نەکراوە.
٧. کۆچیرا، کریس وەرگێرانی ڕەیانی، محەمەد، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا چاپخانەی کارون چاپی یەکەم
٨- مستەفا ئەمین، نەوشیروان، حکومەتی کوردستان...چاپی دووهەم ١٩٩٣، وزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان
٩- د.قاسملوو، عەبدوڵرەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی چاپی دووهەم ١٩٨٨

١٠- وەلی، عەباس. پەیدابوون و بناغەی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران، و. حەسەن قازی، سوید ١٩٩٥

١١- مەکداول، دیڤید، مێژووی هاوچەرخی کوردی، ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی ٢٠٠٣

١٢- نیشتمان، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە ژ،١ ساڵی یەکەم ١٣٢٢

١٣- ئەسەسەرد، فەرید، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووهەمی جیهانی ئاکادێمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢

١٤- ئەیووب زادە، ئەیووب، لە ژ - ک وە بۆ کۆمار هەولێر ٢٠٠٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## تایبەتمەندییە سیاسی و کولتوورییەکانی گەلی کورد و پێویستیی تێپەڕین لە جەغزی مێژوویی




**مانێشت کوردستانی**

چوارچێوەی فکریی بەهاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕابردووی پڕ لە شانازی و کەسایەتییە خەباتکارە مەزنەکانی، هانی دام بەپێی توانای خۆم ئاوڕ لە هۆکارە مێژوویی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی کورد بدەمەوە کە سەرەڕای بەهای بەرزی مرۆییان، هەندێ جار هۆکاری نێگەتیڤ بوون لە گوتەزای سیاسی و یەکگرتوویی کوردەکان.

ئەوەی مەبەستمە بیپەرژێمە سەری، ئەو واقعییەتە مێژووییانەن کە پشتگوێ خستنیان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی کوردەکان لە ئامانجەکانیان و ڕێگرە لەوەی بە داخوازەکانیان بگەن.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم کۆمەڵە مرۆییەکان، هاوکاری و تەبایی لە پێویستییە سەرەکییەکان بووە و تەنیا لە سێبەری ئەو هاوکارییەی ئەندامانی کۆمەڵدا بووە کە نەزم و ئەمنیەت و دابینکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ مسۆگەر بووە.

هەر لە کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە ئامانجی بەردەوامی و مانەوەو گەیشتن بە داخوازەکان، پێویستیی پێناسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرخستوە و سەرەنجام دەسەڵاتی سیاسی پێکهاتووە پاشان ڕێکخراوی سیاسی و دەوڵەت دروست بووە، تا ئەوەی کە ئەمڕۆکە مرۆڤەکان دەوڵەتی مۆدێرنیان لە سەر بنەمای دێمۆکراسی و ئیرادەی کۆیی بنیات ناوە.

لەوانەیە زۆربەی کوردەکان ئاگاداری ئەوە نەبن یەکەم کۆمەڵی مرۆیی لە ناوچەی کوردستان و لە پێشینیانییانەوە سەری هەڵداوە. تا چەند دەیە لەمەوبەر ئەو گریمانەیە هەبوو کە یەکەم ئاخێزگەی کۆمەڵەی مرۆیی لە باکووری مێزۆپۆتامیا و باشووری ئاناتۆلی و نزیک ٨٠٠٠ تا ٨٥٠٠ ساڵ بەرلە ئێستا بووە. (بەو واتایەی کە هاتنەدەری مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان و پێکهاتنی گوندەکان و شارستانییەتە سەرەتاییەکان کە ئەزموونی نوێبوون لە ژیانی مرۆیی و هەنگاوی یەکەمی بیچم گرتنی شارستانیەتەکان بوون).

هەڵکەندنەکانی (گورین تەپە) لە کرماشان (باشووری رۆژهەلات) دەریانخست کە یەکەم کۆمەڵی شارستانی ٨٥٠٠ تا ٩٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە.

هەروەها هەڵکەندنەکانی تر لە پارێزگای کرماشان و لە (تەپەی گەنج دەرە)ی هەرسین دەریان خست کە شارستانیەتی مرۆیی ١٠٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار لەو ناوچەیە دەرکەوتوە و زۆرێک لە دەسکەوتەکانی شارستانییەت وەک چاندن و خۆماڵی کردنی ئاژەڵەکان لەو کاتەدا دروست بووە. سەرەنجام پاش دۆزینەوەی تەپەی گوندی (شێخ ئاوای دینور) لە پارێزگای کرماشان بوو کە رابردووی کۆمەڵە مرۆییەکان و شارستانیەت بۆ ١١٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەرێنرایەوە. واتە لە ناوچە کوردییەکان ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە یەکەم شارستانییەتی پێشتر ناسراو بە تایبەت لە ئاسیا و رۆژهەلاتی نزیک، شارستانیەتی مرۆیی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە گریمانەی ئەوە دەکرێ کە لە (تەپەی چغارگاوانە)ی ئیسلام ئاوای رۆژئاوا چاندنی دانەوێڵە بۆ ١٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

گرفت لەوەدایە خەڵکانێک کە میراتگری یەکەم کۆمەڵە مرۆییەکان و سەرقافڵەی شارستانیەت بوون، ئەمرۆکە نە تەنیا یەکگرتوو و تەبا نین تەنانەت لە نێوخۆیاندا زۆر پەرتەوازەن و بەشێکی بەرچاو لە هێز و وزەی خۆیان لە دووبەرەکی و دژایەتیی خۆیان بەکار دێنن.

پێویستە ئەوە بزانین یەکەم ئیمپراتۆری واتە یەکەم ڕێکخستنی سیاسی فرەنەتەوەی جیهان، ئیمپراتۆری مادەکان بووە کە کوردەکان دامەزرێنەری بوون.

سەرەڕای ئەو واقعیەتە مێژووییانە، ئێستاکە کوردەکان گەورەترین نەتەوەی جیهانن کە خاوەنی دەوڵەت و جوغرافیای سیاسی نین و بەداخەوە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراون.

دیاره دۆخی ئێستا بەرهەمی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی و مامەڵەی پشتی پەردەی زلهێزەکانە لەدوای جەنگی جیهانی. بەڵام پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ڕۆڵی کوردەکان چی بووە؟ کوردەکان پێش و دوای ئەو سەردەمە چ بوون و چییان کردوە؟ ئایا دوای جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنە گەورەیە دژی کورد، گشت ڕێگاکان داخراون و هیچ نەتەوەیەکی تر نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی وەدەست بێنێ؟ تەنانەت ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی؟ ئەگەر نەیتوانیوە هۆکاری چی بووە؟ بۆچی کوردەکان بەو مێژووە دێرینەوە نەیانتوانیوە وڵات و دەوڵەتی خۆیان بنیات بنێن؟ بۆچی دوای مادەکان تەنیا هیندێک حکوومەتی ناوچەیی لە هیندێک لە بەشەکانی کوردستان دورست بووە؟

بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری و کولتوورییەکانی کوردەکان و، پشتگوێخستنی ئەو تایبەتمەندییانە، ئاماژەیە بۆ نەبوونی زانیاریی پێویست لە مێژووی ئەو گەلەدا. ئەو تایبەتمەندییانە نەتەنیا خراپ نین بەڵکوو ئاماژەن بۆ ئەخلاقی بەرز و ڕەسەنایەتیی ئەو گەلە. تایبەتمەندیی وەک ڕۆحی سەربەخۆخوازی و چاولێنەبوون لە خاکی بێگانە کە هەرچەند لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە لە دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی و یەکگرتوو، لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتیی ئەو گەلە دەردەخا.

دەگوترێ هەرکەس بڕوانێتە داب و نەریتی کوردان لە سەدەکانی ڕابردوودا، وێنەیەک لە ژیان و داب و ئەخلاق و باوەڕەکانی زۆر کۆنتری ئەو گەلەی بۆ دەردەکەوێ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆحە سەربەخۆخوازی و ژیانە سەربەخۆیەی کوردەکان. تایبەتمەندییەک کە ئاوێتە بووە لەگەڵ دوو تایبەتمەندیی تاکەکەسی و ئەخلاقیی گرینگ واتە کەرامەت و جوامێری، و وایکردوە ئەو گەلە ڕوو لە کوێستان بکا بۆ ئەوەی هەم لە دەستدرێژیی بێگانە پارێزراو بێ و هەمیش ئەو کەرامەت و جوامێرییەکەی بپارێزرێ. هەروەها ئەو شێوازە لە ژیان وایکردوە کە کوردەکان هەرگیز هەوڵی ئەوەیان نەدابێ هەڵکوتنە سەر گەلانی دیکە.

گەلی کورد سەرزەوییەکەی لە ئاناتۆلییەوە تا باشووریترین ناوچەی زاگرۆس بۆخۆی پێناسە کرد کە بەزۆری بە شاخ و بەرزایی داپۆشراوە و بەردەوام لەو ناوچانە لە گەڕاندا بووە. جگە لە هێرشی تورکان کە کوردەکانیان لە هەمەدان و زەنجان و تەوریز بەرەو عێراق و سووریە پاڵ پێوەناوە، یان کۆچی زۆرەملێیان لە لایەن حکوومەتانەوە بەرەو خوراسان و بەلووچستان و کرمان و دیلمان، ئەو ناوچانە تەنیا ئیرادەی کوردیان بە سەردا زاڵ بووە.

ڕۆحی سەربەخۆی کوردان کە لە ناخیاندا جێگیر بووە، تەنانەت لە ژیان عەشیرەییشدا بووەتە هۆی گۆشەنشینیی ئەو گەلە.

کوردەکان سەرەڕای دەمارگرژییان بۆ ئەندامانی عێل و عەشیرەت، وەک پیاوی ماڵەوە دەردەکەوتن و ژیانی بەتەنیا لەگەڵ بنەماڵەکەیان (یان لەوپەڕی خۆیدا لەگەڵ عێلەکەیان) لە هەموو شتێک بۆ گرینگتر بووە. دیارە ژیانی عەشیرەیی یارمەتیدەری جێکەوتنی ئەو ڕوحە تەنیا و سەبەخۆیەی بووە.

یەکێک لە لێکۆڵەران باسی سێ تایبەتمەندیی کوردان دەکا کە بریتین لە:

١- پاراستنی ڕەسەنایەتی و شوناس،

٢- ژیانی جیاو سەربەخۆ لە یەکتر بە شێوەیەک کە هەرگیز نەچوونە ژێر ئالایەکی یەکگرتوو،
٣- کۆبوونەوە لەدەوری سەرۆک عەشیرەت و دەمارگرژی بە عێلی خۆیان.

ئەو تایبەتمەندییانە بوونەتە مایەی دووریی کوردەکان لە یەکتر و دروستبوونی چەندایەتی و جیاوازییە زاراوەیی و هەندێ جاریش بەریەککەوتنی دژوار لە نێوانیاندا، کە زۆر جاریش لەلایەن گەلانی ترەوە کەڵکی خراپیان لێوەرگیراوە.

عوسمانییەکان ناسناوی پاشایان بە سەرۆک عێلەکاندا و سەفەوییەکان ناسناوی سوڵتان، لەوبەریشەوە جافی مرادی و جافی جوانرۆیی دژی یەکتر دەجەنگان. ئینگلیز پاش گرتنەخۆی(قیمومیت) عێراق، بۆ بەدەستەوەگرتنی سنوور و شارێی بەغدا - کرماشان - تاران، عێلی کەلهوڕی دژی سەنجاوی هان دا و جەنگی لە نێوانیاندا وەڕێ خست. کە سەنجاوییەکانی لاواز بینی، زەنگەنەکانی دژیان هانداو.... ئەو دۆخە تا ئێستاش لە چوارپارچەی کوردستان بەردەوامە و حکوومەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بە سانایی دژی یەکتر بەکاریان دێنن.

دووبەرەکیی ئایینی و زاراوەیی لە بەشەکانی کوردستان یان ئەو پلانانەی ئەمدواییانە لە سۆشیال میدیا لەلایەن حکوومەتەوە بۆ جیاکردنەوەی لوڕ و لەک لە کورد و تەنانەت هاندانیان دژی ناوی کورد، درێژەی هەمان سیاسەتی ڕابردوویە.

لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕێژیم سەربازانی کورد بە شێوازێک بەسەر ناوچەکاندا دابەش دەکا کە هێزی بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگە لە کوردەکان خۆیان و بەتایبەت لە خەڵکی کرماشان و لوڕستان و ئیلام بن و زۆرجار بینراوە و قوربانیان هەر دوو لایەن لە کوردەکانن.

کوردەکان خەڵکانێکی بەسۆز و وەفادار بە بەڵێنەکانیانن تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت دوژمنەکانیان لە کاتی تەنگانەدا هانایان بۆ دەبەن. پلاندارێژی ئەنفال و قاتڵی کوردان، کاتێک کچەکەی لێی دەپرسێ دوای تۆ چی بکەین؟ وڵامی دەداتەوە کە پەنا بۆ کوردان بەرن کە زۆر جوامێرن! ئەو دەفەتانەی بۆ کورد پێکهاتوون, ئەگەر بۆ غەیرە کورد پێش هاتبان، لەوانە بوو بە باشی کەڵکیان لێ وەرگرتبا و بووبانە خاوەنی حکوومەت. بۆ وێنە ۲۰ هەزار ئەفغانی لە سەردەمی سوڵتان حوسێن سەفەوی بە بیانووی سکاڵا و نارەزایەتی دەربڕین وەڕێ کەوتن و شا فەرمانی کرد پێشیان پێ مەگرن تا خۆی گوێ لە قسەکانیان بگرێ، لە کاتێکدا لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئیسفەهان سەری شایان بڕی و حکوومەتی ئەفغانیان لە ئیسفەهان ڕاگەیاند. بەڵام ٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر و لە سەردەمی سەلجووقیەکان، بێوەی مەلیکشای سەلجووقی بۆ بەدەسەڵات گەیاندنی کوڕە شیرەخۆرەکەی چوو بۆلای کوردانی کرماشان و کەلهوڕو داوای یارمەتی لێکردن. کوردەکان بە سپایەکی ۱۵ هەزار نەفەری بە هانایەوە چوون و دەستیان بەسەر ئیسفەهاندا گرت کە پێتەختی سەلجووقیەکانیش بوو، بەڵام بەجێگەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە، بە پێی بەڵێنەکەیان مەحموودی شیرەخۆرەیان بەدەسەڵات گەیاند و خۆیان گەڕانەوە. جگە لە ژمارەیەکی کەمیان کە لە ئیسفەهان مانەوە و نەوەکانیان ئێستاش لە داوێنی کوێستانەکانی ڕۆژئاوای ئیسفەهان نیشتەجێن.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ناتوانرێ وێڕای پاراستنی جوامێری و کەرامەت، ئیرادەو ویستیش وەک تایبەتمەندییەکی ئەخلاقیی پۆزەتیڤ لە لایەن کوردانەوە بە گرینگ دانرابایە تاکو کۆتایی بە دۆخی کارەساتباری ئارایی کوردان هێنرابا؟ ئایا ناکرێ هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە ئەخلاق و مرۆڤایەتی، ئیرادەمان وەگەڕ خەین و لەو گۆشەگیری و پاسیڤ بوونە سەبارەت بە ستەمی تورک و فارس و عەرەب ڕزگاریمان بێ؟ وێدەچێ ئاوێتە کردنی بوێری و جوامێری و خەسڵەتە بەرزەکانی کورد لەگەڵ ئیرادەو غرووری کوردانە، بە ئامانجی گەیشتن بە لانیکەمی مافەکانی گەل لە جیهانی ئەمڕۆدا و بۆ بەرگرتن لە کوشتنی ڕۆڵەکانمان و هەروەها ناوزەد کردنمان وەک هاووڵاتیی پلە دوو کارێکی دژوار نەبێ و تەنیا پێویستیی بە ئیرادەی پتەو و هاوکاری و تەبایی بێ لە پەنا دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکان بێ. کوردەکان ناسراون بە سەربەخۆیی خوازی، بەڵام سەربەخۆیی خوازیی تاکەکەسی جیاوازە لەگەڵ سەربەخۆیی خوازی کۆیی و نەتەوەیی. تەنیا دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ، ئێمە نەتەوەیەکین و یەکگرتوویمان تەنیا و تەنیا بە سەربەخۆیی نەتەوەییمان بەدی دێ. ئەرکی هەموومان وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکە. بە خۆشیەوە بیر و زەینی نەوەی نوێ وشیار و ئامادەیە. ئەرکێک کە حیزبی دێمۆکڕات وەک خاوەن مێژووترین و سەرکەوتووترین ڕێکخستنی کوردی دەتوانێ ئەو ئەرکە وەئەستۆ گرێ، تا کۆتایی بەو بانگەشەیە بێنێ کە کوردەکان هەرگیز ناتوانن لە دەوری ئاڵایەک کۆ ببنەوە. ئەو تایبەتمەندییە بەرهەمی سیستەمی عەشیرەیی بووەو زۆربەی گەلان لەو قۆناغەدا بوون، بەڵام بە تێپەڕینی خێراتر و

یەکدەنگی و بە یەکخستنی تواناکانیان بە ئامانج گەیشتوون و ئێمەش پێویستە بە تەبایی و یەکڕیزیی ئەو قۆناغە تێپەڕێنین و بەرەو داهاتوویەکی گەشتر هەنگاو بنێین.

هەروەک باسمان کرد کوردەکان بەناوبانگ بوون بە پێڕەوی لە سەرۆکی عەشیرە و ئەورۆکە تەنیا یەک عەشیرە لە ناو کوردانداا بوونی هەیە و پێویستە هەموومان پێڕەوی لێ بکەین. ئەو عەشیرەیە ناوی "کورد"ە و سەرزەوییەکەی ناوی "کوردستان"ە، کە ناوی قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دوای ئەوان سەرۆکانی ئەو عەشیرەیەن و ئاڵای سێ ڕەنگ و خۆرنیشانی کوردستان هەموومان لێک کۆ دەکاتەوە. سەرۆکانی ئەو عەشیرەیە ناوی بەرزی پێشمەرگە شەهیدەکانن و هەمووان دەبێ بەتەواوی پێڕەویان لێبکەین و وەکوو نەریتێکی ڕاستەقینە ئامادەی گیافیدایی لە ڕێگایاندا بین.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستیە بکەم کە لە پێناسەو پۆلێنبەندیی سیاسیدا، گەلان دابەش دەبن بەسەر دوو حاڵەتدا و حاڵەتی سێهەممان نییە. بەو واتایە کە گەلان یان فەرمانڕەوان یان ژێردەستە. هەر بۆیە دەبێ گەلەکەمان لەو نێوانەدا یەکیان هەڵبژێرێ کە ئایا دەیەوێ خاوەن دەسەڵات و سەروەری خۆی بێ یان دەیهەوێ لە ژێر سەروەریی بێگانەدا بێ، دەیەوێ بەدواداچوون بۆ مافە بنەڕەتیەکانی خۆی بکا یان دەیەوێ میراتی چەند هەزار ساڵەی کوردان لەناو بەرن، لەبەر ئەوەی گومان لەوەدا نیە دوژمنانمان لە بۆسەی لەناوبردنمان دان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ٧٥ ڕووداوی دیار و گرینگی مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان




### کوردستان و کورد

١- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ز؛ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژ - کاف.

٢- ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی = ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب. نوێنەران لە ئاگرییەوە هەتا بۆکان لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

٣- ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٦ی دێسەمبەری ١٩٤٥ز؛ هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد،

٤- ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی = ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ز؛ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە میتینگێکی گەورەدا بە بەشداریی نوێنەرانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد. قازی محەممەد، پێشەوای حیزب هەر لەو میتینگەدا بە سەرکۆمار دیاری کرا.

٥- ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦ز؛ ئیمزاکرانی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا.

٦- ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٦ز؛ لەشکەرکێشیی شا بۆ مەهاباد و کۆتاییهاتن بە تەمەنی کۆماری کوردستان. لەشکری تاران پاش تەسلیمبوونی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، لە ٢١ی سەرماوەزدا شاری تەورێزی گرتبۆوە.

٧- ٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢١ی فێبریوێری ١٩٤٧ز؛ ئێعدامی ١١ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرۆک عەشیرەتەکانی فەیزوڵلابەگی و گەورەک لە شاری سەقز و ئێعدامی عەلی بەگی شێرزاد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان لە شاری بۆکان.

٨- ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ی هەتاوی = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ز؛ لە سێدارەدرانی قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و، چەند ڕۆژ دواتر، ئێعدامی چوار ئەفسەری سوپای میلیی کوردستان لە عێراق.

٩- زستانی ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی = ساڵی ١٩٥٢ز؛ سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە هەڵبژاردنی دەورەی ١٧ی مەجلیسی شوڕادا. ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشایەوە و ئیمام جومعەی تاران وەک نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس دیاری کرا، بێئەوەی کەس لە مەهاباد بیناسێ.

١٠- زستانی ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی = ساڵی ١٩٥٢ز؛ ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بەدژی زوڵم و زۆریی ئاغا و دەرەبەگەکان لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا. ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بە هاوکاریی لەشکری شا سەرکوت کرا.

١١- ٢٥ گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی = ١٥ی ئاگۆستی ١٩٥٣ز؛ پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە لە شاری مەهاباد بۆ پشتیوانی لە لابردنی شا کە هەڵاتبوو بۆ بەغدا. ٣ ڕۆژ دواتر لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی = ١٨ی ئاگۆستی ١٩٥٣ز؛ دا، شا بە دوای سەرکەوتنی کودیتای نیزامی بە دژی "موسەدیق"دا گەڕایەوە بۆ ئێران.

١٢- جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی = جوونی ١٩٥٥ز؛ پێکهێنانی یەکەم کۆنفڕانسی حیزب. لەم کۆنفڕانسەدا بڕیار درا حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ.

١٣- خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی = نوڤەمبەری ١٩٥٩ز؛ هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب، لەم هێرشەدا نزیک بە ٢٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە سەرانسەری کوردستانی ئێران گیران.

١٤- ٢٨ی خەزڵوەری ١٣٤٣ی هەتاوی = ١٩ی نوڤەمبەری ١٩٦٤ز؛ پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، ئەم کۆنگرەیە جۆرێک لادان لە ڕێبازی دروستی سەربەخۆیی حیزب بوو.

١٥- ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی = ٦٧ - ٦٨ز؛ ڕاپەڕینی چەکدارانە لە لایەن هێندێک لە کادرەکانی حیزب کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبیان پێک هێنابوو. ئەم ڕاپەڕینە خوێناوییە ١٨ مانگی خایاند و لە لایەن ڕێژیمی شاوە سەرکوتکرا و بەشی زۆری بەڕێوەبەرانی شەهید کران.

١٦- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٨ی هەتاوی = ١٥ی ئاگۆستی ١٩٦٩ز؛ کۆنفرانسی دووهەمی حیزب.

١٧- ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی = جانێویری ١٩٧١ز؛ دەرچوونی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. لەو کاتەوە تا ئێستا "کوردستان" ٧٨٠ ژمارەی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو بۆتەوە.

١٨- ٣١ی جۆزەردانی ١٣٥٠ی هەتاوی = ٢١ی جوونی ١٩٧١ز؛ پێکهاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب. ئەم کۆنفرانسە کۆنفرانسی یەکگرتنەوە و گەڕانەوەی حیزب بۆ سەر ڕێبازی ئووسولیی خۆی بوو.

١٩- ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب، پەسندکرانی پێڕەوی نێوخۆی تازەی حیزب و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی.

٢٠- ١٧ی جۆزەردانی ١٣٥٧ی هەتاوی = ٧ی جوونی ١٩٧٨ز؛ خۆپیشاندانی گەورە لە مەهاباد بەبۆنەی سێ ڕۆژانەی ناشتنی تەرمی کاک عەزیز یوسفی. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتری خەڵکی کوردستان بەدژی ڕێژیمی شا لە کوردستان بوو.

٢١- پاییزی ١٣٥٧ی هەتاوی = ساڵی ١٩٧٩ز؛ گەڕانەوەی بەشێک لە ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ نێو وڵات.

٢٢- ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی = ١٩ی فێبریوێری ١٩٧٩ز؛ گرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە یارمەتیی ئەرتەشییە شۆڕشگێڕەکان، ٨ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

٢٣- ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی = ٢ی مارچی ١٩٧٩ز؛ خۆپیشاندانی سەدهەزار کەسی لە ستادیۆمی وەرزیشیی مەهاباد. لەم خۆپیشاندانەدا حیزب تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕاگەیاند.

٢٤- نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢١ی مارچی ١٩٧٩ز؛ سازبوونی شەڕ لە سنە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ڕێژیمی تازە، دژی گەلی کورد و داخوازەکانی بوو.

٢٥- ٣١ی خاکەلێوی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٠ی ئەپریلی ١٩٧٩ز؛ تەقەکران لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە و سازبوونی شەڕێکی خوێناوی.

٢٦- ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٩ی ئاگۆستی ١٩٧٩ز؛ ڕاگەیاندرانی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد بە دوای شەڕ لە پاوەدا، قەدغەکرانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنی شەڕێکی سەرانسەری لە کوردستان کە بە شەڕی سێ مانگە ناوی دەرکردوە.

٢٧- ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ز؛ دەرچوونی پەیامی خومەینی لەسەر کوردستان، ئەو پەیامە بەکردوە بە مانای دانپێدانانی ڕێژیم بە شکستی خۆی و کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە بوو.

٢٨- ٢٨ ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەشداریی ٣١٠ نوێنەر لە مەهاباد. ئەم کۆنگرەیە پاش ٣٤ ساڵ یەکەم کۆنگرەی ئاشکرای حیزب بوو.

٣٠- ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٤ی مارچی ١٩٨٠ز؛ سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بۆ مەجلیسی شورای میللی لەو شوێنانەی کوردستان کە هەڵبژاردن بەڕیوە چوون.

٢٩- ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٨ی مارچی ١٩٨٠ز؛ دەستپێکرانی شەڕ لە کامیاران و شارەکانی دیکەی کوردستان کە بوو بە شەڕێکی سەرانسەری دژی گەلی کورد، شەڕێک کە ئێستاش درێژەی هەیە.

٣١- ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩ ی هەتاوی = ١٥ی جوونی ١٩٨٠ز؛ جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە حیزب (کە ٦ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون)، بە هاندانی حیزبی توودە.

٣٢- ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی = ١٧ی جوونی ١٩٨٠ز؛ دەست بەکارکردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران.

٣٣- ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی = ٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب. ئەم کۆنگرەیە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی پەسند کرد.

٣٤- ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٢ی جوونی ١٩٨٣ز؛ ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە.

٣٥- ٢ی ڕێبەندان ١٣٦٢ی هەتاوی = ٢٢ی جانێوێری ١٩٨٤ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب و پەسندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژ.

٣٦- ٢٦ تا ٣٠ی سەرماوەز ١٣٦٤ی هەتاوی = ١٧ تا ٢٠ی دێسەمبەری ١٩٨٥ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەم.

٣٧- ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٦ی ئاگۆستی ١٩٨٧ز؛ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەساڵرۆژی دامەزرانی حیزبدا لە سەر یەک چەند سەعات بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە توندترین شێوە بە تۆپ و کاتیوشا کوتا. لەم ئاگربارانەدا ڕێژیم لە تۆپی شیمیایی کەلکی وەرگرت.

٣٨- ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەم.

٣٩- ٢٣ تا ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٣ تا ١٩ی مارچی ١٩٨٨ز؛ زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەڵەبجە و سەیدسادق و خورماڵدا لەگەڵ بۆمبارانی شیمیایی لەلایەک و هێرشی بەربڵاوی نیزامی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق لە لایەکی دیکەوە بەرەوڕوو ببوون، بە ڕێپێوانێکی مێژوویی ڕزگار بوون.

٤٠- ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی = ٢١ی مارچی ١٩٨٨ز؛ جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاو لە کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی خۆیان لە ژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"دا.

٤١- خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = سێپتەمبەری ١٩٨٨ز؛ کوشتاری کەم وێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبینران.

٤٢- ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی = ١٣ی جوولای ١٩٨٩ز؛ تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن بە دەستی دیپلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ.

٤٣- ٢٢ و ٢٣ ڕەزبەری ١٣٦٨ی هەتاوی = ١٤ و ١٥ ئوکتوبەری ١٩٨٩ز؛ پێکهاتنی یەکەمین کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لە پاریس بە دەسپێشخەریی فڕانس لیبرتێ و ئەنستیتۆی کورد لە پاریس. ئەو کۆنفڕانسە بەبۆنەی تێکۆشانی زۆری دوکتور قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە دنیا و هەوڵە بەنرخەکانی ئەو نەمرە بۆ پێکهێنانی کونفڕانسی ناوبراو، پێشکێش بە یادی ئەو شەهیدە گەورەیە کرا.

٤٤- ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٨ی هەتاوی = ٣١ ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ز؛ ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە نۆتریش لە کۆبوونەوی خۆیدا بە تێکڕای دەنگی بڕیاری دا ڕێبەری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠، بە کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی بۆبێل بناسێنێ. چەندین شەخسییەتی خاوەن سەڵاحییەتی ئورووپایی بریتی لە ژمارەیەک پرۆفیسۆر، سەناتۆر و پارلمانتێر پشتیوانیی خۆیان لەو پێشنیارە ڕاگەیاند. ئەگەرچی خەڵاتی ئەو ساڵە بەر گورباچۆف کەوت، بەڵام هەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو یەکەمین کورد بوو بۆ ئەو خەڵاتە جیهانییە کاندیدا کرا و بە ڕاستییش شایانی بوو؛ بۆ حیزبی دێموکرات، گەلی کورد و خەڵکی ئێران جێگای شانازی بوو.

٤٥- ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی = ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٩١ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی نۆهەم (کۆنگرەی قاسملوو).

٤٧- ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ز؛ تێرۆری مێکونووس. لەم پەلامارە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات،

هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

٤٧- ٢٣ی ڕەشەمە ١٣٧١ی هەتاوی = ١٣ی مارچی ١٩٩٣ز؛ بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی و نەخۆشخانە ئازادی و ماڵ و مووچەی خەڵکی دەوروبەر لە بناری قەندیل لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە شەهیدبوونی چوار تێکۆشەری حیزبی بەدواوە بوو. ئەو بۆمبارانە سەرەتای هێرشی ئاشکرای نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و دەستێوەردانی بێ پەردەی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری ئەو بەشەی کوردستاندا بوو.

٤٨- ٢٣ تا ٣٠ خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی = ١٢ تا ١٧ی ئەپریلی ١٩٩٥ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزب (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب). ئەم کۆنگرەیە ڕێگای بۆ کەوتنەوەسەریەکی ڕیزەکانی حیزب خۆش کرد.

٤٩- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی = ١٦ی ئاگۆستی ١٩٩٥ز؛ یووبێلی زێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڕێوەچوونی زۆر ڕێوڕەسمی تایبەتی لە کوردستان و دەرەوی وڵات بەبۆنەی ٥٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان.

٥٠- ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٥ی هەتاوی = ٢٨ی جوولای ١٩٩٦ز؛ هاتنی هێزێکی دووهەزار کەسیی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە. ئەو هێزانە بۆ ماوەی ١٢ ساعەت بێ پسانەوە بە تۆپ وکاتیوشا و مووشک بنکەو ماڵەوکانی تێکۆشەرانی دێموکراتیان ئاگرباران کرد. کۆماری ئیسلامی بەو هێرش و دەستدرێژییە ئاشکرایە نەک هەر بە مەبەستەکانی کە لە نێوبردن و گرتنی تێکۆشەرانی حیزب، یان لانیکەم وەدەرنانیان لەو ناوچەیە بوو، نەگەیشت، بەڵکوو ڕیسواییەکی تەواوی بۆخۆی لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا، کڕی.

٥١- ١٩ تا ٢١ی خەرمانانی ١٣٧٥ی هەتاوی = ٩ تا ١١ی سێپتەمبەری ١٩٩٦ز؛ بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە ساڵۆنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورک کە لەودا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەندامی چاودێری خۆی هەڵبژێرارد.

٥٢- ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی = ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ز؛ ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی، ٧ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕانەوە، لە نیزیک شاری هەڵەبجە گرت و بە دەست و پێ بەستراوی تەحویلی ئەو ڕێژیمەیان دانەوە. سەرەنجام

لەژێر فشاری بیروڕای گشتی جیهانی و لایەنگرانی مافی مرۆڤدا کۆماری ئیسلامی دوای نیزیک بە ٨ ساڵ بێدەنگی کردن لە چارەنووسی ئەو گیراوانە، دانی بەوە دانا کە ٦ کەس لەوانی دوای تەحویل وەرگرتنەوە و دوای چەندین حەوتوو ئەشکەنجە و ئازاری لەشی و گیانی، ئێعدام کردوون.

٥٣- ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی = ٨ی جوولای ١٩٩٧ز؛ وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات. پاش ٩ ساڵ جیایی و لێکدابڕان، ڕیزەکانی حیزب یەکیان گرتەوە.

٥٤- ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی = ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ز؛ دادگای بێرلین پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوە و موحاکەمە کردنی تاوانبارانی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری حیزب و هاوڕێیانی لە ڕێستووڕانی میکۆنووس، دوابڕیاری خۆی ڕاگەیاند. دادگا لەو بڕیارە مێژووییەدا وێڕای بڕینەوەی سزا بۆ عامیلانی تیرۆرەکە، ڕێبەرانی پایە یەکی کۆماری ئیسلامیی بە سەرچاوەی تیرۆرەکان و وەک تاوانبار ناسی. بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگادا زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دونیادا لەگەڵ ڕیسواییەکی بێ وێنە بەرەوڕوو بوو.

٥٥- ١ تا ٥ی بەفرانباری ١٣٧٦ی هەتاوی = ٢٢ تا ٢٦ی دێسەمبەری ١٩٩٧ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر). ئەوە یەکەمین کۆنگرە بوو کە بەدوای یەکبوونەوەی ڕیزەکان حیزبدا پێک دەهات.

٥٦- ٤ تا ٦ سەرماوەزی ١٣٧٩ی هەتاوی = ٢٦ تا ٢٤ نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٥٧- ای خەزەڵوەری ١٣٨١ی هەتاوی = ٢٣ی ئوکتۆبەری ٢٠٠٢ز؛ بە بەشداریی ڕێبەران و نوێنەرانی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵە و ئەنجومەنی مرۆڤ دۆستی فەڕانسەیی و ئورووپایی، هەروەها بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەیان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کورد و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد، ئێرانی و ڕۆژئاوایی، لە ساڵۆنی "مارس"ی پارلمانی فەڕانسە، ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆرکردنی دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی بەڕێوەچوو.

٥٨- ای بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی = ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ز؛ بە بەشداری نیزیکەی هەزار کەس لە کورد و ئێرانییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە ناوچەییەکانی بێرلین و کەسایەتییەکان نیشتمانییەکان، پەردە لەسەر هێما (لەوح) بیرەوەریی

شەهیدانی تیرۆری میکنووس لادرا. ئەم هێمایە لەسەر بڕیاری شارەداری ناوچەی "شارلاتن بورگ" لە شوێنی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دانرا.

٥٩- ١٣ تا ١٧ پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی = ٣ تا ٧ جولای ٢٠٠٤ز؛ پێکهێنانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆیە. لەم کۆنگرەیەدا دروشمی بنەڕەتی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردوستان" ەوە گۆڕا و بوو بە "دابینکردنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا".

٦٠- لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی = ٩ی جوولای ٢٠٠٥ز؛ەوە کە خەڵکی مەهاباد بە دوای کوژرانی "شوانە سەید قادر" بە دڵتەزێنترین شێوە بەدەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ڕژانە شەقامەکان، زنجیرەیەک خۆپیشاندانی جەماوەری لە پێشدا لە مەهاباد دواتر لە شارەکانی پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، مەریوان، دیواندەرە ، بانە، سەقز و جوانرۆ، بۆ نارەزایەتی دەربرین دژی ڕەفتار و جینایەتەکانی ڕێژیم و هێنانە گۆڕێ ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوەچوو. دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندەران "قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات بوو. ئەم خۆپیشاندانانە لەگەڵ پەلامار و سەرکوتی درندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون و دەیان شەهید سەدان بریندارایان لێ کەوتەوە و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵک کەوتنە زیندان.

٦١- ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥ی هەتاوی = ١٣ی جوولای ٢٠٠٦ز؛ دا و بەبۆنەی حەڤدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدوڵرەحمان قاسملوو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نیشاندانی ئەمەگناسییان بەرامبەر بەو ڕێبەرە شەهیدە و هەروەها دەربڕینی نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوکان و بازارەکانیان داخست. مانگرتنی گشتیی سەرانسەری لە ساڵرۆژی تێرۆری ڕێبەری شەهید د.قاسملوودا، وەک شێوەیەک لە نارەزایەتیدەربرین، ساڵانی دواتر، چەند جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات بۆوە.

٦٢- ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦ز؛ لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکرات بەهۆی پاوانخوازیی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لە ئیدارەی تەشکیلاتیی حیزب و بێئاکام هێشتنەوەی هەوڵەکان بۆ چاکسازی تووشی لێکترازان هات.

٦٣- ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی = ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ز؛ دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ. دەست بەکاربوونی کوردکاناڵ شوێنی گرینگی لەسەر پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوونکردنەوەی

سیاسەتەکانی حیزب لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو.

٦٤- ١٦ - ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی = ٦ تا ١٤ی مارچی ٢٠٠٨ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات.

٦٥- ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی = ١٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ز؛ شەهید بوونی پۆلێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت. چوونەوەی ئەو دەستە پێشمەرگەیە بۆ نێوخۆی وڵات دەستپێکی قۆناغی نوێی چالاکیی پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات دوای زیاتر لە یەک دەیە ڕاگیرانی ئەو چەشنە جموجۆڵە نیزامییانە لەو فۆرمەدا بوو.

٦٦- ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی = ١٣ی مای ٢٠١٠ز؛ مانگرتنی سەراسەری لە کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسیی کورد کە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ لەدار درابوون. ئەم مانگرتنە لەسەر داوای سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی کوردستان بە سەرکەوتنەوە بەڕێوە چوو.

٦٧- ٢ تا ٨ی جۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی = ٢٣ تا ٢٩ی مای ٢٠١١ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٦٨- ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی = ٢٧ تا ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥ز؛ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامەتیی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست. ئەم کۆبوونەوەیەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە لواندا، پێتەختی ئانگۆلا گیرا.

٦٩- شەو زستان (یەلدای خوێناوی)ی ١٣٩٤ی هەتاوی = ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٥ز؛ تەقینەوەیەک لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی شەوی یەلدا، ٨٦ ساڵەی لەدایکبوونی د. قاسملوودا ڕووی دا. لەم ڕووداوە تێرۆریستییەدا ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوون.

٧٠- ١٧ تا ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی = ٦ تا ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٦ز؛ پێکهاتنی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٧١- ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی = ٩ی جانێوێری ٢٠١٨ز؛ کۆبوونەوەی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم کۆبوونەوەیە بووە بەردی بناغەی پێکهاتنی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران".

٧٢- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٨ز؛ پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم پەلامارە تێرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون.

٧٣- ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئێعدامی پۆلێک تێکۆشەری سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، بەڕێوە چوو.

٧٤- ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٨ز؛ نیکی هیلی، نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەتیدا ڕووداوی مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنایە بەر باس و داوای پێشگرتن بە سەرەڕۆییەکانی ئێرانی کرد.

٧٥- ١٩ تا ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی = ١٠ تا ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ز؛ کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ٧٥ شەهیدی ئەندامی ڕێبەری و فەرماندەر و جێگری فەرماندەر حیزب

## لە مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا




**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی**

**١- ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ ز؛ لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان و سەدری ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد.**

**٢- ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی = ٣٠ مارچی ١٩٤٧ ز؛ لە سێدارە دانی حەمە حوسین سەیفی قازی وەزیری بەرگری کوماری کوردستان، جێگری سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد.**

**٣- (بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٥) = نیسانی(١٩٦٦ز؛ شەهید بوونی سەدیق ئەنجیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات. لەباشووری کوردستان.**

**٤- ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی = ١٩٦٧ز؛ شەهید بوونی مەلارەحیم ویردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزب بە دەستی خەیانەت لە گوندی تەوێڵە شەهید کرا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.**

**٥- ٢٧ی بانەمەری ١٣٤٦ی هەتاوی = ١٧ی مای ١٩٦٧ز؛ شەهید بوونی باپیرشکاک(نحۆ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی**

گۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات بەدەست هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەلماس لە خڕەعەجەم.

٦- ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی = ١٩٦٨ز؛ شەهید کردنی دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان. بەهۆی تیرۆر لە باشووری کوردستان شەهید دەکری.

٧- ٣٠ی جۆزردانی ١٣٤٧ی هەتاوی = ٢٠ی جوونی ١٩٦٨ی ز؛ شەهید بوونی عەولا موعینی ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز کۆنگرەی دووهەم، لە نزیک گوندی قالوێی ناوچەی گەورکی موکریان لە تێکهەچوون لە گەڵ هێزەکانی هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران.

٨- ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی = ٢ی مای ١٩٦٨ز؛ شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب سمائل شەریف زادە لە گەڵ چوار هاوڕێی دیکەی، لە نزیک گوندی"دارینە"ی ناوچەی بانە بەدەست ڕێژیم پەهلەوی.

٩- ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی = ١٥ی مای ١٩٦٨ز؛ شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب سولەیمان موعینی بە دەست سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عێراق لە دیلمان.

١٠- ١١ی خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٨ز؛ لەسێدارە دانی شاعیرو تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب مەلا ئاوارە (ئەحمەد شەڵماشی) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١١- ٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی مارچی١٩٧٣ز؛ شەهید بوونی قادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات کە بۆ کارێکی تەشکیلاتی سەردانی شاری بانەی کردبوو لە نیو شاری بانە بەهۆی دەستڕێژی خۆفرۆشێک.

١٢- بەهاری ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی = ١٩٧٣ز؛ شەهید کردنی ئەحمەد توفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) کەسایەتی یەکەمی کۆنگرەی دووهەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ئازارو ئەشکنجەی کاردەدەستانی ڕێژیمی بەعسی عێراق.

١٣- ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ز؛ تیرۆری سەرگورد حەبیبوڵا عەبباسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی شوورای نیزامی حیزب لە شاری مەهاباد، بە دەست بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە مەهاباد.

١٤- ٢١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی = ١٢ی دێسەمبەری ١٩٨١ز؛ شەهید بوونی سەروان ئەحمەد جاوید فەر(کاک هەژار) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکرات، فەرماندەری هێزی شەهید پێشەوا. بە کەوتە بەرپریشکی گۆلە تۆپی دوژمن لە ناوچەی بانە.

١٥- ٢٨ی بانەمەری ١٣٦٣ی هەتاوی = ١٨ی مای ١٩٨٤ز؛ شەهید بوونی عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، ئەندامی ناوەندی ئاژوان بۆ سەرپەرستیی کاروباری حیزب لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٦- ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٠ی مارچی ١٩٨٥ز؛ شەهید بوونی سەدیق فەرۆخیان ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار. لە هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٧- ٩ی پووشپەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٣٠ی جوونی ١٩٨٥ز؛ شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلییار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ٦ی و جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات حیزبی دێموکرات لە بانە، لە شەڕێکی قارەمانانەی لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بانە.

١٨- ١٥ی رەزبەری ١٣٦٤ی هەتاوی = ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥ز؛ لەسێدارە دانی شەهید تەها حەق تەڵەب ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، رووناکبیرێکی پێگەیشتوو و ئازا و خەباتگێر. لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران.

١٩- ٣ی سەرماوزی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٨٥ز؛ لەسێدارە دانی بەندی سیاسی شەهید کەماڵ دەباغی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتەی ئاژوان و بەرپرسی راستەوخۆی شارستانی کرماشان.

٢٠- ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ی هەتاوی (٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦ز) شەهید بوونی عەبدولحەکیم رەزایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەڕێکی قارەمانانە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز.

٢١- ٢٠ی بەفرانباری ١٣٧٨ی هەتاوی = ١٠ی جانێویری ١٩٨٨ی؛ تیرۆری و شەهید کردنی سەید رەسووڵی بابی گەورە (سەید رەسووڵ دێهقان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەم، فەرماندەری لیوەشاوەی هیزی نیزامی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، لەگەرەکی هەوارەبەرزەی بەدەست چەند چەکداری نەناسراو لە شاری سلیمانی.

٢٢- ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی = ٢٨ی جوونی ١٩٨٨ز؛ شەهید بوونی سەدیق فیرۆزی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی مەڵبەندی ١ی وبەرپرسی کۆمیتەی کرماشان لە شەرێکی نابەرانبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی کامیاران.

٢٣- ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی = ١٣ی جوولای ١٩٨٩ز؛ تیرۆری شەهید دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو سکرتیری گشتی حیزبی دێموکرات لە دانیشتن لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی بۆ چارەسەری ئاشتیانە مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان. لە ڤییەن پێتەختی ئۆتریش.

٢٤- ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی = ١٣ی جوولای ١٩٨٩ز؛ تیرۆری شەهید عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرە حەوتەمی حیزب، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتی حیزب لەڤییەن ئۆتریش.

٢٥- ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٨ی هەتاوی = ١٨ی جانێویری ١٩٩٠ز؛ لەسێدارە دانی رەشاد حوسێنی ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی رێبەرایەتی شۆرشگیر، بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی مەڵبەندی ١ لە شاری سنە.

٣٢- ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی = ١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ز؛ تیرۆری عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەم رێبەرایەتی شۆرشگیر، لە قونیە - تورکیە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢٦- ١٠ی جۆزەردانی ١٣٧١ی هەتاوی = ٣١ی مای ١٩٩٢ز؛ تیرۆری شەهید شاپوور فیرۆزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی رێبەرایەتی شۆرشگیر لە لایەن کۆماری ئیسلامیی لە شاری رانیە.

٢٧- ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ز؛ تیرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە لایەن ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریستورانی میکوونوس بێرلینی ئالمان.

٢٨- ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ز؛ تیرۆری شەهید فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی دەرەوەی وڵات لە بێرلین - ئاڵمان.

٢٩- ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ز؛ تیرۆری شەهید هومایوونی ئەردەلان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئالمان.

٣١- ١٣ی گەلاوێژی ١٣٧٣ی هەتاوی = ٤ی ئاگۆستی ١٩٩٤ز؛ تیرۆری شەهید غەفوور هەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە نۆهەمی حیزبی دێموکرات، و نوێنەری حیزب لە شاری بەغدا لە عێراق.

٣٠- ٧ی رەزبەری ١٣٧٣ی هەتاوی = ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٩٤ز؛ شەهید بوونی عەبدوڵڵا شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتە شارەستانی مەهاباد لە ناوچەی گەورکی مەهاباد لە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی.

٣٣- ١٧ی سەرماوزی ١٣٧٦ی هەتاوی = ٨ی دێسەمبەری ١٩٩٧ز؛ تیرۆری شەهید مەنسور فەتاحی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ٩ی حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پاوە. بە هۆی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە دوکان بریندار و لە نەخۆشخانە حیزب لە کۆیەی باشووری کوردستان.

٣٤- ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی = ١١ی ئاگۆستی ١٩٨٨ز؛ شەهید بوونی عوسمان فەتاحی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکرات رێبەرایەتی شۆرشگێر. بەهۆی شەڕی ناوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

٣٥- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ برایم برایمی ناسراو بە برایم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

٣٦- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ نەسرین حەدداد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە... لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

٣٧- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ کەریم مەهدەوی ناسراو بە کەریم سەقزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە... لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

٣٨- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ ڕەحمان پیرۆتی ناسراو بە میرزا ڕەحمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە... لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

٣٩- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ سوهەیلا قادری ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە... لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

٤٠- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ هاشم عەزیزی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شانزدە... لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

٤١- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ز؛ محەممەد حەسەن پوور ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا.

## شەهیدانی: فەرماندەر و جێگری فەرماندەر

٤٢- ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ١٦ی جووڵای ١٩٤٦ز؛ شەهید بوونی محەممەد نانەوازادە یەکەمین فەرماندەرو جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان ناوچەی بانە.

٤٣- ١٣ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی = ٤ی جووڵای ١٩٨٠ز؛ شەهید بوونی سەرۆان عەبدوڵڵا ئەفشین فەرماندەری هێزی بەیان لە نزیک گوندی شیناوی بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژیم،

٤٤- ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی = ١٣ی جوونی ١٩٨٠ز؛ شەهید بوونی ئیبراهیم بەهرام پوور فەرماندەری هێز لە گوندی گڵە سوورە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم.

٤٥- ١٩ی ڕەزبەڕی ١٣٦٠ی هەتاوی = ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ز؛ شەهید بوونی مەحموود ڕەحمەت پوور جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆ، بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم - لە کێلەشین.

٤٦- ٢٠ی ڕەزبەڕی ١٣٦٠ی هەتاوی = ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ز؛ شەهید بوونی سەروان حاتەم(دوعاخان) فەرماندەری هێزی نحۆ بە هۆی شەڕ لە گەڵ قیادە - لە کێلەشین.

٤٧- ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٦١ی هەتاوی = ١٥ی جوولای ١٩٨٢ز؛ شەهید بوونی ئەسعەد سولەیمانپوور جێگری فەرماندەری هێز، لە سەقز بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم.

٤٨- ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٦١ی هەتاوی = ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٨٢ز؛ شەهید بوونی حیسام ئەسعەدی فەرماندەری هێزی زرێبار، لە نزدیک ئاوای بێساران و سەرهویەی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان بە گولەی هێزی سەرکوتگەری ئێران.

٤٩- ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٣ی ئەپریلی ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی عەلی پیرۆتی جێگری فەرماندەری هێز، بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم لە گوندی چارشێویە سەر

٥٠- ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٣ی ئاگۆستی ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی ڕەسووڵ ئیبرایم پوور جێگری فەرماندەری هێزی موعینی. لە گوندی بەردەسوور بە هۆی شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە)

٥١- ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی مەزەفەر تابیعی جێگری فەرماندەری هێز، بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم لە گوندی میرئاوا.

٥٢- ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی ئیقبال کەریم نژاد فەرماندەری هێز، بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕێژێم لە گوندی میرئاوا.

٥٣- ١٨ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی ئەسعەد مامەدی جێگری فەرماندەری هێز، لە گوندی شنەتالا، بە هۆی تیرۆری بە کریگیراونی کۆماری ئیسلامیی.

٥٤- ٢١ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی سابیر حوسێنی جێگری فەرماندەری هێز، بە هۆی شەڕ لەگەڵ رێژێم لە گوندی چنارە.

٥٥- ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٢ی هەتاوی = ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی عوسمان دادخاه فەرماندەری هێزی بەیان، شەڕ لەگەڵ رێژێم لە گوندی کێلە چەرمووو.

٥٦- ٥ی سەرماوەزی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣ز؛ شەهید بوونی قادر ئیفتخاری فەرماندەری هێز ئاوارە، یەکێک لە گەورەترین عەمەلیاتەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

٥٧- ٣٠ی رێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ١٩ی فێبریوێری ١٩٨٤ز؛ شەهید بوونی محەممەد زۆلفە قادری جێگری فەرماندەری هێز، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی قەرەناو.

٥٨- ١٧ی جۆزەردانی ١٣٦٣ی هەتاوی = ٧ی جوونی ١٩٨٤ز؛ شەهید بوونی فەقی عەبدولا محەممەدی فەرماندەری هێزی زمزیران، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پشتی گوندی چوالان.

٥٩- ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٦٣ی هەتاوی = ١٣ی جوولای ١٩٨٤ز؛ شەهید بوونی محەممەد ئەمین بارام میرزا (چرچە) فەرماندەری هیزی بەیان، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی رێژێم لە شارویران - مەهاباد.

٦٠- ٩ی بانەمەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٩ی ئەپریلی ١٩٨٥ز؛ شەهید بوونی قاسم محەممەد پوور(باقی) فەرماندەری هێزی پێشەوا، بەهۆی شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە) باغلووجە.

٦١- ٦ی جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٧ی مای ١٩٨٥ز؛ شەهید بوونی ئیبراهیم شێخاڵی فەرماندەری هێزی نحۆ، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شیمال کوردستان.

٦٢- ٩ی جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٣٠ی جوونی ١٩٨٥ز؛ شەهید بوونی عەبدوڵا زەبیعی (میرزا عەوڵای نێشکۆڵان) جێگری فەرماندەری هێزی موعینی، شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە) لە سەرشیوی مەریوان.

٦٣- ٣١ی خەرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٥ز؛ شەهید بوونی عومەر قەیتەران فەرماندەری هێزی ئەفشین، شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەرگول.

٦٤- ٢ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨٥ز؛ لە سێدارە دانی شەهید خەلیل زارعی فەرماندەری هێز، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری کرمانشان.

٦٥- ٢٢ی بەفرانباری ١٣٦٤ی هەتاوی = ١٢ی جانێوێری ١٩٨٦ز؛ شەهید بوونی عەبباس ئەکرەمی جێگری فەرماندەری هێز، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئەورەزاق.

٦٦- ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٨ی جوولای ١٩٨٧ز؛ شەهید بوونی سالار ئیبراهیمی جێگری فەرماندەری هێزی زاگرۆس، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەژن و سێویە.

٦٧- ٩ی رەزبەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی = ٢٩ی سپتامبری ١٩٨٧ز؛ شەهید بوونی خدر خدری (خدرە سوور) فەرماندەری هێزی پێشەوا، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەرەغە.

٦٨- ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی = ١١ی ئاگۆستی ١٩٨٨ز؛ شەهید بوونی سەلیم کاویان بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بانە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەید سارم.

٦٩- ١٨ی رەزبەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی = ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ز؛ شەهید بوونی ئەحمەد کوهگەرد(وەستا ئەحمەد) فەرماندەری هێز، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاقڵاوا.

٧٠- ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١ز؛ شەهید بوونی حوسێن عەلی پوور(حەسۆ) جێگری فەرماندەری هێز سامرەند، خووییان، عێراق بە هۆی تەقینەوەی ماشین.

٧١- ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٧٢ی هەتاوی = ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩٩٣ز؛ شەهید بوونی شارۆخ مرادی فەرماندەری هێزی شەریفزادە، لە گوندی ناوتاڤان بە هۆی تەقینەوەی مینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

٧٢- ٢٧ی رەزبەری ١٣٧٣ی هەتاوی = ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ز؛ شەهید بوونی هەمزە بێهنام فەرماندەری هێز ئاگری، بەهۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی نۆووی مەرگەوەڕ.

٧٣- ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٧٨ی هەتاوی = ١٣ی جوونی ١٩٩٩ز؛ شەهید بوونی محەممەد مستەفایی(نارستی) فەرماندەری تیپ، بە هۆی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆیە.

٧٤- ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی = ١٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ز؛ شەهید بوونی هەمزە عەبدوڵڵاهی(سارتکەیی) جێگری فەرماندەری تیپ و هاوڕێیانی بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی گردینە.

٧٥- ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٦ی مارچی ٢٠١٨ز؛ تیرۆری قادر قادری کادر و فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ و، لە میحوەری بالیسان - چوارقوڕنە باشووری کوردستان دراوە بە دەسڕێژی تیرۆریستان و شەهید کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شەهید، کتێبی نیو سەدە تێکۆشان - مامۆستا حەسەنزادە

خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی = ١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی

## بەشێک لە پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان

## بۆ یوبیلی ئەلماسی حیزبی دیموکراتی کوردستان




---

### یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان




**بەڕێز حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

**سڵاوێکی گەرم!**

**بەبۆنەی "حەفتا و پێنجەمین" ساڵوەگەڕی دامەزراندن و" یۆبیلی ئەڵماسی" حیزبە تێکۆشەرەکەتان، پیرۆزبایی لە سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کەسوکاری شەهیدان و تەواوی پێشمەرگە و ئەندامەکانتان دەکەین.**

**یوبیلی ئەڵماس**

دیارە لە مێژووی خەباتی پڕ سەروەری، حیزبی دێموکرات سەرباری ئاستەنگ و دژواری و ڕێگەی خەبات، دەستکەوتی گەلێک مەزنی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدەست هێناوە، لەم پێناوەشدا، هەر لە سەرەتاوە ڕێبەرانی حیزب سەرقافڵەی کاروانی شەهیدانیان گرتوە. کە پێشەوا قازی، شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید سادق شەرەفکەندی نمونەی هەرە دیار و بەرجەستەی تێکۆشانە مەزنە بوون.

جێی بایەخە کە یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکرات لە زۆر وێستگەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگەیەتیدا هاوکار و پشتیوانی یەکدی بوون، کە ئەم دۆستایەتی لە فکری پڕ حکمەتی سەرۆک مام جەلال و شەهید دوکتور قاسملووەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە جێ پەنجەی بەسەر نەخشی زۆر ڕووداوی سیاسییەوە هەبوو.

دوبارە ئەم یادە پیرۆزە دەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان.

لەگەڵ ڕێزدا.

سالار سەرحەد خەلیفە یونس

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانی

بۆردی پەیوەندییە کوردستانییەکان

## پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بەبۆنەی هەفتاو پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوە بەڕیزان بنەماڵەی شەهیدان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەکەین و ئاواتە خوازین کە تێکۆشانی گەلی کورد لە داهاتوویەکی نزیکدا بگاتە ئامانج و ئەو یادە لە وڵاتێکی ئازاددا پیرۆز بکەین.

بەڕێزان بێگومان لەو هەفتاو پێنج ساڵەدا نرخی زۆر گەورە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا دەستبەر بوون کە بوون بە بەشێک لە مێژووی پڕشکۆی گەلی کورد. هەزاران شەهید هەر لە پێشەوای نەمرەوە بگرە هەتاکوو کەسانی بلیمەت وکوو کاک جەلیلی گادانی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆچکردنی داغداری کردین بوون بە ئیلهام بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادیی وڵاتەکەماندا. جێی خۆیەتی کە پێکەوە بەڵێنی درێژەپێدانی ئاوات و داخوازەکانی ئەوان بدەین و بەو شێوەیە یادی خەبات و تێکۆشانیان بەرز ڕابگرین.

جارێکیتر ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ئێوە پیرۆز دەکەین و ئاواتەخوازین ئەم چەشنە بۆنانە ببنە هەوێن و بەستێنی یەکریزی و یەکگرتنی هەموو تێکۆشەرانی خەبات و هەڵمەت لەپێناوی ڕزگاری گەل و نیشتمانماندا.
بەهیوای ڕۆژانی ئازاد.

هاوسەرۆکایەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک)

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران




**بۆ بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**وێڕای سڵاوی گەرم!**

**بەبۆنەی یادەوەریی ٧٥هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانتان دەکەین. یادی زیاتر لە ٧ دەیە خەبات و تێکۆشان و چالاکیی ئێوە وەکوو حیزبێکی بە ئەزموون، لە دەروون و مێژووی نەتەوەکەماندا هەرمانە.**

**لە سەردەم و بارودۆخە نوێیەدا، پێویستیی یەکیەتی و پاراستنی یەکریزی کە یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی حیزبە هەڵسووڕاوەکەتان بووە، زیاتر لە جاران خۆ دەنوێنێ. دڵنیاین بەپێی ڕەوت و کارنامەی پێشووتان، گرینگایەتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە کە لای ئێوەش پڕ بایەخ و هەستپێکراوە دەدرێ و هیوادارین هەموومان، بە کۆدەنگییەوە بەرەو پێشی ببەین.**

**جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە، هیوادارین حیزبە خەباتگێڕەکەتان شێلگیرتر و سەرکەوتووتر لە جاران، لە پێناو و لە ئاراستەی ئامانجەکانی گەلی کورد و مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی تێکۆشان بکا و بە هەوڵێکی هەمەلایانە، داهاتوویەکی گەشاوە بێنێتە دی.**

**لەگەڵ ڕێزدا.**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

## حیزبی شیوعی کوردستان




بەڕێز سکرتێری گشتی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

لەگەڵ سڵاو!

بەبۆنەی (٧٥)مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی ئەو یادەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ کە یادی (٧٥) ساڵەی دامەزراندنی دەکەنەوە، درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە لەپێناو مافی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و، ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری لە کاروانی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی هەبووە؛ لەم ڕێگایەشەوە قوربانی و شەهیدی زۆری پێشکەشی گەلی کوردستان کردوە.

هیوادارین ئەم یادە ببێتە مایەی زیاتری یەکریزی هێز و لایەنە سیاسیەکان لەپێناو بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجە ڕەواکاندا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینەی هەردوولامان دەکەینەوە.

دووبارە پیرۆزباییمان قبول بفەرموون.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**مەکتەبی سیاسی**

**حیزبی شیوعی کوردستان - عێراق**

---

## یەکێتیی دێموکراتی کوردستان




**بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

**وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامی پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچانی هەیە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەسپاندنی دیموکراسی لە ئێراندا، هەزاران شەهید و قوربانی لەو پێناوەدا بەخشیوە بە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و لە ئێستادا مێژووی حیزبی دیموکرات، مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیک و ئازادیخوازانەی کوردە لە ئێراندا و شایانی ڕێز و پێزانینە.**

**وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان، بە بیرهێنانەوەی دۆخی ناوچەکە و ئێران و تایبەت کوردستان بە گشتی، هیوای ئەوە دەخوازین کە بۆ بەهێزبوونی هەڵوێستی نەتەوەیی و هەبوونی قورسایی خەباتی کورد لە ئێران، هەوڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی نوێی دوای یووبیلی ئەڵماس و دڵی دۆستان و ئازادیخوازان و گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاد بکەن.**

## یوبیلی ئەڵماس

جارێکی تر یووبیلی ئەڵماسی ٧٥ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان لێ پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**یەکێتیی دێموکراتی کوردستان**

---

## حیزبی ڕزگاریی کوردستان




بەڕێز، خالیدی عەزیزی!
بەڕێزان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سلاوێکی گەرم!

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان پڕ بەدڵ پیرۆزبایی یۆبێلی ئەلماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەفتەری سیاسی و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین.

بە هیوای سەرکەوتن لە خەبات و تێکۆشانتان و ئومێدەوارین ئەم یادە شکۆدارە ببێتە هەوێنی یەکریزی و هاوئاهەنگی لە خەبات و ڕێکخستنەوەی نێومالی کورد کە ئێستا زەروورەتێکی حەتمییە لە هەمبەری هێرشی نارەوای فاشیستی تورک و ڕێژیمی پەت و سێدارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

حیزبی ڕزگاری لە هەوڵی پتەوکردن و توند و تۆڵکردنی پەیوەندیەکانمانین لەگەڵ حیزبە تێکۆشەرەکەتان.

دەستەی سەرۆکایەتیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان

---

## پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان




بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوێکی گەرم!

بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٧٥ ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی نەپساوە و فیداکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یوبیلی ئەڵماس، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان لە بەڕێزتان و سەرکردایەتی و تەواوی کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانتان دەکەین.

دیارە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنجامی هەلومەرجێکی بابەتی و خۆیی وەک پێداویستییەکی ئەو قۆناغە، بوو بە مایەی شانازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، توانی ببێتە خاوەنی حکومڕانییەکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا. مێژووی ٧٥ ساڵ لە خەبات و تێکۆشان و ئەزموونی سەختی ئەو ڕۆژگارانە پێمان دەڵێ کە شارێگا بۆ سەرکەتن و گەیشتن بە مەنزڵگە و وەدەستهێنانی کوردستانێکی ئازاد و دێموکرات و حکومڕانییەکی کوردانە تەنها و تەنها بە یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی و پشت ئەستور بە خەڵکی کوردستان فەراهەم دەبێ، بەمەش لە لایەن دۆستان پێگەی بەرزتر بۆ دوژمنانیش بەهێزتر دەبێ. جێگای ئاماژەیە بڕیاری دوا کۆنگرەتان ئەو پەڕی ئازایەتی و بوێریە بۆ هەنگاوانی یەکگرتنەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خواست و پێداویستییەکی سەرەکی قۆناغەکەیە.

گومان نییە کە ناوچەکە بە گشتی لەبەردەم چاوەڕوانی گۆڕانگاری گەورەدایە کە نیشتمانی ئێمەش لەم پێشهات و هاوکێشەیە بەدەر نییە. بۆیە پێویستە لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی تێکۆشاندا ئامادەسازی بکرێ و بەرنامەوە پلانی گونجاو بگیرێتە بەر کە لەگەڵ هەلومەرجی نێودەوڵەتی هاوتەریب بێت و بتوانرێت ڕووداو گوڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی نیشتمان و خواست و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکرێت.

جارێکی تر بەم بۆنە شکۆدارەوە، ئێمە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان ڕادەگەیەنین و جەخت لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوانمان دەکەینەوە، ئۆمێدوارین لە پێناو بەرژەوەندیی گەل و نیشتماندا پەیوەندییەکەمان زیاتر پێش بخەین.

هەر سەرکەوتوو و سەرفرازبن.

لەگەڵ ڕێزماندا
پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

## حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان




بەڕێز، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم،

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، یادی ٧٥ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات دەکەین و ئومێدەوارین یوبیلی ئەڵماس دەرفەتێکی دیکە بێ بۆ یەکڕیزی و بەرەو پێشبردنی خەبات لەپێناو وەدیهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.

حیزبی دێموکرات، وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵکی کوردستانە و لەمێژووی دامەزراندنیەوە حیزبێکی کاریگەربوو، لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بوو، یەکەمین کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئاوا کرد، لەپەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و ڕێکخراوەیدا، لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، پێشەنگ بووە. ئێستاش وەک حیزبێکی بە ئەزموون، خاوەن تایبەتمەندی لەمەیدانی سیاسیدایە.

لەکاتێکدا، کە بە ڕێزەوە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دیموکرات یاد دەکرێتەوە، کوردستان و ناوچە پێی ناوەتە قۆناخێکی دژوار و ناهەموارەوە، سەرەڕای زیادبوونی مەترسیی کۆرونا ڤایرەس و لێکەوتەکانی، هەڵکشانی ململانێی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەلایەک و پەرەسەندنی سیاسەتی فراوانخوازی هێزە ئیقلیمیەکان لە لایەکی تر ئارامی و ئاسایشی ناوچەیان خستۆتە بەردەم ئەگەری نادیارەوە. بۆیە لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی داوا دەکرێ، دەرگا بەڕووی ناکۆکییەکان دابخەن، لە کێشە و ئاریشە لاوەکی و ناوەکییەکان دوور بکەونەوە زیاتر لا لە ئەرکی هاوبەش و

پرسی بنچینەیی بکەنەوە.

هەر لەو پێوەندەدا، جارێکی دیکە جەخت لە پێویستیی پتەوکردنی پەیوەندیی لە نێوان حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە.

لە یوبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا،

سڵاو لە گیانی پاک و بێگەردی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی یەکەمین کۆماری دێموکراتی کوردستان و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

---

## بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان




بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
لەگەڵ سڵاو!

بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین.

## یوبیلی ئەڵماس

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا دامەزرا کە بووە پێشڕەوی تێکۆشان و گەلەکەمانی گەیاندە کاروانی تێکۆشانی گەلانی ژێردەستە و مافخوراوان و مێژووی تەمەنی گەواهیدەری قوربانی بێشوماری حیزبی دێموکرات لە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی لە پێناو ئازادی و سەربەستی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شانازییەوە لە ڕێگای خەباتی پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی و تەواوی شەهیدان خۆڕاگرانە درێژەی بە کاروانەکە دا لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
جارێکی دیکە پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین و جەخت لە پەیوەندیەکانی نێوانمان دەکەینەوە.

مەکتەبی سیاسی

بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان

---

## پارتی سەربەخۆیی کوردستان




بە ناوی کوردستانی گەورە!

بەڕێز: هەڤاڵانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە بۆنەی ٧٥مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات. گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو تێکۆشەرانی

ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەکەین.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە سەر بنەمای گوتار و هزری نەتەوەیی هەوڵ دەدا پەیوەندییەکی دۆستانە و برایانە لە پێناو بەرژەوەندیی گەلەکەمان لەگەڵ هەموو هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک بخا و هەوڵمان یەکڕیزی نێو ماڵی کوردە و هیوادارین بە خەمخۆریی هەموو لایەکمان ئەو تەباییە بێتە ئاراوە.

لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان لە ناخی دڵەوە پێشکەش بە هەموو خوشک و برایانی تێکۆشەری ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان لە گشت بوارێکدا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

١١ - ٨ - ٢٠٢٠ زایینی

---

## پارتی سەوزی کوردستان




بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوێکی ژینگە دۆستی!

بەبۆنەی(٧٥)مین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەناوی سەرجەم ئەندامانمان

**یوبیلی ئەڵماس**

**لە پارتی سەوزی کوردستان جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، خوازیارین ئەم بۆنە پیرۆزە بێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی ناوچەکە.**

**بێگومان حیزبە تێکۆشەرەکەتان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە خەباتی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی و ژینگە پارێزیدا. دوبارە پیرۆزباییمان قبوڵ بفەرموون بە هیوای سەرکەوتن.**

**مەکتەبی سیاسیی پارتی سەوزی کوردستان**

**٢٢ - ٨ - ٢٠٢٠**

---

## پەیامی پیرۆزبایی "لویس ئایالا"، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست




**بە بۆنەی یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات**

**بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**هەڤاڵە بەڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**بەختەوەرم کە بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی پلاتفۆرمی سیاسیی هاوبەشی گەلی کورد، پیرۆزبایی گەرمی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست پێشکەشی ئێوە بکەم. ئەمڕۆ لە بیری هاوبەشماندا، یادی دامەزرێنەران، لەگەڵ هەموو ئەو**

کەسانەی کە دواتر گیانیان لێ ئەستێندرا، وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی کە لە کاری ئینتێرناسیۆنالەکەماندا بەشدار بوون، لەگەڵ ئێمەن.

ئەو بیرۆکە، بەها و پرەنسیپیانەی کە ئەوان بڕوایان پێ بوو و کە ئەمڕۆ گەلی کورد بڕوای پێیانە، لە نێو ئێوەدا زیندوون. قوربانیدانەکانی دوێنێ و خەباتی هەنووکەیی ئێوە بەشێک لە ئاجێندای جیهانی بۆ دنیایەکە لە ئاشتەواییدا، بە خەڵکێکی ئازاد کە بە مافەکانیان خەنی بوون و لە دێموکرسییدا دەژین، هەروەها شتێکە کە ئامانجی ئینتێرناسیۆنالی ئێمەیە.

بەو هیوایە کە کاری هاوبەشمان ببێتە هۆی سەرکەوتن.

لویس ئایالا، سکرتێری گشتی

١٤ی ئاگوست ٢٠٢٠

---

## پەیامی عەلی قازی بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات




بە بۆنەی هاتنی ٢٥ی گەلاوێژ، حەفتاوپێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی دەکەم لە هەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و دیموکراتی کوردستانی ئیران و تەواوی دڵسۆزان و تێکۆشەرانی نەتەوە و نیشتمان.

هیوادارم ئەو دوو حیزبە بە زووترین کات یەک بگرنەوە و وەک هێزێکی سەربەخۆ و گەورە بۆ ڕزگار کردنی کوردان لە ڕۆژهەڵات بە ئیرادەیەکی جیدی حەول بدەن و گەر یەکگرتوو بین دڵنیام بێشک سەردەکەوین کە هەر ئەوە بوو ئامانجی مەرحومی باوکم وەک دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان.

دەبێ ڕێباز و بیر و ئایدولۆژیی پێشەوا قازی محەممەد بکەین بە سەرمەشقی خۆمان چ لە قسە و نووسیندا و چ لە عەمەل و تێکۆشاندا.

بژی کورد، بژی کوردستان.

عەلی قازی

---

## سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان




خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!

ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ئەوساڵ حیزبەکەمان و حیزبەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی جێژن گرت و یۆبیلی ئەڵماسی لە بەرۆکی خۆی دا کە بەداخەوە لە بەر پەتای کۆرۆنا ئەو جۆرەی کە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو، جێژن و ڕێوڕەسمەکان بەڕێوە نەچوون و بەو جۆرەی کە شیاوی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی

خەڵکی کوردستانە نەکرا بە شێوەی پێویست ئەم یادە مەزنە پڕشکۆتر بکەین بە جێژن.

پەتای کۆرۆنا لە لایەک و پەتای کۆماری ئیسلامی لە لایەکی‌ترەوە و، خوڵقاندنی کەشوهەوای ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر نیشتمانەکەماندا، دوو کێشەی بەردەم ئەم یادە گەورەیە بوون. بەڵام ئێوەی دڵسۆز و خاوەن ئیرادە، ڕێگەتان نەدا هیچکام لەو بەڵایانە پێش بە چالاکی‌یەکانتان بگرن و ئەوەی لە دەستتان هات کردتان و بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێزتان لە نزیکەی هەشت دەیە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت. ئافەرین بۆ ورەی بەرز و وەفاداریتان بە ڕێبازی حیزب و شەهیدان.

خۆشەویستان!

ئەگەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە بەر هۆکاری سیاسیی ئەو کات ئەو مەجالە بەم حیزبە نەدرا کە پەل بۆ سەرانسەری کوردستان بهاوێ و چالاکی‌یەکانی زیاتر لە ناوچەی موکریان بەڕێوە دەچوون، بەخۆشی‌یەوە ئەوا ئێستا پەیامی ڕزگاریی نەتەوەیی سەرانسەری نیشتمانەکەمانی هەر لە لوڕستانەوە تا ماکۆ گرتۆتەوە کە بێگومان ئەوەیان ئەگەر لە لایەک نیشانەی بەرەوژوور هەڵکشانی هەست و شعووری نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی هەڵسووڕان و چالاکیی بەردەوامی ئێوەیە.

ئەوساڵ پانتایی چالاکی‌یەکانی ئێوەی ئەرکوەخۆگری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان، بە هەموو لایەکی نیشان دا کە حیزبێک کە هەڵقولاوی کۆمەڵگەی خۆی بێ، هیچ جۆرە بەربەست و پیلانگێڕییەکی دوژمنان ناتوانێ نە لە کۆمەڵگەی خۆی داببڕێ و نە پێش بە بڵاوبوونەوەی پەیامی ڕزگاریخوازانەی بگرن. بەو تایبەتمەندییەوە کە باس کرا هەر دەبێ درەنگ یا زوو حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم ڕەسالەتەی، واتە ڕزگاریی خەڵک و نیشتمانەکەی بەجێ بگەیێنێت.

ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ئێوە لەم ماوەیەدا سەرەڕای فشارە ئەمنیەتی‌یەکانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، بە شێوازی جۆراوجۆری وەک؛ نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراک، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، سەردانی بنەماڵەی شەهیدان، نووسینی بابەتی تایبەت بەم یادە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناردنی گرتە ویدئۆ و پەیامی پیرۆزبایی ئەرکی خۆتان بە باشترین شێوە بەڕێوە برد.

بۆیە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ، وێڕای ئافەرین پێگوتنتان، سپاس و پێزانینی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان پێ ڕابگەیەنێ. بەو هیوایەی هەرچی زووتر سێبەری ڕەشی دیکتاتۆری لە سەر ئاسمانی وڵاتەکەمان لابچێ و پێکەوە لە شاربە شار و گوند بە گوندی وڵاتەکەمان ئەم جێژنە و جێژنی ڕزگاریی نیشتمانەکەمان لە ژێردەستی، بگرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ = ١٧ - ٨ - ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ڕاگەیاندراوی ناوەندی سیاسی

## بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**حیزبی دێموکرات: دامەزرانی کۆماری کوردستان شانازییەکی مێژووییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**هاو نیشتیمانیانی بەڕێز،**

**کۆمەڵانی خەباتگێر و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان،**

**ئۆگرانی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی،**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان،**

**زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی،**

**کادر و پێشمەرگە فیداکارەکان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**

حیزبی تێکۆشەر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ئەمساڵ ١٣٩٩ ی هەتاوی بەرانبەربە ٢٠٢٠ی زایینی ٧٥ ساڵەی تەمەنی پڕ سەروەری خۆی تێپەڕ دەکا و یوبیلی ئەڵماس لە بەرۆکی خۆی دەدا.

بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئازادی خوازان بەگشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بەرانبەر بە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا و

لە ڕەوتی بەرگری لە ماف و ئازادیەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا گیانیان فیدای بەختەوەری نەتەوەکەیان کەردووە، هەروەها سپاس و پێزانینمان ئاراستەی هەموو ئەو کەس و کەسایەتیانە دەکەین کە لە هەر بڕگەیەکی خەباتی ئەو ٧٥ ساڵەدا جا بۆ هەر ماوەیەک بوو بێ بەشدار و شوێن دانەر بوون.

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردووی حیزب و سەرنج دانێک لە مێژووی خەبات و خۆڕاگری حیزبی دێموکرات لەو ٧٥ ساڵە دا دەری دەخەن کە لەم ماوەیە دا چ ڕێگایەکی سەخت و پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە، چ سەروەریەکی تۆمار کردووە، چ سەرکەوتن و دەسکەوتێکی بەدی هێناوە، چ ها هەڵوێستی بوێرانە و درووست و واقع بینانە بووە، چەندها زامی بەژانی هەڵگرتووە و بە چۆک دا نەهاتووە، هەموو ئەوانە ئەمڕۆ پاش ٧٥ ساڵ ناسێنەری قامەتی بە هەیبەتی حیزبی دێموکرات و دێموکراتەکانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێوەستێکی مێژوویی و لە هەمان کاتدا گوونجا و لەگەڵ سەردەم لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و لەسەر بنچینەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی پەرەپێدەری بیروهەستی نەتەوایەتی و بەدەستی قازی محەممەد دامەزرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات تەنیا لە دایک بوونی ئاسایی حیزبێک نەبوو بەڵکوو سەرەتای هاتنە ئارای حیزبێکی مودێڕن، باوەڕمەند بە دێموکراسی بە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی بوو کە لە ٨ بەند دا فۆرموڵە کرابوو نێوەرۆکی دێموکراتیکی حیزبی نیشان دەدا و چەند ئەسڵی لە ئەولەوییەتی تێکۆشانی خۆی دا دانا بوو کە دەربڕی پێویستی یەکگرتوویی و هاوخەباتی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و نەتەوەکانی ئێران بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٦٠ ڕۆژ پاش دامەزرانی بە لێکدانەوەی درووست و بە هەڵسەنگاندنی کەش و هەوای سیاسی لەئێران و کوردستان پاش شەڕی دووهەمی جیهانی توانی دەسە ڵاتێکی سیاسی و کیانێکی مودێرنی کوردی لە شێوەی کۆماری لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی دا بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دابمەزرێنێ و لە کۆبوونەویەکی بەرین لە شاری مەهاباددا هەم کۆمار و هەم بەرنامەی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستان ڕابگەیێنێ. بەم جۆرە کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێران خۆی دەرخست. دامەزرانی کۆماری کوردستان شانازییەکی مێژوویی بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەشێکی بەرچاو لە ماف و ئازادییەکان و مافی نەتەوایەتی کوردی لە زۆربارەوە دەستەبەر کرد. تەنانەت کورد لە پارچەکانی دیکەش وەک دەسکەوتێکی جێگای ئومێد سەیریان دەکرد و ژمارەیەکیان لەبەڕێوەبردنی کار و ئەرکەکانی دا بەشدار بوون.

لە تایبەتمەندییە بەر چاوەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوامی و درێژەدان بە خەبات لە هەر هەلوومەرجێک دایە، دەبینین پاش جوانەمەرگ بوونی کۆمار و لە سێدارەدرانی پێشەوا و ژمارەیەک لە بەرپرسە بالاکانی حیزب و کۆمار و بەندکرانی باقی ڕێبەرانی حیزب و کاربەدەستانی کۆمار و ئاوارە بوونی زۆرێک لە تێکۆشەرانی، حیزب لە تێکۆشان و چالاکی نواندن نەوەستا. بوونی سەدان تێکۆشەری ئەو حیزبە لە زیندانەکانی ڕێژیمی شادا و شڵەژاندنی بەقەولی ڕێژیمی پاشایەتی دوورگەی ئارامی ئێران بە هۆی وەڕێخستنی بەربەرەکانی چەکدارانە لەلایەن حیزبەوە لە ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧دا بەڵگە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوون و گوونجان لەگەڵ پێشکەوتنە فکری و سیاسیەکانە، بە گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ عێراق لە ساڵی ١٣٤٩ و لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی دا ڕەوتێکی لەبار و بە بەرنامە بۆ کاری ڕێکخستنەکانی حیزب هاتە ئاراوە، ڕێبەرایەتی جەمعی جێگیرتر سەربەخۆیی سیاسی دەستەبەرتر بوو و حیزب لە ڕواڵەت و لە نێوەڕۆک دا ئاڵووگۆڕی قووڵی بەسەرخۆیدا هێنا و سیمایەکی دێموکراتیک تر و مودێرن تری بە خۆیەوە گرت، لەڕاستیدا ئەگەر پێشەوای نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزب بوو دوکتور قاسملوو ڕێکخەرەوە و بووژێنەرەوەی حیزب بوو و دوکتور سادق شەرەفکەندیش پارێزەر و درێژەپێدەری ئەم ڕێبازە گرینگە بوو.

ورد و واقیعبینی سیاسی و لێکدانەوەی درووست و نەچوونە ژێر تەوژمی کەش و هەوای زاڵ بەلام ناڕاست بەسەر ژینگەی سیاسی ئێراندا تایبەتمەندییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات بووە. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە کوردستان دەوری کاریگەری تێدا گێڕا پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، خومەینی ویستی لە ڕێفراندۆمێک دا نیزامی داهاتووی ئێران دیاری بکا، ڕایگەیاند کە خەڵک پێویستە لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی "نەیەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم" دا یەکیان پەسند بکەن. ئەوکات بەداخەوە زۆربەی خەڵک و هێزەکانی ئێرانی بە بەشێکی بەرچاو لە چەپ و ئیسلامییەکان و تەنانەت کەسایەتییە سێکۆلارەکانەوە بێ ئەوەی لێکیانداببێتەوە یا لە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامییەکەی خومەینی ئاگادارېن لەهەمان کاتدا ڕێژیمی پاشایەتیشیان ڕەت کردبۆوە دەنگیان بە سیستمی جێگای پەسندی خومەینی دا، بەلام حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەدوو هۆ لەو ڕێفراندۆمەدا بەشداریان نەکرد.

**یەکەم**: ئەوە کە ڕێفراندۆمەکەیان پێ دێموکراتیک نەبوو چوونکە بە کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە ناڕەزایەتی خەڵک بەرانبەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و نەگەڕانەوە بۆ ئەو سیستمە بەناچار دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیدا.

**دووهەم**: حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەدوور لە کەش و هەوای زاڵ و ناڕاست تەنیا بە لێکدانەوەی خۆیان دڵنیابوون کە لە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینی و مەزهەبی دا نە دێموکراسی جێگای دەبێتەوە نە مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران دەستەبەر دەبێ، بەڵکوو هەڵاواردن و جیاوازیدانان و پەراوێزخستن دەبێتە سیاسەت و کردەوەی ئەو ڕێژیمە، ئەو هەڵوێستەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لەلایان هێندێ لایەنی ئێرانییەوە کەوتە بەر ڕەخنە و تۆمەت وەپاڵدان. بەڵام ئێستا هەر ئەوهێز و لایەنانە و تەنانەت زۆربەی خەڵکی ئێران دان بە بۆچوونی درووست و هەڵوێستی واقیع بینانەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات دادەنێن و ئەو شانازییە بۆ حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد مایەوە کە لە سەرەتاوە دەنگیان بە هاتنەسەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا. هەروەها لەکاتی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لەتاران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێچەوانەی کەش و هەوای زاڵی ئەو کات ئەو کردەوەیە مەحکوم کرد و بەڕەفتارێکی دژ بە نەریتە نێونەتەوەیەکانی زانی.

ڕێچکەشکێنێکی دیکەی حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی کەش و هەوای زاڵ بەسەر حیزب و لایەنە چەپەکان لەپێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دا ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو ئامانجی دوارۆژی حیزبی لە سۆسیالیزمەوە دەگۆڕێ بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە هەم دەرخەری جیاوازی بۆچوونی حیزب لەوبارەوە لەگەڵ هێزە چەپەکانی دیکە بێ، هەم لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کەناکرێ حیزبێک بۆ دێموکراسی خەبات بکا بەڵام ئامانجی دوارۆژی جۆرێک لە دیکتاتۆری بێ، ئەو بڕیارەی حیزب و ئەو بۆچوونەی دوکتور قاسملوو کە خەراپترین دێموکراسی پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە بەتووندی کەوتنە بەر هێرشی بەشێک لە چەپەکان بەڵام ئێستا بەشێکی بەرچاو هەر لەو هێزانە ئەم ڕێگەیان گرتۆتەبەر.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران:

ڕێژیمی دیکتاتۆر و خاوەن ئیدئۆلۆژی دواکەوتوانە و دژی مرۆڤیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر زوو بەرانبەر بە هەڵوێستی واقیع بینانەی حیزبی دێموکرات دژکردەوەی نیشان دا و ڕێژیم لەگەڵ ئەوەی دەیزانی حیزبی دێموکرات خاوەنی چ پێگەیەکی بە هێزە و کاندیداکانی لە تەنیا هەڵبژاردنی ئازادی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش دا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانیان بۆ مەجلیسی شۆرا مسۆگەر کردووە و دوکتور قاسملوو لە پارێزگای ورمێ وەک نوێنەر بۆ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردراوە بەم حاڵەش حیزبی دێموکراتی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و بەر بەچوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی نەتەوەی کورد بۆ مەجلیسی شۆرا و خوبرەگان گیرا.

بەووشەوە ڕانەوەستا و لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا فتوای جەهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لێرەوە شەڕێکی نابەرانبەر و زاڵمانە و بێ ڕەحمانە بەسەر حیزب و خەڵکی کوردستان دا سەپاند و لەهەموو لایەک و بە هەموو هێز و ئیمکاناتی شەڕەوە هێرش کرایە سەر کورد و کوردستان.

**هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرانبەر بەم بڕیارە دوژمنکارانەیەی ڕێژیم چی بوو؟**

حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی کورد و خەڵکی کوردستان تەنیا دوو ڕێگایان لەبەر بوو، یا بەرانبەر بە زۆرداری و ماف پێشێلکاری ڕێژیم ملکەچ بکەن کە ئەوە لەگەڵ تایبەتمەندیی حیزب و نەتەوەی کورد یەکی نەدەگرتەوە یا پێویست بوو لە بەرانبەر هەر هێرش و پەلامار و پیلانێک دا خۆڕاگر بن و خەبات لە هەموو شێوەکانی دا درێژە پێبدەن کە ئەوە هەڵبژاردەی شایانی کورد و دێموکرات بوو. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم شەڕی بەناوبانگی سنە، پاوە و نەغەدە و قەلاچۆی دەیان گوند و خەڵکی زۆری بێدیفاعی لێکەوتەوە بەڵام بەهۆی خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان پاش ٣ مانگ، خومەینی ناچار بوو شەڕ ڕابگرێ و بڕیاری وتووێژ بدا کە ئەویش بۆخۆ تەیارکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی بوو.

ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی ٧٥ ساڵەی حیزب و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بێ فرمێسک و خوێن و بێ تێچوو تێنەپەڕیوە، هەزاران تێکۆشەری دێموکرات گیانیان فیدای درێژەی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد کردووە کە لەنێویاندا ڕێبەرانمان پێشەوای نەمر قازی محەممەد ، دوکتور قاسملوو ، دوکتور شەرەفکەندی و دەیان ئەندامی ڕێبەرایەتی و فەرماندە و هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بە وەجی حیزب دەبینرێن، هەر وەها هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان بەدەست هێزە سەرکوتکەرانی ڕێژیم شەهید یا کەم ئەندام کران یا لە بەندیخانەدا ئازار و ئەشکەنجەیان کەوتەبەر، بەدەیان جار بنکە و بارەگاکانی حیزب تۆپباران، خۆمپارەباران، بۆمباران و موشەکباران کران، بەڵام جێگای شانازییە کە هەموو ئەو زامە بە ژانانە نەک بە چۆکیان دانەهێناوە بگرە لە برینی ڕێگای خەبات تا گەیشتن بە ماف و ئازادیە کانیان سوورتر و پێداگرتری کردوون. دیارە بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان تەنیا لە بەرگری چەکداریدا بەرتەسک نەبۆتەوە خەباتی شار و حەڕەکەت و خۆپێشاندانەکانی خەڵک لەم ماوەیەدا بەتایبەت خرۆشانی شارەکانی لە ساڵڕۆژەکانی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و کۆمەڵێک بۆنەی دیکەدا لایەنێکی گرینگی دیکەی ئەو خەباتە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە بە کورتی ئاماژەیان پێکران هیچ کات ئیدیعای نەکردووە کە بێ هەڵە بووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە هیچ هەڵەیەکی وای نەکردووە کە خۆی نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە.

ئێستاش پاش ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێی دەناسرێتەوە سیاسەتی دروست و واقیع بینانە، فیداکاری تێکۆشەرانی دێموکرات لەبەرزترین ئاستی خۆیدا و پشتیوانی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی خۆشەویستی خۆیان حیزبی دێموکراتە. تاقیکاری ٧٥ ساڵ خەباتی بێ پسانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێمان دەڵێ تا ئەو کاتەی کە سیاسەت و هەڵوێست و بەرنامە سیاسیەکانمان هەڵقوڵاوی ویست و داخوازی نەتەوەکەمانن هەروا بە پشتیوانی هەمیشەیی و بێ دەریغی خەڵکی کوردستان پشت ئەستوور دەبین و وەبیرمان دێنێتەوە کە لە هەر برگەیەکی ڕەوتی ئەو خەباتەمان دا یەکگرتووبووین، لەلای دۆستان بەرز و بەڕێز و لە بەرانبەر دوژمن دا بە هێزتر بووین، بۆیە پێویستە وێڕای پاراستنی هەموو ئەسڵە دێموکراتیکەکانی حیزب ئەو مەسەلە گرینگ و پڕ بایەخانەش هەروا ڕەچاو بکرێن.

**کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، تێکۆشەرانی فیداکاری دێموکرات؛**

دوای ٧٥ ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان خەباتی ئێستامان دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بەردەوامە، ڕێژیمێک کە بە ئیدئۆلۆژێکی دواکەوتوانە و کۆنەپەرستانەیەوە دژ بە هەموو داخوازە دێموکراتی و نەتەوایەتییەکانمان دەوەستێ، نەباوەڕی بە دێموکراسی هەیە نە بە مافی نەتەوەکان لە ئێراندا هەیە، نە مافی مرۆڤ بە هێند دەگرێ بەڵکوو بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی دادەنێ، دژ بە مافی یەکسانی ژن و پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵ دایە و لەگەڵ ڕووحی سەردەم ناتەبایە، هەموو داخوازێکی ئازادیخوازانە و ئینسانی بە زۆر و سەرکووت وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئەم ڕێژیمە هار و بێ هەوسارە لە ئاکامی کردەوە نادروست و نابەجێیەکانی و دەخاڵەت لە کاروباری وڵاتاندا هەلوومەرجێکی دژواری بۆ خۆی پێکهێناوە و لەو سۆنگەشەوە خەڵکی ئێرانی لەگەڵ ژیانێکی نائەمن و گوزەرانێکی دژوار بەرەوڕوکردووە، لەڕادەی جیهانیدا کەوتۆتە دژایەتی کۆمەڵێک وڵات کە هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ گەلانی ئێران نییە، ئەو ڕێژیمە تیرۆریزمی وەک بەشێکی جیانەکراو لە سیاسەتەکانی درێژەداوە و وەک ماکەی تیرۆریزم ناسراوە کە بڕیاری مێژوویی دەزگای قەزایی ئاڵمان دوای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەڵگەی بەرچاوی تیرۆریزم و ڕیسوایی ئەو ڕێژیمەیە، بۆ پەرەپێدانی باوەڕە دواکەوتوەکانی پەلوپۆی هاویشتۆتە چەند وڵاتی ناوچە و سامانی خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی هەزینەی دەستە و گرووپە تووندڕەوە تیرۆریستەکان لەو وڵاتانە تەرخان دەکات. وەزعی ئابووری ڕێژیم لە سنووری داتەپیین دایە و ژیان بۆ خەڵک لەوپەڕی تاڵی و بێدەرەتانی دایە کە ئەوە خۆی نارەزایەتی و دژایەتی زیاتری خەڵکی بەرانبەر بە ڕێژیمی لێکەوتۆتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە پەرەسەندن دایە، لە ڕاستیدا ڕێژیم ڕەوایی خۆی لەدەست داوە تەنیا پشتی بە هێز و کەرەسەی سەرکووت بەستووە کە ئەوەش بۆ هەمیشە بڕناکا، بەپێچەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پاراستنی تایبەتمەندییە دێموکراتیک و تواناکانی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئێران شوێندانەرێکی بەرچاوی هەیە و لەڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا وەک حیزبێکی بەپرنسیپ و کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان ناسراوە.

سەرجەم ئەم وەزعە کە ڕێژیمی تێکەوتووە دەرەتانی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارتر دەکا، بۆیە بە ئامادەیی زیاتر و قورس و قایمترەوە درێژە بە خەباتی ڕەوامان دەدەین. ڕاسانی ڕۆژهەڵات یانی خەباتی شار و شاخ کە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە وەک بڕیارێکی گرینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرینتر و لێکگرێدراوتر دەکەین، ئەوەندەی ڕێژیم بۆ دووژمن داتاشین هەوڵدەدا ئێمە چەند ئەوەندە بۆ پەیدا کردن و پاراستنی پێوەندی لەگەڵ دۆستەکانمان تێدەکۆشین. بەدڵنیاییەوە هاوخەباتیمان، یەکگرتوویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەگشتی و تێکۆشەرانی دێموکرات بەتایبەتی و لێبڕاوی لە خەباتمان زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانمانە، بڕیاری کۆنگرەی ١٦ بۆ هەنگاونانی جیددی بەرەو یەکگرتنەوە و بەهێزکردنی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، پێکهاتنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەو چوارچێوەدا سەیر دەکرێن.

جارێکی دیکە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب لە هەموو خەڵکی کوردستان و ئەویندارانی دێموکرات پیرۆزبێ . سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات.

سلاو لە حیزبی دێموکرات دامەزرێنەری کۆماری کوردستان درێژەدەری ڕێبازی ڕێبەران و شەهیدان
سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان
ئەمەگناسیمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین
ڕێز و پێزانینمان پێشکێش بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، درێژەدەرانی ڕێبازی پێشەوای نەمر قازی محەممەد، دوکتۆر قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی
نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرکەوتن بۆ خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران


ناوەندی سیاسی

گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی - ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات




خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان

کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

وەک ئاگادارن

بەرپرسیارێتیی تاکە وشیارەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و تێفکرین لە بێ مافی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی سەروەری، خاڵی بنچینەییە لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا.

ئەم بزاوتە فکرییە لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف گەشە دەکات و لە حیزبی دێموکراتدا دەگۆڕدرێت بە قەوارەیەکی تەشکیلاتی و سیاسیی بە بەرنامە.

سەردەمانێک کە بیر و هزری چەپی مارکسیستی باڵی بەسەر ژینگەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لەو نێوەدا کوردستانیشدا کێشابوو و هزری نەتەوەخوازی وەک بیرێکی دواکەوتووانە سەیر دەکرا و بە پیلانی ئێمپریالیزم بۆ دابەشکردنی هێزی کرێکارانی جیهان دەهاتە ئەژمار، حیزبی دێموکرات لە سۆنگەی بەرپرسیارێتیی مێژویی خۆیەوە، لەسەر بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ڕزگاری لە ژێردەستی و خەبات بۆ مافی نەتەوەیی پێداگرتر بووە.

بەپێی ئەو ڕەساڵەتە مێژووییەش بوو لە یەکەمین دەرفەتدا کە لە ئاکامی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی لە ئاستی ناوچەکە هاتە ئاراوە، بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر، کۆماری کوردستانی وەک "یەکەیەکی نەتەوەیی" دامەزراند.

هەرچەند تەمەنی کۆماری کوردستان بە پێوەری ژمارەی ڕۆژ و مانگەکان لە کەمی دا، بەڵام میرات و مێژووەکەی بە داهاتوو سپارد و بوو بە ڕێباز؛ بە جۆرێک کە نەوەکانی دواتر، خۆیان بە هاوولاتیی ئەو کۆمارە دەزانن و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش مۆرکی سامانێکی نەتەوەیی پێوەیە.

بەو پێیە، بنچینەیەکی وەها پتەوی لە هەست و نەست و هزری ڕۆژهەڵات دانا کە دوای ڕووخانی کۆمار و لەسێدارەدانی پێشەوا و باقیی بەڕێوەبەرانی، خەبات بۆ ژیانەوە و بنیاتنانەوەی بووەتە خولیا و هێڵێکی نەتەوەیی لە ستراتیژی و بەرنامەی سیاسیی حیزبی دامەزرێنەری؛ حیزبێک کە بە درێژایی مێژووی ٧٥ ساڵەی، بەرانبەر بە دوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئیسلامی، لەسەر هەمان هێڵ بەردەوام بووە.

ئێستا کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات بەرز ڕادەگرێت، زیاتر لە ڕابردوو بۆ گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی هیوادارە. وشیارانەتر لە هەموو کات خەباتی بۆ دەکات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەروا پێشەنگ و ڕێکخەری ئەو خەباتەیە.

هەرچەند لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا، بێجگە لە سەروبەندی پێش و پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان و مەودایەکی کورتماوەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، کە سەرجەم لە چەند ساڵێک تێناپەڕێت، حیزبی دێموکرات بە ئازادی لە کوردستان چالاکیی نەبووە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بە کردەوە و بە شێوەی دامەزراوەیی، لە پێناو بەهاکانی ئازادی و دێموکراسی و سەروەریی نیشتمانی و ژیانێکی ئازاد تێکۆشاوە.

دەسەڵاتی خەڵک (شوراکان)، پلۆرالیزم، یەکسانیی مافی ژن و پیاو، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی بیر و باوەڕی سیاسی و ئایینیی جیاواز و ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان، گرینگیدان بە بواری زمان، خوێندن و پەروەردە، بەشێک لەو پرسانەن کە بە بەرنامە و بە کردەوە هەوڵی بۆ دراوە.

خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی و ئەو ئامانجە بەرز و پڕبەهایانەی کە حیزبی دێموکرات هەوڵی بۆ داوە، لەگەڵ بنەمای فکری و سیاسیی ناوەند لە سەردەمی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی، ناتەبا و پێک ناکۆک بووە. بۆیە حیزبی دێموکراتیان بە دژی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دواکەوتووەکانی خۆیان داناوە و بە هەر شێوەیەک لە توانایاندا بووە، هەوڵی پەراوێزخستن و لەناوبردنیان داوە. لەناوبردنی ڕێبەرانی ئەو حیزبە ئامانجێکی سەرەکیی ئەوان بووە، هەر لەو ڕاستایەشدا پێشەوا قازی محەممەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، بە پیلانی ئەم ڕێژیمانە شەهید دەکرێن؛ بەڵام ئەزموونی ٧٥ ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە شەهیدکردنی ئەو ڕێبەرانە و هەزارانی دیکە لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، بڵێسەی ئاگری ئەو خەباتەی گەرمتر و بەتینتر کردووە. بەپێچەوانەی بیری تەسکی دوژمنان، حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە نییە کە بتوانن بە غەدر و خەیانەت و پیلان لەناوی بەرن. حیزبی دێموکرات، ناسنامەی نەتەوەیی هەیە و بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی کورد. بە درێژایی قۆناغەکانی خەباتی، هەوڵی بۆ دابینکردنی سەروەریی نەتەوەکەی بەسەر خاکی خۆیدا داوە و دەیان ساڵە ڕێکخەر و پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ناکرێت باس لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بکرێت، بەڵام ڕۆڵی مێژوویی ئەم حیزبە نادیدە بگیردرێت.

مێژووی ٧٥ ساڵە، تەنیا مێژووی پێکهاتەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی نییە، بەڵکوو مێژوو و یادەوەریی دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانە کە بە هەزاران تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ لە چەندین نەسڵ و لە سەرجەم چین و تویژ و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیایدا بەشدار بوونە.

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە دووتویێ ئەم مێژووەدا خاوەنی سەروەری و دستکەوت و سەرکەوتن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان لە کەموکوڕی و هەڵەش بەدوور نەبووە. ئەگەر زۆرجار دەسکەوت و سەرکەوتنەکان ئاکامی هەلومەرج و دۆخی کات و شوێنە، بە هەمان شێوە بەشێک لە کەموکوڕی و نسکۆکانیش ئەنجامی هەمان بارودۆخن، لە حیزبی دێموکراتیشدا هەر بەو شێوەیەیە.

لەو مێژووە ٧٥ ساڵەیەدا، نەبوونی دەرفەتی چالاکیی ئازادانەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵات، دوورەوڵاتی و دابڕان لە خەڵک وەک سەرچاوەی مرۆیی و ڕێکخراوەیی، تا ڕادەیەک کەلێن و بۆشایی و دابڕانی دیکەشی لە پەیوەندیی نێوان حیزب و ڕۆژهەڵات بەجێ هێشتووە. ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری کۆمەڵێک کەموکوڕی، بێ توانایی یان کەم توانایی بووە. ئەم دابڕانەش زۆرجار دەبنە هۆی سیاسەت و بەرنامەیەکی هەڵەی ئەوتۆ کە دەتوانێت زیانبار بێت.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییانە، حیزبی دێموکرات هەڵگری هێندێک کەموکوڕی بووە کە دەکرا کاری زیاتریان لەسەر بکرێت بۆ

ئەوەی کەموکوڕییەکان کەمتر ببنەوە. یەکێک لە گرنگترین کەموکوڕییەکان لایەنی "پەروەردەیی"ی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەتی. بە واتایەکی تر نەبوونی ئیمکان و دەرفەتی پەیوەندیی زیندوو و بەرۆژ لەگەڵ ژینگەی ڕۆژهەڵات و هەروەها دۆخی سەرکوت و هەلومەرجی سەخت و دژواری خەبات، بوونەتە هۆکار تاکوو لە چەند قۆناغێکدا گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا کەمتر و درەنگتر لە بەرنامە و پێکهاتەی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبدا ڕەنگ بداتەوە و حیزب بە گوێرەی پێویست نەتوانێت بەو گۆڕانکارییانە ئاشنا ببێتەوە و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت؛ بە واتایەکی تر حیزبی دێموکرات پێ بە پێی گۆڕانکاری و گەشەی کۆمەڵگا و تاکەکانی ڕۆژهەڵات، نەیتوانیوە پەروەردەی خۆی لە ئاست ئەو گۆڕانکارییانە بەرێتە سەرێ و پێکهاتە و بەرنامەکەی لەگەڵ بەستێنی گۆڕانکارییەکان هەماهەنگ بکات، بۆیەش زۆر کات بەرەورووی کێشە و گرفتی گەورە و بچووک بووەتەوە.

خاڵێکی دیکە کە گرینگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێ قامکی لەسەر دابنێین، پێگەی جوغرافیایی و ڕۆڵی ستراتێژیکی ناوچەکانی باشووری زاگرۆس لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتدایە. پێوەری سەرکەوتنی کۆتایی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات وەک یەکەیەکی نەتەوەیی و جوغرافیایی، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و گواستنەوەی ڕەهەندەکانی خەباتە بۆ ئەم بەشە لە نیشتمان. سەرەڕای سیاسەتی لەمێژینەی داگیرکەر بۆ ئاسیمیلەکردن و دابڕان و تواندنەوەی ناسنامەی کوردیی ئەم ناوچەیە، هزری نەتەوەیی و کوردایەتی لەم ناوچەیە تا دێ گەشە دەکات، بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و سەرباری هەموو بەرنامە و هەوڵەکانمان نەمانتوانیوە ئەو بۆشاییە بە تەواوەتی پڕ بکەینەوە.

ڕوانینی کراوە و هزری ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات، فەزیلەتێکی فکری و زەروورەتێکی پەروەردەییە بۆ بەخۆداچوونەوە و بەڕۆژکردنی سیاسەت و بەرنامەکانمان. ئەم ڕوانینە وادەکات کە بە وردی سەرنج بخرێتە سەر کێشە و بەربەستەکان لە بەستێنی واقعی خۆیدا. هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی گرفت و کەموکوڕییەکان، بەشێکن لە پرۆسەی چارسەر.

لە کۆتاییدا دەمهەوێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە بە هەموو کەموکوڕییەکانیشەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێستاش هەر جێگای هیوای زۆربەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتە. کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ئەو حیزبە بە دروستی بە هی خۆیان دەزانێ، بۆیە بە سەرکەوتنەکانی خۆشحاڵن، بە پاشەکشە و لاوازییەکانی هەستیارن، هێز و وورەی پێ دەبەخشن و لە تەنگانەدا پشتی دەگرن. لە هەموو بەشەکانی کوردستانیشدا بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لێی دەڕوانن. ئەو ڕێز و پێگەیەش بەگشتی بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، لە ڕێبەرانیەوە بگرە تا دەگاتە هەزاران کادر و پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگر، کەمئەندام و زیندانیی سیاسی؛ بەرهەمی تێکۆشان و خەباتی چەندین نەسڵە کە بە سەدان هەزار کەس بە گوێرەی توانا و

هەلومەرج پاڵپشت و یارمەتیدەری بوونە و خاوەنداریێتییان لێ کردووە، بۆیە لەڕاستیدا هەموو شانازییەکانیشی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە.

بۆ ئێمەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش، شانازییەکی گەورەیە کە لە ڕیزی حیزبێکی نەتەوەیی ئەوتۆدا خەبات دەکەین.

لە ٧٥ەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین لەبەرانبەر گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لە ڕێگای ئازادی کوردستان، گیانی پاکی خۆیان بەخت کردووە، ئەمەگناسی و پیرۆزباییمان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بۆ زیندانییانی سیاسی، بۆ هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە دەردەبڕین و بەڵێن دەدەین درێژەدەری ڕێگای پڕ لە سەروەرییان بین.

لەم یادە پڕشکۆیەدا، پەیامی یەکڕیزی و هاوخەباتی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگای خۆراگری مەدەنی و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان دووپات دەکەینەوە.

بژی حیزبی دێموکرات

سەرکەوتن بۆ کوردستان

٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# ڕەمزی مانەوە و بەردەوامیی حیزبی دێموکرات




**محەممەد ساڵح قادری**

درێژەکێشانی حەفتا و پێنج ساڵ زەمەن بۆ تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، لە لایەک واتای زۆربوونی ئاستەنگەکانی بەردەم سەرخستنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و لەلایەکی دیکەش مکوڕبوونی ئەو حیزبە لەسەر داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی ستەملێکراوی کورد دەگەیەنێت. بەتایبەت بۆ حیزبێکی شۆڕشگێر و نەتەوەیی کە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاکوو ئەمڕۆ، لەلایەن ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی لە ئێراندا بەردەوام کەوتبێتە بەر پەلاماری لەنێوبردن و وێڕای فیداکردنی لێهاتووترین ڕێبەران و تێکۆشەرانی، بە تێپەڕاندنی گەلێک هەوراز و نشێوی دژواری ڕێگای خەبات، توانیبێتی هەروا شێلگیرانە و بێوچان بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە خەبات بەردەوام بێت، کارێکی دژوار و لە هەمانکاتدا مایەی شانازییە.

بە ئاوڕدانەوە لە زۆر حیزبی دیکە کە لە ماوەی ئەو حەفتا و پێنج ساڵە و بگرە پێشتریش کە دامەزرابوون و لە سەردەمی خۆیاندا تا ڕادەیەکیش بەهێز بوون، دەبینین ئێستا جیا لە ناوێک لە مێژوودا، ئاسەوارێک لە بوونیان نەماوە، ئەوکات نهێنی و گرنگیی مانەوە و بەردەوامیی حیزبی دێموکراتمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەتایبەت حیزبێک کە توانیویەتی لەسەر بنەمای مەعریفەسازی و تیۆرییەکی زانستییانە و پێشکەوتنخوازانە، چەمک و ڕەهەندەکانی نەتەوەبوونی کورد وەک نەتەوەیەکی ڕەسەن و سەربەخۆ، پێناسە بکات و فاکتەرەکانی وەک "خاک، زمان، کولتوور، مێژوو و ویستی خەڵکی کوردستان" بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد بە بنەما بگرێت و هەموو هەوڵەکانی دوژمنی بۆ خستنە ژێر پرسیاری ڕەوایی بزووتنەوەی کوردستان پووچەڵ کردۆتەوە.

**یوبیلی ئەڵماس**

حیزبی دێموکرات لە ماوەی حەفتا و پێنج ساڵ خەباتیدا گەلێک جار لەلایەن ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی لە ئێران، ڕووبەڕووی چەندەها پیلانی دزێو بووە و زەبری گەورەی لێ کەوتووە و برینی قورسی هەڵگرتووە و ڕۆژگاری دژوار و سەختی تێپەڕاندووە، بەڵام هەرگیز لە پێ نەکەوتووە و دەستی لە ڕێبازە نەتەوەییەکەی هەڵنەگرتووە و ئێستاش هەروا شێلگیرانە سوارچاکی مەیدانی خەبات و لە هەمانکاتدا لە قۆناخێکی دیکەی وەرچەرخانداییە.

حیزبی دێموکرات دەرەوەستبوونی خۆی بە ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد گرێ داوە، بۆیە توانیویەتی بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان لە بەرانبەر ئەو هەموو پیلانە جۆراوجۆرانەی دوژمناندا، "ئاگری"ئاسا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و ببێتە ناونیشان و مەتەرێزی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە پانتایی کوردستانی داگیرکراودا. بەمجۆرە فەلسەفەی بوون و مانەوەی حیزبی دێموکرات، لەسەر بنەمای سەرەوەری نەتەوەیی و نیشتمانیی، ڕەگ و ڕیشەی لە نێو دڵ و هزری کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستاندا داکوتاوە و ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەی تاک بە تاکی ئەوان بووە؛ بۆیە ئیتر ئەو حیزبە بۆ گەلی کورد زیاتر لە ئامرازەوە، بووەتە میراتێکی نەتەوەیی و دەبینین لە درێژەی حەفتا و پێنج ساڵ خەباتی حیزبی دێموکراتدا، وێڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەی سەر ڕێگاکەی، توانیویەتی بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان وەک قەڵایەکی لەشکاننەهاتوو، پێداگرانە و شێلگیرانە بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە تێکۆشان بەردەوام بێت و بە بەرخۆدان و بەرەنگاریی شۆڕشگێڕی لە بەرانبەر ڕێژیمە داگیرکارەکاندا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئەو خەباتە، مانادارتر و گشتگیرتر بکات.

حیزبی دێموکرات کە کاریگەریی سیاسەت و بیروباوەڕ و ئامانجی ڕزگاریخوازانە نەتەوەییەکەی، نەک تەنیا لەنێو خەڵکی کوردستان لە "خۆی، ماکۆ، سەڵماس و ورمێ، موکریان، ئەردەڵان، کرماشان، ئیلام"، بەڵکوو لەنێو کوردەکانی خۆراسان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و بەم خەبات و بەرخۆدانەی کە بۆ ڕاماڵینی یەکجارەکیی داگیرکەر لەسەر بست بە بستی خاکی کوردستان دەکا و لە پێناو هەڵچنینەوە و بونیاتنانی کۆشکی سەروەریی نەتەوەیی، سەنگەری ئازادی بە خوێنی باشترین ڕۆڵەکانی پاراو دەکا، بووەتە جێگای هیوای تێکڕای نەتەوەی کورد.

ئێستاش پاش حەفتا و پێنج ساڵ خەبات دەبینین ئەو حیزبە بە تێپەڕینی ڕۆژگار، بەهێزتر لە جاران و بەوپەڕی جیددییەتەوە، ڕوو لە ڕێژیمی داگیرکەر و هەر لایەنێکی پاوانخواز کە چاوی تەماحیان بڕیبێتە خاکی کوردستان، هەروا سەربەرزانە داکۆکی لە سەروەریی خاک و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی مەزنی کورد دەکات و بەدڵنیاییەوە تاکوو سەرکەوتن، ئەو ڕێبازە پیرۆزە درێژە پێ دەدات.

## یوبیلی ئەڵماس

هەڵبەت کۆی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکرات، مانای ئەوەش دەگەیەنێ کە پێویستە حیزبی دێموکرات بە گوێرەی هەلومەرجی نوێ و گۆڕانکارییەکانی دنیای ئەمڕۆ، خۆی نوێ بکاتەوە. نوێکردنەوە لە بواری شێوازی کار و خەبات و دنیابینی و چۆنیەتی سەیرکردنی ڕووداوەکان کە گەلێک بایەخدارن، چونکە لە دنیایەکداین کە خێرایی گۆڕانەکانی زۆرە و ئەوەش ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قورستر دەکات. چونکە گۆڕان وەک خەسڵەتێکی گەردوونیی، بۆ هەموو بزاڤە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان، پێویستیی مانەوە و بەردەوامییانە.

بەم شێوەیە تاکوو حیزبی دێموکرات لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و ڕەواکانی گەلی کورددا درێژە بە خەباتە ڕەواکەی بدات و لە ڕێگای ڕزگاری نیشتماندا ڕۆڵەکانی فیدا بکات، گەلی کوردیش ئەو حیزبە وەکوو گلێنەی چاوەکانیان دەپارێزن. هەروەها تاکوو گەلی کورد بمێنێت، حیزبی دێموکراتیش وەک زانکۆی بیری نەتەوەیی و قەڵای نیشتمانپارێزی، هەر دەمێنێت و تا ئەو حیزبە و تێکۆشەرە فیداکارەکانی بمێنن، گەلی کورد و کوردستانیش بێ خاوەن نامێنن و دووانەیان وەک جمکی تەواوکەری یەکتر، تا گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن هەروا پێکەوە لە خەبات بەردەوام دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

---

## ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی ٧٥ساڵ




**جەلیل ئازادیخواز**

یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئاماژەیە بۆ مێژووی خەبات و بزووتنەوەی گەلێکی داگیرکراو، کە لەم مێژووە بلندەدا، بە دەیان جار دوچاری قەیران و نووچ بووە.

بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی دێموکراتیک، کە حیزبی دێموکرات وەک فاکتەری چالاک و سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری گوتاری ڕزگاری و پەرینەوە بووە لە هەموو قەیرانەکان و هەوڵ بۆ ڕزگاری یەکجاری.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی حیزبەوە، بزووتنەوەی کورد پێی نایە قۆناغێکی تازە لە بوون و پێناسە و ڕۆنانی بنەمایی و فکری و نیشتمانییەکانی خۆی. دەرچوون لە بازنەی وردەکولتوور و سازدانی وێژمانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەم بزووتنەوە، گەیشتە ئاستێکی گرینگی وەها سیاسی کە دەکرێت بڵێین: "لە مێژووی نوێی کورددا بێوێنە بوو." یەکەم جار بوو کورد و بزووتنەوەکەی لە فۆرمی دەوڵەتی نیشتمانیدا خۆی نمایش دەکرد و لە ئاستی قوربانییەکی دەنگ نەبیستراوەوە، بووە کاراکتەرێکی چالاکی سیاسی کە لە کۆی هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەدا شوێن و ڕۆڵی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەبێت. ئەم سەردەمە دەتوانین بڵێین، سەردەمێکە کە کورد تا ڕادەیەک لە پاڵەپەستۆی دەرپەڕاندنی لە مێژوو ڕزگاری دەبێت؛ یا باشترە بڵێین کۆمار توانی هەموو کورد بێنێتەوە ناو مێژووی هەنووکەی دەڤەرەکە و جیهان. سڕینەوەی کورد لە ڕێگای بە خێڵ کردن و مەودانەدانی بە بیچمگیری یەکەیەکی سیاسی کوردیی، کە هاوسۆزیی گشتی پاڵپشتی بکات و بە جۆرێ وانوێنەوە و نوێنەری ئیرادەی گشتی نەتەوە بێت. پرۆژەی دێرین و هەنووکە و داهاتووی داگیرکەرانی کوردستان بووە

و هەیە. کۆمار ئەم پرۆسەیەی تێکشکاند و توانی ئیرادەی گشتیی گەل و هاوسۆزیی کۆی نەتەوە و نوێنەرایەتی بەرجەستە بکاتەوە.

دانانی بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی و بەرجەستەکردنەوەی هێما و بەها گشتییە نیشتمانییەکان لەم سەردەمەدا چەسپان. کورد توانی هەم پێناسەی نەتەوەیی خۆی بکات و هەم لە ئاست ڕۆنانی گوتاری نەتەوە و نەتەوەی مۆدێرن، پرۆژە و پلانی دیاریکراوی خۆی هەبێت و تا ڕادەیەک بیباتە پێشەوە. بەداخەوە تەمەنی کورتی کۆمار و بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکرات کۆی ئەم پرۆژانەی ڕاگرت و بزووتنەوەی کوردستان و کۆی هێزە سیاسییەکانی کوردی دوچاری قەیرانی جیددی و نسکۆ و کارەساتی ترسناک کرد. کاریگەرییەکانی ڕووخانی کۆمار و سەرکوتی حیزب هێندە نەبوو، کە خۆرهەڵات و کۆمارەکەی لەدەست بدات و ببڕێتەوە.

دۆخی داگیرکاریی پێشوو مەبەستی سڕینەوەی نەتەوەی کورد بوو. پرۆژەی ناسیۆنالیزمی ئێران بۆ یەکسانکردنی ناسنامەی کورد بە خۆی و لە ڕێگای بە فارسکردنی بەها و هێما و کۆی مێژوو و هەموو ئەفسانە و ئوستوورەکانی کوردەوە، لە یەک مانادا بە لەناوبردنی ویژدانی گشتیی کورد و کوودەتای فەرهەنگییەوە نیازی وابوو بۆ هەمیشە خەیاڵی شڵەژاوی خۆی لە کورد ئاسوودە بکات. بە باوەڕی من، ئەم پرۆژە ئامادەکراوە تەنیا لە لایەن باڵی دەسەڵاتداری ناسیۆنالیزمی ئێران و خۆلیبراڵ خوێنییە فەرمانڕەواکانیەوە جێبەجێ نەدەکرا؛ بەڵکوو پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی بوو، کە کۆی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە چەپی چەپەوە بۆ ڕاستی ڕاست ئەرک و بەرپرسیارێتی بەئەنجام گەیاندنی لە ئەستۆ گرتبوو. وەک ئێستاکە بە ئاشکراتر ئەم پرۆژەیە ڕێبەری دەکەن.

ڕێژیم بە وەگەڕخستنی ماشێنی پڕوپاگاندە و هەموو میدیای خۆی و هێنانە مەیدانی نووسەرانی ئەلینەی کورد و مینبەرەکانی خۆی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی، قەبارەیەکی گەورە و فراوانی لە زەین و یادەوەری و یادەوەریی مێژوویی کوردی داگیرکرد. ئارییایی و ئێرانیبوون و هەموو ڕەوایەتەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، وا تەشەنەیان کرد نەک هەر جوگرافیای خۆرهەڵات و جەماوەری ئاسایی خۆرهەڵاتی گرتەوە، بەڵکوو کۆی کوردستانی بە جۆری خستە ژێرکاریگەریی خۆی و زۆر نووسەر و ڕووناکبیری کوردی لە دەرەوەی خۆرهەڵاتیشدا بە هەڵەدا برد و کورد و ئێرانی بوونیان یەکسان دەبینی و دەزانی. هەر چەند دەبێ بڵێین؛ مانا ڕاستیەکەی ئێرانی بوون واتە فارسبوون.

ئاسیمیلاسیۆنی سپی، قوژبن بە قوژبنی ژیانی کوردی لە خۆرهەڵاتدا کردبووە ئامانجی خۆی و هەموو کولتووری کوردیی بە

ئارامی دەسڕیەوە و بەها و باوەڕ و کولتووری کوردی بە ناشیرین و شوانکارەیی و دواکەوتوو دەناساند و بەها و نموونە و ڕەوایەتەکانی خۆی جێگیر دەکرد. ئەم نۆرمە لە سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی لە ڕاستیدا میراتی ناسیۆنالیزمی دێرینەخواز و ئەفسانەچەقی ئێرانییە، کە بۆ بەشێک لە چەپ و هەندێک چەپی ئێرانی تا هەنووکەش بەجێ ماوە. بە باوەڕی من ئەم میراتە تەنیا لە ڕێگای گواستنەوە و زەمەن و بۆ ماوەییەوە نەگەیشتووەتە دەست ئەم جۆرە بەناو چەپانە. بەڵکوو کۆی ناسیۆنالیزمی ئێران بە هەموو باڵەکانیەوە خۆیان بەشێک بوون لە داڕێژەران و ئەندازیارانی ئەم پرۆژەیە. بە نموونە دەتوانین سەیرێکی حیزبی توودەی ئێران بکەین. لە سەردەمی کۆمار و دوای کۆمار و تا دەورانی خومەینی، حیزبی توودە بە هەموو هێز و هێژمۆنیی خۆیەوە هەوڵی دەدا کۆمار و کۆی پێکهاتەی کۆمار و دەسەلات و دەوڵەتی کوردستان بکاتە پاشکۆی خۆی و لە دەسەڵات و توانایی و هێزی جەماوەریی و جێبەجێکاریی کەم کاتەوە. بە مامەڵەیەکی کەمگرتنانەوە، هەمیشە هەوڵی دەدا کۆماری ئازەربایجان گەورەتر و بەرجەستەتر کاتەوە و لانسەکردنی ئەم کۆمارە و هەوڵی توودە بۆ کەمکردنەوەی کۆماری کوردستان ڕوونە. قەبارەی هاوکاری و بەشداری و دیفاعی توودە و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە لە ئازەربایجان بە بەرجەستەیی دیارە و ئەم ڕاستیەمان بۆ زەق دەکاتەوە. ئەم دۆخە جیاوازە لە مامەڵەی شۆرەوی و کۆماری ئازەربایجان لەگەڵ کوردستان، ئەوە مەلەفی تایبەتیی خۆی هەیە.

توودە تەنیا ئەوکات و ساتە حیزب و بزووتنەوەی کوردی پەسەندبوو، کە لە چوارچێوەی پێناسە بەناو تیۆریکەکانی ئەودا بگونجایە.

کۆی ئەو پێناسانەش بارگاون بە ناسیوناليزمێکی شوێنیستی فارسی. بەرئەنجامی ئەم خوێندنەوە شتێک نەبوو جگە ئەوەی لە باشترین دۆخدا حیزب ببێتە سەنگەرشکێنی ویستەکانی حیزبی توودە. ئەمە لە ڕواڵەتدا لە چوارچێوەی خوێندنەوەی سوسیالیزمی بەڕاستی بوو و لە پەیوەندی نێوان دوو ڕەوتی چەپدا دەبینرا. بەڵام لە واقعدا بۆسەیەکی هزری و هەڵدێر بوو، کە حیزبی لە هەموو پێکهاتە بنەمایی و بونیادیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستان خاڵی دەکردەوە.

بیرمان نەچێت ناسیۆنالیزمی (کورد زۆرتر فۆرمی بزاوتێکی دژە کۆلۆنیالیستی هەیەو بووە ) ئەگەرچی بەڕێوەبەرانیشی ئاگا بەم هەناوڕۆنانە تیوریکە نەبووبن - جگە لە قاسملوو - چوونکە ئەم ناسیوناليزمە زۆرتر هەوڵی ڕەخسانی گیانی نیشتمانی و بوونێکی نیشتمانیی بووە، تا ناسیوناليزمێکی توندئاژۆی قەوم چەقی زمان مەکۆ. ڕاستە سەربەستی بڕیار و سەربەخۆیی سیاسی مەرجی هەرەسەرەکی و بوونیادی حیزبە، بەڵام پێم وانییە قاسملوو تەنیا لەم سۆنگەیەوە حیزبی لە هێژمۆنی توودە و ویژمانی چەپی شۆفینیزمی ئێران قوتار کردبێ. ئەو دەبێ وردتر لە مەسەلەکە ڕامابێت. ئەویش ئەوەیە ویستی حیزب بکاتە مێکانیزمی گۆڕینی سەرلەبەری ئەو ئایدیایە و بەڕۆنانی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی هەوڵی دا کۆی پەیوەندییە

خوێنی و خێڵی و هۆییەکان بگوازێتەوە بۆ پەیوەندیەکی نیشتمانی، کە تا ئەو چرکەش و ئێستاش کاری پێویستی لە سەر نەکراوە. سەرکردایەتی ئەو دەمی حیزب توانی هەم هەناوی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی سەرەڕۆ و شۆڤێنی ئێرانی دەرک بکات و هەم لە ئاستی پێویستیی سەردەمەکدا پرۆژەی بەرەنگاری بۆ دەستەبەر بکات. زیندووکردنەوەی مانا زەینی و دیدەییەکانی کورد و هەستیارکردنی ویژدانی گشتیی کوردبوون و ڕۆحی میژوویی ئەو ڕۆنانە مەزنانە بوون کە لەم بابەتەدا دەبینران.

- دابڕینی حیزب لە هەموو پەیوەندیەک و هێژمۆنییەکی دەرەوەی دەسەڵات و گوتاری حیزب و ویستی بزاوتی کوردستان لەو زەمەنەدا.
- هەستکردن بە پرۆژەی سڕینەوەی نەرمی کورد و بە ئێرانی کردنی کۆی مێژوو و کولتوری کوردیی و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی
- هەوڵدان بۆ گۆڕین و گواستنەوەی کۆی پەیوەندیەکان لە هۆز و خێڵ و خوێن و سەببە و بنەماڵەوە بۆ پەیوەندیەکی نیشتمانی. حیزب وەک ئامرازی گەڵاڵە و ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیە ئەرکی سیاسی و مێژووی خۆی خستە ڕۆژەڤەوە.
- هەوڵی سازدان و ڕۆنانی ویژمانێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی کورد بەگشتی هەوڵی دەستنیشانکردن و دانانی هێڵە گشیەکانی دابوو.

هەر چوار خاڵی ئاماژە بۆ کراو پرۆژەیەکی شیاوی پەڕینەوە لە قەیران و نسکۆی پاش ڕووخانی کۆمار بوون کە توانیان وڵامی تا ڕادەیەک شیاو و گونجاوی پێداویستیەکانی بزووتنەوەی کوردستان بدەنەوە، بەپێی سەردەم، جۆری خەبات و ئارایشتی جیهانی و هەرێمیی هێزە سیاسیەکانی ئەو ساتەوەختە.

بزوتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد هەر بەپێی تایبەتمەندی ناو هەناوی خۆی کە بزاوتێکی دژە (داگیرکاری – کۆلۆنیالیستی)ە، هەڵگری دوو تایبەتمەندیی گرینگی دژە دیکتاتۆری و ئازادیخوازییە. ناسیۆنالیزمی باڵادەست نەک ناتوانێ هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێت. بەڵکوو خۆی هەڵگرت سفەتەکانی دیکتاتۆری و دژە ئازادی و تەواویەت خوازییە. جیاوازییەکی بنەمایی و ناو هەناوی کە ئەم دووانە دەخاتە دوو بەرە و پێناسە و ڕەوت و لایەنی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە.

جواهێر لەعل نەهرۆ و گاندی و ماندلا وەک پێشەوایانی بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیستی و داگیرکاری مێژوویەکە، ڕەوایی و بابەتی بوونی ئەم ڕوانگەیان سەلماندووە ، هەرچەندە هەندێک بڵێن؛ کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و دەرەکی جیاوازن. بەڵام داگیرکاری و دیکتاتۆری و دژەئازادی تایبەتمەندیی هاوبەشی ئەم سیانە شوومەی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمی دەرەکی و ناوخۆیین.

ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ نەک هەر دۆخەکەی بۆ کورد نەگۆڕی بەڵکوو پرۆژەی سڕینەوە و پاکتاوی کوردی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی بردە قۆناغێکی ترسناکی دیکە. کۆسمۆپۆلۆتیزمی دینی و ناسیۆنالیزمی ئێران وەک دوانەیەکی شووم نەک بە شەڕی نەرم، ئاسێمیلاسیۆنی کولتووری پرۆژەی سڕینەوەی کوردیان بردە پێشەوە. بەڵکوو ئەمجار بە ئاشکرا و لە ڕێگای مێکانیزمە سەربازیەکانەوە بە دیار چاوی جیهانەوە کەوتە ڕەشەکوژی و قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵی کورد. ژێنۆسایدێکی زەق کرایە پرۆژەی ڕێژیم و هەر دوو باڵی شەڕی سەخت و نەرمی ئێرانیی سڕینەوەی یادەوری مێژووی کوردی کردە ئامانج و لە هیچ کردەیەک کۆسپەی نەکرد. سڕینەوەی مانا زەینی و زمانی و مێژووی یادەوریەکانمان، تەفریس و ئێرانی و ئەنفالکران. سەرەڕای ئەمانەش مەخابن مێکانیزم و پرۆژەکانی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی کورد هەر مێکانیزم پرۆژەکانی دەورانی کۆمار بوون و لاوازتر. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوەندەدا لێکترازانی بابەتیانەی بزووتنەوەی کورد و دابڕانی فکریی و شەڕی ناوخۆش ئەو هۆکارانە بوون، کە بزووتنەوەی کوردی لە خۆرهەلات هێندەی دیکە لاوازکرد. مەخابن چەمکی نەنەتەوە - نیشتمان، ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی کەوتە بازنەی خوێندنەوە ئایدۆلۆژیکەکان و دژایەتی ناهاوسازی سەردەم بە هەڵە و ماکیاج کراو هەوڵ درا بگوێزرێتەوە بۆ ئاقاری باسێکی نەزۆکی موجەڕەدی زەینی و بەس. هەزینەی ئەم هەڵەیەش لای هەمووان دیارە چی و چەندە بووە. زەبری بڕست بڕ درا لە بزوتنەوەکە سەری بیرکردنەوەی سەرکردایەتی زەینی و تیۆری بزوتنەوەکەوت کەوتە بەر ئەم زەبرە، تا هەنووکەش ئەم بۆشاییە بەزەقی دیارە و پڕ نەکراوەتەوە. جێگۆڕکێی کولتووری زێدویستی و نیشتمانخوازی بە حیزبخوازی و حیزب چەقی، خەسارێکی دیکەی ئەم ساتەوەختەیە. جیهانیبوونەوەی سەرمایە و گەشەی گیانی تاکخوازی و تەشەنەی جۆرە لیبرالیزمێکی کولتووری و سیاسی لە کۆمەڵی کوردەواری و سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی ژنان و لاوان و دەرکەوتنی فەرهەنگە سەرکوتکراوەکانی کوردەواری و ئالۆزبوونی ژیانی کۆمەلایەتی و کۆمەڵگای کوردستان، سەرهەلدانی بەربلاوی شارنشینی و چینێکی نوێ کیسەی بازرگان و خۆشگوزەران لە کوردەواریدا ئاماژە بوون، بۆ گۆڕانی بنەمایی کوردستان و کاژفرێدانی کۆمەڵی کوردەواری. پێویستیی نوێبوونەوەی گوتار و وێژمانی سیاسی کورد و گۆڕین و چاکسازیی مێکانیزم و میتۆدەکانی خەبات و گونجانی کۆی ئەم گۆڕانانە لە گوتاری بزووتنەوەی کورددا نە بە وردی خوێنرانەوە نە ڕەچاوکران و نە پێداچوونەوە بە مێتۆد و گوتارماندا کرا. هیچکات لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستاندا، وەک ئێستا دابڕانی گوتاری، لێکترازانی جوگرافیایی و گیانی ناوچەخوازی و حیزب بەچەقکردن و پەراوێزخستنی نیشتمان بەرجەستە و زەق نەبوو. نەک تەنیا لە خۆرهەلاتی کوردستاندا، بەڵکوو لە هەموو کوردستاندا. بەداخەوە دەتوانین بڵێین ئێستا کورد و بزووتنەوەکەی لە نالەبارترین دۆخی سیاسی و کولتووری و کۆمەلایەتی و سەربازیی خۆیدایە.

ئەرکی هەنووکە و ئەگەرەکانی دەربازبوون لە قەیران دەخوازێ کە هێزی بەرپرس و کۆی بزووتنەوەی کوردی لە هەردوو ڕووبەری سیاسی و ڕووناکبیری خۆیدا پێداچوونەوەی جیددی و بنەمایی بە خۆیدا بکات. ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات و هەوڵی چاکسازی بدات.

. پێداچوونەوەی وێژمانی کورد و بزووتنەوەکەی و چاکسازی تا ڕۆنانی وێژمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کە بتوانێ کۆی کۆمەڵی کوردەواری و هەموو مەیلە کولتووری و جیاوازییە دینی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەناوی خۆیدا جێ بکاتەوە.

. پێداچوونەوە و گۆڕینی کۆی مێکانیزم و مێتۆدەکانی خەبات و کاری سیاسی

. پێداچوونەوەی کۆی هەیکەلی ڕێکخراوەیی حیزبی کوردی و فامی ئەم واقعە کە حیزب جگە لە ئامرازی کاری سیاسی . نیشتمانی، شتێکی تر نییە.

. سڕینەوەی سیمای ناوچەگەرایی لە حیزب و بزووتنەوەکە و کردنەوەی دەرگاکانی سیاسەتی کلۆم بۆ لاوان و پسپۆڕانی بوارەکان.

. سڕینەوەی سیمای فەرهەنگی ناوچەیی و گومانی تەک ئایینزایی لە سیمای ئەم بزووتنەوە

. هەوڵدان بۆ گردوکۆکردن و ڕێکخستنەوەی هەموو توانا لێکترازاوەکانی هێزی ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لە حیزب و دەرەوەی حیزبدا.

. سەلماندنی بەکردەیی بەیاننیەی مافی مرۆڤ وەک پرۆگرام و پرەنسیپی لێلانەدراو لە کۆی سیاسەتی کوردیدا.

. ڕاشکاو و جیددی بوون بۆ درووستکردنی بەرەیەکی بەرینی کوردستانی.

. هەوڵی ڕاشکاوانە بۆ سازدانی بەرەیەکی دژەداگیرکاری لە هەموو گەلانی ئێران.

. یەک مینبەرکردنی جیهانی کورد و سیاسەتی یەکانگیر.

ـ مانیفێستی هاوبەشی سیاسی، کە پشتیوانیی هەموو هێزە سیاسییەکانی لەگەڵ بێت و ڕووناکبیرانی کورد لە دارشتن و گەلاڵە و ئەنجامیدا ڕۆڵی خۆیان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# لە یادی حەفتاو پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا




## ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای کوردەواری

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دەنێتە حەفتاوپێنجەمین ساڵی تەمەنی خۆی. ئەگەر بەشێوەیەکی واقعبینانە شوێنەواری ئەو حیزبە لە سەر ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستاندا لێک بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەو ماوە دوورودرێژەدا ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای کوردەواری بووە.

لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا ڕۆژنامەکان نەخشی ویژدان دەگێڕن و لەهەر کوێ گیروگرفت و کەموکوڕییەک هەبێت، وەک سەگی پاسەوانی ماف و ئازادییەکانی گەل و نیشتمان دێنە دەنگ. لە کوردستاندا، لە کاتێکدا کە گەلی کورد و خاکی کوردستان، لەژێر داگیرکاری و ستەمی نەتەوایەتی، سەرەڕۆیی و زەبروزەنگ و سەرکوتی هەمەلایەنەدان و خەڵک لە هەموو ماف و ئازادییە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی خۆیان بێبەشن، حیزبی دێموکرات، نەک هەر وەک حیزبێکی سیاسی ئاسایی، بەڵکوو وەک پێشڕەوی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتی کوردستان، لە هەموو بوارەکانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستاندا، ئەرکی بەڕێوە بردووە.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات درێژەی ئەو خەبات و تێکۆشانە دوورودرێژە بوو کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە سەردەمەکانی پێشووتردا بۆ ڕزگاری لە ژێرچەپۆکی و ستەمی میللی و لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، ئەنجامیان دابوو. بە دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی و پێکهاتنی هەلومەرجێکی لەبارتری نێوخۆیی و نێونەتەوەیی، ڕۆڵە پێشڕەوەکانی گەلی کورد، حیزبی دێموکراتیان بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنی ئەو خەباتە لە سەردەمێکی تازەتردا دامەزراند.

یەکەمین بەرنامەی سیاسی حیزب کە لە کۆنگرەی یەکەمدا پەسند کرا، ئاوێنەی باڵانوێنی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازەکانی ئەو حیزبەیە. خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، خەبات لە پێناوی ئازادی و دێموکراسیدا، خەبات بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، خەبات بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، خەبات بۆ کەمکردنەوە و لەنێوبردنی نابەرامبەری بەرانبەر ژنان، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بێعەداڵەتی لە خاوەنداریەتی زەویدا، خەبات بۆ ڕێکخستنی ژنان و لاوان وچین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکە بۆ وەدەستهێنانی ماف و داخوازە سینفی و پیشەیی و مەدەنیەکانیان، هەروەها خەبات بۆ هاوئاهەنگ کردنی بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی گەلانی ناوچە و دونیا، کە لەو بەرنامەیەدا جێیان بۆ کراوەتەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ڕاستی و درووستی ئەو قسەیە.

پێبەپێ چوونەپێشی کۆمەڵگای کوردستان و مرۆڤایەتی، لە کۆنگرەکانی دواتردا، بەرنامەی حیزبی دێموکراتیش پتر گەشە دەکا و هەموو ئەو کێشانە دەگرێتە خۆ، کە میللەتی کورد لەگەڵیان دەستەویەخەیە. دیسانترالیزەکردنی دەوڵەتی مەرکەزی، دێموکراتیزەکردنی وڵات، خەبات بۆ سێکۆلاریزەکردنی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی، پاراستن و خاوێنڕاگرتنی ژینگەی کوردستان، دابین و دەستەبەرکردنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وکۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا پەسند کراون، بە مافی پەرەسەندنیشەوە، و سەرەنجام دیاریکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن.

دەتوانین بڵێین کە لە حەفتاوپێنج ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و سەرکوت و پەلامارەی کە لەلایەن دوژمنانی نەتەوەکەمان و هێزە کۆنەپەرست و حکومەتە سەرەڕۆکانەوە، بەدژی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچووە، حیزبی ئێمە دینامیزمی سەرەکی زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە بووە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێک هاتوون.

بە سەدان و هەزاران کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا، لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا بۆ بردنەپێشی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان تێکۆشاون و مایەیان لە ماڵ و ژیان و گیانی خۆیان داناوە. گیراون، حوکم دراون، ئەشکەنجە کراون، دوورخراونەتەوە، لەدار دراون، ئاوارە بوون، لە سەنگەرکانی بەربەرکانیدا شەهید بوون، تیرۆرکراون، بەڵام هەرگیز ئاڵای خەباتی دێموکرات نەکەوتۆتە سەرزەوی. ئەگەر ئەو حیزبە ڕیشەی لە ژیان و خەباتی گەلی کوردا نەبوایە، قەت نەیدەتوانی لەو هەموو ماوە دووروودرێژەدا، لە ژێرباری ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگ و تۆقاندن و تیرۆرەدا پشتی ڕاست کاتەوە و هەروا قورس و قایم لە مەیدانی خەباتدا ڕاوەستێ و ببێتە جێگای

هیوا و هومێدی گەلی کورد.

بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانە، بیروباوڕی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازانە، ئیدەو مەرامی یەکسانیخوازی و دادپەروەرانە، لەقاودانی ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن و چەوسانەوە لە هەموو شکڵ و شێوەیەکدا، لایەنێکی دیکەی کارو چالاکی حیزبی دێموکرات بووە. چاپی ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی و ئەدەبی و فکری لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ساڵانی دواتردا، دامەزراندنی ڕادیۆ و ئیمکاناتی دیکەی بڵاوکردنەوە لە هەلومەرجێکی سەخت و دژوار و خەباتی ژێرزەوینی و بەرگری چەکدارانەدا، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و بزووتنەوە، سەنگەرێکی دیکەی ئەو خەباتە بووە.

باشترین نووسەران، ڕۆژنامەنوسان، وەرگێڕان و شاعیران و ئەدیبانی کورد لە ڕیزەکان و لە هالەی پەیام و تەشکیلاتی ئەم حیزبەدا پێگەییون و بوونەتە ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی ئەدەب و ڕۆژنامەنوسی کوردی. پێشەوا، هێمن، هەژار، سەیفی قازی، ڕەحیمی قازی، حەقیقی، سوارە، ئەحمەدی قازی، کەریمی حیسامی، هێدی، ئاوارە، شەرەفکەندی، قاسملوو، عەزیزی یوسفی، سادق وەزیری، حەسەنیانی، مام ئەنوەر و هتد، تەنیا گۆشەیەکی ئەو حەقیقەتەن.

بەو جۆرە نەوە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان، لە ڕێگای ئەدەبیاتی حیزب و ڕاگەیاندن و چاپەمەنی حیزبەوە، لەگەڵ بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە، ناسنامەی نەتەوەیی و لەگەڵ دیسکۆڕسی کوردستانی و ئازادیخوازانە ئاشنا بوون. هەر ئەوەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردۆتە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگای کوردستان.

### تایبەتمەندی و ناسنامە

لە نێو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی ونێونەتەوەییەکاندا حیزبی دێموکرات پرەستیژی بەرزی خۆی هەیە. حیزبێکە لە قوڵایی واقعیەتە سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران و ئەو هەلومەرجەوە سەری هەڵداوە کە کوردستان و کوردی تێدایە. جگە لە میللەتی کورد هێز و توانا و ئیلهام لە هیچ شوێنێکی دیکە وەرناگرێت. ئەوە بۆ هەشتا ساڵ دەچێ لە مەیدانی خەباتدا، ئاڵای داخوازە نەتەوایەتییەکانی میللەتی کورد و دێموکراسیخوازیی لە ئێراندا بەرز و شەکاوە ڕاگرتووە. سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارەی لە لایەن کۆنەپەرستی فەرمانڕەوا و دوژمنانی نەتەوەکەمان کراونەتە سەری، هەروا بەهێز وقایم لە مەیداندا ماوەتەوە و دەڕواتە پێش.

حیزبێکە توانای مانەوە و چوونەپێشی هەیە. لە قەیرانەکاندا بەهێزتر دێتە دەر. لە کورەی خەبات و بەربەرەکانیدا قاڵ بۆتەوە. توانای خۆنوێکردنەوە و بەخۆداچوونەوەی هەیە. تا دێ، پتر گەشە دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە هەم لەباری سیاسی وفیکرییەوە وهەم لەباری تەشکیلاتی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە گەورەیە. بە ئاسانیش خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان ڕێک دەخات. خەبات وتێکۆشانەکەی لە خەبات وتێکۆشانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئازادی و مافی نەتەوایەتی و لە خەباتی میللەتانی ئێران بۆ ئازادی ودێموکراسی جیا ناکرێتەوە. خاوەنی ڕابردوو و مێژووی خەباتگێڕانەیە. هەر لەو کاتەدا کە مێژوو بۆ خۆی داناتاشێ، قەت حاشاش لە ڕابردووی خۆی ناکات. ئەگەر بە مێژووی خەباتگێڕانەی خۆی شانازی دەکات، لەو شوێنەش کە پێویستە لە مێژووی خۆی دەرس وەردەگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ پێویستی بە خۆسەلماندن نییە. حیزبێکی کراوە، گەلی ودێموکراتیک و جەماوەرییە و هیچ سیاسەت وبەرنامە و تاکتیکێکی شاراوە لە میللەت و بیروڕای گشتی نییە. ڕابردوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە، بەڵام ئەم ڕابردووە نە بۆتە کۆڵەبارێکی گەورە بەسەرشانیەوە کە نەهێڵێ هەنگاو بۆ پێشەوە باوێت. ڕابردوو بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا بریتییە لە سەرچاوەی دەرس لێوەرگرتن و ئیلهام، نەک مانەوە و چەقبەستن لە نێویدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە کە خەباتی خۆی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە وەزعی سیاسی ئێران و مەوقعیەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد دەست پێکردووە. حیزبێکی بڵندپەروازە و بۆ ڕزگاری میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە کوردستانی ئێران، بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و لەنێوبردنی بێعەداڵەتی، بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەمەلایەنە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیک و سەقامگیرکردنی بایەخەکانی سۆسیال دێموکراسی خەبات دەکات. دەیهەوێ لەباری سیاسییەوە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان سەرلە نوێ سازمان بداتەوە و فەرهەنگ و کولتووری دێموکراتیک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا جێگرتوو بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی جیدییە و بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵ دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە چاوگێڕان بە وەزعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان و مەوقعیەتی سیاسی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بۆی دەرکەوتووە کە

هیچیدی ئەم وەزعە نابێ قبووڵ بکرێ و دەبێ بگۆڕدرێ. ئەوەش قەتاری حیزبی خستۆتە سەر ڕێگایەکی ئاسنی ئەوتۆ کە نایەڵێ بترازێ و بەلاڕێدا بڕوا. ڕێگای سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و ڕزگاری و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ میللەتی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەکا خۆی و میللەتی خۆی، کەموکورییەکانی خۆی، لایەنە لاوازەکانی خۆی و فەرهەنگی سیاسی کوردستان وئێران دەناسێ و قامکیان لەسەر دادەنێ. چارەمان نییە جیا لەوەی کە بۆخۆمان هەڵە و کەموکوڕییەکانمان دەسنیشان بکەین و لە دووبارەکردنەوەیان خۆببوێرین. ئێمە دەمانهەوێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین، بەڵام لە هیچ کاتێکدا ئەوە لەبیر ناکەین کە ئامانجی هەرەبەرزی ئێمە لە کاری سیاسی بریتییە لە خێری گشتی.

حیزبی ئێمە دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوە دەوێ تا بەرنامەی سیاسی خۆی پێ پیادە بکات. بەرنامەیەک کە بریتییە لە پرۆژەی سڕینەوە و لەنێوبردنی ستەمی نەتەوایەتی، دابینکردنی دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ڕفاە و عەداڵەتی کۆمەلایەتی. لە بارودۆخێکی ئاوادا چەندە پێویستیمان بە ڕۆحیەی خەباتگێڕانە لە مەیدانی خەباتدا هەیە، ئەوەندەش پێویستیمان بە ئازایەتی ئەخلاقی بۆ دیفاعکردن لە بەرنامەی سیاسی و هەڵوێستەکانی خۆمان هەیە. هەربۆیە تێدەکۆشین ڕەفتار و کردارمان لەگەڵ سیاسەت و قسە و دروشمەکانمان بێنەوە. هەر بۆیە لەسەر ئوسولەکان پێدا دەگرین و هەوڵ دەدەین سەرمایەی ئەخلاقی خۆمان لە خەباتدا ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر بکەین.

حیزب لە دەربڕین و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانی خۆیدا هەمیشە خاوەنی ئازایەتی بووە. فەرهەنگی سیاسی ئێمە ئەوە بووە و ئەوەیە کە جیا لە قازانجەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوی سەرانسەریی میللەتانی ئێران و بایەخە ئینسانی و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان، هیچ شتێکی دیکە لە خەبات وسیاسەتدا، خەت ونیشانی بۆ حیزبی ئێمە دیاری نەکردوون. ئەوەش بۆتە دەستمایەی گەورەی سیاسی و ئیعتیبارێکی گەورەی لە نێو میللەتی کوردا بۆ حیزبی دێموکرات دەستەبەر کردووە. لە ستراتیژیماندا شێلگیر و لە ئاشتی نەهاتووین و لە تاکتیکەکانماندا، تواناو لێوەشاوەیی زۆر بۆ خۆگونجاندن لەخۆ نیشان دەدەین.

هۆشیاری و دووربینی سیاسی تایبەتمەندییەکی سەرەکی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی ئێمەن. بەشێکی بەرچاوی کاری فەرهەنگی وخەباتی فەرهەنگیمان لە نێو خۆماندا دەبەینە پێش. هەمیشە نیگەرانی سلامەتی خۆمان و ڕیزە تەشکیلاتییەکانی خۆمان بووین و هەین. حیزبی دێموکرات لەگەڵ خۆی و تێکۆشەرانی خۆی سەختگیرە. ئاخر ئەگەر حیزبی

ئێمە قسەوکردەوەی لەگەڵ یەک نەیەنەوە، قەت شایانی ئەو هەموو ڕێزو پڕەستیژە نییە کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیەتی. لەوەش زیاتر شایانی ئەوە نییە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت.

ئەخلاق شوێنێکی گرینگی لە حیزبی ئێمەدا هەیە. ئێمە لەوە کە ئەخلاق لە سیاسەتەکانماندا بە هێند دەگرین قەت زیانمان نەکردووە. بایەخدان بە بەها ئەخلاقییەکان، حیزب و تەشکیلاتی حیزبیان بەهێز کردوون. بایەخی ئینسانی مرۆڤەکان بۆ حیزبی ئێمە لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوەیە. هەرگیز تووشی دوگماتیزمی حیزبی نەبووینە و بە چاوی دوژمن تەماشای موخالیفانی خۆمانمان نەکردووە. ئەوە بۆتە ئەسڵێکی گرنگی هەڵوێستە سیاسییەکانمان کە دەڵێین :هەرکەس دوژمنایەتیمان نەکات دۆستمانە، نەک هەرکەس دۆستایەتیمان نەکات دوژمنمانە.

لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتماندا فەزایەکی کراوە و دێموکراتیک بۆ باس و دیالۆگ و موناقەشەی سیاسی و فکری و نەزەری هەیە. گومانی تێدا نییە کە لە نێوماندا ململانێی سیاسی و تەنانەت خسوسیش هەیە بەڵام ئەو ململانێیە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی نێوخۆیی حیزبیمان بخاتە مەترسییەوە. تاهاتووە پتر ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکانمان، لە نێو خۆمان جێگیر کردوون. لە داهاتووشدا پێبەپێی گەشەی سیاسی خەڵکی کوردستان، پێوەندی و سترەکتۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دێموکڕاتیزەتردەبێ. ئەوە لە ماهیەتی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی جەماوەری و میللییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەو جێیەی کە ناکۆکی سیاسیمان لە نێو تەشکیلاتدا لەسەر مەسەلە تەشکیلاتی و حیزبییەکان بۆ هاتۆتە گۆڕ، لەوە نەترساوین بە بیانووی پاراستنی یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی، باسیان لێنەکەین. هەمیشە ترسی ئێمە لەوە بووە کە لە ئوسوولە سیاسییەکانمان و ڕێباز و سوننەتە  دێموکراتیک و حیزبیەکانمان لادەین. بۆ ئێمە سووربوون لەسەر ڕێبازی حیزب، واتە سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی میللەتی کورد ودێموکراسی لە وڵاتەکەماندا، لە هەر شتێکی دیکە گرنگترە.

ئێستا کە قۆناخێکی دیکە لە خەباتی حیزبەکەمان دەست پێدەکا وێڕای هەڵسەنگاندنەوەی وەزعی سیاسی وهەلومەرجی خەباتی خۆمان و میللەتەکەمان، بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و هیواوە بەرەوپێش دەڕۆین. دەزانین هەم دەرفەت وهەم مەترسی جۆراوجۆرمان لە پێشدان.

وەزعێکی نوێ هاتۆتە پێش و لە مەیدانی خەباتی میللی ودێموکراتی گەلەکەماندا، نەوەیەکی دیکە هاتۆتە مەیدان کە

دوور دەڕوانێ و بایەخ و بەها سیاسییەکانی نێو بەرنامەی حیزبی ئێمە بە هی خۆی دەزانێ و خەباتیان بۆ دەکات. ئەمڕۆ پتر لە هەرکاتێکی دیکە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران گوێ بۆ قسە و پەیامی حیزبی ئێمە ڕادەگرن. نەسڵێک پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و ژیان کە جگە لە ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە هیچ شتێکی دی ڕازی نابێت. ئەو کاروانە دەڕواتە پێش و ڕێگای لێ ناگیرێ.

خەباتی ئێمە تایبەتمەندیی میللی و دێموکراتیکی هەیە هەربۆیە هەر لەوکاتەدا کە پێویستیمان بە سیستم و ڕێکوپێکی تەشکیلاتی هەیە، پێویستیمان بە پلۆرالیزمی سیاسی و فکری و فەرهەنگی و نەزەری لە نێو بزووتنەوەدا هەیە. پێویستیمان بە هاوپێوەندی میلیی هەیە بۆیە ئێستا لەسەر پێویستیی ڕێککەوتن لەسەر پرۆژەیەکی میللی لەهەرکاتێکی دیکە پتر پێ دادەگرین. خۆ لەخۆڕا نییە حیزبی ئێمە هێندە لەسەر پێویستی لێک نزیکبوونەوە وهاوکاری و هاوئاهەنگی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ئێران پێدادەگرێ.

ئێمە نامانهەوێ لەو خەباتەدا بە تەنیا بین. حیزبی ئێمە لەمێژە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانمان، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک، دەبێ لەگەڵ هێزەکانی دیکە پێکەوە کار بکەین.

حیزبێک کە بە ڕەنج و کار و خەبات و تێکۆشانی چەند نەسل لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درووست بووە، ئێستا بۆتە هێزێکی کارا و کارساز لە سیاسەتی کوردستان و ئێراندا. ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لەسەریانە لەگەڵ حیزبی خۆیان گەشە بکەن و بڕۆنە پێش. خەباتی ئێمە بۆ ئازادی میللەتێکە کە لە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەشە. بۆیە مەسەلەی ئەسڵی و بنەڕەتیی لە خەباتی ئێمەدا، بریتییە لە گەیشتن بە ئازادی، وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی کوردستانی. ئەو ئامانجە ئەستێرەی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتمانە و نابێ لەبەر چاوانمان ون بێت. ئیعتیبار و مانەوە و چونە پێشمان بەوە بەستراوەتەوە کە چەندە دەتوانین بە ڕێگای ئەو ئامانجەدا بڕۆینە پێش.

ئێمە حیزبێک نین کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی بژی فڵانەکەس و بمرێ فیسارەکەس پێمان نابێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە. ئێمە ئامانجێکمان هەیە کە ئەویش بریتییە لە ئازادی و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی میللەتەکەماندا. لە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجەدا، بەو ئاکامە گەیشتووین کە دەبێ بە دژی ستەم و نابەرامبەری، بە دژی دیکتاتۆری، بە دژی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی، بە دژی کۆنەپەرستی، بە دژی شوڤێنیزمی دەسەڵاتدار و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد، بە دژی تێکەڵاوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی و دین، ڕاوەستین و تێکۆشین.

ڕێی خەبات سەختە و پڕ لە هەورازو نشێوە. یەکیەتی و پشوودرێژی و ئازایەتی و چاوی تیژ و ئەژنۆی بەهێز و بیری وردی دەوێ. ئامانج بەرزە و ڕێگا دوور. بەڵام شێلگیریی لە سەر ئوسوولەکان ونەرم بوون لە هەڵبژاردن و کارکردن بە تاکتیکەکان، وەک هەمیشە دەمانپارێزێ و سەرەنجام خۆمان و میللەتەکەمان دەگەیەنێتە ترۆپکی ڕزگاری. بە ڕۆحیەی فێربوون لە ڕابردوو و مێژووی خۆمان بەرەو پیری قۆناخێکی تازە لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان دەڕۆین.

## پەیام و ڕیسالەتی حیزبی ئێمە

پاش پتر لە حەفتاوپێنج ساڵ لە خەبات و تێکۆشان، خەباتی حیزبی ئێمە ئێستا خەریکە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە وڵاتەکەماندا و لەخەبات بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەماندا دەبێتە هێزێکی کارساز و بڕیاردەر.

ئاسۆی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان ڕوون دێتە بەرچاو. ڕەوتێکی تازە لە سیاسەتی کوردیدا لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەستی پێکردووە. هەرچەند ئەو ڕەوتە لە سەرەتادایە بەڵام تازە گەڕانەوەی بۆ نییە. ئەو ڕەوتەش بریتییە لە بەرەوپێشچوونی هەوڵەکان بۆ دەست پێکردنی دیالۆگی میللی، هاتنەدەر لە پرش و بڵاویی سیاسی، لێک نزیکبونەوە، تەنانەت ڕێککەوتنی چەندلایەنە و پێکگەیشتن لە سەر مەسەلە بنەڕەتی و چوارچێوە ئەساسییەکانی خەبات و تێکۆشانی هاوبەش.

ئەو دیالۆگە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی وڵاتەکەشماندا لەلایەکی دیکەوە هەر لە گۆڕێدایە. لەوێشدا هەرچەند مەیدانی کار وەک مەیدانی مین دێتە بەرچاو، بەڵام کورد لەو بەرەیەشدا هیچ ڕێگای دیکەی نییە دەبێ لە گۆڕەپانەکە بێ و ڕێگای چوونە پێشی ئامانجەکانی خۆش بکات و یەک بە یەک مینەکان هەڵگرێتەوە. هیچ جێی نیگەرانی نییە، بزووتنەوەی کورد زۆر لەوە بەهێزترە کە ئەکتەرەکانی سیاسەتی ئێران و ناوچە حیسابی بۆ نەکەن. بەڵام دەبێ لە مەیدانەکەدا بین، بەهێز بین و چاکیش یاری بکەین.

ئەوەی هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی ڕاگرتووە، سەرەنێزە و دۆلارە نەوتییەکان بوون. ئێستا بەو ئابلۆقە سەختە کە دونیا خستویەتییە سەر ڕێژیم، هەموومان گوێمان لە قرچەقرچی ئەو ئەستووندانەیە کە تاوڵی کۆماری ئیسلامیان بە پێوە ڕاگرتووە. چوونە پێشی ئەو وەزعە، سەرەنێزەی سەرکوتی ڕێژیمیش دەکاتە چەقۆیەکی کول و بێ ئەسەر.

لە لایەکی دیکەشەوە، شەڕی نێوان دارودەستەکانی نێو حاکمیەت بە قوڵبوونەوەی ئەو قەیرانە، جارێکی دیکە خەریکە سەرتاسەری دەسەڵاتی ئاخووندی دادەگرێ. وەزعی ناوچەش بەگشتی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی دەڕواتە پێش. کەیسی کوردستان و پرسی کوردیش ئیدی بۆتە کێشەیەکی گەورەی دونیا و هەموو تێگەیشتوون کە ئەو پرسە دەبێ چارەسەر بکرێ.

حیزبی ئێمە هەم لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان و پرسی کورددا دەتوانێ دەوری لێوەشاوەی خۆی بگێڕێ و هەم لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ.

بەرنامەی سیاسیی حیزبی ئێمە بەرنامەیەکە بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران، دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و بۆ دابینکردنی مافی چارەی خۆنووسینی میللەتی کورد. ئەو بەرنامەیە بەرنامەی بنیاتنانەوەی ئێرانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە هەتا دێت پتر دەبێتە بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵانی هەراوی میللەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەمڕۆ پەیامی حیزب بە گوێی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگا و بانگەوازی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتی و ئینسانییەکانی لە گوێی خەڵکدا دەزرینگێتەوە. هەر بۆیە چ لە ئاستی سەرانسەریدا و چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە ئاستی کوردستانی گەورەدا، هیچ هێزێکی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیی جیدی نابینی کە حیزبی ئێمە بە هەموو جیاوازییەکانیشییەوە لەگەڵ خۆیدا، وەک هێزێکی کاریگەری مەیدانی خەبات نەبینێ و نەیهەوێ هاوکاری و هاوڕایی لەگەڵ بکا.

کارنامە و بەرنامە و پراکتیکی حیزبی ئێمە بۆتە جێگای بڕوا و متمانەی نەتەوەی کورد و هەموو گەلانی ناوچە. ئەوەش لە لایەکی دیکەوە حیزبی ئێمەی کردۆتە حیزبێکی مەسئول کە بیروڕای گشتی حیسابی لە سەر دەکا. ئێستا وەختی ئەوە هاتووە تەشکیلاتی خۆمان بە جۆرێک ئامادە بکەین کە بتوانێت وا کاربکا کە حیزب بکاتە پاڕامێترێکی کاریگەری سەر ئەو وەزعە سیاسییەی خەریکە دێتە گۆڕێ. ئەوەش بەوە دەکرێ کە حیزبی ئێمە وەک هێزێکی میللی و جەماوەریی گەورە و بەهێز دەرکەوێ و بتوانێ هەموو هێزە خەباتگێڕەکانی گۆڕەپانەکە لەگەڵ خۆی بدا. نابێ لە بیرمان بچێ کە هەر لە ئەساسدا حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە. یانی ئەوە ڕیسالەتی حیزبی دێمۆکراتە کە ببێتە دینامۆی خەباتی میللی و دێموکراتیکی گەلەکەمان و ئەو خەباتە بەرێتە پێش بۆیە لە حەفتاوپێنجەمین ساڵی تێکۆشانی حیزبەکەماندا، تێکۆشەرانی حیزب لەسەریانە خۆیان هەڵکێشنە ئاستی مەوقعیەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# پێگەی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە کۆماری دێموکراتی کوردستاندا




**نووسینی: پرۆفیسۆر دوکتور کەیوان ئازاد ئەنوەر**

**بەشی مێژوو - زانستگای سولەیمانی**

## پێشدەست:

"حیزبی دێموکراتی کوردستان" بە یەکێک لەو هێزە سیاسییانەی مێژووی هاوچەرخی کورد دادەنرێت، کە مێژوویەکی پڕشکۆی لە خەبات و بەرخودان بۆ خۆی و نەتەوەی کورد دروستکردووە. ئەو یەکەمین پارتی سیاسی کوردییە لە مێژووی کورددا، کە توانیبێتی لە ماوەیەکی کەمدا بگاتە لووتکەی دەسەڵاتی سیاسی. ئەوەش کاتێک ڕابەرایەتی یەکەمین قەوارەی سیاسی بەناوی "کۆماری دێموکراتی کوردستان" بەڕێوەبرد. هەربۆیە جێگای خۆیەتی لە یادی ئەڵماسی ئەو پارتەدا، کە پێ دەنێتە "٧٥" ساڵەی دەرکەوتن و دامەزراندنی، شیکارییەکی مێژوویی بۆ چەند لایەنێکی تەمەنی بکەین، بەتایبەت "پێگەی لە کۆماری دێموکراتی کوردستاندا". بەو هیوایەین کەلێنێک لە مێژووی ئەو پارتە و نەتەوەی کورد پڕبکاتەوە.

### پرسیارە مێژووییەکان لەم بارەوە چین؟

تا ئێستاش شیکارییە مێژووییەکان لەسەر پرسی کورد و مێژووی پارتی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا، لەسەر ئەوە وەستاون، کە چۆن هێزێکی سیاسی وەک "حیزبی دێموکراتی کوردستان" دوای "پێنج" مانگ و نیو یان وردتر بڵێین دوای

"١٦٠" ڕۆژ لە دامەزراندنی، گەیشتە لووتکەی دەسەڵاتی سیاسی و یەکەمین سیستمی کۆماری لە مێژووی کورددا بەڕێوەبرد؟ هەروەها ئەوەش پرسیارە، کە زەمینە و پێکهاتەی ئەو هێزە سیاسییە چۆن و چی بوو؟ چۆن دروست بوو؟ چۆن گەیشتە لووتکەی دەسەڵات؟ و چۆن تا ئەمڕۆ بە زیندوویی ماوەتەوە؟ هەموو ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری تر، تا ئێستا خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت. هەربۆیە ئێمەش لە شوێن خۆمانەوە دەمانهەوێت بەشێکی ئەو پرسیارانە، بە پشتبەستن بە تۆمار و بەڵگە مێژووییەکان، وەڵام بدەینەوە.

"حیزبی دێموکراتی کوردستان" چی دەگەیەنێت: "الحزب" زاراوەیەکی عەرەبی و بە کوردی وشەی "پارت"ی بۆ دانراوە، کە لە وشە ئینگلیزییەکە "Party" وەرگیراوە. مەبەستیش لێی ڕێکخراوێکی سیاسییە، بە کۆمەڵێک پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی تایبەت، لە ڕێگای ئەندامەکانییەوە کار بۆ کۆمەڵە ئامانجێک دەکات(١). هەرچی زاراوەی "دێموکراتی"یە، کە ناوی دووهەمی پارتەکەیە، لە وشەیەکی یۆنانی کۆن وەرگیراوە بەمانای "دەسەڵاتی گەل". مەبەستیش لێی گەڕانەوەی دەسەڵاتە لە دەستەیەکی خاوەن بڕیارەوە بۆ گەل و خودی هاووڵاتیان(٢). مێژووی زاراوەکەش بۆ سەدەی "پێنجەمی پێش زایین"و بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک لە شاری "ئەسینا" پیادە کرا(٣)، بەڵام وەک پیادەکردنی سیستمەکە، بۆ زۆر کۆنتر لە یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە. ئەوەش کاتێک گوتییەکان وەک کۆمەڵێکی کوردستانی کۆن، لە "دوو هەزار" ساڵ پێش زاییندا ئەو سیستمەیان لە شاری "ئاراپخا-کەرکوکی ئێستا" پیادە کرد. ئەوەش کاتێک پادشاکانیان لە ڕێگای "ئەنجومەنی پیران"ەوە بۆ ماوەی "٧" ساڵ دیاری کرد و ئەنجومەنەکەش لەلایەن خودی هاووڵاتیانی گوتییەوە دیاری دەکرا(٤)، بەڵام کێشەی گەورە ئەوە بوو، کە گوتییەکان ناویان بۆ ئەو سیستمە دانەنا، تا سەرورەی ئەو ناوە، بە بەر یۆنانییەکان و خوێنەوارەکانی شاری "ئەسینا"دا بڕا. دوای ئەو مێژووەش "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە مێژووی کورددا بۆ جارێکی تر کاری بەو سیستمە کرد، ئەوەش دوای "چوار هەزار" ساڵ لە گوتییەکان. کاری ئەم حیزبەش بەهۆی ڕابەرایەتیکردنی بوو بۆ "کۆماری دێموکراتی کوردستان"و پیادەکردنی دێموکراسی بوو لەنێو کۆماردا. هەر وەک ئەوەی لەنێو دەسەڵاتی کۆماردا "ئەنجومەنی گوندەکانی" بۆ خۆڕێبەریی گوندەکان دانا(٥). ئامانجیشی بوو ئەو پرۆسەیە بەرێتە شارۆچکە و شارەکان، بەڵام بەهۆی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی، بواری ئەوەی پێنەدرا.

"کوردستان"یش بەواتای "وڵاتی کوردان". خودی زاراوەکەش لە هەر دوو بڕگەی "کورد" بە واتای "نەتەوەی کورد"و "ستان - state" بە واتای "هەرێم" پێکهاتووە. هەردوو بڕگەکەش بەسەر یەکەوە ئەو هەرێمە بەرفراوان و رووبەرە خاکە دەگرێتەوە، کە نەتەوەی کوردی تێدا ژیاوە و تێیدا دەژی. "کورد"یش ناوی نەتەوەیی گەلێکی نیشتەجێی وڵاتێکی شاخاوییە، کە هەزاران ساڵە لە ناوچەکانی ئەمڕۆی باکووری خۆرهەڵاتی تورکیا و باکووری خۆرئاوای ئێران و باکووری خۆرهەڵاتی عێراق و سوریای ئەمڕۆدا دەژی و سەردەمانێکە بە "کوردستان" ناسراوە(٦).

لێرەوەش "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بەمانای پارتێکی دێموکراتی کوردستانی هاتووە، کە خەبات لەپێناو بەدیهاتنی سیستمێکی سیاسی دەکات، کە خاکی کوردستان بە سەربەخۆیی بگەیەنێت. دواتر لەو دەوڵەتە سەربەخۆیەدا تاکەکانی دەسەڵاتی خۆیان دیاری بکەن و بەڕێوەی ببەن. تەنانەت خودی هاووڵاتییەکانیشی، کە بە "گەلی کوردستان" دەناسرێن، بڕیار لەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان بدەن.

"پارت" بۆ دەبێت سیاسی بێت؟ کاتێک دەمانهەوێت "پارت و سیاسەت" بەیەکەوە گرێ بدەین، یان بۆ ئەو پرسیارە بگەڕێین، کە بۆ دەبێت پارتەکان لە مێژوودا سیاسی بن؟ ئەوا دەبێت سەرەتا لەو چەمکەوە دەست پێبکەین، کە بە هەردوو بڕگەی "پارت + سیاسەت"، "پارتی سیاسی" دروست دەبێت. مەبەستیش لێی ئەو ڕێکخراوەیە بە کاری سیاسی شوێن ئامانجێک دەکەوێت، تا خزمەت بە خۆی و ئەندام و لایەنگر و هەوادار و ئەو کۆمەڵگایەی بکات، کە کاری تێدا دەکات. "سیاسەت"یش لە زاراوەی "السیاسة"ی عەرەبی وەرگیراوە و لە زمانی ئینگلیزیدا بە "political" هاتووە. کوردیش زاراوەی "ڕامیاری" بۆ "سیاسەت" داناوە، بەڵام ئەوەندەی "سیاسەت" جێکەوتووە، "ڕامیاری" بەکار نەهاتووە. ئەوەش یان لە خۆشویستیمان بووە بۆ عەرەب و زمانی عەرەبی! یان لە ئاسان بەکارهێنانی! خودی "سیاسەت"یش مەبەست لێی گەڵاڵەکردنی بۆچوونێکی فیکری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، کە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ڕێکوپێکدا دادەڕێژرێت و دەخرێتەڕوو. وا پێویستیشە ئەو بەرنامە سیاسییە بەپێی تاکتیکی ڕۆژ و ئەزموونەکانی قۆناغی سەردەم پلانی گونجاوی بۆ دابنرێت و گۆڕانکاری پێویستی تێدا بکرێت(٧). کاتێکیش زاراوە کوردییەکە واتە "ڕامیاری" شی دەکەینەوە، دەگەینە ئەوەی، کە لە واقیعی خودی کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام کورد کاری پێناکات! ئەویش "ڕامیاری"یە بە واتای "ڕاوی یاری" یان "یاری بۆ ڕامکردنی شتێک"(٨)! "نیکۆلای میکاڤیللی ١٤٦٩ - ١٥٢٧ز"یش لە ئەنجام چەندین ساڵ کاری سیاسی بۆ "بنەماڵەی میدچینی" شاری "فلۆرەنسا"ی ئیتاڵی و لە پوختەی بەرهەمەکەیدا "میر" گەیشتۆتە ئەوەی، کە ''سیاسەت بۆ گەیشتنە بە ئامانجێک، بێ ڕەچاوگرتنی ئەو ڕێگایانەی دەیگریتەبەر''(٩). دیارە ئەگەرچی ئەو وتەیە بەرهەمی سیاسەتی سەدەکانی پازدەیەم و شازدەیەمی زایینی بووە، بەڵام تا ڕۆژگارەکانی ئەمڕۆشمان بایەخێکی مێژوویی و سیاسی گرنگی هەیە و بەرنامەی زۆرێک لە سیاسییەکانی ئەمڕۆی جیهانە بە کوردیشەوە. سیاسییەکانیش لە ڕێگای پارتێکی سیاسییەوە هەوڵی بەدیهێنانیان داوە. ئەمەو پێویستیش بووە لەسەریان ململانێی ڕۆژگار و بەرامبەرەکانیان بکەن، تا زیاتر و باشتر بمێننەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە زانای زانستی پەرەسەندن "چارلز داروین ١٨٠٥ - ١٨٨٢ز" گەیشتۆتە ئەوەی، کە "ململانێ تەنیا لە پێناوی مانەوەدایە"، بەڵام هەمیشە مانەوە بۆ زلهێزەکان بووە، نەوەک لاواز و کەمدەستەکان(١٠)، ئەگەرچی هەندێک لەو بڕوایەدان، کە مانەوە بۆ چاکەکان بووە، بەڵام ڕاستییە و جێگای گومان نییە، کە تەنیا مانەوە بۆ زلهێزەکان بووە، سا ئەوەش لە ڕووی جەستەیی یان ژیری یان تاکتیکی سیاسییەوە بێت(١١).

لە پەراوێزی ئەو دەقانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەیکە سیاسەت لە کاری پارتایەتیدا لە توانایدا بووە و هەیە کاری گەورە بکات، تا ئەوەی خاکێک بخاتە چوارچێوەی دەوڵەتێکەوە، یان نەتەوە و کۆمەڵگایەک بە سەربەخۆیی بگەیەنێت. لە هەمانکاتیشدا لە توانایدا بووە و هەیە زۆر شت بە ئەندامەکانیشییەوە لەناو ببات. دیارە ئەگەر ئەوانەی بۆ نەکرابێت، ئەوا پارتەکە هیچی لە بەهای سیاسی نەزانیوە.

مێژووی سەرهەڵدانی پارتە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکان: کاتێک دێینە سەر "پارتی سیاسی کوردی" مەبەستمان لەو پارتە سیاسییە کوردییانەیە، کە بۆ نزیکەی "سەد"ساڵێکە بوونیان هەیە. سەرەتاش لە شێوەی کۆمەڵە و دواتر ڕێکخراو لە دەرەوەی کوردستان و لە شارە گەورەکانی "ئەستانبۆل و تاران" وەک "دوو" پێتەختی هەردوو دەوڵەتی "عوسمانی و قاجاری" لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوتن. ئەو "دوو" شارە پێگەی سەرەکی "دوو" دەوڵەتی داگیرکەری خاکی کوردستان بوون، بەڵام دوای "سی" ساڵ لەو ڕووداوە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لە چوارچێوەی "پارت"دا شکڵیان گرت. لەم بوارەدا "پارتی خۆیبوون" وەک پارتێکی سیاسی، کە ساڵی "١٩٢٧ز" لە شاری "بەیروت"ی خاکی لوبنان دامەزرا، بووە یەکەمین پارتی سیاسی لە مێژووی کورددا(١٢). دیارە دەرکەوتن و دروستبوونی ئەو پارتە و بە دوایدا پارتی سیاسی کوردی بۆ ئەوە بووە، تا کۆمەڵگای کوردی لە چوارچێوەیەکی سیاسی بە بەرنامە و پەیڕەوێکی نوێوە بەرەو قۆناغێکی باشتر ببات. ئەوەش دوای شکستی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەرکەوتن، وەک ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی، کەسانی وەک "شێخ عوبەیدڵلای نەهری، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ مەحموودی نەمر، شێخ سەعیدی پیران، ئیسماعیل خانی سمکۆی شکاک، سەید ڕەزای دەرسیم" ڕابەرایەتییان کرد، بەڵام نەیانتوانی بە سەرکەوتن بگەن. واتە هەریەک لەو کەسایەتییانە بێ گەڕانەوە بۆ پارتی سیاسی یان ڕابەرایەتی کردنیان بۆ پارتێکی سیاسی کوردی، هەوڵیان دا بە خەباتی چەکداری ڕابەرایەتی قۆناغێکی بزووتنەوەی کوردایەتی بکەن. تەنانەت "ئیحسان نوری پاشا" ڕابەری شۆڕشی ئاگری داغ، کە بەهۆی "پارتی خۆیبوون"ەوە ڕابەرایەتی شۆڕش و کۆماری ئاراراتی کرد، هەر بە سەرکەوتن نەگەیشت، چونکە خەباتەکەی سنووردار و بێ پشتیوان و بەرامبەر هێزێکی گەورەی تورک بوو(١٣).

دامەزراندن و دەرکەوتنی "حیزبی دێموکراتی کوردستان": "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە "١٦ی ئابی ١٩٤٥زایینی" بەرامبەر بە "٢٥ی گەلاوێژی٢٦٤٥کوردی" لە شاری "مەهاباد"ی مەڵبەندی ناوچەی موکریانی خۆرهەڵاتی کوردستانی سەر بە وڵاتی ئێران، دامەزرا(١٤). سەرەتا بە ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" دامەزرا، بەڵام دواتر بەهۆی سنووورداری خەباتی و دابەشبوونی خاکی کوردستان بەسەر "پێنج" خاکی داگیرکراودا، پاشگری "ئێران"ی بۆ زیادکراو بووە "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران". دامەزرێنەرانی ئەو پارتە سیاسییە کوردییە پۆلێک خوێنەوار و کەسایەتی ئایینی و بنەماڵەیی و بازرگانی بە هەڵوێستی ناوچەی موکریان بوون، کە "قازی محەممەد" لەسەروو ئەوانە بوو. ناوبراو، کە لە هەرەمی

سەرەوەی دامەرزێنەرانی بوو، دوای "پێنج" مانگ و نیو واتە "١٦٠" ڕۆژ پارتەکەی گەیاندە لووتکەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا(١٥)". ئەوەش دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەکەیدا "حیزبی دێموکراتی کوردستان"ی کردە پارتی پێشڕەوی "کۆماری دێموکراتی کوردستان"و بە ناوی "جمهوریەتی کوردستان" یان "کۆماری کوردستان" ناسێنرا. بەداخەوە ئەو کۆمارە لای هەندێک نووسەر و کەسایەتی بیرتەسک و نەیار بە کورد، ناوی "کۆماری مەهاباد"ی لێنرا! لەکاتێکدا شاری "مەهاباد" پێتەختی کۆمار و مەڵبەندی سیاسی ئەو قەوارە سیاسییە کوردییە بوو، نەوەک ناوی کۆمارەکە.

لەنێوان دامەزراندنی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"و "کۆماری دێموکراتی کوردستان"دا "١٦٠" ڕۆژ ماوە هەیە. لەو ماوەیەدا سەرانی حیزب توانیان لە "٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ز" واتە دوای "دوو" مانگ یەکەمین کۆنگرەی خۆیان لە شاری "مەهاباد" بە بەشداری دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامانی حیزب ببەستن. لەو کۆنگرەیەشدا سەرباری ئەوەی سکرتێری گشتی حیزب بە فەرمی دیاری کرا، کە "قازی محەممەد" بوو، دەستەی ڕێبەرایەتی حیزبیش دانرا(١٦)، کە دواتر ناوی "کۆمیتەی سەرکردایەتی" لێنرا. لە "٦ی کانوونی یەکەم"ی هەمان ساڵیش "گۆڤاری نیشتمان" وەک یەکەمین گۆڤاری ئەدەبی و شێوەیەک لە زمانحاڵی حیزب دەرکرا(١٧). "شەش" ڕۆژ دواتریش واتە لە "١٢ی کانوونی یەکەم"دا شاندێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی "قازی محەممەد"ی سکرتێری گشتی حیزب سەردانی شاری "تەورێز"یان کرد، تا بەشداری لە دامەزراندنی "کۆماری میللی ئازەربایجان" بکەن. ئەوەش دەسپێکێکی باش بوو ئەو حیزبە ئەزموونەکەی ئازەربایجان لە کوردستان پیادە بکەن. هەربۆیە لە "١٧ی کانوونی یەکەم" لە شاری "مەهاباد" دوای دەرکردنی تەواوی هێز و دەزگاکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران، ئاڵای کوردستان لەسەر باڵەخانەی مەعاریفی شاری "مەهاباد". دوای "دوو" ڕۆژیش هەمان ئاڵا لە شاری "نەغەدە"و "هەشت" ڕۆژ دواتریش لە شاری "بۆکان" هەڵکرا. بەوەش زەنگی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی کوردستانی لێدرا. لەگەڵ دەستپێکی ساڵێکی نوێی زایینی و لە "١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ز" بە دەرچواندنی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی بردە قۆناغێکی نوێ. بەوەش زەمینەی دامەزراندنی "کۆماری دێموکراتی کوردستان" لە "٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ز" ڕەخسا و بانگەشەی بۆ کرا(١٨).

یەکەم سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان: یەکێک لە سیما دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو سەرجەم پارتە سیاسییە کوردییەکاندا ئەوەبوو، کە بەردەوام سکرتێرە گشتییەکانی کەسانی دیار و گەورە و ناسراو و خوێنەوار بوون. یەکەمین سکرتێری گشتیش "قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی" بوو، کە لە "١ی مایسی ١٩٠٠ی زایینی" بەرامبەر بە "١١ی گوڵانی ٢٦٠٠ی کوردی "لە شاری "مەهاباد" لەدایک بووە. باوکی واتە "قازی عەلی" مامۆستایەک و زانایەکی ئایینی ناسراوی سەردەمەکەی بوو. خودی "محەممەد"یش، کە دواتر وەک "قازی محەممەد" یان "پێشەوا" ناسرا، لای باوکی خوێندنی ئایینی تەواو کرد و لەسەر دەستی ئەو مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرت. ئەوەش بەو مانایەی لە خێزان و بنەماڵەیەکی

دیار و ئایینی ناسراوی ناوچەی موکریان پەروەردە و فێرکرا. کاتێکیش تەمەنی گەیشتە "٢٣" ساڵ واتە لە ساڵی "١٩٢٣ز" لە سەردەمی دەوڵەتی قاجاریدا، بووە بەرپرسی کارگێڕی و ڕۆشنبیری ئەوقافی شاری "مەهاباد"و تا ساڵی "١٩٢٥" لەو پۆستەدا مایەوە(١٩). دواتر و لە دوای کودەتاکەی "ڕەزاخان"ی وەزیری جەنگی دەوڵەتی قاجاری لە "ئەحمەدخانی قاجار"ی دوایەمین پادشای ئەو دەوڵەتە(٢٠)، بووە بەرپرسی ئەوقافی شاری "مەهاباد". ئەوەش دوای ئەوەی مامی "میرزا ئەلحەسەنی سەیفولقوزات" کۆچی دوایی کرد و ئەو لە شوێنی دانرا. دواتر بۆ بەرپرسی مەعاریفی شاری "مەهاباد" بەرزکرایەوە(٢١). کاتێکیش کۆمەڵەی "ژ.ک" یان "ژیانەوەی کورد" لە"١٥ی ئابی١٩٤٢ز"(٢٢) هەر لە شاری "مەهاباد"و لەلایەن دەستەیەک خوێنەوار و کەسایەتی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان دامەزرا(٢٣)، "قازی محەممەد" یەکێک بوو لە ئەندامە دیارەکانی(٢٤). "٣" ساڵ دواتریش و لە "١٦ی ئابی١٩٤٥زایینی" بەرامبەر بە "٢٥ی گەلاوێژی٢٦٤٥کوردی" لەگەڵ دامەزراندنی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"، لەسەر داواکاری زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بە سکرتێری گشتی ئەو حیزبە دیاری کرا. "شەش" مانگ تێنەپەڕی کاتێک لە "٢٢ی کانونی دووەمی١٩٤٦زایینی" بەرامبەر بە "٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٦ کوردی" بووە یەکەمین سەرکۆماری کوردستان(٢٥). بەوەش پێشەوای "٤٦" ساڵی تەمەن، دوای بڕینی چەندین پۆستی کارگێڕی و سیاسی، بووە ناسنامەی نەتەوەیەک، کە توانی نەتەوەکەی بە دەوڵەت و قەوارەی سیاسی بگەیەنێت. ئەوەش لە ژێر سێبەری "حیزبی دێموکراتی کوردستان"دا. هەموو ئەوانەش سەرباری ئەوەی دەرخەری ڕاستەقینەی کەسایەتی "پێشەوا قازی محەممەد" بوو. لە هەمانکاتدا گەورەیی و بیرفراوانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بوو، کە زانا و کەسایەتییەکی ئایینی بکاتە سکرتێری پارتێکی دێموکرات و چەپی لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی سۆشیالیستی لە جیهاندا.

سەرباری ئەوانەش، تاکە کەسایەتی سەردەمەکەی بوو، کە زۆرترین زمانی جیهانی بزانێت. ئەو سەرباری زمانی زگماکی خۆی "کوردی"، شارەزایی لە زمانەکانی "عەرەبی، فارسی، تورکی، ئازەری، ڕووسی، ئینگلیزی"دا هەبوو، لەگەڵ شارەزایی لە زمانەکانی "فەرەنسی و ئەڵمانی"دا. ئەوەش لەکاتێکدا بوو، پادشای ئێران "محەممەدڕەزای پەهلەوی"، تەنیا زمانەکانی "فارسی و ئینگلیزی" دەزانی. سەرکۆماری میللی ئازەربایجانیش زمانەکانی "فارسی، ئازەری، ڕووسی"و سەرکۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتیش زمانەکانی "ئازەری و ڕووسی" دەزانی. ئەو "سێ" سەرۆکەش ئەوانە بوون، کە پێویست بوو پێشەوا لەکاتی خۆیدا بۆ لایان بگەڕێتەوە. کەواتە بەم پێوەرەش سەرباری ئەوەی سەرقافڵەی ناوچەکە بوو، بەڵکوو سەرقافڵەی جیهانیش بوو(٢٦).

ئەمەو یەکەمین سەرکۆماری گەنجیش بوو لە سەردەمێکی تەواو پڕ کێشە و خاکێکی داگیرکراودا، بتوانێت بەهۆی ئەو پارتەوە بەشێک لە خاکەکەی بە کەناری ئارام و سەربەخۆیی بگەیەنێت، چونکە کاتێک پێشەوا لە گۆڕەپانی "چوارچرا"ی

شاری "مەهاباد" کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند تەمەنی تەنیا "٤٦" ساڵ بوو(٢٧). دوای "یانزە" مانگیش لە سەرکۆماری و سەرۆکی ئەو پارتە لە بەرەبەیانی "٣٠ی ئازاری١٩٤٧زایینی" بەرامبەر بە "١٠ی خاکەلێوەی ٢٦٤٧کوردی" لە گۆڕەپانی "چوارچرا"ی شاری "مەهاباد" هەمان گۆڕەپان، کە بانگەشەی یەکەمین سیستمی سیاسی کۆماری تێدا ڕاگەیاند، لەگەڵ وەزیری جەنگی کۆمار "محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی"و "سەدری قازی" برای نوێنەری شاری مەهاباد لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئێران لەسێدارە درا(٢٨). بەوەش ئەو کەسایەتییە لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدە تەمەن کۆتایی بە ژیانی هات و ناوی چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە. گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەوەدا بوو، کە یەکەمین سکرتێری گشتی پارتەکەی شەهید بکرێت و شەهیدبوون لەبری ملکەچی و سازش بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان هەڵبژێرێت.

پێگەی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە کۆماری دێموکراتی کوردستاندا: وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، گەورەیی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" ئەوە بوو، کە لە ماوەی "پێنج مانگ و نیو" توانی بەشێکی خاکی کوردستان بخاتە سەر ڕاستەڕێگای سیاسی. ئەوەش کاتێک لە ڕێگای خۆی و سکرتێری گشتی حیزبەکەیەوە، یەکەمین کۆماری دانپێدانراوی دامەزراند. دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی لە شێوەی کۆماریش، کارێکی زۆر گەورە و سەخت بوو، چونکە تا ئەو ڕۆژگارە لە سەرتاپای جیهان، تەنیا "٣٤" سیستمی کۆماری هەبوون. وەک ئەوەی لە سەرتاپای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لە کۆمارەکانی "تورکیا، لوبنان، کۆماری میللی ئازەربایجان" ناوێک بۆ سیستمی کۆماری لە قارەی ئاسیادا نەبوو. لە "قارەی ئەمریکای باشوور" تەنیا "١٨" وڵات و لە "قارەی ئەورووپا" تەنیا "٧" وڵات و لە "قارەی ئاسیا" تەنیا "٥" وڵات و لە هەر یەک لە قارەکانی "ئەفریقا، ئەمریکای باکوور، ئوسترالیا"ش تەنیا دەوڵەتێک ئەو سیستمەی پیادە کردبوو، "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" بوو، بۆیە جێگای بایەخ بوو "کورد" وەک نەتەوە و "کوردستان" وەک خاک ببێتە "٣٥"مین دەوڵەتی کۆماری لە جیهاندا(٢٩). لەوانەش گرنگتر لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ئەو سیستمە سیاسییە جێکەوت، کە لەو کۆمارەی پێشەوا سەرۆکی بوو، زۆربەی هەرەزۆری نەخوێندەوار و پابەندی سیستمی هۆزایەتی بوون. بۆ نموونە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماردا بۆ هەر "١٠٠هەزار" کەس "١" پزیشک و بۆ هەر "١٠هەزار" کەس، مامۆستایەک هەبوو. کۆمەڵگاش "٩٠%" بە سەرەتاییترین شێواز سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون و تەنیا "١٠%"سەرقاڵی کاری پیشەی دەست و بازار و بازرگانی بوون. هەروەها "٧٨%" زەوییەکانی کۆمار بە دەست خاوەن موڵک و دەرەبەگەکان و تەنیا "٢٢%" بە دەست دەوڵەت و مامۆستای ئایینی و جوتیارەوە بوون(٣٠). ئەوەش کارێکی سەخت و دژوار بوو، سکرتێری پارتێکی کەم تەمەن و لە هەمانکاتدا سەرکۆماریش بێت، دەسەڵاتدارێتی ناوچەیەکی کوردستان بکات، کە "٨٥%" گوندنشین و "٩٥%" نەخوێندەوار بن(٣١). لەوانەش گرنگتر قبوڵکردنی دەیان سەرکردە و سەرۆک هۆزی گەورەی کورد بۆ کارکردن لە کۆمار و لە خزمەت ئەو پێشەوایەدا مایەی سەروەری و سەربەرزی بوو. ئەوەش هەر لە پێشەوای کورد "مستەفا بارزانی نەمر"، تا کەسایەتییە گەورەکانی وەک "حەمەڕەشیدخانی بانە، عەمەرخانی شکاک، زیرۆبەگی هەرکی،

محەممەدخانی فەیزوڵڵابەگی، حەمەئەمین ئاغا و قەرەنی ئاغا و عەلی ئاغای ئێلخانیزادە،..تاد". لەگەڵ چەندین ئەفسەر و دەرجەداری کوردپەروەرە وەک "میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، محەممەد قودسی، وەهابی عەلی ئاغای ڕەواندوزی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، عیزەت عەبدولعەزیز....تاد"(٣٢)، بۆیە کاتێک برایە بەر پەتی سێدارە، هەموو ئەوانەی لەسەر کرا بە ماڵ، کە چۆن توانی ئەو هەموو کەسایەتییەی کورد و سەرکردە و ئەفسەر و دەرەجەدارەی کورد لە دەورەی خۆی کۆبکاتەوە(٣٣).

وەک مێژووش نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرجەم تۆمار و نوسراوەکانی کۆمارەوە هەبوو. واتە هێزی کۆمار لەوەدا بوو، کە یەک پارتی سیاسی کۆماری بەڕێوە دەبرد. هەربۆیە لەماوەی "یازدە" مانگ یان وردتر "٣٣٠" ڕۆژ تەمەنی کۆماردا، چەندین دەسکەوتی گەورە بەدیهاتن، کە دیارترینیان ئەمانە بوون:

١- زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت.
٢- بایەخ بە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی درا و گۆڤاری "کوردستان" زمانحاڵی "حدکا" و کۆمار چاپ کرا و چەند ژمارەیەکی لێ بڵاو کرایەوە.
٣- هێزی سوپای نیزامی دامەزرێنرا و پلەی سوپایی دابەش کرا و "چوار" پلەی جەنراڵی درا بە "حەمە حسەین خان، مستەفا بارزانی، حەمەڕەشیدخانی بانە، عەمەرخانی شکاک". ئەمەو سەرەڕای بەخشینی چەندین پلەی سەربازی تر.
٤- بنەما ئابوورییەکان و باجەکان ڕێکخران
٥- بوارەکانی خوێندن بە کوردی بایەخیان پێدرا و کاری بۆ کرا.
٦- ئەنجومەنی گوند و شارۆچکە و شارەکان هەڵبژێران(٣٤).

١) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (داریوش ئاشوری و دیگران: فەرهەنگی نویَ،وەرگێڕانی: بورهان قانیع، چاپی یەکەم، سلێمانی، عێراق، ١٩٨٥ز، ل ١١٦ - ١١٧).
٢) د. صالح جواد كاظم و علي غالب العاني: الانظمة السياسية، الطبعة الاولى، جامعة بغداد-بغداد، العراق، ١٩٩٩١م، ص ٢٠، د. سردار قادر محي الدين: الديمقراطية التوافيقة في الدول النامية، الطبعة الاولى، منشورات مركز الدراسات الاستراتيجية - السليمانية، أقليم كردستان العراق - العراق، ٢٠٠٩م، ص ٤٥ - ٤٦.
٣) مجموعة من المختصين: قاموس الفكر السياسي، ترجمة: أنطوان حمصى، الطبعة الاولى، منشورات وزارة الثقافة - دمشق، سورية، ١٩٩٤م، ص ٣١٢، د. سردار قادر محي الدين: س.پ، ل ٥٠ - ٥١.

٤) بڕوانە: ((د. جمال رشيد احمد و د. فوزي رشيد: تاريخ الكرد القديم، الطبعة الاولى، مطابع دار الحكمة - اربيل، العراق، ١٩٩٠م، ص(٥٤ - ٥٦)، کەیوان ئازاد ئەنوەر: کەرکوک مەڵبەندی کۆنترین ڕژێمی دیموکراتی لە مێژوودا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨١٠)، بەرواری (٢٥ - ٢ - ١٩٩٩ز)، ڕۆژی (پێنجشەممە)، ل ١٠)).

٥) بڕوانە: ((کەیوان ئازاد ئەنوەر: ڕۆڵی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە بنیاتنانی کۆمەڵێکی مەدەنیدا، گۆڤاری (مەدەنییەت)، ژمارە (٢)، مانگی (ئازار)، ل (٦٦ - ٨٢).

٦) د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی نۆیەم، چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق، ٢٠١٩ز، ل ١٩.

٧) بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: (ئاشوری و دیگران: س.پ، ل ١١٦ - ١١٧).

٨) د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی ئێراق، ئێراق، ٢٠١٠ز، ل ٢٥٢.

٩) بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: (نیکولای میکاڤیللی: میر، وەرگێڕانی: حسین عارف، چاپی یەکەم، بەغداد، عێراق، ١٩٨٠ز).

١٠) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (داروين، جالرس: اصل الانواع ، ترجمة : اسماعيل مظهر، الطبعة الاولى، بغداد، العراق، ١٩٨٧م).

١١) د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا، ل ٢٥٢.

١٢) بڕوانە: (د. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن(١٩٠٨ - ١٩٥٨م)، الطبعة الثانية، السليمانية - اقليم كردستان العراق - العراق، ٢٠٠٧م، ص (١٠١- ١٠٦)

١٣) بڕوانە: ((د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لە مێژووی کورد، ل (٢٠٧ - ٢٥٧)

١٤) د. عبدالرحمن قاسملو و عبدالله حسن زادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٢ز، ل ٣١ - ٣٢، نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٦ز، ل (٨٦ - ٩١).

١٥) بڕوانە: ((قاسملو و حسن زادە: س.پ، ل (٣١ - ٤٧)

١٥) بڕوانە: ((قاسملو و حسن زادە: ە.س، ل (٤٢ - ٤٤)

١٦) نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، ل (٦٩ - ٧٧).

١٧) بڕوانە: ((قاسملو و حسن زادە: س.پ، ل (٤٢ - ٤٧)، نەوشیروان مستەفا ئەمین: ە.س، ل ٨٦ - ١٠٩)).

١٨) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((حەمید ڕەزا جەلالی پوور: قازی محەمەد، وەرگێڕانی: ئەحمەدی وەرتێ، چاپی یەکەم،

ئینتشاراتی تەوکلی - تاران، ئێران، ١٣٨٣هەتاوی، ل (٢٥ - ٣٣)، سەعیدی هومایۆن: پێشەوای ڕابوون - بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایۆن، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: هاشمی سەلیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی: چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق، ٢٠٠٧ز، ل (١٧ - ٥٢).

١٩) علی اصغر شمیم: ایران در دوره سلطنت قاجار، چاپ یازدهم، مؤسسه انتشارات مدبر - تهران، ایران، ١٣٨٤ه.ق، ص ٦٥٥، د.کمال مظهر احمد: دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، الطبعة الاولى، بغداد، العراق، ١٩٨٥م، ص ١٠٣.

٢٠) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((جەلالی پوور: س.پ، (٣٣ - ٥٠)، هومایۆن: س.پ، ل (٥٢ - ٧٣)

٢١) د. عزیزی شەمزینی: س.پ، ٣ - ٦٦.

٢٢) لە ڕاستیدا زۆربەی مێژوونووسان و شارەزایان بناغەی دامەزراندنی ئەم حیزبە بۆ (مەلاداودی) دەگێڕنەوە، کە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و لێهاتووی شاری (سابلاخ - مەهاباد) بووە. بەڕادەیەک هەندێک بۆ ئەوە چوون، کە دوکانە بچووکە بەقاڵییەکەی کردبووە شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن لەسەر چارەی سیاسی کیشەی کورد.

٢٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، ل ٧٨ - ٧٩.

٢٤) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((جەلالی پوور: س.پ، ل (٢٥ - ٥٠)، هومایۆن: س.پ، ل (١٧- ٧٣)

٢٥) نچکینا و دیگران: تاریخ مختصر جهان، ترجمە: محمد تقی فرامرزی، جلد پنجم، چاپ اول، نشر بین الملل-تهران، ایران، ١٣٦٠ه.ق، بەرگی پێنجەم، اطلس جامع گیتا شناسی(٨٦ - ٨٧)، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٨٦ه.ش، ص (٨٠ - ٩٦) بەرگی پێنجەم.

٢٦) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((جەلالی پوور: س.پ، ل (٢٥ - ٥٠)، هومایۆن: س.پ، ل (١٧- ٧٣)

٢٧) علاءالدین سجادی: شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف - بەغداد، عێراق، ١٩٥٩ز، ل ٣١٧، مەحموود مەلا عزەت: جمهوریتی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە)، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠١ز، ل ٣٠٨.

٢٨) بڕوانە: (د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی (سیستەمی کۆماری) لەجیهان و بەراوردی بە (کۆماری دیموکراتی کوردستان)دا، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٣٣٨٢)، ڕۆژی (دووشەممە)، بەرواری (٢٥ - ١ - ٢٠١٠)، ل ١٢.

٢٩) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە ((د.عبدالرحمن قاسملو: أربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية ، ترجمة : د.عزالدين مصطفى رسول، الطبعة الاولى، اربيل، اقليم كردستان العراق، العراق، ١٩٩٥م، ل (٣ - ٥).

٣٠) بڕوانە: (کەیوان ئازاد ئەنوەر: بەراوردێکی مێژوویی لە نێوان کۆماری دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە( ١١- ١٢)، ساڵی (چوارەم)، لاپەڕەکانی (٢١٨ - ٢٣٤).

٣١) بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ((مەحموود مەلا عزەت: جەمهوریەتی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١ز، سەعید

هومایۆن: س.پ، ل (١٩٨- ٢١٠) )).

٣٢) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (محەمەد ڕەزا سەیفی قازی: نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی، وەرگێڕانی: عەلی ئەکبەرەی مەجیدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز.

٣٣) د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لە مێژووی کورد، ل ٢٥٥.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوولای ٢٠٢٠

## حیزبی دێموکرات و دەسەڵات سپێریی DEVOLUTION




**ئیبراهیم لاجانی**

بۆ دابین و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا مەرجێکی بنەڕەتییە.

چونکە دێموکراتیزەبوونی ئێران، ڕێگا بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەکاتەوە تا چالاکانەتر لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن و تێکۆشن ماف و ئازادییەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە.

حیزبی دێموکرات وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر دێموکراتیزەکردنی ئێران، هەر لە ئێستاوە لەسەر ئەوەش پێدا دەگرێ کە لە قانوونی ئاساسی نوێی ئێراندا، هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بە ڕەسمی بناسرێن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و فەرهەنگییەکانی پەسندی کردوون.
هەرچەند لە ئێرانی فرەگەلدا، دێموکراسی و دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی دەبێتە دەستەبەرێک بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستییە وەبەرچاوبگرین کە زۆرجار دێموکراسی لە کردەوەدا دەبێتە دیکتاتۆری و ئەودەم باشتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەستەبەرکردنی مافە میللییەکانی گەلانی ئێران لە دەستوری ئەو وڵاتەدا، دەبێتە گەرەنتییەکی بەهێزتر بۆ پیادەبوونی ئەو مافانە.

لەوەش زیاتر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتەکانی ئیجرائی و قەزایی و قانووندانانا لەلایەک و پێکهێنانی

باڵانس لە نێوانیاندا بەجۆرێک کە سەربەخۆیی یەکتر نەخەنە ژێر هەڕەشە لەلایەکی دیکەوە، مەرجێکی دیکەیە بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی گەلانی ژێرچەپۆک بۆ شەریکایەتی عادڵانە لە مافی حاکمیەتدا.

بەو حیسابە ئەوانە هەموو مەیدانی کاروتێکۆشانی حیزبن لە ئێستا و دوارۆژدا تا بزووتنەوەی کورد بەهێزتر بێت و لە ئاستی سەرانسەریشدا بتوانێ پتر کاریگەر بێت، باشتر دەتوانێ لەو مەیدانانەدا مانۆڕ بدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە کە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزمی مەنتیقەیی و دەسەڵات ئەسپێریی سیاسیی، واتە (Regional auotonomy and political devolution)

دەتوانێ ماف و ئازادییە میللی و ئەساسییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و باقی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە، دابین و دەستەبەر بکات.

ئەزموونی سەدساڵەی ڕابردوو ئەوەی دەرخستووە کە ئەو مۆدێلە لە دەوڵەتداری و حاکمیەتکردن کە ئێستا لە ئێراندا هەیە و لەسەر ئەساسی حاشاکردن لە مافەکانی گەلانی ئێران دامەزراوە، ئیدی نەک هەر بە ئامانجەکانی نەگەییوە و نەیتوانیوە مەوجودیەتی فەرهەنگی و میللی و سیاسی گەلانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە بە قازانجی دەستەوتاقمی فەرمانڕەوا لەنێوبەرێ، تەنانەت پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی بەدواوە نەبووە و ئێستا بۆتە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی سیاسی ئەو وڵاتەش.

بۆیە دێموکراسی و سیکۆلاریزم، دابەشکردنی حاکمییەتی میللی، دەسەڵات ئەسپێری سیاسی و ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە وەک ئەڵترناتیو بۆ وەزعی ئێستا کراون بە بەرنامەی کارو خابات و تێکۆشان. بەرەیەکی دێموکراتیکی سەرانسەری دەتوانێ هەموو گەلانی ئێران بەرەو ئەو ئامانجە سیاسییانە مۆبیلیزە بکا. بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی و ئەو هەژاریی و مەینەتبەشیەش کە ڕێژیم بە درێژایی دەسەڵاتی جەهەننەمی خۆی بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە، فاکتۆرێکی دیکەی عەینییە کە کۆمەک بە چوونە پێشی ئەو سیاسەتە دروستەی حیزبی دێموکرات دەکات. ئەوە کە تێکڕایی خەڵکی کوردستان بەپیر بانگەوازیی حیزبی ئێمە و باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دێن و مانگرتنی سەرتاسەری بەڕێوە دەبەن، نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو سیاسەتەیە کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا گرتویەتیە پێش.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا دێموکراسی لە ئێراندا نەبووە و تاقی نەکراوەتەوە، هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمەپەسندمان نییە کە

نیشان بدات گەلی کورد نەتوانێ لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا، کە مافەکانی لە قانوونی ئەساسی ئەو وڵاتەدا دەستەبەرکرابن، شان بەشانی گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران لە ئاشتی و ئەمنیەت و ئاسایشدا بژی.

هێنانە گۆڕی داخوازی جیابوونەوە تەنیا کاتێک ڕەوایە و بە گوێرەی عورف و یاسای نێونەتەوەیی دەکرێ بەرگری لێبکرێ، کە بەڵگە و سەنەدی ئەوەمان بەدەستەوە بێت کە ئێمە بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵەی لە مێژوودا لەگەڵ گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران هەمانە، ئیدی پێکەوەبوونمان مەحاڵە و ناتوانین لە ئاشتی و ئارامیدا پێکەوە هەڵکەین. ڕاستە ئەزموونی تاڵمان لە دەوڵەتی ناوندیی هەیە و بێوچان لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگدا بووین بەڵام هیچ دەلیلێک نییە کە ئەگەر ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە نەمێنێ و دێموکراسی دابین بکرێ، ئێمەی کورد نەتوانین پێکەوە بە ئاشتی و تەبایی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بژین.

دیارە ئەگەر ڕۆژێک کوردستانی ئێران لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و قوڵبوونەوەی دێموکراسی لە ناوچەکەدا لە داهاتوودا، ئەو شانسەی بۆ هەڵکەوێت لە چوارچێوەی کوردستانێکی یەکگرتووی گەورەدا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکبگرێتەوە، ئەوە ئەودەم بە جیابوونەوە بە حیساب نایەت و لەڕاستیدا وەک وەسەریەک کەوتنەوەی نیشتمانی پارچەپارچەکراوی کوردان لەقەڵەم دەدرێ.

دەبێت بگوترێ کە مافی دیاریکردنی چارەنوس مانا و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت بەڵام هیچ کات بەتەنیا بەمانای جیابوونەوە نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە نەتەوە و کەمایەتییە بێ دەوڵەتەکان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان لە نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە ئەوان لەنێویدا دەژین. لە عورف و حقوقی نێونەتەوەییدا زۆرتر باس لە جیابوونەوە وەک دواچارە و ئاخرین ڕێگاچارە دەکرێ؛ واتە وەک ڕێگایەک بۆ دیفاع و بەرگری لە مان و مەوجودیەتی فیزیکی و فەرهەنگی و نەتەوەیی..(self-defense)

بۆیە ئەو ڕێگایە تەنیا کاتێک بەجێ و ڕەوایە کە بۆ خۆپاراستن لە بەرانبەر توندوتیژیی دەوڵەتی و ژینۆسایددا هەڵبژێردرێ. دەبێ بگوترێ کە هەزینە و تێچووەکەشی زۆرە و ڕێگاکەی بە نێو دەریای خوێن و فرمێسکی خەڵکدا تێدەپەڕێ.

دەلیلێکی دیکەشمان هەیە بۆ لایەنگریی چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا. هەموو هەوڵی ئێمە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان ئەوەیە میللەتەکەمان بەو ماف و ئازادییانە بگات کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا بۆ هەموو ئینسانەکان بە ڕەسمی ناسراون. ئەگەر هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە دەستووری ئێراندا دەستەبەر

بکرێن و لەهەمان کاتدا لە قانوونی ناوچە فیدراڵی و ئۆتۆنۆمییەکانیشدا دەستەبەر بکرێن، بێگومان ئەوە گەرەنتییەکی زیاتر درووست دەبێت بۆ پیادەبوونی ئەو ماف و ئازادییانە. ئەوەش بەقازانجی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامەی خۆیدا دەڵێ: هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ یا خودموختاری کوردستاندا دابین دەکرێن.

بۆیە دەستەبەرکردنی مافە میللی و فەرهەنگی و سیاسی و مەدەنییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە قانوونی ئەساسی نوێی ئێراندا، واتە لە دەستووردا، ئەو ئیمکانە پێک دێنێ کە گەلی کورد تەزمینێکی دیکەشی هەبێت کە باشتر دەستی بە مافەکانی خۆی ڕابگا. هەروەها بەشداری کورد لە دامەزراوە سیاسی و قەزایی و قانوونییەکانی ناوەندا، دەرفەتی ئەوە پێک دێنێ کە لە ئاستی دەوڵەتی مەرکەزی و حکومەتی فیدراڵیشدا، گەلی کورد بتوانێ بە قازانجی خۆی شوێن لەسەر بڕیارەکان و پرۆسەی سیاسەتگوزاری کەلاّن دانێ.
یەک مەسەلەی دیکەش زۆر گرنگە ئەویش لەگۆڕێدابوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاک و کاریگەرە. بەبێ هەبوونی جامعەیەکی مەدەنی ئازا و بوێر وچالاک هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە دەسەلاّت و بازاڕ و هەیئەتی سیاسی، بێ گوێدانە ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەسپی خۆیان لینگدەن.

حیزبی دێموکرات بۆ بردنە پێشی ئەو سیاسەتە پێی وایە کار لە مەیدانێکی دیکەشدا پێویستە واتە کارکردن لەسەر ناوەندەکانی بڕیار لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کە فشار بخەنە سەر دەوڵەتەکانی ناوچە تا لە پێوەندیی لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان و کەمایەتییەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا، نەرمتر بجوڵێنەوە و هەنگاوی کارا هەڵگرن. لە غەیری ئەوەدا ئەو ناوچەیە ئەمنیەت و ئاسایش و پەرەسەندن و هەڵدانی ئابووری بەخۆوە نابینێ. لەو پێوەندییەشدا دیپلۆماسی کورد پێویستە کارا و جیددی و یەکدەنگ بێت. نەبوونی گەرووبەکی هاوبەش و زمانێکی کاریگەری دیپلۆماسی کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و کەمایەتییەکانی دیکەی ناوچەکە بەرێتە پێشێ، زیان بە مەسەلەکە دەگەیەنێ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی توشی سەرلێشێواوی دەکات. پێکهێنانی هەندێک دامەزراوەی ناوچەیی کە بتوانن مافی کەمایەتییەکان و گەلانی بندەست لە ناوچەکەدا و لە ئاستی دەوڵەتەکاندا بەرنە پێشێ، دەتوانێ بە هەنگاوێکی کاریگەر لەو ڕێگایەدا بە حیساب بێت. هەر بۆیە ئەو مەسەلەیە جێگای تایبەتی لە کار و تیکۆشانی ئێستا و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەئموریەتێکی قورس!




**ئیبراهیم سالح ڕاد(لاجانی)**

حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جێژنی یوبیلی ئەڵماسی خۆی دەگرێ. ئەوەش ئەرکمان دەخاتە سەرشان کە خۆمان و حیزبەکەمان هەرچی باشتر لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستا و قۆناخەکانی داهاتووی خەباتی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هاوئاهەنگ بکەین. هەرچەند وێنەیەکی ڕوونمان لەو وەزعە نییە کە بەرەوڕوومان دێ، بەڵام هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ئێران و ناوچەکەدا بەڕێوەن و حیزبی دێموکرات دەبێ خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵیان ئامادە بکا.

ئێمە حیزبێکی جیددی و خاباتگێڕین، بۆیە خۆمان و ئەو مەئمورییەتەش بەجیددی دەگرین کە خستومانەتە سەر شانی خۆمان. مانای ئەو قسە ئەوەیە کە تێدەکۆشین گۆشەنیگای ڕوانینی حیزب بۆ دونیای دەوروبەر و ئەو وەزعە نوێیە کە خەریکە شکڵ دەگرێ بەرینتر بکەینەوە لەوەیکە هەیە.

بەڕاستی خەریکە هەلومەرجێکی تەواو تازە دێتە پێش.هەلومەرجێک کە لێمان دەخوازێ ئێمەش خۆمان بۆ سواربوونی ئەو شەپۆلانە کە بەرەوڕوومان دێن ئامادە بکەین. پێشبینی و قۆستنەوەی شەپۆلان و سواربوونیان بۆ چوونە پێش بۆ حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی ئێمە هەلپەرستی نییە بەڵکوو دووربینی سیاسی و هەڵناسییە.

ئێستا کە یادی حەفتاو پێنج ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەماندایین جەژن دەگرین، باشتر لە پێگە و ڕیسالەتی حیزبی خۆمان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا حاڵی دەبین. دەبینین کە میللەتەکەمان لە هەموو بارێکەوە لە دوایەیە. هەندێک میللەت

موشکیلەی ڕێگاوبانیـان هەیە، هەنـدێ میللەت گیروگرفتـی ژینگەیـان هەیە، هەنـدێک گیروگرفتـی وزەیـان هەیە، هەنـدێکیان مەسەلەی کورتخایەنیان هەن و هی واش هەن موشکیلەی درێژخایەنیان هەن. ئێمە هەموویمـان پێکەوە هەن. ژێرچەپۆکەین، ئازادیمـان پێشـێل دەکـرێ، حکومەتی خۆمـان نییە و چارەنوسـی سیاسـی خۆمانمـان بەدەستەوە نییە، لەبـاری ئـابووری و فەرهەنگـی و کـۆمەڵایەتییەوە لە هەژاری و مەینەتبەشـیدا دەژیـن. نەخشـێکی ئەوتـۆمـان لە پەرەسـەندنی خۆمـان و نیشتمانەکەماندا نییە.

حیزبـی دێمـوکرات بـۆ وەڵامـدانەوە بەو وەزعە درووسـت بـووە. تێکۆشـان لە وەزعێکـی ئاواشـدایە کە نەخشی حیزبـی ئـێمە بەرجەستە و پڕبایەخ دەکا.

نێوەڕۆکی پەیامی حیزب ئەوەیە کە کورد و کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێنە دەر؛ ئێمە ئەوە حەفتاوپێنج ساڵە لەو ڕێگـایەدا خەبات دەکەین و بە ڕابردووی پڕ لە شانازی خۆشمانەوە دەنازین بەڵام لەو بـارودۆخە نوێیەدا کە ئێستا هـاتۆتەگۆڕ، لە یـوبیلی حەفتـاوپێنج سـاڵەی حیزبـدا، ئەگەر دەمـانهەوێ کـاریگەر بـین و ئەو مەئمـوریەتە بەرینەسـەر کە خستومانەتە سەرشـانی خۆمـان، پێویسـتیمان بەوەیە خۆمـان و تەشـکیلات هەڵکێشـینە ئاسـتێکی چەنـدقات سـەرەوەتر لەوەی ئێسـتا و پێشوومان.

حیزبی ئێمە دەبێ بتوانێ وەڵامدەری مەسەلەکانی ئێستا و داهـاتووی کوردستان بێت. لەوەش زیـاتر دەبـێ لە بردنەپێشی سیاسەتی ئێرانیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ. ئەوەش وامان لـێ دەخـوازێ، هونەرەکـانی خەبـات و تێکۆشـان و مەیدانـداریی و ململانێی سیاسی لە سەردەمی دونیای گلۆبالدا فێربین.
خەبـاتی ئەمڕۆی حیزبـی ئـێمە لەچـاو سـاڵانی ڕابـردوو زۆر لەسـەرترە هەر بۆیەشە پێویستیی بە لێوەشاوەیی و زەرفیەتـی فکری و سیاسی و ئەخلاقی زۆرتر هەیە. ئێمە نامانهەوێ لە سیاسەتی کوردستان و ئێران و نـاوچەدا بکەوینە پەراوێزەوە؛ هەربۆیەش تێدەکۆشین وەک ڕابردوو لە سەنگەری هەرەپێشەوەی خەباتی میللەتەکەماندا بین.

دیسکۆڕس و گوفتمانی سیاسی لە کوردستان بریتییە لە ڕزگاری و ئازادی و دێموکڕاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. پایەکـانی بەرنامەی سیاسی و جیهانبینی سیاسیی حیزبی ئێمەش لەسەر ئەو چوار کۆڵەکەیە دامەزراون.

هەمـوو خەڵکی کوردستان داخوازە سیاسی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـانی خۆیـان لە بەرنـامەی سیاسی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانـدا، دەبینـنەوە. بە میلیۆن کەس لە کوردستان ئامادەن گـوێ لە پەیـامی سیاسـی حیزبـی ئـێمە بگـرن و بـۆ

بردنەپێشی ئەو پەیامە مایە لە سەروماڵی خۆیان دانێن. ئەوە سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەیە کە کەم هێزی سیاسی لە مێژوودا توانیویانە وەدەستی بێنێ بۆیە ئێستا دەبێ خۆشمان و تەشکیلاتەکەمان لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا بین کە خەڵک لێمانیان هەیە.

کۆمەڵگای کوردستان تەواو بۆتە کۆمەڵگایەکی سیاسی. کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان خەریکە سەرهەڵدەدا. پێشکەوتنخوازی و نوێبوونەوە و چاوکرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی بۆتە بەشێک لە کاراکتەری کەسایەتی کچان و کوڕانی کوردستان. قرچەقرچی شکانی مۆرەکانی برِبڕەی پشتیی کۆمەڵگای سوننەتیی لە کوردستان، دێتە گوێی هەموو گوێیەک کە توانای بیستنی هەبێت. خەڵک نەک هەر خوازیاری ئەوەن دەستی ئاخوند لە سیاسەت و حکومەت و یاسادانان دوورخەنەوە، بەڵکوو خەریکە زەینی خۆشیان لە بیرکردنەوەی مەزهەبی ئازاد دەکەن.

ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ کۆمەڵگایەک بەرەوڕووین کە زۆری فەرق هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای سێ چوار دەیەی ڕابردوو. خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی نەوەی تازەی کوردستان دەستیان کردووە بە موتالا و چاوخشاندنەوە بە سەرتاسەری مەوقعیەتی خۆیان و هۆیەکانی ئەو وەزعەی تێیدان بۆیە دروشمی سیاسی ڕۆژانە و هەندێک وشە و دەستەواژە و فۆڕمۆڵی ئاسانی سیاسی ناتوانن بۆ ئەوان بەس بن؛ دەورانی بمرێ فڵانەکەس و بژی فیسارەکەس لە سیاسەتی کوردیدا تێپەڕیوە.

حیزبێک کە پێشڕەویی ئەو میللەتە بکا دەبێ بڵند بڕوانێ و توانای ئەوە لەخۆیدا درووست بکا کە بە بڵنداندا بفرێ. جا ئەوە با ڕیسکیش بێ مەگەر حیزبی ئێمە هەموو ژیانی هەر خەتەرکردن نەبووە؟

خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، کە بۆ ئێمە زۆرگرنگە و لەو مەیدانەشدا کەس ناتوانێ موزایەدەمان بە سەردا بکا، تەنیا قۆناخێکە لە خەباتی ئێمە لەسەر ڕێگای ڕزگاری میللەتەکەماندا. ئێمە دەمانەوێت میللەتەکەمان بەرینە ئاستی میللەتانی ئازاد و بەختەوەری دونیا بۆیە ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕاستی زۆر قورسە.

ڕۆڵی ئێمە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا کورت نابێتەوە. ئێمە تەکانی ئاخر لە کۆمەڵگای کوردستان دەدەین .مەئموریەتی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر ڕەوڕەوەی پەرەسەندی خۆی واتە تەیک ئوف ( take off ) بە کۆمەڵگای کوردستان بکات. کاتێک فڕۆکە دەکەوێتە حەرەکەت لە سەرەتادا لەسەر تەگەرەکانی دەڕوا بەڵام پاش ماوەیەک تەیک ئۆف دەکا یانی ئیدی دەکەوێتە سەر قودرەتی ماتۆڕەکانی خۆی و لە ئاسماناندا دەکەوێتە مەلە و دەڕواتە

پێش. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا تەیک ئۆف بەو قۆناخە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگایەک دەڵێن کە ئیدی ئەو کۆمەڵگایە دەکەوێتە سەر چەرخەکانی پێشکەوتنی خۆی و دەتوانێ بۆخۆی گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەرکا و بڕواتە پێش.

کاری حیزبی ئێمە ئەوەیە ئەو تەکانە توونده لە میللەتی خۆمان بدا و بیخاتە سەرمەداری تەیک ئۆفکردن واتە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر مەداری ئازادی و دێموکراتی و مۆدێڕنیتە.

کۆمەڵگای کوردستان دەبێ لە ستەمی میللی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕزگاری بێت.
پێش هەرشتێک پێویستە میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی دیکە حاکمیەت و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی سیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. پاشانیش دەبێ مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەستەبەر بکرێن. لەوەش زیاتر پێویستە مافەکانی منداڵان، ژنان، کەمئەندامان، کەمایەتییە مەزهەبی و ئیتنیکی و...لە کوردستاندا دابین بکرێن.

لە زانستە سروشتییەکاندا دەگوترێ ئامانجی تەکامول، تەکامولی زۆرترە. ئامانجی دێموکراسیش بۆ حیزبی ئێمە دێموکراسی زۆرترو زۆرتر و هەر زۆرترە. ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن هەر بەو ئەندازە کە پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سەر حیسابی قوربانی کردنی ئازادی ئاکامەکەی کارەساتخوڵقێنە، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئازادیش لەسەر حیسابی لەبەرچاوەنەگرتنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کارەساتی بەدوادا دێ؛ بۆیە حیزبی ئێمە چ لە بەرنامە سیاسییەکەی و چ لە سیاسەتی ڕۆژانەیدا هیچ کاتێک لەو مەسەلەیە غافڵ نییە. ئەوەشە ئەو مەوقعیەتە بێوێنەیەی بە حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەخشیوە.
ئەوەش مەئموریەتێکی گەورە و قورسە کە هاویشتومانەتە سەرشانی خۆمان.

با هێزی بیر و چاوەکانی حیزب، هێزی بازوو و ئەژنۆکانی حیزب، بۆ ئەنجامدانی ئەو مەئموریەتە گەورەیە بخەینە ژێر تەوانی دە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# سێ بڕیارە گۆشە زێڕینەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**محەممەد سلێمانی**

لە بیرەوەریی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە تیشک خستنە سەر سێ بڕیارە گۆشە زێڕینەکەی حیزب و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، باس لە بایکۆتی ڕێفراندۆم و وڵامی بەڵێی لەبەیەک بۆ پەیامی ئاشتیی خومەینی و ١١ی ڕەشەمە، وەک ڕووداوگەلێکی گرینگ و مێژوویی دەخەینەوە بەرچاوی تێکۆشەرانی حیزب و ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردستان.

سێ ڕووداوی پڕشنگدار لە مێژووی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا ئێستاش وەک هەڵوێستی زێڕینی نەتەوەیی لە بەرامبەر حکوومەتی ئاخوندی تاراندا لێکدانەوەیان لە سەر دەکرێ و بنەما و جەوهەری بڕیارە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتیان وەک هێزێکی تێکۆشەر و نەتەوەیی نیشان داوە و پاش تێپەڕبوونی نزیک بە چوار دەیە بە سەر ڕووداوەکاندا، بە شانازیەوە وەبیر خەڵکی کوردستانیان دێنینەوە.

پاش بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی خومەینی و بەلاڕێدابرانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و نکۆڵیکردن لە فرەنەتەوەیی بوونی وڵات و ڕەتکردنەوەی دێموکراسی و بنەما دێموکراتیکەکانی کۆمەڵگایەکی بەتەواوی مۆدێرن. حیزبی دێموکرات بە هاوکاری و پشتیوانیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام هێزی سەرەکی پاڵنەر و بووژانەوەی ڕۆحی سیاسی و شۆڕشگێڕیی بووە لەو بەشەی کوردستان و بەهۆی هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەیەکانییەوە بۆتە جێگای هیوا و ئومێدی خەڵک.

یەکێک لەو هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییانەی حیزب کە پاش زیاتر لە ٤١ ساڵ، شانازیی پێوە دەکەین لە مێژووی سیاسیدا، بایکۆتکردنی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە ئێران بەمەبەستی بەخشینی متمانەی سیاسی و ئیداری بە دەسەڵاتی ئاخوندی تاران بوو. حیزب لەو کاتەدا زۆر ژیرانە لێکدانەوەی بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات کرد و بەرئەنجامی ئەو ڕوانینە سیاسیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوە بوو کە بڕیاری بایکۆت و بەشداری نەکردنی لە ڕیفراندۆم بە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات گەیاند و هۆکارەکەشی بە ڕوونی شی کردەوە.

٤١ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە سێبەری دەسەڵاتی ئاخوندیی ئێراندا وەک بابەتێکی بێهاوتا و پەرتاوی سیاسی و نەتەوەیی زانی و هەر بۆیەش بڕیاری ژیرانەی دا و داوای لە خەڵکی کوردستان و هێزەکان کرد بە هیچ جۆرێک بەشداری نەکەن و متمانەی سیاسی و نیشتیمانی بە دەسەڵاتێک نەدرێت کە جگە لە نکۆڵیکردن لە مافی سیاسی گەلان، بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نەخستۆتەڕوو کە تێیدا هەست بە ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بکرێ و مافی سیاسیی نەتەوەیی گەلی کورد و گەلانی تری وڵات لە بەرچاو بگرن و زامنی مافی سیاسی هەموو لایەک بکات.

خومەینی لە کاتێدا ئەو ڕێفراندۆمەی بەڕێوەبرد کە بۆ کەس ڕوون نەبوو سەبارەت بە داهاتووی ئێران چ بەرنامە و ستراتێژیەکیان دەبێت، بەڵام ڕێبەری حیزب زۆر بە باشی لە نیەتی کاربەدەستانی تاران تێگەیشتبوو کە بە تەمای چین و هەوڵی ئەوەیان دەدا وڵات بە شێوەی دیکتاتۆری و دەسەڵاتێکی ستەمکارانە بەڕێوە بچێت و شتێک بە نێوی ئازادی تاک و کۆمەڵ بوونی نەبێ و دەرفەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە نەتەوە و هێزەکانی وڵات نەدرێت.

بەشدارینەکردنی حیزب لەو ڕیفراندۆمەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دیار نەبوو چ جۆرە دەسەڵاتێک دەبێتە جێگرەوەی حکوومەتی شا و لەوەش گرینگتر سەبارەت بە مەسەلە جەوهەریەکانی وەک دێموکراسی و مافی نەتەوەیی و سیستەمی حوکمڕانی بەرنامەیەکی ڕوون و دیاریکراو دانەنراوبوو و هەر لەسەرەتاوە، ئاماژەکان دیاربوون کە ئێران بەرەو دەسەڵاتێکی ستەمکار و دژی ئازادی و مافی نەتەوەی گەلان هەنگاو دەنێت و لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا، جگە لەماڵوێرانی و کاولکاری، خێرێکی بۆ پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات نابێت.

هەربۆیە حیزب ئەو هەڵوێستەی گرت و داوای لە هێزەکان و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد بەشداریی هەنگاوێک نەکرێت کە دیار نیە لە دواڕۆژدا وڵات بەرەو چ ئاقارێک دەبرێت و وەختێک گەلی کورد ئامادەیە لە ڕیفراندۆمدا بەشدار بێت کە بەرنامەی سیاسیی حکوومەت و داهاتووی سیاسیی وڵات دیار بێت و بەشداریمان زامنە بە گەرەنتی کردنی مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد.

ئەو هەڵوێستەی حیزب بەڵگەیەکی گرینگی سیاسی و مێژوویی حیزبی دێموکراتە و هێندەی تر قوورسایی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی سەلماند و متمانەی خەڵکی زیاتر بەدەست هێنا و بە هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییەکانی بۆتە ئەو هێزە گەورە و کاریگەرەی کوردستانی ڕۆژهەلات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە سیاسەت و ڕوانینی خۆی لەهەمبەر ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا بە دروستی ئەو کاتیش ڕاگەیاند و پاش تێپەڕبوونی چواردەیە بەسەر ئەو بڕیارە سیاسییەی حیزبی دێموکراتدا، ئێستا زیاتر شانازی بە خۆمان و حیزبە خۆشەویستەکان و ڕێبەرییەکەی دەکەین.

دووهەم بڕیاری گرینگی سیاسی حیزب لەو کاتەدا وڵامی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملووی مەزن، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەوکات حیزب لەوپەڕی بەهێزیدا بووە، وڵامی " لەبەیەک"ی ئاشتی بە خومەینی دایەوە و پاش تێکشکاندنی هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە کوردستاندا!

ئەو لە بێهێزی و بێدەسەڵاتیی سیاسیدا ڕێگای ئاشتی هەڵنەبژاردووە و لە لاوازیدا داوای سازش و سازانی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی نەکردووە. زۆر کەس ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتیان بەو جۆرە لێکدەدایەوە کە نەدەبوو حیزب ئەوەی کردبا و پێیان بڕیارێکی شیاو نەبوو و حیزبیان بە هێزێکی سازشکار و ئاشتیخواز دەزانی و هەنگاوی هێوری و سەلیمی حیزبی دێموکراتیان بە کردارێکی دروست نەدەزانی.

د. قاسملووی مەزن هێزێکی گەورە و کاریگەر وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کوردستانی ڕۆژهەلات، بەدژی حکوومەتی خومەینی و لە پێناوی بەدیهێنانی ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بە باشترین شێوەی سەردەمیانە ڕێبەری دەکرد و زۆر ڕاستگۆیانە پێشڕەویی ئەو خەباتە نەتەوەییەی کردووە و بڕیار و هەڵوێستەکانی حیزب، بەرئەنجامی ڕوانینی ژیرانەی ڕێبەری بووە لە قۆناخە جۆر بە جۆرەکانی تێکۆشانی سیاسی و چەکداریدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێبەر و ئاڵاهەڵگری شۆڕشی نوێی کوردستانی ڕۆژهەلات ناسراوە و سیمای ئەو خەباتە بەو هێزە تێکۆشەرەوە دەناسرێتەوە لە مێژووی ئەو چواردەیە تێکۆشان بە دژی ستەمکاریەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی تاراندا. حیزبی دێموکرات بە هەڵوێستی بەجێ و لێکدانەوەی ژیرانەی سەبارەت بە دۆخی ئێران و کوردستان، قورسایی لە سەر ڕووداوەکانی وڵات دروستکردبوو و ڕاستە ئەو وەختی هێزی تریش بوونیان هەبوو، بەڵام هەرگیز لە هاوشانی حیزبی دێموکراتدا نەبوون و هەر بۆیەش گەلێک جار هەوڵی بە لاڕێدابردن و لە باربردنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لە

کوردستان دەدا.

دوکتور قاسملوو بەو تێگەیشتنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی سەبارەت بە دۆخی وڵات هەیبوو، زۆر بە باشی کاریگەریی لەسەر خەڵک و هێزەکانی تری وڵات دانابوو و سیاسەت و بەرنامەی حیزب بە جۆرێک دارێژرابوو کە هەموو چین و توێژێک هەستی بە بوونی مافی سیاسی و هەبوونی خۆی دەکرد لە نێویدا و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا حیزبی دێموکرات بوو بە هێزێکی بەتەواوی کوردستانی و لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێگە و نفووزی سیاسی بڵاو بوویەوە و خەڵک پشتیوانیان لە هەنگاوەکانی ڕاگەیاند و بە هەزارن کەس چەکی پێشمەرگایەتیان وەک بەرگری و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش کردە شان.

ئەو وەختی لە میتینگێک کە لە شاری مەهاباد بۆ دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب پێک دێت لە پاش شکستی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و کۆتایی شەڕی سێ مانگە، کە بە قۆناخێکی درەوشاوەی بەرخودانی نەتەوەیی تەماشا دەکرێ لە مێژووی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لەو بەرگریە نەتەوەیەدا حیزب سەرکەوت و بە هێز چۆکی بە دەسەڵاتی تاران دادا و بە ناچاری خومەینی ملی بۆ ئەوە درێژ کرد کە گوێ بۆ کورد بگرێ و وتووێژ لە گەڵ وەڤدی نوێنەرایەتیی کورد بکاتەوە.

هێزی پێشمەرگە توانی لە هەموو بەرەکاندا شکست بە هێزە چەکدارەکانی سەر بە حکوومەت بێنێ و حیزب و ڕێکخراوەکان بۆ جارێکی تر دەرفەتی گەڕانەوەی نێو شارەکانیان بۆ پێک هاتەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی خۆڕاگری شاردا بە ڕاشکاوی و وەک نەریتێکی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو دەڵێت: " لازمە لەبەیەک بەو پەیامەی خومەینی بڵێین کە تێیدا ڕایگەیاندووە ئامادەن بە ڕێگای ئاشتیدا مافی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە چوار چێوەی حکوومەتی نوێدا بە سەلمێنن و کۆتایی بەو شەڕە بێنن لە ئێران و کوردستاندا".

کاتێک کورد بەرگری دەکرد، ئەو خۆڕاگرییە بۆ ئەوە نەبووە درێژە بە شەڕ بدەین، بەڵکوو لەو ڕێگایەوە وەک حیزبێکی سیاسی هەوڵمان داوە فشار بخەینە سەر ڕێژیم هەتا بە دەم ویست و داخوازەکانی گەلی کوردەوە بێت و ئاوڕێک لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە.

دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی بوێر و زمانزان و سیاسی نەتەوەیی لە بەرامبەر دوژمنی داگیرکەردا، سێ لایەنی خەباتی

سیاسی و دیپلۆماسی و چەکداریی پێکەوە بەڕێوە دەبرد و بەترس و بێدەسەڵاتیەوە نەدەچووە ژێر باری تاران و زۆر بە ڕاشکاوی و جوامێرانە لە بەرامبەر حکوومەتی ئاخوندیدا ڕەوڕەوەی خەبات و تێکۆشانی درێژەداوە.

پاشان حیزبی دێموکرات هێزێکی شوێندانەر و جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و لە بەرژەوەندی ئاسایشی سیاسی و نەتەوەی گەلدا بڕیارە سیاسی و مێژووییەکانی داوە و هەڵوێستەکانی لە پێناوی پێگە و بەرژەوەندی گەلدا بووە. حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی دیاری کوردستانی ڕۆژهەلات بە ژینگەی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان نامۆ نەبووە و هەربۆیەش لێکدانەوە و هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەیەکانی بۆ هەمیشە جێگای شانازی و دروێنەی بەسودی ئەو سیاسەتەی حیزبیان کردووە و وەک دەستمایەی بەرخودانی نەتەوەیی کاریگەری لە سەر کۆی ڕووداوەکانی ئێران و کوردستاندا هەبووە و لە ئێستاشدا وەک هێزێکی کاریگەر شوێنی بەرچاوی لەسەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێران و کوردستان هەیە.

ئەو پەیامەی دکتۆر قاسملوو کە لە ژێر ناوی " لەبەیەک" دا وەک هەڵوێستی سیاسی حیزب سەبارەت بە پەیامی ئاشتیخوازانە بڵاو کرایەوە، شتێک نییە ئەمرۆ واتە پاش چوار دەیە و لە بیرەوەری ٧٥ ساڵەی لە دایکبوونی حیزبدا، بە شەرمێونی شەنوکەو بکرێ و بە لێکۆڵینەوە و تیشک خستنەسەری خۆمان بدزینەوە، بەڵکوو بەوپەڕی شانازییەوە باس لە سەر ئەو بڕیارە سیاسی و مێژووییەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و پێی سەربەرز و دڵخۆشین. ئەو بابەتەش یەکێکی ترە لە شانازییەکانی حیزب وەک هێزێکی تێکۆشەر، لە کاتی شەڕ و تەنگانەدا زۆر بوێرانە بەرگریی لە خەڵک و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی کوردستان کردووە و وەختی ئاشتیش سەنگەری خۆڕاگریی گواستەوە بۆ سەر مێزی ئاشتی و هەوڵی داوە بە ڕێگای سەلیم و دوور لە توندوتیژیدا، مافی سیاسیی گەلی کورد زامن بکرێت لە چوارچێوەی حکوومەتێکی دێموکراتیک و فرە نەتەوە و فرە ڕەهەندی سیاسی لە ئێراندا.

ئەو ڕووداوە و هەڵویستی لەو جۆرە و لە قۆناغی ئەوسای شەڕ و ئاشتی لە گەڵ ڕێژیمی خومەینیدا، ڕوانینێکی هەتا بڵێی دروست و بە جێ بووە و وەک شانازیەکی زێڕین وەبیر هەموو لایەکی دەخەینەوە و ئێستا وەک بنەمای فیکری ـ سیاسیی حیزب تەماشا دەکرێت.

کاتێک خومەینی نەیتوانی بە سانایی دەست بەسەر شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بگرێ و هەموو کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و کۆنترۆڵی کوردستان بکات، بێگومان لەو نێوەدا ناکرێ ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری گەورە و هێزی پێشمەرگەی حیزب لە بەرچاو نەگرین. بە هۆی خۆڕاگریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کرداریدا، توانی بە تەواوەتی بالانسی سیاسی و سەربازی بگۆڕێ و چەند جارێک دەسەڵاتی تاران ناچاربکات بە پێی

خۆیان بێن لە کوردستان لە گەڵ گەلی کورد و ڕێبەری سیاسیی گەورەمان سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی گفتوگۆ ئەنجام بدەن.

لەو کاتەدا خومێنی بەناچاری و بەدوای شکستی سیاسی و نیزامی شەڕی سی مانگەدا، پەیامی ئاشتی بڵاو کردەوە و لەوێدا ڕایگەیاند کە ئامادەیە مافی کورد لە شکڵی خودموختاریدا بسەلمێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش دەیهەوێت لە گەڵ وەڤدی نوێنەرایەتی کورد وتوویژی ئاشتی ئەنجام بدات و کۆتایی بە بارگرژی و شەڕ و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکان بێنێت و وڵات بەرەو قۆناخی ئاشتی و ئاسایش بەرێت.

بارودۆخی ئەودەمی پێمان خۆش بێت یان بەدڵمان نەبێت، هەر ئەوەی دەخواست و گەلی کوردیش سەرەتا هەوڵی دەدا بەڕێگای ئاشتیدا لە چوارچێوەی حکوومەتی نوێدا بە مافەکانی بگات. ئەگەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، بەو ڕێگایەدا بە خواست و ئامانجەکانی گەیشتبایە، دەسکەوتێکی گەورە و شتێکی زۆر باش دەبوو بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی لە ئێراندا و خەڵکی کوردستان سوودمەندی گەورەی ئەو ئاشتیە دەبوو.

پاش ئەوەی خومەینی و ڕێژیمەکەی تۆزێک جێگای پێیان قایم کرد و دەستیان بە دەسەڵات گەیشت و هەستیان بە هێزی خۆیان کرد، لە زۆربەی بەڵێنیەکانیان بە خەڵکی کوردستان کە درابوون، پاشگەزبوونە و ڕێگای توندوتیژی و ستەمیان بەدژی گەلی کورد و گەلانی تر گرتەبەر، کە بەداخەوە زیانی گەورەی بە خەڵکی کوردستان و شۆڕشەکەی گەیاند.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری هێزێکی گەورە و کاریگەری کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران، پاش ئەوەی لە نیازی خومەینی و هاوبیرەکانی تێگەیشت و زانی لە ماهیەتی ئەو ڕێژیمە تازەیەدا شتێک بەناوی مافی سیاسی و نەتەوەیی بەدی ناکرێت، دواجار بەناچاری بڕیاری بەرگری و بەرخودانی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕاگەیاند و هەر لەو کاتەشدا بەڕوونی گوتی:" ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و گەلانی دیکەی وڵات، تەنیا چارەسەری ئەو بارگرژییە، بە ئاشتی و وتوویژ دەکرێت".

بەداخەوە سەرەڕای سیاسەتی ژیرانەی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو کە پێش بە هەڵگیرسانی شەر بگیرێ، شەڕ دەستییپێکرد و زیانی زۆر و ماڵوێرانیی گەورەی لێکەوتەوە و کە لێکەوتەکانی ئەو شەڕە هەتا ئەمڕۆش لە کوردستان بەدژی گەلی کورد درێژەی هەیە.

بەڵام ئەگەر هاتابا لە جیاتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ناوەند و بزووتنەوەی کورد، ئاشتی جێگیر کرابا و مافی کورد

بەدی هاتبایە، گەلی کورد سوودمەندی یەکەمی ئەو دۆخە دەبوو و وڵات بەرەو ئاقارێکی تر دەچوو .حیزبی دێموکرات وەختی شەڕ، بە چاکی شەڕی کردووە و بەرگریی لە خەڵکی کوردستان کردووە و کاتی ئاشتی هەر بەو جۆرە هەنگاوێک لە پێش هێزەکانی دیکەوە بووە و هەرگیز هەڵوێستێکی ئەوتۆی نەبووە کە سیاسەتی خۆی ڕەتبکاتەوە، چوونکە زیاتری بارقورسایی شۆڕشەکەی لەسەر شان بووە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

ڕووداوێکی تری زێڕین لە مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبدا، ١١ ڕەشەمە، ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێکی ترە لە ڕووداوە زێڕین و بڕیارە نەتەوەییەکانی حیزب کە لە ماوەیەکی کورتدا، توانی پێگە و نفووزی خۆی لە نێو خەڵکدا بە تەواوی بەهێز و فراوان بکات و وەک هێزێکی بە مانای وشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربکەوێت و خەڵکی کوردستان لە دەوری بەرنامەی ڕوونی سیاسی و نەتەوەییدا کۆبکاتەوە.

١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی سیاسی و نهێنی، ڕێبەری نوێی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دوکتور قاسملوو لە میتینگێکی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسی، تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شاری مەهاباد وەک موژدەیەک ڕاگەیاند.

خەباتی ئاشکرای حیزب، جگە لە گرێدانەوەی دوو قۆناغی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب پێکەوە و داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەیەکانی گەلی کورد و گەلانی تری وڵات، ئەو ڕۆژەی وەک سەرەتای گۆڕانکارییەکی فراوانی سیاسی و تەشکیلاتی لە ژیانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند و بەڵێنی بە گەلی کورد دا وەک هێزێک کە بە سەرچاوەی بیری نەتەوەی و شۆڕشگێڕی ناسراوە، هەر وەک ڕابردوو لە پێناوی مافی نەتەوەی گەلدا هەنگاوەکانی خێراتر دەکات و بۆ بە ئاکام گەیاندنی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی نیازی بە هاوپشتی و کۆدەنگیی سیاسی و نیشتمانی و پشتیوانی خەڵکی کوردستان هەیە.

هەرچەندە ماوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب زۆر کەم بوو، بەڵام کاری گەورە و هەنگاوی بەنرخی هەڵێنان و وەک هێزێکی دێموکرات و مۆدێرن توانی بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەی بەرێتە نێو خەڵک. لەو کاتەدا بۆ جارێکی تر ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ گەلی کورد هاتە بەرەوە کە بتوانێ لە ڕێگای کۆدەنگی نەتەوەیدا داوای مافە سیاسیەکانی بکاتەوە. دیارە ئەو کات و ڕووداوەکانی کە پاشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویان دا، بەگشتی پرۆسەی خەباتی نەتەوەیان بەرەو دواوە برد و ئەو هێزەی کە بەردەوام داکۆکی لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد، حیزبی دێموکرات بوو و بەداخەوە زۆرجار لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا بە ئامانج دەگیرا و گیروگرفتی بۆ دروست دەکرا. بەڵام وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ هەوڵی

دەدا یەکیەتی سیاسی و نەتەوەی بەهێز پتەو بکا و ڕێگا نەدات درز بکەوێتە نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان.

١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات بێگومان زۆر هەستیار و هەر لەو کاتەشدا گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەو وەختەدا بە نیەتی فراوانترکردنی ڕوانگەی هزری، حیزب بەرنامەی تێکۆشانی سیاسیی بڵاوکردەوە. ئەو ڕۆژە لە مێژووی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە و ئەو پەیامەی لەو وەختەدا وەک بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەیی بڵاو کرایەوە، لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا، شوێنی قووڵی لە سەر وشیارکردنەوەی گەلی کورد دانا و خەڵک بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتیوانیی جەماوەرییان لە هەنگاوە سیاسیەکانی حیزب دەربڕی و ئەو هێزەیان بە تەواوی بەرەو پێشەوە برد و بە هەزاران کەس چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان.

ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بێگومان ڕووداوێکی لە ناکاو و بێ زەمینەی فیکری و تەشکیلاتی ڕێبەری ئەو حیزبە نەبووە و بە ئامانجێکی گەورەی سیاسی و نەتەوەی ئەو میتینگەی لە مەهاباد پێک هێنا. دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەس لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەرک و بەرپرسیارەتی ئەو قۆناخە مێژووییەی حیزبی ڕاگەیاند و بەرچاوڕوونی ڕووداوەکانی بە باشی خستە بەرچاوی خەڵک لە پێناوی مافەکانیان و خەباتی دوارۆژی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا و ئاستەنگەکانی بەردەم تێکۆشانی سیاسی.
حیزب هەنگاوی گەورەی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە پێناوی یەکسانی و بووژانەوەی ژێرخانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکدا نا و بەداخەوە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیەکانی حکوومەتی ناوەندی و حیزبی دێموکرات ئەو دەرفەتەی بە تەواوی بۆ پێک نەهات هەتا کۆی بەرنامەی سیاسی خۆی بەڕێوە بەرێت و بیباتە نێو گەل.

ئەو پەیامەی کە لەو ڕۆژەدا و لە میتینگی گەورەی شاری مەهاباد لە حزووری دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان لە لایەن دوکتور قاسملووەوە پێشکەش کرا، ئەو شارەی کە پێشتر حکوومەتی کوردستانی لێ دامەزرابوو، بە دڵنیایەوە گرینگی سیاسی و مێژووی تایبەتی خۆی هەبوو هەم بۆ حیزب و هەم لە سەر ورە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان . ئەوەش بەو مانایە بوو کە ئەگەر شۆڕش بۆ ماوەیەک کز بێ و توانای کرداری لەدەست بدات، بەڵام ئەو هەستە بەرزە نەتەوەییە لە لای خەڵک وەک خەونی ڕزگاری سیاسی گەشە دەکاتەوە وجووڵانەوەی سیاسیی کورد دیسان سەرهەڵدەدات و بەهێز دەبێتەوە، هەر وەک لە ساڵی ١٣٥٧ بە چاوی خۆمان ئەو ڕاستییەمان بینی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٣٢ ساڵ خەباتی سیاسی و نهێنی بۆ جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەی بۆ هاتە

بەرەوە کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا و شان بە شانیان لە شارەکاندا تێکۆشانی خۆی درێژە بداتەوە. بەداخەوە ماوەی حوکمڕانی سیاسی و ئیداریی حیزب زۆر کەم بوو و ئەو دەرفەتەی بۆ پێکنەهات کە بەرنامەی سیاسی و ڕیفۆرمی نەتەوەی بەڕێوە بەرێت. لە ماوەی کورتی تێکۆشانی سیاسی حیزب و ئازادبوونی شارەکانی کوردستان، ئازادیە سیاسی و دێمۆکراتیکەکان بە باشی گەشەیان کرد و دەرفەتی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی بەگشتی بۆ کۆمەڵگای کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان پێکهاتبوو، زۆر هێز کە نفوزیان لە شارێک و چەند گوندێک تێپەڕی نەدەکرد، لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا دەرفەتی فراوانی کاری ڕێکخراوەیان بۆ ڕەخسابوو و کاریان دەکرد.

ئەو سروشتە سیاسییەی کە حیزبی دێموکراتی لە هێزەکانی دیکەی کوردستان لەو سەردەمەدا بەتەواوی لێک جیا دەکردەوە، وەفاداری بوو بە سیاسەت و هەڵوێستە نیشتیمانییەکانی و لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ڕۆژدا، ڕەنگی سیاسی و فیکریی لەهەمبەر ڕووداوەکانی وڵاتدا نەدەگۆڕی و نەبوو بە پاشکۆی هەڵوێستی سیاسی هێزێک کە دژایەتی مافی نەتەوەی کورد بکات. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی سیاسی حیزبدا، ئەو هێزەی وەک دامەزراوەیەکی بەتەواوی سیاسی و نیشتیمانی ئەرکدار کرد کە هەنگاوەکانی لە بەرژەوەندی و بەسوودیی گشتیی گەلی کورد بنێ و داکۆکی لە پەیامی هاوبەشی سیاسی بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند بکات. دوکتور قاسملوو ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو شوێنەدا ڕاگەیاندووە، کە حکوومەتی شا بە پشتیوانی و پیلانگێڕیەکی سیاسی ناوچەیی و جیهانییەوە، حکوومەتی کوردستانی لێکهەڵوەشاند و تێکۆشەرانی حیزب لە سەر ئاستی ڕێبەریدا بەشێکیان گیانیان بەخشی و زۆریشیان گیران و لەنێو بران یان بەرەو گەرمێن ڕایان کرد.

ڕۆژی ئاشکراکردنی تێکۆشانی حیزب، بۆتە هەوێنی خەباتێکی درێژخایەنی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوە سیاسی و جەماوەریەی کە مێژوویەکی گەش و پرشنگداری ٧٥ ساڵەی هەیە لەو بەشەی وڵاتدا. ئەو حیزبەی کە لەو ڕۆژە مێژوویەدا و بە قەبووڵکردنەوەی بەرپرسیارەتی گەورەی سیاسی بەدوای ڕاگەیانی خەباتی خۆیدا، بۆ جارێکی دیکە ئەرکێکی مێژوویی تازەی کەوتەوە سەرشان و بەوپەڕی ئامانەتەوە پێشڕەویی ئەو قۆناخە سیاسیەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کردووە کە ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە و خۆی لە بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری "ڕاسان" دا نوێ کردووتەوە.

حیزب وەک هێزێکی بەتەواوی دێموکرات باوەڕی بە ژینگەی فروانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و زۆر بنەمای ئەخلاقی و شۆڕشگێڕی هەن کە بوونەتە کولتورێکی بەنرخی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب و ڕوانگەی سروشتی سیاسی بە جۆرێک بووە کە تێیدا دەرفەتی فرە ڕەهەند و چالاکی سیاسیی بۆ هەموو لایەک ڕەخساندووە و بەتەواوی دژی پەرشوبڵاویی سیاسی و

نەتەوەیی بووە لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا.

کاتێک کەشوهەوای سیاسی وڵات بە هۆی حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بەتەواوی تێکچوو، حیزب کە لەو پەڕی بەهێزیدابوو، بەرپرسانەوە و وێڕای لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان، هەڵوێستی سیاسی خۆی لە هەمبەر شەڕ و ئاشتیدا دەردەبڕێ و تەنانەت ڕێزی لە دیلەکانی شەڕیش دەگرت کە لە مەیدانی بەربەرەکانێ کردن لە لایەن هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە دەگیران. سەرەڕای هەوراز و نشێوی دژواری سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگر و ڕێکخەری جووڵانەوەیەکی بەتەواوی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بەوپەڕی وەفادارییەوە بە پەیامی ١١ی ڕەشەمە کە گرینگی و تایبەتمەندی تایبەتی هەیە و ڕۆحێکی نوێی بە بەر شۆڕشی کوردستاندا کردەوە.

ڕێبوارانی ڕێبازی پەیامی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە مەهاباد، ئەو مەشخەڵەی کە بە دەستی ڕێبەری بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی، دوکتور قاسملوو، پاش تێکچوونی حکوومەتی کوردستان، داگیرسێندرایەوە و وەفاداران و خەباتگێڕانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە، بە ئەمەگەوە درێژەیان بە ڕەوتی کار و خەباتی سیاسییان دایەوە و بڕیاری خەباتێکی فراوانی گشتگیری سیاسی و جەماوەری درا و لەو ڕۆژە گرینگەدا داوا لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان کرا، هاوکار و پشتیوانی سیاسیی حیزبەکەیان بن بۆ گەیشتن بە ترۆپکی ڕزگاریی نیشتیمانی کە ئامانجەکانی لە سەر ئەساسی ئەو بنەما فیکریە دیزان کراوەتەوە، کە پێشەوای نەمر خەباتی لە پێناودا دەست پێکردبوو.

لە ١١ی ڕەشەمەدا، بەدەیان هەزار کەس لە شار و ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی شانازی پشتیوانی و بەشداربوونیان لە نێو ڕێزەکانی حیزبدا بە نسیب بێ و گوێیان بۆ ئەو پەیامە سیاسەی دکتۆر قاسملوو گرت و، پاشان بە کردار لەو حیزبە گەورە و کاریگەرەدا خۆیان ڕێکخست و بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی تاران بەشداری خەباتی شار و شاخیان لە قۆناخە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشاندا کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک پێشەنگی بزووتنەوەیەکی سیاسیی نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای، بڕیاری دا کە وەک هێزێکی نەتەوەیی و دێموکرات و پێشکەوتنخواز، وێڕای هاوخەباتی لە گەڵ باقی هێزەکانی سەرانسەری و نێوخۆیی لە کوردستان، بە ئەمانەتەوە داکۆکی لە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات.

ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی حیزبێکی هاوشێوەی حیزبی دێموکرات کە بە تازەیی تامی ئەزموونێکی نوێی خەباتی ئاشکرای دەکرد، بێگومان کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، نە بۆ ڕێبەری و تەنانەت بۆ خەڵکیش. ئەوکات بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک گیروگرفتی گەورە لە سەر ڕێگای تێکۆشانی حیزبدا بەدی دەکران. بەڵام سەرباری کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسی، پانتایەکی بەرینی سیاسی و تەشکیلاتی لە ڕووداوە سیاسیەکانی ئێران و کوردستان بۆ خۆی گرت.

ئەگەر لێزانی و لێهاتوویی دوکتور قاسملووی بلیمەت و دێموکرات نەبوایە، بەو سانایییە ڕیشەی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستان دانەدەکوتا و نەدەبوو بە هێزێک کە نفووزی سیاسی و تەشکیلاتی بە هەموو کوردستاندا، بە بێ جیاوازی بڵاو بێتەوە. هاوسەنگی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە مەودای زۆری لە نێواندا هەبوو، شڵەژانێکی هەڵچووی هەرزەکاری فیکری . ڕێکخراوەیی دروستکردبوو، کە پاشان زیانی گەورەی بە هەنگاوە سیاسییەکانی حیزب و بزووتنەوەی سیاسی کورد گەیاند و لە ڕووی سیاسی و هزریشەوە جیاوازییەکان تا کات تێدەپەڕی زیاتر خۆیان دەردەخن لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# ڕاسانی ڕۆژهەڵات؛ قۆناغێکی پڕ سەروەری لە مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا




**مستەفا هیجری**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستان وەک وڵاتێکی دابەشکراو، پرۆسەیەکی بەردەوام و مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە. بە درێژایی ئەم مێژووە، لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، ئەو حیزب و لایەنانەی کە نوێنەرایەتیی ئەم بزووتنەوەیان کردووە، لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازی ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکی، ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان دیاری کردووە. ئەمە بەو مانایەیە کە ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵات و حکوومەتەکان لە ناوەندی وڵاتانیش فاکتەری شوێندانەر لەسەر بزووتنەوەکە بوون.

کۆی ئەم فاکتەرانە، لەگەڵ ئەوەی پێکهێنەری دەرفەت و هەڕەشە بوونە، بەڵام هاوکات دینامیزمی گۆڕانکاری و بەردەوامی و زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوەکەش بوونە. سروشتییە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بەدەر لەم هاوکێشانە نەبووە.

لە کاتێکدا بەرەو ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، پێویستە مێژووی ٧٥ ساڵەی ئەم حیزبە بە گوێرەی قۆناغەکانی خەبات و هەلومەرجی سەردەم، لە بەستێنی مێژوویی خۆیدا شیتەڵ بکرێت و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و وردبینانە، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی تایبەتیی لەسەر بکرێت.

ئەوەی لەم وتارە مەبەستمە ئاماژەی پێ بکەم، قۆناغێکی نوێیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی ڕۆژهەڵات کە بە

"ڕاسان" دەناسرێتەوە. ئەم قۆناغە کە لە بەستێنی نوێ و لە دەقی گۆڕانکارییەکان هاتە کایەوە، هاوکات بووە لەگەڵ گۆڕانکاری لە ئاستی پێکهاتەی حیزبی و ڕێکخراوەیی و هەروەها خوێندنەوەی نوێ بۆ چەمکەکانی ناوەند، ڕۆژهەڵات، چەمکی شار، چەمکی شاخ، چەمکی سەرمایەی شۆڕشگێڕانە و دواجار خستنە بەر باسی پرۆژە و گوتارێکی نوێ کە ڕوانگە و هێزی لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکان، لێک نزیک بکاتەوە بۆ ئەوەی چەمکێکی دیکەمان وێنا کردبێت کە هەمان ڕۆژهەڵاتێکی بەهێزە.

"ڕاسانی ڕۆژهەڵات" کە بە پەیامی نەورۆزیی ساڵی ١٣٩٥ی سکرتێری گشتیی حیزب لە چیاکانی سەرسنوور ڕوو لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندرا، هەڵگری ئەم پەیامە بوو کە:

دەنگ و تواناکانمان لە شاخ و شاردا ڕێک بخەین بۆ پێکهێنانی هێزێکی پتەوی چارەنووسساز کە ژیانێکی نوێمان بۆ بنووسێتەوە، ژیانێکی دوور لە ملکەچی و بێ مافی.

ناوەرۆکی ئەو پەیامە هەستانەوە و وەسەریەک خستنی هێز و توانا و سەرمایەی شۆڕشگێڕانەیە بۆ تەیارکردنی ڕۆژهەڵات و چوونە نێو کایە و هاوکێشە سیاسییەکانی دوارۆژ. هێزی پاڵنەر بۆ دەستپێکی ئەم قۆناغەش، ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە لەنێو خەڵک و خاکی خۆیدا بوو. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ڕاسان، بە دروشمی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ، دواتر لە کۆنگرەی ١٦ی حیزب وەک گەلاڵەی گۆڕانکاری پەسەند کرا.

### ڕاسان، هەنگاوێک بۆ دەرباز بوون لە قەیران

وەک بەرایی بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیی گۆڕینی ڕوانین و شێوازی خەبات و چوونە نێو قۆناغی ڕاسان، پێویستە ئاوڕێک لە دۆخی حیزب لە پێش ئەم گۆڕانکارییانە بدرێتەوە.

وەک وەفا و ئەمەگناسییەک بەرانبەر بە بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦-٤٧، وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و درووود بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان، بەراوردی ئەم ڕاپەرینە چەکدارییە لەگەڵ قۆناغی ڕاسان بە پێویست دەزانم. بەدەر لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم دوو قۆناغە، پێوستە ئاماژە بە خاڵە هاوبەشەکانیان بدرێت.

بزووتنەوەی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ کە ڕەهەندی تەشکیلاتی، سیاسی و چەکداریی هەبوو، لە ڕاستیدا هەوڵێک بوو بۆ

دەربازبوون لە بنبەست کە لەو سەردەمەدا تەنگی بە حیزب هەڵچنیبوو. لە ڕوانگەیەکی گشتیدا دەکرێت هەر دوو قۆناغ بە ڕاسانەوە لە قەڵەم بدەین، وێڕای ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی هەر دوو قۆناغەکە، بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ دەرباز بوون لە قەیران. خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان "جووڵە" بوو، بەڵام سەرەتا وەجووڵە کەوتنی حیزب و دواتر وەجووڵە خستنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات، بەڵام بۆ قەیران؟

دوای چڕبوونەوەی هێرشی پەیتاپەیتای کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب و پاشەکشێ لە شاخ و جێگربوونی لە باشووری کوردستان (١٣٧٢ - ١٣٧٥)، چالاکیی هێزی پێشمەرگە کەم بووەوە و دواتریش بە هۆکاری هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چالاکی و حزووری ئەم هێزە لە دیوی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە ڕاگیرا.

لە ماوەی ئەو دوو دەیەیەدا، ئامادەنەبوونی پێشمەرگە لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات، بۆشایییەکی ئەوتۆی پێک هێنابوو کە سەرباری کار و چالاکیی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی، بەتاڵییەکەی پڕ نەدەبووەوە. ئەم بۆشایییە وای کردبوو کە بەهۆی پلان و پیلانی بەردەوامی ڕێژیم و بانگەشەی نەمانی حیزبی دێموکرات، سەرنج و پرسیاری جیددی لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتیش لەسەر ئەم دۆخەی حیزب دروست ببوو.

درێژەدا بوونی ئەو دۆخە خۆی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی جیابوونەوە و دابەش بوونەکان لەنێو حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست پێ بکات. ئەنجامی لێکدابڕان و جیابوونەوەکان بوو بەوەی کە لایەنەکان هێز و وزەی زۆر لە دژی یەکتر ئاراستە بکەن. لێرەوە بوو کە گوتاری ڕەقیب و تەنانەت دژ، لەنێو حیزبەکان سەری هەڵدا و ئەمەش دڕدۆنگی و بێ هیوایی لای ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت خەڵکی ڕۆژهەڵات دروست کردبوو. چاوەڕوانیی ڕۆژهەڵات لە حیزبەکان و سیاسەتی چاوەڕوانیی خودی حیزبەکانیش، کەشێکی ئەوتۆی پێک هێنابوو کە نیشانەی پرسیار لەسەر بەردەوام بوونی خەباتی ئەم حیزبانە دانرابوو.

شوێندانەری نەرێنیی دۆخی ئاماژەپێدراو، تەنیا لەسەر کورد لە ڕۆژهەڵات نەبوو. سیاسەتی چاوەڕوانی و بێ جووڵەیی هێزی پێشمەرگە، کەم تا زۆر باڵی بەسەر ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبیشدا کێشابوو. لەم ماوەیەدا بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگە و تەنانەت کادرە بە ئەزموونەکانی حیزب ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییان بەجێ هێشت و زۆربەیان ڕوویان لە هەندەران کرد، ئەم دیاردەیەش بە نۆرەی خۆی بێ هیوایی لەنێو ڕۆژهەڵات زیاتر دەکرد و ئەو نیگەرانییەی دروست کرد کە لەوانەیە جێگای ئەو کەسانە پڕ نەبێتەوە.

بەم چەشنە ڕەوتی کزی و لاوازیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی زیاتر بێ هیوا دەکرد. ئەمەش دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی ڕێژیم دۆخەکە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە و بتوانێت لەنێو توێژی کەم ئاگای کۆمەڵگا، ژمارەیەکی بەرچاو لە گەنجەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە ڕیزەکانی بەسیج و بەکرێگیراواندا دژ بە کۆمەڵگا و حیزبەکانی چەکداریان بکات، یان لە باشترین حاڵەتدا بێ لایەنیان بکات. بەشێک لە ئەرکی ئەم چەکدارانەش بریتی بوون لە: "زەخت خستنە سەر بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانە و دانەوەیان بە ناوەندەکانی سەرکوت و داپڵۆسینی وەک ئیتلاعات و سپا و... هتد".

لەلایەکی دیکەوە، لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەدا، بەشێک لە توێژی خوێندەواری کۆمەڵگاش ئاگاهانە یان نائاگاهانە کەوتنە بازنەی گوتاری ڕیفۆرمیستی و بوون بە بڵیندگۆی ئەو ڕەوتە. ئەم توێژە ئەو بۆچوونەیان تیۆریزە و کردەیی دەکردەوە کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان، ڕیفۆرم و چاکسازییە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی کۆماری ئیسلامیدا، بۆیەش پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ڕیفۆرمخوازی کە دیارە تێچووی کەمتر و بگرە ئیمتیازی زۆری هەبوو بۆیان. بەم شێوەیە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیش لانیکەم بۆ ماوەیەک شوێندانەریی خۆی هەبوو لە پشتکردنی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خەباتی ڕاستەقینە و شوێندانەر لە دژی ڕێژیم. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەم کە هەر لەو ساڵانەدا، دۆخی لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی زۆر لە دۆخی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خراپتر بوو کە لێرەدا مژاری باسی ئێمە نییە.

لەم هەلومەرجە نالەبار و نەخوازراوەدا، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەسەر دووڕییانێکی دژواردا بوو. ڕێگایەک سیاسەتی چاوەڕوانی و دواجار توانەوەی حیزب و دابڕانی زیاتری تەشکیلاتی و هەڵوەرینی هێزەکانی بوو کە ئاوات و پلانی هەمیشەیی دوژمن بووە؛ ڕێگای دووەم، ڕێگای سەروەری و وەگەڕخستنەوەی هێز و توانای ڕۆژهەڵات و پتەوکردنی ڕیزی تێکۆشەرانی خەبات بوو لە پێناو بەرەدوامیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە. هەڵبژاردنی هەر کام لەم دوو ڕێگایە کەم و زۆر تێچووی خۆی هەبوو، بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزب بە پشت بەستن بە ئیرادەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان لە نێوخۆ و دەرەوە و سەرباری لێکدانەوەی ئەگەری تێچووی گیانی و ماڵی و کۆمەڵێک گرفتی دیکە، ڕێگای دووەمی هەڵبژارد کە "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" بوو. با ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم کە حوزووری پێشمەرگە لەسەر خاکی کوردستان، ویستی سەرەکیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو.

ڕاسان لەو هەلومەرجەدا کە حیزب تێی کەوتبوو و بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی جوغرافیایی حیزب لە باشووری کوردستان ئەرکێکی زۆر گران بوو، بەو حاڵەشەوە: "چالاکی و هەست بە بەرپرسیارەتی کردنی ئەندامانی حیزب و وەفا و ئەمەگناسییان لەم ڕۆژە سەختانەدا بۆ سەربەرز ڕاگرتنی حیزبەکەیان، کردارێکی شۆڕشگێڕانە و مێژوویی بوو. ئەم

ئەندامانە لە پێدان و گەیاندنی یارمەتیی دارایی بە حیزب، بەشداری لە کاری پێشمەرگایەتی، پاراستنی بنکە و بارەگاکانی حیزب و بەگشتی هەموو ئەو کاروبارانەی کە لەم ڕۆژانەدا بۆ حیزب پێویست بوون، بە دڵفراوانی و شانازییەوە ئامادەی هاوکاری و بەشداری کردن بوون.

بەڵام بۆ دەستپێکی ڕاسان پێویست بوو کە دوای نزیک بە بیست ساڵ دوورمانەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە شاخ و نیشتەجێ بوونیان لە کەمپەکان لە قووڵایی باشووری کوردستان، جارێکی تر ئەو هێزە لە شاخەکانی سەر سنووری ڕۆژهەڵات جێگیر بێتەوە، ئەو شوێنانەش لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوو و هەروا بە ئاسانی ڕێگەی بە جێگیر بوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات نەدەدا، بەڵام ئەم ئامانجە دەبوایە هاتبایە دی، بۆیە ئەو بڕیارە گرینگە درا، هێزەکانی حیزب بەرەو شوێنی دیاریکراو جووڵەیان کرد و هەر وەک چاوەڕوان دەکرا لەسەر سنوور لەلایەن هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕێگەیان لێ گیرا و لە ئاکامدا تێکهەڵچوون لە نێوان هەردوو هێزدا ڕوویدا و بە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی "قادر کەریمی" لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ کۆچی هەتاوی، بە زەحمەتێکی زۆر، ئیرادەی حیزبی دێموکرات سەرکەوت و هێزەکانی حیزب لە شوێنەکانی مەبەست جێگیر بوون. شەهید "قادر کەریمی" لە ڕاستیدا یەکەم شەهیدی قۆناغی ڕاسان بوو کە گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کرد.

ڕاسان وەک دروشم بریتییە لە لێکگرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ . لە جەوهەریشدا تێپەڕین لە هەلومەرجی چاوەڕوانی بەرەو دۆخێکی نوێیە کە تێیدا زیاترین هێز و سەرمایەی شۆڕشگێڕانە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پاشەکەوت بکات.

ڕاسان لە ڕاستیدا بریتییە لە گۆڕینی شێوازی ڕێکخستن و هەڵسووڕانی سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداری، بە چەشنێک کە زیاترین پوتانسییەلی شۆڕشگێڕانە و توانستی سیاسی، لە جەستەی فیزیکیی حیزب و لە مێشکی بیرکەرەوە و دیسکۆرسخولقێنی تەشکیلاتدا پاشەکەوت بکات هەتا لە کاتوساتی پێویستدا، ئەو پوتانسییەلە ببێت بە جووڵە و دینامیزمی خەباتێکی بەربڵاوی جەماوەری. ئەگەر ئاوا چاو لە ڕاسان بکەین، گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خەڵک و دەستپێکردنەوەی بەرخۆدانی چەکداریش دێتە نێو پێناسەی ڕاسان، بەڵام پرۆژەی بەربڵاوی ڕاسان تەنیا لە چەند ئۆپەراسیۆنێکی چەکدارانە و چەند جەولەیەکی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستاندا بەرتەسک نابێتەوە. لەم پێناسەیەدا حیزب و کۆمەڵگا پێوەندییەکی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە. واتە حیزب لەلایەکەوە وزە دەبەخشێت بە کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە وزەی لێ وەردەگرێت و لەم ڕێگایەوە بە باشترین شێوە سەرمایە هەمەچەشنەکان دەبن بە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. ئەو دوو قۆناغە لە ڕاستیدا تێک تەنراون.

### ڕاسان، ئامادەیی شار و شاخ

بەر لەوەی کە ڕەهەنـدە سـەرەکییەکانی ڕاسـان وەبیـربێنینەوە، پێویسـتە بە کـورتی ئامـاژەیەک بە ژیـنگەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و کولتـووریی ڕۆژهەڵات بکەیـن کە لە ڕاستیدا بەستێنێکی نـوێیە کە دەشێ خوێنـدنەوەی نـوێی بـۆ بکرێت. لە ڕوانینێکی گشتیدا، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا، ژینگەی کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانکارییەکی بەرین و قووڵی بەخۆوە بینیوە و سەرجەم بوارەکـانی ژیـانی کـۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتـووریی کۆمەڵگـا و تاکەکـانی ڕۆژهەڵاتـی تەنیـوەتەوە. مەسەلەی شارنشینی، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بەرینتر بوونەوەی چینی مامناوەنـد، خوێنـدنی بـاڵا، سۆشیال میدیا، زانیـاری و شێوە ڕوانین و خوێندنەوەی تاکەکان بۆ پرسەکانی خۆیـان، خـۆڕاگریی مەدەنـی، وشیاریی نەتەوەیـی، نـوێ بـوونەوە و جیـاوازی و گـۆڕانی نەسـڵی و ئاشـنا بـوونی ئەم جـیلە نـوێیە بە مافەکانیـان و خۆزیـای ژیـانیکی ئـازاد و سەربەسـتانە... کـۆی ئەو فاکتەرانەن کە ئاماژەکانی ڕۆژهەڵاتێکی نوێن.

لە خەبـاتی شـاخ و شـاردا، شـاخ نـاوی "دۆخـێکە کە هێـزی پـاڵنەر و بـزوێنەری خەبـات و ڕاپەڕیـنە. شـاریش ئامـاژەیە بـۆ کۆمەڵێک دەرفەت، پوتـانسییەل، وزە و سەرمایەی هزری و مرۆیی؛ بە ڕوانینێکی تر، شار هەموو ئەو دەرەتـانە مەدەنییـانەن کە بەهۆی خەڵکی سیڤیلەوە ـ چ خەڵکی شار بن و چ خەڵکی دێ - چـالاک دەبـن. مەبەست لە شـاخیش کـۆی ئەو دەرەتـانە سیاسـی و شۆڕشـگێرانەیەن کە بەهـۆی ئەحزابـی پێشـەنگ و خەباتکـارەوە چـالاک دەبـن. حیـزب لێـرەدا لەلایەکەوە وزە دەبەخشێت بە کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە وزەی لێ وەردەگرێت و لەم ڕێگایەوە بە باشترین شێوە سەرمایە هەمەچەشنەکان دەبن بە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. لە دەقـی ڕاسـاندا، شـاخ و شـار پێوەنـدییەکی دوولایەنەیـان پێکەوە هەیە. ئەم ئاراستەیە لەسەر ئەم لێکدانەوەیە دامەزراوە کە شار خاوەنی هێزێکی فرەڕەهەند و چەقی گۆڕانکارییەکانە.

لە بەشێک لە پێناسەی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات"، لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی شازدەهەم، "کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات"دا هاتووە:

ڕۆژهەڵاتی نوێ، لەگەڵ شاخ پەیمان دەبەستێت و یارمەتی وەردەگرێت بۆ ڕاسانێکی نوێ. ئامانج ئەوەیە کە بـۆ خـۆی ببێتە ڕزگاریدەری خۆی و جگە لە یـارمەتی وەرگـرتن لە شـاخ (پێشمەرگە) کە سەرمایە و هێـزی خـۆیەتی، چاوەڕوانی یـارمەتیی هیچ لایەنێک نەکات. بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو ببێت بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەر، بۆ گەیشتن بە ئازادی. بـۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لە پێش هەموو شتێکدا دەبـێ ئەو کـۆمەڵگەیە ببێـتە هێزێکی شوێندانەر لە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات. نەخشـەڕێگای پێکهێنـانی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتـۆ، ئەوەیە کە هەموو ئەو هێزانەی کە دەتـوانن لەم بـوارەدا یارمەتیـدەر بـن، هەموو ئەوانەی کە

دژی ملهوڕیی دەسەڵاتی ناوەندی، پەراوێز خستنی کورد، یان هەر نەتەوەیەکی دیکە لە پێکهاتەی سیاسی و حەشیمەتی ئێران بە هەر ئایین، زمان و کولتووریکن، تەنیا بەو مەرجەی دێموکرات و ئازادیخواز بن، لەژێر چەترێکی بەرینی سیاسیدا کۆ بکاتەوە. بۆیە هەر چەشنە خۆ بە جەمسەر زانین و قەتیس مانەوە لە هەر چەشنە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا، کۆسپی سەرکەوتنی ڕاسانن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی جەوهەریی دیکە بکەم لە ڕوانینمان بەنیسبەت ناوەندەوە. پێمان وایە کە جۆری پەیوەندیی ناوەند و نەتەوە غەیرە فارسەکان، پەیوەندییەکی داگیرکارییە و تا ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە ناوەندەوە هەڵنەوەشێتەوە، هیچ دەرەتانێک بۆ پێکەوەبوونی دڵخوازانە بوونی نییە، پەیوەندییەک کە کۆمەڵێک ڕەهەندی ئابووری، سەربازی، کولتووری و ژینگەیی هەیە کە لەسەر یەک بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ناسنامە و ئاسایشی نەتەوەییمان.

بە سەرنجدان بەم خاڵانەی سەرەوە، لە پرۆژەی ڕاسان بۆ ڕۆژهەڵاتی نوێ، گرینگی بە گوتارێکی نوێ بۆ کوردایەتی دەدرێت کە ئەرکی ڕزگارکردنی کوردستان تەنیا لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەدا نییە. بەڵکوو پێکەوە گرێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژنان، خوێندکاران، ژینگەپارێزی و پەروەردەیی لە چوارچێوەی گوتاری کوردایەتی وەک تەواوکەری شۆڕش سەیر دەکرێت. لەم پێناسەیەدا، ڕزگاری لە ستەم و گەیشتن بە سەربەستی و سەروەریی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان و هەروەها سازکردنی کۆمەڵگایەک بەدوور لە چەوساندنەوە و دابینکردنی ژیانێکی بەرامبەر بۆ هەموو تاکەکان ئامانجی کۆتاییە.

## ڕاسان و سەربەخۆیی سیاسی

لەژێر ڕووناکایی ئەم باسانە، پێویستە ڕەهەندێکی دیکەی ڕاسان بە کورتی شی بکرێتەوە. یەکێک لە دەلالەتەکانی ڕاسان ئەوەیە کە سووژەی ڕووناکبیر و سیاسیی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ چاو لە پێداویستییەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان دەکات و ئەو نوسخەیەی لە تاران و لە ناوەندەکانی پێوەندیدار بە دەزگا حکوومییەکان بۆ شێوازی خەباتی سیاسی دەپێچرێتەوە، لە کوردستاندا بە وڵامدەر نازانێت. سووژەی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد، هەم لە سەردەمی پەهلەویدا و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، شێوەی خەباتی خۆی بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگای خۆی دیاری کردووە و دیاری دەکات. ئەو نوسخانەی ناسیۆنالیزمی ناوەندخواز لە تارانەوە یان تەنانەت لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ کوردستانی بەڕێ دەکات، بێ هیچ دڕدۆنگییەک بۆ ئەستاندنەوەی جەوهەری شۆڕشگێڕانە و پتانسییەلی خەباتکارانەی بزووتنەوەی کورد گەڵاڵە دەکرێن. ڕاسان بەم پێشگریمانەیەوە گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژرێت کە ئێمە دەبێ خۆمان نوسخەی خەباتی خۆمان بپێچینەوە.

### ڕاسان و گوتاری کوردایەتی

ڕەنگە دەستپێکردنی ڕاسان لە دیارترین دەرکەوتەی خۆیدا لە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگەدا خۆی وە دیار بخات. بەڵام پێناسەکردنی ڕاسان بەم شێوەیە، هەم دابەزاندنی پرۆژەیەکی گرینگ و بەربڵاو بۆ یەکێک لە دەرکەوتەکان و ڕەهەندەکانی پرۆژەی ڕاسانە کە زیاتر ڕەنگ و بۆنی حەماسی بەخۆیەوە دەگرێت و هەم ئەستاندنەوەی ڕادەیەکی زۆر لە جەوهەر و دینامیزمی ڕاستەقینەی ئەم پرۆژەیە لە ئاستی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پراتیکی پرۆژەکەدایە. پێناسەکردنی ڕاسان تەنها لە ڕەهەندی ئامادەیی و حوزووری پێشمەرگانە لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات، خوێندنەوەیەکی نیوەچڵە لەم پرۆژەیە. بۆ ئەوەی خۆمان لەم جۆرە خوێندنەوەیە بە دوور گرتبێت، پێویستە ڕەهەندەکانی ڕاسان جومگەبەندی بکرێت؛ ئەویش چەمکی حوزووری گوتاریی ڕاسانە کە دەبێ هاوتەریب لەگەڵ حوزووری مەیدانیی پێشمەرگە بە بایەخەوە لێی بڕوانین.

کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی خاوەن گوتاری نەتەوەییە. ئەگەر هەتا ئێستا ئاگری خەبات دانەمرکاوەتەوە و بە پێچەوانەوە هەر هاتووە و بڵێسەی ئەستاندووە، بەم هۆیە بووە کە ئێمەی کورد هەر لە خۆیبوونەوە هەتا ژێکاف و هەتا کۆمار و دواتریش حیزبی دێموکرات، خاوەنی گوتاری نەتەوەیی خۆمان بووین.

کاتێک گوتاری نەتەوەیی بەهێز و ئەورۆیی لە گۆڕێدا بێت، تەنانەت ئەگەر دەزگا فەرمییەکانی پەروەردە و بارهێنانیش لەبەردەستی ئێمەدا نەبن، ئەو گوتارە بە شێوەیەکی هەراو بەسەر کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی کورد ژێردەست بووە، هەست و هۆشی نەتەوەیی لەوپەڕی خۆیدا بووە و کوردایەتی لە بەرەیەکەوە ڕاگوێزراوە بۆ بەرەیەکی دواتر، لەبەر ئەوە بووە کە گوتارێکی نەتەوەیی لە ئارادا بووە.

### ڕاسان و بەرژەوەندیی نەتەوەیی

لە ئاستێکی دیکەدا گوتاری نەتەوەیی پێویستی بەوەیە کە بە هەموو جۆرێک کار لەسەر پێناسەکردنی دوو چەمکی سەروەری و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین و خۆمان لە دەمارگرژی و خۆ بە جەمسەر زانین بپارێزین. "یەکگرتن" و "یەکگرتوویی" لەنێو کورددا، بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێستا دەبێ ببێتە ڕێڕەوی بیرکردنەوەمان. ئێمە کە باس لە زەروورەتی یەکگرتن دەکەین، مانای وایە کە تا ئێستا یەکگرتوو نەبووینە. هەر بۆیە بەردەوام پێویستیمان بەوەیە کە باس لە یەکگرتن و یەگرتنەوە بکەین، چ لە ئاستی کۆمەڵانی خەڵکدا، چ لە ئاستی حیزبەکاندا. بۆ یەکگرتن و یەکگرتوویی، سەرەتا پێویستیمان بەمەیە کە "بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد" و "ناسنامەی کورد" پێناسە بکەین. دەبێ لەسەر بنەما سەرەکییەکانی

بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و ناسنامەی کورد پێک بێین. بەبێ پێناسەکردنی ئەم دوو بنەما سەرەکییە بۆ سیاسەتێکی یەکگرتوو، زۆر ئەستەمە بتوانین لەسەر خاڵەکانی تر یەک بگرین. بۆیە بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانم لە سۆنگەی ئەم گوتارە نەتەوەییەوە بڕوانینە داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵات و حوزووری گوتاری ڕاسانیش بەم خوێندنەوەیە بە ئامانج بگرین.

### ڕاسان و گۆڕینی پێکهاتەی حیزب

ئەرکێکی گرینگی دیکە کە لەو هەلومەرجە و لە چەقی ئەم گۆڕانکارییانە کەوتە سەر شانی حیزبی دێموکرات، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزبدا بوو. سەرەڕای کارامەبوونی بۆ سەردەمی خۆی، ئەو پێکهاتەی کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو لە حیزبدا ڕیشەی داکوتابوو نەیدەتوانی بەرنامەی ڕاسان لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی نوێدا پێش بخات و بە واتەیەکی دیکە چیتر وەڵامدەر نەبوو. سروشتییە دوای هەر گۆڕانکارییەک پێویستمان بە میکانیزمی نوێ و خوێندنەوەی نوێ هەیە. زۆر ئاستەمە بەرنامەی خەباتێکی نوێ بە پێکهاتەیەک بەڕێوە بچێت کە پێشتر بۆ هەلومەرج و دۆخێکی درێژماوە دانراوە و تۆ ئێستا دەتەوێت ماڵئاوایی لێ بکەیت و بە ڕابردووی بسپێریت. ئەو پێکهاتە و بەرنامە نوێیەش لە دووتوێی گەڵاڵەیەکدا کە ئامادە کرابوو، دوای باس و لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵدا، سەرئەنجام لەلایەن زۆرینەی ڕێبەرایەتی و بەدەنەی حیزب لە کۆنگرەی شازدەهەم پەسند کرا.

بەدوای کۆنگرەدا، دەست کرا بە دابەزاندنی بەرنامە و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی نوێ، بەڵام لە ڕەوتی دابەزاندنیدا بەرەبەرە لەگەڵ دوو گرفتی سەرەکی بەرەوڕوو بوویەوە:

**یەکەم**: لە دەقی هەر گۆڕانکارییەکدا و لە ڕەوتی جێبەجێکردنی بەرنامەکاندا، هەندێک گرفت دێنە ئاراوە کە یان پێشتر بە باشی بیری لێ نەکراوەتەوە یان ئەوەی کە پێشبینی نەکراوە. بوونی ئەم گرفتانە شتێکی ئاساییە. لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا تەنانەت لە دامەزراوە، ڕێکخراوە و حکوومەتەکاندا کە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنیان هەیە، ئەگەر بتهەوێت پێکهاتە یان بەرنامە و شێوەی کار بەڕۆژ بکرێتەوە، لە ڕەوتی جێبەجێ کردنیدا و بە تێپەڕینی کات، لەگەڵ هێندێک کەموکۆڕی و گرفت بەرەوڕوو دەبێتەوە، هەر بۆیە ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ دەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەوتەکە بەردەوام بێت. لە مێژووی حیزبی ئێمەشدا، گۆڕانکارییەکان و نوێکردنەوەی خوێندنەوە و بەرنامەکان، هەڵسەنگاندن و گفتوگۆیان لەسەر کراوە، گرفتەکان دەستنیشان کراون و لە شوێنی خۆی کەوتوونەتە بەرباس و سەرئەنجام ڕێگەچارەیان بۆ دۆزراوەتەوە و وردەکاری نەبووەتە بەربەستی سەرڕێی بەردەوامبوون. واتە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەکە، دەبێ

هەوڵ بۆ کەمکردنەوە و لابردنی گرفتەکان بدرێت، بەڵام بێگومان ئەولەوییەت بە بەردەوام بوونە.

**دووەم**: قەناعەت هێنان بە گۆڕانکاری. ئەگەرچی هەموو گۆڕانکارییەک دژوارە، بەڵام دژوارتر لە خودی گۆڕانکاری، باوەڕهێنان و قەناعەتە بە ئاڵوگۆڕ. واتە گۆڕانکاری دەبێ لە هزر و شێوەی بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگادا ڕوو بدات تا بگەی بە خاڵی دەستپێکی خودی گۆڕانکاری. ئەمە بەو مانایە دەبێ بەر لە هەموو شتێک تێگەیشتنێک سەبارەت بە زەروورەت و پێویستیی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بێتە ئاراوە، بەتایبەت لای بەرپرسانی حیزبی دێموکرات کە خۆی بە حیزبێکی پێشکەوتنخواز و ئەمڕۆیی پێناسە دەکات و بە سامانی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی دێتە ئەژمار. لە دەقی ڕاسانیشدا ئێمە سەرمایەی شۆڕشگێڕانەمان وەک پوتانسییەلێک بۆ پێکهێنانی گۆڕانگاری لە کۆمەڵگادا پێناسە کرد، کەواتە پێویستە بەر لە هەموو شتێک تێگەیشتن و پێویستیی گۆڕانکاری، سەرەتا لە حیزب پێک بێت. چونکە میکانیزمی سەرەکی لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا، ئەو کەسانەن کە بە کردەوە پێکهێنانی گۆڕانکارییەکە دەکەوێتە سەر شانیان و بەرپرسایەتییان هەیە و بەرانبەر بە حیزب و کۆمەڵگا هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن. بۆ وەبیر هێنانەوە، ڕاسان لە جەوهەری خۆیدا بریتییە لە تێپەڕین لە شێوازێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی و گوتارێکی کەمتر چالاک بۆ فیگۆڕێکی چالاک و هەڵسووڕ و شوێندانەر کە گۆڕینی پێکهاتەی حیزب دەبێ لەم گۆشەنیگایەوە لێک بدرێتەوە.

بەگشتی لە کۆمەڵگای سوننەتیدا پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ وەک لەدایکبوونێکە کە ئێش و ئازاری هەیە. دۆخی مانەوە لە ڕابردوودا ئەوەندە لە نوێ بوونەوەکان دوورمان دەخاتەوە کە پێی ناگەین و ئاکامەکەی دەبێتە دواکەوتن و خۆنەگونجاندن لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا کە لە حیزبی دێموکراتدا تێچووی مرۆیی، ماڵی و زەمانی ئەو دۆخە زۆر لەوە قورستر دەبێ کە تا ئێستا بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو گرفت و کۆسپانەی کە لەسەر ڕێگای نوێبوونەوەی سیستەم و پێکهاتەی حیزب لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی نوێدا هاتوونەتە کایەوە، ئەم قۆناغە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قۆناغێکی گرینگ و شوێندانەرە بۆ نوێ بوونەوە و وەجووڵە کەوتنی حیزب و وەجووڵە خستنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات. پێویستە بە بایەخەوە سەیری بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ لابردن یان کەمکردنەوەی کۆسپەکان و بە هیوا بە داهاتوو و بەبێ مانەوە و ماندووبوون، ڕێگای بەرەدوامبوونی هەموار بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەبات لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا!




**ئیبراهیم لاجانی**

سیستمی دەوڵەتی رەفاه، واتە ئەو لیبراڵ دێموکراسییەی لە ئورووپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکوور و ژاپۆندا هەیە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەموو سیستەمە سیاسی و ئابوورییەکانی دیکەی دونیا، مۆدێلێکی سەرکەوتووترە. ئێستا با بزانین ئەو سەرکەوتنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

لیبراڵ دێموکراسی بالانسێکی مەعقول لە نێوان ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەدا پێک دێنێ کە لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان و لە هەمان کاتیشدا هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، یەک لە یەکی پێویستترن. ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە بریتین لە بەشداری ئازادانە و دێموکراتیکی خەڵک لە پرۆسەی سیاسیدا، کارابوونی بازاڕ، هەروەها دابین و دەستەبەرکردنی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسەکان و دەستە و تاقم و گرووپە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا.

ئەزموونی ئەو چەند دەیەی دوایی لە زۆر شوێنی دونیادا نیشانی داوە، کە دێموکراسی و گەشەسەندنی ئابووری، ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ و دەروەستبوونی دەوڵەت بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەدا نەڕۆنە پێش، نەک هەر تا ڕادەیەکی زۆر ئەترەکتیڤ بوونی خۆیان لە دەست دەدەن، بەڵکوو لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەی گەورەش بەرەوڕوو دەبن.

چەرخی بیستەم ئەو دەرسانەی فێرکردووین کە دیموکراسی هەمیشە لە حکومەتێکی دیکتاتۆری باشترە. لیبراڵ دیموکراسیش هەمیشە لە دیموکراسییەک کە لە سەر بناخەی هەڵبژارنێکی میکانیکی و کێبەرکێی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی دامەزرابێ، باشترە. لەوەش زیاتر ئێکۆنۆمییەک کە لەسەر بناخەی بازاڕی ئازاد دامەزرابێ، لەو ئێکۆنۆمییانەی کە بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشداداڕێژراو دەڕۆنە پێش، سەرکەوتووترە. هەروەها دەوڵەتی ڕەفاە باشتر و سەرکەوتووترە لە ئێکۆنۆمییەک کە تەنیا بە پێی پرەنسیپەکانی بازاڕی ئازاد هەڵدەسووڕێ.

لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە سیستمەکە بتوانێ زۆرترین بەختەوەری و خێر و خۆشی و ڕەفاە بۆ ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە خەڵک دەستەبەر بکات. بە واتایەکی دیکە ئەو سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووە کە بتوانێ ئازادی و کامەرانی و بەختەوەری و ڕەفاە بۆ هەمووان دابین بکات. ئەوەش وەختێک ئیمکانی هەیە کە دەوڵەت بتوانێ هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا هەیە دەستەبەر بکات.

ئەوە ڕوونە کە لیبراڵ دیموکراسییەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە بە دەوڵەتی ڕەفاە ناسراون، نەیانتوانیوە بە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن کە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا هاتوون. بەو حاڵەش لە نێو هەموو دەوڵەت و حکومەتەکانی دیکەی دونیادا، ئەوە تەنیا ئەو دەوڵەتانەن کە بردنە پێش و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و هەوڵ دەدەن لە سیاسەت و بەرنامەکانیاندا گرنگیی و بایەخیان پێبدەن. تەنیا لە لیبراڵ دیموکراسییەکاندایە کە بازاڕی ئازاد و دیموکراسی بە پرەنسیپە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە و هەوسارکراون. واتە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بوونەتە چوارچێوە بۆ دیموکراسی و ئێکۆنۆمی بازاڕی ئازاد. هەر ئەوەشە کە ئەو سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە چاو ئەوانی دیکە بەنرختر و سەرکەوتووتر کردووە.

ئاخر دیموکراسی ئیدی تەنیا هەر بریتی نییە لە هەندێک پرەنسیپ و ڕێسا و یاسای تایبەت بە قانوونی ئەساسی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. دیموکراسی لە پێناسەیەکی هاوچەرخدا، بریتییە لەو سیستمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بە باشترین شێوە تێدەکۆشێ عیززەت و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێ و هەلومەرجی گەشەسەندنی شەخسیەتی ئینسانی مرۆڤەکان، بخوڵقێنێ. ئەگەر لە بیۆلۆژی و فیزیک و شیمیدا، ئامانجی تەکامول و هەڵدان بریتییە لە تەکاموکی زۆرتر، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئامانجی دیموکراسی بریتییە لە دیموکراسییەکی هەرچی زۆرتر، قووڵتر و بەرینتر و دەوڵەمەندتر. واتە سیستمێک کە ئازادی لە ترس و ئازادی لە نەبوونی و ئیحتیاج، بۆ هەموو ئینسانەکان

دەستەبەر دەکات. واتە ئازادی دەداتە تاکەکانی نێوکۆمەڵ و بەوجۆرە دوکتور قاسملوو وتەنی شەخسییەت بە ئینسانەکان دەدا.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە لیبراڵ دێموکراسی ئەو سیستمەیە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێ و دەستەبەریان دەکات؛ سیستمێک کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دابین بکات، ئەوە ئەو سیستمەیە کە ئینسانەکان بەهێز دەکات و کەسایەتی و شەخسییەتیان پێدەبەخشێ و بەوجۆرە باشترین میکانیزم و هەلومەرجیان بۆ پێکدێنێ تا بتوانن ئازادانە و بەشێوەیەکی وشیار و کاریگەر، بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن؛ ئەوە لە باری سیاسییەوە.

هەر ئەو سیستمە زۆر بە جیدیش تێدەکۆشێ پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەر بکات و دەرفەت و شانسی وەک یەک بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەسکەوتەکانی پەرەسەندنی ئابووری بۆ هاووڵاتیان پێک بێنێ؛ بەڵام ئەو دەستە و تاقم و کەس و گرووپانەی کە بە هۆکاری جۆراوجۆری مەوزوعی و مەحکەمەپەسند، ناتوانن لەگەڵ ئەوانی دیکە لە بازاڕدا کێبەرکێ بکەن و لەو دەرفەت و شانسانە کەڵک وەرگرن کە لەئارادان، ئەوە کۆمەڵ بەرپرسایەتی دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و خێروخۆشی بۆ ئەوان وەئەستۆی خۆی دەگرێ. بەو جۆرە لەو سیستمەدا ئینسانەکان لەلایەک ئازادن لە سەرکوت و زەبروزەنگ و هەڵاواردن و ئیستبداد و سەرەڕۆیی سیاسی و لەلایەکی دیکەشەوە ئازادن لە ئیحتیاج و نەبوونی و فەقر و دەست تەنگی.

کاتێک شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو مەسەلەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە نێو تەشکیلاتی حیزب، پاش پەسندکرانی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب، چوومە خزمەتی و پێم گوت ئێستا کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکمان لە کۆنگرەدا پەسند کردووە، واباشە تیئۆریزەشی بکەین بۆ ئەوەی ئێمە کادرەکانی حیزب بتوانین باشتر بیبەینە نێو خەڵک. لە بیرم دێ پێی گوتم تیئوریزەکردنی ناوێ. مەسەلەکە زۆر سادەیە. عەداڵەتت دەوێ یان نا؟ ئازادیت دەوێ یان نا؟ سۆسیالیزمی دێموکراتیک تێکەڵاوێکە لەو دووانە. سیستمێکە کە بتوانێ هەردووکی ئەو دوو ئامانجانە وەدی بێنێ.

لە سەرتاسەری مێژوودا ئازادی و عەداڵەت ئەو دوو ئامانجە گەورەن کە هەمیشە ئینسان لە پێناویاندا خەباتی کردووە. بە سەدان هەزار تێکۆشەر و بگرە بە میلیۆنان کەس لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا، گیانی خۆیان بەخت کردووە. ئیدی ئەمڕۆ ئازادی و عەداڵەت تەنیا هەر وەک ئامانج بە حیساب نایەن، بەڵکوو وەسیلەی دابینکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەتن بۆ ئینسانەکان و کۆمەڵگا ئینسانییەکان.

## یوبیلی ئەڵماس

لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەت و ئازاد لە ترس و ئازاد لە فەقر لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێناسە دەکەن. بۆیە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ باشترین زمانی سیاسی و خاباتگێڕانەی هاوبەشمان دەدەنێ بۆ تێکۆشان لە پێناو ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا.

لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، کە هەموو گەلان و هەموو ئینسانەکان مافی ئەوەیان هەیە کە چ لە ئاستی میللی و نیشتیمانیدا و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، تێبکۆشن سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ دامەزرێنن، کە لەوێدا هەموو ئەو ماف و ئازادییانە کە لەو بەیاننامەدا هاتوون، پیادە کرابن بۆیە خەبات لە پێناوی دێموکراسیدا ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستانە.

لە سیستمێکی دێموکراتیکدا کورد هەم ستەم و سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و میللی لەسەر لادەچێ و هەم دەرفەتی لەباریشی بۆ پێکدێ تا بەکەڵکوەرگرتنی ئازادانە لە سامانە سروشتی و ئینسانییەکانی کوردستان و ناوچە، ڕێگای پەرەسەندنی ئابووری خۆی بدۆزێتەوە و بەوجۆرە کوردستان ببێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە و بازاڕێکی بەرین بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و هێزی کار و خێروبێرەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری و تێکنۆلۆژی. لەخۆڕا نییە خەبات لە ڕێگای ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا سەرلەوحەی کارو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی خەباتگێڕانی حیزب و جەوهەری بەرنامەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## وتووویژ لەگەڵ بەرێز "محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.




"محەممەد ساڵح قادری": خاڵی جەوهەریی سیاسەتی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات پابەندبوون بە کلتووری دێموکراتیک و دیالۆگی بونیادنەر و تەعامولی نەرم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانە

وتووویژ: ڕەحمان سەلیمی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە یەکێک لە ڕەساڵەتاکانی ئەوە بووە کە خەباتەکەی لەگەڵ خەباتی گەلانی ئازادیخوازی ئێران بۆ هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکرات پەیوەندی پێ بدات.

حیزبی دێموکرات لەماوەی ٧٥ ساڵ خەباتدا یەکێک لە ڕەهەندکانی خەباتەکی ئەو بووە کە پرسی کورد لە وڵاتانی دەرەوە و لە ڕێکخراوە نێونەتەوییەکاندا زەق بکاتەوە و بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ دۆزی ڕەوای کورد هەوڵی داوە و بەردەوامە.

لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ بەرێز"محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکدا ئەم بابەتەمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکیشێن.

**پرسیار**: حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانیدا یەکێک لە ڕەساڵەتەکانی ئەوە بوو کە خەباتەکەی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی دیکەی ئێران پەیوەندی بدات، لەم بوارەدا چەندە سەرکەوتوو بووە؟

**وەڵام**: وەک دەزانین بابەتێک بە نێوی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران، شتێکی دەستکرد و ساختەیە و لەو جوگرافیایەی کە ئێستا بە ناوی ئێران دەناسین، نەتەوەی جیاواز هەن و سەدان ساڵیش دەبێت کە بە پێچەوانەی سیاسەتی پەراوێزخستنی سیستەمەکان، توانیویانە بەو فرەجۆرەییەوە درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن. دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران کە ڕەزاخانی پەهلەوی هەوڵی دامەزراندنی دا، هەوڵێک بوو بۆ سڕینەوەی ناسنامە جیاوازەکانی دیکە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. بۆیە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد لەو سیستەمەدا چەندە بۆ کورد گرینگ بێ، ئەوهێندەش بۆ نەتەوەکانی دیکەش گرینگە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

لە بنەڕەتیشدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی دێموکرات بە هاوپەیوەندی و هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە دێموکرات و ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەکانی دیکە لە ئازەربایجان و ئێران، بتوانێت داواکارییەکانی کورد لە ئێراندا بە ئاکام بگەیەنێت، هەرچەند لەم پەیوەندییەدا پاڵەپەستۆ و زەختی هەرکام لە وڵاتانی هاوپەیمانی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئێراندا بە تایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت لە لایەک و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و باقی هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی ئێران شوێندانەر و کاریگەر بووە، بەوحاڵەش ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد زۆریان هەوڵ داوە تاکوو لەو بارودۆخە هەستیارەی ئەو سەردەمەدا بتوانن لە نێوان هاوکێشە جیا جیاکاندا، بە گرتنەبەری سیاسەتێکی حەکیمانە، بە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و هەروەها پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران، داخوازە نەتەوەییەکانی کورد بە چارەسەری بگەیەنن. ئاکامی ئەو جۆرە سیاسەتە لەو دەرفەتە مێژووییەدا، پێکهێنانی کۆماری کوردستان و وەدیهێنانی گەلێک دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد بوون کە شوێنەواری ئەرێنی ئەو پەیوەندی و سیاسەتانەی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا، وەک بەشێک لە مێژووی هاوچەرخ بۆ ئێستا و داهاتووی کورد مایەی لێی فێربوونن.

**پرسیار**: حیزبی دێموکرات لە سەر چە بنەمایەک لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران و دەرەوە پەیوەندی و دۆستایەتی دروست دەکات؟

**وەڵام**: پابەندبوون بە کولتووری دێموکراتیک و دیالۆگی بونیادنەر و تەعاملی نەرم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، بەدەر لە جیاوازیی فکری، بە مەبەستی ڕەواندنەوەی گرژییەکان و ڕەخساندنی کەشێکی سالم و لەبار بۆ هاوکاریی دوولایەنە، خاڵی جەوهەریی سیاسەتی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتە. هەروەها لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بۆ دامەزراندنی

پەیوەندییەکی سالم و درێژخایەن لەگەڵ هەر لایەنێک کە لە ژینگەی سیاسیدا بۆ دێموکراسیی و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد خاوەن پێگە و کاریگەر بێت، چەند پرەنسیپی سەرەکی وەک بنەما بۆ دامەزراندنی ئەو پەیوەندییە بە بنەما گیراون تاکوو لەو رێگەیەوە بتوانێت بە پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردان و رێزگرتنی بەرانبەر، دوور لە لۆژیکی دەستێوەردانی نێوخۆیی یان سڕینەوە، بە فورمولی قبووڵکردنی یەکتر و هاوکاری و هاوبەشیی دوولایەنە، هاوسەنگی و بەرژەوەندیی دوولایەنە بپارێزێت. لە سەر بنەمای وەها پرەنسیپگەلێک، گەڕان بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمان و هاوخەبات لە تێکۆشانی رزگاریی نەتەوەییدا، بۆ حیزبی دێموکرات و هەموو نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران، زۆر پێویستە و دەبێ هەموو گەلانی ژێردەستی ئێران تواناکانیان بۆ رزگاری لە دەسەڵاتی ناوەندگەرایی کە هەوڵی سڕینەوەیان دەدات، یەکبخەن.

**پرسیار**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند رێکخراوی نێونەوتەوەییدا ئەندامە و ئەندامبوونی لەو رێکخراوانەدا چەندی کاریگەریی هەبووە کە پرسی کورد بەرجەستە بکرێتەوە؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە مەبەستی ناساندنی پرسی کورد بە دونیای دەرەوە و راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ دۆزی رەوای کورد و هەروەها لەقاودانی پیلانی رێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی لە ئێران، هەوڵێکی زۆری داوە، لەو پەیوەندییەدا جێ پەنجە و شوێنەواری بیر و زانایی و ماندووبوونی رێبەری گەورەمان دوکتۆر قاسملوو، گەلێک بەرچاو و دیارە. دوکتور قاسملوو بناخەدارێژی سەرەکی و مێعماری جێبەجێکاری پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەولەتییەکانی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بە رووی دونیای دەرەوە بووە و لە سایەی ماندووبوون و کەسایەتیی خاوەن باندۆری دوکتور قاسملوویە کە تاکوو ئێستاش زۆر رێکخراو و سیاسەتمەدار لە وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا پشتگیریی دۆزی رەوای کورد دەکەن.

لەسەر بنەمای هەمان رێچکە و بیرۆکەی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات توانیویەتی لە چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی وەک: ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست"SI"، رێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان"UNPO" و رێکخراوی ژێنێڤاکاڵ، بەفەرمی ببێتە ئەندام و لەگەڵ چەندین حیزب و رێکخراو و دامەزراوەی بەهێزی دیکەش لە وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا و کانادا، پەیوەندی دۆستانە و هاوکاریی نزیکی هەیە و لە بواری سیاسی و مافی مرۆڤ و ژنان و لاواندا، پێکەوە هاوکاری دەکەین.

**پرسیار**: بەشی زۆری ئۆپۆزیسیونی فارس سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران هاوشێوەی رێژیمی ئێران دەڕوانن، ئایا حیزبی دێموکرات لە هاوپەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەتا چەند سەرکەوتوو بووە کە ئۆپۆزیسیۆنی

فارس بینێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕێز لە فرەچەشنی بگرن و مافەکانی گەلانی دیکەی ئێران بە ڕەوا بزانن؟

**وەڵام**: بەر لە هەر شتێک یاسایەکی نەنووسراو و لە هەمانکاتدا ئاشکرای سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چەندە هێزت هەبێ، ئەوهێندەش مافت هەیە. کێشەکە بەرلە قەناعەت پێکردنی ئەم و ئەو، لەوە دایە کە ئێمە چەندە بەهێز و ڕێکخراو بین، ئەوهێندەش مافمان دەبێت. ئەوجا دوای ئەوە بابەتی قەناعەتی لایەنەکانی دیکە دێت.

لەلایەکی دیکەوە، یەک لەو هۆکار و کێشە سەرەکییانەی کە تا ئێستا بووەتە هۆی مانەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، بوونی عەقڵییەتی پان ئێرانیزم و پاوانخوازانەی بەشێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بەناو سەرانسەریی فارسە کە حازر نین بە قبووڵکردنی پێشمەرجی دێموکراسی کە دانان بە ناسنامە و مافی وەک یەکی نەتەوەکانی نێو جوگرافیای سیاسیی ئێرانە، زەمینە بۆ کاری هاوبەش و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە پێک بێنن. لە وەها دۆخێکدا بەمەبەستی بەهێزکردنی پانتایی خەبات لە دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەوڵمان داوە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و ئازەری، بەستێنی کاری هاوبەش پێک بێنین و هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم و جێگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لە ئێرانی داهاتوودا بدەین تاکوو مافی وەک یەکی نەتەوەکان لە وەها سیستەمێکدا دەستەبەر بکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەو لایەنە فارسانەش لە دانوستانداین تاکوو ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن کە ئیتر نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکان و مافی چارەنووسیان، قبووڵکراو نییە و ڕێگای پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و سەقامگیری سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی داهاتوودا، دانان بە بوون و مافی وەک یەکی نەتەوەکانی نێو جوگرافیای ئێرانە و لە غەیری ئەمەدا مانەوەی شتێک بە ناوی ئێران، زۆر ئەستەمە. هەرچەند ئێستا بەشێک لەو لایەنە فارسانە بە ڕواڵەت دان بە جۆرە دێموکراسییەکی ناوچەیی دەنێن کە لانیکەمی مافی نەتەوەکان لە خۆ بگرێت، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەوانیش لە کاتی بەدەسەلات گەیشتن و بەهێز بوونیاندا، هەڵنەگەڕێنەوە.

**پرسیار**: حیزبەکانی کوردستان بەگشتی ڕوانگەیان لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆنە؟

**وەڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سێ ڕەهەندی جیا جیاوە توانیویەتی ڕێز و متمانەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە گشتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، یەکەم: بەهۆی مێژووی خەبات و مکوڕبوونی لە سیاسەتی نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی. دووهەم: بەهۆی ڕێزگرتن لە خەباتی نەتەوەیی، هێز و لایەنە کوردستانییەکان و پشتیوانی و هاوکاریکردنیان لە هەلومەرج و قۆناخە هەستیارەکاندا. سێهەم: خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروبارییاندا و هەوڵدان بۆ یەکڕیزی و یەکگوتاری لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییدا، بە هۆی ئەم سیاسەتە دروستەوە، دەبینین

زۆربەی هێزە کوردستانییەکان و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات، بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات، ڕوانگەیەکی ئەرێنی و پڕ لە پێزانینیان هەیە و حیسابێکی خاسمانی بۆ پێگە و ئێعتباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن.

**پرسیار**: لە کۆتاییدا، لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئەگەر قەسەیەکتان هەیە فەرموون.

**وەڵام**: یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات، یادکردنەوە لە مێژووی خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەستییە، یادکردنەوە لەو هەموو قوربانی و فیداکارییەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە لەو ڕێبازەدا بەخشیویانە، وێستگەی تێڕامان و بیرکردنەوە لە داهاتووی ئەو خەباتە و چۆنیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگاکەمانە تاکوو بتوانین بە سیاسەتێکی زانستی و سەردەمیانە، بەسەر کەندوکۆسپەکاندا زاڵ بین و ئامانجەکانی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ گەلی کورد وەدی بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## لە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات!




**بێکەس قادر**

**ئەندامی دەفتەری سیاسیی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**سەدەی بیستەم بۆ گەلی کورد، سەدەی کەوتن و هەستانەوە بوو، سەدەی بیستەم بۆ حیزبی دێموکرات، سەدەی دەرکەوتن، سەرکەوتن، کەوتن و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ئەستەم بوو.**

**حیزبی دێموکرات، وەک یەک لە حیزبە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لە ١٥ی ئابی ٢٠٢٠ زایینی بەرامبەر بە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی، کاروانی تێکۆشانی ٧٥ ساڵ تێپەڕ دەکا، لەو نێوانەدا گەلێک هەوراز و نشێوی تەی کردووە، سەرباری ئاستەنگەکانی سەر ڕێی تێکۆشانی، وەکوو هێزێکی کارا و کاریگەر لە خەبات و ڕێبەرایەتیکردنی بزاڤی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی بڕیاردەرانەی هەیە.**

**لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات خەزێنەیەکی گەورە و پڕ لە وانەیە، بۆیە پێویستە نەک هەر ئەندام و ڕێبەرانی خاوەنێتی لێ بکەن، بەڵکوو دەبێ هەموو ئەوانەی لەم سەروەرییانەدا، بەشیان هەیە و پشکیان بەردەکەوێ، خاوەنێتی لەو ئەمانەتەی پێشەوا بکەن و پێکەوە بەشدار بن بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی باشتر.**

دیارە شتێکی شاراوە نییە، کە نهێنی مانەوە و بەردەوامبوونی حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی خەڵک دەگەڕێتەوە، بۆیە هیچ لەوە گرینگتر نییە، کە لە یووبیلی ئەڵماسیدا، لە یەکێک لە داخوازییەکانی خەڵک زۆرتر نزیک ببێتەوە، کۆتایی بە لێکترازان بهێنرێ و نێومالّی دێموکرات وەسەریەک بخرێتەوە.

بەڵگەنەویستە سەرەڕای جیاوازی لە شێوەی خەبات لە بردنەپێشەوەی داخوازییەکان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد یەک ئامانجی هاوبەشی هەیە. لەو پێوەندییەدا سیاسەتی حیزبی دێموکرات، لەبەرانبەر پرسی بەشەکانی کوردستان، کە لەسەر بنەمای هاریکاری و هاوکاری لەنێوان بەشەکان سەرچاوەی گرتووە، نەک دەخالەت کردن، دەرککردنی بەرپرسیاریەتیی نەتەوەییە، پێویستە لە داڕشتنی نێوەڕۆکی ستراتیژێکی هاوبەشی کوردستانی ڕەنگ بداتەوە.

حیزبی دێموکرات وەک لە مێژووەکەی دەردەکەوێ، لە ڕابردوودا، چەندە مەحکوم بە دابەشبوون و ململانێی ئایدیۆلۆژی بووە، ئێستاش ئەوەندە بە کرانەوە و ئەبدێتکردنی تاکتیک و ئامانجە سیاسییە هەنووکەییەکانی مەحکومە، کە فەرامۆش کردنی لە قازانجی بزووتنەوەکە نییە.

ئەگەر لە دیدگایەکی بابەتیانەی سیاسییەوە، تەماشای مێژووی ٧٥ ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی بکرێ، سەرەڕای بەربەستەکانی بەردەم تێکۆشانی، سەرەڕای هەڵە و خاڵە لاوازەکانی، لە جێگەی خۆیدایە ئەمە وەبیر بهێنینەوە کە حیزبی دێموکرات بۆ تێکۆشان و کۆڵنەدان، قوتابخانەیە، هەر بۆیە هەڵدەگرێ، ئەم ڕەوەندە مێژووییە، نەک هەر وانەی سیاسی لێ هەڵبهێنجرێ، بەڵکوو دەبێ پتر شەنوکەو بکرێ و بەر تیشکی توێژینەوەی بابەتی و زانستیانە بدرێ، وەک ڕێبازێکی سیاسی تیۆریزە بکرێ.

لەو بۆنەیەدا ئەوەی جێی خەفەتە ئەوەیە، کە هێشتا گەلی کورد لە ئێران لەژێر چەوساندنەوەی نەتەوەییدایە، تەنانەت مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی پێ ڕەوا نابیندرێ، لەم سەردەمەدا مامۆستا زارای محەممەدی لەسەر فێرکردنی زمانی زگماکی منداڵانی کورد بە دە ساڵ زیندانی حوکم دەدرێ.

حیزبی دێموکرات لە یەکەمین ڕاگەیەندراویدا، لە ڕاگەیاندنی دامەزرانی ڕوو لە هاونیشتمانان دەکات و دەڵێ: ئێمە بێجگە لە مافی ڕەوا و ئینسانی خۆمان هیچمان ناوێ. ئەو داوایەی حیزبی دێموکرات ئەوسا و ئێستاش بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان، هەر لەجێگەی خۆیدایە ، کە گەلی کورد بێجگە لە مافی ڕەوا و ئینسانی خۆی هیچی دیکەی ناوێ، تا ئەو مافە لە گەلی کورد زەوت بکرێ، خەباتەکەی ڕەوایە و لەو سۆنگەیە کە ئەم کاروانە بێ پسانەوە، هەروا بەردەوامی هەیەو" سەد

شەهەنشاە و پادشا مردن سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن."

لە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتدا، درووود بۆ گیانی پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

---

## بنەمای دیپلۆماسیی حیزب و هەڵوێستە سیاسییەکانی




**محەممەد نەزیف قادری**

لە دەستپێکی خەباتی سیاسیی هەر حیزب یان لایەنێکی سیاسی و فیکریدا کۆمەڵێک پرەنسیپ دەبنە بنەمای کار و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەیە یان ئەو دەسەڵاتە. دوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی بەرامبەر بە ١٣٢٠ی هەتاوی و هەرەسهێنانی دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی کە جووڵەیەکی نوێ لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان دەستی پێکرد، گەلی کوردیش کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە مافەکانی و دیاریکردنی چارەنووسی بە دەستی خۆی لە خەبات و بەرخۆدان بوو، دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوەیی خۆی لە لایەن پۆلێک لە نیشتمانپەروەرانی کوردەوە ڕاگەیاند و کوردستانی ئێران بوو بە ناوەندی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی. ڕەوتی ڕووداوەکان و کاریگەریی گەشەی هزری نەتەوایەتی و جیهانبینیی پۆلێک لەم ڕۆڵە خەباتگێڕانە و لە پێشەوەی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد، ئەوانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دامەزراندنی حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتووی شوناسخواز پێویستییەکی سیاسی و مێژووییە و لەم سونگەیەوە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٥ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا و پێشەوا قازی محەممەد بوو بە ڕێبەری ئەم حیزبە نوێیە. هاوکات لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسییە لە ئازەربایجانی ئێرانیش خەباتی سیاسی و نەتەوەیی تورکەکان دەستی پێکرد و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حکوومەتی میللی بە پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت ڕاگەیەندرا. پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەک دەستیان بە خۆڕێکخستن و پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمان و کۆماری ئازەربایجان و فیرقەی دێموکرات کرد و هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد سەردانی یەکیەتیی سۆڤییەت و باکوو، پێتەختی کۆماری ئازەربایجانی ئەو کاتی کرد و هەوڵیان دا سەرنج و پشتیوانیی ئەوان بە لای گەلی کورد و

دابینکردنی ویست و داخوازییەکانیدا ڕابکێشن. لەو سەردان و ڕاگۆڕینەوەیەدا هەم نوێنەرانی سۆڤییەت و هەم ڕێبەران و نوێنەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسیی کورد و دامەزراوەکانی بەشێک بن لە لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کە ئەم بیرۆکەیە بە تەواوی لە لایەن پێشەواوە ڕەت کرایەوە و لە سەر سەربەخۆیی سیاسی و ئیداریی کۆماری کوردستان جەختی کردەوە و ئامانجی خۆشی پێکا. لێرەدا پرەنسیپی باوەڕبەخۆبوون، سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی، شوناسخوازی، پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ڕێزگرتنی بەرامبەر و لۆژیکی پێکەوەژیان و ڕەوتی سیاسەتی دەستێوەردان، پاراستنی پرەنسیپە مرۆییەکان و ڕەچاوکردنی دیپلۆماسییەکی دوور لە نکۆڵی و توندوتیژی بوونە بنەما سیاسی و فیکرییەکانی بزووتنەوەی کورد و پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەگەڵ دەوروبەر و جیهانی دەرەوە.

سەردانەکانی دیپلۆماتە ئامریکایی، سۆڤییەتی و بریتانیایی و گەڕۆکەکانی وڵاتانی دیکە کە لەو وڵاتەدا زۆر بە ئامانجدار و بە هەڵسەنگاندنەوە ڕووداوەکانی ئێران، ئازەربایجان، کوردستان و ناوچەکەیان تاوتوێ کردووە زۆربەیان لە نووسینەکانیاندا دانیان بە زانایی و ڕوانگەی پێشکەوتووی پێشەوادا ناوە و مافەکانی کوردیان بە ڕەوا زانیوە. ئارچی ڕۆزڤێڵت دیپلۆماتی ئامریکایی کە زۆر بە وردی چاوەدێریی ڕووداوە سیاسییەکانی کردووە، لە نووسینەکانیدا بە دۆکیۆمێنتەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی لە سەر کەسایەتیی پێشەوا و کۆمار قسە دەکا. ویلیام ئیگلتۆن لە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆمار و گرینگیی لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا قسە دەکات، بەڵام سیاسەتی فەرمیی ئامریکا پێچەوانەی ئەو خوێندنەوەیە بوو.

لێرەدا خاڵی لاواز بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران و خەباتی نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی ئێران بریتی بوون لە پشتکردنی هاوپەیمانان لەم بزووتنەوە دێموکراسیخوازییە سەرتاسەرییە و شوناسخوازیی نەتەوەکانی ئێران و پشتکردن لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان. خاڵێکی دیکە کە بۆ کۆماری کوردستان لەمپەر بوو، زاڵبوونی هێز و نیشتەجێبوونی نوێنەرایەتییە سیاسییەکانی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی بریتانیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سنە، کرماشان و ئیلام)دا بوو، لە ڕاستیدا کوردستان بوو بە جێگەی ململانێی ئامریکا، بریتانیا و سۆڤییەت. کۆماری کوردستان تەنیا لە بەشێکی کەمی خاکی کوردستان دامەزرا و مەجالی پەلهاویشتنی بۆ پارێزگاکانی سنە، کرماشان، ئیلام و خوارەوەتری پێ نەدرا، لە ڕاستیدا بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئێران بوو بە قوربانیی بەرژەوەندیی هاوپەیمانان و دواییش پشتی دەسەڵات و گەڕانەوەی دیکتاتۆریی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییان گرت، ئەو سیاسەتە نەشیاوەی هاوپەیمانان گەیشتە ئاستێک کە جۆرج ئالەن، سەفیری ئەوکاتی ئامریکا لە پێوەندییەکانی لەگەڵ قوام السلطنە، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران دەڵێت جووڵەی هێز بۆ کوردستان، ئازەربایجان و هەر شوێنێکی ئێران سروشتییە و دیپلۆماتەکانی سۆڤییەتیش لەو قۆناغە هەستیارەدا سیاسەتیان هەر بەو شێوەیە بوو. هاشمۆف کۆنسوولی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ورمێ هەموو هەوڵە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی ڕازیکردنی دەسەڵاتی تاران بوو.

حیزبی دێموکرات دوای ئەو قۆناغە سیاسییە تاڵە، کە بە داخەوە شوێنەواری شووم و تێچووی زۆری بۆ گەلانی ئێران بوو، بە درێژەدانی بە خەبات و لە پێوەندییەکانیدا هەوڵی داوە سیاسەتێک ڕەچاو بکا و لەو پرەنسیپیانە پەیڕەوی بکات کە لە مێژووی ئەم حیزبەدا بوونەتە بایەخ و جێی سەرنج و ئەزموونێکی ئەرێنی لە جووڵانەوەی کورددا. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی حیزب و پچڕانی پێوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا و گرتنەبەری سیاسەتێکی واقیعبینانە لە سەر بنەمای پشتبەستن بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەروەها پاراستنی ئەو ڕێڕەوە و هەڵویستی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە بەرامبەر سیاسەتی تاکڕەوی و بە لاڕێدابردنی پرەنسیپی سەربەخۆیی حیزب ئەزموونێکی دیکەیە لەم خەباتە پڕ لە هەوراز و نشێوەی حیزب.

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوای تێکچوونی پێوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی عێراق دۆخێکی نوێی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنایە ئاراوە و گوشارێکی زۆر کەوتە سەر ڕێبەریی حیزب و ئەندامانی لە عێراقدا. لەمەڕ پێوەندیی حیزب لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەبێ بڵێین بە درێژایی زیاتر لە ٣٥ساڵ لەو پێوەندییە، حیزبی دێموکرات لە سەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد ڕێک خست و ئەو پێوەندییە نموونەی پێوەندییەکی ساغ بوو و لە چەندین برگەی مێژوویشدا وازی لە بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خۆی هێناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد و پاراستنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان. لەم بارەوە تێکۆشەری دێرینی کورد، دوکتور مەحموود عوسمان، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا وتی گەلی کورد و لایەنە سیاسییەکان دەبێ شانازی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەن کە بناغەی پێوەندییەکانی لە سەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد بووە و ئەمە نموونەیەکی سەرکەوتووە لە بزوووتنەوەی کورددا.

ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و جیهانبینیی بۆ پرسی کورد و بە نێونەتەوەییکردنی ئەم پرسە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ڕێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە وەک ئەندازیاری ئەم سیاسەتە و پێکهێنانی لۆبی بۆ پرسی کورد، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئاکادیمییە ئورووپایی و ئامریکاییەکان، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، پارلمانتار و کۆنگرێسمەنەکان، هەواڵنێرەکان، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و پارتە سیاسییەکان شێوازێکی تری بە ناساندنی پرسی کورد دا. بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و چەندین ناوەندی نێونەتەوەیی دیکە ڕەوایی و کارایی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزب دەگەیەنێ و هەر ئەو کەسایەتی و دۆستانە ئێستاش لە سەنگەری داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستاندان کە بە عەقڵییەتی ژینۆسایدکردنی ئەم گەلە سیاسەتی لەگەڵ دەکەن.

مەحکوومکردنی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە تاران لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ بەرامبەر بە ٤ی نۆڤامبری ١٩٧٩ لە لایەن تاقمی ناسراو بە "خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام"ەوە لە نەزەری حیزبی دێموکراتەوە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا و پرۆتۆکۆلە دیپلۆماتیکەکان بوو و ئەم هەڵوێستەی حیزب لە مێژووی پێوەندییەکانیدا جێی بایەخە.

شەڕی هەڵەبجە لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٨٨ی زایینی لە دوو بارەوە لە پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جێگای سەرنجە. یەکەم لەم شەڕەدا زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب لە ناوچەکانی هەورامان و جوانرۆ کەوتنە ئەو شەڕە و وێڕای بەرگرییەکی مێژوویی هێزی پێشمەرگە و تەفروتوناکردنی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەڤەری هەورامان و جوانرۆ، بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ئەو هێزەی حیزب لەو ناوچەیە بە سەرکەوتنەوە دەرباز بوون. لەم پێوەندییەدا ڕێبەری گەورەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە بە پیری هێزەکەوە هاتبوو لەو پێوەندییەدا وتارێکی پێشکەش کرد و وتی لەگەڵ ئەوەی کە قارەمانێتی و بەرگریی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شانازییەکی مێژووییە، ئەو دەربازبوونە ئەزموونی پێوەندیی قووڵ و نەتەوەیی حیزبی ئێمەیە کە لەم گۆڕەپانەشدا سەرکەوتوو بوو. هەر لە پیوەندی لەگەڵ شەڕی هەڵەبجەدا دوکتور قاسملوو لە سەفەری ئورووپایدا هەوڵێکی چڕوپڕی دا بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵوومییەتی قوربانیانی هەڵەبجە و گەلی کورد کە لەو تاوانە دژەمرۆییەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی بوونە قوربانیی ڕێژیمی بەعسی عێراق و داوای پێکهاتنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە دۆستانی ئورووپایی و بەتایبەت فەرانسەویی کرد و سەرئەنجام ئەو کۆنفرانسە ساڵی ١٩٨٩ پێک هات. بە داخەوە دەستی ڕەشی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیزنی نەدا کە خۆی بەشدار بێ، بەڵام شانازیی کۆنفرانسەکە بە ناوی ئەو ڕێبەرە گەورەیە ناودێر کرا. ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو لە مێژووی پێوندییەکانی حیزبدا لاپەڕەیەکی زێڕین و نەتەوەییە.

لە شەڕی ئێران و عێراقیشدا حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سیاسەتێکی ڕەچاو کرد کە نەبێتە بەشێک لەو شەڕە چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە ئامانجی شەڕەکە و ئامانجی درێژخایەنی حیزب دوو شتی لێک جیاوازن و بە ئەزموونیش دەرکەوت کە سیاسەتی حیزب لەو بوارەشدا سەرکەوتوو بوو.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٩١ی زایینیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، حیزبی دێموکرات پێوەندییەکانی لەگەڵ بەرەی کوردستانی و دواتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین

و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لەگەڵ گوشاری وڵاتانی نەیاری کورد ڕووبەڕوو بووە و هێرشی کراوەتە سەر، بەڵام لە سەر ئەم سیاسەتەی بەردەوام بووە.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە دیالۆگ (Negotiation) یەکێک لە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی پێوەندییەکانە بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەری و وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە سەر بنەمای پرەنسیپە دیپلۆماتیکەکان و باوەڕمەندبوونی لایەنی بەرامبەر بە پرسی کوردە.

حیزبی دێموکرات بە باوەڕمەندبوون بەو بنەما فیکرییە کە کوردستان یەک نیشتمانە و کورد یەک نەتەوەیە و دابڕانی خەڵک و خاکەکەی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە دۆخێکی خولقاندووە کە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا لە خەباتدان، سیاسەتی ئەوە بووە کە پشتیوانیی سیاسی لە خەباتی هەموو بەشەکانی کوردستان و خەباتی خەباتگێڕانی مافەکانی ڕۆڵەکانی کورد لە هەر شوێنێک بکا. هەر لەو کاتەشدا هەوڵی داوە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی پێوەندیدار بە پرسی کوردەوە تا ئاستێک بێ کە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا نەبێ و لەو بوارەشدا سەرکەوتوو بووە. هەروەها لەو باوەڕەدا بووە کە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان دەستێوەردان نەکەن و ڕێز لە ئیرادە و خەباتی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بگرن و یارمەتیدەری ڕەوتی خەباتیان بن.

لە ئاستی سەرتاسەرییشدا حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی لە سەر بنچینەی باوەڕ بە مافەکانی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک نەتەوەیەکی خاوەن ماف و باوەڕ بە دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهێنانی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ و سێکۆلار لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا لە دیالۆگ بووە و بە خۆشییەوە ئێستا لە چەند هاوپەیمانی و تەڤگەری سیاسیشدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە.

لە سیاسەتی نێونەتەوەییشدا بە باوەڕمەندبوون بە نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی بنەما سیاسی و یاساییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ) و سیاسەتی دەستێوەردانی مرۆیی و ڕزگارکردنی نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەرەکانەوە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان پێوەندییەکانی ڕێک خستووە و لە خەباتی دیپلۆماسیدایە و دەنگی مافخوازانەی گەلی کوردی پێ گەیاندوون. هەنووکەش حیزبی دێموکرات یەکێک لە لایەنە چالاکەکانی ئەو گۆڕەپانەیە و بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە دیپلۆماتیک و یاساییەکان داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکا و لە سونگەی پشتبەستن بە خەبات و ئیرادەی گەلی کورد و

## یوبیلی ئەڵماس

یەکیەتی و یەکریزیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بوون بە هێزێکی شوێندانەر لە گۆڕەپانی سیاسی و دیپلۆماسیدا ڕۆڵی مێژوویی خۆی، هەوڵ دەدات کە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی گەلەکەماندا بگێڕێ و وەدیهێنەری ئاواتەکانی گەلەکەی بە گشتی بێ.

لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی پێ کرا، هێز و توانا بۆ کاری دیپلۆماسی و پێوەندی مەرجێکی گرینگە و لە ڕاستیدا بنەمای ئاوڕدانەوەی لایەنە سیاسییەکان و ناوەندەکانی بڕیارە کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پێکەوە گرێ دەدا. هەر لەم سونگەوە ڕێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هەردەم لە سەر ئەم ئەسڵە جەختی دەکردەوە و وەک زەرووەرەتێکی سیاسی لەم قۆناغە هەستیار و پڕ لە کەندولەندەدا حیزبی دێموکرات پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتدا ببێتە ئەو هێزە شوێندانەرەی کە لەمێژە خەبات و بەرخۆدانی بۆ دەکا و دۆستانی جووڵانەوەی کورد بە هیواوە چاویان لێیەتی.

ئەزموونی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەم ٧٥ ساڵەی خەباتی حیزب ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە لە سیاسەت و خەباتدا بەرژەوەندی و هێز قسەی کۆتایی دەکەن. زۆر جار لایەنێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی، دێوەزمە لای دەبێتە فریشتە و پێچەوانەکەشی دەبینرێت. کەواتە دەبێ بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان پێناسە بکەین و بەو پێیە بچینە نێو کایە سیاسی و ململانێ دیپلۆماتیکەکان و پرسی کورد و مافەکانی بۆمان لە سەرەوەی هەموو شتێک بێت.

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵیش کە ٧٥ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی ئەم حیزبە تێکۆشەرە و یووبیلی ئەڵماسییە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتدا سەرکەوتنی گەورە و مێژوویی بۆ خۆی و گەلەکەی و بزووتنەوە ڕەواکەی تۆمار بکا و گەلی کورد شادمان کا و ئەو ئاواتەش تەنیا بە یەکیەتی و یەکڕیزیی هەموو ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی کورد و دێموکرات دەستەبەر دەبێ.

بەرز و بەڕێز بێ یووبیلی ئەڵماسیی حیزبە تێکۆشەرەکەمان

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## حیزبی دێموکرات و شوێنی دین لە کۆمەڵدا




**ئیبراهیم لاجانی**

شوێن و ڕۆڵی دین لە کۆمەڵگادا، بەدرێژایی مێژوو هەمیشە مەسەلەیەکی گرنگ و جێگای باس بووە.

هەر لەو دەمەوە کە مرۆڤ لە سێزدەهەزارساڵ لەمەوبەرەوە دوای ئەوەیکە فێری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوو واتە توانی دێ و پاشانیش کاتێک پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر توانی شار دروست بکا، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ئینسانییەکان هەمیشە لە دەستی کەسانێکدا بووە کە دەسەڵاتیان هەبووە زۆری لە خەڵکەکە بکەن، یا لەوەش گرنگتر توانای ئەوەیان هەبووە بەسەر بیرو زەینی خەڵکدا زاڵ بن.

پاشان دەرکەوت کە دەسەڵات چونکە دەتوانرێ دەستاودەست بکرێ بە تەنیا بۆ بردنە پێشی ئەومەبەستە بەس نییە. ئەوەی دواتر بە ناوی بڕوا و دین ناسرا لەو بارەوە بایەخی زۆرتری پەیدا کرد و باشتر توانی ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە نۆرمی دەسەڵاتداری لە هەموو کۆمەڵگا ئینسانییەکاندا بریتی بووە لەوەیکە شا کە دەسەڵاتدار بووە لە هەمان کاتدا ڕێبەری ئایینیش بووە؛ واتە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی هەر یەک بوون. دواتر لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا بەرەبەرە ئەوە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی هەر یەک بن بەرەو بنبەست و کۆتایی خۆی ڕۆیشت و ئەو تێئۆرییە هاتەکایەوە کە ئەو دوو دەسەڵاتە هاوزێی یەکتر بن.

کاتێک ئارییاییەکان لە سێ هەزارساڵ لەمەوبەرەوە لە باشووری ڕووسیە و ئوکڕاین کۆچیان کردە ئەو ناوچانەی کە ئێستا

پێی دەوترێ فەلاتی ئێران، ئێمەی کورد سێ چوارهەزار ساڵ پێش لەوان لەوێ بووین و ئەوانمان لە نێو شارستانیەتی خۆماندا وەرگرتن. دواتر کە ئیمپڕاتۆری ماد و هەخامەنشی درووست بوو، ئەو دەسەڵاتە گەورە نەیدەتوانی لە فۆرمی شا و کاهیندا درێژە بکێشێ. چونکە لەو ناوچە پان و بەرینەدا گەلێک مەزهەب و ئایینی جۆراوجۆر هەبوون و پاشاکان نەیاندەتوانی لە یەک کاتدا هەم پاشا و هەم ڕێبەری ئایینی ئەو هەموو دین و مەزهەبە جۆراوجۆرانەی خەڵکی ئەو ناوچانە بن کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون. ئیتر دەسەڵاتداریەتیی یەکتای ئاسمانی و زەمینی بەرەبەرە بە ناچاری گۆڕدرا بۆ دەسەڵاتداریەتی دوانەیی ئایینی و حکومەتی بەڵام هاوتەراز و هاوبایەخ. بەو جۆرە بیرۆکەی جیایی دین لە دەوڵەت لە مێژوودا چەکەرەی کرد. لە ئیمپڕاتۆری ڕۆمیشدا کاتێک پێتەختی دەوڵەت لە ڕۆمەوە بۆ کۆنستانتینوپل گوازرایەوە و پاپ لە ڕۆم مایەوە بەرەبەرە کلیسا لە دەوڵەت جیا بوویەوە بەڵام دواتر هەردووکیان لە دەسەڵاتی کلیسادا دیسان یەکیان گرتەوە. هەزاروچوارسەدساڵ لەمەوبەر ئیسلام هات و یەکیەتیی دین و دەوڵەتی لە پێغەمبەردا کۆکردنەوە. دواتریش تا کاتێک چوار خەلیفەی ڕاشدین دەسەڵاتدار بوون، دەسەڵاتی سیاسیی و ئایینی لە یەک جێگادا بوون و لە ڕاستیدا هەریەک بوون بەڵام کاتێک پاشایەتییە سەربەخۆکان لە ناوچەدا سەریان هەڵدا و بە تایبەتی دوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و کەڵکوەرگرتنی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە قانوونە غەیرە شەرعییەکان، لە کردەوەدا دین و دەوڵەت تەنانەت لە وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا لێک جیابوونەوە؛ واتە تەنانەت تێئۆریزیەنە موسوڵمانەکانیش جیایی دین و دەوڵەتیان لە نەزەریە پەردازی ئیسلامدا تێئۆریزە کرد. ئەو نەزەریە تا چەرخی بیستەم و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی سەلەفی و ئیخوانولموسلمین و وەهابییەت و دواتر سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی کە هەرکامەیان بە جۆرێک بانگەشەی گێڕانەوە و زیندووکردنەوەی حکومەتی پێغەمبەر لە سەدری ئیسلامدا دەکەن، لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا کاری پێدەکرا.

لە ئورووپاشدا دەزانین کە ئەوە کلیسای کاتۆلیک بوو کە سەرەنجام توانی جێگای ئیمپڕاتۆری ڕۆم بگرێتەوە. ئەو کلیسایە تا سەدەی نۆهەم بە کەڵکوەرگرتن لە لەت لەت بوونی ئیمپڕاتۆری فرانکەکان و شەڕوململانێ میللی و مەزهەبییەکان توانی بۆ ماوەی شەشسەد ساڵ دەسەڵاتی خۆی ڕابگرێ بەڵام دواتر شەڕە ئایینی و مەزهەبییەکان و بزووتنەوە ڕێفۆرمخوازەکان و ڕێنسانس بوونە هۆی درووستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکان. ئەوەش کۆتایی بە دەستتێوەردانی دین لە کاروباری دەوڵەتدا هێنا.

ئەو کورتە مێژووە بۆمان دەردەخا کە فاکتۆر و هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا ئینسانییەکان، شوێنەواری کاریگەر و بڕیاردەریان هەیە و زەمینەی جیایی دین لە دەوڵەت پێکدێنن واتە مێژوو ئەوەمان فێردەکا کە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان زەمینەی سێکۆلاریزم پێک دێنن بۆیە سێکۆلاریزم یەکێک لە مەرجەکانی کۆمەڵگایەکی دێموکرات و مۆدێرنە.

ئەوە ئیدی ئەمڕۆ بۆتە قانوونێکی دونیاپەسەند و بە پڕەنسیپێکی سەرەکی دەوڵەتداری و بەڕێوەبەری لە دونیادا دەزانرێ. ئەگەر لێرەولەوێ لە هەندێ گۆشەوکەناری دونیادا، وەک کۆماری ئیسلامی، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە دەسەڵاتی دینی و سیاسی هێشتاش هەر یەکدەستن و دین و دەوڵەت تێکەڵاون بە کەچڕەوی و لادان لە قاعیدە بە حیساب دێ و هیچ داهاتوویەکی نییە و تەنیا وەک ئەزموونێکی تاڵ دەژمێردرێ و زۆر ناکێشێ کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە لەگەڵ ڕەوتی دونیای هاوچەرخ دەکەوێتەوە.

دێموکراسییەکانی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوادا و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دونیادا، وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا ئینسانییەکان، مۆدێلێکی سەرکەوتویان وەک سەرمەشق بە هەموو مرۆڤایەتی بەدەستەوە داوە. ئێمەش وەک حیزبێکی دێموکرات و میللی کە دەمانهەوێ میللەتەکەمان بکەینە خاوەنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و هاوچەرخ و ئازاد و ڕزگار، چ لە بەرنامەی سیاسی و چ لە کردەوەدا لە سەرمەشقەکانی دێموکراسی ئیلهام وەردەگرین. وەک حیزبێکی دێموکرات و وەک ئەوە کە دەمانهەوێ بەتەنیا یا لەگەڵ هێزەسیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بەدەستەوە بگرین، دەبێت هەر لە ئێستاوە پابەندبوونی خۆمان بە عورفیگەرایی و تێگەیشتنی خۆمان بۆ خۆمان و بۆ هەموو لایەک لەو چەمکە نیشان بدەین.

ڕاستە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە بەڵام زەمینەی جیایی دین لە دەوڵەت و حکومەت لە کوردستاندا ئامادەیە. ئەزموونی نەک هەر شکستخواردوو بەڵکوو کارەساتخوڵقێنی کۆماری ئیسلامی، هیچ ئیعتیبارێکی بۆ حکومەتی دینی لە هیچ کوێ نەهێشتۆتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە پایە فکری و تیئۆریکییەکانی زەروورەتی جیایی دین لە دەوڵەت لەلایەن فەیلەسوفە ئورووپایی و شەرقی و تەنانەت موسوڵمانەکانیشەوە لەمێژە گەڵاڵە کراون و لەوبارەوە ئەدەبیاتێکی زۆر و دەوڵەمەندمان لە بەردەستدایە کە دەبێت لە پەروەردە و فێرکردندا کەڵکی لێوەرگرین.

کوردستان هەرگیز جوغرافیای سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی ئایینی و مەزهەبی نەبووە. کوردستان و کۆمەڵگای کوردستان بۆ بە عورفی بوون ئامادەن و حیزبی ئێمە لە پێش هەمووان و باقی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لەو بارەوە دەست وێکدەن و کاری جیددی و بەرپرسانە بکەن. لەو نێوەدا چەند مەسەلەی گرنگ هەن کە دەبێ وەبەرچاوبگیرێن:

یەکەم ئەوە ئێمە نابێت تێکۆشین دین و مەزهەب بکەینە وەسیلەی بردنەپێشی مەبەستە سیاسییەکانی خۆمان. ئەوە لە لایەک لەگەڵ بەرپرسایەتی و گەورەیی و میللی بوونی حیزبی دێموکرات نایەتەوە و لە لایەکی دیکەش ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوانەی دەیانهەوێ لە سیاسەتدا لە دین کەڵکی خۆیان وەرگرن، ئەوە سەرەنجام دینە کە ئەوان دەخاتە خزمەتی خۆی و کەڵکی خۆیانی لێوەردەگرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە لە کوردستاندا گەلێک دین و مەزهەب و تەریقەت و فیرقەی جۆراوجۆر هەن و هەمووشیان پەیڕەوانی خۆیانیان هەیە و حیزبی ئێمە وەک ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان، دەبێ ئەو دین و مەزهەبانە و پێڕەوەکانیان بە یەک چاو تەماشا کات و بایەخی وەک یەکیان پێ بدا.

عورفیگەرایی لە تێگەیشتنی حیزبی ئێمەدا، بەمانای سێکۆلاریزمە. ئێمە دژی هیچ دین و مەزهەبێک نین و لە هەمان کاتیشدا حیزبێکی ئایینی و مەزهەبیش نین. پەیڕەوانی هەموو دین و مەزهەبەکان ئەگەر بەرنامەی سیاسی حیزبیان قبووڵ بێ دەتوانن لە حیزبی ئێمەدا تێکۆشانی سیاسییان هەبێ و لە تەشکیلاتی حیزبدا بڕۆنە پێش. جا ئەوە چ موسوڵمان بن یا مەسیحی، بودایی، کەلیمی، شیعە، سوونی، یارسان یا پەیڕەوی هەر دین و مەزهەبێکی دیکە لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. جگە لەوە بەجێهێنانی فەرائیزی دینی و مەزهەبیش لە ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا پێویستە وەک شتێکی ئاسایی تەماشای بکرێ و وەربگیرێ و وەک شتێکی فەرهەنگی و کولتوری سەیری بکەین.

ئێمە کە دەڵێین عورفیگەراین مەبەستمان ئەوە نییە کە دین و مەزهەب لە نێو میللەتەکەمان و لە نێوکۆمەڵگای کوردستان لە ڕیشە هەڵکێشین. ڕاست بە پێچەوانەوە دەمانهەوێت دین و مەزهەب شوێنی شایستەی خۆی بدرێتێ و ئەو کار و ئەرکە بەڕێوەبەرێ کە ڕیسالەتی خۆیەتی. دین لە ئەساسدا سەروکاری لەگەڵ ئەخلاقیات و ویژدانیات هەیە هەر بۆیە کارکردەکەشی پێویستە لەو بوارەدا بمێنێتەوە و ئالودەی کاروباری دەوڵەتی و ئیدارەکردنی کاروباری عموومی نەکرێت کەواتە ئێمە نامانهەوێ دین و مەزهەب لە ویژدانی کۆمەڵگای کوردستان و میللەتەکەمان بەرینە دەر. دەمانهەوێ تەقەدوس لە ئیدارەکردنی کۆمەڵ و دەوڵەتداریدا بەرینە دەرێ. نەک دەوڵەت، بەڵکوو هیچ کەس و حیزب و لایەنێک مافی دەستێوەردان لە ویژدان و ئیعتیقاداتی خەڵکیدا نییە.

لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتووە کە هەموو کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەڕێوە دەچن واتە ئازادی دین و مەزهەب لە بەرنامەی سیاسی حیزبی ئێمەدا دەستەبەرکراوە. ئێمە بە مەسئولیەتەوە ئەوەمان لە بەرنامەی سیاسی خۆماندا گونجاندووە. جەوهەری عورفیگەرایی لە تێگەیشتنی حیزبی ئێمەدا ڕەواداریی لیبراڵ و تۆلێرانسە

کە پایەیەکی دێموکراسییە و بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات پرەنسیپە. لیبرالیزمی سیاسی، دین وەک سیستمێکی ئەخلاقی و ئەو بایەخە گرنگانە تەماشا دەکا کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئینسانییەتی ئینسانەکان پێویستن.

هەموو دینەکان و تەنانەت ئیسلامیش هەمیشە خۆیان لەگەڵ وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان گونجاندووە. ئەمڕۆ تەنانەت لە مەککە و مەدینەشدا ئاسان نییە وەک ڕابردوو دەستی خەڵک بپەڕێنی یا قەساس بکەی. مامۆستاکانی زانکۆی ئەستەمبوڵ دەڵێن کاتی خۆی کە ئیسلام مەنعی کردووە ژن بەتەنیا سەفەر بکا لە بەر ئەوە بووە کە ڕێگاکان نائەمن بوون. ئێستا کە ڕێگا و وەسیلەکانی سەفەر ئەمینن ئەو مەنعە ئیدی دەبێ هەڵگیرێ. مەبەست ئەوەیە بڵێین مۆدێرنیتە و دێموکراسی و عورفیگەرایی مەیدان بۆ دین و مەزهەب خۆش دەکەن تا بایەخە ئەخلاقی و ویژدانییەکان پەرە پێبدەن و ئەرکی مەعنەوی و ڕیسالەتی خۆیان بەجێ بێنن. مەبەست ئەوەیە بڵێین ئێمە دەبێ لە سیاسەت و کردەوەدا بە خەڵکی خۆمان ڕابگەیەنین کە مەبەستی ئێمە لە سێکۆلاریزم ئەوە نییە دین لە کۆمەڵدا ڕیشەکێش کەین بەڵکوو دەمانهەوەی تەقەدووس لە کاروباری دەوڵەتی و ئیدارەکردنی کۆمەڵگادا دوورخەینەوە. ئەزموونی چاخەکانی نێوەڕاستی ئورووپا و مێژووی ئیسلام و تاقیکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لەوبارەوە قەڵایەکی پتەون کە ئەو سیاسەتە درووستەی حیزبی دێموکرات پاڵی وێداون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۲۱ی گەلاوێژی ۲۷۲۰

---

## یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆز بێت




**ساڵە نەڵۆسی**

دوای ڕووخانی ڕێژیمی دژی گەلیی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، حیزبی دێموکرات کە ڕیشەی لە ناو خەڵکی کوردستاندا هەبوو، زۆر زوو بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێک توانی بێتە مەیدانی تێکۆشان. لە زۆربەی شارەکانی تری کوردستان، کۆمیتەی ناوچە، کۆمیتەی شارستان، هێزی پێشمەرگە، یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و لە دێهاتەکان شوورا دامەزران و بە جۆرێک کەلێنی نەبوونی ئیداراتی دەوڵەتی پڕ کرابوونەوە. بە کردەوە ڕێکخستن و هاوکاریی خەڵک ببووە ئەرکی حیزبی دێموکرات و بۆ هەموو کاروبارێک خەڵک ڕوویان لە کۆمیتەکانی حدکا دەکرد.

### دامەزرانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن

هەوڵی حیزبی دێموکرات بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان و بۆ ئەوەی نەهێڵێت لاوانی کوردستان لە خوێندن دوا بکەون، کۆمیتەکانی حدکا زۆر فەعالانە بە دێهاتەکاندا گەڕان و داوایان لە لاوانی خوێندەوار کرد، بە تایبەت ئەوانەی "ڕاهنمایی" بۆ سەرێیان تەواو کردبوو. بەم جۆرە توانییان دەیان لاو کۆ بکەنەوە و یەکەم دەورەی مامۆستای شۆڕش لە پیرانشار، (من ئاگاداری شوێنەکانی تری کوردستان نیم) لە گوندی قەڵاتی مەنگوڕان بەڕێوە چوو. ئەم دەورەیە لە لای ڕێبەریی حدکا و بە تایبەت شەخسی دوکتور قاسملوو جێگەی بایەخ بوو. لە نیوەی دەورەکەدا بووین کە کاک دوکتور قاسملوو لەگەڵ خوشکە نەسرین و یەک دوو ئەفەری ڕێبەری سەردانیان کردین. یەکەم جار بوو لە نزیکەوە دوکتور قاسملوو ببینم. کاک دوکتور زۆر

ڕێزی لە بەشدارانی دەورەکە گرت و هانی دان کە دەبێ تەواوی هەوڵی خۆیان بدەن بۆ پێگەیاندنی منداڵانی کورد و دەبێ تەواوی قوتابخانەکان ئاوەدان بکرێنەوە.

ئەم هەنگاوەی حدکا لە کاتێکدا بوو کە ڕێژیم ڕۆژانە هێرشی دەکردە سەر کوردستان و دەستی لە هیچ جینایەتێک نەدەپاراست، زۆربەی قوتابخانەکان وێران بوون، کتێبی دەرسی دەست نەدەکەوت و کتێبەکان زۆرتر کتێبی ڕێژیمی پێشوو و نیزامی پێشووی دەرسیی ئێران بوون، لەم کاتەشدا کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان کارێکی پیرۆزی کرد و کتێبی پۆلی ١ و ٢ی گەیاندە قوتابخانەکان کە لەگەڵ شادیی قوتابییان بەرەوڕوو بوو و بۆ ئێمە وەک مامۆستایان و قوتابییان یەکەم جار بوو لە قوتابخانە کوردی بخوێنین و لە قوتابخانەش بە زمانی کوردی قسە بکەین. بۆ ئێمە وەک مامۆستاش ئاسان نەبوو دەرسی کوردی بڵێین، بەڵام لە خۆشیی زمانی کوردی هەر زوو هەم ئێمە مامۆستایان و هەم قوتابییان توانیمان خۆمان فێری خوێندن و نووسینی زمانی دایکیی خۆمان بکەین. هەڵبەت بۆ پۆلەکانی تر بەداخەوە حدکا وێڕا نەگەیشت بیکاتە کوردی و ناوچە کەوتەوە دەستی دوژمن.

لە پیرانشار تا ساڵی ١٣٦٣ سەدان قوتابی لەژێر دەستی مامۆستایانی شۆڕشدا پێگەیشتن و بەشداریی منداڵان ئیجباری بوو.

## کۆمیتەکانی حدکا

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە ناوچەکەدا زۆر چالاک بوون، بەشی کۆمەڵایەتی، بەشی تەشکیلاتی و بەشی ماڵییان هەبوو. بەشی کۆمەڵایەتی کاری زۆر بوو، زۆر دابونەریتی کۆنی ناتەندروست هەبوون کە حدکا هەوڵی گۆڕینی دەدا، وەک گەورە بە چووکەی کچان، ژن بە ژنە و... دەتوانم لێرەدا ئیشارە بە شەهیدان سوڵتان سەمەدی و محەممەدە ڕوت لە کۆمیتەی لاجان بکەم کە تا کاتی شەهید بوونیان، دەیان ژن بە ژنەیان لە ناوچەی لاجانی پیرانشار هەڵوەشاندەوە. دەیان کچ کە بە چووکەیی مارە کرابوون، کۆمیتەکانی حدکا لەم داوە نەجاتی دان و توانییان بە دڵی خۆیان، ژیانی هاوبەش پێک بێنن. ڕادەی مارەیی دیاری کرا کە ٢٠ مسقاڵ زێڕ بوو.

هێندێک زەوی و زار درا بە هەژاران، هێندێک شوێنی گشتی کە خەڵک داگیری کردبوو، کرانەوە شوێنی گشتی و زەکات کە جاران هەمووی هی مەلا بوو، حدکا لەگەڵی بوو بە شەریک کە مەلاکان بە دڵیان نەبوو. هەر کێشەیەک کە لە ناوچەکەدا هەبا دەست بەجێ کادر و پێشمەرگەکان دەگەیشتنێ و زۆر زوو چارەسەر دەکرا. لە ماوەی دەسەڵاتی حدکادا کێشەکان زۆر

زۆر کەم ببوونەوە و بە هاوکاریی حدکا بە شێوەی دێموکراتیک و بە دەنگی خەڵک لە هەموو دێیەکان شوورای دێ دانرا. شوورای دێیەکان خۆیان وەک هاوکاری کۆمیتەکان کێشەکانی خەڵکیان چارەسەر دەکرد. کە دەچووینە دێیەک پەیوەندیی ئێمە لە ڕێگای شووراکانەوە بوو.

گوندەکانی پیرانشار تەقسیم کرابوون بەسەر چەند کۆمیتەیەکدا وەک کۆمیتەکانی لاجان، بەربنە، پیرانان، کۆمیتەی بەری مێرگان و کۆمیتەی نەڵێن - گەدە، هەموویان سەر بە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بوون و کۆمیتەکان دەخاڵەتیان لە کاروباری یەکتردا نەدەکرد.

## هێزی پێشمەرگە

هێزی پێشمەرگە لە پیرانشار، هێزی شەهید مەلا ئاوارە بوو کە دواتر گۆڕا بە هێزی قەندیل و لک و دەستە و پەلەکان سەرەتا هەر یەکە و بە ناوی شەهیدێک بوو کە دواتر ئەوانیش وەک هێز ناویان گۆڕدرا (بەداخەوە بەهۆی زیادبوونی ڕادەی شەهیدان) لە هێزی قەندیل زۆربەی پێشمەرگەکان لاوانی ناوچەی خۆمان بوون. هەر ناوچەیەک و لکێ خۆی هەبوو. لکی ١ ( ناوچەی بەربنە)، لکی ٢ و لکی ٥ (ناوچەکانی نەڵێن - گەدە و بەری مێرگان). لکی ٣ (ناوچەی پیرانان) و لکی ٤ (ناوچەی لاجان) و پەلی فەرماندەهی و دەستەی زەربەت، دەستەی زەربەت و لکەکانی ١، ٣، ٤ و لاوان و تەشکیلات زۆر جار دەچوونە ناو شاری پیرانشاریش. دواتر لکی ٥ و دەستەی زەربەت کەم کرایەوە و بەڵام تا ساڵی ١٣٦٥ ئەمجۆرە بوو.

## یەکیەتیی لاوان

تا گیرانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، یەکیەتیی لاوان زۆر چالاک بوون، لاوان وەک کۆمیتەکانی حدکا بە دێهاتەکاندا دەگەڕان و لاوانیان بۆ شۆڕش هان دەدا و لە مزگەوتەکان لەگەڵ خەڵک دەدوان و بڵاوکراوەکانی لاوانیان بڵاو دەکردەوە. لاوان توانیبیان لە پیرانشار سەدان لاوی خوێندەوار لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و لە دەیان شەڕدا شان بە شانی پێشمەرگەکان بەشدار دەبوون. زۆربەی لاوەکان دواتر تێکەڵ بە تەشکیلاتی حدکا بوون.

کۆمەڵێک ڕووداوی ناخۆش ڕوویاندا کە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی شکایەوە.

١- شەڕی ناخۆشی ئەو کاتی نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و حدکا.

٢- بەهاری ساڵی ١٣٥٩ تاقمی ٧ کەسی جیا بووەوە و بە ناوی "حدکا. پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار" کە چوونە نیو ڕێزەکانی حیزبی توودە و عەمەڵەن وێڕای هێزەکانی ڕێژیمی ئاخوندی واریدی شەڕ بە دژی حیزب و بزووتنەوەی کورد بوون. ئەو تاقمە دواتر خۆیان هەڵوەشاندەوە و بە فەرمی بوون بە بەشێک لە حیزبی توودە.

٣- هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی و گرتنەوەی ناوچەکان و دواتر ناوەندی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کە ناچار بنکەکانمان هێنایە بناری قەندیل بە دیوی باشووری کوردستان کە ئەو کات لەژێر دەستی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو. دوای ئەم هێرشە بەهۆی هەڵەی بەرپرسانی حدکا لە ڕێبەرییەوە تا ناوچەیی، زیاتر لە ٢٠٠ کادر و پێشمەرگەی حدکا چوونەوە.

ورەی کادر و پێشمەرگە لەژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵە ڕووداو و هەڵەکارییەدا کەمێک هاتبووە خوار. بەڵام شەڕی قارەمانانەی شێلمجاڕان پاییزی ١٣٦٣ی هەتاوی کە دوای ١٢ سەعات شەڕ ڕێژیم نەیتوانی دێ داگیر بکات و دەیان کوژراوی دا و پێشمەرگەش بەداخەوە ٣ شەهیدی هەبوو و  دوای ئەم شەڕە وەک نوقتە گۆڕانێکی گرینگی مەیدانی، ورەی کادر و پێشمەرگەی  بەرز کردەوە و دوژمن لە جاران زەبوونتر ڕەفتاری دەکرد.

٤- هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزب خاڵێکی نەرێنی بوو لە کاتی خەباتی حیزب و خەڵکدا کە ئاسەوارێکی خەراپی هەبوو.

٥- دوو مانگ دوای کۆنگرەی هەشت و هەر وەک چاوەڕوانیش دەکرا، ئەو بەشە لە کادری پێشووی ڕێبەری و ژمارەیەکی چەند سەد کەسی لە کادر و پێشمەرگە لە ٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٧دا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و لەژێر ناوی: "حدکا. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"دا خۆیان پێناسە کرد کە بەداخەوە هەڵگرتنی ئەو ناو و هێمایانەی حیزب شەڕی نێوخۆیی لێکەوتەوە و زیانی بە حیزب و بزووتنەوە گەیاند.

٦- ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق و دەستئاوەڵایی زیاتری هێزەکانی دوژمن بۆ شەڕ لە کوردستان خاڵێکی دیکەی گرینگیی خەباتی ئەوکاتی حیزب بوو و هەم لە ناوخۆی کوردستان هێزی دوژمن دەست ئاوەڵا بوو، هەم دەوڵەتی ئەوکاتی عێراقیش بەرەبەرە خەریک بوو بەربەست بۆ حیزب دروست بکات.

٧- شەهید کرانی ڕێبەران د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی کە زۆر داخدار بوون و زەبری کەمەرشکێن بوون، بەڵام حیزب لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا.

٨- بەجێ هێشتنی قەندیل و بەگشتی سنوورەکان و دابەزین بۆ نێو شارەکانی باشوور هۆکارێکی دیاری لاوازیی خەباتی حیزب بوو.

٩- جیا بوونەوەی دوای کۆنگرەی ١٣ کە هەتا ئێستاش ئاسەوارە نەگاتیڤەکانی دیارن.

ئەم چەند ڕووداوەی سەرەوە زۆر کاریگەرییان لەسەر چالاکیی حدکا دانا و سەدان کادر و پێشمەرگە ڕیزکانی حدکایان

بەجێ هێشت، بەڵام بەخۆشییەوە حدکا هەروا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە.

## دوا وتە

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پیرانشار و ناوچەکانی تری کوردستان بە کەمترین ئیمکاناتی نیزامی گەورەترین هێزی پوشتە و پەرداخی ڕێژیمیان تێک شکاندووە. دەبێ بڵێم هیچ شوێنێکی ئەم کوردستانە نییە کە پێشمەرگە قارەمانیەتیی تێدا نەنواندبێت. کەمیی کەرەستەی شەڕ گەورەترین کێشەی هێزی پێشمەرگەی حدکا بوو، بەداخەوە ئەوکات لایەنگرانی بەرەی شەرق (توودەییەکان و کۆمۆنیستەکان) کە لە ناو حدکاش کەم نەبوون، زۆر دژی ئەوە بوون کە حدکا یارمەتی لە دەرەوە وەرگرێت، بەڵام ئێستا دەبینین هێزەکانی کوردی بە ئاشکرا و زۆر بە ئیفتخارەوە باسی وەرگرتنی یارمەتی دەکەن. ئەگەر ئەم شانسە یاوەری حدکاش بوایەت و ئەم ڕاگەیاندنەی ئێستا هەیە، ئەو کات هەبوایەتە، حدکا ئێستا وەک باشووری کوردستان لە ناوخۆ بوو. سەدان جار پێشمەرگە شەڕی دۆڕاندووە و یان شەهیدی داوە بەهۆی کەمیی کەرەستەی شەڕ و خواردەمەنی یان نەبوونی بێسیم بۆ پەیوەندی کردن بە هاوڕێکانیان تا بە هانایانەوە بچن و لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریان بکەن.

لە کۆتاییدا هیوادارم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵ بدرێت شەڕی ناوخۆیی نەبێت و ڕیزەکانی حیزب یەک بخرێنەوە تا جیا بوونەوەی تر ڕوو نەدات و کوردستان لە داگیرکەران پاک بکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# وتووێژە لەگەڵ بەڕێز"حەسەن شەرەفی" جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**حەسەن شەرەفی: بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم گۆڕانکاریی فکری و سیاسی لەهەر بڕگەیەکی زەمانی لە بەرنامەکانیدا پێک بێنێت**

**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی ٧٥ی ساڵەی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا و یووبیلی ئەڵماسیی خۆی جێژن دەگرێت.**

**لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز"حەسەن شەرەفی" جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند خاڵێکمان لە تەمەنی ٧٥ ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکرات خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**

**پرسیار: وەکوو یەکەم پرسیار هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان و ئێران چۆن بوو کە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زەرورەتێکی مێژوویی دەزانرێت؟**

**وەڵام: ئەو هەلومەرجانەی کە پێویستیی دامەزرانی حیزبێکی مۆدێرن بە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی و ڕێبەرایەتییەکی**

جەمعی هێنابوو ئاراوە دەکرێ بە دوو بەشی دەرەوەی کورستان و نێوخۆی کوردستان دابەش بکرێن.

**یەکەم**: لە دەرەوەی کوردستان لە ساڵانی شەری دووهەمی جیهانیدا وڵاتی ئێران لەلایەن هێزە بیانییەکان (ئینگلیس لە باشوور و سۆڤیەت لە باکوور)ەوە بە جۆرێک داگیر و لە نێوانیاندا، دابەش کرابوو. دەسەڵاتی ناوەندی بە گشتی لە کزی و لاوازی دابوو و تەنانەت لە هێندێک شوێن بە کردەوە بوونی نەمابوو، یەکێک لەو شوێنانە کە هێزە بیانییەکان بوونێکی پڕ ڕەنگیان نەبوو و حکوومەتی ناوەندیش دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نەمابوو بەشی باکووری کوردستانی ئێران و ناوچەی موکریان بوو. بۆیە لەم ناوچەیە بۆشاییەکی زەقی دەسەڵات بەرچاو دەکەوت، ئەوەش دەرەتانێک بوو کە کورد لەو ناوچەیەی کوردستان خۆبەڕێوەبەرییەک لە نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندیدا تاقی بکاتەوە.

**دووهەم**: لە نێوخۆی کوردستانیشدا بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ.کاف لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی بەهێزبوونێکی بەرچاوی هەستی نەتەوایەتی کورد پەرەی گرتبوو و بیری دامەزراندنی کیانێکی کوردی هاتبووە ئاراوە، بەڵام بەرنامە سیاسییەکەی ژێکاف وەڵامدەری هەلومەرجی جیهانی پاش فاشیزم و پەرەگرتنی دێموکراسی نەبوو. بۆیە دامەزراندنی حیزبێکی وەڵامدەر کە بتوانێ لەگەڵ ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان و هەلومەرجی ئەو کات یەک بگرێتەوە، وەک پێویستییەکی سەردەم و مێژوویی خۆی دەرخست و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەلایەن دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێ.کاف و لە سەرووویانەوە پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا.

**پرسیار**: دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەکوو یەکەم حیزبی مۆدێرن لە کوردستان چ نوقتە گۆڕانێکی سیاسی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان پێکهێنا؟

**وەڵام**: بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورد و بزوتنەوەکەی بوون بە خاوەن حیزبێکی مۆدێرن بە بەرنامەیەکی سیاسی و سەردەمیانە کە لەوەبەدواوە کۆمەڵگای کوردستانی پتر لەوەی بیر لە کەسایەتییەک بۆ ڕێبەریی بزووتنەوە بکەنەوە بیر لە ڕێبەری حیزب و لە حیزبیش دا لە ڕێبەری جەمعی بکەنەوە، ئەوەش ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و سەردەمیانە بوو کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پێکهات. لەو پێوەندییەدا ناکرێ دەوری

پێشەوا قازی مەحەممەد وەک کەسایەتییەکی ئایینی بەڵام نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو نەگیرێت کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی هەتا ڕادەیەک ئایینی گۆڕیی بۆ حیزبێکی سەردەمیانەی نەتەوەیی دێموکراتیک.

**پرسیار**: ئایا حیزبی دێموکرات بەپێی سەردەم گۆڕانکاریی فیکری و سیاسی لە بەرنامەکانی خۆیدا پێکهێناوە و هەتا چەندە وڵامدەری خواستە سیاسییەکانی خۆی بووە؟

**وەڵام**: ئەگەر ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژێ.کاف دامەزرا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر خۆی لە خۆیدا بەرهەمی ئاڵوگۆڕی فکری و سیاسی لە بەرنامەکانی بزووتنەوەی کورد دابووە. پاش دامەزرانی حیزب و بەتایبەت پاش نەمانی کۆماری کوردستان و ئەو گیروگرفتانەی بۆ ڕێبەرانی حیزب، کۆمار و ڕێکخراوەکانی حیزب هاتە پێش، جارێکی دیکە و ئەوجار بە ئیرادەی دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاویدا، ئاڵوگۆڕێکی سیاسی، فکری و ڕێکخراوەیی لە حیزبدا پێکهات، ڕێبەرایەتیی جەمعی گرینگیی زیاتری پێدرا، بەرنامەی سیاسیی حیزب نێوەرۆکێکی پێشکەوتووانەتر و سەردەمیانەتری بەخۆیەوە دیت، سەربەخۆیی سیاسیی و بڕیاردان جێگایەکی بەرز و گرینگی لە هەڵسوکەوتی حیزبدا لەگەڵ هەر لایەنێک و لە پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەستەبەر کرد. دواتر لە دیاریکردنی ئامانجی دواڕۆژی حیزبدا سوسیالیزم وەک مەسەلەیەکی گرینگی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و سوسیالیزمی دێموکراتیک بە دوو هەدەفی سیاسی بوو بە ئامانجی دواڕۆژی حیزب، جگە لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم گۆڕانکاری فکری و سیاسی لە هەر بڕگەیەکی زەمانی لە بەرنامەکانیدا پێکبێنێ و مادام ئەوەش ئامانجیەتیی بە شێوەیەکی سروشتی وەڵامدەری خواستە سیاسییەکانی دەبێ چوونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە لەپێناو چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاتوون و دێنە ئاراوە.

**پرسیار**: گرینگترین دەستکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٧٥ ساڵ تێکۆشانی خۆیدا کامانەن؟ و لەماوەی تەمەنی خوێدا ئەو خەسارانەی کە تووشی بووە بۆی قەرەبوو کراوەتەوە؟

**وەڵام**: وەڵامی ئەو پرسیارەتان دوو بەشە؛

**یەکەم**: ئەگەر مەبەست لە دەستکەوتی گرینگ بە ئاکامگەیشتنی خەباتی حیزب و دەستەبەربوونی یەکجارەکی هەموو ماف و ئازادییەکانی کورد بێ، بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم ئامانجە نەهاتۆتە دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەباتی ٧٥ ساڵەی حیزب کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگی هەبووە کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا جێیان گرتووە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان نەتەنیا دەسکەوت بەڵکوو شانازییەکی مێژوویی حیزبی دێموکراتە. سەرەرای ئەو هەمووە

گرفتە، پێوانی ڕێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەبات، خوێندان و قوربانیدان و تێکۆشەر فیدابوونە درێژە و بەردەوامی لە خەبات وخۆڕاگری و سووربوون لەسەر ماف و ئازادیەکانی کورد، خۆی دەسکەوتێکی بەرچاو بۆ حیزبێکی سیاسیە، کە بە هاسانی بۆ هەموو حیزبێک دەست نادا، کە حیزبی دێموکرات خاوەنی ئەو شانازیەیە. لە مەیداندا مانەوە، بە شوێندانەری مانەوە لە ڕادەی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و کوردستانیدا بە ناسراوی و بە خاوەن پڕەنسیپ دەرکەوتن و خۆناساندن بە جۆرێک کە بۆ زۆربەی لایەنەکان جێگەی ڕێز بی، دەسکەوتێکی کەم نین بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**دووهەم**: ئەو خەسارانەی کە بەرەوڕووی حیزب بوونەوە لە ڕاستیدا دووبەشن، بەشێکیان بەدەر لە ئیرادەی حیزب بوون و بە پیلانی دوژمنان کراون، وەک لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر، تێرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، دەیان و بگرە سەدان تێکۆشەری تێرۆرکراوی دیکە، یان شەهیدبوون و لەدەستچوونی هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان کە خەسارێکن قەرەبوو ناکرێنەوە، ڕەنگە جێگەیان بگیرێتەوە بەڵام پڕنابێتەوە.

بەشێکیش دەکرێ بڵێین هەڵەبوون کە لە ڕەوتی خەباتی ئەو ٧٥ ساڵەدا کراون. لەوبارەوە دووپاتی دەکەمەوە هەروەک لە شوێنی دیکەش کوتوومە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرگیز ئیدعای نەکردووە کە بێ هەڵە بووە بەڵام گرینگ ئەوەیە هەڵەیەکی وا گەورەی نەکردووە کە خۆی نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە، قەرەبووشیی کردۆتەوە.

**پرسیار**: وەکوو دوایین پرسیار، بەڕێزتان وەکوو جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب لە یادی ٧٥ ساڵ دامەزرانی حیزبی دێموکرات چ پەیامێکتان بۆ خەڵک هەیە؟

**وەڵام**: من خۆم پەیام لە خەڵکی کوردستان وەردەگرم، بەڵام وەک پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوام لە خۆشک و براکانم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئەو خەباتە بە هی خۆیان بزانن چونکە لەپێناو ماف و ئازادی و داخوازەکانی هەمواندایە. بۆیە پێویستە هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێک کە هەیە بەپێی توانا، ئیمکانات و شوێنی کار و ژیانی خۆی بە هەرجۆرێک بۆی دەگونجێ بەشداری بزووتنەوە بێ با خەباتەکەمان تێکڕایی بێ و ئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ زیاتر و بەرچاوتر بێتەدی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە




**ئیبراهیم لاجانی**

لە دونیای ئەمڕۆدا تێکڕای حەشیمەتی سەر ڕووی زەوی، بەو هەموو زمان و کولتوور و دین و مەزهەبە جۆرواجۆرانەوە کە هەیانە، لە چواچێوەی دەوڵەتەکاندا دەژین. بەردی بناخەی سیستمی نێونەتەوەیی لەسەر ئەوە دانراوە کە دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی سیاسی لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا و لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بە پێی قانوون و عورفی نێونەتەوەیی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆی دابین و دەستەبەر بکا.

ئەوە فەلسەفەی درووستبوونی دەوڵەتی میللییە و مەشروعیەت بە حاکمیەتی سیاسی دەوڵەت دەدا. هاووڵاتیان بۆ کەڵکوەرگرتن لەو ماف و ئازادییانەی کە مرۆڤایەتی هاوچەرخ پێیان ڕەوا دەبینێ، لە پێش هەر شتێکدا پەنا بۆ دەستوری وڵاتەکەیان و باقی ئەو یاسا و قانوونانە دەبەن کە لە سیستمی سیاسی و قەزایی وڵاتەکەیاندا جێیان بۆ کراوەتەوە.

ئەگەر دەستور یان قانوونی ئەساسی و سیستمی قەزایی وڵات نەیتوانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دابین بکا، یا حاشای لەو ماف و ئازادییانە کرد، یا لە کاتی پێشێلکرانی ئەو ماف و ئازادییانەدا، ئەوانی بێ دیفاع هێشتنەوە و دادی نەپرسین، هاووڵاتیان هاوار و پەنا بۆ پەیماننامە و کۆنڤانسیۆن و باقی ئەو ئەنستیتۆ و دامەزراوانە دەبەن کە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا ئەرکی بەرگری لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەمایەتی و گەلانی چەوساوە و خەڵکە بوومییەکانیان بە ئەستۆوەیە.

ئەو نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتی میللی و حاکمیەتی سیاسی و حکومەتی تایبەت بە خۆیان نییە، بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی مافەکانی مرۆڤ و ئەدەبیاتی یاسای نێونەتەوەیی، تێدەکۆشن دەنگی مەزڵومیەتی خۆیان بە دونیا بگەیەنن. لەوەش زیاتر ئەوان خەبات دەکەن تا دەسەڵات و حاکمیەتی سیاسی و حکومەتی تایبەت بەخۆیان لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان دابمەزرێنن تا بتوانن ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، کە لە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا بە ڕەسمی ناسراون، بۆ خەڵکی خۆیان دابین و دەستەبەر بکەن.

بەو پێیە یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ نەک هەر ئیلهام بە بزووتنەوەی میللی و نیشتیمانی گەلانی چەساوە دەبەخشێ، بەڵکوو ئەو بزووتنەوانە تەشویقیش دەکات. لە کاتی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، واتە لە ساڵی ١٩٤٨دا، ژمارەی دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ٥٦ دەوڵەت بوو. ئێستا ٧٠ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە مێژوویە، ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بەرانبەر زیادی کردووە و گەیشتۆتە ١٩٦وڵات. دیارە ئەو ژمارەیە هەروا لە زیادبونیشدایە .

ئەوە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، نەک هەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی بندەست تەشویق دەکەن، بەڵکوو لە ڕاستیدا سەرچاوەی ئیلهامیشن بۆ بردنەپێشی خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە پێناو وەدەستهێنان و دابین و دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوسی دەستەجەمعی خۆیان بەدەستی خۆیان.

لە ڕاستیدا گەلانی ژێرچەپۆکەی ئیستیعمار و میللەتانی چەوساوەی دیکە لە سەر ئەو بڕوایەن کە باشترین و درووستترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان، بریتییە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و حکومی و حەقی حاکمیەتی میللی و دامەزراندنی دەوڵەتی میلیی تایبەت بەخۆیان. ئەزمونی ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەت و حکومەتی میللەتانی دیکەدا، ئەوانی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتداریەتی و حکومەتی گەلان و میللەتانی دیکەدا، ئەوان هەرگیز ناتوانن بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆیان بگەن.

یاسای نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، گەلێک ڕێگا و ئاڵتێرناتیوی دەستنیشان کردوون. وەک حکومەتی مەحەللی، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزمی ناوچەیی و نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی نێوخۆیی و شەریکایەتی عادڵانە و بەرانبەر لە قودرەت و حاکمیەتی سیاسیدا.

ئەگەر دەوڵەتێک ئامادە نەبێت لە دەستووری خۆیدا ئەو داخوازە ڕەوایانەی گەلانی ژێرچەپۆکە و چەوساوەی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی دەستەبەربکات، ئەوە ڕێگا بۆ ئەو گەلانە خۆش دەکات کە لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو یەکە سیاسییەدا بۆ دابینکردنی مافی چارەنوسی خۆیان بگەڕێن. ئەوەش یا لە ڕێگای سیاسی و دیالۆگەوە یا لە ڕێگای شەڕ و خەباتێکی خوێناوی و بێ ئامان و توندوتیژەوە مەیسەر دەبێت.

لە ڕاستیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس و وەدەسهێنانی حەقی حاکمیەتی میللی یا شەڕاکەتی عادڵانە لە حاکمیەت و حکومەتدا، تەنیا زەرفێکن کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانیان تێدا دابین دەبێت. سەدان ساڵ جولەکەکان لە سەرتاسەری دونیادا پەرت و بڵاو بوون. لە هیچ وڵاتێکدا وەک هاووڵاتی ڕەفتاریان لەگەڵ نەدەکرا و تەنانەت لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بە میلیۆن کەسیان لێ قەتڵوعام کرا بۆیە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراند و ئەوەتا بە هەموو وجودیانەوە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە تێدەکۆشن.

لە دونیای ئەمڕۆدا گەلانی بێ دەوڵەت و ژێرچەپۆکە، کەمایەتییە نەتەوەیی و کولتوری و مەزهەبی و ئیتنیکییەکان و کەسانی چەوساوە و مەینەتبەش لە هەرکەس و دەستە و تاقم و گروپێکی دیکە زیاتر پێویستییان بەو حیمایەت و پارێزگارییە نێونەتەوەییە هەیە کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان دەستەبەریان دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە لەبەرچاوگرتن و هەڵسەنگاندنی وەزعی سیاسی ئێران و ئاستی ئێستای بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ناوچەکەدا، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، هەموو داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەکرێ دابین و دەستەبەر بکرێن. بەو مەرجەی لە دەستور و قانونی ئەساسی ئێراندا حەقی شەراکەتی سیاسی لە حاکمیەتی سەرتاسەری و حەقی حکومەتی خۆجێی و نیشتیمانیی بۆ گەلی کورد، بە شێوەی خودموختاری یا فیدرالیزم دەستەبەر بکرێت. ئەو داخوازە سیاسییە واقعبینانە و مەسئولانەیە. لە ڕوانگەی قانوونی نێونەتەوەییەوە مەشڕوعە و دەکرێ لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا پشتیوانیی و هاوپێوەندیی لەگەڵ نیشان بدرێ. لە ئێرانی فرەگەل و نەتەوەشدا ئاسانتر ئیمکانی وەدیهاتن و دەستەبەربونی هەیە. لەوەش زیاتر دەزانین کە یەکێک لە فاکتۆرەکانی دێموکراتیزەکردن و دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی مەرکەزیش لە ئێراندا بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و حاکمیەت لە نێو ئەو گەلانەی کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدان. ئەوەش دەتوانێ پشتیوانی بۆرژوازی میللی ئێرانی ، ئەگەر بەراستی خوازیاری دێموکراسی و سێکۆلاریزم و وەلانانی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی بێت، بۆ لای ئەو ڕاستییە مۆبیلیزە بکات کە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، بەشێکە لە خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێراندا.

**یوبیلی ئەڵماس**

حیزبی دێموکرات هەر لەو کاتەدا بڕوای قوڵیشی بەوەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەشێکە لە نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی بێ ڕەزامەندیی خۆی بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە. ڕەنگە لە نێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا هەبن کە پێیان وابێ یەکگرتنەوەی کوردستان لە چوارچێوەی واحیدێکی سیاسی گەورەی یەکگرتوودا، باشترین ئاڵتێرناتیوە بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان.

لایەنگرانی ئەو بۆچوونەش حەقی خۆیانە، خۆیان لە چوارچێوەی حیزبێکی دیکەدا ڕێکخەن و بۆ بردنەپێشی ئەو ئامانجە خەبات بکەن بەڵام هێرش کردنە سەر ئامانج و سیاسەت و ستراتیژییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەساسدا نەک هەر بە خەبات لەو ڕێگایەدا بە حیساب نایە، بەڵکوو ڕاست بنکۆڵکردنی مەشرووعیەتی ئەو خەبات و تێکۆشانەیە کە بە دەیان هەزار کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات ئەوە حەفتاو پێنج ساڵە بە مایەدانان لە گیان و سەرومالیان، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بێوچان بەرێوەی دەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# بنەما و سیاسەتی ئابووری حیزبی دێموکرات




**خالید دەرویژە**

ئەگەرچی جەوهەری سەرەکی و ڕەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و خەڵکی کوردستان بووە و لاپەڕەکانی مێژووی ٧٥ساڵەی خەباتی ئەم حیزبە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسییدا بە قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی ڕۆڵە ئازا و جوامێرەکانی کورد نەخشێنراوە و تا هەنووکەش گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەیاندنی پاپۆڕی هیوا و خۆزگەکانی ئەم گەلە بەشمەینەتە بە کەنارەکانی ئارامی کاکڵەی سەرەکی تێئۆری و بیرکردنەوە و وێژمان و هەنگاوەکانی بووە، هاوکات لە پرژانە نێو لایەنەکانیتری بیاڤە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و یەک لەوان و گرینگترینیان واتە بیاڤی ئابووری غافڵ نەبووە.

لە ڕووی زانستییەوە بوونی پێوەندی سیاسەت و ئابووری وەک دووانەی لێکدانەبڕاو کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و یەکترتەواوکەریان لە سەر یەکتری هەیە و هێز لە یەکتری وەردەگرن لەلایەک و بوونی ستەمی ئابووری وێرای ستەمی نەتەوەیی کە بەرهەمی سیاسەتی ڕێژیمە دژەگەلییەکانی شا و شێخ بۆ پەراوێزخستنی کوردستان بووە لەلایەکیترەوە، پێویستی شەنوکەو و شیتاڵکردن و بەرنامەداڕێژەری ئابووریی کوردستانی بۆ حیزبی دێموکرات پارێزهەڵنەگر کردووە.
ئەگەر لە ماوەی ٧٥ساڵ بە هەموو هەوراز و نشێو و دژوارییەکانی، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەییدا بە ڕووسووری بەڕەی خۆی لە ئاو دەرکێشاوە، بوونی دوورەدیمەن و بەرنامەی مودێرن، زانستییانە و خەڵکپەسندە ئابوورییەکەی کە لە فەسڵی ٤ی بەرنامەوپێڕەو ئاماژەی پێکراوە، حەقانییەتی تێفکرین و

بیرکردنەوەکانی حیزبی دێموکراتی لەم بیاڤەشدا بە تابلۆ کێشاوە.

* سەرەتا و ڕاست بەپێچەوانەی بەگشتی دەقە ئیدئۆلۆژیک، پۆپۆلیستی، چەواشەکارانە و خەڵک هەڵخەلەتێنییەکان کە بەڕواڵەت دەست و دڵئاوەڵایی حکومەت لە خەرجییەکانی پیشان دەدەن، بەر لەوەی بپرژێتە نێو خەرجییەکان، وەک هەر دەقێکی زانستی و درووستی ئابووری سەرچاوەکانی داهاتی حکومەتی هەرێم دەستنیشان دەکات.

* بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووریی کوردستان کە دەرهاویشتەی ستەمی نەتەوەییە، ڕێژەی زیاتر لە نێونجی داهاتی سەرانەی ناوچە پێشکەوتووەکانیتر لە بودجەی گشتی وڵات بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان داوا دەکات - هەڵگری ٢ تایبەتمەندی بەرچاو و پێویستی هەر دەقێکی یاسایی واتە کورتبێژی و پتەوییە، بەشێوەیەک کە لە درێژدادری خۆی دەبوێرێت و لە ڕێگەی بەرنامەدارشتنێکی زانستییەوە بەپێی هەلومەرجی تایبەت بۆ دابینکردنی ژیانی شیاوی سەردەمیانەی دانیشتووانی هەرێم لە هەوڵی گەشەدان و بوژاندنەوەی ئابووریی هەرێم و گەشەی ئازادانەی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگا هەنگاو دەنێت.

* هەوڵی بچووککردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا دەدات و لە پەنای بەشی گشتی کە هەڵقووڵاو و سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی گشتی کۆمەڵگایە و لە ڕێگەی بونیاد و دامەزراوە حقوقی و حەقیقییەکانیش پەیرەو دەکرێت، کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی دەرەکی بە پێشمەرج و پێویست بۆ بووژانەوە و گەشەی ئابووری و پیشەیی کردنی کوردستان دەزانێت و لە هیچ چەشنە ئاسانکارییەک بۆ ڕێگەپێدان و سەرخستنی ئەم ٢ کەرتە کۆتایی ناکات.

* بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵک بەتایبەت زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەڕۆکی سەرەکی سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێم پێک دێنێت.

* کەرتی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بە سەرچاوەی گرینگ و سەرەکی داهاتی حکومەت و خەڵک دەزانێت و لە هەوڵی میکانیزەکردنیدا دەبێت، هاوکات گرینگییەکی یەکجار زۆر بە کەرتی گەشتیاری دەدات و ئەولەوییەتدان بەم کەرتە و پێشخستنی بە سیاسەتی حکومەت دەزانێت.

* ڕێگە نادات ماوەی فەرمی کار لە حەوتوویەکدا لە ٤٠ کاتژمێر زیاتر بێت و لە کارپێکردنی کەسانی خوار تەمەن ١٦ساڵ ڕێگر دەبێت و بیمەکردنی کرێکاران لە بەرانبەر پێشهاتەکانی کار، نەخۆشی، پەککەوتوویی، بێکاری و پیری بە

پێویستییەکی بنەڕەتی دەزانێت.

※ لەگەڵ ئەوەی بەدوور دەزانرێت لە وەها سیستم و بیرکردنەوەیەکی سیاسی و پێکهاتەی ئابووریدا کە سەرچاوەگرتووە لە ویست و داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵگا و ڕەوتی خەباتی حیزب لە سەر ڕاستەڕێگەی ڕەیلی ڕزگاری، ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، وڵامی داخوازییەکانی خەڵک نەدرێتەوە بەڵام بەو حاڵەش و لەژێر ڕۆشنایی چەمکی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ وەک بنەمای فکری سیاسەتی حیزبی دێموکرات مافی ئازادی، ناڕەزایەتی، پێکهێنانی سەندیکا، ڕێکخراو و تەشەکول بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە پارێزراو دەزانێت.

پیرۆز بێت یادی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی خۆشەویستی هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

---

## حەفتاوپێنج ساڵ خەبات بۆ کوردستان




**چیا عەلیار**

دەگمەن هەڵدەکەوێ لە جیهاندا کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ زیاتر لە حەوت دەیە خەبات بکات بە بێ ئەوەیکە لە سەر خاک و زێدی خۆی بێت و دەسەڵاتی بەدەستەوە بووبێت و هێشتا توانیبێتی نەک هەر لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ، بگرە لە ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکاندا فاکتەرێکی بەهێز بێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

حیزبی دێموکرات لەو دەگمەن ڕێکخراوانەیە کە لە ماوەی حەفتاوپێنج ساڵدا، یازدە مانگ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و پاشان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا ماوەیەکی کورت لە ناوچەیەکی بچووکی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتێکی سنوورداری بەدەستەوە بووە، بەڵام ئەو حیزبە بەو حاڵەش توانیویەتی هەم قەوارەی حیزبەکەی ڕابگرێ، هەم لە ئاڵوگۆڕەکاندا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ بکرێ و هەم خۆشەویستی خۆی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە بەرزی بهێڵێتەوە، تەنانەت نەوەیەکی نوێ کە پێشمەرگەی نەدیوە، ئامادەیە کار بۆ ئەو حیزبە بکات و لە پێناو ئامانجەکانیدا گیانی بخاتە مەترسییەوە.

ئەوانە سەرەڕای ئەوە دێن کە لە ماوەی ئەو حەفتاوپێنج ساڵەدا دوو دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆری پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، بۆ بەچۆکداهێنانی گەلی کورد هەمیشە نوکی هێرشەکانیان و پیلاندارشتنەکەیان ڕووی لە حیزبی دێموکرات و ئەندامان و چالاکانی ئەو حیزبە بووە، چونکە دوژمن باش دەزانێ لاوازی حیزبی دێموکرات لاوازی خەباتی ڕەوای گەلی کوردە.

خاڵی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە لەو ماوە دوورودرێژەدا جیا لەوانەی باس کران، هاوکات لێکدابڕان و ئینشعاب و کێشە نێوخۆییەکانیش بەشێکی دیکە بوون کە بەرۆکی ئەو حیزبەیان گرتووە و بەشێکی هێز و وزەی جووڵانەوە تەرخان کراوە بۆ ئەو مەسەلەیە، کە لە نێو ئینشعابەکانیشدا کە لە حیزبی دێموکرات کراوە، هیچ کامیان سەرکەوتوو نەبوون، بەشێک بوونە داردەستی رێژیمی ئێران و بەشێکیش تێکەڵ بە جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بوونەوە.....

هۆکاری ئەو ماوە دوور و درێژە لە خەباتدا مانەوە، سەرەڕای ئەو هەمووە ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمەیە کە بە کورتی ئاماژەیەکی بچوکیان پێ کرا، زۆر هەڵدەگرێ بەڵام ئەگەر بە کورتی هەوڵ بدەین ئاماژەیان پێ بکەین کە چەند خاڵی ئەساسیدا خۆی دەنوێنی کە ڕەنگبێ هەر خاڵێکیش لق و پۆپی زیاتری لێ ببێتەوە.

**یەکەم:** حیزبی دێموکرات لە سەر بناغەی نەتەوەیی نەک ئیدئۆلۆژی دامەزرا، واتە حیزبی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردستان بوو، ئاغا و جوتیار، مەلا و کرێکار، ڕاست و چەپ، دیندار و بێ دین، بە هی خۆیان دەزانی و وەک یەک هەوڵیان بۆ دەدا،

**دووهەم:** دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، کە خۆی تازە دامەزرابوو، بڕیارێکی ئازایانە و مێژویی بوو کە یەکەم جار ئەو ڕیشەیەی لە قووڵایی خاکی کوردستاندا داکوتا.

**سێهەم:** دەور و ڕۆڵی شەهید دوکتور قاسملوو، لەوەیکە حیزبی دێموکراتی پاش کۆماری کوردستانی جارێکی تر بەڕۆژ یا بە واتایەک ئاپدەیت کردەوە. لە نووسینی بەرنامە و ئەساسنامەی نوێ هەتا هێنانە دەری حیزب لە ژێر باڵی حیزبی تودە و شۆڕشی باشوور،

ئەگەر تا ئەو سەردەم و پێش شۆڕشی گەلانی ئێران حیزبی دێموکرات، ئەو هێزە بوو کە کوردەکان لە بەشەکانی دیکە و ئێرانییەکان دەیانناسی، پاش ئەوەی دوکتور قاسملوو سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی وەئەستۆ گرت، بە هەوڵ و ماندویی ئەو بوو کە حیزبی دێموکرات توانی سنوورەکانی ناوچەیی ببەزێنی و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ئورووپاییشدا وەک حیزبێکی دێموکرات و دێموکراسیخواز (لە سەردەمێکدا کە فەلەستینییەکان تێرور و وەحشەتیان دروست دەکرد) پێناسەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبت بکات، کە بەهێزترین پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوایی هەبوو، دانی بوورسی خوێندن و تیماری بریندارەکان و هاتنی پزیشکانی بێ سنوور بۆ نێو حیزبی دێموکرات و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتازی ڕۆژنامەوانانی ئورووپایی لە سەر شۆڕشی کورد و حیزبی دێموکرات بەشێکی بچوکی ئەو کارانە بوون کە حیزبی دێموکرات و شەخسی شەهید

دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کورد و خەباتی دێموکراسیخوازانەی بە جیهانیان دەناساند و یارمەتی مرۆڤدۆستانەش لەلایەن ئەوانەوە بۆ کورد دەهات.

نەخۆشخانەکانی بەشێک لە وڵاتانی ئوروپایی بریندار و کەمئەندامان و پێشمەرگەکانی حدکای تێدا جێگیر بوو کە بە بێ هیچ پاسپۆرت و ئیقامە وەرگرتنیک و هیچ هەزینەیەک یارمەتیان دەکردن و پاشان ئیزنی مانەوەیان پێ دەدرا تەنیا بەو هۆیە کە ئەو پێشمەرگەیە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە نێردراوە.

دارِشتنی وەستایانەی ئەو پێوەندییە لەگەڵ ئاستی بەرزی دەسەڵاتی ئورووپادا بە تایبەتی کە لە ناوچەی پڕمەترسی و کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە بێت، نەک ئەو کات ئێستاش بە کەس ناکرێ و ئەوە شاکارێک بوو کە دیپلۆماسی قاسملوو دەیکرد.

**چوارەم**: مانەوە لە سەر یەک ویست و داخواز، زۆر لایەن هەن کە با لە کوێ ڕا بێت لەوێ ڕا شەن دەکەن، لەگەڵ ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان ئەوانیش ١٨٠ دەرەجە ئیدە و مەرامەکانیان دەگۆڕن، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، لە سەر خەباتی نەتەوایەتی و سەروەری گەلی کورد سوور بووە و ئەوەش هۆکارێکی دیکەیە کە خەڵک بڕوا بەو حیزبە بکات و هیواکانی خۆی لە دەلاقەی حیزبی دێموکراتەوە ببینێتەوە.

کۆی ئەو خاڵانە و لێکگرێدانیان بۆتە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات ئێستاش پاش حەفتاوپێنج ساڵ تێکۆشان هەر لە ڕیزی تێکۆشاندا بمێنێتەوە و هەر جێگای هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستان بێ.
لێکگرێدانی خەبات لە ئەشکالی جۆراوجۆردا هەوڵێک بووە کە هەمیشە حیزبی دێموکرات داویەتی کە دوانمونەی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ ناسراو بە ڕاسانە.

لە کاتێکدا کە هیچ هیوایەک بەدی نەدەکرا و زلهێزان بە تەمای سازان بوون لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و زۆر کەس ئایەی یەئسیان دەخوێند، حیزبی دێموکرات دیسان بڕیارێکی دا کە لە مێژووی زێڕینی خۆیدا چەشنی کۆماری کوردستان و جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ تۆمار کرا، بڕیاری ڕاگەیاندنی وەرزێکی دیکە لە خەبات بە ناوی ڕاسان، بڕیارێک کە لەگەڵ ئەوەی هەزینەی زۆر بوو بەڵام دەسکەوتەکانی چەندقات زیاتر، بڕیارێک کە نەک تەنیا حیزبی دێموکرات بەڵکوو جووڵانەوەی کوردی لە ناهومێدی هێنا دەر و تین و وزەی دا بە هەموو لایەنە شۆڕشگێڕەکانی دیکەش تەنانەت، وزە و تینی دا بە

یوبیلی ئەڵماس

نێوخۆی وڵات و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و هاوکات بە پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بە دوژمن بوو کە (کەس نەڵی کورد مردووە، کورد زیندووە، زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان)

پیرۆز بێ حەفتاوپێنج ساڵ خەباتی بێوچانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

# ڕوانینێک بۆ ٧٥ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**ناسر ئەشرەفی**

سەرهەڵدانی حدکا لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەم بۆ پاراستنی نەتەوەیەک لە نەهامەتییەکانی شەڕ و هەوڵ و هیمەت لە پێناو زامنکردنی مافی نەتەوەیی و پاراستنی لە چنگ دەوڵەت- نەتەوەی داگیرکەری ئێرانی، مێژوویەکی سەرنجڕاکێش و بەشێک لە مێژووی تراژیک و حماسیی نەتەوەیەکە بۆ مانەوە. مێژووی دێموکرات هەوڵ و فیداکاریی ڕێکخراوێکی مودێڕنە بۆ پێکهێنانی کەش و ژینگەیەکی ئارام بۆ گەلێکی ڕاپەڕیو، دوور لە هەڕەشە و دەستدرێژیی دەوڵەت- نەتەوەی فاشیست. ئەم حیزبە ئەرکی یەکەمی خۆی واتە پاراستنی نەتەوە لە ئاکارەکانی شەڕی جیهانی بە باشی بەجێ هێنا، بەڵام ئەگەرچی دوای کۆتایی شەڕ لەشکری ستەمکاری تاران هێرشی بردە سەر و هەموو یادگارە جوانەکانی وێران کرد، بەڵام مێژوو وەک دێموکراتترین و مۆدێڕنترین ڕێکخراوی سیاسیی ناوچەکە پیشانی دەدات.

ڕۆنێسانس، ڕووناکبیری و مۆدێڕنە کۆی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی مرۆڤ بە گشتی و گەلانی ئورووپا بە تایبەت بوو، کە ڕوانگەی مرۆڤی بۆ ماف و ئەرک، دەسەڵات، ئازادی، نەتەوە، ڕەگەز، ژینگە، ژیان و... گۆڕی. تاکی سەربەخۆ و عەقڵی ئازاد، کۆمەڵگەی ئورووپایی لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست و حوکمڕانیی نامرۆڤانەی شا و قەشە ڕزگار کرد و بەرەو گەشە و پێشکەوتنی خێرای برد. شۆڕش و کولتووری مۆدێڕنە بە کاروانی گەشەدار و پەرەگرتووی پیشەسازی و پێوەندییە بازرگانی و سیاسییەکان دەروازەکانی جیهانی داخراو و هەژاری ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشی تێپەڕاند و لە ئەستەنبوڵ و تاران زایەڵەی شۆڕشی مۆدێڕنە دەیان ساڵ بەر لە ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆرییانە دەنگی دەدایەوە. ڕووناکیی مودێڕنە تیشکی خستە سەر تاریکستانی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕێگە کوێر و داخراوەکانی ئاشکرا کرد و ناڕاستەوخۆ پەیامی دا کە ڕابن و لە

کۆیلەیی هزری چەقبەستوو خۆتان ڕزگار بکەن. بەڵام نەریتی دیکتاتۆریی لەمێژینە، بێ هونەری و پاوانخوازیی حاکمانی کۆن و نوێی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، هەژاری و نەخوێندەواریی گەلانی ڕۆژهەڵاتی گەورە لە لایەک و سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانە و داگیرکارانەی زلهێزانی ڕۆژاوا لە لایەکی تر ڕێگر بوو کە پرۆسەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە هێدی هێدی پێڕەوکە بێت و ببێت بە دینامۆی ڕزگاریی تاک و کۆمەڵگا، بەڵکوو ستەمکاریی قووڵتر و بەرینتر کرد و کۆمەڵانی خەڵک سەرگەردان بەدوای نان و ئازادی لە جوغزێکی داخراودا و کورد وتەنی زۆرتر بە شەوارە کەوتن بوو.

براوەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم (ئینگلیس و فەرانسە) نەخشەی جیهانی نوێ بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤینیان لە بەرژەوەندیی خۆیان دارشت و لەسەر ئێسک و پروسکی ڕزیو و بێ کەڵکی عوسمانی دەوڵەت نەتەوەی نوێ دروست کران. ئێران هەر لەمێژەوە وەک هێڵی بەریەک نەکەوتنی نێوان ئینگلیس و ڕووسیەی تزاری هێڵرابووەوە، بە چەشنێک کە هیچکام لەو دەوڵەتانە بۆیان نەبێت ئێران داگیر یان دابەش بکەن، بۆیە ئێران پاش هەردوو جەنگەکە وەک پەرژینی نێوان دوو جەمسەری کاپیتالیزم و سوسیالیزم مایەوە و پشتیوانیی لێکرا و دەوڵەتی بۆ ڕازایەوە، ئەگینا ئەو وڵاتە هیچکات توانای بەرگری کردنی نەبووە. بەم شێوە سنووری دەوڵەتان دیاری کران و بوو بە تاپۆ لە ژوور سەری داگیرکەرانی کوردستان. هەرچەند لە سیڤەر بۆ کوردیش وڵاتێک دیاری کرا، بەڵام نەبوو بە کردە و هەروا وەک ڕەشنووس مایەوە. ئەگەر کورد لە چاخی ئیمپراتۆری، لەژێر کەپر و ساباتی میرنشینەکان زمان و جلوبەرگ و کولتووری پارێزراو بوو، ئەگەر لە حوجرەکاندا بە کوردی دەیخوێند، ئەوا دەوڵەت- نەتەوەی داگیرکەر بە چەک و جبەخانە، دەفتەر و قەڵەم و پۆلیس و ژاندار وڵاتی تەنی و هەڵمەتی سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەیی کوردی دەست پێکرد تا بەرە بەرە لە ژێرپێی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت بتوێتەوە.

دەوڵەتانی بە ڕواڵەت مۆدێرن کراوی پەهلەوی و کەمالی هەر زوو هێرشیان بردە سەر هەر چەشنە بیر و بۆچوونێکی ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانە کە ڕووی لە پەرەسەندن بوو. دەبێ هەموو لەو جوغرافیا تازە نەخشاوەدا بیر لە یەک ئاڵا، یەک زمان و یەک دەوڵەت بکەنەوە و بە سۆزەوە بڕواننە ڕابردووی پڕ شکۆی ئیمپراتۆرە ڕووخاوەکانیان و خولیایان باڵادەستی بەسەر جیهاندا بێت. پاوانخوازی هەڵکشا بۆ فاشیزم لە بێحورمەتی بە مرۆڤ، لە تواندنەوەی نەتەوەکانی ناو ئەم جوغرافیایانە. ئەم حاکمە نوێیانە دوژمنی نەتەوەکەی خۆیشیان بوون، چون بەم دروشمە ستەمکارانە ناخی تاکی فارس و تورکیان ئاخنی بە قەوم پەرستی و باڵادەستی. مرۆڤ تەوەری شۆڕشی مۆدێرنە لای ئەم حاکمانە کە کڵاو و سیپاڵی مۆدێرنیان لە سەر و بەردا بوو، بێ مانا و غەریبی بوو، بەڵکوو مودێرنە تەنیا تۆپ و تانک و کەرەستەی شەڕ بوو کە هێزی پێ دەبەخشین بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵات و شکۆی ڕابردوو. بەم هەستە تاکی فارس و تورک پەروەردە کرا و بوو بە کۆیلەی پان ئێرانیزم و پان تورکیزم و بە گژ نەتەوەکانی تردا دەدرا کە تا ئێستاش بەردەوامە. مرۆڤی ئێرانی و تورکی

بوونەوەرێکی سەرگەردان و کوێر کراوە بۆ داهاتوو، ئەو بۆ مانەوە لە قووڵایی مێژوودا پەلەقاژە دەکاتت، تاوێک گەڕانەوە و بنیاتی ئیمپراتۆری و دوودمانی شاهی و جارێک زیندووکردنەوەی خەلافەت و ئیمامەتی ئیسلامی، بەم شێوە لەم بازنە تاریکەدا هەم خۆی چۆڵ و وێران کردووە لە ماریفەت و مرۆڤ دۆستی هەم دەوروبەری قڕ و ماڵ وێران کردووە.

سالی ۱۳۲۰ی کۆچی (۱۹٤۱ی زاینی)

"ڕەزا شا" توانیبووی هەموو بزووتنەوە ماف خوازەکانی کوردستان بە ڕێبەریی "سمایل ئاغای سمکۆ"، مازەندەران و گیلان بە ڕێبەریی "میرزا کوچەک خان" و دەیانی دیکە بە فرتوفێڵ و کوشتار لەناو ببات. بێجگە لەوانە دەسەڵاتداران و سەرۆک هۆز و دەسڕۆیشتووانی کوردستانی دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی قەسری قەجەر کردبوو تا وزەی سەرهەڵدان لە کوردستان بنبڕ بکات. خوێندەوارە ناسیۆنالیستە بەناوبانگەکانی فارس وەک فروغی و داور، کە لایەنگری بوون و نازناوی دیکتاتۆری نورانیان لەسەر ڕەزا شا نابوو دەرکران لە کار و دوور خرانەوە. دەستپێکی شەڕی دووەم و دەرکەوتنی گوێی نازیسم، پاشایەتیی پەهلەوی چرای سۆز و هاودەنگیی هەڵ کرد کە بەشکم ئەم دوو ئاریاییە جیهان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. بەڵام هاوپەیمانان بە داگیرکردنی ئێران خەونی ڕەزاشایان پووچەڵ و ناوبراویان دوور خستەوە. ڕووداوی گرنگ و دڵخۆشکەر لە مانگی شەهریوەر کە بۆ هەمیشە لە بیرەوەریی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ستەمی ئێران بە ڕووداوی شاریوەری بیست (۲۰) ناوی دەرکرد، زیندانی نەتەوەکان شکا و خەباتی ڕزگاری قووڵتر و بەرینتر بوو، ئەو کوردانەی لە زیندان و تەبعید مابوون گەڕانەوە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەستی بە چالاکیی ئاشکرا کرد. پاش ماوەیەک لە دڵی ئەو کۆمەڵەیە لە ۲۵ی گەلاوێژ حیزبی دێموکرات لەدایک بوو. حیزبی دێموکرات ڕێکخراوی نەتەوەیەک بوو کە وەک کۆمەڵە خەڵکێکی پرش و بڵاو، دواکەوتوو، دژە سیستم و ئاژاوەگێڕ بە جیهان ناسێندرابوون. بڕیار بوو تاران و ئانکارا بە بەزەییەوە تەماشایان بکەن و لە پرۆسەیەکدا وەک ئاریایی دواکەوتوو و تورکی کێوی فێری فارسی و تورکییان بکەن و ببن بە شارۆمەندی متەمەدن. بەڵام حیزبی دێموکرات ڕیسەکەی لێ کردن بە خوری، ئەوا ئێستا نەتەوەی بێبەش کراو لە سەرەتاییترین ماف، سەروەت و سامانی تالانکراو، گەنج و لاوی ڕاپێچی سەربازیی زۆرەملێ بۆ شەڕی ناڕەوا، لە ڕێگەی حیزبە تێکۆشەرەکەیەوە بە زمانی سەردەم، بە دروشم و بەهاکانی مودێرن بانگەوازی ئاشتی و پێکەوە ژیان دەکاتت و داخوازییەکانی، مافی خۆ بەڕێوەبەری و ژیانی دوور لە چەوسانەوە و هەڵاواردن وەک نەتەوە ئازادەکاتنە.

حیزبی دێموکرات بۆ سەروسامان بەخشین بە کۆمەڵگای وێرانکراو و قاتوقڕی لێدراوی کوردستان بەهۆی داگیرکاری و ستەم و تالانی ڕەزاشایی، دەوڵەتی کۆماری کوردستانی دامەزراند. کۆمارێکی دێموکراتی لە گۆشەیەک لە سەرزەمینی سەڵتەنەتی موتڵەقە. لەم گۆشە دەسەڵاتە دێموکراتیکە ئاسایش، هێمنی، ئازادی ڕادەربڕین، مافی تاک، مافی منداڵ، مافی ژن و مافی

نەتەوە و ئایینەکان بەرقەرار و پارێزراو بوو. لە لەوبەر لە سەرزەمینی سەڵتەنەت، راوڕووت، جەردەیی، برسیەتی و سەرگەردانی تاک و کۆمەڵگا و پاشاگەردانی حاکم بوو. رێبەری حیزبی دێموکرات پێشەوا قازی موحەمەد بوو بە سەرۆکی کۆماری دێموکرات، کەسایەتیەکی بێ وێنە و تاقانە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ئاشتی خواز، زانا و زانست پەروەر و سوارچاکی یاسا و ڕێسای جیهانی پێشکەوتوو. حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە کەشی شەڕ و دەمارگرژیی ئەودەم دەرگای دیالۆگ و دۆستییان تاقاندبووەوە، چ لەگەڵ حکومەتی ناوەند و چ دراوسێکانی. نامەی دۆستی و نیازپاکی بۆ هاوپەیمانان بەڕێ دەکرد و سەرسامی دەکردن بە حوکمڕانی دێموکراتیک و هێمنانە. بۆیە آ . ڕۆزوێڵت ڕاوێژکاری ئامریکا دەنووسێت:

"پەیدا بوون و گەشەی کۆماری بچووکی مەهاباد و مێژووی کورت و تۆفانی و لەنێوچوونی لەناکاوی، یەکێک لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە".

ئەگەرچی بەردەوامیی دەسەڵات و ئارامی بۆ کورد ڕەوا نەبینرا، بەڵام حیزبی دێموکرات چووە ناو دەروونی تاکی کورد لەو بەشە بچووکە بە زۆری و لە سەرجەم کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی نەتەوەیی بوو بە هێما و ڕەمزی کورد و جێگەی شانازی، بوو بە وزەی خۆڕاگری و نەتوانەوە.

### ساڵانی ١٣٢٦ تا ١٣٥٧

پاش کۆتایی شەڕ ڕوانگەی جیهانی دووەم دوو جەمسەری زەفتر باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشابوو. بە تایبەت لە جیهانی ڕەش و سپیی خۆرهەڵات سۆسیالیزم و لیبراڵیزم بوون بە شەقامە ڕێی چالاکی و سەرکەوتن. ئەگەر لە جیهانی خۆراوا ئەم چەمکانە و دەیان بیرۆکەی فەلسەفیی دیکە بە ئازادی لە ناوەندە فکری و زانستییەکاندا ڕاڤە و شەن و کەو دەکران، ئەوا لای ئێمە دەوڵەت- نەتەوە داتاشراوەکان خۆیان نوێنەر و جێبەجێکاری هەردوو پرۆژە بوون و لە سۆسیالیسم و لیبراڵیسم ئەوەی لە بەرژەوەندی و مانەوەی دەسەڵاتیان بوایە جێبەجێیان دەکرد. دەوڵەتانی دروستکراوی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە پاش جەنگی یەکەم بە زۆری کۆلۆنی ئیمپریالیسی فەرانسە و ئینگلیس و نوینەری ئەو سیستەمانە بوون. پاش جەنگی دووەم و سەرهەڵدانی خەباتی دژە کۆلۆنی هەندێک لەو دەوڵەتانە چوونە ژێر باڵی سۆسیالیزمی یەکیەتی سۆڤیەتی (بۆ نموونە وەک عێراق و سووریە). بۆیە کوردستان بوو بە کۆلۆنی دەوڵەت- نەتەوە دیکتاتۆرەکان. لە کەشی پۆلیسی و سانسۆردا ئەبوا بۆ ئازادی، مافی ڕادەربڕین، مافی گەلەری و توێژی ئەبوا لە چوارچێوەی یاسای وڵات بە هێمنی داواکاریت پێشکەش بکردایە، کە ئەمە بۆ هاووڵاتیی نەتەوەی باڵادەستیش مەترسیدار بوو، لە لایەک تاوانبار دەکرا بە نۆکەری ئیمپریالیسم و لە لایەکی دیکە بە کۆمۆنیزم و جاسووسی ڕووسی. بەڵام کورد دەست بەسەر و کوردستان کۆلۆنی بوو، هەر

چەشنە داواکارییەک دەچووە خانەی شێواندنی سنوور و ئاژاوە نانەوە، بۆیە کورد هەر زوو کارنامەی چەتە و ڕێگری وەرگرت.

حکوومەتی شاهەنشاهی ئێرانی وەک سەنگەری قایمی بەرەی ڕۆژاوا بەرانبەر بە سوسیالیزمی شۆرەوی پاڵپشتیی لێکرا و بە چەکوچۆڵی پێشکەوەتوو کرا بە ژاندارمی ناوچەکە. بەهۆی داهاتی زۆری نەوت ئابووری گەشەیەکی بە خۆیەوە بینی، بەڵام دەوڵەت بەشی بەرچاوی داهاتی بۆ نەتەوەسازی و زیندوو کردنەوەی ئیمپراتۆری دووهەزار و پێنسەد ساڵە بەکار دەبرد. دەیان ناوەندی زمانەوانی، فەرهەنگستان و زانکۆ بۆ پەرەسەندنی زمانی فارسی و دەوڵەمەندکردنی دامەزراند، مێژووی لە بەرژەوەندیی پرۆژەی شاهەنشاهی ئێران زەمین نووسییەوە، بۆ ئەم مەبەستە زمانی کوردی، لوڕی، بەلووچی، گیلەکی، ئازەریو... کران بە زاراوەکانی زمانی فارسیی کۆن. دان بە زمانی عەرەبی و تورکی نەدەهات و بە تایبەت بۆ تورک گاڵتە و جەفەنگ ساز دەکرا. فەرهەنگستان بۆ وشە کۆکردنەوە ڕووی لە دێهات و شاری کوردستانی دەکرد و پسپۆڕانی زمانەوانی ڕیشەی فارسییان بۆ دادەتاشی تا لە پرۆسەی دیاریکراودا ئێرانێکی یەک دەست فارس لەسەر ڕیشەی هەخامەنش دروست دەبێت. هەروەها بە دانانی سپای تایبەت لە دەرچووانی دەبیرستان لە جێگەی سەربازی وەک سپای دانش، سپای تەرویج، سپای بهداشت و هێزی ژاندارمری هەم ڕەواجی بە زمان و کولتوور و سیاسەتی دەوڵەت دەدا و هەم کونترۆڵی ناوچەکەی دەکرد. کێبڕکێیەکی شاراوە ساز کرابوو کە بە فارسی ڕەوان بدوێیت ئەگینا دەبووی بە گاڵتەجار، هەروەها بۆ جلوبەرگ. پرۆگرام و ناوەڕۆکی پەرتووکی دەرسی بە زۆری پەسنی شاکانی ئێران و شۆڕشی سپی شا و گەیشتن بە دەروازەی تەمەدون بوو. تاران ناوەندی هزری و جووڵەی فیکری ئێران بوو، بەڵام ستراتژی زاڵی دەسەڵات بە ساواک و سانسۆر ڕێگر بوو لە بەردەم ئازادیی ئەندیشە، بۆیە جیهانبینیی خوێندکاری ئێرانی تەم و مژاوی بوو، نە سوسیالیزمی وەک خۆی ناسی و نە لیبراڵیسم، بەڵام کەشی زاڵ بەسەر زانکۆکاندا چەپی ئینقلابی و دژە ئیمپریالیستی بوو. لە کوردستان (هەر چوار ئوستان) هەوڵ دەدرا سەربەخۆیی ئابووریی دانیشتووانی بەرەبەرە کەم بێتەوە و دەسەنەخواری ناوەند بن، بۆیە بە هاوردەکردن بەرهەمی خۆجێیی کوردستانیان بێ بەها کرد، بەم پێیە گوندنشین بۆ بژێوی ڕووی دەکردە شارەکان و بە زۆری دەبوو بە پەراوێزنشین، کە ئەم دیاردە لە کرماشان، خورەماوا و ئیلام زۆرتر زەق بوو. وا دیار بوو کە پرۆژەی تواندنەوە لە بەشی باشوورەوە دەست دەکاتت بەرەو باکوور. دەرئەنجام پارادۆکس سەڵتەنەتی بەرەو هەڵدێر دەبرد، چونکە دەیویست بە سواری کەرەستەی مودێڕن بۆ ئیمپراتۆری پێش زایین گەڕێتەوە، بەداخەوە ئەم ڕوانینە پارادۆکسییە نەتەوەکەیشیانی تووش کردووە.

شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ستەمکاری لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی کۆتایی بە سەڵتەنەتی سەرەڕۆی ئێران هێنا و ئیمامەت بوو بە جێنشینی. دەوڵەتی بە ناو مۆدێڕنی شاهەنشایی لە ماوەی نیو سەدە حوکمڕانی بەو هەموو ئیمکاناتە بەرین و بڵاوە

فەرهەنگی و زانستییەوە ئەوەندە ڕۆشنگەری نەکردبوو تا ئەو ملوێنان خەڵکەی نەتەوەکەی خۆی کە ساڵیانێکی دوور بوو بەرەو تەمەدونی گەورەی بردبوون، نەکەونە داوی کۆنەپەرستێکی دڵڕەق بە ناوی خومەینی!

شا ڕویشت و دەزگای سەرکوت بەر لەوەی ببێت بە گۆپاڵی ئیمام ماویەک بێدەنگ بوو، جەماوەری ڕاپەڕیو هەناسەیەکی ئازادییان هەڵمژی، کۆمەڵگای سەرگەردان کراو خۆی دەرخست، بەشی زۆری دەرچووانی زانکۆ بە شێوەیەک چەپ بوون، بازاڕ و چینی مامناوەند شوێن خومەینی کەوتن، هەردوو دەستەکە دوو خاڵی هاوبەشیان بوو؛ دژایەتی ئیمپریالیسم بە سەرۆکایەتیی ئامریکا و پاراستنی سەروەریی ئێران. نەناسینی قەیرانە کەڵەکە بووەکانی وڵات یەک لەوان نەتەوەکان، نەبوونی ستراتژیی ڕوون بۆ داهاتووی وڵات هێزە چەپەکانی تووشی قەیران کرد. دەستەیەکیان خاڵە هاوبەشەکانیان کردە پێوەری هاوکاری و دەستەیەکی دیکە کەسی بە دۆستی کاتێش نەدەزانی و دنکیشووت ئاسا بەتەنێ دەیویست هەم دژی ئیمپریالیست و هەم کۆنەپەرستی حاکم بێت و هەم بەخێرایی دیکتاتۆری پرۆلتاریا بەرقەرار بکات، هێزەکان ئەو دیو خۆیشی دوژمن بوون و لە پێشدا ناو و بارکوتی بۆ دانابوون لە ناسیۆناڵیستەوە تا سوسیال ئەمپریالیست. لە کوردستانیش هەر چی لە ناوەندی سەرهەڵدانی دێموکرات و کۆمار دوور دەکەوتیتەوە هەستی نەتەوەیی کاڵتر و دەور و کارتێکەری هەڵەی ئیدۆلۆژی دوو جەمسەری (لیبراڵیزم و کۆمۆنیزم) لەناو توێژی گەنجی خوێندکاردا زۆرتر دەبوو.

حیزبی دێموکرات جارێکی تر پێی نایە ئەو گۆڕەپانە کە لێی لەدایک ببوو، لێیشی لەسێدارە درابوو، ئاپۆڕای جەماوەری تامەزرۆی سروودی دووبارەی ئازادی، قاسملووی بیرمەند باسی دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتوو دەکاتت، داهاتووی پڕ سەروەری دوور لە ژێردەستەیی، جەماوەر بە سۆزەوە دەڵێن بژی قاسملوو، بەڵام قاسملوو هاوار دەکاتت:

**"بژی دێموکرات، بژی کوردستان"**.

بەم شێوە لە یەکەم هەنگاودا کەسایەتی تەوەر و پیرۆز کردنی ڕێبەری پرۆتستۆ کرد و داوای لە جەماوەر کرد چیدی دروشمی وا بەکار نەیەنن. ح. دێموکرات بە خێرایی گەشەی دەکرد، قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی و هەروەها ڕادەی وزە و توانایی کۆمەڵگاکەشی دەناسی، بۆیە دروشمەکانی بە پێی دەرفەتەکان بوون. کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە سەربەخۆیی بڕیاردان هەیە، هەروەها پێویستی بە ئازادیی سیاسی هەیە کە ئێستە لە سەرانسەری ناوچەکەدا بوونی نییە، کورد پێویستی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئێستە جگە لە داگیرکەر دەرەبەگ و سەرمایەداری ناوخۆیش دەیچەوسێنێتەوە. بۆیە ئامانجەکانی لە سێ تەوەر داڕشت، حیزبی دێموکرات خەبات دەکات لە پێناو؛

١- حیزبی دێموکرات خەبات دەکات لە پێناو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی
٢- حیزبی دێموکرات خەبات دەکات لە پێناو لابردنی ستەمی چینایەتی
٣- حیزبی دێموکرات خەبات دەکات لە پێناو لابردنی ستەمی سیاسی.

خەبات بۆ لابردنی ستەمی سیاسی خۆی لە ڕادەی قووڵ و بەرین بوونی دێموکراسیدا دەبینێتەوە، بۆیە ئەگەر کولتووری دێموکراسی جێگیر نەبێت ستەمی سیاسی قووڵتر دەبێت. بۆیە حیزب بۆ لابردنی ستەمەکان قۆڵی لێ هەڵدەماڵێت و دێموکراسی لە پێستی هەموان دادەنێت، مەرجی یەکەم بۆ تێگەیشتن لە دێموکراسی پەروەردەیە، تاکی دێموکرات دەبێ جیهانی خۆی و جیهانی دەوروبەری باش بناسێت، هەروەها ئەرک و مافی خۆی، مێژووی خۆی، مێژووی ستەمکاری و مێژووی بەرهەڵستکاری ستەم بناسێت. تاکی دێموکرات دەبێ نە چەوسانەوە قبووڵ بکات و نە چەوسێنەر بێت. ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە خۆیانەوە دەستیان پێکرد، لەگەڵ پێشمەرگە دەچوونە سەر ڕیزی نان گرتن، هیچ سەروەت و سامانێکیان بۆ بنەماڵەکانیان جێ نەهێشت، بەڵکوو هەموو ژیانیان بەخشی بۆ ئەوەی کورد بە ئازادی بژی.

یەکێکی دیکە لە هەنگاوە جوانەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئێستە و دوارۆژی کوردستان خستنە بەر باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیکە. گرنگیی ئەم تێزە تەنیا لە بوێری داڕێژەرەکەی لە گەرمەی بازاڕی دووجەمسەری و زاڵبوونی کۆمۆنیزمی دوگم لە ناوچەکەدا نەبوو، بەڵکوو دوکتور قاسملوو دەیویست بڵێت سوسیالیزم نابێ وەک نوسخەیەکی پێچراوە و ئامادە چاوی لێ بکرێت و کۆپی بکرێت بۆ ئەملاولا، بەڵکوو کۆمەڵگایەکی دێموکرات دەتوانێت سۆسیالیزمی گونجاوی خۆی داڕێژێت. کەواتە پرۆژەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک سۆسیال دێموکراسی نییە و بەڵگەیەکی مێژووییە لە بەردەستی زانایانی کورد بۆ ڕاڤە و داڕشتنی چوارچێوەیەکی ئابووری بۆ کوردستان.

خومەینی هەر زوو حیزبی دێموکراتی هەڵوەشاوە (منحله) ڕاگەیاند و قاسملووی بە مفسد، گەلی کوردی بە کافر ناوزەد کرد و فەرمانی جیهادی دژی کوردستان ڕاگەیاند، بەڵام لەشکری کۆیلە و هەڵخەڵەتاوی فتوای خومەینی هەرچەند بێ ئەژمار بوون نەیانتوانی ئیرادەی گەلی کورد تێک بشکێنن. جەماوەر و حیزبەکان یەک دەنگ هاتنە گۆڕەپانی بەرگری و خومەینی داوای لێبووردنی کرد. حیزب ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی مرۆیی و پێگەی جەماوەری زۆرتر و لە هەمان کاتدا متمانە و پشتگیری زۆر لە کەسایەتی و ڕێکخراو و پارتی سیاسی ئورووپای بە لای خۆیدا ڕاکێشا.

بەداخەوە بەدوای تیرۆری ڕێبەران کەمپنشینی دەبێ بە تەنیا بژاردەی حیزب بۆ بەدەنگەوە هاتنی داخوازیی هەرێمی

کوردستان. تایبەتمەندیی ژیانی کەمپ لەگەڵ ئارمانج و ستراتیژیی ح. دێموکرات زۆر نەگونجاو و دژ بوو و گورزی گەورەی لە حیزب وەشاند، نە ئەو کەمپە و نە هیچ شوێنێکی دیکە لە دەرەوەی ژینگەی سروشتی خۆی شیاوی ئەو هێزە زەبەن و پڕ وزە و جموجووڵە نەبوون و نابن. حیزب ئەگەر خەسارناسییەک بۆ ئەو ڕووداوە بکات ڕەنگە ئەنجامی باشی لێ وەربگرێت.
چەند هەنگاوێکی جێی شانازی کە حیزب لەم ساڵانەی دوایی هەڵی گرت، دووپاتی کردەوە کە ئەم حیزبە پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ نەتەوەکەی هەیە و بەردەوام لێیان فێر دەبێت و خۆی نوێ دەکاتەوە.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات؛ ڕاسان بەردەوامیی خەباتی نەتەوەیەکە بۆ دەربازبوون لە ژێردەستەیی لە فۆرمێکی نوێدا. چەخماخەی ڕاسان بە بوێری فیداکاری قارەمانانی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان لێدرا و تاجی سەبەرزییان لەسەر کرد و بوون بە ڕێبەری مەعنەویی ڕاسان. لەو هەڵمەتە دەرکەوت کە ڕۆژهەڵات چ بورکانێکی پڕ وزەی سەرهەڵدانە، دوژمنی تۆقیو و دەسەپاچە و وەرەی بەرزی دانیشتووان و هاتنی پۆل پۆل کچ و کوڕی سەربەستیخواز بۆ درێژەدانی ئامانجی شەهیدانی ڕاسان. لە فۆرمی ڕاساندا تێکۆشان تەنیا ئەرک و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵە مرۆڤێکی فیداکار بە ناو پێشمەرگە نییە، خەباتی نەتەوەیی تەنیا ماف و ئەرکی کۆمەڵە تێکۆشەرێک لە ناو حیزبێک یان چەند حیزب نییە و حیزبی نەتەوەیی تەنیا چەکی دەست و سەنگەری ئەندامانی حیزب نییە، بەڵکوو سەنگەر و چەکی هەموو ڕۆژهەڵاتییەکە لە ماکۆ تا ئیلام و خورماوا. لە ڕاساندا کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات لە پرشوبڵاوی دەردەچێت و خۆی ڕێک دەخاتەوە، لە شادی و شیوەندا دەستی یەکیان گرتووە و بۆ داهاتوو تێدەکۆشن.

کاتێک بوومەلەرزە کرماشان دەهەژێنێت، دڵی لە ماکۆ و خورماوا ڕادەچڵەکێت و تۆشەی شەوڕۆژی هەڵدەگرێت تا لەگەڵ کرماشان بیخوات. کاتێک ڕاسان پرۆژەی بنیاتنانەوەی کوردستانە، کوردستانێکی داگیرکراو و دواخراو، شەوڕۆژ داگیرکەر کێشەی سامانی ئەم وڵاتە دەکات و ئەوەیشی کە بۆی ناچێت دەیسووتێنێت و وێرانی دەکات. جارێک قاسملووی ڕێبەر دەڵێت؛ ئەگەر ئەمجارە چوینەوە نامە نانووسین بۆ تاران کە چیمان دەوێت، بەڵکوو دەست دەکەین بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان با ئەوان بێن بڵێن چی دەکەن و چیتان دەوێت. لە ڕاساندا تێکۆشانی مەدەنی و چالاکیی مەدەنی بوونی نییە، ئەوەی هەیە چالاکیی نەتەوەییە، ڕاسان بە یەک چاو بۆ کۆماری ئیسلامی دەڕوانێت، ئیسلاح تەڵەب و ئوسولگەرا و میانەڕۆ یەک قوماش و داگیرکەرن. لە ڕاساندا پێشمەرگەی شاخ و تێکۆشەرانی شار و دێ (ژن و مێرد، جووتیار، کرێکار، مامۆستا، خوێندکار، بازاڕی، کاربەدەست، بازرگان، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، هونەرمەند و...) پێوەندییەکانیان پتەو دەکەن بۆ یەکدەنگی و یەک هەڵوێستیی نەتەوەیی. ڕاسان ڕۆژهەڵاتێکی نوێ بەدی دێنێت.

هەنگاوێکی پێویستی دیکە گۆڕینی پێکهاتەی حیزب بوو. سانترالیزمی دێموکراتیک وەک پێکهاتەی پێشتری حیزب گرفت و

یوبیلی ئەڵماس

کەموکوڕیی زۆری هەبوو. ڕەنگە بۆ ئیدارەکردنی ڕێکخراوێکی ژێرزەوینی گونجاو بێت، بەڵام بۆ حیزبێکی گەورەی وەک دێموکرات ئەویش لەم سەردەمەی ئێستادا ناکارایە، ئەو سیستەمە تەنگ و تروسکە بۆ خەباتی جەماوەری. ئەگەر پێشتر و لە سەردەمی ڕێبەرانی شەهیددا گرفت بەرچاو نەدەکەوت یەکەم بەربڵاوی حیزب لە کوردستانێکی پان و بەریندا کە هێزی سەنتەری کاڵ دەکردەوە و دووەم دێموکرات بوونی دوکتور قاسملوو بوو کە لە ڕاستیدا و بە کردەوە دیسانترالی بەڕێوەی دەبرد. لە بیرمان نەچێت کە خۆیشی بە دەست نارێکی ئەو سیستەمە پەنای بردە لیستەی فیکس. بۆیە حیزبیش کە لە شاخ دابەزی قەیرانی سیستەمەکە زۆرتر بوو، پۆل پۆل پێشمەرگە دادەنیشتن و پەڕیوەی هەندەران دەبوون و لووتکەی قەیران دابڕان ڕوویدا. لە زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە کە سانترالیزمی دێموکراتیک پێکهاتەیان بووە و لە ئەنجامدا بە دەسەڵات گەیشتوون، دیکتاتۆر پەروەر بوون و ئێستەش نموونەیان ماوە. ئەوجا خودی دەستەواژەی سکرتێر بە کۆمەڵگای ئێمە نامۆ و بارێکی دەروونی نەرێنی هەیە، گۆڕینی سکرتێر بە لێپرسراو هەستی خۆ بە سەرۆک و مەزن زانین کاڵ دەکاتەوە و بەردەوام چاوەڕوانی ئەوە دەکات لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن.

پیرۆز بێت ٢٥ی گەلاوێژ ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

## وتار(پەیام)ێک بۆ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**نووسین: تیجس برۆیککامپ**

**وەرگێڕان: د. پەیمان بابایی**

به ڕابردوویەکی ٧٥ ساڵە و وەک دێرینترین حیزبی دژبەر لە ئێراندا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەگ و ڕیشەیەکی پتەوی لە کوردستانی ئێراندا داکوتاوە و پشتیوانییەکی بەرینی جەماوەریی هەیە. دوای دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردی لە مەهاباد، پشتیوانیی خەڵکی کردووە و لە ڕاپەڕینەکاندا بەربەرەکانێی دیکتاتۆریی هۆڤانەی شای کردووە و تا هەنووکە خەباتی دژی ڕێژیمی ئێستا درێژە پێ داوە. خەبات و بەربەرەکانێی بەردەوامیان بۆ ئازادی و یەکسانی لە لایەن خەڵکی کوردەوە بە بایەخەوە وەردەگیرێ و سیمبۆلی هیوایە. هیوای ئێرانێکی دێموکراتیک کە هەموو هاونیشتمانیانی یەکسان و ئازاد بن و چیدیکە شارۆمەندان ترسیان لە کەمینەبوون نەبێ. سەرەڕای بەربەست و دوژمنایەتیی ڕێژیمی ئێران و تەنانەت شەهیدکرانی ڕێبەرە ناودارەکانیان، بزووتنەوەکە هەر وچانی نەداوە، پاش چەندین ساڵ لە خەبات، چەخماخەی بەرخۆدان و هەرمان هەروا بە گەشاوەیی ماوەتەوە و قەد ناکوژێتەوە.

گرێک کە لە ناخی کوردی کوردستانی ئێراندایە بە هۆی بارودۆخی دژواری ژیانیان لە ناوچەیەکدایە کە بە ئەنقەست پشتگوێ خراوە. جێی سەرسووڕمان نییە کە پێکدادان و بێ هیوایی زیاد بکات. تۆ بەرەورووی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی-ئابووری بیتەوە، ڕێگری لە چوونە زانستگەت بکەن، هەلی کار، خانوو و مافی خاوەنداریتیی زەوی و زار و مۆڵەتی بازرگانی، بە چەقبەستوویی بهێڵنەوە، بێ هومێدت کەن لە خۆپێگەیاندن کاتێک کە بە بەردەوامی بەربەستت بۆ دروست

دەکرێ لە لایەن ڕێژیمی دەسەڵاتدارەوە. لەگەڵ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین، چەسپاندنی ناسنامەی کولتووری و دەستبەسەرکردنی هەرێمەکی و سزای توند و نەگونجاو و ڕێژەی لە سێدارەدانەکان ژیانی کوردانی لە ئێراندا کردووە بە دۆزەخ و هیوابڕاوی کردوون.

بەرەوپێشچوون لەو جورە بارودۆخانەدا زۆر ئەستەمە، ئەوان بێبەری کراون لە ترووسکەی هیوایەک بۆ داهاتوو. دەبێ هەموو منداڵ و لاوێک بتوانێ خەونی گەورەی پیشەیی هەبێ بۆ داهاتوویەکی باشتر و لە خەونەکان، خولیاکان و سەلماندنی ناسنامەی خۆیدا هەست بە کەموکۆڕی و ئاستەنگ نەکات. بەکەمزانینی ئەو خەونانە یاخود بەربەست دروستکردن لە سەر ڕێگای گەیشتن بە ئازادی کە مافێکی سەرەتایی مرۆڤە، بارگرانی زیاد دەکات. کەوابوو جێی گومان نییە کە جیلی لاو نارەزایەتی لە ناخیاندایە، هەست بە کەوتنەداوی هەڵاواردن و بەرەورووبوونەوەی بەربەستەکان دەکەن. بەڵگەش زۆریی ژمارەی لاوانە کە لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان و پەیوەستبوونیان بە حیزبە دژبەرەکاندان. ئەوان لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادیان بە دەستی ڕێژیم لە ژووئەنی ١٩٨٣ لە بیر نەچووەتەوە. یان کاتێک خوێندکارێکی هەڵکەوتووی چالاکڤانی کورد لە ساڵی ٢٠٠٥دا خۆپیشاندانی جەماوەریی خوێندکارانی وەرێ خست دەستبەسەر کرا، پێشی پێ گیرا و پاشان هێزە ئەمنییەکان وەدوای کەوتن و چەندین جار دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، بە سەیارەیەکەوە بەسترا و تا دواهەناسەی بە کۆڵانەکاندا ڕاکێشرا.

خوێندکارانی کورد نموونەیەکن لەو توێژانە کە بە توندی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەربەستیان بۆ دروست دەکرێ، لە مافی ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئەنجومەن و ئاخاوتن بێبەری دەکرێن. ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و بڵاوکراوە خوێندکارییەکان قەدەغە دەکرێن و پێش بە دامەزراندنی یەکیەتییەکان دەگیرێت، خوێندکاران لە چالاکییە سیاسییە ئاشتیخوازانە سزا دەدرێن، دەگوێزرێنەوە بۆ قوتابخانەی دیکە و تەنانەت لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش دەکرێن. ئەمەش لە ژێر ناوی "شێواندنی بیروڕای گشتی" دەکرێ یان وەک نەریتی هەمیشەیی تۆمەتبار دەکرێن بە "پێوەندی لەگەڵ حیزبە دژبەرەکاندا". ڕێژیم کەڵک لەم تۆمەت بەخشینەوانە وەردەگرێ بۆ ڕەواییدان بە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین کە مافێکی سەرەتایی مرۆڤە و لە یاساکانی جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤدا هاتووە کە لە ڕاستیدا ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە پەسەندی کردووە. ئەی چۆن دەتوانی دەنگ هەڵبڕی و وێڕای قەدەغەی بەربڵاویی ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، ڕادیۆ، تی ڤی و کتێبەکان و نووسەرەکان لە ناوچە کوردستانییەکاندا، بیروبۆچوونی خۆت دەرببڕی؟ ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕێگە نادرێ بە زمانی خۆت بدوێی، ئێران بە بەردەوامی بەپێچەوانەی دەستوورەکەی هەنگاو هەڵدەگرێ، بگرە پێشێلیشی دەکا کە تێیدا هاتووە گرووپە کەمایەتییەکان مافی هەبوونی بڵاوکراوە و هاوکات خوێندن و پەروەردە بە زمانی لۆکاڵیی یان زمانی

نەتەوەیی و (فارسیش) یان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە جێبەجێ ناکرێ، وەک چۆن جارێکی تر بە ئاشکرا دەرکەوت کاتێک کە زارا محەممەدی کە تەنیا زمانی زگماکیی فێری منداڵانی کورد دەکرد، سزای ١٠ ساڵ زیندانیی بۆ بڕایەوە.

دەبێ چ کاریگەرییەکی دەروونیی هەبێ کە لە ئاخاوتن و فێرکردنی زمانی زگماکی بێبەش دەکرێن؟ کاتێک گوشارتان دەخرێتە سەر لە قوتابخانە نوێژ و عیبادەت بۆ ئایەتوڵڵاکان بکەن کە دەتانچەوسێننەوە؟ کە دەستبەسەر دەکرێن کاتێ هۆنراوە و میوزیکی کوردی لە سەر مۆبایلەکانتان هەبێ؟ کە بە تێرۆریست ناودێر دەکرێن بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە شوێنە گشتی و جەماوەرییەکاندا؟ بۆ ئەوەی بتوانن بە بێ کێشە بژین، دەبێ حاشا لە تەواوی ناسنامەتان بکەن. خەون، هیوا و ئامانجەکانتان بخەنە لاوە، سەر کز بکەن، تەنیا بوونتان هەبێ. هێندێک لە کوردەکان، دوای ساڵانێک دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ نادادپەروەری و هەڵاواردن، بە خاڵێک گەیشتوون کە بێ هیوایی تەحەممول ناکرێ و دەبێ هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبێننەوە. پەیوەستبوونیان بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەرفەتی خۆپێگەیاندنیان بۆ دەڕەخسێنی، پەروەردە دەکرێن، و خوازیاری ناسنامەی نەتەوەیی دەبن. ئەمە هێز، توانا و واتا بە ئامانجەکانتان دەبەخشێ تاکوو جارێکی تر بە کەرامەتەوە بژین. ئەمانە هەموو ئەو شتانەن کە لە ئێراندا لە ئێوە ئەستێندراونەتەوە، لە وڵاتێکدا کە فاکتەری دین، کەمینەبوون و ڕەگەز کە ئێوە لە کۆمەڵگا تەریک و دوور دەخاتەوە. ئەمانەتان پێ دەدرێن و کاتێک کە نەتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، سزا دەدرێن. نموونەی ژنانی کوردی سوننە وەرگرە، کە بەم سێ فاکتەرە دەخرێنە دەرەوەی بازنە لە کۆمەڵگای ئێراندا کە تێیدا فارسەکان، شیعەکان و نێرینەکان هەموو دەسەڵات و توانایەکیان هەیە. ئەمانە تەنها ئەو تایبەتمەندییانەن کە مێیینەیەک بڕیاری لە سەر دەدرێ (قەزاوەتی لە سەر دەکرێ)، بە بێ گوێدان بە بیرۆکەکانی، ژیری و تواناکانی یەکسەر بەم سێ هۆکارە پڕوپووچانە تۆمەتبارە بە ناپەسەندی و کەمی. لە ئێراندا، ژنان زیاتر ئازاری هەڵاواردن، لەسێدارەدان، و بێ مافی دەچێژن. دەبێ پشت بە پیاوان ببەستن و ڕێیان پێ نادرێ کە بەشداریی هیچ شتێک بکەن و دەنگیان بیستراو بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتابەخشی بەهێزکردنی ژنانە و هۆکاری دوورخستنەوە و نەهێشتنی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووری دژی ژنانە. لەو حیزبەدا، ژنێک دەنگی هەموو ئەو ژنانەیە کە لە ماڵەوەن، دەتوانرێ دەنگی ببیسترێ، بیروباوەڕی دەرببڕێ و لە کۆمەڵگایەدا بەشدار بێ کە هەموو ئەمانە لە نیشتمانی خۆیدا مەحاڵن و مومکین نین. ئەمە ئەو هۆکارەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوێنەرایەتیی کوردان دەکات و پەیوەست دەبن بە ڕیزەکانییەوە، لێرەیە کە دەستیان بە هەموو ئەو شتانە دەگا کە هەرگیز لە وڵاتی خۆیان پێیان ناگات.

ئەم حیزبە هێز و وزە بەو کوردانەی کوردستانی ئێران دەبەخشێ کە لە پێناو مافەکانیاندا خەبات بکەن. بینینی پێشمەرگە لاوەکان لە گوند و شاخەکانیان کە ژیانیانی لە پێناو ئەواندا داناوە، پاڵپشتی بەتینی حیزب و هیوایە بۆ داهاتوویەکی

باشتر. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەها هەست دەکا و دان بە زەرورەتی هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێراندا دەنێت و داوای پتەوکردنی پێوەندی و هاوکارییە هەمەلایەنەکانی لەو وڵاتەدا دەکات. هەرکاتێک حیزبەکە بە ئامانجەکانی کە پیادەکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیکە بگا، هەر حەوت نەتەوەکە لە ئێراندا سەربەخۆییان دەبێ و ڕۆڵ دەگێڕن. لە وڵاتێکی فرە ئێتنیک و فرەئایین وەک ئێراندا، ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ دڵنیایی، ئازادیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا و هەلی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. حکوومەتی ئێران ئاگای لەو پشتیوانییە گەورەیە و پۆتانسیێلی ئەم حیزبەیە، هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر حیزب ئەمەی دەری خستووە، لە ماوەی ڕابردوودا هێرشەکانی چڕ کردووەتەوە و جارێکی دیکە بە بۆردومانکردنی ناوچەکە سەروەریی کوردستانی پێشێل کردووە. ڕێژیم ئەوەندە تەنگەتاو نەدەبوو و پەنای بۆ ئەو هێرشانە نەدەبرد ئەگەر پشتیوانیی جەماوەر و گەلەکەی بۆ گرینگ نەبوایە، ئەگەر حیزبەکە هەڕەشەیەکی جیددی نەبوایە بۆ سەر ڕێژیم. لە حاڵەتێکدا کە ڕێژیم دەکرێ لە ڕووی نیزامییەوە لە وڵات وەدەریان بنێت، حیزبەکە لە ڕووی مۆراڵییەوە لەوان لە سەرەوەترە، جا بۆیە، بۆیان دەرکەوتووە کە خەباتی ڕاستەقینە بە مێشک دەکرێت. جیاوازییە گەورەکە لێرەدایە کە کەسانێک بۆ سەرکوتکردنی خەڵک دەجەنگێن و پارێزگاری لە هێز و مانەوەیان دەکەن، هیچکات براوە نابن. هەرگیز پشتیوانیی خەڵکیان نابێ کە بۆ سەرکەوتنی ڕاستەقینە پێویستن.

سیستمێک کە پایەکانی لە سەر بنەمای زوڵم دانرابن لەرزۆکە و دواجار دەڕووخێت. دەکرێ درەنگ ڕوو بدا، بەڵام خەڵکی کورد پشوودرێژ، خۆڕاگر و لە سەرووی هەموویەوە گەشبینن. ڕۆژێک ئەوان لەگەڵ هەموو کەمایەتییەکانی ئێران، کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دێننە کایەوە، لە ناخەوە هیواخوازم کە دۆستی کوردان تەنیا شاخەکان نەبن، بەڵکوو هەرکەسێ بێ کە خوازیاری دونیایەکی یەکسان و دادپەروەرە. دەنگی بەرحەقی ئەم خەباتە ببیستێ و پشتیوانیی بکا، ٧٥ساڵە کڵپە و مەشخەڵی ئاگری ماندوونەناسی دەگەشێتەوە و دڵنیام کە بەردەوامیی دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی خەرمانانی ٢٧٢٠

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی کوردی**

سەرچاوە
Serchawe

